پاسەوانانی کەمالیزم

"هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی
بەرامبەر بە ئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی
لە تورکیا"
١٩٥٠-١٩٩٧

ن: پرۆفیسۆر د. خەلیل عەلی موراد
و: بەرزانی مەلا تەها
د. سەلام عەبدولکەریم

٢٠١٥

پاسەوانانی کەمالیزم
ن: پرۆفیسۆر د. خەلیل عەلی موراد
بەرزانی مەلا تەها
د سەلام عەبدولکەریم
٢٠١٥

Kamalism Guards

The Attitude of Military Foundation toward Islam and Islamic Movenemt in Turkey 1950-1997

ئەم کتێبەی بەردەستان هەوڵێکی وردو بەدواداچوونێکی میژوویی – سیاسییە لەمەڕ هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە ئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی لە تورکیا لەسالانی (١٩٥٠-١٩٩٧). بەرهەمێکی گرنگی لەمشێوەیە، کە پرۆفیسۆری بەدیمەن دکتۆر خەلیل عەلی موراد نووسیویەتی کۆمەکیی خوێنەر دەکات بۆ تێگەیشتن و بەرچاوڕوونی زیاتر لەبارەی میژووی پڕ هەورازو نشێوی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیاو، هەوڵەکانی لەقکردنی رۆڵی ئیسلام لەبواری گشتیدا، لەهەمان کاتیشدا بەرهەمێکی بەسوودە بۆ بەشە میژوونووسیە کانی زانکۆکانی کوردستان.

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان
لەسەر ئەرکی (د. تەها رەسول) چاپکراوە

پاسەوانانی کەمالیزم



دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان
بەڕێوەبەری دەزگا: بەختیار سەعید
سەرپەرشتیاری کتێبەکان: سیروان حەمەسەعید

لەبڵاوکراوەکانی
دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

* ناوی کتێب: پاسەوانانی کەمالیزم
* ناوی نووسەر: دکتۆر خەلیل عەلی مۆراد
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەرزانی مەلا تەها- د. سەلام عەبدولکەریم
* دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
*تیراژ: ١٠٠٠ دانە
*نۆرەی چاپ: ٢٠١٥
* چاپخانە:
*نرخ: دینار

*لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ٢٠١٥ پێدراوە

سەرچاوە:

دکتۆر خەلیل عەلی مۆراد

پاسەوانانی کەمالیزم

هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بەئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی لە تورکیا ١٩٥٠-١٩٩٧

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
بەرزانی مەلا تەها- د. سەلام عەبدولکەریم

پێشکەشە بە:
هاوڕێی جوانەمەرگ "
فایەق موحەممەد رەحیم".

نێوەرۆك

- سەردەق ٧

- پێشەکی ٢١

- **دەروازە:** لەدەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ تورکیای سێکیۆلار. ٢٩

- **بەشی یەکەم:** پاسەوانانی کەمالیزم ٧٥

- **بەشی دووەم:** سوپاو ژیانەوەی ئیسلامیی لە تورکیا لە پەنجاکاندا. ١١٥

- **بەشی سێیەم:** هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بە رۆڵی ئیسلامو تەوژمی ئیسلامیی لە شەستەکانو حەفتاکاندا. ١٥٥

- **بەشی چوارەم:** کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠: "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی لە بەرەنگاربوونەوەی چەپو ناسیۆنالیزمی کوردیدا. ٢٠٩

- **بەشی پێنجەم:** هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بە بزاوتی ئیسلامیی لەسەردەمی قۆناغی ئۆزالیدا ١٩٨٣-١٩٩٣. ٢٥١

- **بەشی شەشەم:** سوپاو پارتی رەفاە: کۆدەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧. ٣٣١

- کۆتایی ٤٥١

- سەرچاوەکان ٤٥٩

هەوالنامەی کتێب

سەردەق

پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە ساڵی (١٩١٨)و، شکستی دەوڵەتی عوسمانیی، تورکیا جموجۆڵی بەرفراوانی جەنگی رزگاریی‌و سەربەخۆیی بەخۆوەبینی، سوپاش رۆڵێکی بنەڕەتیی‌و یەکلاکەرەوەی بینی لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی‌و بەرقەرارکردنی سیستەمی کۆماریی — سێکیۆلار لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا. **مستەفا کەمال** (١٨٨١–١٩٣٨) لەپاش شکستی سەربازیی جەنگی یەکەمی جیهانیی‌و پاشهاتەکانی هەوڵیدا شوناسێکی نەتەوەیی گونجاوو سیستەمێکی سیاسیی‌و پرسی هاوچەرخگەرایی بهێنێتە ئاراوە بەشێوەیەک تەکان بە تورکیا بدات بە تەواویی چاو لە رۆژئاوا بکات‌و، پێشکەوتنەکانی ئەوێ بەدی بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێوشوێنی گرتەبەر نەک بەتەنها بەئامانجی نابووتکردنی ئیسلام، بەڵکو بەئامانجی هەڵتەکاندنی بونیاتی سوننەتیی عوسمانیی‌و ستراکتۆری کۆمەڵگەی تورکیی، ئەم پرۆسەیەش پێویستیی بە داوەشاندن‌و لەنێوبردنی بژاردەی عوسمانیی سوننەتیی هەبوو. کەمالیستەکان پرنسیپی سێکیۆلاریزمیان گرتەبەر وەک ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت بۆ سیستەمی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی نوێی تورکیا، فاکتەری ئاشکراو شاراوەی پشتی ئەم هەوڵەش لەبێخهێنانی ئایین بوو تاکو بژاردە ئیسلامیی‌و ئاینییەکان نەتوانن جارێکی تر لە ئەندێشە‌و خولیا سیاسییە ئیسلامییەکانەوە هێزو هەرەکەت پەیدا بکەنەوە‌و تروقی بکەن، نەشتوانن لە بواری کۆمەڵایەتیدا کایەیەکی ئەوتۆ بگێڕن.

کەمالیستەکان بەتەنها لەهەولّی ئەوەدا نەبوون رۆڵو پێگەو کاریگەریی ئایین سنووردارببکەن‌و لەدەولّەتی جیابکەنەوە، بەڵکو دەیانویست تورکەکان بەشێوەیەك ئایندارییی بکەن کە ئەوان بە پێویستو گونجاویان دەزانی. ئەوان بۆ ئەوەی راستەوخۆ لە ئایین نەدەن، ویستیان بەڕووی دیاردەو رووخسارەکانی ئایندارییدا بچنەوە، بۆیەشە ناڕاستەوخۆو لەپشت پەردەوە خوازیاربوون لەرێگەی داخستنی قوتابخانەو نێوەندە ئاینییەکان‌و قوتابخانەکانی فێرکردنی قورئانەوە رێك لە دڵی ئایین بدەن.

ڕاپەڕینەکەی **شێخ سەعیدی پیران**[1] لە ساڵی (١٩٢٥) هەوەڵ خۆڕاپسکاندن‌و ڕاپەڕینی جەماوەریی کورد بوو دژ بە سیاسەتە شۆڤێنییەکانی تورك، لەهەمان کاتیشدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگربوو لەسەر بوونی رۆحی بەرگریی شۆڕشگێڕیی‌و رزگاریخوازیی لەلای گەلی کورد[2]. هەوەڵجاریش بوو جوولانەوەیەکی کوردیی لەمشێوە بەرەنگاری پرۆسە ریفۆرمخوازییە پێشکەوتووخوازەکەی مستەفا کەمال بێتەوە لەپاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانیی. بە بڕوای وەدیع جوەیدە "شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دەرەنجامی هۆکاری نەتەوەیی‌و ئاینیی بوو، بەشێوەیەکی گشتیی کوردان لەرووی نەتەوەییەوە کەوتبوونە بەر شالاوو پەلامار، بلاوبوونەوەی بنەماکانی بیری نەتەوەیی‌و دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێی نەتەوەیی خوێنگەرم وایلێکردن بەوپەڕی هەستیاریی‌و مەترسییەوە بڕوانن ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ ئەوەی ناچار بکرێن دەست لە نەتەوایەتیی خۆیان هەڵگرن، ئەوان بەرەنگاری چالاکییەکانی

سەرکوتکردنی نەتەوایەتیی کورد بوونەوەو سەبارەت بە قەدەخەکردنی زمانی کوردیی تووڕەو تۆسنو بێزاربوون..بەلای رۆحانییەکانی کوردەوە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو رەتکردنەوەی کارپێکردنی یاساکانی شەریعەت لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکیای نوێوە، پچڕاندنی ئەو هاوبەستەگییە مێژوویی‌و قوولّەی برایەتیی ئیسلامیی دەگەیاند کە پێشتر لەنێوان‌و ئەوان‌و تورکەکاندا هەبوو، ئەوان هەستیان بەوەکرد چیدیکە هیچ شتێکی هاوبەش بەو تورکانەوە نایان بەستێتەوە کە دژایەتیی ئایین دەکەن‌و نەریتی باویان داهێناوەو بەو کارانەیان خۆیان لە باقی دیکەی باوەڕداران دابڕیوە..[٣]".

تورکیاناسان‌و چاودێرانی کاروباری تورکیا بەگرنگییەوە باس لە چەمکی بژاردە یاخود دەستەبژێر Elite دەکەن لەسەر ئاستی مەدەنیی‌و کۆمەلاّیەتیی لە تورکیادا. پێکهاتەی بژاردەی تورکیا بەچەندین قۆناغی جۆراوجۆری مێژووییدا گوزەری کردووە، ئەم چەمکە لەرووی کۆمەلاّیەتیی‌و سیاسییەوە پەیوەستە بە فەرهەنگی گشتیی کۆمەلّگەو عەقیدەی سیستەمی سیاسییەوە، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بدەین بە چوارچێوەکانی ململانێی کۆمەلاّیەتیی‌و سیاسیی لەبەرامبەر چەمکی بژاردەو تەوژمی ئیسلامیداو، هەروەها خستنەڕووی بونیاتی مێژوویی– کۆمەلاّیەتیی– سیاسیی چەمکی بژاردە بەپێی مەرجەعیەتەکانی لەم خشتەیەی خوارەوەدا:

هەوڵدەری کیب

بونیاتی مێژوویی– کۆمەلایەتیی– سیاسیی
چەمکی بژاردە بەپێی مەرجەعیەتەکانی•

مەرجەعیەت	بونیاتی بژاردە
بژاردەی سوننەتیی	ماوەی پشکوتنو هەڵکشانو گەشەسەندنی– بیرۆکراسیەتی عوسمانیی– ئیسلامیی سوننەتیی– مەزنە مولکدارە فیودالەکان
بژاردەی ریفۆرمخوازیی هاوچەرخگەرا/ عوسمانیی	ماوەی ئیسلاحاتو تەنزیمات– گرووپەکانی هاوچەرخگەرایی و ریفۆرمخوازیی– قۆناغە بەراییەکانی بیروبۆچوونە سێکیۆلارەکان
بژاردەی شۆڕشگێڕیی/ عوسمانیی+ تورکیی	سێکیۆلاریزمی نەتەوەیی – قۆناغی جەنگی سەربەخۆیی– ئەتاتورك و هاوەلانی
بژاردەی حیزبیی/ تورکیی	پارتی گەلی کۆماریی CHP – سێکیۆلار– نەتەوەیی
بژاردەی نەتەوەیی/ تورکیی	پارتی جوولانەوەی نەتەوەیی MHP– تۆرانیی
بژاردەی لیبرالیی/ تورکیی	پارتی عەدالەت DP، پارتی دایکی نیشتیمان ANAP– ئابووریی بازاڕ
بژاردەی ئیسلامیی/ تورکیی	پارتی رزگاریی نیشتیمانیMSP
بژاردەی مارکسیی/	یەکێتیی سەندیکا کرێکارییە شۆڕشگێڕییەکان–

هەواڵنامەی کێبڕکێ

تورکیی	Disk، حیزبی شیوعیی یەکگرتوو BKP
بژاردەی مەدەنیی/ تورکیی	بولّەند ئەجەوید (رۆژنامەوان)، سلّێمان دێمیرئەل (ئەندازیار)، تورکوت ئۆزال (ئەندازیار)، نەجمەدین ئەربەکان (ئەندازیار)
بژاردەی مەدەنیی + سەربازیی/ تورکیی	ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا MGK
بژاردەی مەزنە مولّکدارانی زەوی/ تورکیی	عەدنان مەندەریس... هتد
بژاردەی بۆرژوای سەرمایەداریی مەدەنیی- سەربازیی/ تورکیی	دامەزراوەی ئۆیاك OYAK Army Mutual Assistance Association
بژاردەی چینی نێوەند/ تورکیی	دکتۆر، مامۆستا، پارێزەران، رۆژنامەوانان... هتد
بژاردەی خاوەن ریشەی دێهاتیی خوێندەوار/ تورکیی	سەعید نورسیی

هەواڵنامەی کتێب

پەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابردوو سەرەتاتکێو دەرکەوتنی رێکخستنە سیاسییە ئیسلامییەکانو قوتبوونەوەی رێکخراوە ئاینییە جۆراوجۆرەکانی بەخۆوە بینی بەهۆی کۆتایی هاتنی قۆناغی تاقە حیزبییو دەسپێکردنی ژیانی فرە حیزبیی، کە بوونە ناوكو رۆحی تەوژمو رێوڕەوتە ئیسلامییەکانی تری تورکیا لە قۆناغەکانی پاشتری مێژوو و

نەخشەی سیاسیی هێزە ئیسلامییەکاندا، بۆیەشە سەرکەوتنی پارتی دیموکرات لە پەنجاکاندا لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی تووندڕۆیانەی پارتی گەلی کۆماریی لەبەرامبەر ئیسلامو هەستوسۆزە ئاینییەکان، لە لایەکی تریشەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی شلڕۆیانەی ئەوان لەبەرامبەر ئیسلامو سرووتە ئاینییەکانو، بەکارهێنانی ئایین لەپێناو ئامانجو مەرامە سیاسییەکاندا، بۆ بەرگرتن لەمجۆرە لە ژیانەوەو گەشانەوەی ئیسلامیی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ یەکەم کۆدەتای سەربازیی ئەنجامداو، حکومەتەکەی پارتی دیموکراتی سەراوبنکرد، لە قۆناغەکانی پاشتریشدا لە ئاداری ١٩٧١و ئەیلولی ١٩٨٠و، شوباتی ١٩٩٧دا سوپا بەخۆی کەوتەوەو کۆدەتای ئەنجامدایەوە، دیسان بەئامانجی کەنەفتکردنو هەڵپڕوکاندنی هەرجۆرە ژیانەوەیەکی ئیسلامیی کە مەترسی بێت بۆ سەر کەمالیزم.

نەجمەدین ئەربەکان بە یەکێك لە تەوەرە هەرە گرنگەکانی هەر باسوخواسێکی سیاسیی دادەنرێت، کە پەیوەست بێت بە مێژووی تورکیای هاوچەرخەوە، بەوپێیەی دیارترین رێبەری فیکری ئیسلامییو تەوژمی ئیسلامی سیاسییە لە تورکیادا. ئەربەکان بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی سیاسییو رابوونی ئیسلامیی سالأنێکی دووردرێژی پڕ هەورازو نشێوی رێوڕەوتی ئیسلامییە، ئەو توانی ئەزموونو لێنەبڕاویی لەکارو چالاکیی سیاسییدا پێشکەش بە ئیسلامییەکانی تورکیا بکات. ئەربەکان لە ساڵی ١٩٥٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەڵەمانیا بەدەستهێناوە لە ئەندازیاریی بزوێنەرەکانداو، لەساڵی ١٩٦٥دا بۆتە پڕۆفیسۆر لەهەمان پسپۆڕیدا. یەکەم ئەمووی کاری سیاسیی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠

که لەگەڵ هاوبیرەکانیدا پارتی سیستەمی نیشتیمانییان دامەزراند، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧١ حکومەتی تورکیا پارتەکەی هەڵوەشاندەوە، بە تۆمەتی پێشێلکردنی دەستووری سێکیۆلاری تورکیاو، هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێکیۆلاریزمو، دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامییو، وەستانەوە لەدژی پرنسیپەکانی ئەتاتورك. پاشتر سەرلەنوێ ئەربەکان پارتی سەلامەی نیشتیمانیی دامەزراند. پارتەکە لەساڵی ١٩٧٣ بەشداریییکرد لە هەڵبژاردنداو ٤٨ کورسی پارڵەمانی بردەوە، بەهۆی ململانێو شەڕەقۆچی توندی نێوان پارتی عەدالەتو پارتی گەلی کۆماریی، بوڵەند ئەجەوید بە ناچاریی لەگەڵ پارتی سەلامەدا حکومەتێکی هاوپەیمانییان پێکهێنا، پارتەکە حەفت وەزارەتی بەرکەوت، بەشداریی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەو حکومەتە هاوپەیمانییەدا یەکەم دزەکردنی پارتێکی ئیسلامیی بوو بۆ نێو دەسەلاتی جێبەجێکردن هەر لەدامەزراندنی کۆماری تورکیاوە. دیسانەوە لە ساڵی ١٩٨٣ پارتی سەلامەی نیشتیمانیی هەڵوەشێنرایەوەو، ئەربەکانیش بۆ چوار ساڵان خرایە گرتووخانە بەتۆمەتی دژایەتیکردنی سێکیۆلاریزمو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی. پاشتریش پارتی ڕەفاهی دامەزراندو، توانی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت، دیسان لەساڵی ١٩٩٨ بەتۆمەتی پێشێلکردنی سێکیۆلاریزم پارتی نێوبراو هەڵوەشێنرایەوە[٤]. نەجمەدین ئەربەکان وەك سێمبولو ڕۆشنبیرێکی ئیسلامیی توانی بیروباوەڕی دژە ئەتاتورکیی پەرەپێبداتو، تووژێك لە لاوانی ئیسلامیی بخاتەسەرپێ بەئامانجی هێنانەکایەی جۆرێکی تر لەکاری سیاسیی ئیسلامیی لەتورکیادا.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

یەکێك لەو جوولانەوەو رێکخستنە گرنگانەی کە لە تورکیادا چالاکیی‌و کاریگەریی تایبەتی هەیە بریتییە لە جوولانەوەکەی **فەتحوڵڵا گولەن**، کە نوێنەرایەتیی ئیسلامی کۆمەڵایەتیی دەکات، لەبنەڕەتدا جوولانەوەیەکی مەدەنیی‌و کۆمەڵایەتییە لە کۆتایی شەستەکان‌و سەرەتای حەفتاکاندا بڕەویدا بە کارو جموجۆڵەکانی، هەر لە دەسپێکی کارە بەراییەکانەوە گرنگیی داوە بە کردنەوەی قوتابخانەو نێوەندی فەرهەنگیی‌و دەستەبەرکردنی هەلی خوێندن لەنێوخۆو دەرێی وڵات لەپاڵ دەیان پرۆژەی تر. ئەو جوولانەوە کۆمەڵایەتییەی گولەن رێبەرایەتیی دەکات وەك بزاوتێکی فێرکاریی‌و فەرهەنگیی‌و ئاینیی ئامادەیی هەیە، تۆڕێك دامەزراوەو کۆمپانیاو کۆمەڵەی پەروەردەیی‌و پیشەیی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. لەسەرەتای حەفتاکاندا پەیامەکانی گولەن لەبارەی ئایندارییی‌و، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەژاریی‌و گەندەڵیی‌و لادانی ئەخلاقیی سەرنجڕاکێش بوون، ئەوەی هەر لەسەرەتاوە جەماوەری تورکی لەلای خۆیدا کەمەنکێشکرد جیهانبینی‌و ئەندێشەی گولەن بوو بەرامبەر بە تاك‌و کۆمەڵە‌و نەتەوە. گولەن وەك کەسایەتییەکی ئاینیی بە ئەزموون درێژە بەهەوڵ‌و کۆششەکانی دەدات لە زۆر بواردا، لەنێویشیاندا بواری سیاسیی بەبێ بەکارهێنانی کەناڵە دیارەکانی سیاسەت‌و سیاسەتکردن‌و، بەبێ هوروژاندنی دامەزراوەی سەربازیی، کە "پارێزەری سێکیوڵاریزم"ە لە تورکیادا، بەڵام بەمدواییە پەیوەندییەکانی ئەو بە دەوڵەتی تورکەوە لەقۆناغی دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێداندا دووچاری قەیران بۆتەوە.

یەکێك لە گرنگترین ئەو گرفتانەی کە لە رابردوودا بەرۆکی تورکیای گرتبوو بوونی کەلێن‌و بۆشایی بوو لەنێوان گەل‌و دەوڵەت، هەروەها

بەرفراوانبوونی دەلاقەی نێوان تاك‌و دەوڵەت، ئەمەش بەهۆی پێڕەویی کردن لە سیاسەتە هەڵەکان، چارەسەرکردنی ئەو گرفتە سیاسییو کۆمەڵایەتییانەی کە دووچاری تورکیا بۆوە پتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە روانگەی ئەمنییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو گرفتانەدا کراوە. داوا بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیانی تورك بەدرێژایی سالانی رابردوو لەبواری دیموکراسییو بەرفراوانبوونی بواری مافی مرۆڤو ئازادییەکان فەرامۆشکران، بگرە بەربەستو لەمپەڕی گەورەشی دروستکرد، لەپاش چەندین ئەزموونی تفتوتاڵ دەرکەوت سیاسەتە ئەمنییەکان، کە ئاستەنگێکی گەورە بوو بۆ گەلی تورك، بوو بە مایەی کەڵەکەبوونو پەرەسەندنی زیاتری ئەو گرفتانە. پاش ئەوەی تورکیا پێی نایە نێو قۆناغی فرە حیزبیی هەنگاوی گەورە نرا لە بواری وەرچەرخانی دیموکراتییو وەرچەرخانی مەدەنیی، بەتایبەت لە ماوەی دەسەلاتی عەدنان مەندەریسو تورکوت ئۆزالدا، بە وردبوونەوە لەو هەنگاوانەی کە لەماوەی سالانی رابردوودا نران دەبینین ئەو ریفۆرمانە کە لەچوارچێوەی سازان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپیدا بەدیهات لە هەردوو ساڵی ١٩٩٩–٢٠٠١ هەنگاوی گەورە بوون. هەمدیسان ماوەی سالانی ٢٠٠٢–٢٠١٣ گرنگی زۆری هەیە، لەم ماوەیەدا ریفۆرمی گەورە بەدیهات لەرووی وەرچەرخانی مەدەنییو ئاشتەواییو دەوڵەتی یاساو بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ دەکرێت سەرجەمیان لەچوارچێوەی "وەرچەرخانی دیموکراتیی" لەقەڵەم بدەین.

پاش هەڵنوتانو داخزانی رەوتی ئیسلامیی بەدرێژایی ماوەکانی رابردوو، بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە لاوازو شپرزەکانی رێکخستنە ئیسلامییەکان،

پارتی دادو گەشەپێدان لە ١٤ی ئابی ساڵی ٢٠٠١ دامەزرا، زۆربەی دامەزرێنەرانی سەربە پارتی رەفاە بوون بەڕێبەرایەتیی نەجمەدین ئەربەکان، هەرچی ستراکچەری ڕێکخستنی پارتەکەیە لە ئەندامانو پارلەمانتارەکانی پارتە ڕاستڕۆ نێوەندەکانی وەك پارتی دایکی نیشتیمانو ڕێگەی ڕاست پێکهاتووە، وێڕای کەسانی تەکنۆکراتو دەرچووانی زانکۆکانو پیشەسازو بیرۆکراتەکان، ئەوانەی کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا شارەوانییەکانیان بەدەستەوە بوو، لەپاڵ بۆرژوای نێوەندو گچکەی ئەستەنبوڵو مەزنە شارەکانی تر. پارتی دادو گەشەپێدان بە ڕێبەرایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان گوزارشتە لە پێکهاتەیەکی سیاسییو کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ، سێکیۆلار نییە تا نوێنەرایەتیی نێوەندی تورکیی بکات وەك هەردوو پارتی دایکی نیشتیمانو ڕێگەی ڕاست، کەمالیش نییە بەوشێوەیەی کە چەپی نێوەندی تورکیی نوێنەرایەتیی دەکات وەك پارتی گەلی کۆماریییو پارتی چەپی دیموکراتیی، هەروەها ئیسلامیش نییە بەو شێوەیەی پارتی ڕەفاە گوزارشتی لێکردووە، بەڵکو گوزارشتێکە لە ئیسلامگەرایی — ڕاستڕۆیی — چەپڕۆیی لە فۆرمێکی نوێدا[٦]. سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٣)دا بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێی گەشەسەندنی بزاوتی ئیسلامیی لەقەڵەم دەدرێت، پارتی نێوبراو توانی بەهێزو گوڕێکی زۆرەوە شوناسێکی سیاسیی هاوچەرخ بهێنێتە ئاراوە لەڕێگەی گرتنەبەری بەرنامەیەکەوە کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی تورکیی پێکڕا نزیك بکاتەوەو دانوویان پێکەوە بکوڵێت، توانیشیان ترسو زارەترەکبوونی سێکیۆلاریستە کەمالییەکانو دامەزراوەی سەربازیی

بڕەوێننەوە بەوەی ئایین بەکاربهێنن لەژیانی سیاسیدا، چەندینجار دووپاتیان کردۆتەوە کە پابەندن بەوەی سێکیۆلاریزم تاقە شوناسی دەوڵەتی تورك بێت، لەپاڵ خۆنزیککردنەوەی زیاتر لە یەکێتیی ئەورووپیی‌و، هەوڵدان بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتییەکەدا. دیسانەوە پارتی دادو گەشەپێدان لەهەوڵی هێنانەئارای سێکیۆلاریزمێکدایە کە نزیك بێت لە سێکیۆلاریزمی سویسریی یاخود ئەمەریکیی، بەشێوەیەك هاونیشتیمانانی تورك ئازادبن لە بیروباوەڕە ئاینییەکان بەبێ هیچ جۆرە ترس‌و سەرکوتکردنێك، بە پێچەوانەی سیستەمی سێکیۆلاری تورکیی "لائیکیی" تووندڕۆ، کە چاوی لە فەڕەنسا دەکرد، بەشێوەیەك دەوڵەت جلەوی ئایین بکات‌و بەری لێبگرێت نەچێتە نێو بواری گشتییەوە[٧].

بە بڕوای دکتۆر تەلاڵ یونس ئەلجەلیلی "ئەردۆگانیزم لەهەر شتێکی تر لە تورکیادا نزیکترە لە گەلی تورك‌و، خاڵی وەرچەرخانی گەورەییە لە ئاڕاستەکانی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیادا، بەتایبەت ئەو دەمەی ئەردۆگان توانی جیهانبینییەکی نوێ دابڕێژێت بۆ تێگەیشتنی پارتی دادوگەشەپێدان لە بیرۆکەی سێکیۆلاریزم، بەشێوەیەك لەگەڵ بانگەشەکانیدا بێتەوە بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی شکۆی تورکیا، کە تەنانەت لەلایەن ئاڕاستە نەتەوەپەرستەکانی تورکیشەوە پێشوازی لێکرا، ئەمەش مانۆڕێکی زیرەکانەی ئەردۆگان بوو، ئەو توانی ئەو دەلاقەیە تێپەڕێنێت کە کەوتبووە نێوان نەتەوەپەرستەکان‌و ئیسلامییەکانەوە"[٨].

بە بڕوای دکتۆر ئیسماعیل شەتی "ئەردۆگان پێیوایە دەوڵەتە دیموکراتخوازە گەشەسەندووەکان، مەبەست لێی ئەو دەوڵەتە دیموکراسیانەیە کە پێڕەویی لە سێکیۆلاریزمی ناتوندڕۆ دەکەن، پارێزەری

شوناسی ئیسلامیی تورکییه، بۆ خۆشی باس لەوه دەکات که پارتی دادو گەشەپێدان پارتێکی موحافزکارو دیموکراتخوازه، بەو مانایەی پارێزگاریی دەکات لە نەریتو فەرهەنگی نەتەوەی تورك‌و، هەوڵیش دەدات لەپێناو جێبەجێکردنی دیموکراسیەتێکی بەهێزو گەشەسەندوو، کە هیچی کەمتر نەبێت لە دەوڵەتە دیموکراتخوازەکانی جیهان[٩].

لەلایەکی تردوە، هەڵبژاردنەکەی ئەمساڵی تورکیا (٢٠١٥) نەخشەی سیاسیی گۆڕی‌و، ئاستەنگی گەورەی بۆ ئەردۆگان‌و هەوڵە سیاسییەکانی پارتی دادوگەشەپێدان دروستکرد، بەشێوەیەك پارتی دیموکراتیی گەلان/ هادپ، کەپارتێکی کوردییه، بۆ یەکەمجار توانی رێژەی لەسەدا دە تێپەڕێنێت‌و، ٨٠ کورسی بەدەست بهێنێت، بەمەش خەونی ئەردۆگانی گۆڕکرد بۆ گواستنەوە بەرەو سیستەمی سەرۆکایەتیی "سوڵتانیزمی ئەردۆگانیی"و، دەستکاریکردنی دەستوور، کە دەسەلاتی گەورەی دەداتێ‌و، بەمەترسی گەورە لەقەڵەم دەدرێت لەلایەن تەواوی هێزە سیاسییەکانی تورکیاوە.

بزاوت‌و رێکخستنە سیاسییە ئیسلامییەکانی تورکیا بەردەوام گەشەی بەرفراوانیان کردووە‌و، گرنگە لەرووی کۆمەڵناسیی ئاینییەوە بەوردیی باس لە سیماو رووخسارو دیاردە ئیسلامییەکان بکرێت لەو ولاتەدا، کە بوون‌و ئامادەیی رێوڕەوتە ئیسلامییەکان بەقۆناغێکی دژوارو پڕ لەبەربەستدا گوزەری کردووە‌و، هەڵکشان‌و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە. تەوژمی ئیسلامیی بەشێکی دانەبڕاوی فیکری تورکیی هاوچەرخەو، ئیسلامیش ئیلهامبەخشی تەواوی سەرجەم ئەو هێزو گرووپە ئاینییانەیە کە لە تورکیادا کایەی گرنگ دەگێڕن‌و، بەردەوام لەهەوڵی

هەوالنامەی کێبڕکێ

کالکردنەوەی تێڕوانینە توندڕۆکان بوون لەبەرامبەر ئایینو، هەوڵدان بۆ چەسپاندنو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی. بۆیەشە ئاڕاستە ئیسلامییەکانو روانینە هەمەلایەنەکانیان لەبواری چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەلایەتییو ئابووریو سیاسییەکان ناکرێت فەرامۆش بکرێت، بگرە شایەنی وردبوونەوەو خوێندنەوەی قوولّی زانستییە. لەراستیدا بەدرێژایی مێژوو کەمالیزم یاخود ئەتاتورکیزم نەیتوانیوە ئەو راستییە مێژوویە بسڕێتەوە کە ئیسلام کاریگەریی ریشەیی هەیە لەسەر نەخشەی سیاسییو کۆمەلایەتیی تورکیا، چونکە ئەزموونی کاری سیاسیی ئیسلامیی قۆناغی نەشونماو گەشەسەندنو سەرکەوتنی لە هەلّبژاردنەکاندا بڕیوەو لە قۆناغی پیادەکردنی سیاسییو لە لوتکەی دەسەلاتدایە.

لە کۆتاییدا، ئەم کتێبەی بەردەستان هەوڵێکی وردو بەدواداچوونێکی مێژوویی – سیاسییە لەمەڕ هەلّوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە ئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی لە تورکیا لەسالانی (١٩٥٠–١٩٩٧). بەرهەمێکی گرنگی لەمشێوەیە، کە پڕۆفیسۆری بەدیمەن دکتۆر خەلیل عەلی موراد نووسیویەتی کۆمەکیی خوێنەر دەکات بۆ تێگەیشتنو بەرچاوڕوونی زیاتر لەبارەی مێژووی پڕ هەورازو نشێوی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیاو، هەوڵەکانی لەقکردنی رۆڵی ئیسلام لەبواری گشتیدا، لەهەمان کاتیشدا بەرهەمێکی بەسوودە بۆ بەشە مێژووییەکانی زانکۆکانی کوردستان.

بەرزانی مەلا تەها

٢٠١٥/٦/٢٨

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی وردەکاریی راپەڕینەکە بڕوانە: پوره الشيخ سعيد پيران من منظور عائلته: فوزي شيخ عبدالرحيم ثيران، الترجمة عن الكردية على شمدين، الطبعة الاولى، مطبعة رون، السليمانية، ٢٠١٢.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كوردستان والمسألة الكوردية: د. إسماعيل محمد حصاف، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، هولير، ٢٠٠٩.

[3] جولانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی: د. وەدیع جوەیدە، وەرگێڕانی د. یاسین سەردەشتیی،چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا ٤٤٧–٤٤٨.

[4] کتێبێکی بلاوکراوەی دکتۆر تەلاڵ یونس ئەلجەلیلی بەنێوی "خوێندنەوەیەك بۆ ئایدیای بژاردەی سیاسیی ئیسلامیی لە تورکیا"، بەرزانی مەلا تەها کردوویەتی بە کوردیی.

[5] بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەبارەی رۆڵی سیاسیی ئەربەکانو جێپەنجەی ئەو لەنەخشەی هێزە ئیسلامییەکانی تورکیادا بڕوانە: نجم الدين أربكان ودوره في السياسة التركية ١٩٦٩–١٩٩٧: منال الصالح، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٢.

[6] الثورة الصامتة "حصاد التغيّر والتحول الديمقراطي في تركيا ٢٠٠٢–٢٠١٣": ترجمه من التركية د. طارق عبدالجليل ود. أحمد سامي العايدي، الطبعة الثانية، من إصدارات مستشارية النظام العام والامن، ٢٠١٣. بۆ دابەزاندنو وەرگرتنی وردەکاریی زیاتر لەبارەی ئەو گەشەسەندنانەی کە لە ماوەی سالانی ٢٠٠٢–٢٠١٣ بەدیهاتوون بڕوانە سایتی فەرمیی پارتی دادوگەشەپێدان: www.akparti.org.tr

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا (١٩٤٦–٢٠١٢): کۆمەڵێك تۆژەر، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

[8] "الديمقراطية المحافظة" ومستقبل العلمانية التركية: عماد قدورة، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١٤، ص١٣.

[9] کتێبێکی بلاوکراوەی دکتۆر تەلاڵ یونس ئەلجەلیلی بەنێوی "خوێندنەوەیەك بۆ ئایدیای بژاردەی سیاسیی ئیسلامیی لە تورکیا"، بەرزانی مەلا تەها کردوویەتی بە کوردیی.

[10] الاسلاميون وحكم الدولة الحديثة: د. إسماعيل الشطي، الطبعة الاولى، مطبعة منشورات ضفاف، بيروت، ٢٠١٣، ص١٨٧.

پێشەکی

بابەتی ئیسلامو سێکیۆلاریزم لەتورکیای هاوچەرخدا بایەخپێدانی نوسەرانو کۆڵەرەوانی لەچەندین دەیە لەمەوپێشەوە هورژاندووە. ئەم بایەخپێدانەش بەشێوەیەکی بەرچاو لەپاش سەرکەوتنی پارتی رەفاهەوە بە رێبەرایەتیی نەجمەددین ئەربەکان لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی تورکیا زیادیکردووە، کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥دا ئەنجامدرا، ئەمەش زەمینەی خۆشکرد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانیی لەحوزەیرانی ١٩٩٦دا بەسەرۆکایەتیی ئەربەکان، یەکەمجار بوو پارتێکی ئیسلامیی بگات بەسەرۆکایەتیی حکومەت لە تورکیای سێکیۆلاردا. هەر سەبارەت بەو بایەخ پێدانە باس لەهەڵوێستی هێزە سێکیۆلارەکان کراوە لەتورکیاو، لەنێویشیاندا هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی لەبەرامبەر ئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی لەو ولاتەدا. هەروەها مەیلی نوسەرانو کۆڵەران لەمبارەیەوە دابەشبووە لەنێوان بەرگریکار لە سیستەمیوەختو هێزە سێکیۆلارەکانو هاوسۆز لەگەڵ ئەو بزاوتەو ئامانجەکانیدا، یاخود بێلایەن لەنێوانیاندا، بەرهەمەکانیشیان جیاوازییان تێدایە لەرووی ئاستیوردیی زانیارییەکانو بابەتەکانیان. لەرێگەی بەدواداچوون بۆ چەندین کتێبو کۆڵینەوە لەم بوارەدا، بۆیەشە بە باشمزانی بەشدارییەکی خاکەڕا بکەم لەم بابەتەدا، لەرێگەی ئەم کتێبەوە کە بەدواداچوونم بۆ هەڵوێستی دامەزاوەی سەربازیی لە تورکیا کردووە لەبەرامبەر ئیسلامو بزاوتی ئیسلامیی لە ولاتەدا هەر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە تا دەگاتە سەرنخونکردنەوەی حکومەتەکەی ئەربەکان لە حوزەیرانی ١٩٩٧. وەك

زانراوه دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لەدیارترین بەرگریکارانن لەو سیستەمە سێکیۆلارەی کە مستەفا کەمال دایمەزراندووە، ئەو دامەزرێنەری کۆماری تورکیا بوو لەساڵی ١٩٢٣و، یەکەم سەرۆکی تورکیاش بوو تا مردنی لەساڵی ١٩٣٨، لەواقیعدا ئەو دامەزراوەیە خۆی بە پاسەوانی سیستەمی وەختو پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزم لەقەڵەمداوەو چەندین جارانیش ئەمەی دووپاتکردۆتەوە، دیسانەوە لەسەرئەم بنەمایە لەچەندین دۆخدا بەخۆکەوتووە کە دەوڵەتو سیستەمی سێکیۆلار کەوتونەتە بەر "مەترسی" ئاشکرا یاخود شاراوە – بەپێی تێڕوانینی رێبەرانی ئەو دامەزراوەیە. لەدیارترین نمونەکانی ئەمەش ئەو چوار کۆدەتا سەربازییەیە کە تورکیا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بەخۆوەی بینی، وێڕای هەڵایسانی جەنگ دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان "P.K.K" هەر لەساڵی ١٩٨٤وە.

ئەم کتێبە لەدەروازەیەکو شەش بەش پێکهاتووە. دەروازەکە لەژێر نێونیشانی" لەدەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ بۆ تورکیای سێکیۆلار" دایەو، دەستپێکێکە بۆ بابەتی کتێبەکەمان. تێیدا باسمان لە دامەزراندنی سیستەمی سێکیۆلار کردووە لە تورکیادا، هەروەها سروشتی سێکیۆلاریزمی کەمالیی کە چاوی لە سێکیۆلاریزی فەڕەنسیی دەکرد "لە بانەوە" دەسەپێنرا بەسەر کۆمەڵگەدا، هەمدیسان سیستەمە سێکیۆلارەکە هەڵوێستێکی تونددەمارانەی گرتەبەر دژ بە ئیسلامو شێوازەکانی گوزارشتکردن لێی‌و، لێکەوتنەوەی دابەشبوونی کۆمەڵگەیی‌و فەرهەنگیی لەتورکیا لەنێوان سەرخەرانی سێکیۆلاریزمو بەرهەڵستکارانیدا.

بەشی یەکەمی کۆڵینەوەکە تایبەتکراوە بۆ کۆڵینەوە لەرۆڵی سوپای تورکیا بەسیفەتی "پاسەوان"ی پرەنسیپەکانی ئەتاتورکیزم. ئەم بەشە دوو تەوەری سەرەکیی لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم پێگەی سوپا لە ستراکتۆری دەسەلاتی تورکیادا هەر لەدامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، تا هەڵکشانی رۆڵی سوپا لە قۆناغەکانی پاشتردا، بەتایبەت لەپاش یەکەم کۆدەتای سەربازیی لەساڵی (١٩٦٠)و نووسینەوەی دەستووری نوێی تورکیا لەساڵی (١٩٦١)، کە باسی لە پێکهێنانی "ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی" کردووە، دەروازەیەکیش بوو بۆ رۆڵگێڕانی سوپا لە پرۆسەی بڕیارسازیی سیاسیی ولاتدا. لەو باسەدا باس لەو یاساو بڕیارانە کراوە کە پەیوەندیی هەبووە بە بنجداکوتینو بەرقەراربوونی رۆڵی سیاسیی سوپاوە، وێڕای بەهەند وەرگرتنەکانی تری وەك هێزو هەرەکەتی سوپای تورکیاو ئەو رێزو حورمەتەی تورکەکان بەگشتیی هەیانە لەبەرامبەریدا. تەوەری دووەمیش تایبەتکراوە بۆکۆڵینەوە لەو فاکتەرە نێوخۆییو دەرەکییانەی کە وایکردووە رێبەرانی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا رۆڵی "پاسەوانی ئەتاتورکیزم" بگێڕنو سووربوونیان لەسەر بەردەوامیدان بە سیستەمی وەخت لە ولاتدا.

بەشی دووەم بابەتی گەشانەوەو ژیانەوەی ئیسلامیی لە تورکیا لەخۆدەگرێت هەر لە جڵەوکردنی دەسەلاتەوە لەلایەن پارتی دیموکراتەوە لەساڵی ١٩٥٠، کە بەشێوەیەکی رێژەیی لێبوردەو شلڕۆ بوو بەرامبەر بە ئیسلامو رێبازە ئاینییەکان بەپێچەوانەی پارتی گەلی کۆماریی کە مستەفا کەمال لەساڵی ١٩٢٣ دایمەزراند، کە تاکڕەوانە جڵەوی ولاتی لەدەستدابوو تا هەڵبژاردنە پارڵەمانییەکەی ساڵی ١٩٥٠، کە

پارتی دیموکرات سەرکەوتنی تێدا بەدەستهێنا. بەڵێنەکانی پارتی دیموکرات بە کەمکردنەوەی توندڕۆیی دەوڵەت بەرامبەر بە ئیسلامو پیادەکردنی سرووتە ئاینییەکان لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پارتەکە بوون لەو هەڵبژاردنەدا، جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەش بەڕێژەیی لەپاش گەیشتنی بەدەسەلآت لەو هۆکارانە بوو کە بە کۆدەتایەکی سەربازیی حکومەتەکەی پارتی دیموکرات لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ قلپکرایەوە. بەیاننامەی یەکەمی سوپا کە لەپاش کۆدەتاکە دەریکرد جەختکرابۆوە لەسەر پاراستنی پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزمو پاراستنی"لەدەستی تێکدەران". رێبەرانی کۆدەتا سەربازییەکە درکیان بە مەغزای ژیانەوەی ئیسلامییو گرنگیی هەستوسۆزە ئاینییەکان کرد لەکۆمەڵگەداو، سەنگی بەکارهێنانی ئایین لەپێناو بەرژەوەندییو مەرامە سیاسیەکانی دەوڵەت، لەهەمان کاتیشدا کارکردن بۆ قەدەغەکردنی رێبازە ئاینییەکانو، بەرگرتن لەپارتە سیاسییەکان لە بەکارهێنانی ئایین بۆ بەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکانیان، ئەم تێڕوانینەی سوپا رەنگدانەوەی هەبوو لەنێوەرۆکی دەستوورەکەی ساڵی ١٩٦١دا.

لە بەشی سێیەمدا بەدواداچوونم کردووە بۆ هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا لەسەروبەندی هەردوو دەیەی شەستەکانو حەفتاکاندا. ئەو قۆناغە بەچەندین خەسڵەتی گرنگ وەسفدارکراوە، لەنێوانیاندا دامەزراندنی پارتی سیاسیی خاوەن تێڕوانینی ئیسلامیی (پارتی نیشتیمانیی لەساڵی ١٩٧٠و پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەساڵی ١٩٧٢)و بەشداری کردنیان لەحکومەتە هاوپەیمانییەکانداو، قەومانی کردەوەی توندوتیژیی سیاسیی پەیوەست بەپارتو رێکخراوە سیاسییە

چەپڕۆو ناسیۆنالیستە توندڕۆکان، بەتایبەت لەدەیەی حەفتاکاندا. هەمدیسان دەیەی حەفتاکان قۆرس بوو بۆ تورکیا لە رووی کەڵەکەبوونی گرفتە ئابوورییەکانەوە لەو هۆکارانەش بوو کە پاڵی بەتورکیاوە نا پتر خۆی لە دەوڵەتە عەرەبییو ئیسلامییەکان نزیك بکاتەوە، بەتایبەت دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت، وێڕای گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی. هەر لەم بەشەدا باسم لە هەڵوێستی سوپا کردووە لەسەرجەم ئەو گۆڕانکاریانەدا، هەروەها باس لە دووەم کۆدەتای سەربازیی لە ئاداری ١٩٧١ کراوە، دیسانەوە باس لە پەیوەندیی لەگەڵ پارتی سەلامەی نیشتیمانیی کراوە هەر لەدامەزراندنیەوە تا چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە سێیەم کۆدەتای سەربازی لە ١٢ ی ئەیلولی ١٩٨٠دا.

لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا باس لەو سێ ساڵە کراوە کە کەوتۆتە نێوان کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠و هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ کە پارتی دایکی نیشتیمان بە ڕێبەرایەتیی تورکوت ئۆزال سەرکەوتنی بەدەستهێنا. هەرچی گرنگترین تەوەرەکانی ئەم بەشەیە بریتییە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی کۆدەتا سەربازییەکەو، هەوڵو تەقەللای دامەزراوەی سەربازیی بۆ سازانی نێوان ئایدۆلۆژیای ئەتاتورکیزمو ئیسلام لە ڕێگەی پێڕەوکردنی ئەوەی ناسراوە بە "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی/التولیف الترکی–الاسلامی"، هەروەها بەکارهێنانی تێزی ناسیۆنالیستیی– ئاینیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیای چەپو جوولانەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا. هەمدیسان

ئەم بەشە باس لەدەستوری ساڵی ١٩٨٢و دیارترینی ئەو ماددانە دەکات کە پەیوەندییان هەیە بە بابەتی ئەم کتێبەوە.

قۆناغی ئۆزال (١٩٨٣–١٩٩٣) یەکێکە لەگرنگترین قۆناغەکان لە تورکیا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لەسەر ئاستی هەردوو سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی لەم ولاتەدا، بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە بەشی پێنجەمدا قسەی لەسەر کراوە. ئۆزال وەک سەرۆک وەزیران (١٩٨٣–١٩٨٩)و، وەک سەرۆک کۆمار (١٩٨٩–١٩٩٣) توانی جەخت بکاتەوە لەسەر دەسەلاتی حکومەتێکی مەدەنیی لەپاش بالادەستیی دامەزراوەی سەربازیی، لەمەش گرنگتر سیاسەتە لیبرالییەکانی ئۆزال ئاسۆگەلێکی بەرفراوانی ئاوەلاکرد لەبەردەم تەوژمی ئیسلامیی لەتورکیادا لەڕێگەی چەسپاندنی رۆڵی خۆی لە بواڕەکانی ئابووریی و کۆمەلایەتیی، فەرهەنگی و میدیاییدا، هەر ئەمەش بووە هۆی وەرچەرخانی تەوژمی ئیسلامیی بۆ جوولانەوەیەکی خاوەن قورسایی کاریگەر لەژیانی سیاسیی تورکیادا. سەرجەمی ئەمانەش زەمینەی ڕەخساند بۆ گەیشتنی پارتە ئیسلامییەکان بەدەسەلات لەقۆناغی پاش ئۆزالدا، یەکەمیان پارتی ڕەفاهی ئیسلامیی بوو کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا لە کانونی یەکەمی ١٩٩٥دا سەرکەوتنی بەدەستهێناو، حکومەتێکی هاوپەیمانیی لە حوزەیرانی ١٩٩٦دا پێکهێنا.

هەرچی بەشی شەشەمو کۆتایی ئەم کتێبەیە تایبەتکراوە بۆ کۆڵینەوە لە هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە پارتی ڕەفاهی ئیسلامیی تا سەرنخونکردنەوەی حوکمەتەکەی ئەربەکان لەحوزەیرانی (١٩٩٧)دا. ئەم بەشە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە دامەزراندنی

پارتی ڕەفاهی ئیسلامیی کراوە لەساڵی (١٩٨٣)، لەگەڵ هەڵکشانی خێرای پارتەکە هەر لە سەرەتای دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە بەشێوەیەك توانی پلەی یەکەم لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کانونی یەکەمی (١٩٩٥)دا بەدەست بهێنێت. هەروەها لەم تەوەرەدا ئاماژە بەو فاکتەرە نێوخۆییو دەرەکییانە کراوە کە لەپشت هەڵکشانی پارتی ڕەفاهەوە بوون. لەتەوەری دووەمی ئەم بەشەدا بەدواداچوونم کردووە بۆ هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە پارتی ڕەفاهو پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی بەسەرۆکایەتیی ئەربەکان لەحوزەیرانی (١٩٩٦)داو، پەیوەندیی دامەزراوەی سەربازیی لەگەڵ ئەو حکومەتەدا لەماوەی مانگەکانی سەرەتای تەمەنیدا. هەرچی تەوەری سێیەمە تایبەتکراوە بۆ کۆڵینەوە لە" پرۆسەی کۆدەتای ٢٨ی شوبات"، دژ بە حکومەتەکەی ئەربەکان، سەرەتا لەو یاداشتەوە دەست پێدەکات کە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی تورکیا لەو ڕۆژەدا پێشکەشی حکومەتەکەی ئەربەکانی کرد، سەبارەت بەجێبەجێکردنی چەندین ڕێوشوێن، کە ئامانج لێی لەباربردنی بنەماکانی جوولانەوەی ئیسلامیی بوو لە وڵاتدا، پاشتریش بەرپاکردنی هەڵمەتی بەهێز دژ بەحکومەتەکەی ئەربەکان لەلایەن هێزە سێکۆلارەکانەوە، بەتایبەت هۆکانی میدیای سەر بەو هێزانەو فشارو هەڕەشەو گوڕەشەکان لەلایەن دامەزراوەی سەربازییەوە بۆ سەری، کە دواجار بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی لە ١٨ی حوزەیرانی١٩٩٧.

لیستی سەرچاوەکانی ئەم کۆڵینەوەیە زۆر کتێبو کۆڵینەوەکانی نێوەندی توێژینەوە یاخود ئەوانەی لە گۆڤارە وەرزییو مانگانەکاندا بڵاوکراونەتەوە

لەخۆدەگرێت. سەرباری چەندین گۆڤارو رۆژنامەو زانیاریی بەردەست لە تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی"ئەنتەرنێت" بەزمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزیی و تورکیی.

چەند توانی بێتم هەوڵمداوە ووردو بابەتییانە چارەسەری ئەم بابەتە بکەم، هەستان بەکارێکی لەمشێوەیە ئەرکێکی ئاسان نییە بەهۆی جیاوازی زانیارییەکان و فرەیی تێڕوانینەکانی ئەو سەرچاوانە سەبارەت بەم بابەتە. سەری خوێنەرانی دلاوا نایەشێنم و باشیی و خراپیی ئەم کارە بۆ ئەوان جێدەهێڵم. خوا پشتوپەنایە.

هەوالنامەی کتێب

دەروازە

لە دەوڵەتی عوسمانییەوە
بۆ تورکیای سێکیوڵار

هەوڵدەری کتێب

شکستو هەڵنوتانی دەوڵەتی عوسمانیی لە جەنگی یەکەمی جیهانیی (١٩١٤_١٩١٨) بوو بە مایەی لەدەستدانی زۆربەی خاوەندارێتییەکانی، جگە لە ئەنادۆڵ لە بەشە ئاسیاییەکەی‌و، ئەستەنبوڵو نێوچە نزیکەکانی لە بەشە ئەوروپییەکەی. هەرچیش مایەوە رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆوە، هێزەکانی سەر بە هاوپەیمانان (بەریتانیاو فەڕەنساو ئیتاڵیا) ئەستەنبوڵی پایتەختیان داگیرکرد، سوڵتانی عوسمانیی موحەمەدی شەشەم وەحیدودین (١٩١٨_١٩٢٢)و حکومەتی عوسمانییان ناچارکرد بچنە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتو ویستی ئەوان. هەروەها هێزەکانی تری هاوپەیمانان چەندین شارو نێوچەی جیاوازیان لە ئەنادۆڵ داگیرکرد، لە ١٥ی ئایاری ١٩١٩ هێزە یۆنانییەکان بەندەری ئیزمیریان داگیرکردو پاشتر چوونە نێو ئەنادۆڵەوەو رایانگەیاند ئەوان هاتوون بۆ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیی، کوشتوبڕیان دەرهەق بە دانیشتوانە مەدەنییەکانی ئەنجامدا. لە هەلومەرجێکی لەمشێوەدا رێبەرە سیاسییەکانی ئەرمەن‌و کورد هەوڵو هەڵپەیاندا لەپێناو بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانیان بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان کرد بە هاوپەیمانانەوە. لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ هاوپەیمانان پەیمانی"سێڤر"یان سەپاند بەسەر حکومەتی عوسمانیدا، کە چەندین مەرجی سیاسییو سەربازیی ریسواکەری لەخۆگرتبوو، هەمدیسان چەندین بەندی تێدابوو سەبارەت بە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی‌و دانەیەکی تری کوردیی لە رۆژهەڵاتو باشووری ئەنادۆڵ.

لە چوارچێوەی پەرچەکردارە نێوخۆییەکان بەهۆی ئەو هەلومەرجانەوە دەرکەوتنی جوولانەوەی بەرگریی چەکداریی بوو لە ئەنادۆڵ. لە ١٩ی

ئایاری ۱۹۱۹ مستەفا کەمال[۱] (۱۸۸۱_۱۹۳۸) گەیشتە بەندەری سامسۆن لەسەر دەریای رەش بەسیفەتی سەرپەرشتیار لە فەیلەقی نۆی عوسمانیی، کە لە هەردوو ویلایەتی ئەرزەڕۆم‌و سێواس بڵاوببوونەوە. لەبری گرتنە دەستی پۆستە نوێکەی دەسپێشخەریکرد لەپێناو ڕێکخستن‌و ڕێبەرایەتیی کردنی جوواڵانەوەی بەرگریی لە ئەنادۆڵ، هەروەها لە ۱۹ی ئاداری ۱۹۲۰ مستەفا کەمال رایگەیاند، کە گەل پارلەمانی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە بە نێوی "ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە"، کە یەکەم دانیشتنی خۆی لە ئەنکەرە لە ڕۆژی ۲۳ی نیسانی ۱۹۲۰ بەست‌و مستەفا کەمال بوو بە سەرۆکی. هەروەها لە ۲۰ی کانونی دووەمی ۱۹۲۱ نیمچە دەستورێك دەرکرا بەنێوی" یاسای تەشکیلاتی سەرەکیی"، کە جەختی کردبۆوە لەسەر بنەمای بااڵدەستیی جەماوەریی‌و دانانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە، وەك تاقە نوێنەری گەل، هەردوو دەسەاڵتی یاسادانان‌و جێبەجێکردنی گرتە ئەستۆ. لە وەختێکدا دەستووری عوسمانیی بۆ ساڵی ۱۸۷٦، کە لەپاش کۆدەتاکەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەسەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا (۱۸۷٦_۱۹۰۹) لە تەموزی ۱۹۰۸، تێیدا هاتووە کە سەڵتەنەتی عوسمانیی هاوشێوەی خەلافەتی مەزنە (ماددەی۳)و سوڵتانیش پارێزەری ئایینی ئیسلامە بەپێی خەلافەت‌و قەڵەمڕەویی سەرجەم شوێنکەوتووانی عوسمانیی‌و دەسەاڵتداریەتی (ماددەی٤) هەروەها موقەدەسەو نابەرپرسیارە (ماددەی٥)[۲].

جەنگی سەربەخۆیی تورکیا لەنێوان ساڵانی ۱۹۱۹_۱۹۲۲ درێژەی کێشاو بەسەرکەوتنی جوواڵانەوەی بەرگریی کۆتایی هات‌و، کۆتایی هێنرا بە داگیرکاریی بیانیی لە ئەنادۆڵدا. لەوسەروبەندەدا مستەفا کەمال درکی

بەگرنگیی ئیسلام کرد بۆ تەیارکردنی جەماوەر لەدژی داگیرکاریی بیانیی، بۆیە بەخۆکەوتوو هەوڵیدا بۆ بەکارهێنانی هەستوسۆزە ئاینییەکانی دانیشتوان لە گوتارەکانیدا. هەمدیسان خۆی بە بەرگریکار لە ئیسلامو خەلافەت نیشاندا[٣]. دیسانەوە کاریکردە سەر پەلکێشکردنی کورد لە پاڵ خۆی لەو جەنگەدا لە رێگەی چەندین بەڵێنەوە سەبارەت بە دەستخستنی مافە نەتەوەییەکانیان[٤].

هەر لە کۆتایی هاتنی شەڕەکانی جەنگی سەربەخۆییەوە لە ساڵی ١٩٢٢و تا دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ چەندین گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە بینی بووە بە مایەی جێپێ قایمکردنی مستەفا کەمال لە دەسەڵاتو ئامرازە سەرەکییەکانی لە وڵاتدا.

گۆڕانکاریی یەکەم خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانیی لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا خۆی بینییەوە بە پێی یاسایەك، کە لە هەمان رۆژدا لە لایەن ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەوە دەرچوو لە پاش هۆشیاریدانەکەی مستەفا کەمالو شوێنکەوتوانی بە لەنێوبردنی ئەوانەی بەرهەڵستیی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن[٥]. ئەمەش لەپاش ئەو بانگەوازەوە دێتە پێشێ، کە هاوپەیمانان رووبەڕووی هەردوو حکومەتەکەی ئەستەنبوڵو ئەنکەرەیان کردەوەو بە ناردنی نوێنەرەکانیان بۆ کۆنگرەی لۆزان بۆ دانوستان لەبارەی پەیمانێکی ئاشتەوایی نوێ کە جێگەی پەیمانی " سێڤر" بگرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا بە مردوویی لەدایکبوو. مستەفا کەمال ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ کۆتایی هێنان بە دوانەیی دەسەڵات لە وڵاتدا، پاساویشی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت هێنایەوە بەوەی سوڵتان موحەمەدی شەشەم خائینو خۆفرۆش بووە بەرامبەر بە

ولاتو چیتر بۆی نییە نوێنەرایەتی ویستی دەوڵەتی تورکیا بکات، حکومەتی ئەنکەرە نوێنەرایەتیی راستەقینەی دانیشتوانانی ولات دەکات[٦]. هەروەها لە رێگەی هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتەوە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی لە دەسەڵاتی ئاینیی لە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسیی عوسمانیدا بەدیهات. لەپاش دەنگۆی هەڵاتنی موحەمەدی شەشەم بەهۆی کەشتییەکی جەنگیی بەریتانییەوە بۆ مالتە لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە لە رۆژی پاشتردا دەسپێشخەریی کرد بە دانانی میری عوسمانیی عەبدولمەجید وەک"خەلیفە" کە "وێنەیەکی بێ بەهاو بێ نرخ بوو"[٧]. هەنگاوی دووەمی مستەفا کەمال بریتی بوو لە دامەزراندنی"پارتی گەل" کە بەشداریکرد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە لە حوزەیرانی ١٩٢٣داو، توانی زۆرینەی کورسییەکان بباتەوەو ببێتە پارتی فەرمانڕەوا. پارتی نێوبراو لە ٩ی ئابی ١٩٢٣ لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا مستەفا کەمالی وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵبژارد. هەروەها لە ١١ی ئابیشدا ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی هەڵبژێردراو دەستیکرد بە یەکەم دانیشتنی خۆیو دیسان مستەفا کەمالی وەک سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەڵبژارد[٨]. یەکەم ئەرکی ئەنجومەنەکەش بریتی بوو لە نیشاندانی رەزامەندیی لەسەر پەیمانی لۆزان لە ٢٣ی ئابدا، کە تورکیا لەگەڵ هاوپەیماناندا بەستی هەر لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣وە، لە پەیمانەکەدا دانپێدانانی نێودەوڵەتیی تێدابوو بە سیستەمە نوێکەی تورکیا.

لە پێناو پساندنی پەیوەندییەکی تری تورکیا بە رابردووی عوسمانییەوە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە، بەپشتبەستن بە پێشنیارێك کە عیسمەت

پاشا[٩] پێشکەشیکردبوو، یاسایەکی لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا دەرکردو شاری ئەنکەرەی لە بری ئەستەنبوڵ کردە پایتەختی تورکیا[١٠]. یاساکە بەمانای پساندنێکی تر دەهات بە رابردووی عوسمانییەوە، هەروەها ئاکامێکی لۆژیکیی بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت[١١].

هەنگاوی کۆتایی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا دێتە پێشێ وەختێك ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە بە تەگبیرو بیری مستەفا کەمال، یاسایەکی دەرکرد بەوەی تورکیا کۆمارێك بێت سەرۆکەکەی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەوە هەڵبژێردرێتو دەسەڵاتی دیاریکردنی سەرۆك وەزیرانی هەبێت، لەشەوی هەمان رۆژدا مستەفا کەمال وەك سەرۆك کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا[١٢]، هەمدیسان لەپاش ماوەیەکی تر وشەی "کۆماریی" لکێنرا بەو پارتەوە کە مستەفا کەمال بەخۆی دایمەزراندو بوو بە " پارتی گەلی کۆماریی"، پارتەکەش تا ساڵی ١٩٥٠ لە دەسەڵاتدا مایەوە.

بە هەڵبژاردنی وەك سەرۆك کۆماری تورکیا مستەفا کەمال سەرکەوتوو بوو لە دانانی خشتی کۆتایی لە ستراکتۆری ئەو دەسەڵاتەدا کە بە سەرکەوتوویی لە ساڵانی جەنگی سەربەخۆییدا دایمەزراند، ئەو بە سیفەتی سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیرانی دیاری دەکرد، ئەمەش بە واتای هەڵبژاردنی وەزیرەکانیش دەهات. هەروەها بەسیفەتی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دەستیگرت بەسەر سوپاو دەزگای هەواڵگریدا، کە بریتین لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتو هێز. هەمدیسان بە سیفەتی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماریی، کە زۆرینەی پێکدەهێنا لە خولە یەك لەدوایەکەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەدا، دەسەڵاتی یاسادانانیشی

بۆ خۆی مسۆگەر کرد. بەمشێوەیە ئەوەی بەدەستهێنا کە بە خۆی لە یاداشتەکانیدا لە رۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٨ نووسیویەتی، گوتوویە "گەر دەسەلاتو هێزو هەرەکەتی گەورەم بەدەستهێنا ئەوا شۆڕشێکی ویستراو لە ژیانی کۆمەلایەتیماندا دروست دەکەم"[١٣].

لە پاش چەند مانگێکی کەم لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا مستەفا کەمالو پشتیوانانی دەستیاندایە پرۆسەیەکی گورجو خێراو ریشەیی لە دامەزراوەکانو یاساو سیستەمەکانو سێمبولەکانی شوناسی ئیسلامیی بەئامانجی سێکیۆلاریزەکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە لە تورکیاو پساندنی هەرچی پەیوەندیی تورکیا هەیە بە کەلتورو دەوروبەرە ئیسلامییەکەیەوە. لەڕاستیدا پێشتر دەوڵەتی عوسمانیی هەر لەسەدەی هەژدەوە چەندین هەوڵی سادەو ساکاری دا بۆ چاوکردن لە رۆژئاوا، بەتایبەت لە بواری سەربازییدا. پاشتر لەسەدەی نۆزدەدا بەرێژەیی لە بواری مۆدێرنەو نوێکردنەوەی بڕێك لە دامەزراوەو سیستەمو یاساکاندا گەشەی سەند. لەپاڵ ئەنجامدانی مشتومڕی گەوهەریی سەبارەت بەو هەوڵانە لە نێوەندی سیاسەتوانو بیرۆکراتو رۆشنبیراندا، بە جیاوازیی تێڕوانینەکانەوە، لەبارەی ئاستی ئەو چاولێکردنە لەنێوان بانگەشەکارانی چاولێکردنی تەنهای تەکنەلۆژیای رۆژئاواییو بانگەشەکارانی چاوکردن لە دامەزراوەو یاساکانیان، بگرە چاوکردن لە شێوازی ژیانی رۆژئاوایی[١٤]، بەڵام هیچ بانگەشەکارێکی رۆژئاواگەریی ئەوەندە بوێر نەبوو داوای گۆڕینی دەستووری عوسمانیی بکات بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت[١٥]. بەهەرحاڵ، سەردەمی پارتی ئیتحادو تەرەقی، کە دەوڵەتی عوسمانیی بەڕێوەدەبرد لە زۆربەی ماوەی درێژکراوەی نێوان ١٩٠٨ بۆ ١٩١٨،

مشتومڕی ئاشکراو جددیی بەخۆوە بینی لەبارەی ئیسلامو مۆدێرنەو سێکیۆلاریزم. هەمدیسان چەندین بیرو بۆچوون خرانەڕوو، کە لە ساڵی ١٩٢٤ لەسەر دەستی مستەفا کەمالدا جێبەجێکران، تایبەت بە داخستنی قوتابخانە ئاینییەکانو داخستنی تەکیەو زاویەکانی ڕێبازە سۆفییەکانو بەکارهێنانی پیتی لاتینیی لە نووسینی تورکیدا لە باتی پیتە عەرەبییەکانو بەکارهێنانی شەپقەی ئەوروپیی لە باتی مێزەرو سفوربوونی ژنانو، وەرگێڕانی قورئانو کتێبەکانی فەرموودەکانی پێغەمبەر بۆ زمانی تورکیی[١٦]. لەمبارەیەوە کۆڵەری تورکیی بەدیمەن شەریف ماردین بەمشێوەیە دەئاخفێت: "سێکیۆلاریزم لەسەردەمی ئیتحادییەکاندا وەك هۆشیاریی کاری لەسەر دەکرا، بگرە تەنانەت وەك ئایدۆلۆژیایەکی ڕووکەشیش کاری لەسەر دەکرا، بەڵام لەلایەن دامەزرێنەری کۆماری (تورکیا)وە گەیەنرا بە کۆتاییە لۆژیکییەکەی"[١٧]. شایەنی باسە هەندێك پێیانوایە کە پرۆژەی کەمالیی بۆ مۆدێرنەو سێکیۆلاریزەکردنی تورکیا بەتەنها هەلومەرجو ڕووداوەکان سەپاندوویەتی[١٨].

ئەو گۆڕانکاریانەی کە تورکیا لەسەردەمی مستەفا کەمالدا بەخۆوەی بینی لە چوارچێوەی ئەوەی ناسراوە بە عەقیدەی کەمالیزم "kemalizm" یاخود ئەتاتورکیزم "Atatürkcülük - لە ئەتاتورکەوە وەرگیراوە "بابی تورکەکان" کە ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە لە ساڵی ١٩٣٤ ئەو نێوەی بڕی بەسەر مستەفا کەمالدا. کەمالیزم لەسەردەمی کۆمارە سێکیۆلارەکەدا بوو بە ئایدۆلۆژیای فەرمیی کە ئاڕاستەی دامەزراوەی سیاسیی تورکیی دەکرد، بەتایبەت لە بیستەکانو سییەکاندا[١٩]. ئەو

عەقیدەیەش لەشەش پرنسیپ پێکهاتووەو بۆتە دروشمی پارتی گەلی کۆماریی، کە بەشەش هێما ئاماژەی پێدراوە ئەوانیش، کۆماریی، ناسیۆنالیزم، سێکیۆلاریزم، جەماوەریی، کۆدەتایی (بەواتای شۆڕشگێڕیی)و دەوڵەتیی یاخود دەوڵەتگەرایی (بەمانی دەستێوەردانی دەوڵەت لە جموجۆڵی ئابووریی‌و دانانی بەرنامەو پلانی ئابووریی)[٢٠].

لەنێو ئەو پرنسیپانەشدا پرنسیپی سێکیۆلاریزم " Laiklik "و پرنسیپی ناسیۆنالیزم" Milliyetçilik "[٢١] کە هەڵگری زۆر مشتومڕو جیاوازیین، بگرە تەنانەت ململانێشن، لە تورکیادا تا ئەمڕۆکە لەنێوان سێکیۆلارەکان‌و ئیسلامییەکاندا سەبارەت بە پرنسیپی یەکەم، هەروەها لەنێوان حکومەتی تورکیاو هاوڵاتیانی کورددا سەبارەت بە پرنسیپی دووەم، کە بە پێی تێڕوانینی کەمالیی، بوونی هەر نەتەوەو تۆرەمەیەکی تر لە وڵاتدا رەت دەکاتەوە جگە لە نەتەوەی تورك. لە واقیعدا ئەو دوو پرنسیپە بوونە دیارترین ئەو بنەمایانەی کە کۆماری تورکیای لەسەر پایەداربوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترس‌و تۆقینی مستەفا کەمال لە زیادبوونی دابەشبوون‌و پەرتەوازەبوون لە ئەنادۆڵدا بە پێی هێڵە ئاینیی‌و ئیتنییەکان، لەپاش ئەوەی تێبینی زیانەکانی دەوڵەتی عوسمانیی کرد لە خاوەندارێتییەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و باڵقاندا[٢٢]. تەنانەت لەپاش مردنی مستەفا کەمالیش لە ساڵی ١٩٣٨، بژاردەی کەمالیی بەردەوامبوو لەسەر بەکارهێنانی ئەم خاڵە لەپێناو پاراستنی دامەزراوەکانی‌و هەژموونە ئایدۆلۆژییەکەی[٢٣]، هەوڵەکانی پاساوهێنانەوە بوو بۆ سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی لەبەرامبەر گرووپە بەرهەڵستکارە ئاینیی‌و نەتەوەییەکاندا.

سێکیۆلاریزم لەرووی شێوەو نێوەرۆکەوە چەمکێکی رۆژئاواییەو دەرەنجامی گۆڕانکارییە سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییەکانە کە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان لە مێژووی هاوچەرخدا پێیدا گوزەریانکرد هەر لە سەدەی شانزەوە، سەرباری ئەو چەمکانەی بەکارهاتوون بۆ دەلالەتکردن لە چەمکی سێکیۆلاریزم[٢٤]، لە دیارترین رووخسارەکانی سێکیۆلاریزم بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، یاخود جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئاینییو دنیاییو دەستێوەرنەدانی هەریەکێك لەوانە لە بواری ئەوی تردا. لە پێڕەووپرۆگرامی پارتی گەلی کۆماریدا ڕاڤەی پرنسیپی سێکیۆلاریزم کراوەو، تێیدا چوار ڕەگەزی سەرەکیی دیاریکراوە[٢٥]، ئەوانیش:

١- دانانی یاساکانی دەوڵەتو سیستەمەکانی لەسەر ئەو بنەمایەی کە زانستو هونەر بڕیاری لێدەدەنو لەگەڵ بنەماکانی شارستانێتی هاوچەرخو پێداویستییەکانیدا بێتەوە.

٢- جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتو دنیا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنو شکۆمەندیی نەتەوە.

٣- ئایین بابەتێکی ویژدانییەو مافی پاراستنی هەیە لە هەر جۆرە تەجاوزکردنو دەستێوەردانێك مادامێکی لە چوارچێوەی یاساکاندا بێت.

٤- پارێزگاریکردن لە زمانی نەتەوەییو فەرهەنگی نەتەوەیی لە کاریگەری زمانو فەرهەنگی بیانیی کە دەکرێت لە ڕێگەی ئایینەوە بێتە ئاراوە، بابەتێکی پێویستە بە ئامانجی بەرژەوەندیی نەتەوە لە ئێستاو ئایندەدا.

هەموو ئەمانە پاڵی بە مستەفا کەمالو بژاردەی بیرۆکراتییو سەربازییەوە نا کە لایەنگری پرۆژەی سێکیۆلاریزەکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە بوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا بەخێرایی‌و بەشێوەیەکی ریشەیی، دامەزرێنەرانی کۆماری تورکیا بڕوایان وابوو کە چیتر کات نەماوە بۆ چاوەڕێکردنی پرۆسەی پێشکەوتنی سست‌و خاوو خلیچك[٢٦]. پرۆژەکەش بەئاشکرا هەڵوێستی دژانەی پێوە دیاربوو لەهەمبەر ئیسلام، کە ئەو دامەزرێنەرانە پێیانوابوو ئاستەنگێکی راستەقینەیە لەسەر ڕێگەیان لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئایین رۆڵێکی کۆنسێرڤەتیڤی "conservative " بینیوە لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی– ئابووریی دەوڵەتی عوسمانییداو ئەو خولیا کۆنسێرڤەتیڤەش دژی پرۆسەی رۆژئاواگەریی " Westernization" بوو[٢٧]. مەبەست لەمەش، پرۆسەی رۆژئاواگەریی گشتگیر بوو کە کەمالیستەکان دەیانخواست لە دامەزراوەکان‌و سیستەم‌و یاساو سێمبولە ئیسلامییەکانداو، هەوڵەکانیان بۆ گرتنەبەری شێوازی ژیانی رۆژئاوایی، بەڵام لە واقیعی کۆمەڵگەی وڵاتەکەیان‌و فەرهەنگ‌و نەریتە ئیسلامییە ڕەسەنەکان بێئاگاو غافڵبوون.

لە لایەکی تردەوە، تێگەیشتنی کەمالیی بۆ سێکیۆلاریزم گوزارشتبوو لە خواستێکی بەهێز بۆ جەختکردنەوە لە مۆرکی نەتەوەیی زمان‌و فەرهەنگی تورکیی‌و کارکردن لەسەر سڕینەوەی کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبیی‌و فارسیی لەسەریان، ئەمەش بەمانای پساندنی پەیوەندیی تورکیا دەهات بە دەوروبەرە ئیسلامییە رۆژهەڵاتییەکەی لەبەرژەوەندیی تێڕوانینە رۆژئاواییەکانی.

لە ئاداری ١٩٢٤ مستەفا کەمال گوتارێکی لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا پێشکەشکرد تێیدا جەختیکردەوە لەسەر پاراستنو زامنکردنی سەقامگیرییو بەرقەراریی کۆماری تورکیاو دامەزراندنی سیستەمێکی فێرکردنی نەتەوەیی یەکگرتوو، هەروەها پێویستیی بە " شکۆمەندکردنی عەقیدەی ئیسلامیی لە رێگەی رزگارکردنی لەوەی ئامرازێکی سیاسیی بێت بەدرێژایی سەدەکان"[٢٨]. لە سێی ئاداریشدا ئەنجومەنی نێوبراو سێ یاسای گرنگی دەرکرد لە پێشی هەموویانەوە پرۆژەی سێکیۆلاریزەکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە لە تورکیادا. یاسای یەکەم "خەلافەتی عوسمانیی" هەڵوەشاندەوەو[٢٩]، ئالعوسمانیش بە یەکجاریی دوورخرانەوەو نابووتکران بۆ دەرێی وڵات بەبێ گەڕانەوەیان. یاسای دووەم وەزارەتی ئەوقافو کاروباری شەرعیی هەڵوەشاندەوە، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پۆستی موفتی مەزن "شێخولئیسلام"، لەهەمان رۆژدا زۆربەی زانایانی ئاییینی خانەنشینکران[٣٠]. یاسای سێیەمیش بریتی بوو لە "یاسای یەکخستنی قوتابخانەکان"، کە بەمپێیە قوتابخانە ئاینییەکان داخران، تێیدا دامەزراندنی سیستەمێکی فێرکردنی هاوچەرخو یەکگرتووی هاتبوو لە وڵاتدا هەرچەندە وانەی ئایین خرایە نێوپرۆگرامی هاوچەرخەوە، بەڵام پاش چەند ساڵێکی کەم لابرا. هەرچی قوتابخانەکانی پێشنوێژو گوتاربێژانە، کە لە ساڵی ١٩٢٤دا کرانەوە بەسەرپەرشتی دەوڵەت، زۆری نەبرد لەسەرەتای هەشتاکاندا دەرگاکانی داخرایەوە، بەهەمان شێوەش بەنیسبەت کۆلێجی زانستە ئاینییەکانەوە "کلیە الالهیات" لە زانکۆی ئەستەنبوڵ کە بەرێژەیەکی کەم دەچوون بەدەمیەوە لە ساڵی ١٩٣٤ داخراو تا کۆتایی چلەکان نەکرایەوە[٣١].

له واقیعدا دەرچوونی "یاسای یەکخستنی قوتابخانەکان" هاوکات لەگەڵ یاسای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو یاسای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری شەرعییو پۆستی "شێخولئیسلام" بایەخپێدانی مستەفا کەمالو بژاردەی کەمالیی دەردەخات بۆ خوێندنی فەرمیی، ئەوان هەوڵیاندا قەناعەت بە خەڵکیی بهێنن، یاخود هانیان بدەن بڕوابهێنن بە لایەنە باشەکانی کۆمەڵگەی سێکیۆلار لە رێگەی سیستەمێکی نوێی خوێندنی نەتەوەییەوە پێیانوابوو ئامرازێکی گرنگە بەدەستی دەوڵەتەوە بۆ گۆڕینی خەڵکیی بۆ هاوڵاتی پابەند بە پرنسیپەکانی سێکیۆلاریزمەوە[٣٢]. تێبینی کراوە خوێندنی فەرمیی لە تورکیا لە هەوڵدابوو بۆ ئامادەکردنی دەرچووانی سەرکەوتوو لە بواری فەرهەنگیداو قاڵبوونەوەیان بەباشی لە داڕشتنەوەی تێوریی– پێوانەیی لەگەڵ جەختکردنەوە لە "هۆشیاری نەتەوەییو ئایدۆلۆژیاکانو بەهاکان جیاواز لەوانەی پێشتر باو بوون"[٣٣].

وەك ئاماژە پێکردنێکی رووندو ئاشکرا بۆ خولیای ناسیۆنالیزمی تووندڕۆی سێکیۆلاریزمی کەمالیی، لە رۆژی ٣ی ئاداری ١٩٢٤دا بڕیارێك دەرچوو بەقەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی کوردیی یاخود فێرکردن یاخود بڵاوکردنەوەی، مستەفا کەمال کوردی تۆمەتبارکرد بەوەی کورد "کۆنەپەرستە عوسمانییەکانن"و پلانێکی تەواوی دانا بۆ تێکوپێکدانی پایەکانی شوناسی کوردیی کە زمانو زاکیرەی کوردیی گرتەوە، تەنانەت شتگەلە باوو نەریتییەکانی کوردیشی گرتەوە[٣٤]. ئەمەش پاشەکشەیەکی گەورەی مستەفا کەمال بوو لەبەرامبەر کورداو هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئیسلامو ئیسلامییەکان لەسەروبەندی سالانی جەنگی سەربەخۆییدا.

سەرباری هەڵوێستی ئەو لەبەرامبەر دامەزراوە ئیسلامییە فەرمییەکان مستەفا کەمال هەڵوێستێکی تونددەمارانەی گرتەبەر لەبەرامبەر دامەزراوەکانی ئیسلامیی میللیی کە خۆی دەبینییەوە لە ڕێبازە سۆفییە جۆراوجۆرەکانو نێوەندە (تەکیەو زاویەکان) زۆروزەوەندە بەربڵاوەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا، کە ڕۆلێکی فەرهەنگییو کۆمەڵایەتیی– هاوسۆزی دەبینی لە ماوەی چەندین سەدەدا. لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥ ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە بڕیارێکی دەرکرد بەقەدەغەکردنی سەرجەم ڕێبازە سۆفییەکانو داخستنی تەکیەو زاویەکانو قەدەغەکردنی لەقەبەکانی تایبەت بەو ڕێبازانە، یاخود بەکارهێنانی هەر نێونیشانو سیفەتێك یاخود جلوبەرگێك کە گوزارشت لەو ڕێبازانە بکات، هەروەها داخستنی سەرجەم مەزارگەو گۆڕی سوڵتانو ئەولیاو پیاوچاكو شێخی گرووپە سۆفییەکان[٣٥]. ئەم بڕیارە ڕێبازە سۆفییەکانی ناچارکرد بەردەوامبن لەسەر جموجوڵو سروتەکانیان بە شێوەیەکی نهێنیی، بەتایبەت لە نێوچە گوندنشینەکاندا.

لەبواری یاساکانیشدا کەمالیستەکان چەندین ڕێوشوێنی سەیروسەمەرەیان گرتەبەر کە بووە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاریی ریشەیی لەم بوارەدا[٣٦]. لە ٨ی نیسانی ١٩٢٤ یاسایەك دەرچوو بەنێوی" تەشکیلاتی دادگاکان" بە هەڵوەشاندنەوەی دادگە شەرعییەکانو ئەرکەکانیان سپێردرا بە دادگاکانی ئاشتییو دادگە نێوەندییەکان. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٦ یاسای مەدەنیی تورکیی بڕیاری لێدرا کە لە یاسای مەدەنیی سویسرا وەرگیرابوو بۆ شوێنگرتنەوەی یاسای باری کەسێتیی پێشوو کە پشتبەستوو بوو بە شەریعەتی ئیسلامیی، هەمدیسان بڕیار لە یاسای سزادان درا کە لە یاسای

سزادانی ئیتالّییەوە وەرگیرا بوو، لەگەلّ یاسای بازرگانیی وەرگیراو لە یاسای بازرگانیی ئەلّەمانیی[٣٧]. یاسا مەدەنییە نوێکە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی جیاواز بوو لە یاسای کەسێتیی پێشوو، کە تێیدا هاتبوو مرۆڤ ئازادە لەوەی سەر بە هەر ئاینێك بێت، هەروەها رێگەیدا بەوەی خانمە موسلّمانەکان هاوسەرگیریی بکەن لەگەلّ ناموسلّمانەکاندا، دیسانەوە ژنو پیاوی لە مافەکانی میراتدا یەکسانکرد[٣٨]، لەگەلّ چەندین بابەتی تر.

لە راستیدا گۆڕانکارییەکانی پێشوو کە بەسەر یاسای باری کەسێتیدا هات سەبارەت بە بابەتەکانی خێزان، لە چوارچێوەی حوکمو چەمکەکانی یاسای خێزانی ئیسلامیی دەرنەچوو. لەسەردەمی ئیتحادییەکاندا لیژنەیەك لە ساڵی ١٩١٦ بۆ دارشتنی یاسای مەدەنیی دەولّەتی عوسمانیی پێکهات لە یاسای رۆمانیی، بەریتانیی، فەڕەنسیی، ئەلّەمانیی، سویسریی، ئەمەریکیی، نەمساویی‌و هەنگاریی. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧ "یاسای مافەکانی خێزان– حقوق عائله قرارنامەسی" دەرکرا، ئەمەش یەکەم دانانی حوکمە ئیسلامییەکانی تایبەت بوو بە خێزان لە مێژوودا، ئەم یاسایە تێهەلّکێشێك بوو لە بیروبۆچوونی زۆربەی قوتابخانە فیقهییە ئیسلامییەکان، هەروەها جەختیکردەوە لەسەر رێکخستنی حالّەتەکانی هاوسەرگیریی‌و لێکجیابوونەوەی یاسایی بەپێی رێوشوێنە فەرمییەکان لە دادگە شەرعییەکاندا[٣٩]، وێڕای بابەتە خێزانییەکانی تر وەك پێشتر باسمانکرد دەرنەچوون لە حوکمو چەمکەکانی یاسای خێزانی ئیسلامیی. لەپاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا هەوڵدرا بۆ گۆڕانکاریی سیستەمی یاسایی لە ساڵی ١٩٢٤ بە دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی داد بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئەنجامەکانی کاری لیژنەکە

کاریگەریی گەورەی نەریتە ئیسلامییەکانی پێوە دیاربوو لە گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکاندا[٤٠]. بەمشێوەیە حکومەت وازی لەو پرۆژەیە هێناو بڕیاری لە پێڕەوکردنی یاسا ئەوروپییە ئامادەکراوەکان دا، لە نێویشییاندا یاسای مەدەنیی سویسریی لە ساڵی ١٩٢٦. لە لێدوانێکدا کە پەردەهەڵدەمالێت لەسەر عەقڵییەتو ئەو رێگەیەیی کە بژاردەی کەمالیی مامەڵەی لەگەڵ ئەم لایەنە هەستیارەی سیستەمی یاسایی دەکرد، وەزیری دادی ئەودەمی تورکیا مەحمود ئەسعەد بۆزقۆرت بەمشێوەیە دەئاخفێت "ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بەیاسای زانستیی باش هەیە، بۆچی کات بەفیڕۆ بدەین لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ، بەڵام دەکرێت یاسای باش بدۆزینەوە کە ئامادەیە بۆ داڕشتنەوە. تاقە شتێك کە دەکرێت هەوڵی بۆ بدرێت وەرگرتنی یاسایەکی ئامادەکراوی باشە کە راڤەگەلی باشی لەسەر بێتو تەواوی وردەکارییەکانی تەرجەمە بکرێت[٤١]، هەمدیسان جارێکی تریش رایگەیاند "ئامانج لە یاسا پاراستنی بیروباوەڕو نەریتە کۆنە رەسەنەکان نییە لە ئایندا، بەڵکو ئامانج لێی دەستەبەرکردنی یەکێتی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیە..."[٤٢]. هەرچی مستەفا کەمالە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی یاسایی لە تورکیا بەم گوتەیە روون کردۆتەوە "ئامانجی ئێمە بریتییە لە ئەفراندنی یاساگەلێکی نوێ‌و بەمشێوەیە بنەما راستەقینەکانی سیستەمە یاساییە کۆنەکە تێکوپێك دەدەین"[٤٣]. هەرچی یاسای سزادانە نوێکە بوو چەند بەندێکی لەخۆدەگرت کە لەگەڵ ئامانجە سیاسییە کەمالییەکاندا دەهاتەوە لە دوورخستنەوەی ئایین لە ژیانی سیاسییدا، ماددەی (١٦٣) باس لە سزادانی هەرکەسێك دەکات کە ئایین بە خراپی بەکاربهێنێت، یاخود خراپ بەکارهێنانی هەستوسۆزە

ئاینییەکان، یاخود هەرشتێك كە سیفەتی پیرۆزیی پێوە بێت لەڕووی ئاینییەوە بۆ هوروژاندنو دنەدانی خەڵكیی لەسەر كارێك كە زیان لە ئاسایشی دەوڵەت بدات یاخود دامەزراندنی هەرگروپێك لەپێناو ئەو ئامانجەدا. هەمدیسان هەمان ماددە باس لە قەدەغەكردنی دامەزراندنی گرووپە سیاسییەكان دەكات لەسەر بنەمای ئایینو هەستوسۆزە ئاینییەكان. دیسانەوە هەردوو ماددەی (٢٤١)و (٢٤٢)ی ئەو یاسایە باس لە سزادانی ئەو پێشنوێژو گوتاربێژانە دەكات، كە لەسەروەختی جێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا، سووكایەتیی بە یاسا دەكەن یاخود رێوشوێنە تەنفیزییە حكومییەكان یاخود دنەدان لەسەر ملنەدان بۆیان. هەمدیسان ماددەی (٥٢٩)ی یاساكە باس لە سزادانی ئەو پێشنوێژو گوتاربێژانە دەكات كە لە دەرێی شوێنە رێپێدراوەكانی عیبادەتكردن هەستن بە جێبەجێكردنی سرووتو بۆنە ئاینییەكان[٤٤].

مستەفا كەمالو بژاردەی كەمالیی بەشێك لە بایەخپێدانەكانیان ئاڕاستەی لابردنی ئەو سێمبولو نیشانەو رووخسارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیی كرد كە خاوەن شوناسی ئیسلامیی بوونو شوێنگرتنەوەیان بە سێمبولو ئەو رووخسارانەی كە خاوەن سروشتی مەسیحیی یاخود ئەوروپیی بوون، بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاساو بڕیاری جۆراوجۆر دەركران. لە ساڵی ١٩٥٠ رێگەنەدرا بەهیچ كەسێك جلوبەرگی ئاینیی بپۆشێت جگە لە فەرمانبەرە ئاینییەكان (پێشنوێژو گوتاربێژو موفتیو بانگبێژان...)، پاشتر پەرەی پێدراو رێگەنەدرا بە پۆشینی ئەو جلوبەرگانە لەدەرێی مزگەوتەكان. هەمدیسان بڕیارێك دەرچوو فەرمانبەرانی ناچاردەكرد شەپقەی ئەوروپیی لەسەرنێن، پاشتر لەسەرنانی ئەو شەپقەیە گشتاندنی بۆكرا بۆ سەرجەم

پیاوان له بری تەڕبوش‌و مێزەر. هەروەها له ساڵی ١٩٢٥ یاسایەك دەرچوو به بەکارهێنانی رۆژژمێری رۆژئاوایی (زاینیی) لەبری رۆژمێری ئیسلامیی (کۆچی). له ئاداری ١٩٢٧ یاسایەك دەرچوو به لابردنی سەرجەم نیشانەو ستایشە سوڵتانییەکان لەسەر بارەگاکانی دەوڵەت‌و شارەوانییەکان‌و، بەکارنەهێنانی ئەو بارەگایانە له بەرژەوەندیی فەرمانگەکانی دەوڵەت تاکو ئەو ئەو نیشانەو نەخشانە لانەدرێن، هەروەها دانانی ئەو تابلۆ حەجەریی‌و کانزاییانەی، کە له مۆزەخانەکاندا لابرابوون‌و، سڕینەوەی هەریەکێك لەوانە، کە لابردنی بێتەهۆی زیانگەیاندن له بەهای شوێنە هونەریی‌و مێژوویییەکان[٤٥]. هەر له ساڵی ١٩٣١وە رێگەدرا به خانمان خۆیان کاندید بکەن‌و له هەڵبژاردنی نێوخۆیی (شارەوانییەکان)دا دەنگ بدەن لەپاڵ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا هەر له ساڵی ١٩٣٤وە. هەمدیسان له ٢١ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا یاسایەکی تر دەرچوو تورکەکانی ناچار کرد به نێوی خێزانەکانیانەوە له بری نازناوە کۆنەکانی عوسمانیی (پاشا، بەگ، ئەفەندی، خۆجە) به پشتبەستن بەم یاسایە ئەنجومەنی نیشتیمانیی لەقەبی (ئەتاتورك)ی بۆ ماوەیەك لەسەر ئەتاتورك هەڵگرت[٤٦]. هەروەها له سەرەتای ساڵی ١٩٣٧دا ئەنجومەنەکە بڕیاریدا لەسەر ئەوەی پشووی هەفتانە رۆژی یەك شەممە بێت له بری هەینی به بیانووی ئەوەی جیهانی رۆژئاوا کارە سیاسیی‌و داراییەکانیان له رۆژی یەك شەممەدا دەوەستێنێنن‌و تورکیاش پتر له جاران خۆی دەبەستێتەوە به‌و جیهانە، پێویستیشە لەگەڵ نەریتە گشتییەکانیشدا لەگەڵ یەکدی بێنەوە‌و بگونجێن[٤٧].

رەگەزێکی تری گرنگ لە تێگەیشتنی کەمالیی بۆ سێکیۆلاریزم، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بریتی بوو لە "بژارکردنی زمانی نەتەوەیی و فەرهەنگی نەتەوەیی لە کاریگەریی زمان و فەرهەنگی بیانیی کە دەگونجێت لە رێگەی ئایینەوە بێنەپێشێ...". جێبەجێکردنی عەمەلیی ئەو تێگەیشتنە لەو یاسایەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨دا سەبارەت بە بەکارهێنانی پیتە لاتیینییەکان درا لە بری پیتە عەرەبییەکان لە نووسینی تورکیدا. مستەفا کەمال و بژاردەی کەمالیی پەرۆشییەکی گەورەو تۆندیان دەرخست لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە ولاّتدا. شاراوە نییە پیتە عەرەبییەکان مەغزایەکی ئاینییان هەبوو چونکە زمانی قورئانی پیرۆز عەرەبییە، وێڕای ئەمەش پاڵنەرێکی تر لە ئارادابوو بۆ دەرچوونی ئەو یاسایە ئەویش بریتی بوو لە پساندنی پەیوەندیی نەوەی نوێی تورک بە کەلتوری فەرهەنگییو ئەدەبی کلاسیکیی کە مۆرکی ئاینیی بەسەریاندا زاڵبوو، لەلایەکی ترەوە خولیای نەتەوایەتیی سیستەمی حوکمڕانی نوێ بەباشی دەزانی شێوازی نووسینی تورکیی تایبەتو جیاواز بێت[٤٨].

بۆ تەواوکردنی یاسای بەکارهێنانی پیتە لاتینییەکان لە ساڵی ١٩٢٩ بڕیاردرا بە لابردنی هەردوو وانەی زمانی عەرەبییو زمانی فارسیی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی ولاّتدا. هەر لەمبارەیەوە لە ساڵی ١٩٣٠ دامەزراندنی "کۆمەڵەی میژوویی تورکیی" دێتەپێشێ، کۆمەڵەکە ئەرکی سەرلەنوێ نووسینەوەی میژووی تورکیای پێ سپێردرا، هەروەها خستنەڕووی گێڕانەوەیەکی نوێی میژووی تورکیا بەشێوەیەک قۆناغی عوسمانیی تێپەڕێنێتو کارەکانی چڕبکاتەوە لەسەر داهێنانە

شارستانێتیەکانی تورك لە ئاسیای نێوەڕاستداو شکۆمەندکردنی مێژوو و شوێنەواری حەیسییەکان کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاینیدا لە ئەنادۆڵ گیرساونەتەوە. کۆمەڵەی مێژوویی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە تەموزی ساڵی ١٩٣٢ لە ئەنکەرە بەست بە چاودێریی مستەفا کەمال. بەشداریی کردنی مێژوونووسانو کۆڵەرانی کۆنگرەکە جەختکردنەوە بوو لە داهێنانە شارستانێتییەکانی تورك لە ئاسیای نێوەڕاستدا، هەروەها جەختکردنەوە لەوەی ئەو داهێنانە بنەمای سەرجەم شارستانیەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بووەو بەشداریی تورکەکان لە بڵاوکردنەوەی شارستانێتی ئیسلامیی دیارو بەرچاو بووەو، راڤەی کۆنەخوازییش بۆ ئیسلام دەوڵەتی عوسمانیی دوورخستەوە لە رێنسانسی ئەورووپییو هۆکارێکیش بوو بۆ پاشکەوتنی دەوڵەتی عوسمانیی لە ئەوروپا لە پاش سەدەی شازدە[٤٩].

ئەم تێڕوانینەی کۆتایی رێك لەگەڵ تێڕوانینی بژاردەی کەمالیدا دەهاتەوە لە بارەی ئیسلامو رۆڵی لە مێژووی عوسمانیدا، بەواتایەکی تر ئەو کۆنگرەیە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی پشتیوانیکردن لەو تێڕوانینە بەسترا نەوەك بۆ دەمەتەقێو گفتوگۆکردن لەسەر ئاستی راستودروستییان.

لەساڵی ١٩٣٢ "کۆمەڵەی زمانەوانیی تورکیی" دامەزراو ئەرکی بژارکردنی زمانی تورکیی لە چەمکە بیانییەکان لە ئەستۆگرت، لێرەدا بەدیاریکراوی زمانی عەرەبییو فارسیی بوون، بەڵام کۆششی کۆمەڵەی زمانەوانیی سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستنەهێنا کە لەم بوارەدا شایەنی باسکردن بێت[٥٠].

قسەکردن لەبارەی پرۆژەی کەمالیی بۆ سێکیۆلاریزەکردنی تورکیا نیوەچڵ دەردەچێت بەبێ ئاماژەدان بە دامەزراندنی لیژنەیەك کە لە ساڵی

١٩٢٨ لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە ئامانجی "ریفۆرمی ژیانی کۆمەڵایەتیی" لەپێناو "بەئەوروپایی کردنی _Europeanize " ئیسلامو ڕێکخستنی لەگەڵ خولیای مستەفا کەمال بۆ مۆدێرینێتەو گونجاندنی لەگەڵ خولیای جمهوریەتو نەتەوایەتیی تورکیی. مێژوونووسو سیاسەتوانی تورکیی بەدیمەن موحەمەد فوئاد کۆپەرلو سەرۆکایەتیی ئەو لیژنەیەی دەکردو، بڕێك لە مامۆستایانی"کلیه الالهیات"ی لە ئەستەنبوڵ لەخۆدەگرت. کۆپەرلو رایگەیاند کە "ژیانی ئاینیی، هاوشێوەی ژیانی ئەخلاقیو ئابووریی، پێویستە ریفۆرمیان تێدا بکرێت بەپێی بنەما زانستییەکان تاکو لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا بێتەوە"[٥١]. لیژنەکە کارەکانی بەجێهێناو لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا ڕاپۆرتی خۆی بڵاوکردەوە، چەندین ڕاسپاردەی لەخۆگرت لەوانە: زمانی تورکیی ببێتە زمانی عیبادەتکردن، گۆڕینی کاتەکانی نوێژ تا لەگەڵ شێوازی کاری ڕۆژانەدا بگونجێت، نوێژ بە پێوە ئەنجام بدرێت، موسڵمانان لە مزگەوتەکاندا کەوشەکانیان دانەکەنو پێویستە هاوشێوەی کڵێسا ئەوروپییەکان ڕێك بخرێت بەدانانی کورسیی ریزکراو لە مزگەوتەکاندا، بەکارهێنانی نەغمە مۆسیقییەکان لەبری خوێندنی قورئانی پیرۆز لە مزگەوتەکاندا[٥٢].

لە ترسی پەرچەکرداری بەهێز، ڕاسپاردەکانی لیژنەکە فەرامۆشکران، جگە لە بانگدان بەزمانی تورکیی لەسەرەتای کانونی دووەمی ١٩٣٢دا. بەپێی گوزارشتی بێرناد لویس دەکرێت "خەلافەتی ئیسلامیی وەربچەرخێت بۆ کۆمارێکی نەتەوەیی کە سەرۆك کۆمار، وەزیرو پارلەمانتاری هەبێت، بەڵام ناکرێت مزگەوت وەربچەرخێتو بکرێت بە کڵێسای ئیسلامیی"[٥٣].

ئەو رێوشوێنانەی گیرانەبەر بۆ سێکیۆلاریزەکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە لە تورکیا، بەتایبەت لە پێنج ساڵی یەکەمی مێژووی کۆماری تورکیادا، پێویستی بە گۆڕانکاریی هەبوو کە لە دەستووردا بگونجێنرێت. یەکەم دەستوور لە سەردەمی کۆماردا لە ٣٠ی نیسانی ١٩٢٤ دەرچوو، ماددەی (٢)ی دەستوور باس لەوە دەکات کە ئاینی دەوڵەت ئیسلامە، هەمدیسان دێباجەی ماددەی (٢٦)ی دەستوورەکە باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە دەکات، لە نێویشیاندا جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان[٥٤]، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو وەزارەتی ئەوقافو کاروبارە شەرعییەکان لە ساڵی ١٩٢٤وەو وەرگرتنی یاسای مەدەنیی سویسریی لە ساڵی ١٩٢٦ وایکرد ئەو دوو ماددەیە پێچەوانەی سیستەمی وەخت بن لە وڵاتدا. هەروەها لە ١٠ی نیسانی ١٩٢٨ ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە بڕیاریدا بە دەستکاریکردنی بڕێك لە ماددەکانی دەستووری ساڵی ١٩٢٤، گوزارشتی"ئاییینی دەوڵەت ئیسلامە"، لە ماددەی (٢) لابرا. هەمدیسان گوزارشتی "جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان" لە دێباجەی ماددەی (٢٦) لابرا، دیسانەوە هەردوو ماددەی (١٦)و (٣٨) دەستکاریکراو نێوی (واللە) لەو سوێندەدا لابرا کە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەو سەرۆك کۆمار سوێندیان پێدەخوارد لە شوێنی ئەویش "بەشەرەفم/ بشرفی" دانرا. هەروەها لە شوباتی ١٩٣٧ سیفەتی دەستووریی فەرمیی بەسەر سیستەمی سێکیۆلار لە کۆماری تورکیادا بڕدرا وەختێك ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە یاسایەکی دەرکرد کە بەو پێیە هەر شەش پرنسیپەکەی کەمالیزمی تێهەڵکێش کرد لە ماددەی دووی دەستووردا بەمشێوەیە "دەوڵەتی

تورکیا کۆماریيه، نەتەوەيیه، جەماوەرییه، دەوڵەتگەرایه، سێکیۆلارە، کۆدەتاییه، زمانی فەرمیی تورکییەو پایتەختەکەشی شاری ئەنکەرەیە"[٥٥]. ئەم دەقە دەستوورییە لە هەردوو دەستووری تورکیی پاشتردا کە لە ساڵی ١٩٦١، ١٩٨٢ دەرچوو دووپات کراوەتەوە.

یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی سیستەم سێکیۆلارەکەی تورکیا بریتی بوو لە ملکەچکردنی ئایین بۆ دەوڵەتو هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ئایین، یاخود ئاڕاستەکردنی بەشێوەیەك خزمەت بە سیاسەتەکانی کۆمارە سێکیۆلارە نوێکە بکات. مستەفا کەمال، پاشتریش بژاردەی کەمالیی درکیان بە ئاستی هێزو هەرەکەتی ئیسلامو بنجداکوتینی کرد لەمێشكو دانیشتوانانی ولاتدا، بەتایبەتیش لە گوندەکاندا کە پتر لە سێ لە سەر چواری ڕێژەی دانیشتوانانی ولاتیان پێکدەهێنێت[٥٦]. بگرە بڕێك لە هاوەلانی مستەفا کەمالو ڕێبەرانی جەنگی سەربەخۆیی تورکیا هاوسۆزبوون لەگەڵ سەڵتەنەتو خەلافەتی عوسمانیی، ئەوان رازی نەبوون بە کەمەنکێشکردنیان بەرەو سێکیۆلاریزمو نێوەندگەرایی[٥٧]. لەراستیدا سیمای سێکیۆلاریزمی تورکیی گوزارشتی لە دوالیزمەی خۆی دەکرد لەهەرچی پەیوەستبوو بە بەکارهێنانی ئایین بۆ ئامانجو مەرامە سیاسییەکان، ئەمەش پێکدژە لەگەڵ ئەوەی مستەفا کەمال باسی دەکات لە گوتارێکیدا کە لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا لە ١ ئاداری ١٩٢٤ خوێندیەوە بەوەی دەیەوێت "ئایین ڕزگاربکات لەوەی ئامرازێکی سیاسیی بێت".

لەپاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو وەزارەتی ئەوقافو کاروباری شەرعییو پۆستی شێخولئیسلام، لەساڵی ١٩٢٤دا، فەرمانگەیەك بەنێوی

"سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی" دامەزرێنرا، لەپاڵ "فەرمانگەی کاروبارەکانی ئەوقاف"دا. فەرمانگەی یەکەم ئەرکی بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی کاروباری مزگەوتەکان‌و پێشنوێژو گوتاربێژو بانگبێژانی گرتەئەستۆ، هەمدیسان فەرمانگەکە بوو بە مەرجەعی موفتییەکان لەسەرتاسەریی ولاّتدا، ئەم فەرمانگەیە راستەوخۆ پەیوەستبوو بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە[٥٨]. وێڕای ئەمەش یەکێکی تر لە ئەرکەکانی تری ئەم فەرمانگەیە دەرکردنی بڕێك بلاّوکراوەو نامیلکە بوو بەئامانجی فێرکردنی ئایین بۆ پێگەیشتوان بەشێوەیەك لەگەڵ ئایدۆلۆژیای کەمالیدا بێتەوە[٥٩]، بەمشێوەیە ئەم فەرمانگەیە بوو بە "ئاژانسێکی خزمەتگوزاریی گشتیی پتر لەوەی دەزگایەکی رۆحیی بالاّ بێت بۆ کۆمەڵگەی ئاینیی"[٦٠].

دامەزراندنی سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی، کە قەبارەو رۆڵی بەشێوەیەکی بەرچاو لەپاشتردا زیادیکرد، بەپێی گوزارشتی کۆڵەری بەدیمەنی تورك عەلی فوئاد باشکیل بەمانای وەرچەرخان دەهات لە سیستەمی "دەوڵەتی پەیوەست بە ئایین" بۆ سیستەمی "ئاییینی پەیوەست بە دەوڵەت"[٦١]. کۆڵەرێکی تر پێیوایە دەوڵەت رۆڵی "موجتەهید"ێکی سێکیۆلاری دەگێڕا[٦٢]. لەواقیعدا ملکەچکردنی ئایین‌و، ئاڕاستەکردنی بەشێوەیەك خزمەت بە مەرامە سیاسییەکان‌و بەرژەوەندییەکانی بژاردەی کەمالیی بکات لەچوارچێوەیەکی بەرفراواندا لەپاشتردا، وەك تێبینی دەکەین، پێچەوانەی مۆرکی دەسەلاّتگەرایی‌و نادیموکراسیی تێڕوانینی کەمالیی بوو بۆ سێکیۆلاریزم. دەوڵەت بەتەنها وازی لە پابەندبوونی خۆی نەهێنا بە بێلایەنیی ئاینیی، بەڵکو ئەو

مافەشی بەخۆیدا کە قۆرخی راڤەی ئایین بکاتو دەستی بەسەردا بگرێت. ئاکامی ئەمەش بە سیاسیکردنی ئیسلام بوو لە بانەوە، واتە لەلایەن دەوڵەتەوە، بەئامانجی سێکیۆلاریزەکردنی کۆمەڵگەو، خوڵقاندنی هاوشێوەبوون لەنێو پێکهاتە ئاینییەکانداو، پەراوێزخستنی شوناسی کوردیی، تاکو بەمشێوەیە زامنی یەکێتیی خاکی تورکیا بکات لەدژی ناسیۆنالیستە کوردەکان[٦٣].

ئەزموونی سێکیۆلاریزم لەتورکیا بڕێك لە سیماکانی ئەزموونی سێکیۆلاریزمی فەڕەنسیی هەڵگرتووە لەپاش سەراوبنکردنی سیستەمی پاشایەتیی لەپاش شۆڕشی فەڕەنسیی ١٧٨٩، بگرە پارتی گەلی کۆماریی چەمکی Laiklikی لە چەمکی Laicite فەڕەنسییەوە وەرگرت. رووە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو ئەزموونەکە لەرێگەی هەڵوێستی توندەمارانە لەفەڕەنسا لەبەرامبەر کڵێسای کاتۆلیکییو پیاوانی ئاینییەوە دەرەکەوێت بەو پێیەی کۆڵەکەیەك بوون لە کۆڵەکەکانی سیستەمە کۆنەکەو، کارکردن بۆ پساندنی پەیوەندیی کڵێسای پاپایی لە رۆماو، هاندانی خەڵکیی لەسەر گۆڕینی نێویان گەر پەیوەندیی هەبوایە بە سیستەمە کۆنەکەوە، یاخود پەیوەندیی هەبوایە بە فەرمانڕەواو پیاوانی ئاینییەوەو، هاندانی لەبەرکردنی جلوبەرگی "شۆڕشگێڕیی" نوێو، کارکردن لەسەر لابردنی نیشانەو سێمبولو هەڵسوکەوتە ئاینییەکان لە شوێنە گشتییەکاندا، بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمی سەردەمی کۆماری فەڕەنسیی سێیەم (١٨٧١–١٩٤٠)[٦٤]. ئەو هاوشێوەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە فەڕەنسا بەردەوام سەرچاوەی ئیلهامی فەرهەنگییو سیاسیی بووە بۆ بانگەشەکارانی مۆدێرنە لە دەوڵەتی عوسمانیدا[٦٥]. ئەمەش بەسەر مستەفا

کەمالدا دەچەسپێت، کە زمانی فەڕەنسیی زمانی بیانیی ئەو بوو، هەمدیسان لەپێناو ئایدیاکان رووی دەرکردە فەڕەنسا، بەتایبەت ئەو لە جاحێڵییەوە بەرهەمەکانی فەیلەسوف‌و کۆمەڵناسە وەزعییە فەڕەنسییەکانی خوێندبۆوەو کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە، لەوانە ئیمیل دۆرکهایم (١٨٥٨–١٩١٧)[٦٦].

بەهەرحاڵ، بڕێك خاڵی جیاوازیی گرنگ هەیە لەنێوان هەردوو ئەزموونەکەدا کە لێرەدا شایەنی باسکردنە، لە فەڕەنسا لەساڵی ١٩٠٥ یاسایەك دەرچوو بڕیاری دا بە جیاکردنەوەی ئایین‌و دەوڵەت‌و، دەوڵەتیش بەمپێیە بەڵێنیدا بە پیادەنەکردنی هەرجۆرە فشارێکی سیاسیی لەسەر فێرکردنی ئاینیی‌و دامودەزگا ئاینییەکان[٦٧]. بەڵام لە تورکیا ئەمە رووینەدا، دەوڵەتی کەمالیی هەژموونی پەیداکرد بەسەر بواری ئاینییداو هەوڵیشی دا پاساوی بۆ بهێنێتەوە لەژێر پەردەی "مۆدێرنەو پێشکەوتن"دا. سەرباری ئەمەش مستەفا کەمال‌و بژاردەی کەمالیی لەبواری مۆدێرنەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیدا خواست‌و حەزی جەماوەریی نەبوو، یاخود دەرەنجامی فشاری جەماوەریی نەبوو بە بەراورد بە فەڕەنسا، هەمدیسان قوربانیانی پتر لە چینەکانی خوارەوە بوون نەوەك ئەریستۆکراتەکان وەك لە فەڕەنسا رووییدا[٦٨].

لەواقیعدا پرۆژەی کەمالیی، یاخود ئەوەی بڕێکجار پێی دەگوترێت شۆڕشی کەمالیی بۆ سێکیۆلاریزەکردن‌و بە رۆژئاواییکردنی دەوڵەت‌و کۆمەڵگە لە تورکیا لەسەر دەستی بژاردەیەکی کەمۆکەی بیرۆکرات‌و میلیتاریستدا جێبەجێکرا، تەنانەت پارتی گەلی کۆماریی، کە مستەفا کەمال بەخۆی دایمەزراند تا ببێتە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی،

پارتێکی جەماوەریی راستەقینە نەبوو. هەرچەندە پارتەکە چەمکەکانی "نەتەوە"و "گەل"ی لە گوتارەکانیدا بەکاردەهێنا، بەڵام پتر لە کۆنگرەیەکی حیزبیی دەکرد وەك لەوەی پارتێکی جەماوەریی بێت. راستە بڕێکجار هەوڵیداوە رای گشتیی تەیار بکات لەچەند پرسێکی دیاریکراودا، بەڵام هەرگیز هەوڵی نەداوە رێکخستنەکانی وەربچەرخێنێت بۆ ئامرازێك کە جەماوەر بەلای خۆیدا کەمەنکێش بکات یاخود جەماوەر خڕبکاتەوە لەسەر بنەمایەکی بەردەوام بەهەمان شێوەی پارتە سۆشیالیستییو فاشییە ئەوروپییەکان[٦٩]. بژاردەی کەمالیی چەمك‌و سیاسەتە سێکیۆرەکانی بە تۆبزیی بەسەر کۆمەڵگەیەکی سوننەتیدا سەپاند، کە لەرووی فەرهەنگییو ئاینییەوە کۆنەپارێز بوو، دوور بوو لە سێکیۆلاریزمو لاساییکردنەوەی ژیانی رۆژئاوایی[٧٠]. هەروەها ئەو بژاردەیە پرسەکانی سێکیۆلاریزمو تورکاندنی نەتەوەی بەشێوەیەکی جدیی لەگەڵ گەلدا تاوتوێ نەکرد، بەڵکو بەسانایی هەوڵی دەدا "دەوڵەتی بەهێز" بەگەڕبخات بۆ تۆقاندنی ئۆپۆزیسیۆنو سواروزاڵبوونو بەسەریدا[٧١]. لە نمونەی بەرایی ئەم هەوڵە ئەو رێگەیە بوو کە دەوڵەتی کەمالیی راپەڕینە کوردییەکەی پێ خامۆشکرد، کە بەرێبەرایەتیی شێخ سەعیدی پیران "نەقشبەندیی" لەسالی ١٩٢٥ هەڵیساو مۆرکێکی نەتەوەیی کوردیی ئاینیی وەرگرتو پێکدڕ بوو لەگەڵ سێکیۆلاریزەو تورکاندن لە کۆمارە تازە پشکوتووەکەدا[٧٢]. دیسانەوە مستەفا کەمال ئەو راپەڕینەی بەکارهێنا بۆ داخستنی پارتی تەرەقی کۆماریی کە لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ بڕێك لە هاوەڵانی مستەفا کەمال لە جەنگی سەربەخۆییدا دایانمەزراند، وەك کازم قەرە بەکرو رەئوف ئۆرپایو رەفعەت بیلەو

ئەوان، کە پشتیوانییان لەو سیاسەتانە نەکرد کە دژ بە ئیسلام بوون. مستەفا کەمال لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٢٥ پاساوی هێناوە بۆ داخستنی پارتەکە بەتۆمەتی بوونی پەیوەندیی بەوانەی کە بە "کۆنەپەرستە ئاینییەکان" نێوزەدی کردن، ئەو پاساوەش دووربوو لە راستییەوە[٧٣]. بەهاتنی ساڵی ١٩٢٦ مستەفا کەمال رکابەرە سیاسییەکانی خۆی دوورخستەوە، زۆربەشیان لە رێبەرانی جەنگی سەربەخۆیی بوون، لەرێگەی زنجیرەیەک دادگاییکردنی سیاسیی رووکەشەوە[٧٤].

کاریگەریی سیاسەتەکانی مۆدێرنیزەو سێکیۆلاریزەکردن لەشارەکاندا هەستی پێکرا، بەتایبەتی لەنێوچەکانی رۆژئاوای ولاتدا پتر لە نێوچەکانی تر[٧٥]. کاریگەرییەکان لە نێوچە دوورە دەستو گوندەکاندا سنووردار بوو، کە دانیشتوانەکانی کەمترین زانیارییان هەبوو لەبارەی یاسا سێکیۆلارەکانو پتر ئامادەییان هەبوو بۆ فەرامۆشکردنیان. هەر لەمبارەیەوە کۆلێرری تورک شەریف ماردین پێیوایە مستەفا کەمال، کە لێدانو گورزی لە بنەما فەرمییەکانی ئیسلام هەڵبژارد، کارێکی ئەوتۆی نەکرد لەپێناو سەپاندنی شێوازە نوێیەکان لە ژیانی رۆژانەدا بەسەر جەماوەری جووتیارو زەحمەتکێش یاخود نێوچە دێهاتییەکاندا[٧٦]. لە راستیدا ئەو نێوچانە لە لایەن بژاردەی کەماڵییەوە بەنێوچەی ناڕەزایەتییو یاخیبوون لەقەڵەمدرا بەهۆی فاکتەرە ئاینییەکانەوە، یاخود بەهۆی فاکتەرە نەتەوەییەکانەوە بەتایبەت لەنێوچە کوردییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ولاتدا، بۆیەشە دەوڵەت بۆ سالانێکی دوورودرێژ ئەو نێوچانەی خستە ژێر چاودێریی وردەوە. تەنانەت وەختێکیش تورکیا پێی نایە سەردەمی فرە حیزبییەوە لەساڵی ١٩٤٦و دامەزراندنی پارتێکی

رکابەر بۆ پارتی گەلی کۆماریی، کە بریتی بوو لەپارتی دیموکرات پاشتر لەبارەیەوە قسان دەکەین، ئەو هۆشیاریدانەی کە لەلایەن پارتی گەلی کۆمارییەوە دەرچوو مایەی سەرنجو تێڕامانە "مەڕۆن بۆ نێوچە دێهاتییەکان یاخود گوندەکان تاکو پشتیوانیی بەدەست بهێنن، ئەوە یەکێتیی نەتەوەییمان لەباردەبات"[۷۷]، چونکە دەبووە هۆی ژیانەوەی دانیشتوانی ئەو نێوچانە لەچوارچێوەی پارتە سیاسییەکاندا.

ئەو جیاکارییەی رووبدا لەنێوان نێوەند Center، کە ئەنکەرەی پایتەختو مەزنە شارەکانی رۆژئاوای ولاتی دەگرتەوەو، لەنێوان کەنار Periphery کە نێوچەکانی تری ولاتی دەگرتەوە بەتایبەت نێوچە گوندنشینەکان، بوو بە هۆی دەرکەوتنی دابەشبوونی توندی نێوان فەرهەنگی نەتەوەیی چینی بیرۆکرات، کە لەرووی فەرهەنگو تێڕوانینەوە رۆژئاوایی بوونو لە ئەنکەرە گیرسابوونەوە، لەنێوان فەرهەنگی ئیسلامیی لە گچکە شارو گوندەکاندا، بەتایبەت رۆژهەلاتی ئەنادۆل[۷۸]. بۆیەشە مێژووی هاوچەرخی سیاسەتی تورکیی بریتییە لە چیرۆکی پێکڕاهەڵنەکردنی ئەو دوو فەرهەنگە، یاخود پێکڕاهەڵنەکردنی دوو شوناسو تێڕوانین بۆ جیهان. بەتێپەڕبوونی کاتیش ئەندامانی بژاردەی کۆماریی دەوڵەتی نێوەندگەرای سێکیۆلارو، گرووپە پشتیوانەکانیان، خۆیان بە "سێکیۆلاریست" لەقەڵەمدەدا، جەماوەریشیان بە "مسوڵمانە پاشکەوتووەکان" لەقەڵەمدا، بەمشێوەیە چەمکی سێکیۆلاریزم ئاماژەیەك نەبوو بۆ جیاکردنەوەی ئایینو دەوڵەت، بەڵکو بەڵگەبوو لەسەر "گرووپە دەسەلاتدارەکان"[۷۹]. ئەم چەمکەی کۆتایی ئاماژەیە بۆ پارتە سیاسییە

سێکیۆلارەکانو، ڕێبەرانی دامەزراوەی سەربازیی تورکییو، گرووپەکانی بەرژەوەندییە ئابووریپەکانو، دامەزراوەکانی میدیای پابەند بە پاڵپشتیکردنی سیستەمی سێکیۆلاری نەتەوەیی لە ولاتداو پاراستنی پرنسیپەکانی کەمالیزم بەو پێیەی ئایدۆلۆژیای فەرمییە. هەروەها تۆڕێك لە پەیوەندییو بەرژەوەندیی هاوبەش لەگۆڕێدایە کە ئەو گرووپانە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە. جیاوازییەکە لەوەدایە ئەو گرووپانەو بڕێك لە پارتە سیاسییەکانو ڕێبەرانی دامەزراوەی سەربازیی پاشتر پەنادەبەنە بەر ئایینو هەستوسۆزە ئاینییەکان لەپێناو گەیشتن بە دەسەلات، یاخود شەرعییەتدان بە ڕێوشوێنە نێوخۆییو دەرەکییەکانیان، پاشتر رووبی دەکەینەوە. ئەو گرووپانە لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەمدا رووبەڕووی جوولانەوەی ئیسلامیی دەبنەوە کە هەوڵدەدات لەپێناو جەختکردنەوە لە شوناسی ئیسلامیی تورکیاو، زامنکردنی بەشداریی فراوانتر لەدەسەلاتی سیاسیداو، هەلی باشتر لەبواری ئابووریدا سەبارەت بە بەرژەوەندییە ئابووریپەکانی کەنار Periphery. بەلام هەوڵی لەمشێوەیەی ئیسلامییەکان ئاسان نەبوو بەهۆی پەرچەکرداری دژانە لەلایەن ئەو گرووپە دەسەلاتدارانەوە، لەپێشی هەموویانەوە دامەزراوەی سەربازیی تورکیی، کە مەزنە ژنەرالەکانی یاخود "گەورە ڕەبەنەکانی کەمالیزم"[٨٠] سوورن لەسەر بەردەوامیدان بە ئەرکی ئەو دامەزراوەیە بەوپێیەی "پاسەوانی دەستپاکی" کۆمارە سێکیۆلارو پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزمن.

پەراوێزەکانی دەروازە:

(١) ئەو مستەفا کوڕی عەلی رەزایە، لە شاری سالۆنیك لە سالّی ١٨٨١ لەدایکبووە، بابی فەرمانبەرێکی ئاسایی بووە لە فەرمانگەی گومرك. لەسالّی ١٨٩٣ چۆتە ئامادەیی سەربازیی، بەهۆی زیرەکییو کۆششەکانیەوە یەکێك لە مامۆستاکانی لەقەبی "کەمال"ی لێناوەو پاشتر بە مستەفا کەمال ناسراوە. سالّی ١٨٩٩ چۆتە کۆلێژی سەربازییو، لەپاش تەواوکردنی لە دیمەشقو ئەستەنبولّ خزمەتی کردووەو، بۆ ماوەیەکی دیارکراویش پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە، ئیتیحادو تەرەقی کۆمەڵەیەکی نهێنیی بوون لەسالّی ١٨٨٩ دامەزراوەو پەیوەندیی هەبووە بە ماسۆنیەتەوەو، لە ٢٣ی تەموزی ١٩٠٨ کۆدەتایان کرد بەسەر سولّتان عەبدولحەمیدی دووەمدا. بەشداریکردووە لە جەنگی عوسمانیی – ئیتالّیی لە لیبیا (١٩١١–١٩١٢)، هەروەها بۆتە نوێنەری سەربازیی لە بولگاریاو ئەلّمانیا. نێوی لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدل چۆتە نێو ناوانەوە لەجەنگی بەرگریی لە گەرووی دەردەنێل دژبە هێرشی کەشتیگەلی هاوپەیمانان لەسالّی ١٩١٥، هەروەها پلەی میرلوا (–عەمید)و مارشالی بەدەستهێناوە. هەمدیسان لە بەرەی قەفقاس خزمەتی کردووەو، پاشتریش لەسالّی ١٩١٧ لە ولاّتی شام خزمەتی کردووە. رێبەرایەتیی جوولاّنەوەی بەرگریی کردووە لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا (١٩١٩–١٩٢٢) لەو رێگەیەشەوە لە پارلەمانی ئەنکەرە (ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە) لەقەبی غازی (تێکۆشەر)و مارشالی بەدەستهێناوە، هەمان ئەنجومەنیش لە ١٩٣٤ لەقەبی ئەتاتورکی بەسەردا بڕیوە، واتە بابی تورکەکان. پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیای کردووە هەر لە دامەزرانی کۆمارەوە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ تا مردنی لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨. لە دیدگای لایەنگرانی سێکیۆلاریزمو

ناسیۆنالیزمی تورکیدا پاڵەوانێکی نیشتیمانییەو، دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخە، بەڵای نەیارو رەخنەگرانی سیاسەتەکانی، بە تایبەت نەیارانی سێکیۆلاریزمەوە، پێیانوایە لە بنەڕەتدا لە جولەکەکانی دۆنمەیە، یاخود تۆمەتباری دەکەن بەوەی پەیوەندیی هەبووە بە ماسۆنیەتەوە، یاخود تۆمەتباری دەکەن بەوەی پاتەخۆرێکی بەریتانیی بووە.

(٢) بڕوانە دەقی ئەو ماددانە لە،

ساطع الحصري ، البلاد العربية والدولة العثمانية ، ط٢ (بيروت – دار العلم للملايين – ١٩٦٠) ص ٢٥٧ .

(٣) بۆ نمونە بڕوانە بۆ،

أحمد السعيد سليمان، التيارات القومية والدينية في تركيا المعاصرة (القاهرة – دار المعرفة – د.ت) ص ٦١ " أحمد نوري النعيمي ، الحياة السياسية في تركيا الحديثة ١٩١٩–١٩٣٨ (بغداد – دار الحرية للطباعة – ١٩٩٠) ص ص ٧٥–٧٦ .

(٤) لقمان أ. محو ، الكورد وكوردستان : بيبلوغرافيا مختارة ومعرّفة ، ترجمة هفال (أربيل – مؤسسة اراس للطباعة – ٢٠٠٧) ص ١١٩ .

(٥) سەبارەت بە دەقی گوتارەکەی مستەفا کەمال لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا کە هەڕەشەیکرد بە شیمانەی سەربڕینی ئەوانەی کە دژایەتیی هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت دەکەن، بڕوانە، Kemal Atatürk , Nutuk 1919-1927 (Ankara – Turk Tarih Kurumu Basimevi – 1989) S. 459

مجموعة من الباحثين السوفييت ، تاريخ تركيا المعاصر ، ترجمة هاشم صالح التكريتي (السليمانية – مؤسسة حمدي للطباعة والنشر – ٢٠٠٧) ص ٧٧ .

(٦)Richard D. Robinson , The First Turkish Republic (Cambridge – Harvard University Press – 1963) P.78 .

(٧) مصطفى محمد ، الحركة الإسلامية الحديثة في تركيا (ألمانيا الغربية – ١٩٨٤) ص ٩٧ .

(٨) فيروز أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ترجمة سلمان داود الواسطي وحمدي حميد الدوري (بغداد – بيت الحكمة – ٢٠٠٠) ص ص ١٢٤–١٢٥ " مجموعة من الباحثين السوفييت ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٢ .

(٩) ئەو مستەفا عیسمەت کورِی رەشید بەگە، لە ساڵی ١٨٨٤ لە ئیزمیر لەدایکبووە لەخێزانێکی بە تۆرەمە کوردیی سەر بە شاری مەلاتیە. لە ساڵی ١٩٠٣ کۆلێژی سەربازیی لە ئەستەنبول تەواوکردووە. چۆتە پاڵ کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی‌و، بەشداربووە لە دامرکاندنەوەی ئەو دوو شۆڕشەی کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانیی لە رۆمللی‌و یەمەن هەڵگیرسان، هەمدیسان بەشداریکردووە لە جەنگەکانی باڵقان ١٩١٢–١٩١٣ لەبەری عوسمانیی– بولگاریی، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا لە زۆر بەرەدا بەشداربووە، لەنێویشیاندا بەرەی قۆقاز لەگەڵ مستەفا کەمالدا. شانبەشانی مستەفا کەمال بەردەوامبووە لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا نێوی لە هەردوو جەنگی ئینونو (کانونی دووەم – نیسانی ١٩٢١) دا دەرەوشاوەتەوە کە کشانی هێزە یۆنانییەکانی راگرت، بۆیە لەقەبی ئینونوی لەساڵی ١٩٢٤وە خراوەتە پاڵ‌و بۆتە عیسمەت ئینونو. لەپاش مستەفا کەمال (١٩٣٨–١٩٥٠) سەرۆکایەتیی کۆماریی گرتۆتەدەست، هەروەها لە ساڵانی (١٩٣٨–١٩٧٢) بۆتە رێبەری پارتی گەلی کۆماریی. پتر لە جارێك بۆته سەرۆك وەزیران، دواجاریان لە ١٩٦١–١٩٦٥، لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٧٣ مردووە.

(١٠) أحمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٥ . Atatürk , op.cit , p.529

(١١)Bernard Lewis , The Emergence of Modern Turkey (London – Oxford University Press – 1966) P. 255 . (١٢) أحمد سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٦ . Patrick Kinross , Ataturk : the Rebirth of a Nation (Istanbul – Remzi Kitabevi – 2004) PP. 378 – 381 .

(١٣)A. L. Macfie , Ataturk (London – Longman – 3rd impression – 1998) PP. 132 , 137. (١٤)

Ihsan Yilmaz , Muslim Laws , Politics and Society in Modern Nation State (England – Ashgate Puplishing Limited – 2005) p. 83 .

(١٥)Niyazi Berkes ,The Development of Secularism in Turkey (New York–Rout ledge – 1998) p. 368 .

(١٦) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئایدیاو بانگەوازو گەنگەشانەوە کە لە نێوان ئیسلامییەکانو ئەوانەی خولیای ناسیۆنالیزمی تورکییان هەلگرتبوو لەگەڵ هەوادارانی مۆدێرنە بڕوانە: Ibid , pp. 347-366 ; Paul Dumont , " The Origins of Kemalist Ideology " , in , Jacob M. Landau (ed.) , Atatürk and the Modernization of Turkey (Leiden – E.J. Brill – 1984) pp. 37-38 .

(١٧) Şerif Mardin , " Ideology and Religion in the Turkish Revolution " International Journal of Middle East Studies , Vol. 2 , No. 3 (July – 1971) P. 208 .

(١٨) Dumont , op. cit , p. 37 بەبڕوای ئێمە، ئەو بۆچوونە دەچێتە نێو ئەم خانەوە بەوەی پساندنی پەیوەندیی تورکیا بە ئیسلامەوەو، هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو، دەرکردنی لایەنگرانی خەلافەتی ئیسلامیی لە وڵاتو، گرتنەبەری یاسای مەدەنیی لەجیاتی یاسا کۆنەکە لەسەر شەریعەتی ئیسلامیی، قبوڵکردنی ئەو مەرجانە بوو کە لە لایەن لۆرد کرۆزنەوە سەپێنرا بەسەر مستەفا کەمالدا، کرۆزن وەزیری دەرەوە بەریتانیاو سەرۆکی شاندی بەریتانیا بوو بۆ کۆنگرەی لۆزان ١٩٢٢–١٩٢٣، بڕوانە: عبد القديم زلوم ، كيف هدمت الخلافه (د.م– د.ت) ص ١٨١ " محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ص ١٠٥–١٠٦ " إبراهيم الداقوقي ، صورة الأتراك لدى العرب (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ٢٠٠١) ص ٦٩ .

(١٩)Dragoş C. Mateescu , " Kemalism in the Eara of Totalitarianism: A Conceptual Analysis " , Turkish Studies , vol. 7 , No. 2 , June 2006 , p. 225 .

(٢٠) سەبارەت بە ڕاڤەی نێوەرۆکی ئەو پرنسیپانە لە پێڕەوو پرۆگرامی پارتی گەلی کۆماریدا، بڕوانە:

محمد عزة دروزة ، تركيا الحديثة (بيروت – دار الكشاف – ١٩٤٦) ص ص ١٧٤–١٧٦ " بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی برنسیپو بنچینەکانی کەمالیزم بڕوانە: Dumont , op. cit , PP. 25-44 .

(٢١) لێرەدا بە پێچەوانەی ئەوەی فەیروز ئەحمەد باسیکردووە کە پرنسیپی جمهوريەتو ناسیۆنالیزم هەموان تەبەنییان کردووە "جگە لە کۆنەپەرستەکان ئەوانەی تا ئێستاش تامەزرۆی گەڕانەوەی بنەچەی عوسمانییو سوڵتانەکانن"، هەروەها بەوەی پرنسیپی سێکیۆلاریزم لە لایەن هەموانەوە بە نزیکیی قبوڵ کرابێت (بڕوانە، احمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٤٦–١٤٧)، بۆچوونەکەی فەیروز لەگەڵ

رووداوەکانی تورکیا لەسەردەمی مستەفا کەمالدا پێکدژە، تەنانەت بە ئێستاشەوە لە دژایەتیکردنی پرنسیپی سێکیۆلاریزم کە خۆی لە پارتو رێکخراوە ئیسلامییەکاندا دەبینێتەوە لە تورکیا، هەروەها دژایەتیکردنی پرنسیپی ناسیۆنالیزم (بە تێگەیشتنی کەمالیی بۆ چەمکەکە) لە لایەن کوردەوە کە ١٠–٢٠٪ی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن، ئەوانەی هەر لە سەرەتای قۆناغی کۆماری تورکیادا چەندین جوولانەوەی چەکداریان بەرپاکرد، وێڕای خەباتو بەرخودانی سیاسییان لەپێناو داننان بە شوناسی تایبەتی کوردییدا.

(٢٢)Cemal Karakas , Turkey : Islam and Laicism between the Interest of the State , Politics and Society (Frankfurt – Peace Research Institute , Report No.78 – 2007) p.9 .

(٢٣) M. Hakan Yavuz , " Towards an Islamic Liberalism ? : The Nurcu Movement and Fethullah Gülen ". The Middle East Journal , vol. 53 , No. 4 (Autumn – 1999) pp. 584-585

(٢٤). دوو چەمك هەیە لەبەرامبەر چەمکی سێکیۆلاریزم ئەوانیش " Secularism " و " Laicite "، یەکەمیان وەرگیراوە لە وشەی لاتینیی Saeculum کە لە رووی زمانەوانییەوە واتە سەردەم – age یاخود نەوەیەك لە خەڵك – generation، پاشتر واتایەکی تایبەتی وەرگرت لە لاتینیی کلێسادا کە ئاماژەیە بۆ جیهانی زەمەنیی جیا لە جیهانی رۆحیی، بەگشتیی ئەم چەمکە لە ولاتە پرۆتستانتییەکاندا بەکاردێت، هەرچی ولاتە کاتۆلیکییەکانە چەمکی دووەم بەکاردێنن، کە لە دوو وشەی یۆنانییەوە وەرگیراوە ئەوانیش laos واتە خەڵك، لەگەڵ Laikos واتە رەشە خەڵك جیا لە ئەکلیرۆس، واتە پیاوانی ئاینیی، لەو ولاتانەدا بە مانای سەرکوتکردنی دەسەلاتی پیاوانی ئاینیی دێت لە دەوڵەتدا. بۆ

زانیـاری زیـاتر لـەبارەی نێـوەرۆکی ئـەو دوو چـەمکەوەو تایبەتمەندییـەکانیان لـە جێبەجێکردندا بڕوانە:

عزيز العظمة ، العلمانية من منظور مختلف (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ١٩٩٢) ص ص ١٨–١٩ " النعيمى ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ص ١٣٨–١٥٣ "

Karakas , op. cit , PP. 6-8 ; Taha Parla & Andrew Davison , " Secularism and Laicisim in Turkey " . in , Janet R. Jakobsen & Ann Bellegrini (eds.) , Religion (U.S.A – Duke University Press – 2008) PP. 59-61 .

(٢٥) بڕوانە دەقی راقەکە لە ، دروزە ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٧٥ " أحمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٤٧ .

(٢٦)Ihsan Yilmaz , " Secular Law and the Emergence of Unofficial Turkish Islamic Law " , The Middle East Journal , Vol. 56 , No. 1 , (Winter – 2002) P. 117 .

(٢٧) Pinnaz Toprak , Islam and Political Development in Turkey (Leiden – E.J. Brill – 1981) P. 38.

(٢٨)Lewis , op. cit , pp. 258-259 ; Kinross , op. cit , p. 385 .

(٢٩) مێژوونووسان لـەبارەی راستودروستیی دەستلەکارکێشانەوەی (المتوكل على الله)، دوا خەلیفـەی بـەنی عـەببـاس لـە قـاهیرە، لـە خەلافـەت بـۆ سـولّتانی عوسمـانیی سـەلیمی یەکـەم (١٥١٢–١٥٢٠) لـەپاش گـرتنی شـامو میسـر لـە هـەردوو سـاڵی ١٥١٦–١٥١٧. لـەپاڵ نەبوونی بەڵگەی روون کە پاڵپشتیی بکات لەو دەستلەکارکێشانەوەیە، ئەوەی مایـەی تێڕامانـە کوڕەکـەی سـەلیمو جێنشـینی سـولّتان سـلێمانی قـانونی (١٥٢٠–١٥٦٦) بانگەشەی بۆ "خەلافەتی عوزمـا" دەکـردو لەقـەبی جێنشـینی مسـولّمانانی لـەخۆنا،

دەیویست جەخت لە بالأبوونی خۆی بکاتەوە لەسەر باقی فەرمانڕەوا ئیسلامییەکانی ترو پاریّزگاریکردنی ئەو لە ئیسلام. لەپاش دوو سەدە باس لە سولّتانی عوسمانیی دەکریّت وەك "خەلیفە" لە پەیماننامەی کۆچك کینارچی نیّوان دەولّەتی عوسمانییو روسیای قەیسەریی لەسالّی ١٧٧٤. سولّتانەکانی تری پاشتریش سووربوون لەسەر شەرعییەتی خۆیان وەك "خەلیفە" کە دەسەلاّتی رۆحییان هەیە بەسەر گشت مسولّمانانداو، هەولّیان دەدا رەواج بەو بیرۆکەیە بدەن، بەتایبەت سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦–١٩٠٩). بڕوانە:

خليل اينالجيك ، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى الانحدار ، ترجمة محمد م. الأرناؤوط (بيروت – دار المدار الإسلامي – ٢٠٠٢) ص٩٢ " دونالد كواترت ، الدولة العثمانية ١٧٠٠–١٩٢٢ ، تعريب أيمن الأرمنازي (الرياض – مكتبة العبيكان –٢٠٠٤) ص ٩٣ " بۆ مشتومڕێکی تێروتەسەلو بابەتیی لەبارەی پرسی دەستلەکارکێشانەوەی لە خەلافەتی عوسمانیی بۆ سولّتانی عوسمانیی سەلیمی یەکەم بڕوانە:

جاسم محمد حسن العدول ، الدولة العثمانية إبان حكم السلطان سليم الأول ١٥١٢–١٥٢٠ ، أطروحة دكتوراه – كلية التربية – جامعة الموصل – ٢٠٠٤ ، ص ص ٢٨٣–٢٩٦ .

(٣٠)Stanford J. Shaw & Ezel K. Shaw , History of the Ottoman Empire and Modern Turkey , vol. 2 (Cambridge – Cambridge University Press – 1977) P. 348 ; Ahmet Mumcu , Tarih Açisindan Türk Devriminin Temeleri ve Gelişimi , 8. Baski (Istanbul – Inkilap ve AKA Kitabevleri – 1983) pp. 136-137 .

(٣١) دروزه ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٢ " محمد نور الدين ، تركيا : الجمهورية الحائرة ، مقاربات في الدين والسياسة والعلاقات الخارجية (بيروت – مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق – ١٩٩٨) ص ص ١٥١ ، ١٦٠ " Parla & Davison , op. cit , P. 65

(٣٢)Soon-Yong Pok , " Cultural Politics and Vocational Religious Education : The Case of Turkey " Comparative Education , vol. 40 , No. 3 , August – 2004 , P. 326 .

(٣٣)Metin Heper , " Political Modernization as Reflected in Bureaucratic change : The Turkish Bureaucracy and Historical Bureaucratic Empire " Tradition " . International Journal of Middle East Studies , Vol. 7 , No.4 , (October – 1976) P. 512 .

(٣٤) وليد رضوان ، تركيا بين العلمانية والإسلام في القرن العشرين (بيروت – شركة المطبوعات للتوزيع والنشر – ٢٠٠٦) ص ٥٠ .

(٣٥) دروزه ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٦–٧٧ " رضا هلال ، السيف والهلال : تركيا من أتاتورك إلى أربكان (القاهرة – دار الشروق – ١٩٩٩) ص ص ٧٠–٧١ .

(٣٦) خانمە كۆلّەر دۆرا نادۆلسكی بۆچوونێكی هەیە پوختەكەی ئەمەیە چەمكی سێكیۆلاریزەكردن لێرەدا بەكاردەهێنرێت بۆ وەسفكردنی پرۆسەیەكی گۆڕان كە بە یاسای مەدەنیی ئیسلامییدا هات لەنێوان سالأنی ١٤٥١–١٩٢٦، ئەو ئاماژە دەدات بەو رێوشوێنانەی كە بوون بە مایەی پاككردنەوەی پلە بە پلە یاخود گۆڕانكاریی لە یاسا ئیسلامییە عوسمانییەكاندا هەر لە سەرەتای دەسەلأتی سولّتان موحەممەد ئەلفاتیح (١٤٥١–١٤٨١). ئەو رێوشوێنانە بریتی بوون لە" ١) ئەو یاسایانەی كە

موحەممەد ئەلفاتیح بەنێوی "قانوننامە" دەریکرد. ٢) ریفۆرمەکانی سەدەی نۆزدەو دانانی یاسای مەدەنیی ئیسلامیی بە دەرکردنی گۆڤاری "الاحکام العدلیە" لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا. ٣) هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جیاوکە بیانییەکان Capitulations. ٤) تەبەنیکردنی یاسای مەدەنیی سویسریی لە تورکیا لەساڵی ١٩٢٦، لەسەر ئەم بنەمایە نادۆلسکی پێیوایە تەبەنیکردنی یاسای مەدەنیی سویسریی "گۆڕانێکی شۆڕشگێڕیی" نەبوو بەڵکو قۆناغی کۆتایی بوو لەو گەشەسەندنەی کە لە قانوننامەکەی موحەممەد ئەلفاتیحەوە دەستیپێکرد. بۆچوونەکەی کۆڵەر قابیلی مشتومڕە چونکە هەرچی لە "قانوننامە"دا هاتووەو، سوڵتانەکانی پاش ئەلفاتیح، زیادکردنێك بوو بۆ شەریعەتی ئیسلامیی نەوەك ئەڵتەرناتیڤێك لەبریی ئەو هەمدیسان تایبەتمەند بوو بە یاسای گشتییو یاسای ئیداریی. هەرچی گۆڕانکارییەکانی پاشترە لە سەدەی نۆزدەدا کە خۆی لە دەرکردنی گۆڤاری "الاحکام العدلیە"دا دەبینێتەوە بریتییە لە چارەسەرکردنی چەندین بابەت لەسەر ئاستی مامەڵە ئابووریەکان لە سەروەختی گرێدانی ئابووریی عوسمانیی بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانییەوەو، دامەزراندنی بانکی بیانیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا... هتد. حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامیش وەك چوارچێوەیەکی گشتیی مایەوە. بەڵام شوێنگرتنەوەی یاسای مەدەنیی سویسریی لەبریی یاسای مەدەنیی ئیسلامیی دەرچوون بوو لەهەموو ئەوانەی پێش خۆی‌و، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی بەرنامەبۆداڕێژراودا هاتەپێشێ لەپێناو پچڕاندنی یاساکانی دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ‌و لەنێوان ئیسلامدا، هەمدیسان پێکدژ بوو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی تورکیا. لەبارەی بۆچوونەکەی نادۆلسکییەوە بڕوانە"

Dora G. Nadolski , " Ottoman & Secular Civil Law " . International Journal of Middle East Studies , Vol. 8 , No. 4 , (October – 1977) PP. 517-518 , 528 .

(٣٧)Toprak , op. cit , PP. 52-55 ; Mumcu , op.cit , pp . 148-150 ; Yilmaz , Muslim Laws … , PP. 97-99 .

(٣٨) هلال ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٣ " Toprak , op. cit , PP. 52-53

(٣٩)Yilmaz , Muslim Laws , P. 93 .

(٤٠)Yilmaz , Secular Law … , P. 118 .

(٤١)Ibid , PP. 118-119 .

(٤٢)Report N. Bellah , " Religious Aspects of Modernization in Turkey and Japan ". The American Journal of Sociology , Vol. 64 , No. 1 , (July – 1958) P. 3 .

(٤٣)Yilmaz , Secular Law … , P. 119 .

(٤٤)Lewis , op. cit , P. 406 .

(٤٥) دروزە ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٩ ، ٧٨–٧٩ ، ٨٦ " سلیمان ، سەرچاوەی پێشوو ،لا ٦٤ .

(٤٦) . Shaw & Shaw , op. cit , P. 386 شایەنی باسە لەقەبی ئەتاتورك شوێنی لەقەبی "غازی"ی گرتەوە، واتە تێکۆشەر/المجاهد، کە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە لە سەروبەندی جەنگی سەربەخۆییدا لە مستەفا کەمالی وەرگرتەوە، تا دەرچوونی یاسای لەقەبە نوێکان لەساڵی ١٩٣٤ بەو لەقەبەوە نێودەبرا. بڕوانە"

أحمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٤٧ .

(٤٧) دروزه ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٣–٨٤ .

(٤٨) هەمان سەرچاوە ، ص ١٢٠ " . Robinson , op. cit , PP. 85-86

(٤٩) Resat Kasaba , " Kemalist Certainties and Modern Ambiguities ". in, Sibel Bozdoğan & Resat Kasaba (eds.) , Rethinking Modernity and National Identity in Turkey (Washington – Washington University Press – 1997) P. 29

(٥٠). Kinross , op. cit , PP. 465-467 ، پێویستە ئاماژە بدەین بە کۆمێنتێکی نێوەرۆکدار لەسەر پاشهاتەکانی سیاسەتی فەرهەنگیی‌و ناسیۆنالیستیی کەمالیزم لەلایەن بەناز تۆبراقەوە Binnaz Toprak تێیدا هاتووە "داخستنی دەرگا بەڕووی کەلتوری فەرهەنگی ئیسلامیی – عوسمانیی نەتەوەیەکی لە لەبیرچووان forgetters " دروستکرد"وەرگیراوە لە، Banu Helvacioğlu , " ' Allahu Ekber ' , We are Turks : yearning for a different homecoming at the periphery of Europe " , Third World Quarterly , Vol. 17 , No. 3 , (September – 1996) P. 505 .

(٥١)Kasaba , op. cit , P. 25 ; Omar Taspinar , Kurdish Nationalism and Political Islam in Turkey : Kemalist Identity in Transition (New York – Routledge – 2005) P.30.

(٥٢)Lewis , op. cit , PP. 408-410 ; Taspinar , op. cit , P. 30 ; Karakas , op. cit , P. 10 .

(٥٣)Lewis , op. cit , P. 409 .

(٥٤) سلیمان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٣ " Atatürk , A.G. E , SS. 474-475 .

(٥٥) سەبارەت بەو گۆڕانکارییە دەستوورییانە بڕوانە، دروزە ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٢ " سلیمان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٨ . Mumcu , op.cit , p. 139

(٥٦) مجموعه من الباحثين السوفييت ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٧ .

(٥٧) لەوانە، بۆ نمونە ژەنەرالێ کازم قەرە بەکر، رەئوف ئۆرپای، ژەنەرالێ عەلی فوئاد چسبوی، ژەنەرالێ رەفعەت بلەو ئەوانی تر. بڕێک لەوانە وەک رەئوف ئۆرپایو رەفعەت بلە بەدەمیی بە مستەفا کەمالیان گوت، پێش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانیی لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، کە لایەنگری خەلافەتی عوسمانینو، هیچ جۆرە شکڵێکی تر ناکرێت هەبێت جگە لە خەلافەت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، أحمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٣١–١٣٢ " Atatürk , op.cit , p. 455

(٥٨) Ramazan Buyrukçu , Din Görevlisinin Mesleğini Temsil Gücü (Ankara –Türkiye Diyanet Vakfi – 1995) pp. 36-37 .

شایەنی باسکردنە هیچ رۆڵێک نەمایەوە بۆ موفتی لە بواری دەرکردنی فەتوادا وەک پێشتر، بەڵکو کارەکانیان قارسکراو هاتەسەر راگەیاندنی کاتی بۆنەکانو بۆنە ئاینییەکان (جەژنو مانگی رەمەزان)، لەسەر بنەمای روانینی شەرعیی بۆ مانگ. بڕوانە، Berkes , op. cit , P. 485 .

(٥٩)Taspinar , op. cit , P. 30 ; Parla & Davison , op. cit , P. 66 (٦٠)Berkes , op. cit , P. 485 .

(٦١) وەرگیراوە لە ، Buyrukcu , op.cit , p. 36 .

(٦٢)Yilmaz , Muslim Laws … , P. 101 .

(٦٣)Karakas , op. cit , P. 3 .

(٦٤) بڕوانەو بەراورد بکە، Taspinar , op. cit , PP. 31-32 ; Kasaba , op. cit , P. 24 ; Nilüfer Göle , " Secularism and Islamism in

Turkey : The Making of Elites and Counter – Elites ." The Middle East Journal , vol. 51 , No. 1 , (Winter – 1997) P. 49 ; Soner Cağaptay , Secularism and Foreign Policy in Turkey (The Washington Institute for Near East Policy – Policy Focus No. 67 , April – 2007) PP. 7-8 .

(٦٥)Taspinar , op. cit , P. 34 .

(٦٦)Cağaptay , op. cit , P. 8 .

(٦٧)Taspinar , op. cit , PP. 34-35 .

(٦٨)Mardin , op. cit , PP. 198-199 .

(٦٩)Erik J. Zurcher , " The Ottoman Legacy of the Turkish Republic : An Attempt at a new Periodization ." Die Welt Des Islams , New Series , Bd. 32 , Nr. 2 , (1992) P.243

(٧٠)Ibid , P. 250 .

(٧١)Angel Rabasa & Stephen Larrabee , The Rise of Political Islam in Turkey (Santa Monica – Rand Corporation – 2008) P. 32

(٧٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پالّنەرەکانو سروشتی راپەڕینە کوردییەکەی تورکیا لە سالّی ١٩٢٥ بڕوانە" کمال مظهر أحمد ، انتفاضة ١٩٢٥ فی کردستان ترکیا (بیروت – منشورات رابطة کاوا للثقافة الکردیة – د.ت) ص ص ٧٥–١٢٣ " خلیل علی مراد ، " القضیة الکردیة فی ترکیا ١٩١٩–١٩٢٥ ." فی ، خلیل علی مراد وێخرون . القضیة الکردیة فی ترکیا وتأثیرها علی دول الجوار (الموصل – جامعة الموصل – مرکز الدراسات الترکیة – ١٩٩٥) ص ص ٢٧–٢٩ .

(٧٣) Serif Mardin . " Center – Periphery Relations : A Key to Turkish Politics ." Daedalus , vol. 102 , No. 1 , Post – Traditional Societies (Winter – 1973) P. 182 .

بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پارتی تەرەقی کۆماریی بڕوانە، سلیمان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٠–٧٢ " النعیمی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٠١–٢٠٨ " , Kinross op. cit , PP. 393-396

(٧٤) Zurcher , op. cit , P. 238 .

(٧٥) تەنانەت ئەو نێوچانەش خاڵی نەبوون لە ئاماژەکانی رەتکردنەوەی سێکیۆلاریزم، لەنێویشیاندا رووداوی شارەدێی مینمین لە نزیك ئیزمیر لە ڕۆژئاوای تورکیا، لە ساڵی ١٩٣٠ وەختێك کۆمەڵێك بە ڕێبەرایەتیی دەرویشێکی نەقشبەندیی بەنێوی موحەممەد لەپاش نوێژی بەیانی رژانە نێو مەیدانی شارەکە ئەوان داوای سەرلەنوێ گێڕانەوەی شەریعەتی ئیسلامییو خەلافەتیان دەکرد. ئیدی ئەفسەرێکی یەدەك بەنێوی قوبلای لە هێزی ژاندارم ڕەوانەکرا، کە خەڵکی زۆر رقیان لێی دەبۆوە بەو پێیەی باڵی دەوڵەتی قوول/الدوله العمیقە بوو بۆ چارەکردنی رووداوەکە بەڵام دەستوبرد قۆڵبەستکرا، پاشتر سەری پەڕێنراو بەنێو شاردا هێنایانو بردیان. هەرچەند دەوڵەت توانی گورجو ئاسان رووداوەکە دامرکێنێتەوە، بەڵام شۆکێکی گەورە بوو بۆ دەسەڵات، چونکە لەنێوچەیەکی پاشکەوتووی ئەنادۆڵدا ڕووینەدا بەڵکو لە یەکێك لە مەڵبەندە پێشکەوتووەکانی تورکیا قەوما، مستەفا کەمال ئەمەی بە عەیبەیەکی گەورە لەقەڵەمدا بۆ کۆماریی و نەتەوەییەکان. رووداوەکە ئاماژەیەك بوو بۆ بەردەوامبوونی چالاکیی ئیسلامی میللیی کە خۆی دەبینییەوە لە دەرویش و شێخەکان. بڕوانە:

أحمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٣٩ " . Lewis , op. cit , PP. 410-411

(٧٦)Mardin , Center – Periphery … , P. 208 .

(٧٧) Ibid , P. 182 .

(٧٨)Jeremy Salt , " Nationalism and the Rise of Muslim Sentiment in Turkey ." Middle Eastern Studies , Vol. 31 , No. 1 , (January – 1995) P. 14 .

(٧٩)M. Hakan Yavuz , " Political Islam and the Welfare (Refah) Party in Turkey ." Comparative Politics , Vol. 3 , No. 1 , (October – 1997) P. 64 .

یاوز لە کۆڵینەوەکەیدا پشتی بەستووە بە گوتەیەکی تانسۆ چیللەر، سەرۆکی پارتی ڕێگەی ڕاست، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ساڵی ١٩٩٥ "ئێمەی سێکیۆلار بەربەستو قۆرتی سەرەکین لەبەردەم ئیسلامییەکاندا"، لەبەرامبەریشدا لە خۆپیشاندێکی گەورەدا لە ئەستەنبوڵ لە ١٠ی نیسانی ١٩٩٤ خۆپیشاندەران هوتافیان دەکێشا وەك پشتیوانییەك لە مسوڵمانانی بۆسنە دەیانگوت "مسوڵمانان لێرەن ئەی سێکیۆلارەکان لە کوێن".

(٨٠) ئەم وەسفە وەرگیراوە لە، Erig Margolis , " Turkeys Generals Warm Up their Thanks ." The Wisdom fund , release date www.twf.org/News/Y1997/Generals.html , June 2 , 1997.

بەشی یەکەم

پاسەوانانی کەمالیزم

مێژووی تورکیا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەڵکشانی دەستێوەردانی سوپای لە سیاسەتدا بەخۆوەبینی، ئەمەش لەهەر چوار کۆدەتا سەربازییەکەدا دەرەکەوێت کە لەسالأنی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ١٩٩٧ رووياندا. ئەو کۆدەتايانە گومانگەلێکی لەبارەی "دیموکراسیەت"ی تورکیی هێنایەئاراوە، بەپێی گوتەی رۆژنامەنووسی بەدیمەنی تورکیی ئەحمەد ئالتان سوپای تورکیا بەربەستوقۆرتە لەبەردەم وەرچەرخانی تورکیا بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراسیی، پتر لەمەش بە پێی گوتەی ئالتان سوپا هێزی بالأدەستە بەسەر سیستەمی سیاسیی لەوالأتدا. زۆربەی دەوڵەتانی جیهان سوپایان هەیە، بەلأم لە تورکیا سوپا دەوڵەتی بەدەستەوەیە[١]. هەر لەمبارەیەوە کۆڵەرێکی تر پێیوایە "سوپای تورکیا وادەرناکەوێت لە خزمەت نەتەوەدا بێت، وا دەرەکەوێت کە جڵەوی دەسەلأتی لەدەستدایە، بگرە بەنزیکیی بەشێوەیەکی نامۆ ویستی خۆی دەسەپێنێت"[٢].

لەواقیعدا ئەو گۆڕانکارییانەی کە تورکیا بەخۆوەی بینی لە یەکەم کۆدەتای سەربازییەوە لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ ئەوە دەردەخات کە سوپا خاوەنی گوتەی بالأیە لەزۆربەی پرسە سیاسییو نێوخۆییو دەرەکییەکاندا و، سیاسەت لەم ولأتەدا لە ژێر چاودێریی سوپادایە کە لەپشت پەردەوە سازو ئامادەیە بۆ دەستێوەردان هەر وەختێك پێیوابێ "پێویستە". لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە سوپای تورکیا تیشك دەخاتە سەر دوو پرس لە پرسەکانی سیاسەتی نێوخۆیی، کە نێوەڕۆکی خۆی هەیە بە نیسبەت پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە، ئەوانیش، پرسی یەکەم جوولأنەوەی چەکداریی بە رێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان

PKK لە ساڵی ١٩٨٤وە، پرسی دووەمیش جوولانەوەی ئیسلامیی کە هاوکات رۆڵی کاریگەری لەسیاسەتی تورکیدا دەرکەوت.

کۆڵینەوە لە هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بە جوولانەوەی ئیسلامیی پێویستی بە روونکردنەوەی: یەکەم پێگەی سوپایە لە ستراکتۆری دەسەلاتدا لە تورکیا، دووەمیش ئەو فاکتەرانەی کە رۆڵی سوپایان کێشاوە بەو سیفەتەی پاسەوانی بیروباوەڕی ئەتاتورکیزمە، وەك دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەکانی هەڵوێستێکی لەمشێوەیە.

پێگەی سوپا لە ستراکتۆری دەسەلاتدا:

دەگونجێت بڵێین، لەرووی تێڕوانینی مێژووییەوە، رۆڵی سوپا لەسیاسەتداو، پێگەی گرنگی لە ستراکتۆری دەسەلاتدا لە تورکیا دیاردەیەکی نوێ نییە، هەر لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە سوپا، بەتایبەتی یەکەکانی ئینکشاریی کە هێزە بژاردەکان/قوات النخبە یان پێکدەهێنا لەنێو سوپادا، هەروەها بیرۆکراسیەتو زانایان (دەستەی ئاینیی) سێ کۆڵەکە بوون کە سیستەمی سیاسییو کۆمەڵایەتیی سوونەتیی لەسەری وەستابوونەوە[٣]، سوپا رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لەسەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانییو بەرفراوانبوونیدا، دیسانەوە ئامرازێك بوو بەدەستی دەوڵەتەوە لەهەوڵەکانیدا بۆ حوکمکردنی دانیشتوانە هاوشێوەکان لەرووی کۆمەڵایەتییو ئیتنییەوەو، ملکەچکردنی گرووپە نێوخۆییەکان. دیسانەوە پێگەی بژاردەیی سوپا لەرێگەی ئەو بیرۆکەوە بنج دادەکوتێت کە سوپا فەزیلەتی بالای دەوڵەتەو، دەوڵەتیش یەکسانە بە کۆمەڵگەو شوناسە فەرهەنگییو ئاینییەکەی[٤].

لەگەڵ دەستپێکردنی فاکتەرەکانی لەقبوونو داوەشانی دەوڵەتی عوسمانیی لە ئاخروئۆخری سەدەی شانزەدا، رێکخستنو سیستەم لەسوپای ئینکیشاریدا کەلێنی تێکەوت کە دەستیکرد بە دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیدا بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەمەش خۆی لە تەگبیرکردنیان دەبینێتەوە بۆ پیلانو یاخیبوونیان لەدژی دەسەلآت لە چەندین بۆنەدا، زۆرجارانیش خۆی بینیوەتەوە لە لابردنو کوشتنی سولّتانەکان یاخود سەدرە ئەعزەمەکان (سەرۆك کابینەکان)[٥]. لەهەمان کاتیشدا ئینکیشارییەکان وەرچەرخاون بۆ هێزێك کە پارێزگاریی‌و بەرگریی دەکات لە هەلومەرجی وەخت، بە پالّپشتیی برێك لە زانایان لە دژی هەوڵەکانی مۆدێرنەی سەربازیی کە لە سەدەی هەژدەوە دەستیپێکرد، بەتایبەت هەوڵو هەڵپەی سولّتان سەلیمی سێیەم (١٧٨٩–١٨٠٧) لە پێناو بنیاتنانی سوپایەکی نوێ، ئینکیشارییەکان درکیان بەوە کرد کە هەڕەشەیە بۆ سەر نێوەندی خۆیانو سەرەتایەکە بۆ ئاوکردنە ژێریان، بۆ لابردنی ئەو بەربەست و قۆرتە لەبەردەم نوێکردنەوەی سوپای عوسمانیی، سولّتان مەحموودی دووەم (١٨٠٨–١٨٣٩) لەساڵی ١٨٢٦ فەرمانیکرد بە پاکتاوکردنی رێبەرانی سوپای ئینکیشاریی‌و، پەرەوازەکردنی ئەندامەکانی. بەمێیەش زەمینە خۆشکرا بۆ دەستکردن بە ریفۆرمی سەربازیی لەسەدەی نۆزدەدا، کە سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سوپای عوسمانیی‌و، گرنگیدان بە پڕچەککردنی‌و، گەشەپێدانی توانای ئەندامەکانی لەرێگەی پشتبەستن بە نێردەی مەشقی رۆژئاوایی لەخۆدەگرت، یاخود ناردنی نێردەکان بۆ رۆژئاوا بەئامانجی مەشقو راهێنانو فێربوونی زانستە سەربازییەکان. لە دەرەنجامەکانی ئەمەش

بڕێك له ئەفسەرانی سوپای عوسمانیی کەوتنە ژێر کاریگەریی بیروبۆچونە ریفۆرمخوازییە لیبرالّییەکان‌و، دەرکەوتنی گرووپ و کۆمەڵەی نهێنیی لەنێو سوپادا[٦]، ئەمەش زەمینە خۆشکەربوو بۆ گەڕانەوەی سوپاو سەرلەنوێ دەستێوەردان لە سیاسەتدا، لە نموونە دیارەکانی ئەمەش کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٠٨ بوو کە بوو بە هۆی سەرلەنوێ کارکردنەوە بە دەستووری عوسمانیی ساڵی ١٨٧٦و، پاشتریش تڕۆکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە نیسانی ١٩٠٩دا.

بەشێنەییو بەشێوەیەکی بەردەوام سوپا دەچووە نێو سیاسەتەوە لەپاش کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٠٨، ئەمەش بوو بە هۆی شکستە تراژیدییەکانی عوسمانییەکان لەجەنگی باڵقاندا ١٩١٢–١٩١٣و، سێ لە رێبەرانی پارتی ئیتیحادو تەرەتی جڵەوی دەسەلاتیان گرتەدەست، ئەوانیش ، ئەنوەر پاشاو جەمال پاشاو تەڵعەت پاشا، پاشتریش چوونی دەوڵەتی عوسمانیی بۆ نێو جەنگی یەکەمی جیهانیی کە بووە هۆی کۆتایی هاتنی بەیەکجاریی[٧].

دامەزرێنەری کۆماری تورکیا مستەفا کەمال پاشا هاوزەمانی ئەو رووداوانەی پێشوو بوو، بۆ ماوەیەك ئەندامی پارتی ئیتیحادو تەرەقی بوو. لە ماوەی دەسەلاتی ئیتحادییەکاندا وانەیەکی گرنگ فێر بوو. بۆیەشە بەربەست و کۆسپ دانرا لەبەردەم دەسوەردانی راستەوخۆی ئەفسەرە بزۆزەکان لە ژیانی سیاسیی رۆژانەدا، بەمەش دەیویست سوپا بپارێزێت لەو مەترسییانەی کە ئەو سەرکێشیانە دەیهێننە ئاراوە[٨]، مستەفا کەمال هەر زوو گوزارشتیکرد لە هەڵوێستی دژانەی دەستێوەردانی سوپا لە سیاسەتدا، وەختێك ئامادەی کۆنگرەی سالانەی پارتی ئیتحادو تەرەقی بوو لە شاری سالۆنیك لە هاوینی ١٩٠٩ بەو پێیەی نوێنەری لقی پارتەکە

بوو له تەرابلوسی (لیبیا). لەو کۆبوونەوەدا باسی لەوەکرد کە پارێزگاریکردن لە دەوڵەتی عوسمانییو دەستوور پێویستی بە پارتێکی سەربازیی نییە، بەڵکو پێویستی بە سوپایەکی بەهێزە لەلایەکو، هەروەها پێویستی بە پارتێکی بەهێزیش هەیە لەلایەکی ترەوە، بەم شێوەیە روونیکردۆتەوە "ئەو سەربازەی هەوڵدەدات خزمەتی دوو سەرکردە بکات، دەبێتە سەربازێکی خراپ و سیاسەتوانێکی خراپ"[٩]، لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا مستەفا کەمال دەستی لە پارتەکە کێشایەوە[١٠].

لەپاش ئەوەی مستەفا کەمال گەیشتە بەندەری سامسۆن لە ١٩ی ئایاری ١٩١٩و، بوونی ئەو بە رێبەری جوولانەوەی بەرگریی لەوێ لە ٨ی تەممووزی هەمان ساڵ دەستی لە سوپا کێشایەوە لەپاش ئەوەی سوڵتان وەحیدوددین فەرمانیکرد بەلابردنی لەپۆستەکەی وەک پشکنەر لە سوپای نۆدا، بەهەرحاڵ، مستەفا کەمال دوودڵ نەبوو لەبەکارهێنانی یەکەکانی سوپا لە ئەنادۆڵ لەبەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی بیانیی، بەڵام تا ئابی ساڵی ١٩٢١ لەقەبی فەرماندەی گشتیی وەرنەگرت لەسەروبەندی روویەڕووبوونەوەی بەرەوپێشچوونی یۆنانیی بەرەو قوولایی ئەنادۆڵ. لە١٩ی ئەیلوڵی ١٩٢١ لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانیی گەورەوە پلەی موشیر (مارشاڵ)ی پێبەخشراو بە "غازی" نێوبرا لەپاش سەرکەوتنی بەسەر سوپای یۆنانیدا لەجەنگی سەقاریە[١١].

هەروەها لەسەروبەندی جەنگی سەربەخۆییدا، بە پێچەوانەی نەریتی عوسمانیی کە سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانی کردبوو بە وەزیری بەرگریی، مستەفا کەمال سووربوو لەسەر ئەوەی سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان پێویستە سەر بە کابینەی حکومەت بێت. لە ٢٥ی نیسانی

١٩٢٠ ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە ڕەزامەندیی نیشاندا لەسەر داوایەکی مستەفا کەمال کە عەمید عسیمەت پاشا ببێتە سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان بەوەکالەت، لەگەڵ هەر شەش نوێنەرەکە کە هەڵبژێردران بۆ کارکرن وەك وەزیر تا ئەوکاتەی کابینەی حکومەت بەتەواویی پێکدێت، بە پشتبەستن بەمەش یاسای ژمارە (٣) لە ٢ی ئایاری ١٩٢٠دەرچوو تێیدا هاتووە کە پۆستی سەرۆکی گشتیی ئەرکان نێوەندێکی نیزامییە لەچوارچێوەی حکومەتدا[١٢]. وێڕای ئەمەش بوارەکە کراوە بوو لەبەردەم میلتاریستەکاندا بۆ خۆپالاوتن بۆ ئەندامێتیی لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا.

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی سەربەخۆیی مستەفا کەمال سووربوو لەسەر ئەوەی سوپا دوورە پەرێزبێت لە سیاسەت، هەنگاوی یەکەمیش بەم ئاڕاستەیەدا ئەو یاسایە بوو کە ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەورە لە ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٢٣دا بڕیاری لێداو ئەوەی بە مەرج گرتبوو کە میلیتاریستەکان دەبێت پێچوونیان بۆ پارلەمان واز لە پۆستە سەربازییەکانیان بهێنن. لەپاڵ ئەوەی یاسای نێوبراو ئەو میلتاریستانەی جیاکردەوە کە پێشتر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی حوزەیرانی ١٩٢٣دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو. شایەنی باسە لە ماددەی (٢٣) دەستووری تورکیای ساڵی ١٩٢٤دا هاتبوو کە نابێت ئەندامێتیی لە ئەنجومەنیی نیشتیمانیی گەورەو پۆستە حکومییەکاندا پێکڕا کۆبکرێنەوە، بە پۆستە سەربازییەکانیشەوە لەیەك کاتدا. هەمدیسان ماددەی (٤٠)ی دەستوور سەرکردایەتیی باڵای هێزە چەکدارەکانی دابووە

دەست ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە بە نوێنەرایەتیی سەرۆك كۆماری تورکیا[١٤].

مستەفا كەمال لە ٣ی ئاداری ١٩٢٤ كۆتایی بەو پۆستە هێنا كە سەرۆكی دەستەی گشتیی ئەركان بەڕێوەی دەبرد لە چوارچێوەی حكومەتدا تاكو ببێتە سەرۆكی فەرمانگەی گشتیی پاشكۆی نوسینگەی سەرۆك كۆمار، واتە بووە بەرپرس لەبەردەم سەرۆك كۆماردا بەتەنها بە تێپەڕاندنی وەزیری بەرگری نیشتیمانیی كە كەنالێ گواستنەوەی تێڕوانینەكانی رێبەرانی سوپا بوو بۆ حكومەت، لەبری پیادەكردنی دەسەلاتی فیعلیی بەسەر سوپادا[١٥]، ئەم هەلومەرجە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٤٩ وەختێك سەرۆكی دەستەی گشتیی ئەركان كەوتە ژێر ركێفی وەزیری بەرگریی نیشتیمانییەوە[١٦].

ئامانج لەو رێوشوێنانە بەرگرتن بوو لە دەستێوەردانی سوپا لەسیاسەتدا لەرێگەی ماددەی (١٤٨) وە پتر بنجی داكوتا لەیاسای سزادانی سەربازیی كە تێیدا هاتبوو هەر میلتاریستێك ئەگەر بچێتە نێو پارتێكی سیاسییەوە، یاخود كۆبوونەوەی سیاسیی بكات یاخود بەشداریی بكات، یاخود گوتاری سیاسیی بۆ خەڵك بخوێنێتەوە، یاخود هەر راگەیاندنێك مۆركی سیاسیی پێوەدیاربێت ئامادە بێت یاخود ئیمزای لەسەربكات یاخود رەوانەی میدیای بكات، سزادەدرێت[١٧]. ئەم پرۆسەیە لەهەردوو ساڵی ١٩٤٦و ١٩٥٠دا دوورتر هەنگاوی نا وەختێك یاسای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكان گۆڕانكاریی بەسەردا هات بەشێوەیەك ئەفسەرو سەربازو قوتابیانی كۆلێژی سەربازیی بەگشتیی بێبەشكران لەمافی خۆپالاوتن[١٨].

دوورکەوتنەوەی سوپا لە سیاسەت لەو قۆناغەدا ناكاتە پاشەكشەی پێگەی یاخود شوێنی سوپا لە ستراكتۆری دەسەلاتدا بە رێژەیەكی

گەورە. سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان عەقید موشیر فەوزی چەقماق[١٩] پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە دەوڵەتداو لەپێشتر بوو لەسەرجەم وەزیرەکانی تر. هەمدیسان وەك گوتەبێژی سوپا وابوو، ئەو گوزارشت لە خواستەکانی دەکات لە هەلومەرجە ئاساییەکانداو پێشکەشی ئەنجومەنی بالأی سەربازیی دەکرد، کە لە ساڵی ١٩٣٦ دامەزرێنرا، بەشێوەیەك مەزنە رێبەرانی سوپا لەگەڵ وەزیری بەرگریی کۆدەبوونەوە بۆ کۆڵینەوە لەو پرسانەی کە تایبەتن بە سوپا، چەقماق زۆر جاران بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا دەکرد، دەیتوانی راستەوخۆ بگات بە پلە بالأکانی حکومەتو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە، کە زۆربەیان ئەفسەری پێشووی سوپا بوون. دەوڵەتیش راوێژی بە مەزنە رێبەرانی سوپا دەکرد لەزۆر پرسدا وەك دروستکردنی رێگەوبانو دەرێژکردنەوەی هێڵی شەمەندەفەرو، دیاریکردنی دامەزراوە پیشەسازییەکانو، ئەو یاسایانەی کە لە ئانوساتدا بوون دەربکرێن، دیسانەوە بەهەندوەرگرتنە سەربازییەکان کاریگەریی گەورەیان هەبوو لە دارشتنەوەی بەرنامەی ئابووریی حکومەت لە سییەکاندا[٢٠]. سەرباری ئەمەش بڕێك لە مەزنە پیاوانی دەوڵەت پێشینەی سەربازییان هەبوو، بەشێوەیەك سەرجەم ئەو حکومەتانەی کە لەماوەی سالأنی ١٩٢٠–١٩٢٨ پێکهێنران ئەو وەزیرانەی لەخۆدەگرت کە لەبنەڕەتدا ئەفسەری سوپا بوون[٢١]. لێرەدا شایەنی باسکردنە عیسمەت ئینونو، کە لەپاش مردنی ئەتاتورك لەساڵی ١٩٣٨ سەرۆکایەتیی کۆماری گرتەدەست، ئینونو راوێژی بە رێبەرانی سوپا کرد لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی تایبەت بە گواستنەوە لە سیستەمی تاقە حیزبییەوە بۆ فرە

حیزبیی، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەمانە مەترسی نابن بۆ سیاسەتو پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزمو، سوپاش بەردەوام دەبێت لە رۆڵگێڕانی خۆی بەو پێیەی پارێزەری دەوڵەتە یاخود بالأدەستە بەسەریدا[٢٢].

وێڕای ئەو پێکڕا هەڵکردنەی نێوان سوپاو دەوڵەت لەسەردەمی پارتی گەلی کۆماریدا ١٩٢٣–١٩٥٠، کەچی چەندین ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی چەندین ئەفسەری پارتەکە لەکۆتایی چلەکاندا هەستاون بە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها بەوەی بڕێك لە ئەفسەران نزیك بوون لەوەی هەستن بە شۆڕش لەدژی پارتەکە لەسالّی ١٩٥٠دا[٢٣]، بەهەر حالّ پارتی گەل لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ١٤ی ئایاری ١٩٥٠دا شکستی هێنا لە بەرژەوەندیی پارتەکەی سەرۆك کە رکابەری بوو، ئەویش بریتی بوو لە پارتی دیموکرات[٢٤].

پارتی دیموکرات بەردەوامبوو لە دەسەلأت تا یەکەم کۆدەتای سەربازیی لە ٢٧ی ئایاری سالّی ١٩٦٠، بە پێچەوانەی پارتی گەلی کۆماریی رێبەرانی پارتی دیموکرات کەسانی مەدەنیی بوون، هەمدیسان سەرجەم ئەو حکومەتانەی کە لە سەردەمی ئەواندا پێکهێنران بەشێوەیەکی سەرەکیی مەدەنیی بوون[٢٥]. هەروەها پێویستە ئەوە بهێنینەوە یاد کە سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان هەر لەسالّی ١٩٤٩وە لەژێر دەسەلأتی وەزیری بەرگریی مەدەنییدا بوو. لەپالّ ئەوەی بڕێك لە مەزنە ئەفسەرانی سوپا خۆشحالّبوون بە گواستنەوەی دەسەلأت بۆ پارتی دیموکرات، بەلأم سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات لەسالأنی کۆتاییدا بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆنو، خراپبوونی هەلومەرجی ئابووریی لە ولأتدا، وێڕای لابردنی چنگوّلّەی دەوڵەت بەشێوەیەکی رێژەیی لە کاروباری ئاینیدا، لەکۆتاییدا

وایکرد سوپا هەستێت بە یەکەم کۆدەتای سەربازیی لە مێژووی کۆماری تورکیادا لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠دا.

ماوەی پاش کۆدەتاکەو، دەرچوونی دەستووری نوێی ولأت لە تەممووزی ساڵی ١٩٦١ تایبەتمەند بوو بە هەڵکشانی رۆڵی سوپاو پێگەی لە ستراکتۆری دەسەلأتدا لە تورکیاو، زیادبوونی دەستێوەردانی سوپا لە سیاسەتدا. ماددەی (١١٠)ی دەستوورە نوێکە سەرلەنوێ سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانی کردە بەرپرس لە بەردەم سەرۆك وەزیراندا نەوەك لەبەردەم وەزیری بەرگریی نیشتیمانیدا. هەرچی ماددەی (١١١) یە بڕیاریدا بە دامەزراندنی دەستەیەك بەنێوی "ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی" کە لەسەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران‌و، سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان‌و ڕێبەرانی هێزی وشکانیی‌و دەریایی‌و ئاسمانیی‌و، ڕێبەری هێزی دەرەك (ژاندارم)و وەزیرەکانی بەرگریی نیشتیمانیی‌و نێوخۆیی‌و دەرەوە پێکهات. کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتیی سەرۆك کۆمار دەبەسترا، ئەگەریش سەرۆك کۆمار ئامادە نەبوایە سەرۆك وەزیران لەجێگەی دادەنیشت. دەشکرا وەزیرەکانی تر بانگهێشت بکرانایە بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە بەپێی خواستی ئەو بابەتانەی پێشنیار دەکران بۆ نەخشەی کارەکانی[٢٦]. ئەرکی ئەنجومەنەکە هاوکاریکردنی ئەنجومەنی وەزیران‌و هەماهەنگیی بوو لەگەڵیدا لەدەرکردنی بڕیاری پەیوەست بە ئاسایشی نیشتیمانیی. چەمکی "ئاسایشی نیشتیمانیی" بەرفراوان‌و گشتگیر بوو بەشێوەیەك ئەنجومەنەکە دەیتوانی هەرچی بیەوێت بیڵێت لەسەرجەم ئەو بابەتانەی پێشکەش دەکران لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا[٢٧]. لە ئاداری ١٩٦٢

دەسەلاتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی هەڵکشانی بەخۆوەبینی لەپاش دەرچوونی یاسایەك كە رێگەی پێدەدا دەستوەربدات لە راوێژەكانی ئەنجومەنی وەزیران، لەرێگەی راوێژكردنی رێكخراوو بەشداریی لە گفتوگۆو دەمەتەقێ بەراییەكاندا[٢٨].

لە گەشەسەندنێكی گرنگی تردا یاسای ژمارە ١٣٢٤ لە ١٣ی تەممووزی ١٩٧٠دا دەرچوو تایبەت بە دەسەلاتەكانی سەرۆكی دەستەی گشتیی ئەركان. بەمپێیە سەربەخۆیی زاتیی بەدەستدەهێنا لە دیاریكردنی سیاسەتی بەرگرییو، بودجەی سەربازییو، سیستەمی چەكوتەقەمەنی ئایندەییو، بەرهەمهێنانو كڕینی چەكوتەقەمەنیو، كۆكردنەوەی زانیاری هەواڵگرییو ئاسایشی نێوخۆییو بەرزكردنەوەی پلەكان لە سوپادا[٢٩]. هەمدیسان یاسای نێوبراو هەر رێكەوتنێكی سەربازیی نێودەوڵەتیی یاخود هەر نوێنەرایەتییەكی توركیای لەهەر كۆبونەوەیەكی سەربازیدا بەستەوە بە سەرۆكی دەستەی گشتیی ئەركانەوە. سەرۆكی دەستەی گشتیی ئەركان — نەوەك وەزیری بەرگریی نیشتیمانیی– تاقەكەس بوو كە نوێنەرایەتیی ولاتی دەكرد لە كۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی پەیمانی باكوری ئەتلەسیی (ناتۆ). لەپاش كۆدەتاكەی ١٢ی ئاداری ١٩٧١ یاسای ژمارە (١٦١٢) دەرچوو بە دامەزراندنی "ئەنجومەنی بالای سەربازیی" كە سەرجەم ژەنەرالۆ مەزنە ئەدمیراڵەكانی لەخۆدەگرت، سەربەخۆش بوو لە دەركردنی هەر بڕیارێكی تایبەت بە سوپا، لەنێویشیاندا دامەزراندنە سەربازییەكان، دەشكرا سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگریی نیشتیمانیی بەشداریی تێدا بكەن، بەلام بەبێ كاریگەری فیعلیی لە بڕیارەكانی لەگەڵ بەهەندوەرگرتنی بەشداریكردنیان وەك بیانوویەكی سیاسیی ئەو

بڕیارانە[٣٠]. لەساڵی ١٩٧٣ دەستوور هەموارکرایەوەو ئەرکی بنەڕەتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی بەرفراوان کرا تا پێشکەشکردنی "راسپاردەکان" بە حکومەت[٣١].

لەساڵی ١٩٧٤ سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان بۆ یەکەمجار هەستا بە داڕشتنی "چەمکی ستراتیژیەتی سەربازیی نەتەوەیی". سوپا ئەرکی تەتەڵەکردنی مەترسیەکانی بەگشتیی خستە ئەستۆی خۆی بە پشتبەستن بە زانیاری هەواڵگریی لەسەرچاوە تایبەتەکانی خۆیەوە، بەنزیکیی هەردوو وەزیری مەدەنیی وەزیری بەرگریی نیشتیمانییو وەزیری دەرەوە هیچ بۆچونێکییان نەبوو. سەرباری ئەمەش سوپا رەتیکردەوە سەرپەرشتی بودجەی تایبەت بە سوپا بکرێت، سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکان بودجەی دادەناو بەرزی دەکردەوە بۆ وەزیری بەرگریی نیشتیمانیی پێشکەشی لیژنەی بەرگریی دەکرد لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا، کە وای لێ چاوەڕوان دەکرا دەنگ لە بەرژەوەندی بدات[٣٢].

لەپاش سێیەم کۆدەتای سەربازی لە١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ دەستورێکی نوێ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ دەرچوو لەژێر سایەی دەسەلاتی سەربازییدا کە رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی پتر بنجی دادەکوتا، ماددەی (١١٨) ئەم دەستوورە ئەندامێتیی ئەنجومەنی نێوبراوو ئەرکەکانی دیاریکرد، تێیدا هاتووە "ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی بۆچوونەکان دەداتە ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی دەرکردنی بڕیارەکانو دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی پێویست تایبەت بە داڕشتنو دانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانیی دەوڵەت. ئەنجومەنی وەزیرانیش گرنگییەکی تایبەت دەدات بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی

ئاسایشی نیشتیمانیی، نەخاسمە ئەو بڕیارانەی کە پەیوەست بوون بەو ڕێوشوێنانەوە کە بە پێویست لەقەڵمی دەدا بەئامانجی پاراستنی مانەوەو سەربەخۆیی دەوڵەتو سەقامگیرییو یەکێتیی وڵاتو، ئاسایشو سەلامەتی کۆمەڵایەتییو، ئاسایشو سەقامگیریی کۆمەڵگە[٣٣].

وێڕای ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش "ڕاسپاردە"ی دەردەکرد بەپێی ئەو ماددەیە، بەڵام سوپا وای نەدەبینی ئەو ڕاسپاردانە فەرمانبڕو پێویستە جێبەجێ بکرێن لەلایەن بەرەی مەدەنیی حکومەتەوە، کە کەمجاران جورئەت دەکەن ئەو فەرمانانە جێبەجێ نەکەن. بەمشێوەیە سوپا لەڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانییەوە بە فیعلیی بەشێك بوو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی جێبەجێکردن کە خاوەنی چوارچێوەی دەستوورییە، بەبێ پێدانی سیفەتی شەرعیی بە فەرمیی بەسەر بارودۆخێکی لەمشێوەدا[٣٤].

شوێنی گرنگی سوپا لە ستراکتۆری دەسەڵاتدا لە تورکیا کورت ناکرێتەوە لەسەر ڕۆڵی سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان، یاخود دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی بەتەنها، بەڵکو بواڕێکی تر هەیە کە سوپا پیادەی ڕۆڵی خۆی دەکات ئەویش بریتییە لەبواری دادوەریی، بەتایبەت دادگەکانی ئاسایشی دەوڵەتو ئەو دادگا سەربازییانەی لە شارەکاندا هەن کە باری نائاسایی تێدا ڕاگەیەنراوەو حوکمی عورفی تێدا سەپێنرابوو، لەپێشیانەوە شارە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتو باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵات. دادگەکانی ئاسایشی دەوڵەت بەتەنها تەماشای تاوانە سوننەتییەکان ناکات دژ بە دەوڵەت، بەڵکو تەماشای سەرجەم ئەو بابەتانە دەکات کە پەیوەندییان هەیە بە یاسای "قەدەغەکردنی

تیرۆر"ەوە. تا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٩ لەنێو هەر دەستەیەك لەدەستەکانی ئەو دادگایانەدا دادوەرێکی سەربازیی هەبوو[٣٥].

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی پردی پەیوەندیی سوپا بوو بە دەسەلاتی دادوەریی و دادگە تایبەتەکانی پرسەکانی ئاسایشی نێوخۆییو، سەربەخۆیی سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان جیا لە وەزارەتی بەرگریی نیشتیمانیی، ئەمەش وایکرد سوپای تورکیا پێگەیەکی گرنگی هەبێت لە ولاتدا، پێگەیەکی ناوازەی وەها بتوانێت پشت ببەستێت بە بەرنامەیەکی سیاسیی تایبەت بەخۆی، بە تەماشاکردنی کێشو نێوبانگی مێژوویی سوپای تورکیا لە نێوەندەکانی کۆمەڵگەی تورکیدا وایکردووە رێبەرایەتیی سوپا بتوانێت دەستەبەری جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بکات وێڕای بەرگریی زۆرینەی مەدەنییەکان[٣٦]، جگە لەو سەردەمەی کە تورکوت ئۆزال[٣٧] سەرۆکایەتیی وەزیران و سەرۆکایەتیی کۆماری گرتەدەست ١٩٨٣–١٩٩٣.

ئۆزال تارادەیەك سەرکەووتو بوو لە جەختکردنەوە لە حکومەتێکی مەدەنیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرۆکایەتیی دەستەی گشتیی ئەرکانی سوپا. لە هاوینی ١٩٨٧ راسپاردەکان رێبەرایەتی باڵای سەربازیی تێپەڕاند تایبەت بە دیاریکردنی ژەنەراڵ نەجدەت ئۆزتۆرن وەك سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانو لەبری ئۆزتۆرن کاندیدێکی تری دانا ئەویش ژەنەڕاڵ نەجیب تۆرمتای بوو. هەمدیسان ئۆزال بڕیاری دا کۆسپو تەگەرە کۆنەکان تێکوپێك بدات بۆیەشە پرسی بودجەی بەرگریی پێشنیارکرد بۆ گفتوگۆی گشتییو، فەرمانیکرد بە وەستاندنی مەشقە سەربازییەکانی دەریای ئیجە بە رێکەوتنی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی یۆنان ئەندریاس پاپاندریۆ بەبێ ئاگادارکردنەوەی رێبەرایەتی سوپا یاخود

راوێژی پێشوەخت لەگەڵیاندا[٣٨]. لەکۆمێنتەکەیدا لەسەر رەتکردنەوەی کاندیدکردنی ژەنەڕاڵ ئۆزتۆرن و دیاریکردنی ژەنەڕاڵ نەجیب تۆرمتای لەبری ئەو ئۆزال بەمشێوەیە دەئاخفێت "هەر لەساڵی ١٩٦٠وە هیچ حکومەتێکی مەدەنیی سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانی دیاری نەکردووە، پۆستەکە لە لایەن جێگرەکەیەوە شوێنی پڕ دەکرایەوە، پێویستە حکومەتەکان بۆخۆیان سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان دیاری بکەن کێ لە پێشە ئەوە دابندرێت، لێرە بەدواوە ئەمە دەبێتە شتێکی ئاسایی"[٣٩]. وەختێکیش قەیرانی کوێت لەئابی ١٩٩٠ سەریهەڵداو رەوشەکە پەرەی سەند بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەتییەکی نێودەوڵەتیی بە رێبەرایەتیی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە عێراق، ئۆزال خۆی پاراست لەوەی بچێتە نێو هاوپەیمانییەتەکەوە، بەم هەڵوێستەی ئۆزال سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان ژەنەڕاڵ تۆرمتای لە ٣ی کانونی یەکەمی ١٩٩٠ دەستی لەکارکێشایەوە وەک ناڕەزایەتییەک لەدژی ئۆزال کە زۆرجاران سوپای دەخستە دەرێی پرۆسەی بڕیارسازیی لە پرسە زۆر گرنگەکاندا. ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان دەست لەکاربکێشێتەوە بەهۆی جیاوازیی بۆچوونیان لەگەڵ بەرپرسێکی مەدەنیدا[٤٠]. لەپاش مردنی ئۆزال لەنیسانی ١٩٩٣ چوارچێوەی پێشووی پەیوەندیی سەربازیی– مەدەنیی سەرلەنوێ گەڕایەوە بەشێوەیەک دامەزراوەی سەربازیی کەوتەوە پیادەی کاریگەریی سیاسیی گەورە لەسەر حکومەتە مەدەنییەکان تاساڵی ٢٠٠٣ وەختێک حکومەتی تورکیا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی رستێک ریفۆرم بەئامانجی کەمکردنەوەی رۆڵی سیاسیی سوپا[٤١]. وێڕای کەرەستە دەستوورییەکانو، یاساو

رێوشوێنە سەربازییەکان، کە رۆڵی گرنگی سوپای کێشا لە سیاسەت لە تورکیادا چەند فاکتەرێکی تر هەیە زەمینەی خۆشکرد لەبەردەم سوپادا بۆئەوەی ئەو رۆڵە ئەنجام بدات، ئەو فاکتەرانەش ئەمانەن:

یەکەم: رێکخستنی نێوخۆیی تۆکمەو بەهێزی دامەزراوەی سەربازیی تورکیاو، لایەنگریی بەهێزی ئەو دامەزراوەیەو هەستکردنیان بەوەی نوێنەرایەتیی "چینێکی سەربەخۆ" دەکەن"[٤٢]. سوپای تورکیا نزیکەی ٣٥٠٠٠ ئەفسەر لەخۆدەگرێت، نزیکەی ٣٠٠یان ژەنەرالّ (پاشا) و ئەدمیرالّن[٤٣]. هەر لەخوێندنی ئەکادیمیایی سەربازییەوە ئەوانە وا پەروەردە دەکرێن کە بۆ مەعریفەو توانای باشتر رادەهێنرێن، هەروەها پەروەردە دەکرێن بەوەی ئەوان جیاوازن لە مەدەنییەکان[٤٤]. بەپێی یەکێك لە دیپلۆماتکارە عەرەبەکان دامەزراوەی سەربازیی تورکیا بە "دامەزراوەی پاپایی" دەچێ لەرووی "هەڵبژاردنو دەرکردنو گواڵبژێریی ئەندامە رێبەرایەتییەکانو، نوێبوونەوە لەنێوخۆدا نەوەك لەدەرەوە.."[٤٥].

بەهەرحاڵ، هەندێك پێیانوایە کە بەمدواییە بارودۆخەکە بەشێوەیەکی رێژەیی گۆڕاوە، ناکرێت لەمەودوا "باس لەوە بکەین کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا یەك تێڕوانینی یەکگرتووی هەیەو، هەڵگری ئەو بیروبۆچونانەن کە رێبەرەکەیان گوزارشتی لێدەکات...تێڕوانینی جیاواز لە نێوخۆی سوپادا هەیە"[٤٦].

دووەم: هێز وقەبەیی سوپای تورکیا کە سەرچاوەی هێزێکی سیاسییە ناکرێت مەدەنییەکان فەرامۆشی بکەن، هێزە چەکدارەکانی تورکیا لەپلەی دووەمدایە لەپاش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەنێو دەوڵەتانی پەیمانی ناتۆدا. تێکڕای ژمارەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لەساڵی ١٩٩٦ (١,٢٠,٦,٧٠٠) بووە، لەوانە (٦٣٩,٠٠٠) لەهێزەکانی کارو (٣٨٧,٠٠٠)

لەهێزەکانی یەدەك و (١٨٠,٠٠٠) لەهێزەکانی نیمچە سەربازیی (ژاندارمو پاسەوانی نیشتیمانیی) و، (٣٠,٠٠٠) سەرباز لە قوبرسی باکوور[٤٧].

سێیەم: ئەو رێزوحورمەتەی کە سوپا لە نێوەندەکانی گەلی تورکیادا لێی دەگیرێت بەهۆی رۆڵی لە جەنگی سەربەخۆییدا، سەرجەم تورکەکان، بە ئیسلامییەکانیشەوە سوپا بە رزگارکەری نیشتیمانیی لەقەڵەم دەدەن[٤٨].

چونکە ئەو جەنگە دژ بە مەسیحییەکان بوو لە یۆنانییەکان و ئەوروپییەکان، "سوپای تورکیا لەو کاتەوە تا ئەمڕۆکە خۆی بە سوپای پێغەمبەر (موحەمەد) لەقەڵەم دەدات" بەپێی وەسفی یەکێك لەکۆڵەرە تورکەکان[٤٩]. لەراستیدا پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم وێنەیەی چەسپاندووە لەرێگەی ئەو دووپاتکردنەوەوە کە سەربازی تورکیی بەرگریکارو پارێزەری نەتەوەیە[٥٠]. هەمدیسان کۆمەڵگە فێرکراوە رێز لە سێمبولە سەربازییە تورکییەکان بگرێت وەك مستەفا کەمالو فەوزی چەقماقو عیسمەت ئینونوو ئەوانی تر کە لە بۆنە فەرمییەکاندا نێویان دەگوترێتو دەگوترێتەوە وەك جەژنی سەرکەوتن لە (٣٠ی ئاب)و جەژنی دامەزراندنی کۆمار لە (٢٩ی تشرینی یەکەم)[٥١]، پتر لەمەش زۆربەی تورکەکان سوپا بە دامەزراوەیەکی ناگەندەڵ دەبینن. لەوەختێکدا پەنجەی تۆمەتی دارایی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەلآت درێژ دەکرێت بۆ زۆر سیاسەتوانی مەدەنیی. هەمدیسان رکابەریی نێوان ئەو پارتانەو دەستەوسانییان لەچارەسەرکردنی گرفتە سیاسیی‌و ئابوورییو کۆمەلآیەتییەکانی ولآت، وایکردووە زۆر لە تورکەکان بەچاوی رەزامەندییەوە بڕوانن دەستێوەردانی سوپا بۆ دانانی سنورێك بۆ خراپبوونی بارودۆخەکان. یەکێك لە رۆژنامەنووسە تورکەکان لەساڵی ١٩٨٢ نووسیویە "هێزە چەکدارەکان بەشێکی دانەبڕاون لە گەلی تورکیا، وەختێك گرفتەکان

دەگەنە لوتکەو، نائومێدی لەدەروونی گەلدا تەشەنە دەستێنێت، هێزە چەکدارەکان کاریگەر دەبن بەو گێرمەو کێشەو هەستوسۆزانە، ئەوکات هێزە چەکدارەکان هەڵدەستن بەو کارەی گەل دەستەوسانە لەکردنی"[٥٢]. هەر لەدەیەی هەشتاکانەوە راپرسییەکان دەری دەخەن سوپا پتر متمانەی پێدەکرێت لە دەوڵەتی تورکیادا[٥٣].

سوپا وەک پاسەوانی سیستەمی ئەتاتورکیی:

هەمیشە رێبەرانی دامەزراوەی سوپای تورکیا پاساو دەهێننەوە بۆ دەستێوەردانیان لە سیاسەتدا لەرێگەی کۆدەتا سەربازییەکانەوە بە بیانووی پێویستیی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو دەوڵەتەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورك لە ولاّتدا چەسپاندوویەتی، لەپێشی هەمووشیانەوە سێکیۆلاریزمو ناسیۆنالیزم. بەپێی گوتەی یەکێك لە نووسەرە تورکەکان هەستی سوپا بە بەرپرسیارێتیی پاراستنی دەوڵەت "هەستێکە لەنێو خوێنیدا دێتو دەچێت"[٥٤]. ئەوەشی ئەم بۆچوونە دەچەسپێنێت ئەو لێدوانو تێڕوانینانەیە کە لەچەندین بۆنەدا رێبەرە بەدیمەنەکانی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا گوزارشتی لێدەکەن. یەکێك لەوانە لە لێدوانێکیدا بەمشێوەیە دەئاخفێت "ئێمە سوپای سیستەمی کەمالین، ئەرکی سەرشانمان پاراستنی بنجداکوتینی دەوڵەتو راگرتنی سیستەمەکەیە". هەرچی ژەنەرالّ کەنعان ئێڤرنە رێبەری کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠و سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیا لە (٧ی ئاداری ١٩٧٨–١ی تەممووزی ١٩٨٣) باس لەوە دەکات سەرکردەکانی پارتە سیاسیەکان مەیلیان بەلای لادانە لە پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزمو، سوپا هەرچی پێ باش بێت لەبەرامبەر حکومەتی مەدەنیی

(واتە کۆدەتای سەربازیی) دەیکات چونکە گەل پشتیوانیی لێدەکات. هەمدیسان ژەنەڕاڵ نەجیب تۆرمتای سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیا (٢٤ی تەممووزی ١٩٨٧– ٣ی کانونی یەکەمی ١٩٩٠) باس لەوە دەکات کە ئەتاتورك سوپای راسپاردووە ئەو پێوەرانە بپارێزێت کە کۆماری تورکیای لەسەر راگیربووە، لە وەختێکدا جێگرەوەکەی ژەنەراڵ دۆغان کۆروش (لەنێوان ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٩٠–٣٠ی ئابی ١٩٩٤) سەرۆکایەتیی دەستەی گشتیی ئەرکانی گرتەدەست) باس لەوە دەکات کە سوپای تورکیا پاسەوانی ئایدیاو مۆدێلەکانی ئەتاتورکیزمە[٥٥].

سوپای تورکیا ئەو تێڕوانینەی هەیەتی تایبەت بە ئەرکی پاراستنی سیستەمی ئەتاتورکیی لە سێ سەرچاوەی بنەڕەتییەوە وەریگرتووە ئەوانیش:

یەکەم: ئەو رۆڵەی کە سوپا گێڕای لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاو جێبەجێکردنی پرۆژەی سێکیۆلاریزەکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە. پێشتر ئاماژەمان دا بەوەی ئەو پرۆژەیە لەسەر دەستی بژاردەیەکی بیرۆکراسیی – سەربازیی لەسەردەمی ئەتاتورکدا جێبەجێکرا. ئەرکی زیندووی سوپا لەو قۆناغەدا بریتی بووله کارکردن، بەو سیفەتەی یەکێکە لە دەزگا هەرە گرنگەکان بە نیسبەت دەوڵەتەوە لەبلاوکردنەوەی ئایدیاکانی مۆدێرنەو ناسیۆنالیزمو سێکیۆلاریزم، بەتایبەت لەنێو سەربازاندا[٥٦].

دووەم: لێدوانی مستەفا کەمال ئەتاتورك سەبارەت بەو ئەرکانەی لەسەر شانی سوپایە لە پاراستنی پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزم. لە دیارترین ئەو لێدوانانە ئەو گوتارەیە کە لە یانەی سوپا لە شاری قوینە لەرۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٣١ خوێندییەوە بەوەی نەتەوەی تورك هەمیشە وا سەیری

سوپا دەکات کە "پێشەنگن لە بەدیهێنانی مۆدێلە ناسیۆنالیستییە رەسەنەکان... ئێمە وەختێك باس لە سوپا دەکەین من باس لە بژاردەی رۆشنبیری (ئنیتلجنسیا)ی نەتەوەی تورك دەکەم، خاوەنی راستەقینەی ئەم ولاتە. نەتەوەی تورك سوپا بە پاسەوانی مۆدێلە بالاکانی لەقەڵەم دەدات"[٥٧]. وەك ئاماژەیەك بۆ بەردەوامیی ئەم رۆڵە بە نیسبەت سوپاوە ئەتاتورك بەمشێوەیە دەئاخفێت "لە ئایندەدا نەوەی سەربازە پالەوانەکان کاروانەکە پێشدەخەن بۆ پاراستنی مۆدێلە بالاکانی گەلی تورکیا"[٥٨]. هەمدیسان لە گوتارێکی تردا لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٧ باس لەوە دەکات "سوپا کە قوتابخانەیەکی مەزنی رێکخستنی نیشتیمانییە، بەشێوەیەکی تایبەت هاوکارو پشتیوانی خەباتی ئابووریی‌و فەرهەنگیی‌و کۆمەلایەتیمان دەبێت"[٥٩]. شایەنی باسە لێدوانی لەمشێوەیە لەلایەن دامەزرێنەری کۆماری تورکیاوە تێڕوانینێکی بەهێزی لەلای سوپا دروستکرد کە بەتەنها ئەرکی بەرگریکردنی سنووری دەوڵەتی تورکیا نییە، بەڵکو بەرگریکردنە لە سیستەمی ئەتاتورکیی.

سێیەم: یاساکانی تایبەت بە خزمەت لە هێزە چەکدارەکاندا، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر رۆڵی سوپای تورکیا. ماددەی (٣٤) لە "یاسای ئەرکی نێوخۆیی" سوپای تورکیا کە لەساڵی ١٩٣٥ دەرچووە، لە ماددەی (٣٥)ی"یاسای ئەرکی نێوخۆیی" سوپادا دووپاتکراوەتەوە کە لەساڵی ١٩٦١ دەرچووە، تێیدا هاتووە "ئەرکی هێزە چەکدارەکانی تورکیا پاراستنی نیشتیمان‌و کۆماری تورکیایە وەك لە دەستووردا دیاریکراوە"[٦٠]. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا وەختێك پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزم لەدەستووری تورکیادا تێهەڵکێشکرا هەر لەساڵی ١٩٣٧وە

ماددەی نێوبراو بە واتای پاراستنی سیستەمی ئەتاتورکیی دێت. هەمدیسان ماددەی (٨٤) لەیاسای سالّی ١٩٣٥ باس لە "پاراستنی نیشتیمانی تورکیاو کۆماری تورکیا دەکات لە نێوخۆو دەرەوەدا بە زەبری چەك هەر وەختێك پێویست بێت"[٦١]. لەراستیدا کەسە بزۆزەکانی رێبەرایەتیی سوپا ئەو ماددانەی سەرەوەیان وا راڤەکرووە کە ناچارن دەست لەسیاسەت وەربدەن گەر بێتو بوونی دەوڵەت دووچاری مەترسییەکی گەورە بێتەوە[٦٢]. هەمدیسان لەپاساوهێنانەوە بۆ کۆدەتا سەربازییەکان پشتیان پێ بەستووە، لەپاش کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠، بۆ نموونە ژەنەرالّ کەنعان ئێڤرن ئاماژەیداوە بە ماددەی (٣٥)ی "یاسای ئەرکی نێوخۆیی" سوپا لەسالّی ١٩٦١ وەك بنەمای یاسایی بۆ ئەو بەڵگەیەی کە ئاماژەی پێداوە دەڵێت هێزە چەکدارەکان مافی رەهایان هەیە بۆ وەرگرتنی دەسەلآت چونکە جلّەونەکرنی دەسەلآت لەلایەن سوپاوە واتە داڕمانی دەوڵەت[٦٣].

رێبەرایەتی بالآ لە دامەزراوەی سەربازیی تورکیادا بەتەنها جەخت ناکەنەوە لەسەر رۆڵی سوپا بەو سیفەتەی پاسەوانی سیستەمی ئەتاتورکییە، بەڵکو سوورن لەسەر چەسپاندنی بۆ ئەفسەرانی ئایندەو، ووردبینی لە هەڵبژاردنی ئەو ئەفسەرانە لەوەدا کە پێشینەیەکی بەرهەڵستییان نەبێت دژ بە پرەنسیپ یاخود عەقیدەی ئەتاتورکیی.

فێرکردنو راهێنانی تویژی ئەفسەرانی ئایندە لە تورکیا لەرێگەی سیستەمێکی تایبەتەوە بەڕێوەدەچێت لە قوتابخانە نێوەندییە سەربازییەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەکادیمیای بالآی سەربازیی، بەشی هەرە زۆری ئەفسەرانی ئایندە لە (١٢ سالّی بۆ ١٤ سالّی) دەچنە نێو قوتابخانە نێوەندییەکانەوە. هەروەها ناچاریش دەکرێن بە مەشقو

راهێنانو رێکخستنی سەربازیی توندو، جلی سەربازیی دەپۆشنو تارادەیەکی زۆر لە خانەوادەو خزمانیان دادەبڕێنو، چاویشیان پێیان ناکەوێتەوە، مەگەر لەو کاتانەی مۆڵەت دەدرێن کە ماوەیەکی دوورو درێژە[٦٤]. ئەو قوتابخانە نێوەندییو ئەکادیمیا سەربازییانە لە دۆخێکی زۆر باشتردان بە بەراورد بە قوتابخانە نێوەندییو زانکۆکانی تورکیا لەرووی دۆخی مانەوەو خزمەتگوزاریی لە بەشە نێوخۆییەکاندا، هەروەها لەرووی کتێبخانەو تاقیگەو، مامۆستای لێوەشاوەو، وانەی وەرزشو مەشقی سەربازییەوە. هەرچەندە چوونە نێو ئەو قوتابخانە نێوەندییو ئەکادیمییە سەربازییانە بۆ هەمووان کراوەیە، بەلآم لە واقیعدا وەرگرتنی خوێندکاران تیایاندا بە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ووردا تێدەپەڕێت. لە گرنگترین مەرجەکانی وەرگرتن تا پێشکەشکار هەموو مەرجە داواکراوەکانی تێدا بێت بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە قوتابخانە بژاردەکان لە جیهاندا بریتین لە (پلەی باش ، بەتایبەت لە وانە زانستییەکاندا، توانای جەستەیی گونجاو، رووخساری جوان). جگە لە کۆڵینەوە لە کەسایەتیی خوێندکار، گرنگترین شت کۆڵینەوەیە لە خانەوادەو پیشەی دایکو باوکیو، مێژووی خانەوادەکەی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لە خانەوادەکەیاندا ئەگەر دووریش بێت کەسانێکی تێدا نییە سەر بە تەوژمی چەپو ئیسلامیی بن[٦٥]. هەمدیسان ئەکادیمیا سەربازییە تورکییەکان لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە دەگمەنانەن کە قبوڵی ناکەن کە خوێندکار دەرچووی "پەیمانگەکانی پێشنوێژیی– گوتاربێژیی" بن، بۆیەشە یەکێک لەو دروشمانەی پارتی رەفاهی ئیسلامیی بەرزیکردبۆوە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٥دا بریتی بوو لە "رەفاه بەرەو حکومەت، دەرچووانی پێشنوێژیی– گوتاربێژیی بەرەو سوپا"[٦٦].

بەشێك لە پرۆگرامەكانی خوێندن لە ئەكادیمیای سەربازیی تەرخان دەكرێن بۆ پەروەردەكردنی ئەفسەرانی ئایندە لەسەر پرنسیپەكانی ئەتاتورکیزم لەرێگەی سیمینارگەلێكەوە لەمەڕ " شۆڕشی تورکیی"و، مستەفا كەمال ئەتاتورك‌و بیروباوەڕە سیاسیەكەی‌و، رۆڵی ئەو لە مێژووی تورکیاو، یاساكانی هێزە چەكدارەكان لە كتێبەكانیدا. هەروەها ئەو سیمینارانە ٢٠٪ی كاتژمێرەكانی خوێندن لە ئەكادیمیای سەربازیی پێكدەهێنن. كە ١٦٠ كاتژمێرە لە تێكڕای ٩٦٠ كاتژمێر لەساڵێكی خوێندندا[٦٧]. ئامانجی بنەڕەتی لە هەموو ئەمانەدا بریتییە لە ئامادەكردنی بژاردەیەك بتوانێت بەرگریی بكات لە سنووری وڵات و، ئایدیاكانی ئەتاتورکیزم‌و، بەرەنگاربوونەوەی گێرمەو كێشە نێوخۆییەكان لەوڵاتدا، بەمشێوەیەش چینی سەربازیی لە تورکیا سەرلەنوێ خۆی‌و بەهاكانی بەرهەم دەهێنێتەوە [٦٨]. لەپاش سالانی مەشق‌و راهێنان‌و پەروەردەی عەقایدیی ئەفسەری نوێی تورکیی خۆی بە مرۆڤێكی جیاواز لەقەڵەم دەدات‌و، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لەبەرگرتن لەهەر پشێوییەكی نوێ لە تورکیادا. واهەست دەكات ئێستاكە پاسەوانی كۆمارەو لەلایەن دەوڵەتەوە دیاریكراوە پارێزگاریی لەوڵات بكات، نەوەك بەتەنها دژ بە هەڕەشەو گوڕەشە دەرەكییەكان، بەڵكو مەترسییە نێوخۆییەكانیش كە بریتین لە "ئیسلامییەكان، كۆمۆنیستەكان، وێرانكاریی، كوردە جیاخوازەكان"[٦٩].

بەهەرحاڵ، ئەمەش بەو مانایە نایەت كە سەرجەم خوێندكارو دەرچووانی ئەكادیمیا سەربازییەكان بەتەواویی پارێزراون لە دژی تەوژمە فیكرییە سیاسیەكانی تر لە وڵاتدا لەنێویشیاندا تەوژمی ئیسلامیی، پاشتر باس لەو پرۆسەی پاكتاوكردنانە دەكەین لە زۆر بۆنەدا كە ئیسلامییەكانی لەنێو

ئەفسەراندا گرتۆتەوە، بۆیەشە پرۆسەی بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاریی‌و نووسینی راپۆرت لەبارەی ئەفسەران لەرووی لێهاتوویی‌و ئاڕاستەی فیکرییان بەبەردەوامیی دەمێنێتەوەو، پشتی پێدەبەستڕێت لە بەرزبوونەوەی پلە لە پۆستە سەربازییە بالاکاندا (ژەنەرالۆ ئەدمیرالەکان) کە لەپاش خزمەتێکی دوورودرێژ لە یەکە سەربازییەکاندا لەسەرلەبەری ولاتدا دەگەنە ئەو پۆستە. بەرزکردنەوەی پلەکانیش لەلایەن" ئەنجومەنی بالای سەربازیی"وە دەبێت کە لە پاش کۆدەتاکەی ١٢ی ئاداری ١٩٧١وە دامەزرا، پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەنجوومەنەکە مانگی ئابی هەموو ساڵێك کۆدەبنەوە ٣٠–٥٠ کاندید پلەکانیان بەرزدەکرێنەوە، هەرچەندە سەرۆك وەزیران‌و وەزیری بەرگریی نیشتیمانیی ئەندامن لە ئەنجومەنەکەدا، بەڵام رێگەیان پێنادرێت لە گفتوگۆکاندا بەشداریی بکەن، هەڵبژاردنی نێوی کاندیدەکان بۆ بەرزکردنەوەی پلە لەلایەن سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانەوەو فەرماندەیی هێزی وشکانیی‌و ئاسمانی‌و دەریایی‌و ژاندارمەوە دەبێت[٧٠].

ئینتیمای تورکیا بۆ پەیمانی ناتۆ هەر لەساڵی ١٩٥٢وەو ئەو کاریگەرییە گەورەیەی بەجێیهێشت لەسەر تێڕوانینەکانی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا هیچی کەمتر نییە لەوانی پێشووتر. لەنێوخۆی ئەو پەیمانەدا کەسایەتیی ئەفسەرانی تورك گۆڕدران، ئەو ئەفسەرە لاوانەی کە فێری تەکنیکی جەنگیی نوێ‌و ستراتیژی جەنگییان کردبوو هەستیان بە گرنگی‌و متمانە بەخۆبوون دەکرد کە پێشتر بەو شێوەیە نەبوون[٧١]. ناردنی هەزاران ئەفسەری لاو بۆ وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەورووپای ڕۆژئاوا بەئامانجی خوێندن‌و مەشق‌و ڕاهێنان‌و، بەشداریکردن لەمانۆڕە سەربازییەکان لەگەڵ سوپاکانی تری دەوڵەتانی ناتۆو، چوونی ئەفسەرانی

تورك بۆ سەركردایەتیی ناتۆ ئاستی پاشکەوتووی ولاتیان بۆ دەرکەوت، بۆشیان دەرکەوت تەنها لەرێگەی ریفۆرمی کۆمەلایەتییو پیشەییەوە بە دەولەتانی رۆژئاوا دەگەنەوە [٧٢].

ناکرێت بەتەنها راڤەی تێڕوانینو ئەدای سیاسیی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا بکەین لەرووی فاکتەری عەقایدییەوە، بەڵکو لە پشت ئەمەوە فاکتەرێك هەیە پەیوەستە بە دۆخی ئابووریی– کۆمەلایەتیی رێبەرانی ئەو دامەزراوەیەو بەرگریکردن لێی، لەرێگەی بەرگریکردن لە سیستەمی وەخت لە ولاتدا. ئەم فاکتەرە بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا لەپاش کۆدەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٦٠ روون دەبێتەوە وەختێك سەرکردایەتیی گشتیی دامەزراوەی سەربازیی بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی سیاسییو ئابوریو کۆمەلایەتیی لە ولاتدا. موچەی میلتاریستەکان رووی لەباشی کرد، مالّی شاهانە بنیاتنرا بۆ پاشاکان (واتە ژەنەرالّەکان) لە کۆمەڵگەیەکی نزیك لە کۆشکی سەرۆکایەتیی لە خۆشترین شوێنەکانی پایتەخت. هەمدیسان گچکە ئەفسەران وەك چینی نێوەند ژیانیان دەگوزەراند. هەروەها ئەفسەرە خانەنشینکراوەکان چوونە نێو بالاترین ئاستەکانی بیرۆکراسیەت، دیسانەوە ژەنەرالّە خانەنشینکراوەکان دەنێردران بۆ دەرەوە وەك باڵوێز لە نێردە دیبلۆماسییەکانی تورکیا یاخود بە پلە سەربازییەکانیانەوە وەزیفەیان پێدەدرا بە سیفەتی بەرێوەبەر لە کۆمپانیا تایبەتەکانو بانکەکاندا [٧٣].

هەرچی لێرەدا شایەنی ئاماژە پێدانی تایبەتە "کۆمەڵەی هاوکاریی سەربازیی ئالّوگۆڕ (oyak)ە، کە لە ساڵی ١٩٦٠ بەپێی یاسای ژمارە (٢٠٥) دامەزرا [٧٤]. کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ تێکەڵ بە بواری بازرگانییو پیشەسازیی بوو. ئەفسەرانی هێزە چەکدارە نیزامییەکان پێویستە

لەسەریان ١٠٪ موچەکانیان بدەن بەم دامەزراوەیە، پاشتریش ئەو بڕەیان پێدەدرێتەوە، بەمەش سەرمایەیەکی ماقوولّ کۆکرایەوەو لە بڕێك لقی ئابووورییدا وەبەرهێنرا کە قازانجی زۆری لێکرا. ئەم کۆمەڵەیە لکێنرا بە وەزارەتی بەرگریی نیشتیمانییەوە، وێڕای ئەوەی پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرە مەدەنییو هونەرییەکانەوە بەڕێوە دەبرا پتر لە کۆمپانیا دەچوو. ئامانجی راگەیەندراوی ئەم کۆمەڵەیە دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران بوو بۆ ئەندامەکانی بە پێدانی قەرزو سوودی تر. (حانوتی سەربازیی) بنیاتنرا بۆ فرۆشتنی شمەك بە هێزە چەکدارەکان بەنرخێکی کەم. ئەم کۆمەڵەیە توانی بەشێوەیەکی گەورەو خێرا بەرفراوان ببێت، لەماوەی دەیەیەکدا توانی پشکی گەورە بەدەست بهێنێت لە کارگەو کۆمپانیاکانی تورکیادا، لەوانە کارگەی بارهەڵگرو تراکتۆر، قتوبەن، چیمەنتۆ، پترۆکیمیایی‌و تایە. یەکێك لە گرنگترین دەسکەوتەکانی کۆمەڵەکە بەدەستخستنی ٤٢٪ی پشکی کۆمپانیای پیشەسازیی ئۆتۆمبێل (رینۆ)ی فەرەنسیی بوولە تورکیادا. لەگەڵ زیادبوونی سەرمایەی کۆمەڵەکەدا، کۆمەڵەکە لە حەفتاکان‌و هەشتاکاندا چووە نێو بواری وەبەرهێنانی ترەوە وەك ئۆتێل‌و گەشتوگوزار. هەروەها بەهۆی بەرفراوانبوون‌و پەلوپۆهاویشتنی کارەکانی کۆمەڵەکە بە (کەرتی سێیەم) وەسفدارکراوە شانبەشانی کەرتی گشتیی‌و کەرتی تایبەت. لەئاکامی ئەوەی پێشتر باسمانکرد ژەنەرالّەکان بوونە تۆڕێکی خۆشگوزەران لە کۆمەڵگەداو خۆیان یەکلاکردەوە بۆ پاراستنی هەلومەرجی وەخت[٧٥].

جگە لە " کۆمەڵەی هاوکاریی سەربازیی ئالّوگۆڕ" هێزی وشکانیی‌و دەریایی‌و ئاسمانیی تورکیا کۆمەك‌و دەسگیرۆیی دامەزراوەی ئابووریی تورکیایان کرد، هەمدیسان پەیوەندیی‌و هاوبەشییەکی راستەوخۆ هەیە

لەنێوان دامەزراوەی سەربازیی‌و کۆمپانیا پیشەسازییە دیارەکان لە تورکیادا وەك قۆچ Koç، ئەجزاچی پاشی Eczacibaş ، سەبانچی Sabanci، دیسانەوە پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ کۆمپانیا پیشەسازییە جەنگییەکان‌و تەکنەلۆژیای پێشکەوتنی ئەمەریکیی‌و ئەڵەمانیی‌و فەڕەنسیی‌و ئوسترالیی‌و رووسیی[٧٦]. بەهۆی ئەو پەیوەندیی‌و هاوبەستەگییانەوە هێزە چەکدارەکانی تورکیا لەگەڵ سەرمایەداریدا ئاوێتە ببون بەشێوەیەك چیتر نەیدەتوانی بێلایەن بێت یاخود لە بان سیاسەتەوە بێت[٧٧]. ئیدی لە بەرژەوەندیدا بوو بوەستێت لەسەر ئەو رێکخستنە ئابووریییانەی کە هەیبوون لە دەوڵەتدا[٧٨]. بۆ رۆشنکردنەوەی زیاتری وێنەکە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە زۆرینەی کۆمپانیا بازرگانیی‌و پیشەسازییە تورکییەکان کە دامەزراوەی سەربازیی پەیوەندیی پێیانەوە هەبوو نوێنەرایەتیی هێزە سەرمایەدارییەکانی دەکرد لە نێوەنددا (center) کە بەتوندیی بەرگریکار بوو لە سیستەمە سێکیۆلارەکە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بە بیر بهێنینەوە کە فاکتەری دەرەکیی رۆڵی خۆی هەبوو لە نەخشەڕێژیی هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی لەبەرامبەر جوولانەوەی ئیسلامیی لە تورکیادا. لایەنە دەرەکییەکان بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل سووربوون لەسەر پەرەپێدانی سیستەمی سێکیۆلار لە تورکیاو بەردەوامبوونی ئاڕاستە رۆژئاواییەکان لەسیاسەتی دەرەکیی تورکیادا. پاشتر رۆڵی فاکتەری دەرەکیی رووتر دەکەینەوە بە دوورو درێژیی لەبابەتی چوارەم کۆدەتای سەربازیی لەتورکیا لەساڵی ١٩٩٧دا.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم :

(١) Graig S. Smith , " Terror attacks and Politics put Turkey's Military on edge ", New York Times , Nov. 30 , 2003 .

(٢) Chris Kutschera , " Turkey: The little Known World of the military hierarchy". www.chris-kutschera.com

(٣) Lewis , op. cit , P. 456 ; Frank Tachau and Metin Heper , " The State , Politics and Military in Turkey ." Comparative Politics , Vol. 16 , No. 1 (October – 1983) P. 18 .

(٤) Kemal H. Karpat , " The Military and Politics in Turkey 1960-1964 : A Socio-Cultural Analysis of a Revolution ." The American Historical Review , Vol. LXXV , No. 6 , (October – 1970) 1656-1657 .

(٥) لە نمونەی بەرایی ئەمەش یاخیبوونی ئەوانە لەساڵی ١٦٢٢دا، کە دواجار بە لابردنو کوشتنی سوڵتانی عوسمانیی دووەم (١٦١٨–١٦٢٢)و کوشتنی سەدری ئەعزەم دلاوەر پاشا کۆتایی هات. هەروەها دەستێوەردانیان لەساڵی ١٦٢٣ کە بووە هۆی لابردنی سوڵتان مستەفای یەکەمو دانانی سوڵتانی مورادی چوارەم (١٦٢٣–١٦٤٠) لە جێگەی ئەو، هەمدیسان یاخیبوونیان لەساڵی ١٦٢٨ کە بە کوشتنی جێگری سوڵتان داماد حافز ئەحمەد پاشا کۆتایی هات، دیسانەوە یاخیبوونەکانیان لە

سەردەمی سولّتان ئیبراهیمدا ١٦٤٠–١٦٤٨و رۆلّیان له لابردنیدا، کۆتا نمونەی دیاریش یاخیبوونیانو لابردنی سولّتان سەلیمی سێیەمە (١٧٨٩–١٨٠٧)و تەگبیر کردن بۆ کوشتنی له سالّی ١٨٠٨دا.

(٦)Tachau & Heper , op. cit , P. 19 .

(٧) وليم هيل ، " الجيش التركى والسياسه ." فى ، تركيا : المجتمع والدوله ، تحرير أندرو فنكل ونوكهت سيرمان ، ترجمه حمدى حميد الدورى وعدنان ياسين مصگفى (بغداد – بيت الحكمه – ٢٠٠٢) ص ٦٩ .

(٨)Gerrassimos Karabelias ," The Evolution of Civil – Military Relations in Post-War Turkey 1980-1995 ." Middle Eastern Studies , Vol. 35 , No. 4 (October – 1999) P. 132 .

(٩)Kinross , op. cit , P. 38 .

(١٠)Robinson , op. cit , P. 236 .

(١١)George S. Harris , " The Role of the Military in Turkish Politics ." Middle East Journal , Vol. 19 , No. 2 (Winter – 1965) P. 54

(١٢)Ibid , P. 55

(١٣)William M. Hale , Turkish Politics and the Military (New York – Rout ledge- 1994) P. 72 ; Robinson , op. cit , P. 238

یاسای نێوبراو لە پاش گومانی مستەفا کەمال دەرچوو لە نیازپاکیی بڕێك لە ئەفسەرانی سوپاو رێبەرانی جەنگی سەربەخۆیی کە کۆك نەبوون لەگەڵ تێڕوانینەکانی ئەودا لەهەرچی پەیوەستە بە سەڵتەنەتو خیلافەتدا، یاخود بەهۆی ئەوەی لیبرالّیی یاخود بانگەشەکاری دامەزراندنی دیموکراسیەتی فرەیی بوون،

Harris , op. cit , PP. 56-57 ; Hale , op. cit , P. 67 .

(١٤)Hale , op. cit , P. 72

(١٥)Harris , op. cit , P. 58

(١٦)Umit Cizre Sakallioğlu ," The Anatomy of the Turkish Military's Political Autonomy ." Comparative Politics , Vol. 29 , No. 2 (January – 1997) P. 159

سەرچاوەیەکی تر باس لەوە دەکات کە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەر لە ساڵی ١٩٤٣وە کەوتە دەست دەسەلاّتێکی مەدەنیی وەختێك بۆتە بەرپرس لەبەردەم حکومەتو سەرۆك وەزیران،. هەروەها هەنگاوێکی تر لەساڵی ١٩٤٩ گیرایەبەر بە پێکهێنانی ئەنجومەنی بالاّ بۆ بەرگریی نیشتیمانیی کە بڕێك لە وەزیرە مەدەنییەکانی لەخۆدەگرتو، ئەنجومەنەکە دەسەلاّتی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی بە جوزئیی هەلّدەسەنگاند، بڕوانە:

Daniel Lerner & Richard D. Robinson ," Swords and Ploughshares : The Turkish Army as a Modernizing Force ." in , Henry Bienen (ed.) , The Military and Modernization New Brunswick N.J – 2008) P. 119 .

(١٧) هیل ، سەرچاوەی پێشوو ، b ٧٠ . یاسای نێوبراو زۆرجاران نەیدەتوانی

زامنی چوونی بیروبۆچوونه سیاسییەکان بکات بۆ نێو ریزەکانی سوپا. لەساڵی ١٩٣٨ شاعیری بەدیمەنی تورکیی نازم حیکمەت قۆڵبەستکرا چونکە پڕۆپاگندەی مارکسییانەی لەنێو دەریاوانانی کەشتیگەلی "یاووز" بلاوەدەکردەوە. لەساڵی ١٩٣٩ واباس دەکرێت کە گرووپێکی مارکسیی لەنێو ئەکادیمیای دەریاییدا ئاشکرابوون. هەروەها ئەفسەرانی تریش بیروبۆچوونی تۆرانییان هەڵگرتووە، لەساڵی ١٩٤٤ (٢٣) لەوانە خرانە بەردەم دادگە، لەنێویشیاندا نەقیب ئەلپ ئەرسەلان تورکیش. لەپاش ساڵێك بەرهەڵداکرانو تورکیش گەڕایەوە بۆ یەکە سەربازییەکەی. بڕوانە: Harris , P. 62 .

(١٨) هیل ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٠ ، Lerner & Robinson , op. cit , P. 119

(١٩) موشیر فەوزی چەقماق (١٨٧٦–١٩٥٠) لەساڵی ١٨٩٨ لە ئەستەنبوڵ کۆلێجی جەنگیی تەواوکردو، لەساڵی ١٩١٨ بۆتە وەزیری جەنگ. لە ساڵی ١٩٢٠ چووە پاڵ مستەفا کەمالو لە جەنگی سەربەخۆییدا پشتیوانیی لێکرد، بەمشێوەیە مستەفا کەمال بەشێوەیەکی گەورە پشتیوانی سوپای بەدەستهێنا. ئەو رۆڵی هەبوو لە جەنگەکانی جەنگی سەربەخۆییداو لەگەڵ مستەفا کەمال پلەکەی بەرزبۆوە بۆ موشیرو، بوو بە سەرۆك وەزیران لە حکومەتی ئەنکەرەدا لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٢١– ١٠ تەموزی ١٩٢٢. هەمدیسان پۆستی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی گرتە دەست بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ (لە ١٠ تەموزی ١٩٢٢ تا ١٢ کانونی دووەمی ١٩٤٤)، چەقماق روو لە خوا بوو، خۆشی نەدەهات لە سیاسەتەکانی مستەفا کەمال لە هەردوو بواری مۆدێرنیزەو سێکیۆلاریزەبووندا، لە نووسینیشدا ئەو پیتە عەرەبییەکانی بەکاردەهێنا. زۆر لە ئەفسەرانو ژەنەرالّە لایەنگرەکانی مۆدێرنیزەو

سێکیۆلاریزەشن ناڕازیی بوون لە مانەوەی چەقماق بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ. لەسالّی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردو لە مزگەوتی ئەبو ئەییوبی ئەنساریی لە ئەستەنبولّ نێژرا.

(٢٠)Harris , op. cit , P. 60 ; Kenneth Fidel , " Military Organization and Conspiracy in Turkey ." in Kenneth Fidel (ed.) , Militarism in Developing Countries (New Jersey – Transaction inc. – 1975) P. 172

(٢١)Karpat , op. cit , P. 1659

(٢٢)Simon V. Mayall , Turkey : Thwarted Ambition (Washington – D.C – Institute for National Strategic Studies – McNair Paper , 56 – January 1997) P. 29.

(٢٣)Fidel , op. cit , P. 173

(٢٤) پارتی دیموکرات لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە لایەن جەلال بایارو رەفیق کۆرالّتانو موحەممەد فوئاد کۆپەرلوو عەدنان مەندەریس دامەزرێنراو، کەوتنە کێبڕکێیەکی بەهێزەوە لەگەلّ پارتی گەلی کۆماریی‌و تواناییان لەپاش هەلّبژاردنەکەی ١٤ ئایاری ١٩٥٠ بگەنە دەسەلاّتو، تا کۆدەتا سەربازییەکەی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ لەدەسەلاّتدا مانەوە، بە فەرمیی بە بڕیاری دادگەیەکی تایبەت لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٦٠ داخرا. پارتەکە بە پلەی یەکەم نوێنەری بەرژەوەندیی پیاوماقوولاّنو مولّکداران بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

إبراهيم خليل أحمد وخليل على مراد ، إيران وتركيا : دراسه فى التاريخ الحديپ والمعاصر (الموصل– دار الكتب للگباعه والنشر – ١٩٩٢) ص ص ٢٦٦–٢٨٠ " M.

Serhan Yücel , Türkiye'nin Siyasal Partileri 1859-2005 (Istanbul – Melisa Matbaacilik – 2005) p. 29

(٢٥)Karpat , op. cit , P. 1659

(٢٦) جلال عبد الله معوچ ، صناعه القرار فی ترکیا والعلاقات العربیه – الترکیه (بیروت – مرکز دراسات الوحده العربیه – ١٩٩٨) ص ٢١ .

(٢٧) له کۆمیٚنتیٚکدا لەمبارەیەوە ئۆرخان ئەرکانلی یەکیٚك لەو ئەفسەرانەی بەشداریيانکرد له کۆدەتاکەی ١٩٦٠ گوتوویه "هیچ گرفتیٚك لەم ولاٚتەدا نییه گەر پەیوەندیی نەبیٚت به ئاسایشی نیشتیمانییەوه له نرخی برنجەوه تا دەگاته رێگەوبانو پیٚگه سیاسییەکان. ئەگەر له بیرمەندان بوومایه ئەوا بابەتەکه پەیوەندیی دەبوو به ئاسایشی نیشتیمانییەوه...". بڕوانه ، أحمد ، سەرچاوەی پیٚشوو، لا ٢٩٢.

(٢٨) هەمان سەرچاوه.

(٢٩) Sakallioğlu , op. cit , P. 159

(٣٠) محمد نور الدین ، حجاب وحراب : الکمالیه وأزمات الهویه فی ترکیا (بیروت – ریاچ الریس للکتب والنشر – ٢٠٠١) ص ٢٦٨ .

(٣١) Sakallioğlu , op. cit , P. 157

(٣٢) Mayall , op. cit , P. 31

(٣٣) دستور الجمهوریه الترکیه لعام ١٩٨٢ ، ترجمه صلاح سلیم علی ، أرشیف مرکز الدراسات الآقلیمیه – جامعه الموصل.

(٣٤) هاینتس کرامر ، ترکیا المُتغیره تبحچ عن پوب جدید ، تعریب فاچل جتکر (الریاچ – مکتبه العبیکان – ٢٠٠١) ص ٧١ .

(٣٥) هەمان سەرچاوە ، لا ٧٢ .

(٣٦) هەمان سەرچاوە ، لا ٧٣ .

(٣٧) تورکوت ئۆزال لە شاری مەلاتیە لەساڵی ١٩٢٧ لەدایکبووە، بەشی ئەندازیاریی کارەبای لە زانکۆی تەکنیکی ئەستەنبوڵ لەساڵی ١٩٥٠ تەواوکردووە. کاریکردووە لە بەڕێوەبردنی پلاندانانی وزەی کارەبایی. بەردەوامیش بووە لەسەر خوێندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵانی ١٩٥٢– ١٩٥٣ لە بواری تەکنیکی وزەی کارەبایی‌و بەڕێوەبردنی ئەندازیاریی. لەپاش گەڕانەوەی بۆ تورکیا لەچەندین فەرمانگەی دەوڵەتدا کاریکردووە، لەنێویاندا فەرمانگەی پلاندانانی گشتیی، هەمدیسان سیمیناری لە زانکۆی تەکنیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەستەنبوڵ پێشکەشکردووەو، لەنێوان ساڵانی ١٩٧١–١٩٧٣ لە بانکی نێودەوڵەتیی کاریکردووە، پاشتر گەڕاوەتەوە بۆ تورکیاو کاریکردووە لە بەڕێوەبردنی هەندێك کۆمپانیای کەرتی تایبەت تا ساڵی ١٩٧٩ وەختێك کراوەتە یاریدەدەری سەرۆك سلێمان دێمیرئەل تا کۆدەتای سەربازیی لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠. لەژێر سایەی دەسەڵاتی سەربازیدا لەخزمەت بەردەوامبووەو، بۆتە وەزیری دەوڵەت‌و جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ئابووریی تا تەموزی ١٩٨٢. لەساڵی ١٩٨٣ پارتی دایکی نیشتیمانیی دامەزراندووەو، لە ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٨٣ بۆتە سەرۆك وەزیران لە پاش سەرکەوتنی پارتەکەی لە هەڵبژاردنە گشتییەکەدا. دیسانەوە پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٨٧دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەپاش دوو ساڵ لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ ئۆزال بوو بە سەرۆك کۆمارو تا مردنی لە ١٧ی نیسانی ١٩٩٣ لەو پۆستەدا مایەوە. ئۆزال ناسراوە بەوەی لە سیاسەتی ئابووریدا خاوەن تێڕوانینی لیبرالێیی بووەو مەیلی ئیسلامیشی هەبووە.

(٣٨)Karabelias , op. cit , P. 137

(٣٩)Sakallioğlu , op. cit , P. 159

(٤٠)Kees Koonings & Dirk Krujit , Political Armies : The Military and Nation Building in the Age of Democracy (New York – Zed Books – 2002) P. 166

(٤١) لە ٨ی ئابی ٢٠٠٣ حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا دەستیکرد بە ریفۆرمو، رۆڵی سیاسیی سوپای لە تورکیا لە چەند رێگەیەکەوە کردە ئامانجو قارسیکرد: ١) دیاریکردنی دەسەلاتەکانی جێبەجێکردنو بوارەکانی بەرپرسیارێتیی ئاسایشی نیشتیمانیی بەشێوەیەك بکرێتە ئەنجومەنێکی راوێژکاریی. ٢) زیادکردنی ژمارەی ئەندامە مەدەنییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی بەشێوەیەك سکرتێری گشتیی ئەنجومەنەکە کەسێکی مەدەنیی بێتو، راپۆرت بەرز بکاتەوە بۆ جێگری سەرۆك وەزیران. هەمدیسان رستێك لە ریفۆرمەکان تێچووی سەربازیی خستە ژێر چاودێریی توندی دەستەی لێپێچینەوەوە. بڕوانە: Soner Cagaptay ," European Union Reforms Diminish the Role of Turkish Military : Ankara Knocking on Brussels' Door ." The Turkish Year book , Vol.XXXIV , 2003 , PP. 213-214

(٤٢) بەپێی گوتەی ئۆرخان ئەرکانلی "ئەفسەران بە چینێك لەقەڵەم دەدرێن، سەرباری ئەوەی توێژێکی فەرمانبەری پیشەیین. لە تورکیادا چینێکی سەربازیی هەیە، رێك وەك چینی کرێکارو چینی جووتیاران، چینی سەربازیی ژیانێکی داخراو دەگوزەرێنن‌و تێکەڵبوونیان بە خەڵکانی مەدەنیی کەمە. ئەفسەرانیش تەواوی ژیانیان لەماڵو بنکە سەربازییەکاندایە، ماڵیش لەبنەڕەتدا درێژکراوەی ئەو بنکە

سەربازییانەیە، تەواوی بیستو چوار کاتژمێرەکە لە هەمان ژینگەو لەگەڵ هەمان کەساندا بەڕێ دەکەن. ئەم جۆرە لە ژیانکردن وایان لێدەکات هەڵگری بیروبۆچوونو گلەییو گازندەو هەمان دەرەنجام بن". بڕوانە، هیل، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨.

(٤٣) ئەم ژمارانە دەگەڕێنەوە بۆ نەوەدەکان، دەربارەی ژمارەی ئەو ئەفسەرانە بڕوانە، . Mayall , op. cit , P. 35 هەروەها ژمارەی ژەنەرالّەکان بڕوانە، Kutschera , op. cit .

(٤٤)Karabelias , op. cit , P. 148

(٤٥) معوچ ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٧ .

(٤٦) F. Stephen Larrabee & Ian O. Lesser , Turkish Foreign Policy in an Age of Uncertainty (Rand Corporation – National Security Research Division – 2003) P. 27

(٤٧) معوچ ، هەمان سەرچاوە. ، لا ١١٨ .

(٤٨)Cagaptay , Secularism and Foreign Policy , P. 9

(٤٩) جنكيز تشاندار ، " صوره لتركيا من الداخل : أزمه النظام ودور الجيش ." شؤون الّوسگ ، العدد ٦٤ ، ئێب / أغسگس ١٩٩٧ ، ص ١٦ .

(٥٠) لەراستیدا حکومەتی تورکیا سیفەتێکی ئاینیی بڕی بەسەر بەشداریی یەکە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە جەنگی کۆرییدا لەساڵی ١٩٥٠ شانبەشانی هێزە ئەمەریکییەکان. لۆرد کنروز کە ئەوکات لە تورکیا بووە باس لەوەدەکات کە "هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەنێوی ئیسلامەوە لە کۆریا جەنگاونو، پێش ئەوەی بکەونە شەڕ ئەرکە ئاینییەکانیان بەجێهێناوەو، قورئانیان بەرزکردۆتەوە". بڕوانە:

Sam Kaplan , " Din-U Devlet All Over Again ? The Politics of Military Secularism and Religious Militarism in Turkey following the 1980 Coup ." International Journal of Middle East Studies , Vol. 34 , No. 1 (February – 2002) PP. 113 , 118

(٥١) أحمد ، هەمان سەرچاوە. ، لا ٢٩٢ .

(٥٢) Nicholas S. Ludington & James W. Spain ," Dateline in Turkey : The Case for Patience ." Foreign Policy , No. 50 (Spring – 1983) P. 157

(٥٣) كرامر ، هەمان سەرچاوە. ، لا ٦٨ "

Cağaptay , Secularism and Foreign Policy , P.9

(٥٤) تشاندار ، هەمان سەرچاوە. ، لا ١٦ .

(٥٥)Karabelias , op. cit , PP. 148-149

(٥٦)Hale , op. cit , P. 80

(٥٧)Harris , op. cit , P. 56

(٥٨)Hale , op. cit , P. 81

(٥٩)Harris , op. cit , P. 56

(٦٠) نور الدين ، حجاب وحراب ، ص ٢٦٩ .

(٦١) هەمان سەرچاوە .

(٦٢) Hale , op. cit , P. 80

(٦٣) هيل ، هەمان سەرچاوە. ، لا ٧٠ .

(٦٤)Nur Yalman , " Intervention & Extrication : The Officer Corps in the Turkish Crises ." in , Henry Bienen (ed.) , The Military Intervens , Case Studies in Political Development (Connecticut – Russel Sage foundation – 1968) P. 129

(٦٥) Sabri Sayari , " Turkey's (٦٦)Kutschera , op. cit Islamist Challenge ". Middle East Quarterly , Vol . III , No. 3 , September 1996 www.meforum.org/meq

(٦٧)Kutschera , op. cit

(٦٨)Karabelias , op. cit , P. 139

(٦٩)Kutschera , op. cit

(٧٠) Ibid

(٧١) أحمد ، هەمان سەرچاوە. ، لا ٢٨٠ "، لێرە شایەنی باسکردنە کە سەرەتاکانی رەوانەکردنی نێردەی سەربازیی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ مەشقو راهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەک و کەلوپەلی سەربازیی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ پێش چەند ساڵێك لە چوونی تورکیا بۆ نێو پەیمانی ناتۆ. لەسەرەتای ١٩٤٨ تورکیا چوار کەشتی ژێر دەریایی وەرگرت، ئەمەش پێویستیی بە چوونی ٣٥٠ ئەفسەرو سەرباز هەبوو لە دەریاوانیی تورکیی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ مەشقو راهێنان لەسەریانو کەشتییە دەریاییەکانی تر. ئەمەش سەرەتای بەرنامەیەکی بەرفراوانی ئەمەریکیی بوو بۆ مەشقو راهێنان بە سوپای تورکیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، یاخود لەرێگەی ناردنی راوێژکارو راهێنەرانی سەربازیی و دروستکردنی نێوەندی مەشقو راهێنان لە بنکەکانی رێبەرایەتیی و فیرقە سەربازییەکان بە

پشتبەستن بە نێردەی سەربازیی ئەمەریکیی هاوبەش بۆ هاوکاریکردنی تورکیا "JAMMAT" هەر لە ساڵی ١٩٥٢وە. بڕوانە: Lerner & Robinson , op. cit , PP. 130-131

(٧٢)George S. Harris , " The Role of the Military in Turkish Politics ." (Part 2) , Middle East Journal , Vol. 19 , No. 2 (Spring – 1965) P. 170

(٧٣) أحمد ، هەمان سەرچاوە. ، لا ٢٩٣ .

(٧٤) Karabelias , op. cit , P. 140

(٧٥) أحمد ، هەمان سەرچاوە. ، لا لا ٢٩٣–٢٩٦ .

(٧٦)Karabelias , op. cit , PP. 140-141 ; Steven A. Cook , Ruling but not Governing : The Military and Political development in Egypt , Algeria and Turkey (Baltimore – The John Hopkins Press – 2007) P. 111

(٧٧)Karabelias , op. cit , P. 140

(٧٨)Cook , op. cit , P. 111

بەشی دووەم

سوپا و ژیانەوەی ئیسلامیی
لەتورکیا لەپەنجاکاندا

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی (١٩٣٩–١٩٤٥) تورکیا لە سیستەمی تاقە حیزبییەوە وەرچەرخا بۆ سیستەمی فرە حیزبیی. ئەو وەرچەرخانە وەڵامدانەوەی فشارە نێوخۆییەکان بوو کە هەلومەرجە ئابووریی – کۆمەڵایەتییەکان دروستیان کردبوو، هەروەها تورکیا بەگشتیی رووبەرووی رۆژئاوا، بەتایبەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە ئومێدی بەدەستهێنانی کۆمەکی ئابووریی و سەربازیی و، بەدەستهێنانی گەرەنتی سیاسیی و ئاسایشیی لە رووبەرووبونەوەی فشارەکانی سۆڤێت بۆ سەر تورکیا لەو دەمەدا. یەکێك لە دەرەنجامە گرنگەکانی وەرچەرخان بەرەو سیستەمی فرە حیزبیی لە خولقاندنی دۆخێکی سیاسیی و فیکریی گونجاودا خۆی دەبینێتەوە بۆ تەرحکردن و گفتوگۆکردن سەبارەت بە زۆر پرس و جۆو بۆچوون لە میدیاو لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا، لەنێوانیشیاندا بابەتی ئیسلام و رۆڵی لە ژیانی گشتیدا، کە یەکێك بوو لە هەرە گرنگترین پرسەکان لە پاش ساڵی ١٩٤٥[1]، بڕێك لەو تێزو دەمەتەقێو گفتوگۆیانە خۆیان دەبینەوە لە رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی رۆژئاواگەریی و مۆدێرنەی گورج و خێرا کە بوو بە هۆی دروستبوونی قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی لە تورکیا، هەروەها میدیای تورکیا لەوکاتەدا چەندین بابەتی تێدا بڵاودەکرایەوە کە جەختی دەکردەوە لە فێرکردنی ئاینیی لە سەرلەنوێ گێڕانەوەی بەها ئەخلاقییەکان بۆ ژیانی گشتیی و تایبەت لە وڵاتدا[2]، ئەو بابەتانە لەکاتێکدا هاتنەپێشێ کە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە یەکەم گفتوگۆی فەرمیی سازدا سەبارەت بە فێرکردنی ئاینیی لەکۆبوونەوەی ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا. ئەو گفتوگۆیانەی لە میانەی کۆبوونەوەکەدا بەڕێوەچوون

باسیان لەئاکارو خووڕەوشتی گەنجانو، پێویستیی سەرلەنوێ گێڕانەوەی فێرکردنی ئاینیی بوو بۆ نێو سیستەمی پەروەردەیی یاخود تێهەڵکێشکردنی لەوانەکانی خوێندندا، هەروەها چەندین ئایدیا خرانەڕوو لەبارەی دانانی فێرکردنی ئاینیی بەشێوەیەکی گورجو خێراو، بەپێی مەرجگەلێك کە دەوڵەت دیاری دەکرد. هەمدیسان ئەو گفتوگۆیانە باسیان لە گرفتی پێشنوێژ و گوتاربێژان دەکرد لەگەڵ کردنەوەی دامەزراوەی بالای فێرکردنی ئاینیی، گفتوگۆکە دەریخست ئەوانەی دبلۆمیان لە زانستە ئاینییەکاندا بەدەستهێناوە پتر نەبوو لەچەند سەد ناوێك، ژمارەکان دەریدەخەن کە لەساڵی ١٩٣٦ لەتورکیا (٢٨٧٠٠) مزگەوت هەبووەو پێشنوێژە فەرمییەکانیش تەنها ژمارەیان (٤٠٠٠) بووە[٣]، ئەوەشی سەیر بوو بڕێك لە خودی پەرلەمانتارانی پارتی گەلی کۆماریی داوای ئازادیی فێرکردنی ئاینییان کرد، بەڵام سەرۆکی حکومەت رەجەب بەکر دژی ئەم خواستە بوو بەبیانووی ئەوەی دژی ئەتاتورکیزمن[٤].

سیستەمی فرە حیزبییو کێبڕکێی پارتە سیاسیەکان هەڵی بۆ زۆرینەی گەل رەخساند، واتە دانیشتوانی مسوڵمانی سوننەتیی لادێ، تا گوزارشت بکەن لە رەتکردنەوەی سیاسەتەکانی دەسەڵاتسەپێنییو سێکیۆلاریزمو ئایدۆلۆژیای کەمالیزم، ئەو رەتکردنەوەیەو پاشهاتەکانی هەڵکشانی لەژیانەوەی ئیسلامیی هەر لەپەنجاکانەوە بەتەنها خولیای سوننەتیی نوێی پەرەپێنەدا، بەڵکو ئەو راستییە لای کۆمەڵگە رەنگیدایەوە کە پێشتر بەهۆی قەدەغەکردنی هۆکانی میدیاو پرۆسەی سیاسییەوە لێیان زەوتکرابوو[٥]. هەرچی لێرەدا شایەنی ئاماژەپێدانە دەرکەوتنی بڕێك پارتی سیاسییە کە خاوەن تێڕوانینی ئاینیی بوون لەو قۆناغەدا، بەڵام رۆڵیان

لەژیانی سیاسیدا سنووردارببوو، ئەو پارتانەش بریتی بوون لە: پارتی رابوونی نەتەوەیی "Milli kalkinma partisi" کەلە ١٨ی تەممووزی ١٩٤٥ دامەزرا، پارتی موحافزکاری تورکیی" Turk muhafaezkar partisi" کە لە ٨ی تەموزی ١٩٤٧ دامەزرا، پارتی گەل "Millet partisi" لە٢٠ی تەموزی ١٩٤٨ دامەزرا. ئەم پارتانە لەبەرنامەکانیاندا داوای گرنگیدانیان دەکرد بە فێرکردنی ئاینیی‌و، پاڵپشتیکردنی یەکێتی ئیسلامیی، هەمدیسان پارتی گەل دژی پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزم وەستایەوە، بەتایبەت پرنسیپی سێکیۆلاریزم[٦].

رووداوەکانی پێشتر بەرووڕی گرنگیی فاکتەری ئاینییان دەرخست لە کۆمەڵگەی تورکیدا، کە ئیسلام پێکهێنەرێکی سەرەکیی پێکهاتەکانی شوناسەکەیەتی[٧]. سەبارەت بە پارتی گەلی کۆماریی دەسەلاتدار ئاماژەیەك بوو کە مانەوەی لەدەسەلاتدا زامن نییە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ١٩٤٧ لەبەردەم کێبڕکێی پارتی دیموکراتدا، کە لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دامەزراو رۆژ لەدوای رۆژ پشتیوانیی زیاتری بەدەست دەهێنا لەلایەن هاولاتیانەوە، چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا پارتی دیموکرات وەلامدانەوەی خواستی توندی جەماوەریی بوو بۆ گۆڕانکاریی‌و، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەش پارتی گەل هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی پێشخست بۆ ٢١ی تەمووزی ١٩٤٦، پارتی گەل بە ٣٩٦ کورسی لە پەرلەماندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەبەرامبەر ٦٢ کورسی بۆ پارتی دیموکراتو ٧ کورسیش بۆ سەربەخۆکان[٨].

ئەو چوار ساڵەی کە تێپەڕبوو لەنێوان هەڵبژاردنەکەی ١٩٤٦و هەڵبژاردنەکەی دواتر لە ١٤ی ئایاری ١٩٥٠ کێبڕکێیەکی توندی لەنێوان

ئەو دوو پارتەدا بەخۆوەبینی. لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان سێکیۆلاریست بوون بەڵام درێغییان نەکرد لە بەکارهێنانی ئایین بۆ ئامانجو مەرامە سیاسییەکانیان، واتە بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانو گەیشتن بە دەسەڵات، پارتی گەلی کۆماریی بڕیك سازشی کرد لە پرسە ئاینییەکاندا یەکەم لەژێر فشاری رای گشتیی، دووەمیش بەخاتری بەرەنگاربوونەوەی تۆمەتەکانی حیزبی دیموکرات بەوەی (پارتێکە دژی ئیسلامە)[٩]. هەر لەساڵی ١٩٤٧وە حکومەتەکەی پارتی گەلی کۆماریی ئەو بەربەستانەی ئاسانکرد کە خرابوونەسەر ئەنجامدانی فەریزەی حەج، حکومەتی تورکیا لە سەردەمی ئەتاتورکدا ئەنجامدانی ئەم فەریزەیەی قەدەغەکرد، چونکە حکومەت حەزی بە بەشداریی هاوڵاتیانی تورك نەدەکرد لەو گردبوونەوە ئیسلامییەدا، هەر لەهەمان ساڵدا وەزیری رۆشنبیریی پلانێکی راگەیاند لەبارەی راهێنانی پێشنوێژان لە پەیمانگە ئاینییە تایبەتەکاندا، دیسانەوە لە تەموزی هەمان ساڵدا گوتارێکی نوێی پارتی گەلی کۆماریی بەدی دەکەین لەچوارچێوەی ماددەی (٢) کە لە پێڕەوو پرۆگرامەکانیدا هاتووە "پارتەکە رەزامەندە بە جیاکردنەوەی کاروبارە ئاینییەکان لەکاروبارەکانی دەوڵەت، هەروەها پارتەکە داندەنێت بە ئازادیی هەستوسۆزو ئیمان وەك شتێکی پیرۆز بۆ هەمووان، مافی هەمووانە بەو زمانو رێگەیە عیبادەتەکەیان جێبەجێ بکەن کە پێیان باشە، پارتەکە رازی دەبێت بە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو رێکخراوانەی کە خاوەن ئامانجی ئاینیین، هەروەها دارایی ئەو رێکخراوانە بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە، پێویستیشە ئەو رێکخراوانە توانایان هەبێت بۆ ئاڕاستەکردنی کاروباری ئاینیی شوێنکەوتەکانی[١١]. لەساڵی ١٩٤٩ پارتی گەلی کۆماریی رازی بوو بە

ئامادەکردنی فێرکردنی ئاینیی ئیختیاریی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا[١٢]. هەروەها لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٤٩ یاسای ژمارە (٥٤٢٤) دەرچوو بۆ دامەزراندنی کۆلێژی زانستە ئاینییەکان "کلیە الالهیات" لەزانکۆی ئەنکەرە. کۆلێجەکە لە٣٠ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا کرایەوەو، مامۆستایان لە مەغریبو یۆگوسلافیاو دەوڵەتانی تری ئیسلامی بۆ وانە گووتنەوە بانگهێشت کران[١٣]. هەرچی کۆتا ڕێوشوێنی پارتی گەلی کۆمارییە لەپاش دووڕکەوتنەوەی لەدەسەلآت لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ١٩٥٠ خۆی لەو یاسایەدا دەبینێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەوە لە ٢٣ی ئازاری ١٩٥٠ دەرکرا تایبەت بە بەرفراوانکردنی"بەڕێوەبردنی کاروبارە ئاینییەکان"، لەیاساکەدا هاتبوو کە جێگری بەڕێوەبەرێك دیاری بکرێتو، لیژنەیەکی ڕاوێژکاریش دیاری بکرێت بۆ چاپەمەنییەکانو ئیدارەی دەزگا فێرخوازییەکان، لیژنەیەکی سەرپەرشتیش دیاریی بکرێت بۆ بلاوکردنەوەی قورئانی پیرۆز. هەروەها دیاریکردنی موفتی لەسەرجەم ناوچەکانی ولآتدا. پارتەکە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٠دا پەیمانیدا بە کردنەوەی مەزارگەو شوێنە پیرۆزەکان، هەروەها پەیمانیدا هەمیشە وەفادار بێت بۆ ئیسلام[١٤]. بەلآم ئەو ڕێوشوێنانە وێنەی پارتی گەلی کۆماریی جوان نەکرد لەچاوی ئەو زۆرینەیەی کە پەراوێز خرابوو بە درێژایی دەسەلآتی ئەم پارتە، مەبەستم دانیشتوانی گوندو دێهاتەکانە، سەرباری چەندین شاری تر کە تارادەیەکی زۆر دووربوون لە مۆدێرنە، وەك قونیەو سێواس کە بنکەیەکی بەهێزی بەها ئیسلامییەکان بوون[١٥]، بەمشێوەیە پارتی گەلی کۆماریی لە

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ١٤ی ئایاری ١٩٥٠ دووچاری شکستێکی گەورە بۆوە لەبەردەم پارتی دیموکراتی رکابەریدا[١٦].

هەرچەندە پارتی دیموکرات لەبنەڕەتدا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی مەزنە مولکدارو خاوەن سەرمایەو پیشەسازانی دەکرد، بەڵام توانی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تریش بەلای خۆیدا کەمەنکێش بکات، کە بێزارو جاڕسبوون لە قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەلایەن پارتی گەلی کۆماریی‌و، شکستهێنانی لە چارەسەرکردنی زۆر گرفتی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی، سەرباری ئەو شێوازی سەرکوتەی گرتبوویەبەر. جووتیاران لە پێشەنگی پشتیوانان بوون لەپارتی دیموکراتو کاریگەر بوون بە بەڵێنەکانی پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی، بەتایبەتی هەرچی پەیوەستبوو بە پرسە ئاینییەکانەوە. لەنێو ئەو بەڵێنانەدا سەرلەنوێ بانگدان بەزمانی عەرەبیی‌و، گێڕانەوەی فێرکردنی ئاینیی‌و، پشتگیریکردن لە "کلیە الالهیات"و، کردنەوەی مزگەوتو، بەخشینی پێشینە بە هاوڵاتیان بۆ جێبەجێکردنی فەریزەی حەجو، رەتکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەرچی تایبەتە بە پۆشاکی ئافرەتان[١٧]. لەراستیدا پارتی دیموکرات هەوڵیدا لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی‌و، گرنگیدان بە دانیشتوانی گوندەکان‌و بەهاکانیان. بەپێی گێڕانەوەی خانمە کۆمەڵناسی تورك بەهیجە بۆران لەگەڵ هەڵکشانی پەیوەندیی لەنێوان گوندو شار لەچلەکاندا گوندنیشینان هەستیان بەوە کرد، کە شێوازەکانی ژیان لەگوندو دێهاتەکاندا بایەخی کەمتری هەیە، هەرچی هەڵمەتەکەی پارتی دیموکراتە لەکاتی گونجاوی خۆیدا بوو تا نێوچە گوندنشینە سوونەتییەکان بڕوایان هەبێت بەوەی کەمتر نین لە

شارنشینان، پارتی دیموکرات دیسانەوە جەختیکردەوە لەسەر ئیسلامو بەها دێهاتییە سوننەتییەکانو رەوایەتییان[18].

لەلایەکی ترەوە پارتی دیموکرات بەڵێنی تریدا بە باشکردنی بارو گوزەرانی جووتیاران لەپاش چۆرتمو ناڕەحەتییان لەژێر سایەی دەسەلاتی پارتی گەلی کۆماریییدا کە ووزەو تواناکانی گردکردەوە بۆ بنیاتنانی سێمبولەکانی شوناسی نەتەوەیی لەبری گۆڕینو باشترکردنی دۆخی ژیانو گوزەرانی جووتیاران لە وەختێکدا قازانجی کەرتی کشتوکاڵی کۆمەکیی سەرلەنوێ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی تورکیای دەکرد[19]، لەگەڵ ئەوەی دۆخی قورسو خراپ لەگوندەکانداو، پێویستبوونی توند بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵییو، مەترسی تەقینەوەی راپەرینە جووتیاریییەکان لە کۆتا سااڵی جەنگی دووەمی جیهانیدا، پارتی گەلی کۆماریی ناچارکرد پرۆژەی (ریفۆرمی کشتوکاڵیی) لە شوباتی ١٩٤٥ پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە بکات ، لەهەمان سااڵیشدا پرۆژەکە بڕیاری لێدرا[20]. بەاڵم جێبەجێکردنی یاساکە خاووخلیچك بوو، هەمدیسان هێزی سیاسیی مواڵکدارانی زەوی رێگربوو لە بەدیهاتنی هەرجۆرە ریفۆرمێکی کشتوکاڵیی کاراو بەهێز[21].

هەرچی شارەکانە پارتی دیموکرات پشتیوانیی سەرمایەدارانو پیشەسازانی بەدەستهێنا لەرێگەی بەڵێنەکانیەوە بەگرتنەبەری سیاسەتێکی ئابووریی لیبرااڵ بە ئامانجی سنوردانان بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریداو، گواستنەوەی ئەو پرۆژانەی کە دەوڵەت خاوەنی بوو بۆ کەرتی تایبەت[22]. لەبەر ئەم هۆکارە بۆرژوای مامناوەند دەنگی خۆی دایە پاڵ پارتی دیموکرات، ئەم چینە بریتی بوون لە خاوەن

دامەزراوە پیشەسازییو بازرگانییە گچکەکان، لەماوەی سالآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێکهاتن، بەلآم پارتی گەلی کۆماریی رێگربوو لە پشکوتنو گەشەکردنی بۆ چینێکی سەرمایەداریی[٢٣]. لەکۆتاییدا زۆرێك لە گەنجان بە تایبەت رۆشنبیرەکانیان، دەنگی خۆیان خستە پالٚ پارتی دیموکرات بەو هیوایەی لە تورکیادا سیستەمێکی دیموکراسیی هاوشێوەی سیستەمە دیموکراسییەکان لە دەولٚەتانی رۆژئاوادا دابمەزرێت[٢٤].

لەپاش راگەیاندنی ئەنجامی هەلٚبژاردنەکەی ئایاری ١٩٥٠ پارتی دیموکرات جلٚەوی دەسەلآتی لە تورکیادا گرتەدەست، سکرتێری پارتەکە جەلال بایار (١٨٨٣–١٩٨٦) سەرۆکایەتی کۆماریی گرتەدەست[٢٥]. کەسی دووەمی پارتەکەش عەدنان مەندەریس (١٨٩٩–١٩٦١) سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی گرتەدەست، ئیدی پارتی دیموکرات بۆ ماوەی دەیەیەك لە دەسەلآتدا مایەوە لەپاش ئەوەی دیسان لە هەلٚبژاردنەکەی ئایاری ١٩٥٤و تشرینی یەکەمی ١٩٥٥ دا سەرکەوتنی مسۆگەر کردەوە[٢٧].

هەلٚبژاردنەکەی ئایاری ١٩٥٠ وێستگەیەکی یەکلاکەرەوە بوولە مێژووی تورکیادا لەنێوان لابردنی رووخسارە ئیسلامییەکان لە دەولٚەتو کۆمەلٚگەداو، قۆناغی سەرلەنوێ گێڕانەوەی شوناسی ئاینیی نەتەوە[٢٨]. بۆیەشە بڕێك لە چاودێرە رۆژئاواییەکان ماوەی دەسەلآتی پارتی دیموکرات وەسفدار دەکەن بەوەی " ماوەی ژیانەوەی ئیسلامیی "بوو لە تورکیادا[٢٩]. حکومەت لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٠دا یاسایەکی دەرکرد رێگەیدا بانگ بە زمانی عەرەبیی بدرێت، ئیدی بە رەهایی یاسەکە مایەی خۆشحالٚی بوو بەشێوەیەك لەو کاتەوە بانگدان بە زمانی عەرەبیی نەبیسترا بوو[٣٠]. لە ٥ی تەموزیشدا یاسای قەدەغەکردنی بەرنامە

ئاینییەکان لە ئێستگەکانی تورکیادا هەڵگیرا، هەمدیسان پەخشی خوێندنی قورئانی پیرۆز دەستیپێکردەوە. لەتشرینی یەکەمی ١٩٥٠دا وانە ئاینییەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە نزیکیی چەسپێنران[٣١]. هەروەها لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥١دا فەرمانێکی فەرمیی دەرکرا بە کردنەوەی قوتابخانەکانی پێشنوێژیی‌و گوتاربێژیی لە تورکیا. بەمشێوەیە بۆ یەکەمجار ئەو قوتابخانانە بە یاسایی کران. لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥١دا خوێندن بە پراکتیکیی دەستیپێکرد، ژمارەشیان حەوت قوتابخانە بوو بەسەر شارەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ‌و ئەدەنەو ئەسپارتەو قونیەو قەیسەری‌و مەرعەشدا دابەشکرابوو . پاشتر پلە بەپلە لەساڵی ١٩٥٨دا ژمارەکە بەرزبۆوە بۆ ٢٧ قوتابخانە، دوو قۆناغی لەخۆ گرتبوو، قۆناغی نێوەندیی ماوەکەی چوار ساڵان بوو، قۆناغی ئامادەیی ماوەکەی ٣ ساڵان بوو[٣٢]. هەمدیسان قۆناغی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات هەڵمەتی بنیاتنانی مزگەوتی نوێی بەخۆوە بینی، لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی ئەو مزگەوتانەی هەبوون، بۆ ئەم مەبەستەش بڕێك دیاریکرا بۆ ئەو گوندانە، ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا بنیاتنران بە ٥٠٠٠ مزگەوت قەبڵێنراوە[٣٣]. دیسانەوە حکومەت فەرمانیکرد بە کردنەوەی مەزارگە بەنێوبانگەکان کە لەساڵی ١٩٢٥وە داخرابوون، بەتایبەت لە ئەستەنبوڵ‌و قونیە، هەروەها راگەیاندنی خوێندنەوەی بەسەرهات‌و باسوخواسەکانی پێغەمبەر لەو مزگەوتانەدا کە نوێژی هەینیی تێدادەکرا[٣٤]. سەرباری ئەوەی باسمانکرد حکومەت رێگەیدا بە دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤارو ئەو چاپکراوانەی کە خاوەن نێوەرۆك‌و تێڕوانینی ئیسلامیی بوون، بگرە وەزارەتی رۆشنبیریی هاریکاربوو لە دەرکردنی چەندین بەرهەمی

وەرگێڕدراوی بەرهەمە کلاسیکیە ئیسلامییەکان لەبوارەکانی مێژوو و فیکرو تەسەوفدا[٣٥]. دیسانەوە هەمان قۆناغ دەرکەوتنی جموجۆڵی ڕێبازە سۆفییەکانو جوولانەوە ئاینییەکانی لە وڵاتدا بەخۆوە بینی، لەپاش ئەوەی یاسا هەر لەساڵی ١٩٢٥وە هەموو جۆرە جموجۆڵێکی ئەوانی قەدەغەکردبوو. ئەو جموجۆڵانە زەمینەی خۆشکرد لەبەردەم هەندێك لەو ڕێبازو جوڵانەوانە لە قۆناغەکانی پاشتردا بەشداریی کارا بکەن بەشێوەیەکی ئاشکرا لەچوارچێوەی جوڵانەوەی ئیسلامیی لە تورکیادا، بەتایبەت هەر لەدەیەی هەشتاکانەوە دیارترین ئەو ڕێبازە سۆفییو جوولانەوە ئاینییەکان کە لەماوەی پارتی دیموکراتدا کەوتنە جموجۆڵو چالاکیی بریتین لە:

١-نەقشبەندییەکان: یەکێکە لە ڕێبازە سۆفییە کۆنەکان، دامەزرێنەکەی خواجە بەهادین موحەمەد کوڕی موحەممەدە (٧١٨-٧٩١ك- ١٣١٨-١٣٨٩ز). ئەم ڕێبازە لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەی زاینیدا خزاوەتە نێو دەوڵەتی عوسمانییەوە[٣٦]، بەڵام بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەدەی نۆزدەدا دەگەڕێتەوە بۆ تازەگەری ڕێبازی نەقشبەندیی زاناو سۆفی کورد زیائەدین ئەبولبەها خالید کوڕی حوسێنی شارەزووریی ناسراو بە مەولانا خالیدی نەقشبەندیی (١٨٢٧ مردووە)[٣٧]. لەپاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا ئەم ڕێبازە بە ڕووی ڕێوشوێنە سێکیۆلارەکاندا وەستایەوە، دیارترین نموونەش بۆ ئەمە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران بوو لەساڵی ١٩٢٥، کە پاش چەند مانگێك کەمالیستەکان سەرجەم ڕێبازە ئاینییو سۆفییەکانیان لەوڵاتدا قەدەغەکرد. لەپاش گواستنەوەی تورکیا بۆ سیستەمی فرە حیزبیی

لەپاش جەنگی دووەمی جیهانیی تەریقەتی نەقشبەندیی کەوتەوە جموجۆڵ، کاریکردە سەر بنجداکوتینی ئامادەبوونی رێبازەکە لەنێوەندی مامۆستایانی زانکۆو فەرمانبەرانی دەوڵەتو خاوەن پیشەکاندا[٣٨]. ئەو جموجۆڵانە لەسالانی یەکەمی دەسەلاتی پارتی دیموکراتدا بەدیارکەوتن، بەڵام ئەم تەریقەتە لەگەڵ عەدنان مەندەریسدا لەسالی ١٩٥٤ ناکۆکی کەوتە نێوانیانو بووە هۆی ئەوەی دەسەلات هەڵمەتێك لەدژی باوەڕیارانی دەست پێبکات[٣٩]. پاشتریش بوون بە گرووپ گرووپ، زۆربەیان میانڕۆ بوونو پشتیوانییان لەپارتە ناسیۆنالیستە — ئاینییەکان دەکرد، هەمدیسان لەقۆناغەکانی پاشتردا لە ریزەکانی ئەم رێبازەدا رێبەرانی سیاسیی بەدیمەن لە جوولانەوەی ئیسلامیی تورکیدا دەرکەوتن.

٢—تیجانییەکان: ئەم رێبازە لە ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەدا لەسەردەمی ئەحمەد تیجانیی (١٧٣٧—١٨١٥) دامەزراوە، ئەم نێوەش دەگەڕێتەوە بۆ خێڵێکی بەربەریی جەزایریی لەنزیك تلمیسان بە نێوی تیجان یاخود تیجانا[٤٠]. لەپاش بلاوبوونەوەی ئەم رێبازە لە ئەفەریقا لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا (١٨٧٦—١٩٠٩) خزایە نێو دەوڵەتی عوسمانییەوە، لەسالی ١٨٩٧ یەکەم نێوەندی خۆی دامەزراند[٤١]. لەپاش قەدەغەکردنی رێبازە ئاینییو سۆفییەکان لەسالی ١٩٢٥ ئەم رێبازە لەگەڵ باوەڕیارە کەمەکانیدا نێوی نەما، تاسالی ١٩٤٩ هیچی لەبارەوە نەبیسترا وەختێك شوێنکەوتەکانی دووبارە کەوتنەوە جموجۆڵ بە رێبەرایەتیی سەرمایەدارێك لە ئەنکەرە بەنێوی کەمال بیلاو ئۆگلۆ، ئەو پێش چەند سالێکی کەم چووە نێو ئەم رێبازەوەو هەوڵیدا پشتیوانیی

باوەڕیارانی بەدەست بهێنێت بەئامانجی بەدەستهێنانی کورسییەك لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا، بیلاو ئۆگلۆ یاسای خوێندبوو، چەند کتێبێکیشی بلاوکردەوە لەبارەی پرسە ئاینییو کۆمەلایەتییەکانو، چەند کتێبێکیش دەربارەی کۆمۆنیزم[٤٢]. لەپاش گەیشتنی پارتی دیموکرات بە دەسەلات بەماوەیەکی کەم بیلاو ئۆگلۆ درایە دادگا چونکە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەتاتورکیزمو گەڕانەوەی بۆ ئیسلام کردبوو، بەلام حکومەت بەناچاری دادگاییکردنەکەی هەڵوەشاندەوە بەهۆی ئەو خۆپیشاندانە تووندانەی کە باوەڕیارانی لەبەردەم دادگەی ئەنکەرە ئەنجامیاندا، زۆربەشیان گەنج بوون[٤٣]. دەگوترێت ژمارەی باوەڕیارانی رێبازەکە ئەوکات (٣٠٠,٠٠٠) کەس بووە[٤٤]. رێبازی تیجانیی بەوە ناسراوە دژی ئەتاتورکیزم بووە، لەئایاری ١٩٥١دا بلاوکراوەیەکی دابەشکرد تێیدا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەتاتورکیزمی دەکرد لەگەڵ ئەوەی نێوی بە (بتپەرستیی) بردبوو، هەروەها داوای دانانی دەستورێکی نوێی بۆ ولات کردبوو لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامیی. باوەڕیارانی ئەم رێبازە هێرشیانکردە سەر چەندین پەیکەری ئەتاتورك، حکومەتەکەی پارتی دیموکراتی ناچار کرد لە حوزەیرانی ١٩٥١دا یاسایەك دەربکات بۆ پاراستنی کەسایەتیی ئەتاتورك لەتانەو تەشەر لێدانو، پاراستنی پەیکەرەکانی لەسووکایەتی پێکردن، لەپاش ئەوەی ٧٠ هێرشکرایە سەر پەیکەرەکانی ئەتاتورك[٤٥]. بە پشتبەستن بەم یاسایە بیلاو ئۆگلۆو ژمارەیەك لە باوەڕیارانی لە تەموزی ١٩٥٢ سزای زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو لەنێوان ٥ بۆ ١٠ سالاّن، لە ساڵی ١٩٥٣ بیلاو ئۆگلۆ دوورخرایەوە

بۆ یەکێك لە دوورگە تورکییەکانو لەوێ دەستەبەرکرا[٤٦]. لەوساوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵی ئەم رێبازە پاشەکشەی کردووە.

٣–سلێمانییەکان: ئەم رێبازە لەسەرەتای پەنجاکانەوە سەریهەڵدا، بەم نێوەوە ناسراوەو دەگەڕێتەوە بۆ سلێمان حیلمی تۆناهان (١٨٨٨–١٩٥٩)، شێخێکی پێشووی نەقشبەندییە، ناسراوە بەوەی دژی رێوشوێنە کەمالییەکان بووە، لەپاش رەتکردنەوەی فێرکردنی ئاینیی، تۆناهان نەیتوانی قوتابخانەی قورئانیی بەشێوەیەکی نهێنیی بکاتەوە بۆیە پەنای بردە بەر شەمەندەفەرو دوکانو خانەکان وەك شوێنگەلێك بۆ گوتنەوەی وانە ئاینییەکان. ئەو لەو دەمەدا پتر لە جارێك دووچاری راوەدونانو بانگکردنو دەستبەسەرکردن بۆوە[٤٧]. تۆناهان لەپاش سەردەمی فرە حیزبیی لەتورکیا کەوتە جموجۆڵی ئاشکرا. ئەم رێبازە جیاواز لە رێبازەکانی تر میتۆدی بیرکردنەوەی گرتبووەبەر، هەروەها خوێندکارانیشی داخراوبوون بە سرووتەکانی رێبازەکەو، بە پیرۆز راگرتنی زێدەڕۆی شێخ سلێمان[٤٨]، لەهەر شوێنێك بوونیان هەبووایە قوتابخانەیەکی ئاینییان دەکردەوە[٤٩]. باوەڕیارانی ئەم رێبازە بەوە ناسراون کە توندڕۆو تونددەماربوون لە بەرهەڵستیکردنیان دژ بە سیستەمە سێکۆلارەکە، بەرنامەی رێبازەکە بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییو سەرلەنوێ گێڕانەوەی شکۆمەندییەکانی پێشووی ئیسلام لەرێگەی جیهاد لە دژی سێکۆلاریستەکان بەو پێیەی بێباوەڕنو پێویستە لە دژیان بجەنگن. بۆیەشە رێبازەکە تورکیای بە "خانەی جەنگ" لەقەڵەمدا کە پێویستە جیهادی تێدا بکرێت لە پێناو گۆڕینی بۆ "خانەی ئیسلام"[٥٠]، رێبازەکە هەر لە پشکوتنیەوە لە پارێزگاکانی

باشووردا چڕببۆوه، بەتایبەت لە ئەدەنە، هەمدیسان هەواداری لە ئەستەنبوڵ هەبوو زۆربەشیان لەمەزنە بازرگانان بوون. لەساڵی ١٩٥٧ دادوەری گشتیی فەرمانیکرد بە قۆڵبەستکردنی تۆناهان، بەڵام داواکە ڕەتکرایەوە، چونکە بەڵگەی پێویست لەبەر دەست نەبوو لەسەر جموجۆڵە دژەکانی بەرامبەر بە دەوڵەت[٥١]. لەپاش مردنی تۆناهان لە ئەیلوڵی ساڵی ١٩٥٩ زاواکەی کەمال کاجار بوو بە شێخی ڕێبازەکە کە دەسەڵاتێکی بەهێزی هەبوو لە نێوخۆی ڕێبازەکەدا[٥٢]. بەشداریی ڕێبەری نوێی ڕێبازەکە لە ژیانی سیاسییو حیزبیی لە تورکیادا پتر لە قۆناغەکانی دواتردا هەڵکشا.

٤–کۆمەڵەی نوور Nurçuluk: ئەم نێوە دەگەڕێتەوە بۆ " پەیامەکانی نوور" کە زانای لەخواترسو بانگخوازی ئیسلامیی مەزن بەدیوعوززەمان سەعید نورسیی (١٨٧٣–١٩٦٠) نووسیویەتی، بڕێکجار بە "جوولانەوەی نوورسیی" نێو دەبرێت. سەعید نوورسی لەکوردانی تورکیایە، ژیانی ئەو لێوانڕێژە لە هەڵوێستی مێرانەو بەخشینی فیکریی[٥٣]، وێڕای ئافەرۆزکردنی سیاسەتو سیاسەتکردن لەپاش دامەزرانی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣، دووچاری ڕاودوونان بۆوە، ئەو سالانی (١٩٢٦–١٩٤٩)ی ژیانی بەزیندانیکردنو نەفیکردن بردۆتەسەر[٥٤]. هەر لەساڵی ١٩٢٦وە کەوتۆتە نووسینی "پەیامەکانی نوور"، لەساڵی ١٩٥٠ تەواویکردووە، سەرجەمیان ١٣٠ پەیامەو ئیسلامی بە گشتگیریی پێشکەشکردووە بۆ گەردوونو ژیانو مرۆڤ بە پشتبەستن بە ڕاستییەکانی قورئانی پیرۆزو ڕاڤەکردنی ماناکانی. ئەو پەیامانە بە دەسخەتی خۆی نوسراوەو قوتابیو باوەڕیارانی نووسیویانەتەوە، ڕێگە بە چاپکردنیان نەدراوە تا ئەو کاتەی لەساڵی

١٩٥٦ کتێبەکانی لەرووی یاساییەوە گرفتیان لەسەر نەماو دادگە بڕیاری بێخەتایی دەرکرد، چونکە راڤەگەلێك بوون راستییە ئیمانییەکانیان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە روون دەکردەوە، وانەکانی پەیامەکانی نوور برایەتیی‌و تەبایی لەنێو موسوڵمانانداا دەچەسپاندو، باوەڕیارانی پەیامەکانیشی هیچ هەوڵێکیان نەدەدا بۆ ئامانج یاخود مەبەستە دنیاییەکان[٥٥].

نوورسی هەر لە قۆناغی بەرایی ژیانیەوە[٥٦] جەختیکردۆتەوە لەسەر گرنگیی فێرکردن‌و هۆشیارکردنەوەی ئاینیی بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی شالاوی فیکریی رێکخراو. هەروەها داوای گەڕانەوەی ئیسلامی دەکرد بۆ پاکوبێگەردییە رەسەنەکەی. هەروەها داوای تازەگەریی دەکرد لە بانگەوازکردن بۆ ئیمان لەرێگەی بالاکردنی بە فیکری ئیسلامیی لەرێگەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە خوێندکاران لە زانستە شەرعییەکانەوە دەستیان دەکەوێت‌و، لەنێوان ئەوەی لە قوتابخانە حکومییەکانەوە کە لە زانستە گەردوونییە سروشتییەکانەوە دەستیان دەکەوێت[٥٧](بیرکاری‌و فەلەکناسیی‌و کیمیاو فیزیا...هتد). نوورسی هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە گرنگی دەدا بە خوێندنی ئەو زانستانە شانبەشانی زانستە شەرعییەکان. ئەو مێژوو و جوگرافیاو فەلسەفەشی خوێندووە. نوورسی پێیوایە ئیمان پەیوەستە بە یەکتاپەرستییەوە، دیسانەوە پێیوایە دەرگای ئیجتیهاد دەکرێت بەکراوەیی بمێنێتەوە، بەڵام لەم قۆناغەی ئێستادا چەندین بەربەست و قۆرت هەن بەری لێدەگرن. لەگەڵ ئەوەی جوولانەوەی رۆژئاواگەریی رەتکردۆتەوە لەتورکیادا، کەچی داوای پشتبەستنی کردووە بە هۆکارەکانی شارستانێتی پیشەسازیی‌و سوود وەرگرتن لێیانەوە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی موسوڵماندا، ئەو پێیوایە

تازەگەریی پێویستی بە تەبەنیکردنی تەکنەلۆژیای هاوچەرخە لەگەڵ پاراستنی بەها زاتییەکان یاخود پاراستنی شوناسی ئیسلامیی[٥٨]. لەپاش گەیشتنی پارتی دیموکرات بە دەسەلآت لەساڵی ١٩٥٠ چەندین بابەتی نووسیوەو هێرشی کردۆتە سەر سێکیۆلاریزمو داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کردووە لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیی[٥٩]. نوورسی بەشێوەیەکی رانەگەیەندراو داوای لە قوتابیانو باوەڕیارانی کردووە دەنگ بدەن بە پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٠دا. لەپاش سەرکەوتنی پارتەکە لەو هەڵبژاردنەدا نوورسی پەیامێکی ئاڕاستەی دیموکراتەکان کرد تێیدا حکومەتەکەی پارتی گەلی کۆماریی بەو "ماسۆنیانە وەسفدار کرد کە ئایینو ئیمانو رۆحیان لەولآتدا بەهەدەرداوە لەسەروبەندی دەسەلآتی دیکتاتۆریی‌و سەرۆکایەتی تاکەکەسیی"دا[٦٠]. دیسانەوە بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی جەلال بایار کردووەو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستووە لە "خزمەتکردنی ئیسلامو نەتەوە"دا ، بەلآم نوورسی دوور بوو لە سیاسەت، تەنانەت گەر قوتابیانیشی بیانوویستایە بچنە نێو سیاسەتەوە دەبوو بەشێوەیەکی تاکەکەسیی سیاسەت بکەن[٦١].

هەڵوێستی نوورسی بەرامبەر بە پارتی دیموکرات راڤەی خواستی ئەو دەکات بۆ بەرگرتن لە گەڕانەوەی پارتی گەلی کۆماریی بۆ دەسەلآتو، بەرەنگاربوونەوەی تەوژمی کۆمۆنیستیی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا هەر لە ئاخروئۆخری جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەرکەوت[٦٢]، وێڕای هەڵوێستی لایەنگرانەی لەپارتی دیموکرات بەلآم دەسەلآتدارانی تورکیا داوایەکیان لەسەر تۆمارکردو لەکانوونی دووەمی ١٩٥٢ دایانە دادگا وەختێك یەکێك لە قوتابیانی هەستا بەچاپکردنی دانراوێکی نوورسی بەنێوی "رێبەری

لاوان". دادگا سێ جاران کۆبۆوە بۆ دادگایکردنی لەنێوان ٢٢ی کانوونی دووەم – ٥ی ئاداری ١٩٥٢، دواجار بێخەتا دەرچوو[٦٣]. لەپاش تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس ئەحمەد ئەمین یەڵمان کە یەکێك بوو لە جوولەکەکانی دۆنمەو دژی ئیسلام بوو، یەڵمان هەڵمەتێکی توندی کردە سەر قوتابیانی نوورو رێکخستنەکانیانی بە هۆیەك لەقەڵەمدا دژ بە سێکیۆلاریزم، رۆژنامە سێکیۆلارەکانی تریش بەشداریان کرد لەو هەڵمەتەداو، حکومەت ناچار کرا فەرمان بدات بە داخستنی سەرجەم نێوەندەکانی رۆژنامەو گۆڤارە ئیسلامییەکانو قۆڵبەستکردنی سەرجەم نووسەرەکانیان کە کاریان دەکرد لەو نێوەندانەدا[٦٤]. لەساڵی ١٩٥٨ هەڵمەتەکە دووبارە بۆوە دژ بە قوتابیانی نوورو ژمارەیەکیان لە ئەنکەرەو ئەستەنبوڵو ئەسپارتە لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا قۆڵبەستکران[٦٥].

نوورسی لە ٢٣ی ئاداری ١٩٦٠ وەفاتی کردو لەپاش خۆی میراتێکی فیکریی دەوڵەمەندی بەجێهێشت، بەتەنها میراتەکەی کاریگەریی لەسەر تورکیا نەبوو، بەڵکو دەرێی تورکیاشی گرتەوە. لە دەیەکانی پاشتردا جموجۆڵی جوولاّنەوەی نوور بەردەوامبوو پشتیوانییان لە پارتە ئیسلامییە سیاسیەکان کرد کە لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا دەرکەوتن، چونکە قوتابیانی نوور بەشێوەیەکی گشتیی چوونیان بۆ نێو سیاسەت رەتدەکردەوە لەرێگەی گۆڕینی جوولاّنەوەی نوور بۆ پارتێکی سیاسیی[٦٦].

هەڵوێستی نەرمڕۆی پارتی دیموکرات بەشێوەیەکی رێژەیی لەبەرامبەر پرسە ئاینییەکاندا وایکرد لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە رەخنەیان لێ بگیرێت،

بەتایبەت لەلایەن پارتی گەلی کۆمارییەوە کە هەستی بە "مەترسی"و "لەباربردنی بەها رۆژئاواییەکان" دەکرد. وەك مەندەریس تێبینی کردووە ئۆپۆزسیۆن کە ئیسلامو کۆنەپەرستیی یەکساندەکرد بە عەقڵییەتی ئەو بەرەیەی لەقەڵەمدا کە زۆر دوورن لە گەلەوە. بەمشێوەیە درێژەی پێداوە "ئەوانەی دەڵێن پاشکەوتوویی هەیە درۆیە وەك ئەوە وایە "مەبەستی کۆمارییەکان"ە پاشکەوتوو و نەخوێندەواربنو بیروبۆچونەکانی سەدەکانی نێوەڕاست بەباش بزانن. بەپێی گوتەکانی ئۆپۆزسیۆن بێت، کۆمەڵگەی تورکیی کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووەو سازو ئامادەیە رووبکاتە جوولانەوەیەکی ئاینیی کۆنەپەرستیی کە ناکرێت بەری لێبگیرێت مەگەر بە هەڕەشەی چەك. ئەمە سووکایەتییە بە کۆمەڵگەی تورکیی... بە بۆچوونی ئۆپۆزسیۆن بێت، تەنها کەمۆکەیەك مرۆڤی راستەقینە هەن لەولاتدا، ئەوانیش رۆشنبیرانو چاکەخوازانن، هەرچیش دەمێنێتەوە دەمارگیرەکانن، لە دیدگای ئۆپۆزیسیۆنەوە ئەمانە دووژمنانی چاکسازینو، شوێنکەوتەی پرنسیپە کۆنەپەرستییەکانن"[٦٧]، لەراستیدا ئەو هەولانەی کە ئۆپۆزسیۆنی سێکیۆلار پێی هەستا بۆ بەرابەرکردنی پارتی دیموکراتو ئیسلام زێدەڕۆیی زۆری تێدا بوو، پارتی دیموکرات پارتێکی ئیسلامی نەبوو، هەروەها هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پرنسیپە ئاینییەکان تەنها بەمەبەستی چنگکەوتنی دەنگی دەنگدەران بوو، دوژمنی باوە کوشتەی کۆمۆنیزمیش بوو. مەندەریس دەرکەوتنی هەر جۆرە شکڵێکی رێکخستنی حیزبیی ئیسلامیی رەتکردەوە کە کەرتی ئیسلامیی کەمەنکێش بکات بۆ بنکە جەماوەرییەکەی، لەسەر ئەم بنەمایە مەندەریس "سیاسەتێکی هاوسەنگ"و وردی بەڕێوە دەبرد لەنێوان

هەردوو خولیای ئیسلامیی و سێکیۆلاریزمدا[٦٨]. لەلایەکی تردوە مەندەریس لەزۆر بۆنەدا سووربوو لەسەر ئاماژەدان بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، لەگەڵ زامنکردنی ڕێزگرتن لە هەستوسۆزە ئاینییەکان. لە٧ی شوباتی ١٩٥٣ مەندەریس ڕایگەیاند "ئێمە هەواداری شەریعەت نین بەمانای تێکەڵکردنی ئایین لە کاروبارە سیاسییو دنیاییەکاندا". لە وەڵامێکدا لەسەر پێشنیارێك کە پێشکەش کرا لەکاتی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکەی ئایاری ١٩٥٤ مەندەریس گووتی "ئەرکی یەکەممان بریتییە لە بەرگریکردن لەو شۆڕشانەی کە وڵاتمان بەدەستی هێناوە. گۆڕانکاریی لەیاسای مەدەنیدا ناکەین. گەلەکەمان ئایندارە، هەروەها پێشکەوتووخوازو مۆدێرنە"[٦٩]. جگە لەم لێدوانانە مەندەریس دوودڵ نەبوو لە دەرکردنی هەندێك لەئەندامانی پارتەکەی کە پەرلەمانتار بوون لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا بەهۆی مەیلی ئیسلامییانەوە، هەروەك چۆن لەسەرەتاکانی ١٩٥٣داو لەنێوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٥٥دا ئەنجامیدا[٧٠].

لەبنەڕەتدا کۆدەتایەکی سەربازیی کە ئەفسەرانی پلە مامناوەند نەخشەو پلانیان بۆ داناو لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠دا جێبەجێیان کرد حکومەتەکەی مەندەریسیان سەرنخونکردەوە. کۆدەتاکەش چەندین فاکتەری لە پشتەوە بوو لە دیارترینیان:

١–دڕدۆنگیی سوپا لە هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامیی لە وڵاتداو، بەکارهێنانی هەستوسۆزە ئاینییەکان لەپێناو ئامانجە سیاسییەکان لەلایەن پارتی دیموکراتەوە، یەکێك لە کۆڵەرانی تورك پێیوایە "بڕوای سوپا بەوەی هەندێك لە ئیسلامییەکان، وەك سەعید نوورسیو قوتابیانی

که لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا پشتیوانییەکی گەورەیان لێدەکرا – دەیانەوێت جارێکی تر تورکیا بکەنەوە بە دەوڵەتێکی ئاینیی، لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بوو کە سوپا بە خۆیکەوتو کۆدەتای ئەنجامدا"[٧٢].

٢–بێزاربوون لە سیاسەتە ئابووریەکانی حکومەتەکەی مەندەریس کە دەسکەوتی گەورەی بەدەستهێنا بۆ بازرگانانو پیشەسازانو مەزنە مولکدارانی زەوی، وێڕای گرفتە ئابووریەکانی تورکیا لەنیوەی دووەمی پەنجاکاندا سستیو خاووخلیچیکی ئابووریی چارەسەر کردو بووژانەوەی رێژەیی جێگەی گرتەوە لەسالانی یەکەمی دەسەلاتی مەندەریسدا. ئەو سستییە رێژەی بێکارانی زیاتر کردو، بەهای لیرەی تورکیی کەمکردەوەو، نرخی شمەکو خزمەتەکانی بەرزکردەوە، ئەمەش ئەرکی سەرشانی کرێکارو جووتیارانی قورستر کرد ئەوانەی کە داهاتیان جێگیربوو، هەروەها لەنێویشیاندا بیرۆکراسیەتی سوپا[٧٣]. گەر پاشەکشەی رێژەی میلتاریستان زیاد بکەین لە چوارچێوەی بژاردەی سیاسیی لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا، وەک پێشتر باسکرا، ئەوەی لەو قۆناغەدا رووبدا پاشەکشەی رووەو ئاشکرا بوو لە دەسەلاتو هەردوو پێگەی کۆلەکەی سیستەمی ئەتاتورکیی، ئەوانیش بیرۆکراسیەتو سوپا بوو، لە بەرژەوەندیی بازرگانو سەرمایەدارانو بەشێک لە بژاردەی دێهاتیو هەرێمیی[٧٤]. لێرەدا بڕێک لە کۆلەران پێیانوایە کۆدەتاکەی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ هەوڵێک بووە بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی ستراکتۆری بژاردەیی کە شۆڕشی کەمالیی لەوپێناوەدا سەریهەڵداوە[٧٥].

٣–ئەفسەران هەستیان بە داڕمان کرد لە هەڵوێستە ناهاندەرەکەی مەندەریس‌و پلانەکانی ریفۆرمی دامەزراوەی سەربازیی‌و پەرەپێدانی. پلانگەلێکی لەم شێوەیە هەر لەسەرەتای پەنجاکانەوە پێشکەش بە حکومەتەکەی مەندەریس کرا[٧٦].

٤–فاکتەری دەرەکیی کە خۆی لەبەرزبوونەوەی رەوتی جموجۆڵی سیاسیی سوپاکاندا دەبینییەوە لە چەندین دەوڵەتدا لە نێویشیاندا دەوڵەتانی عەرەبیی‌و، رەنگدانەوەی لەسەر هۆشیاریی ئەفسەرانی تورک‌و بە سیاسیکردنی سوپای تورکیا، شۆڕشی ٢٣ی تەمموزی ١٩٥٢ لە میسرو ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق تێڕوانینێکی بەهێزی لەلای ئەفسەرانی تورک دروستکرد.

سوپا ئەو پشێویی‌و دژوارییە گەورەیەی قۆستەوە کە لە هەلومەرجی سیاسیی ولاّتدا هاتە ئاراوە، بەتایبەت لەهەردوو مانگی نیسان‌و ئایاری ١٩٦٠دا، بەهۆی کەڵەکەبوونی ململانێ لەنێوان حکومەتەکەی مەندەریس‌و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا بەتایبەتی پارتی گەلی کۆماریی، بۆیەشە لەبەرەبەیانی رۆژی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ کۆدەتاکەیان ئەنجامدا. هەر لەو رۆژەوە تا سەرلەنوێ گێڕانەوەی دەسەلاّت بۆ مەدەنییەکان لەپاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ سوپا لەرێگەی "لیژنەی یەکێتیی نیشتیمانییەوە" Milli Birlik Komitesi[٧٨]کە ژەنەرالێ جەمال گۆرسێل سەرۆکایەتیی دەکرد ولاّتی بەڕێوەدەبرد.

سوپا هەر لەبەرەبەیانی رۆژی کۆدەتاکەوە دەستیکرد بەهەڵمەتی رەشبگیریی کە سەرۆک کۆمار جەلال بایارو سەرۆک وەزیران عەدنان مەندەریسیشی گرتەوە، لەگەڵ ئەندامە بەدیمەنەکانی پارتی دیموکرات‌و

نوێنەرانی پارتەکە لە پارلەمان، هەروەها ئەوانەی لەسەر سیستەمی پێشوو لە میلیتاریستو مەدەنییەکان حسێب دەکران ٥٩٢٠ لەوانە درانە دادگەیەکی تایبەتو لەنێوەڕاستی ئەیلولدا سزای لە قەنارەدانو زیندانییان بۆ دەرکرا بۆ چەندین ماوەی جۆراوجۆر، ١٢٣ لەوانە بەرهەڵداکران بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست لە دژیان، سزای لەقەنارەدان تەنها بۆ سیان لەوانە دەرچوو ئەوانیش عەدنان مەندەریسو وەزیری دەرەوە فەتین روشدی زورلو، وەزیری دارایی حەسەن بولاتکانی لەرۆژی ١٦ی ئەیلولی ١٩٦١، سزای لە قەنارەدان لەلایەن "لیژنەی یەکێتی نیشتیمانییەوە" دەرهەق بە بایارو ١١ کەسی تر سوککرا بۆ زیندانیی هەمیشەیی [٧٩]وێڕای ئەمەش ئەو لیژنەیە هەستا بە پرۆسەکانی پاکتاوکردنی بەرفراوان لەنێو سوپادا کە زۆر لە ئەفسەرانی گرتەوە، هەروەها زانکۆکانیشی گرتەوەو بۆ ئەم مەبەستە ١٤٧ مامۆستا لەتشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا دەرکران، یەکێك لە هۆکارە راگەیاندراوەکان بۆ ئەو رێوشوێنە بەفەرمیی بریتی بوو لە " تۆندڕۆیی چەپو راست لە بیروبڕوا سیاسیەکانیانو، خولیای جوداخوازییو، تۆندڕۆیی ئاینیی..."[٨٠].

هەمدیسان لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکهێنرا بۆ دانانی دەستورێکی نوێ بۆ ولأت، لیژنە تایبەتەکە ئەرکەکەی بەجێهێناو دەستووری پێشنیار کرد بۆ راپرسی جەماوەریی لە ٩ی تەموزی ١٩٦١ و بەرێژەیی رەزامەندی لەسەر پیشاندرا، بەشێوەیەك ئەندامانی پارتی گەلی کۆماریی لەبەرژەوەندی دەستوور دەنگیانداو ئەندامانی پارتی دیموکراتی هەڵوەشاوەش دەنگیان پێنەدا یاخود تێبینیان لەسەریی هەبوو[٨١]، ماددەی دوو لەو دەستورە جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کۆماری تورکیا دەوڵەتێکی نەتەوەیی،

دیموکراسیی، سێکیۆلاره[٨٢]. جگه لەو رێوشوێنانەی پێشوو، چەندین هەنگاوی تر نرانو ئەو بەربەستانەیان لادا کە حکومەتەکەی مەندەریس خستبوویە سەر لایەنی رۆژنامەوانییو ئازادییەکانو، بەرهەڵداکردنی گیراوانی سیاسییو، هەوڵدان بۆ باشکردنی هەلومەرجی ئابووریو بژێویی.

ئەفسەرانی لایەنگری پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزم کۆدەتاکەی ١٩٦٠یان بەوە ناساند کە بەردەوامیدانو جەختکردنەوەیە لە سێکیۆلاریزم لە چوارچێوەی یەکەم بەیاننامەدا کە لەلایەن رێبەرانی کۆدەتاکەوە دەرچوو، بەیاننامەکە بەڵێندان بوو بە پاراستنی پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزمو "پاراستنی لەدەستی دوژمنان"[٨٣]. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ئەفسەرانە پێویستبوو گۆڕانی دۆخەکە لەبەرچاوبگرن لەپاڵ نێوەرۆکی ژیانەوەی ئیسلامییو گرنگیی هەستوسۆزی ئاینیی لە کۆمەڵگەدا، بڕێك لەو ئەفسەرانەی کە تەمەنیان هەبوو پلەشیان بەرزبوو پێیان وابوو گەر ئایین لە سیاسەت جیابکرێتەوە دەبێتە رەگەزێکی بنەڕەتیی لە ژیانی تاكو زەرورەتێکی بنەڕەتیشە بۆ "سروشتی ئاینیی جووتیاری ئەنادۆلیی". هەروەها چەندین بەهەندوەرگرتنی راستەوخۆ هەبوون لەپشت ئەم هەڵوێستەوە ئەویش بریتی بوو لەوەی سەربازە جاحێڵەکان لە نەوەی گوندەکان جێبەجێکردنی خزمەتی سەربازییان بەجۆرێك لەئەرکی ئاینیی لەقەڵەم دەدا بەهۆی پێگەیشتنی سوننەتییو تێگەیشتنیان لە دەسەلآت، بۆیەشە پابەندبوونو لایەنگرییان لەو تێڕوانینیانەوە سەرچاوەی گرتبوو[٨٤].

سوپا لەپاش کۆدەتاکە لە دوو روانگەوە تەماشای ئاینی دەکرد، یەکەم تەوزیفکردنی ئایین لە بەرژەوەندی کۆدەتا سەربازییەکەو سیاسەتەکانی حکومەت. دووەمیش بەرگرتن لە جموجۆڵی ئاینیی دیاریکراوو، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئایین لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان. بەمشێوەیە کۆدەتاکە سەرلەنوێ کەوتەوە لێکجیاکردنەوەی ئەتاتورکیی کۆن ئەویش بە جیاکردنەوەی ئیسلامیی "رۆشنگەر" و "ئیسلامی کۆنەپەرستیی"[٨٥].

هەرچی سەبارەت بە تەوزیفکردنی ئایینە لە بەرژەوەندی کۆدەتاکەو کەمەنکێشکردنی پشتیوانی سیاسەتەکانی حکومەت کە لەپاش کۆدەتاکە پێکهات تێبینی دەکەین ژەنەراڵ جەمال گۆرسێل لەسەروبەندی گەشتەکانیدا بەسەرجەم ولاّتدا جەختی دەکردەوە لە پیاهەڵدان بە ئیسلامو بەهاکانیو گرنگییەکانی بە نیسبەت کۆمەڵگەوە. لەو گوتارەیدا کە لەشاری مەلاتیە پێشکەشی کرد تێیدا داوای لەگەل کرد ئەوپەڕی توانای خۆیان بخەنە گەڕ لەپێناو باشکردنی دۆخی ئابووریی ولاّت ، گۆرسێل بەمشێوەیە دەئاخفێت "ئیسلام فەرمانمان پێدەکات بە کارکردنو گەیاندنی ولاّت بە بەرزترین ئاست". هەمدیسان لە ئەرزەڕۆم گوتارێکی پێشکەشکرد تێیدا هاتووە "ئەوانەی بەرپرسیارێتیی پاشکەوتووییمان دەخەنە پاڵ ئایین هەڵەن. نەخێر، هۆکاری پاشکەوتنمان ئایین نییە، بەڵکو ئەوانەیە کە ئاینییان بەشێوەیەکی هەڵە پێشکەش کردین، ئیسلام لە ئایینەکانی تر زۆر پیرۆزترو زیندووترو بەهێزترە، ئیسلام داوا لەباوەڕدارانی دەکات پێشکەوتنو حیکمەتی بەرز بەدی بهێنن"[٨٦].

هەر لەمبارەیەوە "لیژنەی یەکێتیی نیشتیمانیی" جەختیکردەوە کە بانگدان بەزمانی عەرەبیی وەکخۆی دەمێنێتەوەو ئێستگەی تورکیا خوێندنی قورئانی پیرۆز پەخش دەکاتو بەردەوام دەبێت، هەروەها دەوڵەت رێگەدەدات کە مزگەوتەکان ئەرکی ئاسایی خۆیان جێبەجێبکەن[٨٧]، دیسانەوە لیژنەکە ئەو گۆڕانکاریانەی قبوڵکرد کە لە پەنجاکاندا رووبدا لەبواری فێرکردنی ئاینییدا، وەك کردنەوەی قوتابخانەکانی پێشنوێژیی‌و گوتاربێژیی، هەروەها کردنەوەی پەیمانگەی بالای ئیسلامیی لەساڵی ١٩٥٩، لەگەڵ ئەنجامدانی بڕێك چاکسازیی تێیدا. ئابووریی‌و کۆمەڵناسیی‌و یاسای مەدەنیی خرانە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی پێشنوێژو گوتاربێژان، لەگەڵ زانستی گەردوون تاکو پتر پێشکەوتووخوازو سێکیۆلار بێت[٨٨]. خەیری مومجی ئۆگلۆ وەزیری ئەوکاتی دەوڵەت رووندیکردەوە کە حکومەت سووڕە لەسەر راهێنانی پیاوانی ئاینیی بەباشترین شێوە تاکو ئەرکەکانیان باشتر جێبەجێ بکەن[٨٩]. هەروەها لیژنەکە بڕیاریدا پسپۆڕان لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان هەستن بە چاککردنی مزگەوتەکان‌و نۆژەنکردنەوەیان، چونکە نموونەیەك بوون لە هونەری بیناسازیی تورکیی. هەمدیسان لیژنەکە بڕیاریدا لەسەر وەرگێڕانی قورئان تا تورکەکان بیخوێننەوەو لێی تێبگەن، دیسانەوە لیژنەکە بڕیاریدا لەسەر ئەوەی حکومەت فێرکردنی ئاینیی بداتە دەست پیاوانی ئاینیی، رێگەشی لێگرتن بەکاری بهێنن لەپێناو ئامانجە سیاسییەکاندا[٩٠].

هەرچی سەبارەت بە تێڕوانینی دووەمە حکومەتی کۆدەتاکە هەستا بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لەپێناو گۆڕجکردنی جموجۆڵی ڕێبازە سۆفییەکانو جوولانەوە ئاینییەکانی وەك نەقشبەندیی‌و کۆمەڵەی نوور، لەسەرزاری گوتەبێژەکانی رایگەیاند کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە "پاراستنی ئایینە پیرۆزەکەمان ، کە گەنجینەی ئازادیی‌و وێژدانە، پاکوبێخەوشە، دەبێت بپارێزرێت لەوەی ببێتە ئامرازی دەستی جوولانەوە کۆنەپەرستە سیاسییەکان"[٩٢]. هەرچی دەستوری ساڵی ١٩٦١ە کە بە پێی ئاڕاستەو راسپاردەی "لیژنەی یەکێتیی نیشتیمانیی" داڕێژرایەوە[٩٣]، بەتوندی باسی لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئایین کرد لەپێناو ئامانجە سیاسییەکان. ماددەی (١٩) بەکارهێنانی ئایین‌و هەستوسۆزی ئاینیی قەدەغەکرد، بەهەموو شێوەیەك، بەئامانجی بەدەستهێنانی دەسەلآت یاخود بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە کەسیی‌و سیاسییەکان. ماددەی (٥٧) جەختیکردەوە لەسەر زەرورەتی پێکڕا گونجانی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ پرنسیپی سێکیۆلاریزمدا[٩٤]. لەلایەکی ترەوە ڕێبەرانی " لیژنەی یەکێتیی نیشتیمانیی" داوایان لە پارتە سیاسییەکان کرد کە ڕاگەیاندنێکی گشتیی بلاوبکەنەوە‌و بەکارهێنانی ئیسلام بۆ ئامانجی سیاسیی ڕەتبکەنەوە لە سەروبەندی هەڵبژاردنە گشتییەکان‌و پاش هەڵبژاردنەکان کە بڕیاربوو لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ ئەنجام بدرێت[٩٥]. ڕەنگە لەو هەڵبژاردنانەدا ئایین بەکارنەهێنرابێت لەسیاسەتدا، بەڵآم لە هەڵبژاردنەکانی پاشتردا لەساڵی ١٩٦٥ بەتەواویی بارودۆخەکە پێچەوانە بۆوە.

پەراوێزەکانی بەشی دووەم :

(١) Bulent Daver , " Secularism in Turkey ." Ataturk Arastirma Merkezi Dergisi , Cilt , IV , Sayi , II , Mart , 1988 , PP. 301 , 305

(٢)Uriel Heydt , " Islam in Modern Turkey ." Journal of the Royal Central Asian Society , vol. XXXIV , January 1947 , P. 308

(٣) خليل إبراهيم الطيّار ، الصراع بين العلمانية والإسلام في تركيا (أبو ظبي – مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية – ٢٠٠٤) ص ص ٢٨–٢٩ .

(٤) مصطفى الزين ، أتاتورك وخلفاؤه (بيروت – دار الكلمة للنشر – ١٩٨٢) ص ص ٢٨٠–٢٨١ .

(٥)Zürcher , op. cit , P. 252

(٦) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وردەکاریی ئەو پارتانە بڕوانە، احمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦٥ ، ٢٦٧ " Yücel , op.cit , pp. 28 , 32

(٧) لەپاش نیو سەدە لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا یەکێك لە کۆڵەرانی تورك بەمشێوەیە دەئاخفێت " تاکی تورکیی یەکەم خۆی بە تورك لەقەڵەم دەدات، ڕێك بەهەمان شێوەش خۆی بەمسوڵمان دەزانێت" بڕوانە:

Metin Tamkoç , " Stable Instability of Turkish Polity ." Middle East Journal , Vol. 27, No. 3 (Summer – 1973) P. 331

(٨) أحمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٦٨ .

(٩)Feroz Ahmad, The Turkish Experiment in Democracy 1950-1975,(London-1977) P.364

(١٠) خليل علي مراد ، " الأحزاب السياسية والمسألة الدينية في تركيا ١٩٤٦–١٩٦٠ ،" في ، إبراهيم خليل أحمد وآخرون ، الإسلام والعلمانية في تركيا المعاصرة (الموصل – جامعة الموصل – مركز الدراسات التركية – ١٩٩٦) ص ٧٦ .

(١١) الگيّار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٠ .

(١٢)Mohammed R. Feroze , Islam and Secularism in Post-Kemalist Turkey , (Islamabad – 1976) P. 114

(١٣) مراد ، الأحزاب السياسية... ، ص ٧٦ .

(١٤)Feroze , op. cit , PP. 114-115 ; Ahmad , The Turkish Experiment ... , P. 370

(١٥) مراد ، الأحزاب السياسية... ، ص ٧٤ .

(١٦) پارتی دیموکرات لەو هەڵبژاردنەدا ٣٩٦ کورسیی بەدەستهێنا لەبەرامبەر ٦٨ کورسی بۆ پارتی گەلی کۆماریی‌و، ٧ کورسیش بۆ سەربەخۆکان‌و، تاقە کورسییەك بۆ پارتی گەل، مایەوە ١٥ کورسیی بەتاڵ، پاشتر لەپاش هەڵبژاردنە فەرعییەکەی ١٦ ئەیلولی ١٩٥١ بۆ دوو کورسیی دابەزی، ئیدی ژمارەی کورسییەکانی پارتی دیموکرات بوو بە ٤١١ کورسیی‌و پارتی گەلی کۆماریش ٦١ کورسیی، سەربەخۆکان ١٢ کورسیی‌و، پارتی گەلیش تاقە کورسییەك. بڕوانە:

أحمد نوري النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبي في تركيا ١٩٥٠–١٩٨٠ (بغداد – دار الحرية للطباعة – ١٩٨٩) ص ص ٤٧–٤٨ .

(١٧) هەمان سەرچاوە ، لا لا ٥٢–٥٣ .

(١٨)Mardin , Center – Periphery Relations … , P. 185

(١٩)Ibid , P. 183

(٢٠) گرووپێك له كۆڵەرانی سۆڤێت ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٣٠٢–٣٠٣ .

(٢١) أحمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٦٠ .

(٢٢) رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧١ .

(٢٣) الزّين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٧٣ .

(٢٤) رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٢ .

(٢٥) جەلال بایار لە ساڵی ١٨٨٣ لە گوندی گملیك لە ویلایەتی بۆرسە لەدایكبووە، لە ساڵی ١٩٠٨ چۆتە نێو كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی‌و، لەپاش كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانیی لەساڵی ١٩١٩ بۆتە ئەندام لە پارلەمانی عوسمانیی لە ئەستەنبوڵ وەك نوێنەری شاری سارۆخان (مانیسای ئێستا). لەساڵی ١٩٢٠ چۆتە پاڵ كەمالیستەكان‌و، لە شوباتی ١٩٢١ بۆتە وەزیری دارایی، هەمدیسان بەشداربووە لە شاندی تورکیا بەرەو كۆنگرەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٢ بە سیفەتی راوێژكاری عیسمەت ئینونو. هەروەها لە ٢٦ی ئابی ١٩٢٤ بانكی كاری" Iş Bankasi " لە ئەنكەرە دامەزراندووەو بۆتە بەڕێوەبەری كارگێڕیی تا ساڵی ١٩٣٢. لە ٢٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٧– ٢٥ كانونی دووەمی ١٩٣٩ پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە. لەپاش كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی لە پارتی گەلی كۆماریی جیابۆتەوەو لە ٧ كانونی دووەمی ١٩٤٦ لەگەڵ عەدنان مەندەریس‌و موحەممەد فوئاد كۆپەرلوو رەفیق كۆرالْتان پارتی دیموكراتیان دامەزراندووە. لەپاش سەركەوتنی پارتەكە لە هەڵبژاردنەكەی ١٩٥٠ جەلال بایار بووە سەرۆك كۆمار تا كۆدەتا سەربازییەكەی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠. لەگەڵ بڕێكی زۆر لە كەسایەتییە دیارو بەرپرسەكانی حیزب‌و دەوڵەت

قۆڵبەستکرا، لە ١٥ ئەیلولی ١٩٦١ سزای لەقەناردانی بۆ دەرچوو، بەهۆی بەسالاچوونی و رەوشی تەندروستییەوە سزاکەی کەمکرایەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی، پاشتر لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بەرهەڵداکرا. لە ٢٢ی ئابی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە. هەندێك باس لەوەدەکەن کە ماسۆنیی بووەو تا ساڵی ١٩٥١ ئاشکرا نەبووە.

(٢٦) عەدنان مەندەریس لە ساڵی ١٨٩٩ لە ئایدین لەدایکبووە. زانکۆی ئەمەریکیی لە ئیزمیر خوێندووەو، لە سەروبەندی جەنگی سەربەخۆییدا دژ بە یۆنانییەکان جەنگاوە. پاشتر چۆتە کۆلێژی یاسا لە ئەنکەرەو هەمان کۆلێژی تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٣١ چۆتە پاڵ پارتی گەلی کۆماریی بە داوەتنامەی مستەفا کەمال ئەتاتورکو، وەك نوێنەری ئایدین لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە هەڵبژێردراوە. لەساڵی ١٩٤٥ بەهۆی رەخنەگرتنی لە سیاسەتەکانی عیسمەت ئینونو و پارتەکە لە پارتی گەلی کۆماریی دەرکراوە، ئەو یەکێك بوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکرات. لە ١٩٥٠–١٩٦٠ بۆتە سەرۆك وەزیران، لەپاش کۆدەتاکەی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ قۆڵبەستکراو سزای لەقەناردانی بۆ دەرچوو، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٦١ سزاکەی بەسەردا سەپێنرا.

(٢٧) أحمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٢٧٤ – ٢٧٦ .

(٢٨) محمد نور الدين ، تركيا : الجمهورية الحائرة ... ، ص ١٥٣ .

(٢٩) Daver , op. cit , P. 298

(٣٠) Ibid , P. 302 ; Geoffery Lewis , Modern Turkey (New York – 1974) P. 143

(٣١) Ahmed , op. cit , P. 365

(٣٢) نور الدين ، تركيا : الجمهورية الحائرة ، ص ص ١٥٣–١٥٤ .

(٣٣) Daver , op. cit , P. 302 ; Robinson , op. cit , P. 203

سەرچاوەیەکی تر باس لەوەدەکات کە ژمارەی مزگەوتە نوێیەکان لە سالأنی ١٩٥٠–١٩٦٠ گەیشتۆتە ١٥٠٠٠ مزگەوت، بڕوانە:

Jacob M. Landau , Exploring Ottoman and Turkish History (London – C.Hurst & Co. Publishers – 2004) P. 136

(٣٤) مراد ، الأحزاب السياسية ... ، ص ٧٨ .

(٣٥) هەمان سەرچاوە ، لا ٧٩ .

(٣٦) ئەم تەریقەتە بۆ یەکەمجار لە شاری سیماو simav بلاوبۆتەوە لە رۆژئاوای ئەنادۆل لەسەر دەستی مەلا "عبد الله الهی السیماوی"، سالی (١٤٩٠) کۆچی دوایی کردووە. پاشتر چالاکیی‌و جموجۆڵەکانی گواستەوە بۆ ئەستەنبول لەپاش مردنی سوڵتان موحەممەد ئەلفاتیح (١٤٥١–١٤٨١) لەوێ نێوەندێکی بۆ تەریقەتەکەی کردەوە، بڕوانە:

The Encyclopedia of Islam , New Edition , Vol. VII (Leiden – E.J. Brill – 1993) P.936 ; Dina Le Gall , A Culture of Sufism , A Naqshbandis in the Ottoman World 1450-1700 (New York – Sunny Press – 2005) P. 18

(٣٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وردەکاریی باسوخواسی ژیان‌و رۆڵی شێخ خالیدی نەقشبەندیی بڕوانە: عباس العزاوی ، " مولانا خالد النقشبندی " مجله المجمع العلمی الکردی ، العدد ١ ، ١٩٧٣ ، ص ص ٦٩٦ – ٧٢٧ "

Butrus Abu – Manneh , " The Naqshbandiyya – Mujaddidiyya in the Ottoman Lands of Early 19th Century " Die Welt Des Islam , Vol. XXII , Nr. 1-4 (1982) PP. 1-17

(٣٨) محمد نور الدين ، قبعه وعمامه : مدخل إلى الحركات الآسلاميه فى تركيا (بيروت – ١٩٩٧) ص ٣٩ .

(٣٩) رچوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٧ .

(٤٠) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وردەکاریی ژیاننامەی ئەحمەد تیجانییو جموجۆڵە ئاینییو سۆفییەکانی تا مردنی شاری فاس لەسالّی ١٨١٥ بڕوانە:

Jamil M. Abun – Nasr , The Tijaniyya : A Sufi Order in the Modern World (London – Oxford University Press – 1965) PP. 11-26

(٤١)Ibid , P. 161

(٤٢)Ibid

(٤٣) طلال يونس الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ١٩٤٥ – ١٩٨٣ ، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة الموصل – كلية التربية – ١٩٩٩ ، ص ص ٦٣–٦٤ .

(٤٤) مراد ، سەرچاوەی پێشوو... ، لا ٧٨ .

(٤٥) هەمان سەرچاوە ، لا ٨٢ " الجليلي ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٤ .

(٤٦) خليل إبراهيم الناصري ، التطورات المعاصرة في العلاقات العربية – التركية (الموصل – دار الكتب للطباعة والنشر – ١٩٩٠) ص ٧٤ .

(٤٧) عصمت برهان الدين ، " الطريقة السليمانية (سليمانجيلر) في تركيا المعاصرة " ، مجلة دراسات إقليمية ، السنة ٥ ، العدد ١١ ، تموز ٢٠٠٨ ، ص ص ١١٠–١١١ .

(٤٨) رضوان، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٨ .

(٤٩) برهان الدين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٣ .

(٥٠) نور الدين ، قبعة وعمامة ... ، ص ٤٧ " الجليلي ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٥ " برهان الدين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢ .

(٥١) الناصري ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٢ .

(٥٢) برهان الدين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٨ .

(٥٣) ژیاننامەی نورسیی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت، قۆناغی یەکەم: سەعیدی کۆن درێژ دەبێتەوە تا ساڵی ١٩٢٦، بریتییە لە قۆناغی تێکەڵبوونی بەکاری سیاسیی بەهیوای بانگەوازکردن بۆ ئیسلامو بلاوکردنەوەی لەم رێگەیەوە، تا ئەوکاتەی خراپیی ئەمکارەی بۆ دەرکەوتووە، چونکە ئامرازە گلاوەکانی سیاسەت ناشێت بۆ بنیاتنانی گوتارێکی ئیسلامیی کە بتوانێت پەیامەکەی بە مەنزڵ بگەیەنێت. قۆناغی دووەم: سەعیدی نوێیە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦–١٩٤٩ کە وەرچەرخانی لە سیاسەتدا بەخۆوە بینیو تیشك خستنە سەر ئیسلام هەمیشە ئەمەی دووبارە دەکردەوە "پەنا بەخوا لە شەیتانو سیاسەت". قۆناغی سێیەمیش: بریتییە لە سەعیدی سێیەم، هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٥٠ بەسەر پارتی گەلی کۆماریو بەردەوامبوو تا کاتی مردنی لەساڵی ١٩٦٠.

بڕوانە:

فكرت رفيق السيد ، " سعيد النورسي والفكر السياسي التركي المعاصر ١٨٧٣ – ١٩٦٠ " ، مجلة دراسات إقليمية ، السنة (٣) ، العدد (٥) ، حزيران ٢٠٠٦ ، ص ص ٥٩–٦٠ .

(٥٤) دەسەلاّتی کەمالیی سەعید نورسیی قۆلّبەستکردو نەفیکرد بۆ (بارلا) لەسالّی ١٩٢٦ تا ١٩٣٥ لەوێ گیرسایەوە، پاشتر نەفیکرایەوە بۆ قەستمونی تا سالّی ١٩٤٣، دیسانەوە لە دنیزلی زیندانیی کراو نەفیکرا بۆ ئەمیرداخ ١٩٤٣–١٠٤٨و، پاشتریش لە ئەفیون ١٩٤٨–١٩٤٩ زیندانیکرا. بۆ زانیار یزیاتر بڕوانە:

إيمان غانم شريف ، سعيد النورسي : حياته ونشاطه السياسي في تركيا ١٨٧٦–١٩٦٠ ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة الموصل – كلية الآداب – ٢٠٠٨ ، ص ص ١١٥–١٧٠ .

(٥٥) هەمان سەرچاوە ، لا ١٨٣ .

(٥٦) نوورسیی لەسالّی ١٨٩٦ پرۆژەیەکی پێشکەشکرد بەئامانجی دامەزراندنی زانکۆیەکی ئیسلامیی لە رۆژهەلاّتی ئەنادۆلّ بەنێوی "قوتابخانەی زەهرا" بەهەمان شێوەی زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە، هەولّیشیدا ئەم بیرۆکەیە لەلای سولّتانی عوسمانیی عەبدولحەمیدی دووەم لە ١٨٩٦–١٩٠٧ بەدی بهێنێت بەلاّم بێ سوود بوو. بڕوانە، هەمان سەرچاوە ، لا لا ١٨–٢٤ "

Mary F. Weld , Bediüzzaman Said Nursi , Entelektuel Biyografisi , Çeviren , Celil Taşkin (Istanbul – Etkileşim Yayinlari – 2005) pp. 49-52

(٥٧) إبراهيم خليل أحمد ، " الحركة النورسية في تركيا المعاصرة " بحث مقدم إلى المؤتمر الأول للدراسات التركية ، جامعة الموصل – مركز الدراسات التركية ٥/٣٠ – ١٩٨٦/٦/١ ، ص ١٧ .

(٥٨) هەمان سەرچاوە ، لا ١٩ .

(٥٩) إبراهيم خليل العلاف ، خارطة التوجهات الإسلامية في تركيا المعاصرة (الموصل – مركز الدراسات الإقليمية – ٢٠٠٥) ص ٢٠ .

(٦٠) شريف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٧١ .

(٦١)Weld , op.cit , p. 378

(٦٢)Ibid, p. 379

(٦٣) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ:

شريف ، سەرچاوەی پێشوو لا لا ١٧٦–١٧٨ " Ibid , pp . 383-386

(٦٤) شريف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٧٩ .

(٦٥) هەمان سەرچاوە ، لا ١٨٥ .

(٦٦) أحمد نوري النعيمي ، الحركات الإسلامية الحديثة في تركيا (عمّان – دار البشير – ١٩٩٢) ص ١٢٣ .

(٦٧) فيروز أحمد ، " النفوذ الإسلامي في تركيا بين الضغوط واستجابة الدولة " في ، نوبار هوفسبيان (محرر)، تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري ، إعداد ومراجعة غانم بيبي وسامي الرزاز (بيروت – مؤسسة الأبحاث العربية – ١٩٨٥) ص ١٣٢ .

(٦٨) نور الدين ، قبعه وعمامه ... ، ص ٢٢ .

(٦٩) الطيّار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٤ .

(٧٠) النعيمى ، سەرچاوەى پێشوو ، لا لا ٤٦–٤٧ .

(٧١) بۆ زانیارى زیاتر دەربارەى كۆدەتاكەو ئەوانەى نەخشەیان بۆ داناو جێبەجێیان كرد، هەروەها ئەو رێكخستنە نهێنییانەى كە چەند گرووپێك لە ئەفسەران لەنێو سوپادا پێكیان هێنا لەنێوەڕاستى پەنجاكان بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:

فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف ، الصراع السياسي في تركيا : الأحزاب السياسية والجيش ، ترجمة يوسف إبراهيم الجهماني (دمشق – دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع – ١٩٩٨) ص ص ٥٠–٧٠ " برنار فرنييه ، " دور الجيش في السياسة التركية " ، ترجمة غانم محمد الحفو ، أوراق تركية معاصرة ، السنة (١) ، العدد (١) ، حزيران ١٩٨٧ ، ص ص ٧٢–٧٤.

(٧٢) ئەمە بۆچوونى ماردین شەریفەو لەم سەرچاوەدا هاتووە:

طارق عبد الجليل السيد ، الحركات الإسلامية في تركيا المعاصرة : دراسة في الفكر والممارسة (القاهرة – جواد الشرق للنشر والتوزيع – ٢٠٠١) ص ٨٠ " كۆلۆنێكى تر باس لەوە دەكات كە هەندێك لە ئەفسەرە بەدیمەنەكان لە كۆدەتاكەى ١٩٦٠ پێیان راگەیاندووە كە ئایین بابەتێكى لاوەكییە چونكە هیچ هەوڵێكى بەرفراوان لەئارادا نییە بۆ ژیانەوەى ئیسلامى سوننەتیى. بڕوانە:

Karpat , op. cit , P. 1671

(٧٣) بۆ زیانیارى زیاتر دەربارەى سیاسەتى ئابووریى حكومەتەكەى مەندەریسو گرفتە ئابوورییەكانى سەردەمى ئەو، بڕوانە: ساجلار كیدر ، " تركیا الحدیثة " ، فى ، هوفسبیان ، سەرچاوەى پێشوو ، لا لا ٣٧–٤١ " عبد الجبار قادر غفور ، " انقلاب عام ١٩٦٠ فى تركیا : تحلیل دوافعه الاقتصادیه والسیاسیه ." دراسات تركیه ، العدد ١ ، السنة الأولى ، كانون الپانى ١٩٩١ ، ص ص ١٦–٢١ .

(٧٤)Tachau & Heper , op. cit , P. 20

(٧٥)Ümit Cizre , " Ideology Context and Interest : The Turkish Military ." in , Reşat Kasaba (ed.) , the Cambridge History of Turkey , Vol. 4 (Cambridge – Cambridge University Press – 2008) P. 309

(٧٦) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ص ٢٧٧–٢٧٩ .

(٧٧) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٨ .

(٧٨) "لیژنەی یەکێتیی نیشتیمانیی" کە لە ٣٨ ئەفسەر پێکدەهات بالآترین دەسەلآتی یاسادانان بوو لە ولآتدا لە پاش کۆدەتا. ئەم لیژنەیە ژەنەرالێ جەمال گۆرسێلی کردە سەرۆکی لیژنەکەو، سەرۆکی کاتیی کۆماری تورکیاو، ئەو حکومەتەی کە زۆرینەیان لە میلیتاریستانو مەدەنییەکان "تەکنۆکرات" پێکهات. گۆرسێل لەو حکومەتەدا لە پۆستی وەزیری بەرگرییدا مایەوە. لەپاش دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت لە ٣١ی ئابی ١٩٦٠ حکومەتێکی تری لەو شێوەیە پێکهێنرایەوە دیسان بەسەرۆکایەتیی گۆرسێل، تا ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ بەردەوامبوو وەختێك "لیژنەی یەکێتی نیشتیمانیی خۆی هلّوەشاندەوەو دەسەلآت گەڕایەوە بۆ حکومەتێکی مەدەنیی، بڕوانە:

الزین ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٠٤ .

(٧٩) غفور ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ١٣–١٤ " Don Peretz , The Middle East Today (California – Greenwood Publishing Group – 1994) P. 184

(٨٠) دانيلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٦ " الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٣٠٤–٣٠٥ .

(٨١) الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٠٦ " گرووپێك لە كۆڵەرانی سۆڤێت ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٤٠٥–٤٠٦ .

(٨٢) الجليلی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٢ .

(٨٣) الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٩٨ " هلال ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١١ .

(٨٤) Karpat , op. cit , PP. 1671-1672

(٨٥) M . Hakan Yavuz , Islamic Political Identity in Turkey (New York – Oxford University Press – 2003) P. 64

(٨٦) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٣٥ .

(٨٧) Yavuz , Islamic Political Identity , P. 64 . یاوز هەڵوێستی لەمشێوەی "لیژنەی یەکێتیی نیشتیمانیی" دەگەڕێنێتەوە بۆ ناڕەزایەتیی زۆری جەماوەریی لە وڵاتدا. لەمڕووەوە ئیریك زوچەر باس لەوە دەکات کە کۆدەتا سەربازییەکە بەتەنها لە ئەستەنبوڵو ئەنکەرە پێشوازیی لێکرا، بەتایبەت نێوەندەکانی خوێندکارانو بژاردەی رۆشنبیر، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نابینینەوە بۆ پاشەکشەی شەعبییەتی مەندەریس لەنێوچەکانی تردا، Erik Jan Zürcher , Turkey : A Modern History (U.S.A – I.B Tauris Publishers) P. 241.

(٨٨) فيروز أحمد ، " النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٣٥ " هلال ، سەرضاوەي ثێَشوو ، لا ١٣٦ .

(٨٩) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٣ .

(٩٠) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ص ١٣٥–١٣٦ .

(٩١) النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبي في تركيا ، ص ١٤٣ ، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لاشەی سەعید نورسیی، لە مزگەوتی گەورەی شاری ئۆرفە لەپاش مردنی لە ٢٣ی ئاداری ١٩٦٠ نێژراوە، لەپاش کۆدەتا سەربازییەکە گۆڕەکەی گواستراوەتەوە لە شوێنێکی نادیاردا لە ئەسبارتە نێژرایەوە. بڕوانە:

شریف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ١٨٨–١٨٩ .

(٩٢) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ص ١٣٤–١٣٥ .

(٩٣) Landau , op. cit , P. 137

(٩٤) نور الدين ، تركيا : الصيغة والدور (لبنان – رياض الريس للكتب والنشر – ٢٠٠٨) ، ص ٧٨ " النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبي في تركيا ، ص ١٨٩ .

(٩٥) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٣٦ .

بەشی سێیەم

هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بە ڕۆڵی ئیسلام و تەوژمی ئیسلامیی لە شەستەکان و حەفتاکاندا

له پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ سوپا دەسەڵاتی ڕادەستی مەدەنییەکان کردەوە. لەو هەڵبژاردنەدا پارتی گەلی کۆماریی ڕێژەی ٣٦,٧٪ پارتی عەدالەتیش[١] لە پلەی دووەمدا بوو ڕێژەی ٣٤,٧٪ی تێکڕای دەنگەکانی بەدەستهێنا، هەروەها باقی دەنگەکانی تریش بەسەر پارتەکانی تری وەک (پارتی تورکیای نوێ و جووتیارانی نەتەوەیی کۆماریی)دا دابەشبووە، بە پشتبەستن بەم دەرەنجامانە حکومەتێکی هاوپەیمانیی لە نێوان هەردوو پارتی گەلی کۆماریی و پارتی عەدالەت بەسەرۆکایەتیی عیسمەت ئینونو پێکهات، هەمدیسان ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە ژەنەڕاڵ جەمال گۆرسێلی وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژارد[٢]. لە ئایاری ١٩٦٢ حکومەتە هاوپەیمانێتییەکەی نێوان پارتی گەلی کۆماریی و پارتی عەدالەت هەڵوەشایەوە و حکومەتی هاوپەیمانیی تری بەدوادا هات لە نێوان پارتی گەلی کۆماریی و پارتەکانی تردا تا هەڵبژاردنەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ وەختێک پارتی عەدالەت بە ڕێژەی ٥٤٪ لە تێکڕای دەنگەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە بەرامبەر ٢٩,٧٪ بۆ پارتی گەلی کۆماریی باقی دەنگەکانی تریش دابەشبوو بەسەر پارتەکانی تردا (نەتەوە، کرێکاری تورکیی، تورکیای نوێ، جووتیارانی نەتەوەیی کۆماریی)[٣]. بەپێی ئەم ئەنجامە پارتی عەدالەت بەسەرۆکایەتیی سلێمان دێمیرئەل بە تەنها حکومەتی پێکهێنا[٤]، جارێکی تریش پارتی عەدالەت لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر، ڕێژەی ٤٧٪ی بەدەستهێنا لە بەرامبەر ٢٧٪ی بۆ پارتی گەلی کۆماریی، ئەو دەنگانەشی مابۆوە پارتەکانی تر بەدەستیان هێنا[٥]. حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی

دێمیرئەل پێکهێنرا، کە تا دووەم کۆدەتا سەربازیی لە ١٢ی ئاداری ١٩٧١ لە دەسەڵاتدا مایەوە.

پارتی عەدالەت میراتگری پارتی دیموکرات بوو، لە نێو کاندیدە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥دا ئەکسیل مەندەریس کوڕی عەدنان مەندەریسو نیلوفەر بایار، کچی سەرۆك جەلال بایار هەبوون. لە پاش ئەوەی دێمیرئەل جڵەوی حکومەتی گرتەدەست لە پاش هەڵبژاردنەکان یاسایەکی بۆ لێبوردنی گشتیی پێشنیارکرد بەو پێیەش هەوادارانی عەدنان مەندەریس مافو ئازادییەکانیان بۆ گێڕدرایەوە، هەروەها ئەو مافەشیان پێدرایەوە بگەڕێنەوە بۆ وەزیفەکانی پێشوویان، بەڵام سوپا پرۆژە یاساکەی بەدەرچوون لە ئامانجەکانی کۆدەتاکەی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ لەقەڵەمدا، سەرۆك کۆمار ژەنەڕاڵ گۆرسێل مانی ڤیتۆی لەدژی پرۆژە یاساکە بەکارهێناو، جگە لە جەلال بایار لێبوردن بۆ کەسی تر دەرنەکرا[٦].

وێڕای جەختکردنەوەی پارتی عەدالەت لە بەرنامەکەیدا کە نوێنەرایەتی چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو ناکات، بەڵکو لە جووتیارو کرێکارو پیشەوەران پێکدێتو بەرگریی لە مافەکانیان دەکات[٧]، هەرچی رێبەرایەتیی پارتەکەیە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییە باڵاکانی بۆرژوای دەکرد لەگەڵ جیاوکەکانی مەزنە مووڵکدارانی زەویی، هەمدیسان داوای وەبەرهێنانی سەرمایە بیانییەکانی دەکرد لە تورکیادا[٨]. دێمیرئەل پشتی بەست بە بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەو فەرمانگە سیاسییانەی کە پاڵپشتییان لە پارتی دیموکراتی پێشوو دەکرد، دێمیرئەل لە بەدەستهێنانی پشتیوانیدا پشتی دەبەست بەو بازنە سیاسییانەی کە

لایەنگری پارتی دیموکراتی پێشوو بوون، هەمدیسان پشتی دەبەست بەو تۆڕە نافەرمییانەی کە گرووپە ئاینییە بەربڵاوەکانی لە وڵاتدا لەخۆدەگرت[٩]. لە واقیعدا پارتی عەدالەت تێگەیشتنێکی نوێی بەخشی بە سێکیۆلاریزم کە سنوورەکانی سێکیۆلاریزمی ئەتاتورکیی تێپەڕاند، لە ماددەی (٥)ی پێڕەوو پرۆگرامی نێوخۆییدا جەختیکردەوە لە گرنگیی بڕواهێنان بە بەهاو نەریتەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتییدا، دیسانەوە لە ماددەی (٨)دا ئاماژەدرابوو بەوەی کە دەوڵەتی سێکیۆلار داوا لە هاوڵاتیانی ناکات پەیوەندیی خۆیان بە ئاینەوە بپچڕێنن، هەموو هاوڵاتییەکیش ئازادە لە عیبادەتکردن بەپێی بیروباوەڕە ئاینییەو مەزهەبییەکانی خۆی. هەرچی ماددەی (١٠)ی پێڕەوو پرۆگرامی پارتەکەیە بڕیاری لە جیاکردنەوەی ئایین دابوو لە کاروبارە دنیاییەکاندا، لەگەڵ دانپێدانانی پارتەکە بە مافە تاکە کەسییەکان لە عیبادەتکردندا[١٠].

لە تەموزی ١٩٦٥ یاسای نوێی پارتە سیاسییەکان لە تورکیا دەرچوو جەختیکردەوە لە پاراستنی بنەماکانی سێکیۆلاریزمو "ریفۆرمەکان"ی ئەتاتورك، هەمدیسان یاساکە بەکارهێنانی ئاییننی بۆ ئامانجە سیاسییەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە قەدەغەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی پارتە سیاسییە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ هەستان بە بەکارهێنانی ئایین لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا[١١]. سەرکەوتنی پارتی عەدالەتیش دەگەڕێنرێتەوە بۆ بەکارهێنانی سێمبولو هەستوسۆزە ئیسلامییەکان[١٢]. هەروەها پارتەکە پشکێکی گەورەی بەدەستهێنا لە دەنگە لایەنگرەکان لە نێوچە گوندنشینەکاندا[١٣].

هەوڵو تەقەللای پارتە سیاسییەکان بۆ سوود وەرگرتن لە فاکتەری ئایین لە هەڵبژاردنە پارلەمانیەکاندا دەکرێت ئەو راستییەی لێوە تێبگەین کە قۆناغی شەستەکان لە تورکیادا تایبەتمەندە بە دەرکەوتنی ئاشکرای رۆخسارەکانی ژیانی ئیسلامییو درککردنی زیاتر بە گرنگی ئایین لە ژیانی گشتیدا[١٤]. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رستێك فاکتەر لە نێویشیاندا تینوتاوسەندنی ململانێی ئایدۆلۆژیی لەنێوان پارتو رێکخستنە چەپڕۆو راستڕۆکان لەو قۆناغەدا، بەتایبەت دەستووری ساڵی ١٩٦١ ئاسانکاری زیاتری تێدابوو لەچاو دەستووری ساڵی ١٩٢٣ لەبەرامبەر بەرەیەکی بەرفراوان لە چالاکی سیاسیی راست بێت یاخود چەپ[١٥]. هەر لەبارەی ئەم ململانێوە حەزێك هەبوو بۆ بەکارهێنانی وشەکانی وەك "کۆمۆنیستیی" یاخود "مۆسکۆڤی" بۆ وەسفدارکردنی رادیکاڵیست یاخود سۆشیالیستەکان، هەروەها بەکارهێنانی چەمکی "ماسۆنی" و " زایۆنی" بۆ وەسفدارکردنی ئەوانەی کە سەرمایەداریی قۆرخکاریی هاوچەرخیان لاباش بوو. لەسەرجەم حاڵەتەکاندا بە پلەی یەکەم ماناکانی ئەم وشانە مانای ئایینی بوون، کۆمۆنیستەکانو ماسۆنییەکانو زایۆنیستەکان سەرجەمیان بە دژە ئیسلام لەقەڵەمدران، لە هەمان کاتیشدا ئەو وشانە رەهەندی سیاسیشی هەبوو کە لە وشەکانی "بێخوا/الملحد" و "بێباوەڕ"دا هەبوو کە لە پەنجاکاندا ئۆپۆزیسیۆنیان پێ نێودەبرد[١٦].

فاکتەرەکەی تریش بریتی بوو لەوەی دەستووری ساڵی ١٩٦١ کە بە تۆندی باسی لە بەرگرتن کردبوو لە بەکارهێنانی ئایین لەپێناو مەرامە سیاسییەکاندا، هەروەها جەختیکردبۆوە لە " ئازادیی عیبادەتکردنو رێکخستنو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پەیوەست بە ئیمانو ئایین"، بگرە

ڕێگەشدرا بەسەرلەنوێ گەڕانو بەدواداچوون بۆ مێژووی تورکەکان تا رادەی ئاماژەدان بە شکۆمەندیی "تورکیای عوسمانیی"[١٧].

سەرباری ئەمەش فاکتەرێکی تر لە ئارادایە ئەویش فاکتەری کۆچڕەوە لە گوندەوە بۆ شار بۆ گەڕان بەدووی هەلی باشتری کارو بژێویی، بڕێکی زۆر لەوانە رووبانکردە شارە گەورەکانی رۆژئاوای وڵات، بەتایبەت ئەستەنبوڵو ئەنکەرەو، بڕێکی تریشیان رووبانکردە شارەکانی تری وڵات. بە پێی یەکێك لە کۆڵەران ئەو کۆچڕەوە بۆتە مایەی زیادبوونی ئەو شارانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان ١٠٠,٠٠٠ کەس بووە لە دووشارەوە لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ ٣٠ شار لە ساڵی ١٩٧٠[١٨]. کۆچڕەوان پارێزگارییان دەکرد لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گوندەکاندا، هەمدیسان کۆچڕەوەکەیان لەگەڵ خۆیدا بەها سونەتییەکانیشی هەڵدەگرت لە دانیشتوانانی گوندەوە بۆ شارەکان، بەشێوەیەك رووخسارەکانی ژیانی ئیسلامیی کە لە پەنجاکاندا دەرکەوت بەردەوامبوو، بۆ نمونە، بنیاتنانی مزگەوتو جامیعە – بەو مزگەوتە دەگوترێت کە نوێژی هەینیی تێدا دەکرێت – نوێکان بەهەمان رەوت بەردەوامبوو کە لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا هەبوو، ٦٠٠٠ مزگەوتو جامیعەی نوێ لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠_١٩٦٤ بنیاتنران[١٩].

لە ماوەی قۆناغی شەستەکانیشدا ژمارەی قوتابخانەکانی پێشنوێژو گوتاربێژان زیادیکرد[٢٠]، هەروەها ژمارەی مامۆستایان لە ٣٣٧ مامۆستاوە بەرزبۆوە بۆ ١١٧٣ مامۆستا لە نێوان هەردوو ساڵی خوێندنی ١٩٦٠_١٩٦١و ١٩٦٨_١٩٦٩، دیسانەوە لەودەمەدا ژمارەی قوتابیانیش لە ٤٥٤٨ وە بۆ ٣٧٨٦٢ قوتابی هەڵکشا[٢١]. لە پاڵ ئەو قوتابخانانەدا پەیمانگای باڵای ئیسلامیی لە شاری قونیە لە ساڵی ١٩٦٢ دامەزرێنرا،

قەیسەری لە ساڵی ١٩٦٥، ئیزمیر لە ساڵی ١٩٦٦و ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٩٦٩[٢٢]. هەرچی خولەکانی فێرکردنی قورئانی پیرۆزە ژمارەیان بەرزبۆوە، لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا لە ٣٠١وە بۆ ٤٣٤ بەرزبۆوە لە ماوەی ساڵی خوێندنی ١٩٦٤_١٩٦٥، پاشتر بۆ ٧٨٦ لە ساڵی ١٩٧١دا[٢٣]. وێڕای ئەمەش خولی تری فێرکردنی ئیسلامیی هەبوون کە بڕێك لە گرووپە ئایینییەکان بەدزییەوە رێکییان دەخست، بەتایبەت کۆمەڵەی نوور، وێڕای ئەوەی سوپا لەپاش کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٦١ هەرجۆرە جموجۆڵو چالاکییەکی قەدەغە کردبوو لە رێبازە سۆفییەکانو جووڵانەوە ئایینییەکان[٢٤].

ئەم بەرفراوانبوونەی فێرکردنی ئایینیو فێرکردنی فەرمیی، بەتایبەت لەنێو چینە هەژارو مامناوەندەکاندا بوو بە مایەی دەرکەوتنی توێژێك لە قوتابیان کە خاوەن بەهای سوننەتیی بوون بەشێوەیەك بووە هۆی بەرفراوانبوونی رووبەری قبوڵکردنی ئەو تێزانە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا دەهاتەوە لەلایەن هاوڵاتیو دەنگدەری تورکییەوە[٢٥]. ئەوەی پتر ئەو بەهایانەی بنجداکوتاوتر دەکرد دەرکردنی زۆرێك لە ئەدەبیاتە ئایینییەکان بوو لە کتێبو گۆڤارو رۆژنامەکان. چەندین رۆژنامە لاپەڕەی تایبەتیان هەبوو سەبارەت بە بابەتە ئیسلامییەکان، هەوڵ لە ئارادا بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دژە چەپ لە رێگەی ئەو کتێبو بابەتانەی کە ئیسلامی لە وانەکاندا بەکاردەهێنا وەك "سۆشیالیزمی ئیسلام، ئیسلامو ناسیۆنالیزم، دیموکراسیەتی ئیسلام، دادپەروەریی ئیسلام"[٢٦].

هەرچی تایبەتە بەرێکخستنە سیاسییە ئیسلامییەکان لە تورکیا لەماوەی ئەو قۆناغەدا جگە لە راپۆرت چ شتێکی تر لەبەردەستدا نییە. کە قورسە

پشتی پێ ببەستڕێت، دەربارەی بوونی تۆڕێك لە شانە ئیسلامییەكان لە تورکیا كە ڕێكخراوی جیهانیی ئیخوان ئەلموسلمین بەڕێوەی دەبرد[٢٧]، هەروەها دەربارەی جموجوڵی ڕێكخستنێك بەنێوی پارتی ڕزگاریی ئیسلامیی[٢٨] لە تورکیا هەر لەساڵی ١٩٦٧وە [٢٩]. بۆیەشە دەكرێت بڵێین گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا لە شەستەكاندا خاڵی بوو لە بوونی ڕێكخستن یاخود بوونی هەرجۆرە پارتێكی خاوەن خولیای ئیسلامیی[٣٠]، یەكەم پارتی لەمشێوەیە بریتی بوو لە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی كە لە سەرەتای ١٩٧٠ دامەزرا.

پارتی عەدالەت كە پشتیوانیی ئەو خەڵكانەی بەدەستهێنا كە تێڕوانینی ئاینییان هەبوو بەشێوەیەكی ئاشكرا هەر لە هەڵبژاردنە پارلەمانیەكەی تشرینی یەكەمی ١٩٦٩وە بەرەبەرە ئەو پشتیوانییەی لەدەست دەدا لە ئاخروئۆخری شەستەكاندا بەهۆی دوو فاكتەرەوە: یەكەم ململانێی لەسەر ڕێبەرایەتیكردن لە نێوخۆی پارتەكەداو دووەمیش سیاسەتە ئابووریی‌یەكانی حكومەتەكەی دێمیرئەل. لەبارەی وەرچەرخانی ئابووریی تورکیا لە سەرمایەداریی بازرگانییەوە بۆ سەرمایەداریی پیشەسازیی لە شەستەكاندا حكومەتەكەی پارتی عەدالەت پێڕەویی لە سیاسەتێكی ئابووریی دەكرد كە ناهاوسەنگ بوو، هەمدیسان دژی پلانی نێوەندییو ڕیفۆرمە ستراكتۆرییە پێویستەكان بوو بۆ پەرەپێدانی ئابووریی دروستو دڕێژخایەن[٣١]. هەروەها سیاسەتی قەرزی دڕێژخایەن لە ویلایەتە یەكگرتووەكانو بەریتانیا بووە هۆی هەڵاوسانی ئابووریی‌و، كورتهێنانی لە بودجەی پێدراوەكاندا دروستكرد. دیسانەوە كردنەوەی دەرگاكانی وڵات بەڕووی كۆمپانیا بیانییەكان بوو بە مایەی زیادبوونی پەیوەندیی

ئابووریی تورکیا به ئابووریی رۆژئاواوه، بەتایبەت پیشەسازیی پاڵاوتنی نەوتو دەرهێنانی کانزاو پیشەسازییە کیمیاییو ئەندازیارییەکان، ئەمەش ئابووریی تورکیای سنووردارکرد[٣٢]. هەر لە گەیشتنی بەدەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٥ چەندین تێڕوانین لەنێوخۆی پارتەکەدا لە گۆڕێدا بوون بۆ چەسپاندنی پێگەکانی سەرمایەداریی پیشەسازیی تورکیی. ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو لە پێکهێنانی هەلومەرجە گونجاوەکانی بۆ تێڕژانی سەرمایە بۆ نێو پیشەسازیی، بۆ نمونە، شێوازی گواستنەوەی لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازیی لە رێگەی بەرزکردنەوەی باج لەسەر مواڵکدارانی زەویی. هەروەها سیاسەتی باجی حکومەتەکەی پارتی عەدالەت بووە هۆی کەمکردنەوەی بڕێك لە بەرژەوەندییەکانی وردە بۆرژوا[٣٣]. بەمشێوەیە پیشەکاران سوودمەندی یەکەم بوون لەو سیاسەتە، لەبەرامبەریشدا توێژگەلێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی تورکیی گیرۆدەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو سیاسەتە بوونەوە. ئەنادۆڵ لەو نێوچانە بوو کە زۆرترین زیانی بەرکەوت بەهۆی ئەو سیاسەتەوەو، بووە هۆی ئەوەی پارتی عەدالەت پشتیوانییی جووتیارانو وردە بۆرژوای خاوەنی تێڕوانینی ئاینیی لەدەست بدات. گەشەسەندنی کەرتی ئابووریی هاوچەرخو داخورانی کەرتی سوننەتیی، وای لە گرووپە وردە بۆرژواکان کرد گومان لە سیاسەتەکانی پارتی عەدالەت بکەن کە پێشتر پاڵپشتییان دەکرد، ئەو گرووپانە گلەییو گازندەی خۆیان گەیاندە سەرۆك وەزیران دێمیرئەل، داوایان لێکرد ریۆشوێنیکی وا بگرێتەبەر کە قۆرخکاریی راوەستێنێت کە تا دەهات بەرفراوانو دەڵبتر دەبوو، وەختێکیش ئەو داوایەی رەتکردەوە پارتەکەی ئەویان بەجێهێشت تا خۆیان رێك بخەن لە

دژی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی ئابووریی کە شێوازی ژیانی ئەوانی لەباردەبرد[٣٤]، پاش ئەوەی سەرمایە کۆبۆەوەو فشارەکانی بەهێزبوون بوو بە مایەی زیادبوونی ژمارەی ئەو دامەزراوە گچکانەی کە بەرەو مایەپووچی دەچوون[٣٥]. ئەم واقیعە هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ دەرکەوتنی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی _"Milli Nizam Partisi" لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، دیسانەوە پارتی عەدالەت جیابوونەوەو کوتکوتبوونی گرنگی لە ١٨ی کانونی هەمان ساڵدا بەخۆوە بینیو دامەزراندنی پارتی دیموکراتی لێکەوتەوە[٣٦].

پارتی سیستەمی نیشتیمانیی لەسەر دەستی نەجمەدین ئەربەکان دامەزرێنرا[٣٧]، کە لە کەسە بزۆزەکانی پارتی عەدالەت بوو لە شەستەکاندا بەشێوەیەك بەفەرمانی پارتەکە لە ساڵی ١٩٦٦ دیاریکرا بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی یەکێتی ئەنجومەنەکانی بازرگانییو ئابووریی تورکیا. ئەربەکان چەندینجاران رەخنەی لە پێڕەوی سیاسییو ئابووریی ئەو یەکێتییە دووپاتکردۆتەوە، رایگەیاندووە کە میکانیزمی کارکردنی یەکێتییەکە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی بازرگانیی گەورە دەکات لە شارە گەورەکاندا. کە بەشە گەورەی هاوردەکردنی بەردەکەوێت، "کەچی بازرگانی ئەنادۆڵ هەست بەوە دەکات کە بە پێی پەتی دێتو دەچێت". هەروەها ئەربەکان جەختیکردۆتەوە لەوەی یەکێتیی ئەنجومەنەکانی پیشەسازییو بازرگانیی تورکیی وەك دەستەیەکی کۆمپرادۆریی ماسۆنیی، کەمینەیەك "کاردەکات "و ئەو رێکخراوە ئابووریییە بەهێزە بەتەواوی کەوتۆتە دەست کۆمپرادۆری بازرگانو سەرمایەداریی پیشەسازیی"، کە ناخوازێت پەرەبدات بە

بارودۆخی مولّکدارانی ئەنادۆڵو دەیەوێت سەرجەم هێڵەکانی بەڕێوەبردن لەدەستی خۆیدا بێت. هەمدیسان ئەربەکان داوایکردووە بازرگانانو پیشەسازانی ئەنادۆڵ نوێنەرایەتییان لە یەکێتیی ئەنجومەنەکاندا هەبێتو یەکێتییەکەش ببێتە پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان[٣٨].

تێبینیو رەخنەکانی ئەربەکان رێبەرایەتیی پارتی عەدالەتی تووڕەو قوشقی کرد، بۆیەشە لە ساڵی ١٩٦٨ لە پۆستی سکرتێری گشتیی یەکێتییەکە لابرا. لەگەڵ ئەوەی ئەربەکان لە ئایاری ١٩٦٨ دیسان سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە، لە رێگەی هەڵبژاردنەوە، بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی ئەنجومەنەکانی پیشەسازیی‌و بازرگانیی تورکیا، بەڵام دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دانی نەنا بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەو پۆلیسی بەکارهێنا بۆ دوورخستنەوەی لەو پۆستە. لە ئەیلولی ١٩٦٩ ئەربەکان گوتارێکی خوێندەوەو رەخنەی لە سیاسەتی دێمیرئەل گرت. هەروەها ئەو بەشداریکرد لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی هەمان ساڵدا وەك کاندیدی سەربەخۆی شاری قونیەو توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە ئەندامێتیی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەدا. لەپاش ئەو سەرکەوتنە ئەربەکان نیازەکانی راگەیاند بە دامەزراندنی پارتێکی نوێ "دامەزراوو چەسپاو لەسەر بنەما ئیسلامییەکان". لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ ئەو پارتەی دامەزراند بە نێوی "پارتی سیستەمی نیشتیمانیی"[٣٩]. شایەنی باسکردنە ئەربەکان نەقشبەندیی بوو لە باوەڕیارانی شێخ موحەممەد زاهید کوتکۆ بوو[٤٠]، بۆیەشە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٦٩ هاوشێوەی سەرکەوتنی کوتکۆ بوو[٤١]، هەمدیسان ئەربەکان پارتی

سیستەمی نیشتیمانیی بە رەزامەندیی یاخود ئاڕاستەکردنی شێخی نێوبراو دامەزراند[٤٢].

بەیاننامەی دامەزراندنی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی ئەوەی روونکردەوە کە لەسەر میراتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییو جەنگی سەربەخۆیی تورکیا پایەداربووە، هەروەها پایەداربووە لەسەر "سیستەمی دادپەروەر" کە ئیسلام بانگەوازی بۆ دەکات. هەمدیسان ئەربەکان لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا کە لە رۆژی ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ بەستی رایگەیاند کە پارتەکە ئەندامێتی هەموو کەسێك قبوڵ دەکات جگە لە "ماسۆنییو کۆمۆنیستو زایۆنیستەکان"[٤٣].

پێڕەوو پرۆگرامی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی جەختیکردەوە لە ئازادیی باوەڕو ئەنجامدانی سرووتە ئاینییەکانو فێرکردنی ئاینیی، هەروەها ئاماژەیداوە بەوەی پارتەکە "دژی بەکارهێنانی پرنسیپی سێکیۆلاریزمە وەك میکانیزێك بۆ فشارخستنە سەر ئایینو موسڵمانان". هەروەها لە بواری ئابووریشدا پێڕەوو پرۆگرامی پارتەکە ئاماژەی بە چەندین شت دابوو لەوانە "پابەندبوون بە ئەخلاقو رۆحی نیشتیمانیی"و، شەڕەقۆچ لە دژی "ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی ماتریالیی"و سنووردانان بۆ بۆرژوای بازرگانیی گەورەو زەرورەتی پشتگیریکردن لە" ئەخلاقی بازرگانیی" لە بواریی کۆمەڵایەتییدا. پێڕەوو پڕۆگرامی پارتەکە بەتوندیی جەختیکردەوە لە " بەرزکردنەوەی ئاستی ئەخلاقیی کۆمەڵگە"و بەرزکردنەوەی فاکتەری ئاینیی لەسەرجەم بوارەکانو زەروورەتی بەرەنگاربوونەوەی "بەها سەرمایەداریی نا ئەخلاقییەکان" بەپشتبەستن بە بەها ئەخلاقییەکانی ئیسلام. لە بواری پەیوەندییە دەرەکییەکاندا پێڕەوو پرۆگرامی پارتەکە

داوای پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هاوکاریی دەکرد لە نێوان تورکیاو ئەو دەوڵەتانەی کە لە رووی مێژوویی‌و فەرهەنگییەوە بە نزیك لەقەڵەم دەدران لە تورکیا وەك "ئاماژەیەك بۆ دەوڵەتانی ئیسلامیی" لە بەرەنگاربوونەوەی هاوپەیمانیی لەگەڵ رۆژئاواو بازاڕی ئەورووپیی هاوبەش[٤٤]. پاشتریش ئەربەکان، لە نیسانی ١٩٧٠ رایگەیاند "نابێت تورکیا لە بازاڕی هاوبەشی دەوڵەتانی رۆژئاواییدا بێت"[٤٥]، بەڵکو دەبێت لە بازاڕی هاوبەشی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتیدا بێت. تورکیا بە نسبەت رۆژئاواییەکانەوە پاشکەوتووە، بەڵام بەنسبەت رۆژهەڵاتییەکانەوە پێشکەوتووە"، هەمدیسان پێشبینی ئەوەی کردووە کە چوونی تورکیا بۆ نێو بازاڕی ئەورووپیی هاوبەش لەو هەلومەرجەی ئەوکاتەدا تورکیا دەکاتە کۆلۆنییەك[٤٦].

پارتی سیستەمی نیشتیمانیی هەر لە دامەزراندنییەوە پشتیوانیی بۆرژوای ئەنادۆلّی بەدەستهێنا، وێڕای کەمەنکێشکردنی نەوەی دێهاتەکان ئەوانەی خاوەن تێڕوانینی ئیسلامیی بوون. هەروەها پارتەکە سێ نوێنەری لە پارلەماندا هەبوو ئەوانیش: ئەربەکان‌و دوو پارلەمانتار لەسەربەخۆکان، لە پاش دامەزراندنی دایانە پاڵ پارتەکە[٤٧].

لەبەر رۆشنایی قەیرانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی کە تورکیا تێیدا ژیا، وێڕای دیاردەی توندوتیژیی‌و ناسەقامگیریی سیاسیی لە وڵاتدا، ئەربەکان لە ئاخروئۆخری ١٩٧٠دا رەخنەی لە هەردوو پارتە سەرەکییەکەی وڵات گرت، پارتی عەدالەت‌و پارتی گەلی کۆماریی، ئەوەی رووبەڕووبونکردەوە کە هەردوو پارتەکە گوزارشت لە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان ناکەن‌و هەردووکیان بوونەتە "چەکی دەستی زایۆنیزمی جیهانیی". لە بۆنەیەکی

تردا لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا داوای لەسەرجەم موسڵمانان کرد "لەژێر ئەو دروشمە ئیسلامییانەدا یەکبگرن کە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی بەرزی کردوونەتەوە"، هەمدیسان چەندین گوتاری تری پێشکەشکرد رەخنەی لە پرنسیپی سێکیۆلاریزم گرت[٤٨]. لە ئاخروئۆخری شەستەکانەوە حکومەتەکەی دێمیرئەل رووبەڕووی گرفتی جددیی بۆوە بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسییو کۆمەڵایەتیی لە وڵاتداو بڵاوبوونەوەی رووداوەکانی توندوتیژیی لە نێو قوتابیانو نێو یەکێتییە پیشەییەکانو دەرکەوتنی بانگەشەی بەردەوام بۆ داننان بە واقیعی کوردیدا، هەمدیسان خۆپیشاندانی توند لە دژی نفوزی ئەمریکیی سازدراو، رووداوەکانی تیرۆری سیاسیی زۆربوونو، بۆمب بەکارهێنرا بۆ لێدانو تەقاندنەوەی بڕێك لە دامەزراوە حکومییو دامەزراوە نەوتییەکان. لە باروودۆخێکی لەمشێوەدا سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکانو رێبەرانی هێزە وشکانییو دەریاییو ئاسمانییەکان یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆك کۆمار جەودەت سۆنای لە ١٢ی ئاداری ١٩٧١ کرد داوایانکرد حکومەتێکی بەهێزو بەگوڕ پێکبهێنرێت بۆ بەگژداچوونەوەی پشێویییو چارەسەرکردنی هەڵاوسانی دراوو، ئەنجامدانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیی. لەهەمان رۆژدا دێمیرئەل دەستلەکارکێشانەوەی خۆی رادەستی سەرۆك کۆمار کردو سوپا جڵەوی دەسەڵاتی لە کۆدەتاکەوە گرتەدەست تا هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، کۆدەتاکە دەرگای خستە سەرپشت لەبەردەم پێکهێنانی چەندین حکومەتی هاوپەیمانیی نیشتیمانیی ناحیزبیی یەکەمیان دکتۆر نیهاد ئیریمو کۆتاشیان نەعیم تالۆ سەرۆکایەتییان کرد[٤٩].

قۆناغی پاش کۆدەتا هەڵمەتی سەرکوتکردنو قوڵبەستکردنی بەخۆوە بینی لە دژی پارتو رێکخراوە چەپڕۆکان، دادوەری گشتیی لە تورکیا دۆسیەیەکی کردەوە لە دژی پارتی کرێکارانی تورکیی" Türkiye İşçi Partisi"[٥٠] بە تۆمەتی رەواجدان بە ئایدیا کۆمۆنیستییەکانو پشتیوانیکردنی جووڵانەوەی "جیاخوازیی" کوردیی، ئەمەش پێشێلکردنی دەستوور بوو، دیسانەوە دادوەری گشتیی هەوڵیدا سەرجەم رێکخراوەکانی گەنجانی پەیوەست بە یەکێتیی گەنجانی شۆڕشگێڕیی تورکیی دابخات، بەکورت کراوەیی ناسراوە بە "Dev – Genc". "گازندە" لەو رێکخراوانە گیرا بەهۆی کاری توندوتیژیی چەپڕۆیانەو پرۆسەکانی دنەدان لە زانکۆو شارەکاندا. هەمدیسان رێوشوێنی توند گیرایەبەر لەدژی سەندیکاکانی کرێکارانو یەکێتییە پیشەییەکان بەتایبەت لەپاش راگەیاندنی باری نائاسایی لە ١١ شار لە کۆی ٦٧ شارەکەی وڵات. ئەو پارێزگایانە نێوچە سەرەکییو پیشەسازییە سەرەکییەکانی لە تورکیادا گرتەوە، سەرباری پارێزگا کوردییەکان لە باشووریی رۆژهەڵاتی وڵاتو، ژیانی سیاسیی لە تورکیادا بەتەواوەتیی گۆجکرد[٥١].

پارتی سیستەمی نیشتیمانیش بەدوور نەبوو لە رێوشوێنەکانی سەرکوتکردن لە پاش کۆدەتا سەربازییەکە. لێکۆڵینەوە لەبارەی پارتی نێوبراو کراو لەکۆتاییدا بە بڕیاری دادگەی دەستووریی تورکیی لە ٢٠ی ئایاری ١٩٧١ پارتەکە هەڵوەشێنرایەوە[٥٢]، دادگەی دەستووریی بەڵگەی بۆ بڕیارەکەی هێنایەوە بەوەی ئەو پرنسیپانەی کە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی لەسەری وەستاوەتەوەو، هەڵسوکەوتەکانی پاشتری، پێچەوانەی دەستووری تورکیایەو، پارتی نێوبراو کاردەکات لەپێناو

هەڵوەشانەوەی سێکیۆلاریزمو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی لە تورکیاو قڵپکردنەوەی بنەما ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و حقوقییەکان کە وڵاتی لە سەرپایەدار بووەو، کارکردن لە دژی پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزمو هەستان بە هەندێك خۆپیشاندانی ئاینیی[٥٣].

بڕیارەکەی دادگەی دەستووریی بەهەڵوەشاندنەوەی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ وردەکارییەکانی بڕیارەکە بەڵکو نەهجی پارتی نێوبراوو رێبەرەکانی ریشەی قوولیان لە ئەنادۆڵدا بەجێهێشت لەماوەی یەك سالی ژیانی پارتەکەدا، هەروەها پارتەکە توانی رێکخستن دروست بکات لەنێوچە جیاوازەکانی وڵاتدا[٥٤]، ئەمەش هەڕەشەیەکی جددیی بوو بۆ سەر پارتی عەدالەت، بۆیەشە باس لەوەدەکرێت کە هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە بەهۆی هەستیاریی سوپاوە نەبووە لەبەرامبەر هەڵوێستی دژانەی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی بەرامبەر بە ئەتاتورکیزم، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتی عەدالەت دەیویست ئەو رکابەرە بسڕێتەوەو لەبێخی بهێنێت[٥٥].

وێڕای رێوشوێنەکانی دەسەڵاتی سەربازیی، تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا لە حەفتاکاندا بە خێرایی گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی‌و، لەپاڵ رۆڵی بەردەوامی ئیسلام لە سیاسەتدا تا رادەی بەشداریی لە دەسەڵاتدا. پێشئەوەی دەربارەی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی" Milli Selamet Partisi" بدوێین، کە نوێنەری سەرەکیی تەوژمی ئیسلامیی بوو لە تورکیای حەفتاکاندا، وا پێویست دەکات باس لە گرنگترین ئەو فاکتەرە نێوخۆیی‌و هەرێمییانە بکەین کە هاریکاربوون لە چەسپاندنی رۆڵی تەوژمی ئیسلامیی لە سیاسەتی تورکیا لە حەفتاکاندا ئەوانیش:

١–گەشەسەندنی سەرلەنوێی تەوژمی چەپ لە تورکیا لە پاش ئەو سەرکوتکردنەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی سەربازیدا دووچاری بۆوە. ئەو گەشەسەندنەش ئاشکرابوو لە پشکوتنی چەندین جووڵانەوەو رێکخستنی چەپڕۆی تونددەمار کە لە نێو ریزەکانی قوتابیانی زانکۆو کرێکاراندا بەشێوەیەکی تایبەت کەوتنە چالاکییو جموجۆڵ[٥٦]. لەهەمبەر بارودۆخێکی لەمشێوەدا دەوڵەت بەچاوی رەزامەندییەوە لە گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی دەڕوانیی کە خۆی لە پارتی سەلامەی نیشتیمانیدا دەبینییەوە[٥٧].

٢–رێوشوێنەکانی سیستەمی سەربازیی لە بواری ئابووریدا لەپاش کۆدەتاکەی ئاداری ١٩٧١ زیانی گەیاند بە توێژگەلێکی بەرفراوانی دانیشتوانو، هانیدان پشتیوانیی لەو پارتە سیاسیانە بکەن کە گوزارشت لە بەرژەوەندییو خواستەکانیان دەکەن، پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە نێو ئەو پارتانەدا بوو، ئامانجی سەرەکیی لەو رێوشوێنە ئابووریانە بەگشتیی بنجداکوتانی سەنتەری بۆرژوازیی بوو لەبەرەنگاربوونەوەی هەڵکشانی رێوڕەوتو جووڵانەوەی کرێکاریو بەشێوەی فرەدیاریکراویش پاڵپشتیکردنی سەرمایەی پیشەسازیی[٥٨]. ساڵانی دەسەڵاتی سەربازیی لە نێوان (ئاداری ١٩٧١_ تشرینی یەکەمی ١٩٧٣) ساڵانێکی باشبوو بۆ پیشەسازانو سەرمایەداران بەشێوەیەك قۆرخکارییەکان پشتیوانیی لە دەستکەوتەکانیان کرد لەسەر حسێبی گچکە بەرهەمهێنەران، هەمدیسان ساڵانێك بوو کرێ راستەقینەکان دژوارو ناسەقامگیر بوون، کرێکاران بێکەس مانەوەو دەستەوەسان بوون لە پشتیوانیکردنی داواکارییەکان بەهۆی باری نائاساییەوە[٥٩]. هەرچی هێزی سەنتەری مەزنە پیشەسازانو

سەرمایەدارانی لەو قۆناغەدا بەهێزکرد دامەزراندنی یەکێتیی سەرمایەدارانو پیشەسازانی تورك بوو "TÜSIAD "[٦٠] لە ئابی ١٩٧١دا. دامەزرێنەرانی یەکێتییەکە نوێنەرانی بەدیمەنی کەرتی پیشەسازیی بوون لە تورکیاو، لەودەمەدا پشتگیرییان لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دامەزراوە پیشەسازییەکان دەکرد بە ئاڕاستەی بازاڕە دەرەکییەکاندا[٦١]. ئەندامێتی لەو یەکێتییەدا کورتکرابۆوە لەسەر کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانییو پیشەسازییە گەورەکان. بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەو یەکێتییە بەشێوەیەك تەماشا دەکرا کە نوێنەری سەرمایەی گەورەی نێو ئەستەنبوڵەو پەیوەندیی تووندوتۆڵی هەیە بەدەوڵەتو سوپاوە[٦٢]. لە بارودۆخێکی لەمشێوەدا سەرمایەدارانو گچکە بازرگانانو پیشەوەران لە ئەنادۆڵ هەستیان بەوەکرد کە بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیدایە، هەروەها بەوەی هەلەکانی پەرەسەندنیان سنووردارە بەهۆی هەژموونی مەزنە سەرمایەدارو پیشەسازانو پشتیوانی دەوڵەت لەوان، بەمشێوەیە بەشێکی زۆریان پشتیوانییان لە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی کرد لەپێناو پاراستنیان لە شەپۆلی کەرتی پیشەسازیی هاوچەرخ کە لە شاری ئەستەنبوڵ گەشەی سەند[٦٣]. لە لایەکی ترەوە حکومەت ناڕەزایەتیی بەرهەمهێنە کشتوکاڵییەکانی هوروژاند وەختێك بڕیاریدا بە دیاریکردنی ئاستەکانی نرخی شمەکە کشتوکاڵییە بەراییەکان کە دەچوونە نێو پیشەسازییەوە، بەرهەمهێنە کشتوکاڵییەکان بەتوندی بەرووبدا وەستانەوەو حکومەتیان ناچارکرد پاشەکشەی لێ بکات[٦٤].

٣- تورکیا هەر لە نێوەڕاستی حەفتاکانەوە پێوستیی بە پاڵپشتیی ئابووریی‌و سیاسیی هەبوو لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبیی‌و ئیسلامییەوە بە

تایبەتیی بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە پاش ساڵی ١٩٧٣ لە لایەكو، لێكەوتەكانی قەیرانی قوبرس لە هاوینی ١٩٧٤ لە لایەكی ترەوە. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بوو بە هۆی بارگرانی زیاتر بۆ سەر ئابووریی تورکیا، چونکە تورکیا دەوڵەتێکی هاوردەکەری نەوت بوو، بۆیەشە هەوڵیدا نەوت بەنرخی گونجاو بەدەست بهێنێت لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییە نەوتییەکانەوە. هەمدیسان زیادبوونی قازانجی دارایی دەوڵەتە نەوتییەکانو پرۆژە گەشەپێدانە بەرفراوانەکان کە دەستیان دایە تورکیای ناچارکرد هەوڵبدات کۆمپانیاکانی بەشی خۆیان لەو پرۆژانە بەرکەوێت، وێڕای راکێشانی بەشێك لە سامانی نەوتیی بۆ وەبەرهێنان لە تورکیاو زیادبوونی هەناردەکانی تورکیا بۆ دەوڵەتانی عەرەبیی بەرهەمهێنی نەوت[٦٥]. هەرچی قەیرانی قوبروسییە لە تەموزی ١٩٧٤و دابەزینی سەربازیی تورکیا لە باکووری قوبروس کاریگەری نەرێنیی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رۆژئاوادا، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ئامادەکەری سەرەکیی چەکوتەقەمەنیو هاوکارییە سەربازییو ئابووریییەکانی تورکیا بوو، تورکیاش ئومێدەوار بوو ئەو کاریگەرییە نەرێینییە هاوسەنگ بکاتەوە لە رێگەی بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئابووریی‌و سیاسیی لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبیی‌و ئیسلامییەوە. بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانییە ئابووریی‌و سیاسییە پێویستی بە جەختکردنەوە هەبوو لە رەهەندی ئیسلامیی لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا[٦٦]. بەمشێوەیە تورکیا، کە بەشداریکرد لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئیسلامیی هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧١ بەبیئەوەی ببێتە ئەندامی تەواو تێیدا،

خوازیاربوو له ئابی ١٩٧٥دا کۆبوونەوەی حەوتەمی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی لەسەر خاکی وڵاتەکەی ببەسترێت. ئەو کۆنگرەیە لە ئایاری ١٩٧٦ لە ئەستەنبوڵ بەستراو لەیەکەم رۆژی کۆنگرەکەشدا تورکیا بووە ئەندامی تەواو لە رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییداو بەڵێننامەی رێکخراوەکەشی مۆرکرد، لەگەڵ هەندێك تێبینی بەهۆی دەستووری سێکیۆلاری وڵاتەکەیەوە. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا لەسەر دامەزراندنی "نێوەندی کۆڵینەوەکانی میژووو هونەرو فەرهەنگیی ئیسلامیی لە ئەستەنبوڵ"، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٨ ئەنکەرە بوو بە نێوەندی کۆڵینەوەکانی تری سەر بە رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی کە لە هەمان ساڵدا دامەزرا بە نێوی "نێوەندی کۆلینەوەی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و راپرسیی". هەروەها تورکیا بەشداریکرد لە "بانکی گەشەپێدانی ئیسلامیی" کە پێشتر لە کۆنگرەی دووەمی وەزیرانی دارایی دەوڵەتانی ئیسلامیی لە ١٠ی ئابی ١٩٧٢ دامەزرا[٦٧].

٤- سەرنخونبوونەوەی سیستەمی شاهەنشاهیی لە ئێرانو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩و کاریگەرییە گرنگەکانی لەسەر چەندین پارتو جووڵانەوەی ئیسلامیی لە دەوڵەتانی نێوچەکەدا بەگشتیی، لە نێویشیاندا تورکیا، پارتی سەلامەی نیشتیمانیی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە شۆڕشی ئێرانیی چونکە ئێرانی رزگارکرد لە "کۆیلایەتیی بۆ ئەمەریکا"[٦٨]، هەمدیسان پارتەکە لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩ بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا بە یەکجاریی رەتیکردەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بنکە سەربازییەکانی لە تورکیا بەکاربهێنێت لە ئەگەری دەستێوەردانی ئەمەریکیی لە ئێراندا لەسەروبەندی قەیرانی

بارمتەکانی باڵۆێزخانەی ئەمەریکا لە تاران[٦٩]. سەرباری ئەمەش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێراندا رووياندا هانی ئەو هێزە سیاسییانەی دا کە تێڕوانینی ئیسلامییان هەبوو بەشێوەیەکی فرە ئاشکرا بەخۆبکەون[٧٠]. هەر ئەمەشە کە تێبینی دەکەین لە پارتی سەلامەی نیشتیمانییدا، کە کەمتر سەرسوڕمانی هەبوو لە گوزارشتکردن لە بۆچوونو جموجوڵە دژەکانی لە بەرامبەر سیستەمی سێکیۆلار لە تورکیا لە ئاخروئۆخری حەفتاکاندا بە بەراورد بە تەوژمی ئسلامیی لە سالاّنی پێشووتردا.

پارتی سەلامەی نیشتیمانیی، کە درێژکراوەی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی بوو، لە ١١ی تشرینی ١٩٧٢دا دامەزراو دەستەی دامەزرێنەری لە ٢٠ کەس پێکدەهات بەسەرۆکایەتیی سلێمان عارف ئیمرە[٧١]. بڕوایەکی گشتیی هەیە بەوەی رێبەری فیعلیی پارتەکە نەجمەدین ئەربەکان بووە[٧٢]، کە لە پشت پەردەوە بۆ ماوەیەك خۆی مەلاّسداوە تاکو پارتە نوێکە بەهەمان دەردی پارتی سیستەمی نیشتیمانی نەچێت لە رێگەی بەدیارنەخستنی هەرجۆرە پەیوەندییەکی راشکاوانە لە نێوان هەردوو پارتەکەدا، هەروەها لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٧٣دا یەکەم کۆنگرەی گشتیی پارتەکە بەڕێوەچوو، سەرلەنوێ سلێمان عارف ئیمرە وەك سەرۆك هەلّبژێردرایەوە. لە ١٦ی ئایاری ١٩٧٣، لە پێش پێنج مانگ لە وادەی هەلّبژاردنە پارلەمانییەکە، ئەربەکان لەگەلّ دوو لە پارلەمانتارانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە بەفەرمیی چوونە نێو پارتەکەوە، کە بەشێوەیەکی رێژەیی دۆخی نێوخۆیی تورکیا سەقامگیرو ئارامبوو، مەترسی قەدەغەکردنی پارتە نوێکە لەلایەن دەسەلاّتدارانی تورکیاوە نەمابوو[٧٣].

پارتی سەلامەی نیشتیمانیی جیاوازتر نەبوو لە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی لە رووی پێڕەوو پڕۆگرامو روانگەی فیکریی ئیسلامییو نەتەوەییەوە، پێڕەوو پڕۆگرامی پارتە نوێکە چەندین خاڵی تێدابوو کە لە هەمان پێڕەووپڕۆگرامی پارتی سیستەمی نیشتیمانیدا هەبوو بەتایبەت لە هەرچی پەیوەندیی هەبوو بە فەزیلەتو ئەخلاقو گرنگییەکەی بەنیسبەت تاکو کۆمەڵگەوە، هەروەها گرنگیی فێرکردنی ئاییnی بەو پێیەی هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پڕچەککردنی هاوڵاتیان بە چەکی ئاییnو ئەخلاق. هەمدیسان پارتەکە جەختیکردەوە لەسەر بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییو، دەستەبەرکردنی خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتییو، پێشخستنی ماددییو پێشخستنی ئەخلاقیی شانبەشانی یەکتر، نەوەک بەتەنها تیشک خستنەسەر لایەنی ماددییو فەرامۆشکردنی لایەنی ئەخلاقیی کە لە هەردوو نمونەی سەرمایەداریی‌و سۆشیالیستیدا هەیە. هەمدیسانەوە پارتەکە جەختیکردەوە لەسەر پێویستییو گرنگیی دامەزراندنی پیشەسازیی زەبەلاح لە تورکیادا، لە نێویشیاندا پیشەسازیی چەکوتەقەمەنی، بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە رۆژئاوا لەم بوارەدا. داواشی لەدەوڵەت کرد دەستوەربداتو بەڕووی ئیستغلالکردندا بوەستێتەوە بەشێوەیەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی زامن بکات، ئەمەش لەرێگەی سەرلەنوێ گێڕانەوەی گەشەپێدانی ئابووریی. هەروەها پێڕەوو پڕۆگرامی پارتەکە جەختیکردەوە لەسەر خاوەندارێتیی تایبەتو پێویستیی وەستاندنی زێدەڕۆیی کردن لە بەخشینەکانو دانانی سیستەمی باجی داوەرانە کە باجی پتر بخاتە سەر مەزنە سەرمایەدارانو پیشەسازانو، گەشەپێدان لەوڵاتدا لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتییو

جوگرافیی فره هاوسەنگتر. ئەم خاڵەی کۆتایی هاوشێوەی پەرچەکردارێك بوو بۆ گردبوونەوەی سەرمایەی گەورە لە ئەستەنبوڵو دەوروبەریداو، فەرامۆشکردنی رێژەیی سەرمایەو سەرمایەدارانی ئەنادۆڵ. هەروەها لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەکیشدا پارتی سەلامەی نیشتیمانیی جەختیکردەوە لەسەر پێویستی گرنگیدان بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی لەبری وەستانی تورکیا لە پشت رۆژئاواو بازاڕیی ئەورووپیی هاوبەشەوە، دیسانەوە پارتەکە جەختیکردەوە لەسەر خەتەرناکیی زایۆنیزم کە هەوڵدەدات بۆ دەستگرتن بەسەر جیهانداو، بەو پێیەی سەرچاوەی تیرۆرە لە تورکیاداو، بنەمای پەرتەوازە بوونە لە جیهانی ئیسلامیدا[٧٤].

وێڕای هاوشێوەبوون لەنێوان پێڕەوو پرۆگرامی هەردوو پارتەکەو ئەندێشەو روانینە فیکرییەکانیاندا، بەڵام پارتی سەلامەی نیشتیمانیی جیاوازبوو لە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی لەو گرنگیدانەی دەیدا بە مێژوو و هۆشیاربوون لەبەرامبەریدا لە رێگەی جەختکردنەوە لە رابردووی عوسمانییو بانگەوازکردن بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز بەگەڕانەوە بۆ نەریتە مێژووییەکانی نەتەوەی تورك[٧٥]. بەمەش پارتی سەلامە بەتوندیی رەخنەی لە لاساییکردنەوەی کوێرانەی رۆژئاواو وەستان لە پشتییەوە گرت. پارتەکە هەمیشە رکابەرەکانی تۆمەتباردەکرد بەوەی ئەندامن لە "یانەی رۆژئاوایی"، هەروەها ئەو یانەیە بۆ کەسانێکە کە زاکیرەیەکی لاوازیان هەیەو رابردووی خۆیان لەبیرکردووە لە گێژاوی هەوڵی کوێرانە بۆ ستایشکردنی فەرهەنگو شارستانێتی رۆژئاوایی. لەمڕووەوە ئەربەکانو پارتی سەلامە پێیانوابوو رەتکردنەوەی ئیسلامو بە باشترزانینی

شارستانێتی رۆژئاوا، رۆشنبیرانو دەوڵەتمەدارانی تورکی لەبەر چاوروونی سیاسیی خستووە. هەروەها هەوڵەکانی سیاسەتوانانی "یانەی ئەوروپیی" بۆ رێبەرایەتیکردنی وڵات شکست دەهێنێت، بە ئەندازەی پشتبەستنیان بە هۆشیاریی میژوویی[٧٦]. ئەربەکانو پارتەکەی جەختییان کردەوە لەسەر زەرورەتی راستکردنەوەی شێوازی پەیوەندیی تورکیا بە رۆژئاواوە چونکە بوونەتە مایەی تەبەنیکردنی ئەولەویاتی هەڵەوە، ئەوەی رووبداوە لاساییکردنەوەی شارستانێتی رۆژئاوایە لە لاوازترین لایەنەکانیداو شکستهێنان لە وەرگرتنی ئەوەی رۆژئاوا لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژییەوە بەدیهێناوە[٧٧].

پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە زمانی ئەربەکانی رێبەری پارتەکەوە، گازندەو رەخنەی لە سۆشیالیزمو سەرمایەداریی گرت، سۆشیالیزمی بەفیکرێك لەقەڵەمدا کە مەترسییە لەسەر ئازادییەکانو زیان لە قەوارەی نەتەوەیی دەدات‌و چاوگەکانی بیانییە، هەرچی فیکری سەرمایەدارییە لەسەر سوود/ الربا پایەدار بووەو چاوگەکەشی بیانییە. ئەو پێیوایە هەردوو سیستەمی سۆشیالیستییو سەرمایەداریی بەتەنها لە مەیدانی ئابووروییدا کورت نابنەوە، بەڵکو کاریگەرییەکانی درێژ دەبێتەوە بۆ هەردوو مەیدانی کۆمەڵایەتییو مەعنەویی، وێڕای جیاوازی هەردوو سیستەمەکە لە رووکەشدا هەردووکیان ماددینو هەردووکیشیان کاردەکەن بۆ سەرخستنی لایەنی ماددیی لەبەرامبەر دارمانی ئەخلاقو لایەنە مەعنەوییەکاندا، هەروەها هەردووکیان لایەنی ماددیی بااڵ دەکەن لە پاڵ هەڵنوتاندنی فەرهەنگو ئەخلاقدا[٧٨].

لەبەرامبەر میتۆدو فیکری سۆشیالیستییو سەرمایەداریی‌و، هەرچیش نوێنەرایەتییان دەکات بەو پلەیە لە تورکیادا، بەتایبەت پارتی گەلی کۆماریی بە ئایدۆلۆژیا چەپڕۆییەکەی‌و[٧٩] پارتی عەدالەت بە ئایدۆلۆژیا لیبرالّییەکەی، پارتی سەلامەی نیشتیمانیی خۆی بە نوێنەری عەقلاّنیەت یاخود تێڕوانینی نەتەوەیی یاخود نیشتیمانیی "Milli Gürüş" دەبینییەوە. تێڕوانینی نەتەوەیی بریتییە لە گوزارشتکردن لە تێڕوانینی خودی نەتەوە، هەرکەسێکیش تێڕوانینی نەتەوەیی نەبێت دەبێتە پاشکۆ، دەبێتە لاساییکەرەوە وەك مرۆڤی رۆبۆت. لاساییکەرەوە هەرگیز نابێتە داهێنەر یاخود بەرهەمهێن، هەرگیزیش نابێتە هەلّکەوتە. بە پێی گوتەی ئەربەکان "تێڕوانینی بەهەند وەرگیراو، بۆ سەرجەم بەها میراتییەکانمان، بۆ مێژووی نەتەوەکەمان بریتییە لە تێڕوانینی نەتەوەیی...مانای تێڕوانینی نەتەوەیی واتە تێڕوانینی نەتەوەکەمان بۆ خودی خۆی.. ئیمانی تەواو لە دلّی سولّتان موحەممەد ئەلفاتیحدایە لەسەروەختی گرتنی ئەستەنبولّدا، نێوەڕۆکەکەی هەرچییەك بێت، بەلای ئێمەوە بریتییە لە تێڕوانینی نەتەوەیی... نەتەوەکەمان بۆ هەزار سالّ جیهانی لەدەستدابوو بەتێڕوانینی نەتەوەییەوە...ئەمڕۆکەش چارەسەری سەرجەم ئازارەکانمان خۆی لە تێڕوانینی نەتەوەییدا دەبینێتەوە"[٨٠].

هەرچی تایبەتە بە سیستەمی سێکیۆلار لە تورکیا پارتی سەلامەی نیشتیمانیی سووربوو لەسەر ئاڕاستە نەکردنی ڕەخنەی راستەوخۆ لەبەرامبەر ئەو سیستەمە لە قۆناغی یەکەمی مێژووی پارتەکەدا، بگرە تێبینی دەکەین هەلّسەنگاندنی ئەرێنیی بۆ سێکیۆلاریزم دەکات، لە ماددەی (١٨)ی پێڕەوو پرۆگرامی پارتەکەدا جەخت دەکاتەوە لەوەی

"سێکیۆلاریزم بریتییە لە زامنکردنی ئازادیی فیکرو ویژدانو بەربەستێکیشە لەبەردەم ململانێو پێکهەڵپژانو دوژمنایەتیی نێوان گرووپە جیاوازەکان لە رێگەی راستەوخۆوە یاخود ناڕاستەوخۆوە"[٨١] ئەم هەڵوێستە لەبەرامبەر سێکیۆلاریزم لە پێڕەوو پرۆگرامی پارتەکەدا بابەتێکە هەلومەرجی ئەو قۆناغە سەپاندوویەتی، هەروەها ویستوویانە گومانەکانی دەسەڵات نەهوروژێنن، بەتایبەت سوپا، کە دەبێتە مایەی قەدەغەکردنی پارتەکەیان، بەڵام ئەم هەڵوێستە جیاوازبوو لە ئەدەبیاتی پارتەکەی ترداو لێدوانەکانی ئەربەکانی رێبەری پارتەکە لە پاشتردا وەختێك پارتی سەلامەی نیشتیمانیی هەستی بە بەهێزیی کرد، هەروەها وەختێك دڵنیابوو لە قەدەغەنەکردنی لە پاش بەشداریکردنی لە دەسەڵاتدا پتر لە جارێك هەر لە ساڵی ١٩٧٤وە پاشتر رووبی دەکەینەوە.

پارتی سەلامەی نیشتیمانیی هەرلە سەرەتاوە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دەبینی، لە ماوەی سێ مانگ لە دامەزراندنی لە پێش بەستنی کۆنگرەی یەکەم لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٧٣، پارتەکە ٤٢ نێوەندی سەرەکییو ٣٠٠ لقی لە سەرتاسەری تورکیادا کردەوە[٨٢]. پارتی نێوبراو لە گوندەکاندا پشتیوانیی گرنگی بەدەستهێنا، هەروەها لە نێوەندەکانی وردە بۆرژواو پیشەگەرانیشدا پشتیوانیی بەدەستهێنا، هەمدیسان پشتیوانیی کۆمەڵەی نوورو تەریقەتی نەقشبەندیی بەدەستهێنا[٨٣]. پارتەکە لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٧٣ رۆژنامەیەکی دەرکرد کە زمانحاڵی پارتەکە بوو بە نێوی "میللی گازیتە Milli Gazeta"، سەرنووسەری رۆژنامەکە حەسەن ئەقسەوی بوو، ئەو یەکێك بوو لە کەسایەتییە بەدیمەنەکانی پارتەکەو، ئەربەکانو ئەندامانی بەدیمەنی تری پارتەکە

هاریکاربوون له نووسینەکانی نێو رۆژنامەکە[٨٤]. هەمدیسان پارتەکە تۆڕێك لە پەیوەندیی توندوتۆڵی دروستکرد لەگەڵ رێکخراوەکانی قوتابیانو رێکخراوە پیشەییەکان لەوڵاتدا، بۆ نمونە رێکخراوی " الغزاه_ Akincilar" کە تایبەت بوو بە گەنجانو نێوەندە سەرەکییەکەی لە ئەنکەرە بوو، بە نزیکیی ٦٠٠ لقی لەسەرتاسەری وڵاتدا هەبوو، دامەزراندنی رێکخراوەکەش لەبەرامبەر رێکخراوەکانی گەنجانی چەپڕۆو راستڕۆدا بوو لە وڵاتدا. پارتی سەلامە پەیوەندیی لەگەڵ " یەکێتی نیشتیمانیی قوتابیانی تورك Milli Türk Talebe Birliği " هەبوو، یەکێتییەکە یەکێك بوو لە کۆنترین رێکخراوەکانی قوتابیان، هەمیشە ئەربەکانو پارلەمانتارانی پارتەکەی لە پارلەماندا بانگهێشت دەکرد بۆ پێشکەشکردنی گوتارو سیمینار. هەروەها پەیوەندیشیان لەگەڵ یەکێتی تەکنیککاران" Teknik Elemanlar Birliği" هەبوو، دیسانەوە پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ دامەزراوەی ئابووریناسانی فەرهەنگیی" Iktisatçilar Kültür Vakfi"و پەیوەندی مامۆستایانی نمونەیی " Mefkureci Öğretmenler Derneği"، پارتی نێوبراو چەند کۆمسیۆنێکی کرێکاریی دامەزراند "MSP Işçi Komisyonlari " کە ٣٠٠ لقی هەبوو لە نێوەندە پیشەسازییەکاندا، سەرباری یەکێتی کار" Hak Iş" کە هاوشێوەی سەندیکای کرێکاریی پەیوەستبوو بە پارتەکەوە[٨٥].

لە واقعیدا پارتی سەلامەی نیشتیمانیی بوارێکی گرنگی لە مێژووی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیادا گرتووە لە رێگەی رۆڵی گرنگی لە سیاسەتی تورکیادا لە دەیەی حەفتاکانداو، دەستکەوتی گرنگی بۆ تەوژمی

ئیسلامیی بەدیهێنا، کە لە هەشتاکانیشدا وەرچەرخا بۆ جوولانەوەیەکی ئیسلامیی کاریگەر. پارتی سەلامەی نیشتیمانیی یەکەم پارتی سیاسیی ئیسلامییە کە بەشداریی لە دەسەلاتدا کرد لە تورکیای هاوچەرخدا لەپاش ئەو ئەنجامانەی بەدەستیهێنا لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی هەردوو ساڵی ١٩٧٣و ١٩٧٧. لە هەڵبژاردنەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا پارتەکە ١١,٨٪ تێکڕای دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێناو ٤٨ کورسی لە پارلەماندا مسۆگەر کردو لە پلەی سێیەمدا بوو لە پاش پارتی گەلی کۆماریی کە ڕێژەی ٣٣,٣٪ و ١٨٦ کورسی بەدەستهێنا، پارتی عەدالەتیش ٢٩,٨٪ ١٤١ کورسی بەدەستهێنا، ئەو ٦٧ کورسییەی مابۆوە بەسەر پارتەکانی ترو کاندیدە سەربەخۆکاندا دابەش دەبێت[٨٦]. لە هەڵبژاردنەکەی حوزەیرانی ١٩٧٧ دیسان پلەی سێیەمی بەدەستهێنا، پارتەکە ٨,٦٪و ٢٤ کورسیی لە پارلەماندا بەدەستهێنا. هەرچی پارتی گەلی کۆماریییە ٤١,٤٪و ٢١٣ کورسی بەدەستهێنا، پارتی عەدالەتیش ٣٦,٩٪و ١٨٩ کورسی بەدەستهێنا. ئەو ٤٨ کورسییەش کە مابۆوە بەسەر پارتەکانی ترو کاندیدە سەربەخۆکاندا دابەش دەبێت[٨٧].

پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە بنەڕەتدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستهێنا کە باسمانکرد لە ڕێگەی دەنگدەرانی نێوچە گوندنشینەکانەوە بە پشتبەستن بە ڕاپرسی دەنگی دەنگدەران ٦٧,٢٪ لە کۆی دەنگەکانی کە پارتەکە لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٧٣ بەدەستیهێناوە، ٦٣,٢٪ی کۆی دەنگەکانی کە لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٧٧دا بەدەستیهێنا لە نێوچە گوندنشینەکانەوە بوو، بەتایبەت نێوەڕاستو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵو باقیەکەشی لەو نێوچانەوە بوو کە گچکە بازرگانو پیشەگەران لە شارە گەورەکاندا دەژیان[٨٨].

سەبارەت بە کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی پارتەکە لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٧٧دا لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەستەگەریی‌و ناکۆکیی لە نێو پارتەکەدا بەهۆی جیاوازی کۆمەڵایەتیی‌و جیاوازی تێڕوانینەکان لەنێوان ئوسوڵگەراکان (ئەندامە ئاینییە توندڕۆکان)و ئازادیخوازان (تەکنۆکرات‌و خاوەن بڕوانامەکان)، هەمدیسان ناکۆکیی‌و دووبەرەکیی لەنێوان هەردوو باڵی کۆمەڵەی نوورو نەقشبەندییەکان کە باڵادەستبوون بەسەر پارتەکە‌و ڕێبەرانیدا. ئەو ناکۆکییانە لە ساڵی ١٩٧٧ بوون بە مایەی کوتکوتبوون لەنێو پارتەکەدا بەشێوەیەك کۆمەڵەی نوور لە پارتەکە جیابوونەوە‌و هەستان بەسەر لەنوێ پێکهێنانەوەی " پارتی سیستەمی نیشتیمانیی" کە ڕێژەی ١,٩٪ی لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٧٧دا بەدەستهێنا لە کۆی دەنگەکان‌و بەدەستهێنانی تاقە کورسیەك لە پارلەماندا[٨٩]. بۆچوونێکی تر لە گۆڕێدایە کە کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٧٧دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لایەنگرانی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە پارتەکە ناتوانێت بەڵێنەکانی بەڕێتەسەر لە هەرچی تایبەتە بە بواری ئابووریدا، بەتایبەت قۆرخکارییەکان لە تورکیادا کە ساڵ لە دوای ساڵ بەهێزتر دەبوو، هەمدیسان بەڵێنەکانی ئەربەکان بە بانگهێشتکردنی دەوڵەتانی ئیسلامیی دەوڵەمەند بە نەوت بۆ هاوکاریکردنی گەشەپێدان/التنمیە لە تورکیا بەدیی نەهات[٩٠].

ئەو ئەنجامانەی کە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان لە حەفتاکاندا هێنایانە ئاراوە زەمینەی خۆشکرد لەبەردەم بەشداریی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە وڵاتدا، وێڕای کەمی ژمارەی پارلەمانتارەکانی پارتەکە‌و، بوو بە کلیلێکی پێویست بۆ هەردوو پارتی رکابەر لەو قۆناغەدا، پارتی

گەلی کۆماریی‌و پارتی عەدالەت، تا یەکێکییان بتوانن متمانەی پارلەمان بەدەستبهێنن[٩١]. پارتی سەلامەی نیشتیمانیی چووە نێو چەندین حکومەتی هاوپەیمانییەوە لە حەفتاکاندا کە بولّەند ئەجەوید سەرۆکایەتیی دەکرد[٩٢]، رێبەری پارتی گەلی کۆماریی، یاخود سلێمان دێمیرئەل، رێبەری پارتی عەدالەت. لە گرنگترین ئەو حکومەتانەش بریتییە لە حکومەتەکەی ئەجەوید (٢٦ی کانونی دووەم، ١٨ی ئەیلولی ١٩٧٤، هەردوو حکومەتەکەی دێمیرئەل (لە نێوان ئاداری ١٩٧٥_ حوزەیرانی ١٩٧٧، ٢١ی تەموزی ١٩٧٧_کانونی دووەمی ١٩٧٨). نەجمەدین ئەربەکان لەو حکومەتانەدا جێگری سەرۆك وەزیران بوو، پارتەکەشی ٧ وەزارەتی بەدەستهێنا لەو حکومەتانەدا، لە نێویاندا وەزارەتە گرنگەکانی وەك نێوخۆ، داد، بازرگانیی، پیشەسازییو تەکنۆلۆژیا...)[٩٣].

بەشداریکردنی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە دەسەلّاتدا بەو قەبارەیە فرە گرنگبوو بۆ تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا بەشێوەیەك دامەزراندنو چوونی ئیسلامییەکانی ئاسانکرد بۆ نێو خزمەتی وەزیفیی لەو وەزارەتانەدا کە پشکی پارتەکە بوون، لە نێویشیاندا سلکی پۆلیس لە وەزارەتی نێوخۆدا[٩٤]. هەمدیسان پارتەکە رۆڵی سەرەکیی هەبوو لە دەرکردنی هەندێك یاسای گرنگ لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، لە نێویشیاندا ئەو یاسایەی کە دەرکرا بە یەکسانکردنی قوتابخانەکانی پێشنوێژو گوتاربێژان (کە ناسراوە بە پەیمانگەی پێشنوێژ _گوتاربێژ هەر لە ساڵی ١٩٧٣وە) بە قوتابخانە ئامادەییەکان لە سیستەمی فێرکردنی تورکیداو، رێگەدان بە خاوەن بڕوانامەکانی پێشنوێژییو

گوتاربێژیی بە چوونە نێو زانکۆ تورکییەکان وەک دەرچووانی قوتابخانە ئامادەییەکان لە سیستەمی فێرکردنی تورکیی لە وڵاتدا. ئەمەش جەماوەری ئەربەکانی زیادکرد لەنێو نێوەندەکانی ئاڕاستە کۆنەپارێزە ئاینییەکانداو لە نێوان توێژە ساکارو هەژارو زەبوونەکاندا. دیسانەوە بڕیارەکە بوو بە مایەی زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابخانانەو ژمارەی قوتابییەکانیان، کە پاشتر بڕێکیان بوونە سەرکردەی بەدیمەن لە تورکیادا، لە نێویشیاندا سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان[٩٥]. هەروەها پارتی سەلامەی نیشتیمانیی توانی یاسایەک لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە دەربکات کە رێگە بدات بە ئالعوسمان بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، گێڕانەوەی رێزو حورمەت بۆیان هاوشێوەی گێڕانەوەی رێزو حورمەت بوو بۆ ئیسلامیی سیاسیی کە دەوڵەتی عوسمانیی بەدرێژایی سەدەکان نوێنەرایەتیی کردووە[٩٦]. هەمدیسان توانییان لێبوردن دەربکەن بۆ ئەوکەسانەی کە " ئاینییان بەکارهێنابوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان"[٩٧]. دیسانەوە دەستیان دایە هەڵمەتێک دژ بە قومارو خواردنەوە کحولییەکانو ئەو کتێبو رۆژنامەو گۆڤارو فلیمو کاسێتانەی کە هانی خراپەکاریی‌و بەدڕەوشتییان دەدا، هەروەها هەوڵیاندا یاسایەک دەربکەن بە سەرلەنوێ گێڕانەوەی پشووی هەینیی لە بری یەکشەممە، بەڵام سەرکەوتوونەبوون لە هەوڵەکەیاندا[٩٨].

چاودێرانی کاروانی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی تێبینی ئەوەیان کردووە کە لە ئاخرئۆخری حەفتاکاندا پتر بوێرو تونددەمار بووە لە رەخنەکانی لە سیستەمی سێکیۆلاری وەختو بەرهەڵستیکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رۆژئاوا، بەتایبەت ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسڕائیل.

هەڵوێستەکانی پارتەکە هاوکاتبوو لەگەڵ قۆناغی مانەوەی لە دەرێی دەسەڵاتداو سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران، وێڕای خراپبوونی قەیرانی سیاسییو ئابووریو هەڵکشانی کردەوە توندوتیژییەکانو تیرۆر لە تورکیاو دەستەوسان بوونی حکومەتەکانی تورکیا لە بەرامبەریدا.

هەڵوێستی پارتەکە لە رەخنەکانی لە سیستەمی سیاسیی تورکیا روون دەبێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێکدژە لەگەڵ بنەما سیاسییەکانی ئیسلام کە داوای یەکڕیزیی هەردوو دەسەڵاتی سیاسییو ئایینی دەکات لەژێر رکێفی ئایینو هەروەها بەوەی سیستەمی سێکیۆلار دژ بە ئیسلامو شەریعەتە[٩٩]. لەسەروبەندی چالاکییەکانی پارتەکەدا هوتاف کێشانو نووسینی دروشم بە ئامانجی رووخاندنی سیستەمی سێکیۆلارو دامەزراندنی سیستەمی دەسەڵاتی ئیسلامیی لە تورکیا بوو بە دیاردەیەکی باو، وەك لە کۆنگرەی چواری پارتەکە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨دا رووویدا[١٠٠]. هەروەها ئەو گردبوونەوە جەماوەرییەی کە پارتەکە سازیکرد لەژێر نێوی" رزگارکردنی قودس" لە شاری قونیە لە رۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٠ کە نزیکەی ٥٠٠٠٠ هەزار کەس ئامادەبوونو رێبەرانی پارتەکە گوتاریان پێشکەشکرد داوایانکرد سیستەمی سێکیۆلار رەت بکرێتەوەو بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتی شەریعەت[١٠١]. هەروەها پارتەکە داوای گردبوونەوەیەکی لەمشێوەی کرد لە پاش ئەوەی ئیسرائیل لە ئابی ١٩٨٠ رایگەیاند کە قودس دەکاتە پایتەختی خۆی. لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٠ ئەربەکان گوتارێکی پێشکەشکرد لە کۆڕی جیهانیی گەنجانی ئیسلامیی کە لە تورکیا سازکرا، تێیدا ئاماژەیدا بە داڕمانی شارستانێتییەکان بەهۆی یاسای دارستانەوە. رووونیکردەوە کە ئیسلام بەدیلی شارستانییە.

هەمدیسان ئاماژەیدا بە هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیاو میسرو سوریاو ئێران‌و ئەفغانستان[١٠٢].

هەرچی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکیی تورکیایە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەو ماوەیەدا گوزارشتی لە هەڵوێستی ناڕەزایەتیی خۆیکرد لەهەمبەر گەشەسەندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ رۆژئاوادا، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پارتەکە دژی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی تورکیا بوو لەگەڵ ئیسرائیلدا. لە کانونی دووەمی ١٩٨٠ پارتەکە لە دژی پرۆژەی رێکەوتنی بەرگریی‌و هاوکاریی هاوبەش وەستایەوە لە نێوان تورکیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەی پێنج ساڵان[١٠٣]. بەرهەڵستی پارتەکەش لەسەر ئەو بنەمایەبوو کە پارلەمان ئاگاداری نێوەرۆکی رێکەوتنەکە نەبووە، کە بڕێك لە ماددەکانی پێکدژ بوون لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی تورکیاو دژی جیهانی ئیسلامیی بوون[١٠٤]. پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی دژی بەکارهێنانی بنکە سەربازییەکانی تورکیا بوو لەلایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە دژ بە ئێران لەسەروبەندی قەیرانی بارمتەکانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا دژ بە رۆژئاوا پارتەکە داوای لە تورکیا کرد رووبکاتە دەوڵەتە ئیسلامییەکان‌و، لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا لەبەرامبەر رۆژئاوا پارتەکە داوایکرد تورکیا رووبکاتە دەوڵەتە ئیسلامییەکان‌و تووندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵیاندا لەسەرجەم بوارەکاندا، بگرە رێبەری پارتەکە ئەربەکان لە گوتەیەکیدا لە ئابی ١٩٨٠ داوای دامەزراندنی رێکخراوە یەکگرتووە ئیسلامییەکان‌و بازاڕی ئیسلامیی هاوبەشی کرد، لەگەڵ بەکارهێنانی

دراوی یەکگرتوو، هەروەها دامەزراندنی هێزی سەربازیی تایبەت بە بەرگریکردن لە جیهانی ئیسلامییو، دامەزراندنی دەزگای فەرهەنگیی بەشێوەیەك یەکێتییەکی فیکریی بەدی بهێنێت بەپێی بنەماکانی ئیسلام[١٠٥]. هاوشێوەی ئەم هەڵوێستە، پارتی نێوبراو دژی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا_ ئیسرائیل بوو، لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٠ پارتەکە بەهاوکاریی لەگەڵ پارتی گەلی کۆمارییدا توانی خەیرەدین ئەرگمەن، وەزیری دەرەوە لە حکومەتەکەی دێمیرئەل، ناچاربکات دەستلەکاربکێشێتەوە بەهۆی رۆڵی ئەو لەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلو بەوسیفەتەی "پاتەخۆری ئەمەریکایە"[١٠٦]. لێرەدا شایەنی ئاماژە بۆکردنە ئەربەکان پێش هەفتەیەك رایگەیاند گرووپێك لە ئەفسەرە ئیسرائیلییەکان کە لە باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە ئەنکەرە بوون بەرپرسیاربوون لە کردەوە تیرۆریستییە هەڵکشاوەکان لە تورکیادا[١٠٧]. هەرچی سەبارەت بە پەیوەندییە لەگەڵ سوپای تورکیا، کە پێشتر رێگەیدا بە دامەزراندنی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە ساڵی ١٩٧٢[١٠٨]. پارتی سەلامە هەرلە قۆناغی بەراییەوە هەوڵیدا لە سوپا نزیك بێتەوە، لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا کە پارتەکە بەشداریی تێدا کرد چەندین کاندیدی هەبوو کە ریشەی سەربازییان هەبوو، لەوانە فەریقی خانەنشین ئیحسان قەرە جەم وەك نوێنەری شاری سێواس هەڵبژێردرا، هەمدیسان لە هەڵبژاردنە تەواوکارییەکەی ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا هەڵێکی قۆزتەوە بۆ نزیکبوونەوە لە سوپا، ئەربەکان لە لیستی پارتەکەیدا سێ ژەنەرالّی خانەنشینی وەك نوێنەری ئەنکەرە داناو، وەڵامی رەخنەی ئەندامانی پارتەکەشی داوەتەوەو بەمشێوەیە دەئاخفێت

"پێویستە بەشێوەیەکی باش دەری بخەین لەبەردەم بڕێك لە نێوەندەکاندا، بۆیەشە پێویستە ئەو کەسانە کاندید بکەین" ، لە پاش هەڵبژاردنەکەش راستەوخۆ نووسینگەیەکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان کردەوە لەگەڵ گەلدا لە نێو نێوەندی گشتیی پارتەکەدا، لەسەرێی ئەو نووسینگەیەش سێ ژەنەرالّی خانەنشینی دانا. شایەنی باسکردنە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی هەولّیدا دزە بکاتە نێو سوپاوە، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا شایەنی باسکردن بێتو، شکستیشی هێنا لە هەولّەکانیدا بۆ رێگەدان بە دەرچووانی قوتابخانەکانی پێشنوێژیی و گوتاربێژیی پەیوەندی بکەن بە قوتابخانە سەربازییەکانەوە[١٠٩].

سوپای تورکیا لە سالاّنی دوایی دەیەی حەفتاکاندا هەستی بە بێزاریی کرد لەبەرامبەر هەڵوێستەکانی پارتەکە دژ بە سیستەمی سێکیوّلارو پەیوەندیی تووندوتۆڵی تورکیا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆدا، بۆ زانیاریی، بەرهەڵستیی و رەخنەی پارتەکە دژ بە سیستەمی سێکیوّلار لە چوارچێوەی دروشمو گوتارو لێدواندا پەنگی خوارد، هەمدیسان هەڵوێستەکانی لەبارەی پرسە سیاسییە دەرەکییەکانی تورکیاوە لە چوارچێوەی بەرهەڵستی سیاسیی پارلەمانیدا گیری خوارد.

بێزاربوونی سوپا لە رەخنەگرتن لە سیستەمی سێکیوّلار شتێکی ئاشکرابوو وەك پێشتر باسمانکرد، بەڵام بێزاربوون لە رەخنەگرتن لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو قۆناغەدا بەتایبەت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە ئەو پەیوەندییانە

گرنگییەکی تایبەتی بەدەستهێنا بەنیسبەت رێبەرایەتی سەربازیی تورکیاوە لەلایەك و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەکی تردوە، بەهۆی گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، لەپێشی هەموشیانەوە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی بوو لە شوباتی ۱۹۷۹و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی، هەروەها هێرشی سوڤێتیی بۆ سەر ئەفغانستان لە کانونی یەکەمی ۱۹۷۹ کە کۆتایی هێنا بە یەکڕیزیی نێودەوڵەتیی و کرانەوە لە حەفتاکان و ئاماژەیەکیش بوو بۆ هەڵایسانی "جەنگی دووەمی سارد"[۱۱۰].

لەگەڵ ئەوەی پێشتر باسمانکرد چینی سەرمایەداریی گەورە لە تورکیا رۆڵیان هەبوو لە گورجکردنەوەی سوپا دژ بە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی. بانگەوازی پارتەکە بۆ بەهێزکردنی بۆرژوای ئەنادۆڵ و بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوا بە یەکڕیزیی ئیسلامیی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە سەرمایەداریە بوو، کە هەستا بە دنەدانی سوپا لە دژی پارتەکە لەسەر ئەو بنەمایەی کە دژی پرنسیپەکانی ئەتاتورکە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بدەین بە هەڵسەنگاندنێك لەمبارەیەوە لە راپۆرتێکی مەکتەبی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستیی تورکیدا تێیدا هاتووە کە" چەندین هەوڵ و هەڵپە لەئارادایە لەژێر پەردەی کەمالیزمدا بۆ ئیدارەدانی ململانێ لە دژی ئیمپریالیزم لە فەرمانگە ئاینییەکاندا، هەڵمەتەکانی بەرهەڵستیکردن کە میدیای ئیمپریالیزم و فەرمانگە هاوکارەکان بەرپایانکرد، لەدژی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەو رووەوە

سەرچاوەی نەگرتبوو کە پارتەکە پارتێکی کۆنەپارێزە، بەڵکو بەهۆی تێڕوانینەکانی پارتەکەوە بوو دژ بە ئیمپریالیزم"[١١١].

لە پێش کۆدەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ سوپای تورکیا پتر لە جارێك گوزارشتی لە بێزاریی‌و جارپسبوونی خۆی کرد لەبەرامبەر پارتی سەلامەی نیشتیمانییدا. وەختێکیش سلێمان دێمیرئەل حکومەتی کەمینەی لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا پێکهێنا بەهاوکاریی پارلەمانتارانی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی‌و پارتی جوولانەوەی نیشتیمانی"MHP "[١١٢] لەدەرێی دەسەلاتدا سوپا ئەمەی پێخۆش نەبوو هۆشیاریشی دایە دێمیرئەل لەهەر ئاسانکارییەك لەگەڵ ئەو دوو پارتەدا لەسەر ئەو بنەمایەی کە یەکەمیان "توندڕۆی ئایینییە"و دووەمیش" توندڕۆی رەگەزپەرستییە"[١١٣]. دیسانەوە ناچارکردن‌و زۆرکردن لە خەیرەدین ئەرگەمەن بەدەستلەکارکێشانەوە لەلایەن پارتی سەلامەی نیشتیمانیی‌و پارتی گەلی کۆمارییەوە لە ٥ی ئەیلولی١٩٨٠، رێبەرایەتی بالای سەربازیی قوشقی کرد[١١٤]. هەرچی ئەو گردبوونەوەیە کە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لە قونیە سازیکرد رۆژێك پاشتر لەژێر ناوی "قودس رزگاربکەن"و بەرزکردنەوەی دروشمی دژ بە دەولەتی سێکیۆلار بووە هۆی هوروژاندنی ترس‌و تۆقینی ئەو رێبەرایەتییە سەربازییە، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو بە ئاڕاستەی کۆدەتا سەربازییەکە بە ئامانجی پاراستنی سیستەمە سێکیۆلارەکە[١١٥]. لە پاش کەمتر لە هەفتەیەك سوپای تورکیا لە بەرەبەیانی رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ کۆدەتای سەربازیی ئەنجامدا کە سێیەم کۆدەتا بوو لە مێژووی کۆماری تورکیادا.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم :

(١) پارتی عەدالەت لە ١١ شوباتی ١٩٦١ بەرێبەرایەتیی ژەنەرالی خانەنشین راغب کەموش بالا دامەزرێنرا، لەپاش مردنی لەسالّی ١٩٦٤ سەعدەدین بەکیج بە وەکالەت رێبەرایەتیی پارتەکەی گرتەدەست. لەو کۆنگرەیەدا کە پارتەکە لە کانونی یەکەمی ١٩٦٤دا بەستی سلّێمان دێمیرئەل بووە سەرۆکی پارتەکە. لە هەلّبژاردنە پارلەمانییەکەی سالّی ١٩٦٥و ١٩٦٩دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەلّام هەژموونی دێمیرئەل بەسەر پارتەکەداو، ئەو سیاسەتە ئابووریانەی کە گرتبوویەبەر لەبەرژەوەندیی مەزنە پیشەسازانو سەرمایەدارانو مولّکدارانی زەوی، جیابوونەوەو کوتکوتبوونی لەپارتەکەدا دروستکرد، ئەوانەی جیابوونەوە پارتێکیان بەنێوی پارتی دیموکرات لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٧٠ دامەزراند. پارتی عەدالەت بەردەوامبوو لە پیادەکردنی رۆلّێکی گرنگ لە ژیانی حیزبییو سیاسیی لە تورکیادا تا کۆدەتا سەربازییەکەی ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠ کە جموجۆلّو چالاکییەکانی پارتەکەی قەدەغەکرد، پاشتر یاسای ژمارە ٢٥٣٣ لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ هەموو ئەوپارتانەی قەدەغەکرد کە کە لە پێش کۆدەتاکەدا هەبوون، لەنێویشیاندا پارتی عەدالەت.

بڕوانە:

النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبي في تركيا ، ص ص ١٧٥–٢٠٠ " Yücel , op.cit , pp. 38-39

(٢) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٧ .

(٣) رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٢ .

(٤) سامی سلّێمان دێمیرئەل، سیاسەتوانێکی تورکیی کۆنەکارە لە گوندی "ئیسلام کوی" لە مەلّبەندی ئەسبارتە لە رۆژئاوای ئەنادۆل لەسالّی ١٩٢٤ لەدایکبووە. لەسالّی

١٩٤٨ بڕوانامەی ئەندازیاریی مەدەنیی لە زانکۆی تەکنیکیی لە ئەستەنبوڵ بەدەستهێناوە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ١٩٥٤– ١٩٥٥ خوێندنی تەواوکردووە لەبواری ڕێگەوبانو بەنداوو دامەزراوەکانی ڕێگەوبانو تەکنیکەکانی وزەی کارۆئاویی. لەپاش کۆدەتاکەی ١٩٦٠ خزمەتی سەربازیی سەپێنراوی جێبەجێکردووە، پاشتر کاریکردووە لەگەڵ کۆمپانیای بیناسازیی ئەمەریکیی Morrison Knudsen، هەمدیسان لە زانکۆی تەکنیکیی لە ئەنکەرە وانەی گوتۆتەوە. لەڕێگەی پارتی عەدالەتەوە چۆتە نێوکاری سیاسییەوە کە لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦٤دا ڕێبەرایەتیی پارتەکەی گرتەدەست تا قەدەغەکردنی چالاکییە سیاسییەکانی پارتەکە لەپاش کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، دیسانەوە وەك ڕێبەرەکانی تری پارتە سیاسییەکان کاری سیاسیی لێ قەدەغەکرا تا ساڵی ١٩٨٧ دووبارە ڕێگەیان پێدرایەوە، دیسانەوە گەڕایەوە نێو سیاسەتو بووە ڕێبەری پارتی ڕێگەی ڕاست. بۆ حەوت جاران سەرۆکایەتیی حکومەتی گرتەدەست، یەکەمیان لەپاش هەڵبژاردنەکەی ١٩٦٥و کۆتاشیان لەپاش هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١. لەپاش مردنی سەرۆك کۆمار تورکوت ئۆزال لە نیسانی ١٩٩٣، دێمیرئەل بووە سەرۆك کۆماری تورکیاو تا نیسانی ٢٠٠٠ لەو پۆستەدا مایەوە.

(٥) النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبى فى تركيا ، ص ١٩٧ .

(٦) هەمان سەرچاوە ، لا ١٩٤ .

(٧) هەمان سەرچاوە ، لا ١٩٠ .

(٨) رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢٢ .

(٩) الطيّار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٣٧–٣٨ .

(١٠) النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبى فى تركيا ، ص ١٩١ " رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١٥ .

(١١) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٣٨ .

(١٢) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٦ " Zürcher , op. cit , P. 187

(١٣) Peretz , op. cit , P. 187

(١٤) لە راپرسییەکدا کە لە شەستەکاندا ئەنجامدراوە، ٦٧٣ خوێندکاری کۆلێژی زانستە سیاسییەکانو مامۆستایانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی لە ئەنکەرەی پایتەخت، بنکەی جەماوەریی سێکیۆلاریستەکان لە تورکیا، هەروەها خوێندکارانی کۆلێژی ئابووریی‌و بەڕێوەبردنی کار لە ئەسکی شەهر سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئایین، 40,3% لەوانە وەڵامیانداییەوە کە ئایین گرنگییەکی گەورەی هەیە لەلایان، 27,6% وەڵامیان دایەوە کە بەشێوەیەکی مامناوەند گرنگیی هەیە، هەرچیش مابۆوە واتە 32,1% گوتیان گرنگییەکی کەمی هەیە. وێڕای ئەوەی راپرسییەکە ژمارەیەکی دیاریکراوی لە خوێندکاران وەرگرت بەڵام دەرەنجامەکانی مانای خۆی هەبوو. بڕوانە:

Landau , op. cit , P. 134

(١٥) Zürcher , op. cit , P. 246

(١٦) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٣٧ .

(١٧) ياسر أحمد حسن ، تركيا : البحث عن مستقبل(القاهرة – الدار المصرية اللبنانية – ٢٠٠٦) ص ٧٦ .

(١٨) Peretz , op. cit , P. 189

(١٩) Landau , op. cit , P. 137

(٢٠) دەربارەی زیادەی سالانە لە ژمارەی قوتابخانەکانی پێشنوێژو گوتاربێژان لە شەستەکاندا بگەڕێوە بۆ ئەو خشتانەی بلاوکراونەتەوە لە:

نور الدين ، تركيا : الجمهورية الحائرة ، ص ص ١٦٧ ، ١٦٩ ، ١٧٥ .

(٢١) Landau , op. cit , P. 138

(٢٢) Buyrukçu , op.cit , p. 100

(٢٣) M. Akif Kilavuz , Adult Religious Education at the Quranic Courses in Modern Turkey www.sosyalaraştirmalar.com/cilt2/sayi6pdf/kilavuz-akif.pdf

(٢٤) Landau , op. cit , PP. 138 , 140

(٢٥) حسن ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٦ .

(٢٦) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٦ .

(٢٧) Landau , op. cit , P. 139

(٢٨) لەساڵی ١٩٥٢ پارتی رزگاریی ئیسلامیی لە لایەن گرووپێك لە کەسایەتییە ئیسلامییەکان لە قودس دامەزرێنرا بە سەرۆکایەتیی شێخ تەقیەددینی نەبهانیی (١٩٠٩– ١٩٧٧). ئەم پارتە لە ئەدەبیاتی خۆیدا جەختی کردۆتەوە لەوەی دامەزراندنی پارتەکەیان لەپێناو هەستانەوەی ئوممەی ئیسلامیی لەو داکشانە تونده‌ی تێی کەوتووە هاتۆتەپێشێ، هەروەها لەپێناو رزگارکردنی ئیسلام لە "ئایدیاکانی بێباوەڕیی و سیستەمو دەسەلاتدارەکانی"و دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتانی "بێباوەڕ"و نفوزیان‌و، کارکردن لەپێناو سەرلەنوێ گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیی هاتۆتەپێشێ، تا دەسەلات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە.

لەماوەی پەنجاکاندا جموجۆڵەکانی ئەم پارتە ئوردنو سوریاو عێراقو لوبنانو کوێتی گرتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

بشار حسن يوسف ، الحركات الإسلامية المعاصرة في المشرق العربي ١٩٤٥–١٩٩١ ، دراسة تاريخية ، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة الموصل – كلية التربية ، ٢٠٠٥ ، ص ص ٤١–٤٩ .

(٢٩) Ely Karmon , " Radical Islamic Groups in Turkey ." Middle East Review of International Affairs , Vol. I , No. 4 , December 1997 . www.gloria-center. org

(٣٠) لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ پارتێك بەنێوی "پارتی یەکێتیی" دەمەزرا، بڕێك لە ئەندامانی پارتی گەلی کۆماریی لە تایفەی شیعەی "عەلەویی" دایانەپاڵی، بەشێوەیەك تەماشای پارتەکە دەکرا کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی شیعە دەکاتو، پارتەکە شێری کردە دروشمی خۆی، لەگەڵ دوانزە ئەستێرە کە گوزارشتبوو لە دوانزە ئیمامەکەی مەزهەبی شیعە. پارتەکە کە بە پارتی یەکێتیی تورکیی ناسرا هەر لە ساڵی ١٩٦٩وە بەرگریی لە تێڕوانینەکانی شیعە دەکرد. بەهەرحاڵ پارتەکە هیچ زەمینەیەکی بۆ نەڕەخسا پێشکەوتن بەخۆوە ببینێت. بەهاتنی سەرەتای حەفتاکان ئەندامانی ئەم پارتە دیسان کەوتنەوە پشتیوانیکردن لە پارتی گەلی کۆماریی.

رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ١١٦–١١٧ " أحمد ، النفوذ الأسلامى فى تركيا ، ص ١٤٠ "

Yücel , op.cit , p. 42

(٣١) Douglas A. Howard , The History of Turkey (California – Greenwood Publishing Group – 2001) P. 141

(٣٢) الجليلي ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٧ .

(٣٣) دانیلوف سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢١٥ .

(٣٤) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٣٩ .

(٣٥) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢١٧ .

(٣٦) Yücel , op.cit , p. 42

(٣٧) نەجمەدین ئەربەکان، یەکێکە لەدیارترین کەسایەتییەکانی ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا. ساڵی ١٩٢٦ لە شاری سینۆب لەسەر کەناری دەریای رەش لەدایکبووە. بابی موحەممەد سەبری بەگ شەریعەتو یاسای لە ئەستنبوڵ خوێندووەو لە زۆربەی شارەکانی ئەنادۆڵ پۆستی دادگەری شەرعیی گرتۆتەدەست. ئەربەکان خوێندنی سەرەتایی لە تەرابزۆن تەواوکردووە، هەروەها نێوەندییو ئامادەییشی لەساڵی ١٩٤٣ لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە، پاشتر کۆلێژی ئەندازیاریی میکانیکیی لەساڵی ١٩٤٨ تەواوکردووە. لەپاش ئەوەی لە هەمان زانکۆدا بۆتە مامۆستا لە ساڵانی ١٩٤٨–١٩٥١ نێردراوە بۆ ئەڵەمانیا لەماوەی ١٩٥١– ١٩٥٣و دکتۆرای لەزانکۆی ئاخن بەدەستهێناوە. هەروەها لەوێ لەماوەی گیرسانەوەیدا لە ئەڵەمانیا لە کارگەی Deut بۆ پیشەسازیی بزوێنەری تانك کاریکردووە. لەپاش گەڕانەوەشی بۆ تورکیا بۆتە مامۆستا بەشداریکار لە زانکۆی تەکنیکی ئەستەنبوڵ، لەساڵی ١٩٥٥ بۆتە پرۆفیسۆر. تا ساڵی ١٩٦٩ لەو زانکۆیەدا ماوەتەوە وەختێك چۆتە نێو سیاسەتەوە. هەروەها لە سەروبەندی کاری زانکۆییشدا لە کەرتی تایبەت کاریکردووەو یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کارگەی کەموش Gümüş بۆ پیشەسازیی دروستکردنی بزوێنەر

لە ئەستەنبوڵ ١٩٦٣. لەڕێگەی پەیوەندییەکانەوە لە جیهانی پیشەسازیی کار، سەرباری ئەوەی ئەندامی پارتی عەدالەت بووە (فەرمانڕەوا هەر ١٩٦٥)وە، چەندین پۆستی گرنگی گرتۆتەدەست لە سەندیکاکانی ئەنجومەنی پیشەسازییو بازرگانیی لە تورکیا. بەهۆی ڕەخنەگرتنی ئەو لە سیاسەتەکانی پارتی عەدالەت لە بواری بازرگانیدا لە ئەمانەتی گشتیی سەندیکای نێوبرا لەساڵی ١٩٦٩ دەرکراوە. هەمدیسان پارتی عەدالەت ئەو سەرکەوتنەی ئەربەکانی ڕەتکردەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی سەندیکاکە لەساڵی ١٩٦٩. لەهەمان ساڵدا خۆی کاندید کرد وەك نوێنەری سەربەخۆ لەشاری قونیە لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ساڵی ١٩٦٩و سەرکەوتنی بەدەستهێناو بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە. هەر لەو وەختەوە خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆ کاری سیاسیی، لاپەڕەو بەشەکانی ئایندەی ئەم کتێبەدا پتر ڕوون دەبێتەوە.

(٣٨) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٢١٧–٢١٨ " يوسف إبراهيم الجهمانى ، حزب الرفاه : الرهان على السلگه (دمشق – دار حوران للگباعه والنشر والتوزيع – ١٩٩٧) ص ٨ .

(٣٩) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٢١٨–٢١٩ .

(٤٠) ئەربەکان هەر لە ڕۆژانی جاحێڵییەوە پەیوەندیکردووە بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە لەڕێگەی تەریقەت وەرگرتنی لە تەکیەی نەقشبەندیی "کەموش خان ئێوی – Gumuşhanevi"ی لە ئەستەنبوڵ. لەدیارترین شێخانی ئەربەکان لە تەریقەتی نەقشبەندیدا شێخ موحەممەد زاهید کوتکۆ (١٨٩٧– ١٩٨٠) بوو کە هەر لە پەنجاکانەوە تا مردنی لە ساڵی ١٩٨٠ شێخی ئەو تەکیەیە بووە. کوتکۆ مزگەوتی ئەسکەندەر پاشای لە ئەستەنبوڵ کردۆتە بنکەی خۆی هەر لەساڵی ١٩٥٨وە. شێخ

کوتکۆ سازشکاربووە بۆ دەوڵەت گەرچی دوژمنێکی باوەکوشتەی رۆژئاوابوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نور الدین ، قبعه وعمامه ، ص ص ٣٩–٤٠ "

Metin Heper & Sabri Sayari , Political leaders and Democracy in Turkey (Lanham – Lexington Books – 2002) P. 129

(٤١) David Westerlund & Ingvar Svanberg (eds.) , Islam Outside the Arab World (New York – Palgrave Macmilan – 1999) P. 142

(٤٢) Heper & Sayari , op. cit , P. 130 ; Yücel , op.cit , p. 44

(٤٣) السید ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩١ .

(٤٤) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٢١٩–٢٢٠ " الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩ .

(٤٥) ئەو نێوەیە کە بڕدراوە بەسەر یەکێتی ئەورووپیدا تا ساڵی ١٩٩٢. بازاڕی ئەورووپیی هاوبەش یاخود گرووپی ئابووریی ئەورووپیی EEC بەپێی پەیمانی رۆما لە ئاداری ١٩٥٧ دامەزراوە. تورکیا لەساڵی ١٩٦٣ چۆتە نێو ئەم بازاڕەوەو رێکەوتننامەکەی مۆرکردووە، لە رێکەوتننامەکەدا هاتووە بەشداریی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی بازاڕی ئەورووپیی هاوبەش بەسێ قۆناغ: ئامادەکاریی‌و گواستنەوەو/الانتقالی کۆتایی، بەڵام تورکیا تا ئێستاش تورکیا نەبۆتە ئەندامێکی تەواو. بڕوانە:

خليل علي مراد ، " تركيا والمنظمات الدولية " في ، إبراهيم أحمد خليل وآخرون ، تركيا المعاصرة (الموصل – دار الكتب للطباعة والنشر – ١٩٨٨) ص ص ١٩٧–٢٠١.

(٤٦) أحمد ، النفوذ الإسلامي في تركيا ، ص ١٤٧ .

(٤٧) حسن ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٧ .

(٤٨) دانيلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٣٥ .

(٤٩) احمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٢٩٦–٢٩٧ .

(٥٠) ئەم پارتە لە ١٣ی شوباتی ١٩٦١ لەلایەن بڕێك كەسایەتیی سەندیكاییەوە بە سەرۆكایەتیی عەونی ئەركاڵن دامەزرا، هەر لە شوباتی ١٩٦٢و موحەممەد عەلی ئەیبار سەرۆكایەتیی پارتەكەی گرتۆتە دەست، ئەو نووسەرو پارێزەرو مامۆستای پێشووی یاسا بوو لە زانكۆی ئەستەنبوڵ. پاشتر لە ساڵی ١٩٦٩ شەعبان یەلدز جێگەكەی ئەوی پڕكردۆتەوە، پاشتریش بەهجەت بۆران لەساڵی ١٩٧٠، پارتێكی خاوەن تێڕوانینی چەپ بوو، هەمدیسان لە پێڕەوو پرۆگرامەكانیدا لەساڵی ١٩٧٠ بۆتە هەڵگری بابەتی لاكردنەوەو گەشەپێدانی نێوچە كوردییەكان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پارتە بڕوانە: النعيمي ، ظاهرة التعدد الحزبي في تركيا ، ص ص ٢٦٨–٢٩١ " .Yücel , op.cit ,p .40

(٥١) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ص ٣٣٢–٣٣٨ .

(٥٢) Yücel , op.cit , p. 44 .

(٥٣) محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ١٨٥–١٨٦ .

(٥٤) دانيلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٥٥ " شایەنی باسە پشتیوانیی تەریقەتی نەقشبەندیی لە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی فاكتەرێكی گرنگ بوو بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی لەسەرجەم ولاتدا. بڕوانە:

Oliver Roy & Others , The Culumbia World Dictionary of Islamism (Culumbia University Press – 2007) P. 370

(٥٥) Türker Alkan , " The National Salvation Party in Turkey " in , Metin Heper & Raphael Israeli (eds.) , Islam and Politics in the Modern Middle East (Oxford – Taylor & Francis – 1984) P. 82

(٥٦) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو جوولّانەوەو رێکخراوە چەپڕۆیانە کە تەبەنی ئایدۆلۆژیای مارکسیی – لینینیان کرد لەسەر نەهجی سۆڤێتیی یاخود چینیی (ماوییەکان). بڕوانە:

أحمد شميم ، " مأساة اليسار التركي " في ، هوفسبيان ، ستةرضاوةي ثيَشوو ، لا لا ١٧٧–١٨٣ " طلال يونس الجليلي ، التجربة البرلمانية في تركيا ١٩٧١–١٩٨٠ ، رسالة ماجستير غير منشورة – الجامعة المستنصرية ، معهد الدراسات الآسيوية والأفريقية ، ١٩٨٨ ، ص ص ١٣٥–١٤٠ .

(٥٧) حسن ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٨ .

(٥٨) رضوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ١٦٠–١٦١ .

(٥٩) فيروز أحمد ، " تدخل العسكريين والأزمة في تركيا " فى ، هوفسبيان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٢٣.

(٦٠) بریتییە لە کورتکراوەی نێوی " Türk Sanayiçi ve Iş Adamlari Derneği "

(٦١) خلوق القان ، " منظمات رجال الأعمال في تركيا والدولة " شؤون الأوسط ، العدد ١٠٤ ، خريف ، ٢٠٠١ ، ص ص ٤٢–٤٣ .

(٦٢) Melani Clair Commett , Globalization and Business Politics in Arab North Africa , A Comparative Perspective (New York – Cambridge University Press – 2007) P. 207

(٦٣) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ٣٦٢ .

(٦٤) دانيلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٨٧–٢٨٨ .

(٦٥) دويغو بازوغلو سيزر ، سياسات تركيا الأمنية (بيروت – مؤسسة الأبحاث العربية – سلسلة دراسات إستراتيجية – الدراسة رقم ٣٧ ، السنة الثانية – ١٩٨١) ص ٢٨ " فيليب روبنس ، تركيا والشرق الأوسط ، ترجمة ميخائيل نجم خوري (ليماسول – دار قرطبة للنشر والتوثيق والأبحاث – ١٩٩٣) ص ٥٤ .

(٦٦) روبنس ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٥٥ .

(٦٧) مراد ، تركيا والمنظمات الدولية ، ص ٢٠٥ .

(٦٦) روبنس ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٠ .

(٦٩) الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ١٠٩ .

(٧٠) سيزر ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٥ .

(٧١) صباح الدين أوچار ، أربقان والرفاه الإسلامي ، ترجمة الصفصافي أحمد المرسي (القاهرة – إيتراك للنشر والتوزيع – ٢٠٠٣) ص ص ١٣٠–١٣١ . لێرەدا شایەنی باسکردنە رێبەرانی کۆدەتاکەی ئاداری ١٩٧١ نەیانویست دەستوور لەکاربخەن یاخود پارتە سیاسییەکان یاخود ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەڵبوەشێننەوە، بەڵکو دەستیانگرت بەسەر دۆخەکەدا لەماوەی قۆناغی گواستنەوە (ئاداری ١٩٧١– تشرینی یەکەمی ١٩٧٣) لەرێگەی حکومەتی ناحیزبییەوە. بڕوانە:

الجليلي ، التجربة البرلمانية في تركيا ، ص ص ٦٥–٦٦ .

(٧٢) نەجمەدین ئەربەکان لەپاش کۆدەتاکەی ئاداری ١٩٧١و لەپێش بەرزکردنەوەی داوا دژ بە پارتی سیستەمی نیشتیمانیی تورکیای بەرەو سویسرا بەجێهێشت،

Heper & Sayari , op. cit , P. 130

(٧٣) Alkan , op. cit , PP. 82-83

(٧٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٥٥–٣٥٧ " الجليلى ، التيار الأسلامى فى الحياه السياسيه التركيه ، ص ص ١١١–١١٤ "

David Waldner , State Building and Late Development (Ithaca - Cornell University Press – 1999) P. 70

(٧٥) الجليلى ، التيار الأسلامى فى الحياه السياسيه التركيه ، ص ١١٣ "

Binnaz Toprak , " Politicization of Islam in a Secular State : The National Salvation Party in Turkey " in, Said Amir Arjomand (ed.) , From Nationalism to Revolutionary Islam (Albany – State University of New York Press – 1984) P. 123

(٧٦) Toprak , Politicization of Islam , P. 119 ; Alkan , op. cit , P. 95

(٧٧) Toprak , Politicization of Islam , P. 123

(٧٨) النعيمي ، الحركات الإسلامية الحديثة في تركيا ، ص ١٣٩ " مصطفى محمد الطحّان ، تركيا التي عرِفت من السلطان ... إلى نجم الدين أربكان ١٨٤٢–٢٠٠٦ (الكويت – مطبعة الخليج العربي – ٢٠٠٦) ص ص ٢٥١–٢٥٢.

(٧٩) بولّەند ئەجەوید کە وەك سکرتێری گشتیی پارتی گەلی کۆماریی هەلّبژێردرا لە سالّی ١٩٦٦ پارتەکەی پتر بەرەو چەپ برد لەژێر دروشمی "سۆشیالیزمی دیموکراتیی"، بەبڕوای ئەو باشترین رێگە بوو بۆ بەرگریکردن لە تورکیا لەدژی مەترسیی کۆمۆنیستیی. ئەجەوید لەسالّی ١٩٧٢ لەبری عیسمەت ئینونو بووە بە سکرتێری پارتەکە.

(٨٠) أوچار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٣–٧٤ " هەروەها بڕوانە:

Ali Çarkoğlu & Barry M. Rubin , Religion and Politics in Turkey (New York – Routledge – 2006) P. 39

(٨١) النعيمي ،الحركات الإسلامية الحديثة في تركيا ، ص ١٣١ " الطحّان ، ستەرضاوەي ثێَشوو ، لا ٢٥١ .

(٨٢) محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٠١ .

(٨٣) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٩ .

(٨٤) Alkan , op. cit , PP. 82-83

(٨٥) Toprak , The Politicization of Islam , P. 128

(٨٦) الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ١٢٢ .

(٨٧) هەمان سەرچاوە ، لا ١٢٧ .

(٨٨) Toprak , The Politicization of Islam , P. 131 ; Waldner , op. cit , P. 71

(٨٩) الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ص ١٠٨ ، ١٢٧ .

(٩٠) أحمد ، تدخل العسكريين والأزمة في تركيا ، ص ٢١٠ .

(٩١) الجهمانى ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢ .

(٩٢) بوڵەند ئەجەوید (١٩٢٥–٢٠٠٦) سیاسەتوانو شاعیرو نووسەرو رۆژنامەنووسە، لە سالّی ١٩٢٥ لە ئەستەنبوڵ لە خانەوادەیەکی سەر بە چینی مامناوەند لەدایکبووە. بابی مامۆستا بووە لە زانکۆی ئەنکەرەو ئەندامیش بووە لە پارتی گەلی کۆماریدا، وەك پارلەمانتاری شاری قەستمونی لەئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە لە نێوان سالاّنی ١٩٤٣– ١٩٥٠ هەلّبژێردراوە. لەسالّی ١٩٤٤ لە ئەستەنبوڵ خوێندنی زانکۆیی لە کۆلیژی رۆبیرت Robert College تەواوکردووە، هەمدیسان لە قوتابخانەی کۆلّینەوە رۆژهەلاّتیی‌و ئەفەریقییەکان لە زانکۆی لەندەن خوێندوویەتی. دەسپێکی کاری وەزیفیی وەرگێڕبووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپەمەنییەکان لە پەنجاکاندا. دەسپێکی کاری سیاسیشی دەگەڕێتەوە بۆ سالّی ١٩٥٧ وەك پارلەمانتارێکی هەلّبژێردراو لە لایەن پارتی گەلی کۆمارییەوە، لەسالّی ١٩٦١ بۆتە وەزیری کار لە حکومەتەکەی عیسمەت ئینونودا، پاشتر لەسالّی ١٩٦٦ بۆتە سکرتێری گشتیی پارتی گەلی کۆماریی. لە پۆستە حیزبییەکەی دەستی کێشایەوە وەك نارەزایەتییەك لەدژی دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسیی‌و پشتیوانیکردنی پارتەکەی لە حکومەتەکەی نیهاد ئیریم کە لە پاش کۆدەتاکەی ئاداری ١٩٧١ پێکهات. سالّی پاشتر رێبەرایەتیی پارتی گەلی کۆماریی گرتە دەست لەبری عیسمەت ئینونو. لەسالاّنی حەفتاکاندا سێ جاران بۆتە سەرۆك وەزیران، لەپاش کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ پارتی گەلی کۆماریی قەدەغەکراو، ئەجەویدو سیاسەتوانانی بەدیمەنی تری ولاّت بۆ هەتاهەتایی دوورخرانەوە لە کاری سیاسیی، بەلاّم لەپاش راپرسییەکەی سالّی ١٩٨٧ لەمبارەیەوە بڕیارەکە هەلّوەشێنرایەوە. ئیدی گەڕایەوە نێو کاری سیاسیی‌و بووە سەرۆکی پارتی چەپی دیموکراتیی کە لە سالّی ١٩٨٥دا لەلایەن ژنەکەیەوە رەهشان ئەجەوید دامەزرێنرا. ئەم پارتە لە حکومەتە هاوپەیمانییەکە لەگەلّ پارتی دایکی نیشتیماندا بە سەرۆکایەتیی مەسعود

یەڵماز بەشداریی کرد. ئەجەویدیش پۆستی سەرۆکی وەزیرانی گرتەدەست تەموزی ١٩٩٧– تشرینی دووەمی ١٩٩٨. کۆتا حکومەت کە ئەجەوید پێکیهێناو سەرۆکایەتیی کرد لەنێوان کانونی دووەمی ١٩٩٩– تشرینی دووەمی ٢٠٠٢. پاشتر بەنزیکیی وازی لەکاری سیاسیی هێنا بەهۆی ئەوەی نەخۆشو لەشبەباربوو تا مردنی لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦. ئەجەوید چەندین بەرهەمی لەپاش خۆی بەجێهێشت لەوانە دیوانی شیعریی‌و دانراوی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی.

(٩٣) الجليلي ، التجربة البرلمانية في تركيا ، ص ص ٦٦–٨٦ " أحمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٢٩٧–٣٠٠ " الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢ " الطيار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٣ .

(٩٤) محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٠٧ " الطحّان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٥٣ .

(٩٥) حسن ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٧٨–٧٩ .

(٩٦) محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢١١ .

(٩٧) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٥٩ " الطحّان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٥٣ .

(٩٨) Jacob Landau , " Turkey Between Secularism and Islamism " . www.jcpa.org/jl/vp352.html

(٩٩) Alkan , op .cit , P. 91

(١٠٠) السيد ، هەمان سەرچاوە ، لا ١٠٨ .

(١٠١) هەمان سەرچاوە ، لا ١٠٩ " الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٣٣ . زێن باس لەوە دەکات کە بەشداربووان لە گردبوونەوەکەدا هەموویان لەسەر زەوی دانیشتوون وەختێك مارشی نیشتیمانیی تورکیی لێدرا وەك نیشانەیەك بۆ دژایەتیکردنی

سیستەمی کۆماریی‌و دەستووری تورکیی‌و ئەوانەی سەروکاری دەکەن‌و، ئەوانەشی بەو نێوەوەو فەرمانڕەوایەتیی دەکەن.

(١٠٢) بڕوانە دەقی گوتارەکە:

الطحّان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٥٩ .

(١٠٣) وقعت تركيا على الاتفاقية المذكورة في ٢٩ آذار ١٩٨٠ .

(١٠٤) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٥٧ .

(١٠٥) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٠٩ .

(١٠٦) الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٣٢ " الطيار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٣ .

(١٠٧) محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٣٦ .

(١٠٨) سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەدات كە سوپا لە سویسراوە بانگهێشتی ئەربەكانی كردۆتەوە بگەڕێتەوە تاكو سوودی لێوەربگرن بۆ لاوازكردنی سلێمان دێمیرئەل، Westerlund & Svanberg , op .cit,p.14

سەرچاوەیەكی تر پێیوایە ئامانجەكە بریتی بووە لە سوود وەرگرتن لە رەگەزی ئیسلامیی لەدژی ئایدیاو جوولانەوە چەپەكان، الگحّان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٤٩.

هەرچی ئەندامی بەدیمەنی پارتی نیشتیمانییە سلێمان عارف ئیمرە باس لەوە دەكات كە ژەنەرالێ رەفعەت ئەلپ، سكرتێری گشتیی ئەنجومەنی نیشتیمانیی تورکیا دژی داخستنی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی بووە، بڕوانە: Banu Eligur , The Mobilization of Political Islam in Turkey (Cambridge – Cambridge University Press – 2010) p.68.

(١٠٩) السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٩٣ .

(١١٠) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ٣٩٢ .

(١١١) دانيلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٥٩–٣٦٠ .

(١١٢) ریشەی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ پارتی نەتەوە کە لەساڵی ١٩٤٨دا دروستبووە، پاشتر هەر لە ساڵی ١٩٥٤وە ناسراوە بە پارتی نیشتیمانیی جووتیاریی. لە ئابی ١٩٦٥ ئەلپ ئەرسەلان تورکیش بۆتە رێبەری پارتەکە، تورکیش ناسراوە بەوەی ناسیۆنالیستێکی توندڕۆ بووە. لە شوباتی ١٩٦٩دا پارتی نیشتیمانیی جووتیاریی گۆڕدرا بۆ پارتی جووڵانەوەی نیشتیمانیی، تورکیش نێوی لە خۆنا "رێبەری باڵا". ناسراوە بەوەی میلیشیای چەکداریی هەبووە بەنێوی گورگە بۆرەکان (بوز کورتلار) باڵی گوررزوەشێنەری پارتەکە بووەو بەشداریی کردووە لە کردەوە تووندوتیژییو تیرۆریستییەکان کە لە تورکیا رووبدا لە ئاخروئۆخری حەفتاکاندا. بڕوانە: إبراهیم خلیل أحمد ، " الأحزاب السیاسیه فی ترکیا " فی ، أحمد وێخرون ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٧٣–١٧٤ .

(١١٣) الزین ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٢٨ .

(١١٤) أحمد ، صنع ترکیا الحدیثة ، ص ٤٠٤ .

(١١٥) دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٢٢ " نور الدین ، ترکیا: الصیغة والدور ، ص ٨٠ .

بەشی چواردەم

کۆدەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠
"ئاوێتەکردنی ئیسلامیی – تورکیی لەبەرەنگاربوونەوەی چەپ و ناسیۆنالیزمی کوردیی"دا

ئەو کۆدەتا سەربازییەی کە لەڕۆژی هەینی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا لەتورکیا قەوما بەلای زۆرێك لە چاودێرانەوە رووداوێکی کتوپڕو لەناکاو نەبوو، لەبەر ئەوەی هەلومەرجە نێوخۆییەکانی تورکیا لەسالأنی دوای دەیەی حەفتاکاندا، هاوکاتیش لەپاڵ گۆڕانکارییە هەرێمیی‌و نێودەوڵەتییەکاندا، قەومانی کۆدەتایەکی سەربازیی لەمشێوەی نزیکتر کردبۆوە. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان بیرۆکەی کۆدەتاکە لەخەیاڵی میلتاریستانی تورکیادا بوو بەهۆی رووداوەکانی تووندوتیژی خوێناویی تایفیی کە لە قارەمان مەرعەش رووبدا لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٧٨دا[1]. وێڕای ووردەکاریی‌و بۆچوونە جیاوازەکان دەکرێت ئەو فاکتەرانە گردبکەینەوە کە پاڵی بە سوپای تورکیاوە نا هەستێت بەو کۆدەتایە بەمشێوەی لای خوارەوە:

یەکەم: قەیرانی سیاسیی نێوخۆیی:

لەئاخروئۆخری دەیەی حەفتاکاندا هەلومەرجە سیاسییە نێوخۆییەکان لەتورکیا گەیشت بە ئاستێکی خەتەرناك، ولأت بوونی حکومەتێکی بەهێزی لەدەستدا کە بتوانێت ئاسایش‌و سیستەم سەقامگیرو بەرقەرار بکات بەهۆی ململانێی حیزبیی‌و ئەو ئەنجامانەی کە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی ١٩٧٣و ١٩٧٧ هێنایانە ئاراوە، لەهەموشیان خەتەرناکتر ئەو کردەوە تووندوتیژیی‌و تیرۆرە سیاسییانە بوو کە ولأت بەخۆوەی بینی کە هەزاران قوربانی لێکەوتەوە، لەپێش دوو ساڵ لە هەڵبژاردنەکان ژمارەی قوربانیانی ئەو کردەوانە گەیشتە ٥٢٤١ کوژراو ١٤١٥٢ زامار. ڕێبەری کۆدەتاکە کەنعان ئێڤرن بەراوردی ئەو قوربانیانەی کردووە بە زیانەکانی تورکەکان لەجەنگی سەربەخۆییدا (١٩١٩–١٩٢٢)،

که گەیشتە ٥٧٦٣ کوژراوو ١٨٤٨٠ زامار[٢]. حکومەتەکەی دێمیرئەل کە لەسەروبەندی قەومانی کۆدەتاکەدا لە دەسەلآتدابوو، قوربانیانی کردەوە توندوتیژیی‌و تیرۆرە سیاسییەکانی کردووە بە زۆر زیاتر لەو بڕەی پێشتر باسمانکرد[٣]، لەنێو قوربانیانی ئەو کردەوانەدا نیهاد ئیریم سەرۆکی یەکەم حکومەت بوو، کە لەپاش کۆدەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئاداری ١٩٧١دا پێکهات، لەپێش چەند مانگێکی کەم لە قەومانی کۆدەتاکە ئەو کردەوانە پتر بەرفراوان بوون بەشێوەیەك وەختبوو تورکیا دووچاری جەنگێکی نێوخۆیی بکاتەوە، بەشێکی گەورەی ئەو خەتایە رووبەرووی پارتی جولآنەوەی نیشتیمانیی توندڕۆو رێکخستنە چەکدارییەکانی کرایەوە، لەگەڵ جوولآنەوەو رێکخراوە چەپڕۆ توندڕۆکان، هەندێك لەسەرچاوەکان راستەوخۆ پەنجەی تۆمەت ئاڕاستەی دامودەزگا هەواڵگرییە تورکیی‌و ئەمەریکییەکان دەکەن لە تێوەگلانیان لەو کردەوانەدا لەپێناو زەمینە خۆشکردن لەبەردەم ژەنەرالێ ئێڤرن بۆ گەیشتن بە دەسەلآت[٤].

لەپاڵ ئەو کردەوە توندوتیژیی‌و تیرۆرە سیاسییانەدا خۆپیشاندان‌و پشێوییە کرێکارییەکان لە گۆڕێدا بوون، هاوکاتیش پێکهەڵپژان لەگەڵ پۆلیس‌و، کەوتنەوەی کوژراوو زاماربوون‌و قۆڵبەستکردن. لەدیارترین نموونەش ئەو گردبوونەوە کرێکارییە گەورەیە بوو کە لە مەیدانی "تەقسیم" لەنێوەڕاستی ئەستەنبوڵ رووبدا بەبۆنەی جەژنی جیهانیی کرێکاران لە ١ی ئایاری ١٩٧٧و، رووداوی شوباتی ١٩٨٠ وەختێك کرێکارە چەپڕۆکان لە ئیزمیر دەستیانگرت بەسەر کارگەیەکی لۆکەدا، ئەمەش حکومەتی ناچار کرد بڕێکی زۆر لە هێزەکانی ئاسایش رەوانە بکات بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران[٥].

دەستەوسانیی حکومەتی تورکیاو شەڕەقۆچی نێوان پارتە سیاسیەکان لەو قۆناغەدا گەیشتە رادەیەك ئەنجوومەنی نیشتیمانیی گەورە شکستیهێنا لە دیاریکردنی جێگرەوەیەك بۆ سەرۆك کۆمار فەخری کۆرۆتورك کە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی لە نیسانی ١٩٨٠دا کۆتایی پێهات، پتر لە سەد پرۆسەی دەنگدان بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەچوو، بەڵام کۆبوونەوەکان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك کە رێگر بوو لەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی گەورە بە ئەرکی یاسادانانی خۆی هەستێت سەبارەت بە بڕیارە ئەمنییەکان، کە بەزەرورەتێکی گرنگ لەقەڵەمدەدرا بە نیسبەت دامەزراوەی سەربازیی تورکییەوە. بۆیەشە پاڵینا بە سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان ژەنەراڵ کەنعان ئیڤرنەوە لەتەموزی ١٩٨٠دا ئاگادارکردنەوەیەك ئاڕاستەی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەو پارتە سیاسییەکان بکات تا بابەتی سەرۆکایەتیکردنی کۆمار یەکلابکەنەوە، بۆیەشە ئیحسان سەبری جاگلیانکل وەك سەرۆك کۆمار بەوەکالەت دیاری کرا تا گەیشتن بەبڕیارێکی کۆتایی لەوبارەیەوە[٦].

دووەم: جوولانەوەی نەتەوەیی کورد لەتورکیا:

دەیەی حەفتاکان پەرەسەندنێکی گرنگی بەخۆوە بینی لە جوولانەوەی نەتەوەیی کورددا لە تورکیا کە خۆی بینییەوە لە پشکوتنی چەندین رێکخراوی کوردیی چەپڕۆی توندڕۆ، بەتایبەت لەنێو گەنجانو قوتابیانی زانکۆدا. یەکێك لە سەرچاوەکان ژمارەی ئەو رێکخراوە کوردییانەی کە مەیلی جیاخوازییو ئاڕاستەی چەپڕۆییان هەبووە لە تورکیادا بە پتر لە ١٢ رێکخراویان قەبلانووە[٧]، لە دیارترین ئەو رێکخراوانە پارتی کرێکارانی کوردستانە P.K.K[٨]، کەلە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٧٨دا بە رێبەرایەتیی

عەبدوڵڵاڵ ئۆجەلان دامەزرا. هەروەها ساڵی ١٩٧٩ روبەرووبونەوەی نێوان چەکدارانی کوردو هێزە ئەمنییەکانی تورکیای بەخۆوە بینی، هەمدیسان رێبەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان دووچاری راوەدوونان بوونەوەو، ئۆجەلانی ناچارکرد تورکیا بەرەو سوریا بەجێ بهێڵێت، پاشتریش لە تەموزی ١٩٧٩ بەرەو لوبنان ملیاننا[٩]. وەك زانراوە رێبەرایەتیی سەربازیی تورکیا هەستیاریی هەیە لەمەڕ کێشەی کورد لە تورکیاو، بە هەڕەشەیەکی شاراوەی دەبینێت بۆ سەر یەکێتیی خاکی تورکیا.

سێیەم: تەوژمی ئیسلامیی:

وێڕای پاشەکشەی رێژەی دەنگە لایەنگرەکانی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٧٧داو، بەشداری نەکردنی ئەندامەکانی لەکردەوە توندوتیژییو تیرۆریستییەکاندا کە لەو قۆناغەدا لەتورکیا رووید[١٠]ا، کەچی رێبەرایەتیی سەربازیی هەستی بە نائارامی دەکرد لەبەرامبەر جموجۆڵو هەرەکەتی پارتە سیاسییەکانو رەخنە راشکاوانەکانیان دژ بە سیستەمی سێکیۆلاری وەخت لەتورکیادا. ئەوەی هەستیاریی دامەزراوەی سەربازیی تورکیای پتر کرد لەبەرامبەر پارتی سەلامەی نیشتیمانیی دوو شت بوو، **یەکەم** دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی لە ئێرانو خۆشحاڵیی رێبەرانی پارتی بەسەلامە بە قەومانی شۆڕشی ئیسلامییو، ستایشی رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئایەتوڵڵاڵ خومەینی بۆ پارتی سەلامەی نیشتیمانییو رێبەرایەتییەکەی، ئومێدیشی خواست سەرکەوتووبن لە "سەراوبنکردنی رژێمی گەندەڵ لە ئەنکەرە"[١١]. **دووەمیش** بریتیی بوو لە شیمانەی/احتمال دروستبوونی هاوپەیمانێتیی لەنێوان پارتی سەلامەی نیشتیمانییو پارتی گەلی کۆماریی، بەمەش

شیمانەی سەرکەوتنی هاوپەیمانییەکی لەمشێوەیە پتر دەبوو لە هەڵبژاردنەکەی پاشتردا ، بەتایبەت دەستووری تورکیا رێگەی خۆشکردووە لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی هەر حکومەتێك کە سێ جاران لە پرۆسەکانی دەنگداندا شکست بهێنێت لەپەرلەماندا لەماوەی ١٨ مانگدا[١٢].

پێشتر ئاماژەمان بەو گردبوونەوەیە جەماوەرییە دا کە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەرۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٠ لە قونیە رێکی خست، پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ رێبەرایەتی سەربازیی تا بە کۆدەتاکە هەستن، لەهەمان رۆژدا کە کۆدەتاکە قەوما ژەنەرالێ کەنعان ئێڤرن لە لێدوانێکیدا بۆ رۆیتەرز گوتی سوپا بۆیە کۆدەتای ئەنجامداوە تا بەربگرێت لە تەوژمی ئیسلامیی[١٣].

چوارەم: قەیرانی ئابووریی:

قەیرانی ئابووریی لە تورکیا لە حەفتاکاندا فرە دژواربوو، بەتایبەت لەنیوەی دووەمی ئەو دەیەیەدا لەگەڵ ئەوەی بەشێك لەو قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەشێوەیەکی گەورە لەپاش ساڵی ١٩٧٣، ئەمەش بووە هۆی کورتهێنانی بەردەوام لە بودجەی بازرگانیی دەرەوەی تورکیا، چونکە تورکیا زۆربەی پێداویستییە نەوتییەکانی لەدەرەوە هاوردە دەکرد، سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیاش بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتییان لەو قەیرانە دەکەوێتە سەرشان. لەدیارترین رووخسارەکانی ئەو قەیرانەش بریتی بوو لە زیادبوونی قەرزی دەرەکیی تورکیا لە ٢,٢ ملیار دۆلارەوە لەساڵی ١٩٧٠ بۆ ١٧ ملیار دۆلار لەساڵی ١٩٨٠داو، بەرزبونەوەی رێژەی

بێکاریی بۆ٢٠٪ و ٢٥٪بەپێی خەملاندنەکان، ژمارەی بێکارانیش لەساڵی ١٩٨٠دا گەیشتە ٣,٦٣٤,٠٠٠ کەس[١٥]. بەئامانجی چارەسەرکردنی یاخود لانیکەم سوککردنی قەیرانەکە، بڕیار لەسەر بەرنامەی ریفۆرمی ئابووریی درا لە ٢٤ی کانونی دووەمدا، کە چەندین رێوشوێنی توندی لەخۆدەگرت لەلایەن سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە"IMF". ئەو بەرنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ تورکوت ئۆزال، لەبنەڕەتدا ئامانج لێی دامەزراندنی ئابووریی بازاڕی ئازاد بوو لە تورکیاو، بنیاتنانی کەرتێك لە ئابووریی بۆ هەناردەکردنو بەدیهێنانی کێبڕکێ لە بازاڕی جیهانیدا. ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتیکردنی هێزە ئابووریی‌و کۆمپانیاو پرۆژە زەبەلاحەکان بوو[١٦]. جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە پێویستی بە سەقامگیرکردنی سیستەمو هێزیی هەبوو، حکومەتەکەی دێمیرئەلیش دەستەوسان بوولە دەستەبەرکردنی، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ کۆدەتا سەربازییەکە. راستەوخۆ لەپاش کۆدەتاکە رێبەرەکانی پابەندیی‌و پشتیوانیی تەواویان راگەیاند بۆ بەرنامە ئابووریییەکەی ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠، بەو سیفەتەی "تاقە میتۆدی واقیعیی"ە بۆ سەرلەنوێ بووژاندنەوەی ئابووریی تورکیا[١٧].

پێنجەم: گۆڕانکارییە هەرێمیی‌و نێودەوڵەتییەکان:

کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠ بەتەنها رووداوێکی نێوخۆیی نەبوو، بەڵکو رەهەندی دەرەکیشی هەبوو، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەرژەوەندیی‌و رۆڵی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆ لە قەومانی کۆدەتایەکی لەمشێوەدا. دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و شالاوی سۆڤێتیی بۆ سەر ئەفغانستان لەساڵی ١٩٧٩و، دەنگۆی ئانوساتی هەڵگیرسانی جەنگی

عێراق– ئێران لە ئەیلولی ١٩٨٠دا، بەهای ستراتیژیی تورکیای زیاتر کرد بەهۆی پێگەی نزیکی لەو نێوچە پڕ پشێویانەو، نێوچەی کەنداوی عەرەبیی بەشێوەیەك بەرژەوەندییە نەوتییە رۆژئاواییەکان گرنگ بوون، وێڕای هێزی سەربازیی گرنگی تورکیاو قورسایی لە چوارچێوەی پەیمانی ناتۆدا. هەمدیسان دەوڵەتە رۆژئاواییەکان، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەوکاتەدا دڕدۆنگ بوو لە تینوتاوسەندنی دوژمنایەتیی بەرامبەر بە ئەمەریکاو زایۆنیزم لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاستداو کاریگەرییەکانی لەسەر تورکیای هاوپەیمانی[١٨]. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە، ئیدارەی ئەمەریکیی قەدەغەکردنی ناردنی چەکوتەقەمەنی بۆ تورکیا هەلّوەشاندەوە، کە بەهۆی دەستێوەردانی سەربازیی تورکیاوە لەساڵی ١٩٧٤ سەپاندبووی بەسەریدا، بەو هۆیەشەوە کۆمەکییە سەربازییەو ئابووورییەکان دەستیان پێکردەوە. لە ٢٩ی ئاداری ١٩٨٠دا رێککەوتنامەی هاوکارییو بەرگریی هاوبەش لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا مۆرکرا، کە چەندین بەندی لەخۆدەگرت لەنێویشیاندا مانەوەی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی تورکیاو، پڕچەککردنی سوپای تورکیا بە چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکیی، پێویستیش بوو تورکیا پابەندبوونی تایبەتی هەبێت بەرامبەر بە هاوپەیمانانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناوچەی لە کەنداوی عەرەبییو رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا، بەتایبەت ئیسرائیل[١٩]. لە ٢٥–٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠ پەیمانی ناتۆ کۆبوونەوەیەکی لە ئەنکەرە رێکخست لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا خەیرەدین ئارگمن رایگەیاند حکومەتەکەی بڕیاری داوە بە

ئازادیی تەواوەوە رێگە بە فڕۆکەکانی ئەمەریکا بدات مەشقو راهێنانو پشکنین لە ئاسمانی تورکیادا ئەنجان بدەن[٢٠].

لەبەر رۆشنایی ئەو بەهەند وەرگرتنانەی پێشوو، لەبەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆدا بوو سیستەمێکی دەسەلآتداریی بەهێز لەتورکیا دابمەزرێنن لەژێر رکێفی دەسەلآتی ژەنەرالّەکانو رەدووکەوتنی رۆژئاوا، هەروەها چەندین ئاماژە هەن بۆ پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆو رێبەرانی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، لەوانە ، بۆنمونە، ئەوەی باسدەکرێت کە رێبەرانی کۆدەتاکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان ئاگادارکردۆتەوە لەوەی سوپای تورکیا کۆدەتای سەربازیی ئەنجام دەدات، هەروەها ئەوان کارێکی لەو شێوەیە ناکەن بەبێ رەزامەندی پێشوەختی واشنتۆن. "ئەندازیاری سەرەکیی" کۆدەتاکە پۆڵ هینز P. Henze بوو، بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگریی نێوەندیی ئەمەریکا "CIA" لە ئەنکەرە[٢١]. رێکەوت نەبوو لەهەمان ئەو رۆژەدا کە کۆدەتاکەی تێدا ئەنجامدرا، هێزەکانی پەیمانی ناتۆ مانۆڕی سەربازیی لە تورکیا ئەنجام بدەن، سەرباری ئەمەش واشنتۆن هەوەڵ پایتەخت بوو کە پشتیوانیی لە کۆدەتاکە کرد[٢٢].

ئەو فاکتەرە دەرەکییو نێوخۆییانە بوون بە هۆی دروستبوونی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، بڕێکی تر باس لە فاکتەرێکی تر دەکەن ئەویش لەو بەیاننامانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەپێش کۆدەتاکەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەو فاکتەرەش بریتی بوو لە ترسو زارەترەك بوون لە مەترسی دابەشبوونی سوپا بەهۆی دزەکردنی ئەوەی ژەنەرالّ ئێڤرن نێوی

ناوه "هێزه نهێنییەو خۆفرۆشەکان" بۆ نێو هێزه چەکدارەکانو دروستکردنی جیاوازی لەریزەکانیدا لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا. هەمدیسان مەزنه رێبەرانی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا تۆقین لەبەردەوامبوونی تەنگژەو پشێویی سیاسییەو، پاشتریش ناسەقامگیری ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی، که دەبێته هۆی کۆدەتای سەربازیی لەلایەن گچکه ئەفسەرانەوه لەدەرێی چوارچێوەی ریزبەندی رێبەرایەتی سەربازیی. دیسانەوه پڕۆپاگەندە دووپات دەکرایەوه لەبوونی ئەفسەران لەهێزه چەکدارەکاندا که لایەنگریی پارتی جولاّنەوەی نیشتیمانیی دەکەن[٢٣]، که تورکیش رێبەرایەتی دەکرد، ئەو یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی که بەشداربوو لەیەکەم کۆدەتای سەربازیی له ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠دا.

سوپای تورکیا له کاتژمێر چواری بەرەبەیانی رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا کۆدەتاکەی جێبەجێکرد، لەپاش دوو کاتژمێر رێبەرایەتیی کۆدەتاکه بەیاننامەیەکی بلاّوکردەوه، بەیاننامەکه پاساو هێنانەوه بوو بۆ کۆدەتاکه بەوەی دەوڵەت‌و دامودەزگا سەرەکییەکانی دەستەوسان بوون له کارکردن، هەروەها ستراکتۆری دەستووریی لێوانڕێژبووه له پێکدژیی‌و، پارته سیاسیەکانیش سووربوون لەسەر هەڵوێستەکانیان‌و چارەسەرنەکردنی گرفتەکانی ولاّت. هەموو ئەمانه بوونەته هۆی زیادبوونی جموجۆڵی هێزه جیاخوازەکان‌و، نەمانی ئاسایشی ژیان و کەلوپەلی هاولاّتیان. بەیاننامەکه درێژەی داوه بەوەی "کۆنەپەرستان‌و ئەوانی تر له خاوەن بیروباوەڕه لادەرەکان گەشەیان کردووه لەبری ئەتاتورکیزم‌و کەمالیزم" . دیسانەوه بەوەی هێرشەکان دژی سەرجەم لایەنەکانی

کۆمەڵگەبوون، وەک قوتابخانەو زانکۆو دەستە دادوەرییەکانو رێکخراوە کرێکارییەکان... ولاّت بەرەو جیابوونەوەو جەنگی نێوخۆیی دەبەن[٢٤].

رێبەرانی کۆدەتاکە "ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی"ان پێکهێنا بەسەرۆکایەتیی ژەنەرالْ ئێڤرنو ئەندامێتیی رێبەرانی دەرەکو هێزە وشکانیی‌و دەریایی‌و ئاسمانییەکان، کە بووە بەرزترین دەسەلاّتی یاسادانان لەپاش هەلّوەشاندنەوەی پارلەمان، هەروەها ئێڤرن وەک سەرۆکی دەولّەت نێوبرا. هەر لە کۆدەتاکەوە تا ئەنجامدانی هەلّبژاردنی گشتیی‌و سەرلەنوێ گێڕانەوەی دەسەلاّت بۆ مەدەنییەکان لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣ ئەنجومەنەکە تورکیای بەڕێوەبرد. هەمدیسان لەسەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٨٠دا حکومەت بە سەرۆکایەتیی ئەدمیرالّی خانەنشین بۆلّەند ئۆلسۆ پێکهێنرا، زۆربەی ئەندامەکانیشی لە میلیتاریستە خانەنشینکراوو بیرۆکراتەکان بوون، رێبەرانی کۆدەتاکە حوکمی عورفییان لەسەرجەم ولاّتدا سەپاندو، رێوشوێنی توندیان گرتەبەر کە بە پێویستیان لەقەلّەمدا بۆ دانانی کۆتاییەک بە جەمسەرگیرییە ئایدۆلۆژییەکانو ئەو توندوتیژییەی کە دووچاری ولاّت بۆوەو کۆمەلّگەی تورکی زارەترەک کرد، پاشتریش سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی چوارچێوەی سیاسیی‌و دەستووریی لەرێگەی دەستورێکی نوێوە کە دەسەلاّتی جێبەجێکردنو سەرۆکایەتیی کۆماری لەسەر حسێبی ئازادییە مەدەنییەکان بەهێزکرد[٢٧]. بەپێی بۆچوونی ئەوان کەمالیزم لەبیرچۆتەوەو ولاّت بە بێ رێبەرایەتیی فەرامۆشکراوە[٢٨].

ئەو رێوشوێنانەی کە رێبەرایەتیی کۆدەتاکە گرتیانەبەر بریتیی بوو لە هەلّوەشاندنەوەی پارلەمانو دەستبەسەرکردنی رێبەرانی پارتە سیاسییە

سەرەکییەکان لەولاّتدا ئەوانیش بریتی بوون لە، ئەجەویدو دێمیرئەل‌و ئەربەکان‌و تورکیش، لەگەڵ قۆڵبەستکردنی سەدان ئەندامی ئەو پارتانە، لەنێویشیاندا پەرلەمانتارانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە، هەروەها هەڵمەتی راوەدوونان‌و قۆڵبەستکردنی بەرفراوان لەریزی ئەندامانی رێکخستنە سیاسیەکان‌و یەکێتییە پیشەسازییەکان ئەوانەی تۆمەتباربوون بە بەشداریکردن لە کردەوە تووندوتیژییەکان‌و تیرۆر یاخود بانگەشەکردن بۆی، بۆیەشە یەکێتییە کرێکاریی‌و چەپڕۆکان "DISK"و راستڕۆکان "MISK" هەڵوەشێنرانەوە، دیسانەوە گرووپە نەتەوەییە کوردییەکانیش کرانە ئامانج. سەربەخۆیی زاتیی زانکۆکان خرایە ژێر دەسەلاّتی "ئەنجومەنی خوێندنی بالا"[٢٨]و رێگە لە کادێرانی گیرا سەر بەو پارتە سیاسییانە بن، هەروەها هەڵمەتی پاکتاوکردن سەرجەم فەرمانگەو دامەزراوەکانی دەوڵەتی گرتەوە، ئازادیی رۆژنامەوانیی کۆتوبەندکرا[٢٩]. لەلایەکی ترەوە رێبەرایەتیی کۆدەتاکە پێڕەوییان لە سیاسەتێکی دەرەکیی‌و سەربازیی دەکرد کە لەگەڵ سیاسەت‌و بەرژەوەندییە رۆژئاواییەکاندا بێتەوە لە نێوچەکەدا[٣٠]. لە٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ رێبەرانی کۆدەتاکە دەستوورێکی کاتییان دەرکرد کە ٧ ماددەی لەخۆدەگرت‌و دەسەلاّتێکی بەرفراوانی پێدا بوون، بڕیاریاندا ئەو ماددانەی دەستوری ١٩٦١ بهێڵرێنەوە کە دژیەك نەبوون لەگەڵ ماددەکانی دەستووری کاتییەکە تا دەرکردنی دەستورێکی نوێ بۆ ولاّت[٣١]. لەتشرینی یەکەمی ١٩٨١ هەنگاوی یەکەم دەستپێکرد بەرەو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سیاسیی‌و دەستووریی وەختێك ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی ئەنجومەنێکی راوێژکاریی دیاریکرد بۆ داڕشتنی دەستورێکی

نوێ بۆ ولاّت، لەهەمان کاتیشدا یاسایەك دەرکرا بەهەڵوەشاندنەوەی تەواوی پارتە سیاسییەکانو دەستگرتن بەسەر کەلوپەڵو بەڵگەنامەکانیاندا.[٣٢].

لە٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢ لەراپرسییەکی جەماوەرییدا دەستوورە تازەکە پەسەندکرا[٣٣]، هەروەها هەڵبژاردنی ژەنەرالّ ئیقرن وەك سەرۆك کۆمار و لە ١ی تشرینی دووەمدا بەفەرمیی ئەو پۆستەی گرتەدەست. هەنگاوی دووەمیش دەرکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان بوو کە لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٣ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. لەرۆژی پاشتردا ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی قەدەغەکردنی جموجۆڵی سیاسیی هەڵوەشاندەوە و، پەڕەیەکی نوێ لەژیانی سیاسیی هەڵدرایەوە. لەیاساکەدا هاتبوو دەکرێت پارتێك لەلایەن ٣٠ هاوڵاتی تورکەوە دابمەزرێنرێتو، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی مافی "ڤیتۆ"ی بەخۆیدا لە دژی هەر ئەندامێکی دامەزرێنەر بەکاری بهێنێت بەبێ هیچ پاساوێك[٣٤]، جگە لەو سیاسەتوانانەی کە لە رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا لەدەسەلاّت یاخود ئۆپۆزسیۆندا بوون لەمافی دامەزرانی پارتی سیاسیی ، ئەوانەی چالاکی سیاسییان بۆ ماوەی دە سالاّن لێ قەدەغەکرابوو یاخود ئەندامبوون لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە کە بەهەمان شێوە بۆ ماوەی ٥ سالاّن چالاکی سیاسییان لێ قەدەغەکرابوو، یاساکە ئەوەشی بەمەرج گرتبوو کە گوزارشت کردن لە بیروبۆچونو بیروباوەڕەکان لەرێگەی کاری حیزبییەوە دەبێت لەگەڵ پرنسیپی سێکیۆلاریزمدا بێتەوە.

هەروەها یاساکە هەرجۆرە مامەڵەیەکی پارتەکانی لەگەڵ دامەزراوە هەرێمییو نێودەوڵەتییەکاندا قەدەغەکرد، لەپاڵ پیادەکردنی کاری

سیاسیی له میلیتاریستو قوتابیو کرێکارانو فەرمانبەرانی دەوڵەت قەدەغەکرد، دیسانەوە ئەوەی بە مەرج گرت پارتە سیاسییەکان لایەنی کەم لە١٠٪ی دەنگدەران لە هەڵبژاردنە گشتییەکان بەدەست بهێنن تاکو مافیان هەبێت نوێنەرایەتییان لەپارلەماندا ئامادەیی هەبێت[٣٥]. ئەمەش هەڵی گەیشتنی پارتە گچکەکانی کەمکردەوە بۆ گەیشتن بە پارلەمانو، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی سەربەخۆی کردە کارێکی ئاسان[٣٦]. لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ یاسایەکی نوێی بۆ هەڵبژاردنەکان دەرچوو بەشێوەیەك لە ٦ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بەڕێوەبچێت. هەروەها لە ١ی حوزەیرانی ١٩٨٣ ئێڤرن وازی لە سەرۆکایەتیی دەستەی ئەرکانی گشتیی هێناو چووە نێو ژیانی مەدەنییەوە، ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ دانرا بۆ ڕێبەرایەتیکردنی ولآت بۆ جاری دووەم بەرەو دەسەلآتێکی مەدەنیی لەپێش هەڵبژاردنە گشتییەکەدا[٣٧].

لەپاش دەرچوونی یاسای پارتە سیاسییەکان لەنیسانی ١٩٨٣، لە ١٦ی ئایار پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکارییەکان بۆ وەزارەتی نێوخۆی تورکیا دەستیپێکرد لەپێناو دامەزراندنی پارتە سیاسییە تازەکان. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا پتر لە ١٧ پارت دامەزرا کە زۆربەیان کاتیی بوون[٣٨]. لەو دەمەدا ڕێبەرایەتیی سەربازیی هەوڵی دامەزراندنی کەمترین پارتی دەدا لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی لەترسی دووبارە گەڕانەوەی نەهامەتییەکانی حکومەتە هاوپەیمانێتییەکان کە لەپێش کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا لەئارادابوون[٣٩]. وەختێکیش هەڵبژاردنە پارلەمانییەکە لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣دا ئەنجامدرا تەنها ڕێگە بەسێ پارت درا، کە مەرجەکانی

یاسای پارتە سیاسییەکانیان تێدا بوو بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا، ئەو پارتانەش ئەمانە بوون[٤٠]:

١- **پارتی دایکی نیشتیمان** "Ana Vatan Partasi" لە ٢٠ی ئایاری ١٩٨٠ بە رێبەرایەتیی تورکوت ئۆزال دامەزرا، پاشتر باس لەم پارتە دەکەین.

٢- **پارتی دیموکراسی نەتەوەیی** " Milliyetci Demokrasi Partasi" لە ١٦ی ئایاری ١٩٨٣ دامەزرا کە لایەنگری رێبەرایەتیی سەربازیی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠ بوو، پێڕەوو پرۆگرامەکەی لە فەلسەفەی ئەو کۆدەتایەوە وەرگرتبوو. لەلایەن ژەنەرالێ ئێڤرنەوە پشتیوانی لێدەکرا، بە هاوشێوەی "پارتێکی حکومیی" لەقەڵەمدەدرا.

٣- **پارتی جەماوەریی** "Halkçi Partisi" لە٢٥ی ئایاری ١٩٨٣ بە رێبەرایەتی نەجدەت گالپ N.Galp دامەزراوە، پێڕەوو پرۆگرامەکانی پارتی جەماوەریی هەر شەش پرینسیپەکەی ئەتاتورکیزمی لەخۆگرتبوو. ئەم پارتە پەیوەندیی تووندوتۆڵی لەگەڵ رێبەرانی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠ هەبوو. هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ بوو بە مایەی سەرکەوتنی پارتی دایکی نیشتیمان رێژەی ٥٣٪ لە کۆی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە، واتە ٢١٢ کورسی، پارتی جەماوەریی رێژەی ٢٩,٢٥٪ واتە ١١٧ کورسی، پارتی دیموکراسی نەتەوەییش رێژەی ١٧,٧٥٪، واتە ٧١ کورسی بەدەستهێنا، بەپشتبەستن بەم ئەنجامە سەرۆك کۆمار کەنعان ئێڤرن رێبەری پارتی دایکی نیشتیمان ئۆزالی راسپارد بە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، هەروەها لە ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٨٣ سەرۆك ئێڤرن رەزامەندیی نیشاندا لەسەر پێکهاتەی ئەو

حکومەتە، کە زۆرینەی ئەندامەکانی لەپارتی دایکی نیشتیمان بوون. ئەو حکومەتە لە ٢٤ی کانونی یەکەمدا متمانەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی بەدەستهێناو بەمشێوەیە بوو بە یەکەم حکومەتی مەدەنیی کە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە بگات بە دەسەلآت لەپاش کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ [٤١]. بۆیەشە قۆناغێکی تازە لە مێژووی تورکیاو مێژووی جولآنەوەی ئیسلامیی هاوچەرخیشدا هاتەکایەوە.

هەڵوێستی رێبەرانی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ تونددەمارانە بوو لەبەرامبەر پارتی سەلامەی نیشتیمانیی کە خاوەن تێڕوانینی ئیسلامیی بوو، ئەم هەڵوێستەش لەگەڵ نەریتەکانی ئەتاتورکیزمدا دەهاتەوە کە سوپا بە پاسەوانی خۆی لەقەڵەم دەدات. راستەوخۆ پاش کۆدەتاکە ژەنەڕاڵ ئێڤرن فەرمانیکرد بە دەستبەسەرکردنی رێبەری پارتەکە نەجمەدین ئەربەکان [٤٢]. بەپێی هەندێك سەرچاوە نزیکەی ٣٠,٠٠٠ لە ئیسلامییەکان لە رۆژانی یەکەمی کۆدەتاکەدا قۆڵبەستکران [٤٣]. بەپێی ماددەی (١٦٣) لەیاسای سزادانی تورکیی داوای یاسایی لەسەر ئەربەکانو هاوەلآنی لەپارتەکەدا تۆمارکرا، تۆمەتبارکردنەکە لە دووتۆی ٥٠ پەڕەدا بوو، گرنگترینیان بریتی بوو لەوەی ئامانجی سەرەکیی پارتەکە دامەزراندنی سیستەمێکە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامییو، هەوڵدان بۆ لابردنی سیستەمی سیاسییو ئابووریی‌و کۆمەلآیەتیی وەخت لەتورکیا، بەلآم دادوەری گشتیی نەیتوانی بەڵگەی تەواو پێشکەش بکات کە پشتی پێببەستڕێت بۆ تۆمەتبارکردنەکە. بەمشێوەیە لە ١٥ی ئایاری ١٩٨١ بڕێك لە ئەندامانی پارتەکە بەرهەڵداکران ، هەرچیش مابۆوە لە ٢٥ی تەموز هەمان ساڵدا بەرهەڵداکران [٤٤]. لە تشرینی یەکەمی ١٩٨١ یاسای

قەدەغەکردنی سەرجەم پارتە سیاسییەکان دەرچوو، لەنێویشیاندا پارتی سەلامەی نیشتیمانییەو، دەستبەسەراگرتنی موڵکو ماڵو بەڵگەنامەکانی پارتەکە. لەشوباتی ١٩٨٣ دیسان ئەربەکان خرایەوە بەردەم دادگاو بڕیاری زیندانیکرنی بۆ ماوەی ٤ سالاّن بۆ دەرچوو، بەلاّم دیسان چاوی پێدا خشێنرایەوەو بێخەتا دەرچوو [٤٥]. وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەربەکان یەکێك بوو لەو سیاسەتوانە بەدیمەنانەی کە هەرجۆرە جموجۆڵێکی سیاسییان بۆماوەی ١٠ سالاّن لێ قەدەغەکرا. بەهەرحاڵ هەڵوێستی رێبەرانی کۆدەتاکە بەرامبەر بە پارتی سەلامەی نیشتیمانیی ئامانج لێی "لابردن"ی یەکجاریی فاکتەری ئیسلامیی بوو لە ژیانی سیاسیی یاخود کۆمەلاّیەتییدا، ئەزموونەکانی پێشووتر شکستی هەرجۆرە هەوڵێکی لەمشێوەیان سەلماندبوو. وێڕای ئەمەش رێبەرانی پارتەکە پێیانوابوو ئیسلام هۆکارێك دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدیاو رێکخراوە چەپڕۆکان، واتە سۆشیالیزمو کۆمۆنیزم [٤٦]. لەپاش ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی قەومانی کۆدەتاکە، رێبەرانی کۆدەتاکە دەیانویست سێ ئامانجی سەرەکیی لەسەر ئاستی نێوخۆیی بپێکن، **یەکەم** وەستاندنی تەوژمی ئیسلامیی کە خۆی لە پارتی سەلامەی نیشتیمانیدا دەبینییەوەو پێشتر ئاماژەمان پێدا، **دووەم** بەرەنگاربوونەوەی ئایدیاو رێکخراوە سۆشیالیستییو کۆمۆنیستییەکانو سنووردانان بۆ کاریگەرییەکانیان لەسەر گەنجان، **سێیەمیش** بەگژداچوونەوەی جوولاّنەوەی نەتەوەیی کورد لەباشوری رۆژهەلاّتی ولاّت، بەپێی تێڕوانینی سوپای تورکیا ئایدیاو رێکخراوە سۆشیالیستییو کۆمۆنیستییەکان هۆکارێکی سەرەکیی بوون لەدابەشبوونو تووندوتیژیی لە

کۆمەڵگەی تورکیدا. ژەنەڕاڵ ئێڤرن لەو بڕوایەدا بوو کە توندوتیژی سیاسیی لەتورکیا سەرچاوەکەی پڕۆپاگەندە چەپڕۆکانە کە نەوەی گەنجانی بەلاڕێدابردووەو لەخشتەی بردوون، هەروەها بەوەی ئایدیا سۆشیالیستییەکان هۆکاری پشێویی‌و نائارامین لەتورکیا[٤٧]. هەرچی نوێنەری وەزارەتی بەرگرییە لە وەزارەتی پەروەردەی تورکیدا لەپاش کۆدەتاکە ئاماژەی بەوە داوە کە کۆمۆنیستەکان بە تەنها هانی ململانێی چینایەتییان نەداوە، خراپتر لەمە جەختیان کردۆتەوە لەسەر جیاوازییەکانی شوناس لەنێو گەلدا. بە بۆچوونی ئەو کۆمۆنیستەکان دنەدەربوون‌و کاریان کردووە لەسەر هوروژاندنی ململانێکان لەنێوان گروپە ئیسلامییە جیاوازەکانداو، لەنێوان "ئەوەی نێوی دەبەن بەهاولاتیانی کورد"و باقی دانیشتوان[٤٨]، ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ مەترسی چەپ بەجۆرێك لە جۆرەکان زێدەڕۆیی تێدابوو، بەڵام دەبوو بەدیار بخرابایە بۆ جەختکردنەوە لە هەڵوێستی رێبەرانی کۆدەتاکە کە لایەنگری رۆژئاوابوون لە دەسپێکی قۆناغی جەنگی دووەمی ساردا لەپاش هێرشی سۆڤێتیی بۆ سەر ئەفغانستان.

وێڕای ئاستی بابەتی بوونی هەڵسەنگاندنی مەترسیی‌و خەتەرناکیی چەپ، رێبەرانی کۆدەتاکەی ناچارکرد پەنابەرنە بەر ئیسلام لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئایدیا چەپەکان‌و، دوورخستنەوەی گەنجان لە سیاسەت‌و، ئاسایی کردنەوەی دۆخی نێوخۆیی لەوڵاتدا. لەماوەی ئەو سێ ساڵەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی فەرمانڕەوایەتیی دەکرد کاریگەریی ئیسلام لە سیاسەتی تورکیی بەشێوەیەکی دراماتیکیی زیادیکرد، لەگەڵ ئەوەی ژەنەڕاڵەکان دانیان بەوەدانا کە پابەندن بە

کەمالیزمەوە بەلاّم کاریانکرد لەسەر پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەیی کە ئیسلام رۆڵێکی گرنگی تێدا بگێڕێت[٤٩]. ئەم پێکڕا تێکەڵکردنەی نێوان ئایین‌و ناسیۆنالیزمی کەمالیی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠ی لەهەردوو کۆدەتاکەی پێشوو جیاوازتر کرد[٥٠].

بە گژداچوونەوەی هەژموونی ئایدۆلۆژیا چەپەکان‌و "ئسولگەرایی" ئیسلامیی لەسەر گەنجان لەوڵاّتدا لە پێشی پێشەوەی کارنامەی کۆدەتاکەدا بوو، هەرچەندە جووڵاّنەوە چەپ‌و ئیسلامییەکانی بە زەبری هێز سەرکوتکرد، بەلاّم رێبەرانی کۆدەتاکە درکیان بەوەکرد کە ئەوان پێویستییان بە ئەرڵتەرناتیڤێکی ئایدۆلۆژییە، چونکە توانای ئایدۆلۆژیای کەمالیی سێکیۆلار لەدەستەبەرکردنی ئەوەدا سنووردارببوو[٥١]. ئەمەش بەواتای ئەوە دەهات کە سوپا وازی لە پابەندبوونی خۆی هێنابێت لەپاراستنی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم یاخود ئەتاتورکیزم، بگرە ئەوان هانی — پێشکەشکردنی ئەو ئایدۆلۆژییەتەیان دا بە رتوشێکی تازەوە وەك هەوڵێك بۆ خستنەڕووی بەشێوەیەك پتر قبوڵ بکرێت وەك پاشتر تێبینی دەکەین. هەمدیسان سوپا جەختیکردەوە لە پابەندبوونی بەو ئایدۆلۆژیەتەوە لەرێگەی دەستووری ساڵی ١٩٨٣، لە دیباجەکەیدا هاتووە "سووربوون لەسەر پێشکەشنەکردنی پاراستنی ئەو ئایدیاو بیروبۆچونانەی کە دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی تورکن... یاخود دژی بەها مێژوویی‌و ئەخلاقییە تورکییە نەتەوەییەکان‌و، پرنسیپ‌و ریفۆرمەکان‌و مۆدێرنە کە ئەتاتورك لەگەڵ خۆیدا هێنای‌و لەسەر بنەمای خواستەکانی پرنسیپی سێکیۆلاریزم، بەهیچ کلۆجێك پاشەکشەناکەین بۆ هەستوسۆزە ئاینییە پیرۆزەکان لە کاروباری دەوڵەت‌و سیاسەتەکان"دا.

لەماددەی (٢)ی دەستووردا هاتووە "کۆماری تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتی سێکیۆلارەو یاسا حوکم دەکاتو هەوڵدەدات لە پێناو بەدیهێنانی چەمکەکانی ئاسایشی گشتییو هەماهەنگیی نیشتیمانییو دادپەروەرییو، ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگرێتو لایەنگریی بۆ ناسیۆنالیزمی ئەتاتورك دەکات، هەروەها پرنسیپە بنەڕەتییەکان دووپات دەکاتەوە کە لە دیباجەدا هاتووە". هەمدیسان ماددەی (١٧٤)ی دەستوور جەخت دەکاتەوە لە ناڕەوایی هەر جۆرە ڕاڤە یاخود لێکدانەوەیەك بۆ هەر یەکێك لەحوکمەکانی دەستوور بەشێوەیەك زیان لە دەستووری " یاساکانی ریفۆرم" بدات، وەك ئاماژەدانێك بەو یاسایانەی کە کۆماری تورکیا لەنێوان سالأنی ١٩٢٤– ١٩٣٤ دەریکردوون لەچوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژئاواگەرییو سێکیۆلاریزەکردن کە مستەفا کەمال دایهێنا[٥٢].

ئەو ئەڵتەرناتیڤە ئایدۆلۆژییەی کە ڕێبەرانی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠ تەبەنییان کرد بریتیی بوو لە "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی / Türk- Islam Sentenzi" کە هاوشێوەی ئایدۆلۆژیای نیمچە فەرمیی سیستەمی سەربازیی بوو[٥٣]. لەواقیعدا بەکارهێنانی تێزی ناسیۆنالیستیی –ئاینیی شتێکی تازە نەبوو لە سیاسەتی تورکیدا، چەندین نموونەی تری لەمشێوەیە هەیە سەردەمی ئیتیحادییەکان (١٩٠٨–١٩١٨) و جەنگی سەربەخۆیی تورکیا (١٩١٩–١٩٢٢)[٥٤]. هەرچی لەسەر ئاستی داڕشتنی تیۆری هاوچەرخە ماناکانی "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی لەلایەن یەکێتییەکەوە داڕێژرا کە کۆمەڵێك ڕۆژنامەوانو ئەکادیمیستی لەخۆدەگرت لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە تێڕوانینی نەتەوەیی ئاینییان هەبوو بەنێوی "مەشخەڵی ڕۆشنبیران/Aydinlar Oçaği " کە لەسالی

١٩٧٠ دامەزرا[٥٥] لەپێناو شکاندنی هەژموونی رۆشنبیرە چەپەکان لەسەر مشتومڕو دەمەتەقێ سیاسییەکانو، کاریگەرییان لەسەر گەنجان، بەتایبەت لەپاش خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان کە گروپە چەپڕۆکان رێبەرایەتیان دەکرد لە ئاخروئۆخری شەستەکاندا. لە دیارترین تیۆرسێنانی "مەشخەڵی رۆشنبیران" ئیبراهیم قەفەس ئۆگلۆ " I. Kafesoğlu" بوو یەکەمین سەرۆکی یەکێکتییەکەش بوو[٥٦]. ئەندامانی ئەم یەکێتییە پێیانوابوو بەتەنها ئیسلام رەگەزێك نییە لە رەگەزەکانی فەرهەنگی تورکیی بەڵکو میکانیزمێکی گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتیی. ئامانجی ئەوان داڕشتنێکی ئایدۆلۆژیی بوو کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی کەمالیزم، لۆمەیان دەکرد لەو سەرلێشواندنەی کە دووچاری گەنجان ببۆوە لە تورکیادا. لەهەمان کاتیشدا ئومێدەواربوون ئەو ئایدۆلۆژیایە ببێتە دیوارێکی ئایدۆلۆژیی پارێزەر لە بەرەنگاربوونەوەی بیری چەپ کە بە بەرپرسیاریان لە قەڵەمدا لەو پشێویی‌و تووندوتیژییەی کە تورکیای گرتەوە لە ئاخروئۆخری دەیەی شەستەکاندا[٥٧]. ئەوان لەرێگەی کتێب‌و بڵاوکراوەو دانیشتنە ئەکادیمییە ئازادەکانیانەوە سووربوون لەسەر وەچەرخاندنی کەلتوری عوسمانیی تورکیی بۆ واقعێکی سیاسیی. بەڵای ئەوانەوە بەتەنها تێزی تورکیی _ ئیسلامیی دەیتوانی سەقامگیریی سیاسیی‌و یەکێتیی نیشتیمانیی فەراهەم بکات[٥٨].

پوختەی تێزی تورکیی _ ئیسلامیی بریتییە لە بوونی چەندین خاڵی هاوشێوەی سەرنجڕاکێش لەنێوان فەرهەنگی تورکەکان لە قۆناغی پێش ئیسلام‌و شارستانێتی ئیسلامیی، بۆ نموونە، هەستکردنی قوولْ بە دادپەروەریی‌و، بڕوابوون بە یەکتاپەرستیی‌و، جەختکردنەوە لە ئەخلاق‌و

ژیانی خێزانیی. بۆیەشە سروشتییە تورکەکان بەرەو ئیسلام پەلکێش بکەنو بیانکەنە سەربازی ئیسلام. بەپێی ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی فەرهەنگو شوناسی نەتەوەیی تورکیی لە نەریتە تورکییە کۆنەکانەوە پێکدێت بە درێژایی ٢٥٠٠ سالّو، نەریتە ئیسلامییەکان بە درێژایی ١٠٠٠ سالّ، بۆیەشە ئیسلام نەك بەتەنها لەگەلّ ناسیۆنالیزمی تورکیدا نایەتەوە، بەڵکو بەشێکی تەواوکەریەتی[٥٩]. لەگەلّ ئەوەی دامەزرێنەرانی ئەم ئایدۆلۆژیایە ستایشی مستەفا کەمال ئەتاتورك و جەنگی سەربەخۆیی تورکیایان کردووە، بەڵام ئایدۆلۆژیای کەمالیزمیان تۆمەتبارکردووە بەوەی پشتیکردۆتە چەند سەدەیەك لە مێژووی تورکیا (مەبەست لێی قۆناغی عوسمانییە)، بەمشێوەیە بۆتە مایەی زیانی گەورە لە فەرهەنگی نیشتیمانییەو، ولاّتی دووچاری قەیرانی سیاسییەو کۆمەلاّیەتیی گشتگیر کردۆتەوە لە حەفتاکاندا[٦٠].

هەمدیسان ئەو ئایدۆلۆژیایە بانگەواز لەخۆدەگرێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نێوەندیی بەشێوەیەك بتوانێت ئەو هێزانە لەنێوبەرێت کە "فەرهەنگی نەتەوەیی"و " کۆدەنگیی نەتەوەیی" لەباردەبەن[٦١]. دیسانەوە جەختیکردۆتەوە لەسەر "خێزان، مزگەوت، سەربازگە" بەو پێیەی سێ کۆڵەکەی دامەزراوەیین کە دەتوانن کۆمەڵگەیەکی رێکخراوو یەکگرتوو بەرهەم بهێنن لەگەلّ دەوڵەتێکی بەهێزو یەکگرتوو کە پێکڕا لەگەلّ یەکتر بێنەوە[٦٢]. بیروبۆچوونە بنەڕەتییەکانی (ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی) دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ریفۆرمەکانی تەنزیمات کە لەساڵی ١٨٣٩ دەستیپێکرد، هەریەك لە زانایانی ئاینییەو سوپای

ئینکیشاریی، "باوان"ی سوپای تورکیای هاوچەرخ، هەریەکەیان پشتیوانیی لەوی تریان کردووە[٦٣].

ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی لەلایەن بڕێك لە پارتە سیاسییەکانەوە قبوڵکرا بەتایبەت پارتی جوولآنەوەی نیشتیمانیی[٦٤]، بەپلەیەکی کەمتریش پارتی سەلامەی نیشتیمانیی، وێڕای نەریتە سێکیۆلارەکانی ئەفسەرانی تورك، ئاوێتەکردنی تورکیی– ئیسلامیی بۆ بڕێك لە رێبەرە سەربازییە بەدیمەنەکانی مۆدێرن بوو لەنێویشیاندا ژەنەرالێ کەنعان ئێڤرن[٦٥]. ئێڤرن رۆڵێکی سەرەکیی بینی لە نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی حکومەتە سەربازییەکەی پاش کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلوڵی ١٩٨٠و، لەوەشدا کە ئیسلامی بەکارهێناوە وەك میکانیزمێك بۆ بنجداکوتینی بیروباوەڕوو سیاسەتە سێکیۆلارەکانی. هەمدیسان ئیسلامی بەکارهێناوە لەبەرفراوانکردنی بنکەی کۆمەلآیەتیی لایەنگری حکومەتە سەربازییەکە. ئێڤرن بەباشی لە رۆڵی ئایین گەیشتبوو بەو پێیەی فاکتەری توندوتۆڵی پەیوەندیی کۆمەلآیەتییو، سەرچاوەی ئەخلاقو هێزێکی فەرهەنگییە موسوڵمان تۆکمەدەکات دژ بە هەڕەشەوگوڕەشەی کۆمۆنیستیی. لێرەدا گوتارو سیاسەتەکانی رێبەرانی کۆدەتاکە بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ ئیسلامدا دەکرد کە رەگەزێکە لە خزمەتکردنی نەتەوەو ناسیۆنالیزمدا نەوەك هێزێکی سەربەخۆ کە کێبڕکێ دەکات لەگەڵ ناسیۆنالیزم و سێکیۆلاریزمدا[٦٦].

لەسەر ئەم بنەمایەی تێگەیشتن لە ئیسلامو رۆڵی گرنگی رێبەرانی کۆدەتاکە هەوڵیاندا دەستبکەن بە پرۆسەی "ئیسلامیزەکردن لە بانەوە – Islamization from above" کە جڵەوەکەی لەدەستی دەوڵەتدا

بێت لەڕێگەی تەبەنیکردنی "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی" کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی کەمەنکێشکردنی ئایدۆلۆژیای چەپە توندڕۆکان بوو. هەروەها سڕینەوەی کاریگەرییەکانی شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە پاکستانو جیهانی عەرەبییەوە[٦٧]، سەرباری ئەمەش پێویست بوو "ئاوێتەکردنی تورکیی– ئیسلامیی" هاریکار بێت لە تەوقدانی پاوانخوازیی سۆڤێتیی لەباشورەوەو، بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی ئیسلامیی ئێرانیی "لەڕێگەی بنیاتنانی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی" "میانڕۆ" بە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەتایبەت لەگەڵ شانشینی عەرەبیی سعودیی بۆ بەدەستهێنانی قەرز لە پێناو هاوکاریکردنی ئابووریی تورکیا[٦٨]. لەمڕوەوە شایەنی ئاماژە پێدانە ژەنەڕاڵ ئێڤرن لەساڵی ١٩٨٨ بڕیارێکی دا بە کردنەوەی "یەکێتی جیهانی ئیسلامیی"، کە بریتی بوولە ڕێکخراوێکی ئیسلامیی بانگخواز لەساڵی ١٩٦٢ دامەزراو بارەگاکەی لە مەککە بوو، تا مووچەی پێشنوێژو گوتاربێژانی تورك بدات ئەوانەی کە هەڵدەستن بە مۆجگاریکردنو ڕێنوێنیکردنی ڕەوەندی تورکیی لە ئەڵمانیا[٦٩]. "یەکێتی جیهانی ئیسلامیی" کۆتا هاوپەیمانی بوو کە ژەنەڕاڵە ئەتاتورکیستەکان بیریان لێکردبێتەوە لەبەر ڕۆشنایی دژایەتیی ڕێخراوەکە لەبەرامبەر کەمالیزمو کۆمەککردنی ئەو بلاّوکراوانەی کە سەرکۆنەی سیاسەتە کەمالییە سێکیوّلارەکانو مستەفا کەمالیان دەکرد... " بەپێی گووتەی هەندێك لەکۆڵەرە تورکەکان"[٧٠].

گرتنەبەری " ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی" لەلایەن ڕێبەرانی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠وە زەمینەی خۆشکرد لەبەردەم ئەندامانی

"مەشخەڵی رۆشنبیران" لە پێناو جێبەجێکردنی ئەجێندا کۆمەڵایەتییەکانیان وەختێك حکومەتە سەربازییەکە کردنی بە "دەڵاڵی فەرهەنگیی سەرەکیی دەوڵەت"، ئیدی بوونە دەنگێکی بیستراو لەدەستەی گشتیی پلاندانان، بریتیی بوو لەدەستەیەکی بەرپرس لە دیاریکردنی پلانی گەشەپێدانی پێنج ساڵیی وڵات[٧١]. دەستەکە بەهەماهەنگی لەگەڵ مەشخەڵی رۆشنبیران ڕاپۆرتی کەلتووری نەتەوەییان "Milli Kultur Rapora" لەساڵی ١٩٨٣ دەرکرد تێیدا ئاماژە درابوو بەوەی هەردوو کۆڵەکەکەی کەلتوریی نەتەوەیی بریتین لە: بەها تایبەتەکان (کە لە ئاسیای نێوەڕاستەوە هاتبوو) واتە بەها تورکییە پاکوپوختەکان، لەگەڵ ئیسلامدا[٧٢].

هەرچی پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێدانە کە سیستەمی سەربازیی لەهەمان ساڵدا بڕیاری لێدا تێیدا هاتووە کە "دامەزراوەی ئاینیی رۆڵێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان لەپێناو پاراستنی دەوڵەتو پەرتنەبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی"و "ئایین بەتەنها ڕێگەیەك نییە بەندایەتییو عیبادەتکردن ڕێك بخات بەڵکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە" [٧٣]. گەر لەو بڵاوکراوانە بڕوانین کە لە ئینسایکلۆپیدیای نوێی ئیسلامیی **Islam ansiklopsdisi** کە دامەزراوەی ئاینیی **“Diyanet Vakvi”** دەریدەکرد، ، هەروەها ژمارەکانی گۆڤاری ئایین **”Diyanet Dergsi** کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاینییەوە دەردەکرا، ئاماژە بە بنجداکوتینو چەسپاندنی "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی" دەکەن بەوپێیەی ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت بووە[٧٤] . ئەو ئایدۆلۆژیایە رۆڵی خۆی هەبوو لە داڕشتنی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ بەشێوەیەك دوان لە

ئەندامانی "مەشخەڵی رۆشنبیران" بوون بە ئەندامی دیاری لیژنەی ئامادەکاریی دەستوور[٧٥] .

بەپشتبەستن بەوەی پێشتر باسمانکرد، هەیکەلی بڕێك لە دامەزراوە فەرهەنگییو میدیاییەکان بەپێی ئایدیاو ئەندێشەی "مەشخەڵی رۆشنبیران" بنیاتنرایەوە. زانکۆکان هەر لەساڵی ١٩٨٢وە سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداو بوون بە پاشکۆی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا، کە پەیوەستبوو بە نووسینگەی سەرۆك کۆماری تورکیاوە، هەروەها فەرمانگەی ئێستگەو تەلەفیزیۆنی فەرمیی "TRT" بوو بە بڵندگۆی ئایدۆلۆژیی ئەو ئایدیاو ئەندێشانە. دەبوو هۆکانی میدیا بە ئێستگەو تەلەفیزیۆنو رۆژنامەوە رۆڵی سەرەکیی ببینن لە خولقاندنی داڕشتنەوەی هەستوسۆزو بەها کۆمەاڵیەتییەکان[٧٦] . پێویستیش بوو سیستەمی پەروەردەیی رۆڵی فرە گرنگ بگێڕێت لەرێگەی فێرکردنی ئایینو ئەخلاقو سەرلەنوێ چاوخشاندنەوەی بە کتێبە مەنهەجییەکاندا کە پەیوەندییان بەهەمان بابەتەوە هەبوو، دیسانەوە پێویستبوو سەرۆکایەتیی کاروبارە ئاینییەکان رۆڵی خۆی بگێڕێت لە بەدیهێنانی هاوبەستەگیی نەتەوەیی لەرێگەی مۆجگارییو رێنوێنییو بڵاوکراوەکانەوە. راپۆرتێك لەلایەن لیژنەیەك لە چەندین وەزارەتەوەو لەلایەن هەواڵگریی تورکییەوە لەساڵی ١٩٨١دا ئامادەکراوە، راپۆرتەکە داوایکردووە ژمارەی "پەیمانگەکانی پێشنوێژییو گوتاربێژیی" زیادبکرێن بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی وڵاتو، خوێندنی ئایین لە قوتابخانە سەرەتاییو نێوەندییەکانداو، بنیاتنانی مزگەوت لەو نێوچانەدا کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە "واتە نێوچە عەلەویی نشینەکان"و، دامەزراندنی پێشنوێژو

گوتاربێژو بانگبێژان بۆ ١٨,٠٠٠ مزگەوت[٧٧]. تێڕوانینێکی فەرمیی لەمشێوەیە لەدەستووری ١٩٨٢دا ڕەنگیدایەوە، ماددەی (٣٤)ی دەستوور پەروەردەو فێرکردنی لەهەردوو بواری ئایینو ئەخلاقدا خستە ژێر رکێفی دەوڵەتو، فێرکردنی فەرهەنگی ئاینییو پەروەردەی ئەخلاقیی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتاییو نێوەندیدا کردە زۆرەملێ، هەرچی ماددەی (١٣٦)ە سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی گۆڕی بۆ دامەزراوەیەکی دەستوورییو ئەرکەکەشی بریتی بوو لە هەوڵدانو کۆششکردن لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتیی وڵاتو هاوبەستەگیی نەتەوەییو، بەپێی یاسای تایبەت بەوکارەو بەپێی پرنسیپە سێکیۆلارەکان هەستێت بە ئەرکەکانی، دوور لە بیروبۆچوونو ئایدیا سیاسییەکان[٧٨]. ژەنەرالێ کەنعان ئێڤرن بەهەمان شێوە پاساوی هێناوەتەوە بۆ لۆژیکی تێهەڵکێشکردنی وانە ئاینییەکان لە پرۆگرامەکانی قوتابخانە سەرەتاییو نێوەندییەکاندا لەچوارچێوەی گشتیی سێکیۆلاریزمدا بەمشێوەیە دەئاخفێت "ناکرێت فێرکردنی ئاینیی منالاّن لە لایەن خانەوادەکانیانەوە بێت، لەراستیدا گەر خانەوادە هەوڵیدا هەستێت بەو کارە ئەوە دەبێت کارێکی ناشایستەو نەشیاو مادامێکی بەشێوەیەکی هەڵەو ناتەواو فێریان دەکەن، یاخود بە پێی تێڕوانینی تایبەتی خێزان. لەپێش ئەمەدا داوام لێکردن منالاّکانتان نەنێرنە بەر خولەکانی فێرکردنی قورئان کە لەژێر رکێفو چاودێریی دەوڵەتدانین، بۆیەشە وەك مەرج لەدەستووردا چەسپاندمان، بەمشێوەیە ئایین فێری منالاّکانمان دەکەین لەلایەن دەوڵەتو لە قوتابخانەکانی دەوڵەتدا، ئایا ئێمە دژی پرسی سێکیۆلاریزمین یان خزمەتی دەکەین؟ لەراستیدا ئێمە خزمەتی دەکەین، کەواتە سێکیۆلاریزم بەو مانایە نایەت

هاولاتیانی تورك بێبەش بكرێن لە فێركردنی ئاینییو بیانخەینە بەردەستی ئەوانەی كە ئایین بەكاردەهێنن"[٧٩].

لەدیارترین لایەنەكانی جێبەجێكردنی عەمەلیی ئەو سیاسەتانەی كەپێشتر باسمانكرد لەبواری فێركردنی ئاینییو پرۆگرامەكانی خوێندن لە لایەكو، ئەو ئەركانەی سپێردران بە سەرۆكایەتیی كاروباری ئاینیی لەرێگەی مۆجگاریيو رێنوێنییو بلاوكراوەكانەوە، لەم خالانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. هەڵكشانو زیادبوونی ژمارەی دامەزراوە پەروەردەییەكان ئەوانەی مۆركی ئاینییان هەبوو بۆ ئامادەكردنی رێژەی تەواو لە مامۆستایانی پەروەردەی ئاینییو ئەخلاقیی وەزارەتی پەروەردە، بەهەمان شێوەش بۆ فەرمانبەرانی سەرۆكایەتیی كاروباری ئاینیی بۆ كارکردن وەك پێشنوێژو گوتاربێژو موفتییەكانو وەزیفەكانی تر. ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی رەزامەندیی پیشاندا لەسەر كردنەوەی ٩٢ پەیمانگەی نوێ لە پەیمانگەكانی پێشنوێژییو گوتاربێژیی ژمارەشیان لە ٢٥٨وە بۆ ٣٥٠ پەیمانگە، ژمارەیان گەیشتە ٢٧٠,٠٠٠ قوتابی[٨٠]. لەهەمان چوارچێوەشدا پەیمانگە ئیسلامییە بالاكان لە ٣١ی ئابی ١٩٨٢دا گۆڕدران بۆ كۆلێژی زانستە ئاینییەكان "Ilahiyat Fakültesi" و لكاندنی بەو زانكۆیانەوە كە لە نێوچەكانیاندا بوونیان هەبوو، بەمشێوەیە ٨ كۆلێژی زانستە ئاینییەكانی سەر بە زانكۆی ئەنكەرە كرانەوە، لەپاڵ كرانەوەی ئەو كۆلێژانە لە زانكۆی مەڕمەڕە لە ئەستەنبوڵ، زانكۆی سەلجوق لە قونیە، زانكۆی ئەرجیس لە قەیسەری، زانكۆی ٩ی ئەیلول لە ئیزمیر، زانكۆی ئەتاتورك لە ئەرزەڕۆم، ئۆلۆداغ لە بۆرسە، زانكۆی ١٩ی مایس لە

سامسۆن[٨١]. دیسانەوە لەم چوارچێوەیەدا ژمارەی قوتابخانەکانی فێرکردنی قورئانی پیرۆز بۆ پێگەیستووان زیادکرا ئەوانەی لە ژێر سەرپەرشتیی فەرمیدا بوون[٨٢]. لەوەختێکدا ئەو قوتابخانانە ژمارەیان ١,٥٣٨ بوو لەساڵ خوێندنی ١٩٧٨–١٩٧٩ ئەم ژمارەیە دووقات زیادیکرد بۆ ٣,٠٤٧ لەساڵی خوێندنی ١٩٨٢–١٩٨٣دا. لەهەمان کاتداو لە ماوەی هەمان ساڵدا ڕێژەی قوتابیان لە ٦٤,٤٨٦وە بەرزبۆوە بۆ١١٤,٦٦٨ [٨٣].

٢. دامەزراندنی بەشێکی نوێ لە سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی بەنێوی "بەشی ئیرشاد" لەساڵی ١٩٨١ لەپێناو کارکردن لەدژی نەتەوایەتیی کوردیی لەباشووری ڕۆژهەلاتی وڵات. هەر لەو دەمەوە ئەو بەشە بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەستا بە بە ڕێکخستنی کۆڕو سیسمینار لەو نێوچانەدا لەپێناو شرۆڤەکردنی مەترسییو خەتەرناکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان "PKK"و ئایدۆلۆژیا مارکسییەکەی. ئەو نەهجەش بەو واتایە دەهات کە "حکومەتی سەربازیی وای بە باشزانی بەکارهێنانی هەستوسۆزە ئاینییەکانو لایەنگرییە سوننەتەییەکان بخاتە پێش هاندانی فرەییو دیموکراسیەتی پایەدار لەسەر بەشداریکردن بەئامانجی بەدیهێنانی ئۆقرەیی سیاسییو یەکێتیی نیشتیمانیی" بەپێی گوتەی موحەممەد خاقان یاوز کۆلەری تورکیی پسپۆڕ لە کاروباری جوولانەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان لە تورکیا[٨٤]. ئەرکی سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی بەرفراوان بوو پاراستنی ناسیۆنالیزمی تورکیی گرتەئەستۆ، عارف سوی تورك "A. Soytürk " جێگری سەرۆکی کاروباری ئاینیی هەر لە ساڵی ١٩٨٠وە ئەمەی لەم گوتەیەدا کورتو پوخت کردۆتەوە:"هەستوسۆزی نەتەوەییو ئاینییمان تێکهەڵچووە،

سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی هەوڵدەدات لەپێناو بەهێزکردنو هاندانی هۆشی نەتەوەییو ئاینیی لەهەمان کاتدا. ئەرکی ئێمە بە تەنها لە ئاییندا کورت نابێتەوە، بەڵکو پاراستنی ناسیۆنالیزمی تورکیش لەخۆدەگرێت"[٨٥].

٣. زیادبوونی بودجەی تایبەت بە بلاۆکراوەکانی سەرۆکایەتیی کاروبارە ئاینییەکان لە کتێبو کۆڵینەوەو گۆڤارەکان، هەندێك لە ژمارەکانی بیرۆکەیەك دەخەنەڕوو لەبارەی ئاڕاستەی ئاینیی لەو ماوەیەدا. لەساڵی ١٩٧٩ سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی دوو ملیۆن تیراژی لە ٣٠ی کتێبی ئاینیی دەرکرد، هەروەها لەساڵی ١٩٨٢ سەرۆکایەتیی نێوبراو ٥,٧٢٠,٠٠٠ تیراژی لە ٥٣ کتێب دەرکرد[٨٦]. ئامانج لەهەندێك لەو بلاۆکراوانە پێشکەشکردنی وێنەیەکی نوێی ئەتاتورك بوو تا بڕوا بە گەنجان بهێنن کە ئەتاتورك مسوڵمانێکی لەخۆبردوو بووەو خوا بۆ بەرگریکردن لە ئاییندو نیشتیمانەکەی هەڵیبژاردووە[٨٧]. ئەم وێنەیەش ڕێك لەگەڵ ویستی حکومەتی سەربازیدا دەهاتەوە، سوپا دەیویست ئەوە پیشان بدات کە هاوئاوازییەك لە نێوان ئیسلامو ئایدۆلۆژیای کەمالیدا هەیە. لەماوەی کۆدەتاکەدا سوپا کتێبێکی لە ٣ بەرگدا بلاۆکردەوە بەنێوی "ئەتاتورکیزم Atatürkçülük "، وێنەی ئەتاتورکی وەك مسوڵمانێکی بۆخواسوڵحاو پیشان دەدا کە درکی بە پێویستی ئیسلامی ڕۆشنگەرا کردووەو، ریفۆرمی مۆدێرنەخوازیی جێبەجێکردووە لەپێناو ڕزگارکردنی ئیسلام لەدەستی "هێزە کۆنەپەرستەکان". ئامانج لە بلاۆکردنەوەی ئەم کتێبە گەیاندنی سێ پەیام بوو ئەوانیش: ئیسلام پێویستە بۆ بۆ یەککەوتنی کۆمەلایەتیی نەتەوە، هاوئاوازیی نێوان ئیسلامو کەمالیزم، سێکیۆلاریزم پێویستە بۆ

پەرەپێدانی "ئیسلامی راستەقینە" واتە ئیسلامی رۆشنگەرا، ئامانج لە ریفۆرمەکان مستەفا کەمال پەرەپێدانی "ئایینی عەقلانیی‌و لۆژیکییە"[٨٨].

٤. سەرلەنوێ نووسینەوەی بڕێك لە کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە نێوەندییەکاندا بەشێوەیەك لەگەڵ ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیدا بێتەوە، بەپێی دروشمەکەی "باشترین تورك تورکی مسوڵمانە، باشترین مسوڵمانیش تورکی مسوڵمانە"[٨٩]. لەڕێگەی سەرلەنوێ نووسینەوەی ئەو کتێبانەوە ڕێبەرە سەربازییەکان دەیانویست دووپاتی ئەو ئەفسانەو تێڕوانینە کۆنانە بکەنەوە، لەنێویاندا "سەربازی تورکی بەرگریکار لە بیروباوەڕی ئیسلامیی"[٨٩].

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بواڕە سەرەکییەکان کە ئایدۆلۆژیای "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی" ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبوو لەسەردەمەی حکومەتە سەربازییەکەدا بریتی بوو لە پەروەردەو ڕاگەیاندن‌و بڵاوکردنەوە. بێگومان ئم تێڕوانینە کە هاوکاتبوو لەگەڵ لێدانی گورچکبڕ لە چەپی تورکیی، لە ماوەکانی پاشتردا سوودی ئێجگار زۆری هەبوو بۆ ئیسلامییەکان، بەتایبەت هەرچی پەیوەندیی هەبوو بە کارکردن‌و دامەزراندن لە زۆر دامەزراوەی فەرمیدا، جگە لە دامەزراوە سەربازییەکان، کە ڕێبەرایەتیی سەربازیی بە هێڵی سووری لەقەڵەمدەدا، کە ناکرێت تێپەڕێنرێت. لەوەختێکدا ڕێگە بە دەرچووانی پەیمانگەکانی پێشنوێژیی – گوتاربێژیی درا بچنە زانکۆ بالاکان لە وڵاتدا کەچی ئەکادیمیا سەربازییەکان بەتەواویی قبوڵکردنی ئەوانیان ڕەتکردەوە[٩٠].

ئایدۆلۆژیای "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی" هەمان هەڵەی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم یاخود ئەتاتورکیزمی دووبارەکردەوە وەختێك

پشتی کردە فرەیی نەتەوەیی لە تورکیا، بەتایبەت کوردان کە دووەم گەورە نەتەوەن لە ولاتدا لەپاش تورك. بۆیەشە ئەو هەولانەی دران لەچوارچێوەی ئەو ئایدۆلۆژیایەدا بۆ دوورخستنەوەی کورد لە جوولانەوەی نەتەوەیی کورد هیچ سەرکەوتنێکی گرنگی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا بە بەڵگەی هەلاێسانی جوولانەوەی چەکداریی کورد لە هاوینی ١٩٨٤و گەشەسەندنی لە سالانی پاشتردا. جیاوازییەکە لەو راستییەوە دەرەکەوێت کە سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی، کە بەنێوی ئیسلامەوە کۆنگرەو سیمینارو گردبوونەوەی لە شارە کوردییەکانی باشووری رۆژهەلاتی ولاتدا رێکدەخست بۆ دژایەتیکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیی، بۆ ئەوەی کوردان "هاولاتی تورکی لایەنگر"و پابەند بن[٩١]، لەهەمان کاتیشدا کاری دەکرد لەسەر چەسپاندنی ناسیۆنالیزمی تورکیی، دیسانەوە بەنێوی ئیسلامەوە.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم :

(١) الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٢٦ .

(٢) John H. McFadden , " Civil – Military Relations in the Third Turkish Republic " , The Middle East Journal , vol. 39 , No. 1 (Winter – 1985) P. 70

(٣) A. Howard , op.cit, P. 159

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی رۆڵی ئاژانسی هەواڵگریی نێوەندیی ئەمەریکییو، دەزگاکانی ئاسایشو هەواڵگریی تورکیی لە شەپۆلی کارە توندوتیژییەکان کە لەو قۆناغەدا تورکیای گرتەوە، هەروەها رۆڵی هەواڵگریی نێوەندیی ئەمەریکا لە کۆدەتاکەی ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠، بڕوانە:

Daniele Ganser , Nato's Secret Armies : Operation Gladio and Terrorism in Western Europe (London – Frank Cass – 2005) P.235 - 239

(٥) أحمد ، تدخل العسكريين والڒزمه فى تركيا ، ص ص ٢٣٥–٢٣٦ " الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٣١ .

(٦) الزين ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٣٠ .

(٧) کورتکراوەی نێوی " Partiya Karkeren Kurdistan "ە.

(٨) نور الدين ، حجاب وحراب ، ص ١٠٩ .

(٩) هەمان سەرچاوە ، لا ١٢٣ .

(١٠) لەبارەی بەشداریی نەکردنی پارتی سەلامەی نیشتیمانییو ئەندامو هەوادارانی لە کردەوە توندوتیژییەکانو تیرۆری سیاسیی بڕوانە:

الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ١٣٧ "

Andrew Mango , Turkey and the War on Terror(New York – Routledge – 2005) P.60.

(١١) الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ١٠٩ .

(١٢) جرجيس حسن ، تركيا في الإستراتيجية الأمريكية بعد سقوط الشاه (د.م – ١٩٩٠) ص ٥٣ .

(١٣) الطحّان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٦٥ .

(١٤)Anat Lapidot , " Islam Activism in Turkey since 1980 Military Takeover " in , Bruce Maddy – Weitzman & Efraim Inbar (eds.) , Religious Radicalism in the Greater Middle East (New York – Routledge – 1997) P. 63

(١٥) الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ص ١٣٢–١٣٣ "

Howard , op. cit , P. 159 ; Peretz , op. cit , P. 192

(١٦) بڕوانە نێوەرۆکی بەرنامەکە لە:

دانیلوف سەرچاوەی پێشوو ،لا لا ٣٩٧–٣٩٨ " أحمد ، تدخل العسكريين والأزمة في تركيا ، ص ٢٠٨ .

(١٧)Birol Ali Yeşilda , " Problems of Political Development in the Third Turkish Republic." Polity , Vol. 12 , No. 2 (Winter – 1988) P. 352 .

(١٨)Erhard Franz , " Secularism and Islamism in Turkey " in , Kai Hafez and Others , The Islamic World and the

West : an introduction to political Cultures and International Relations (Leiden – Brill – 2000) P. 168

(١٩) حسن ، تركيا في الإستراتيجية الأمريكية ... ، ص ٥٤ .

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، لا ٤٩ .

(٢١) Ganser , op. cit , PP. 239-240

(٢٢) حسن ، تركيا في الإستراتيجية الأمريكية ... ، ص ٤٩ " Ibid , P. 239

(٢٣) أحمد ، تدخل العسكريين والأزمة في تركيا ، ص ص ٢٠٤–٢٠٦ .

(٢٤) هەمان سەرچاوە ، لا ٢٠٣ " احمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٠٢ .

(٢٥) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ص ٤٠٦–٤٠٧ " أحمد ومراد ، سةرضاوةي ثَيَشوو ، لا ٣٠٢ .

(٢٦) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ص ٤١١–٤١٢ " Howard , op. cit , P. 159

(٢٧) Taspinar , op. cit , P. 137 .

(٢٨) Howard , op. cit , P. 160 .

(٢٩) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو ڕێوشوێنانەو ڕێژەی قۆڵبەستکراوانو سزاکانی سەریان، هەروەها ئەوانەی پاسپۆرتیان پێنەدرا یاخود ئەوانەی چوونە دەرێی تورکیا بڕوانە:

أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ص ٤٠٨–٤١٦ "

Ibid , PP. 160-162 ; Yavuz , Islamic Political Identity … , P. 69 ; Yilmaz Atasoy , Hegemonic Transition , The State and

New – Liberal Crisis in Capitalism (New York- Routledge – 2009) P. 211

(٣٠) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ٤١٢ .

(٣١) Howard , op. cit , P. 159 .

(٣٢) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ٤١٥ " Zürcher , op. cit , P. 278

(٣٣) لەبارەی نێوەرۆکی دەستووری ١٩٨٢وە بڕوانە:

دانیلوف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٤٢٩–٤٣٦ ، لە واقیعدا ئەم دەستوورە لەبابەتی ئازادییە سیاسییەکاندا پاشەکشەی تێدابوو بە بەراورد بە دەستووری ساڵی ١٩٦١ کە سوپا پێیوابوو یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە زەمینەی خۆشکردووە لەبەردەم دەرکەوتنی پارتو رێکخستنە چەپڕۆو سۆشیالیستییەکان لە تورکیا، پاشتریش ناسەقامگیریی سیاسیی لە حەفتاکاندا. بۆیەشە دەستووری ساڵی ١٩٨٢ کە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی سەرپەرشتی دەکرد بەشێوەیەك دارێژرابوو کە بەشداریی هاولاتیانی لە سیاسەتدا کەمدەکردەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥ گۆڕانکاریی لە ١٥ ماددەی دەستووردا کراو بووە هۆی بەرفراوانبوونی مافە سیاسییەکانی فەرمانبەرە مەدەنییەکانو ئەکادیمیستو کۆمەڵەو سەندیکا پیشەییەکان لەپاش ئەوەی قەدەغەکراوبوون لەو توێژوو دەستانە بەشداریی بکەن لەهەرجۆرە چالاکییەکی سیاسیدا،

Sinem Gürbey , " Civil Society and Islam in Turkey " , Graduate Student Conference- Culumbia University – Spring 2006 , PP. 10 , 14

(٣٤) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ص ٤٢٢ .

(٣٥) النعيمـــي ، الحركـــات الإســـلامية الحديثـــة في تركيـــا ، ص ص ١٧٣–١٧٤ "

Stephen Vertigans , Islamic Roots and Resurgence in Turkey: Understanding the Muslim Resurgence (U.S.A – Greenwood Publishing Group – 2003) P. 62

Karabelias , op. cit , P. 135 . (٣٦)

(٣٧) معوض ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٤ .

(٣٨) أحمد ، صنع تركيا الحديثه ، ص ٤٢٢ .

(٣٩) سعد عبد العزيز مسلط الجبوري ، التطورات السياسية الداخلية في تركيا ١٩٨٣ – ١٩٩١: دراسة تاريخية ، أطروحة دكتوراه – كلية التربية – جامعة الموصل – ٢٠٠٧ ، ص ٣٥ .

(٤٠) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو پارتانەوە بڕوانە:

أحمد ومراد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٣٢٨–٣٢٩ " الجبورى ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٣٧–٣٨ "

Yücel , op.cit , pp. 54-69

(٤١) الجبورى ، سەرچاوەی پێشوو ، لا لا ٤٥–٤٦ .

(٤٢) بگەڕێوە بۆ دەقی نووسینەکەی ژەنەرالّ کەنعان ئێڤرن کە لەمبارەیەوە ئاڕاستەی ئەربەکانی کردووە لە ڕۆژی ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠، اوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٢٦ .

(٤٣) الطحّان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٦٠ .

(٤٤) اوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٥٠ .

(٤٥) هەمان سەرچاوە ، لا لا ٢٥٩–٢٦١ .

(٤٦) نور الدين ، قبعه وعمامه ... ، ص ٢٦ .

(٤٧)Robert Bianchi , Guests of God : Pilgrimage and Politics in the Islamic World (U.S.A – Oxford University Press – 2002) P. 164

(٤٨)Kaplan , op. cit , P. 119 .

(٤٩)Kevin Robins , " Interrupting Identities Turkey / Europe " , in , Stuart Hall & Paul Du Gay (eds.) , Questions of Cultural Identity (London – SAGE Publication Ltd – 2005) P. 71

(٥٠)Yavuz , Islam Political Identity ... , P. 70 .

(٥١)Erik – Jan Zürcher , Islam in the Service of National and Pre-national State : The Instrumentalisation of Religion for Political Goals by Turkish Regimes between 1880-1980,p.11www.leidenuniv.nl/content-docs/wap/ejz29

(٥٢) الجليلي ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ، ص ص ١٣٩–١٤١ .

(٥٣)Binnaz Toprak , " Islam and Democracy in Turkey " in , Ali Çarkoğlu & Barry M. Rubin (eds.) , Religion and Politics in Turkey (New York – Routledge – 2006) P. 37

(٥٤)Zürcher , Islam in the Service of … , PP. 6-11 ; Kemal H. Karpat , Ottoman Past and Todays Turkey (Leiden – Brill – 2000) P. 127

(٥٥) لـه راسـتيدا بنـهماكانى "مەشـخەڵى رۆشـنبيران" دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتاى شەستەكان وەختێك گرووپێك كۆڵـەر لـه كـۆلێجى زانسـته مرۆڤايەتييـەكانى زانكـۆى ئەستەنبوڵ يانەيەكى فيكرييان دامەزراند بەنێوى "يانەى رۆشنبيران – Aydinlar Klübü، ئەمەش هاوشێوەى پەرچـەكردارێك بـوو لـەدژى ئاڕاسـتەى سياسـيى نـوێى تورکيـا لـەپاش دەسـتوورى ١٩٦١ كـه زەمينـەى رەخسـاند لەبـەردەم بيروبۆچـوونو جوولانەوە چەپڕۆكان بوو كه خاوەن تێـروانينى ماركسـيى بـوون، هـەروەها سـەنديكا كرێكارييەكانو … هتد. لەنێو ئەندامانى يانەكەدا مێژوونووس هـەبوون وەك عوسمـان تۆرانو ئيسماعيل حەققى دانشمەند، يانەكـه لـه سـاڵى ١٩٦٥ داخـرا، پاشـتر لەسـاڵى ١٩٧٠ بەنێوى "مەشخەڵى رۆشنبيران" دەركەوتەوە، بڕوانە:

Sam Kaplan , The Pedagogical State : Education and Politics of National Culture in post – 1980 Turkey هەروەها (California - Stanford University Press – 2006) P. 76

بڕوانە ، http://sozluk.sourtimes.org/show.asp

(٥٦)Zürtcher , Islam in the Service of … , P. 11

(٥٧)Lapidot , op. cit , P. 68 .

(٥٨)Kaplan , The Pedagogical State , P. 76 .

(٥٩)Zürcher , Turkey , A Modern History , P. 288 ; Zürcher , Islam in the Service of … , P. 11

(٦٠)Erkan Akin & Ömer Karasapan , " The Turkish – Islamic Synthesis " Middle East Report , No. 153 , July – August 1988

(٦١)Ibid .

(٦٢)Yavuz , Political Islam … , P. 68 .

(٦٣)Kaplan , Din-u Devlet … , P. 120 .

(٦٤) وەختێك ئەلپ ئەرسەلان تورکیش رێبەری جوولآنەوەی نەتەوەیی کە لەپاش کۆدەتا قولّبەستکرابوو گوتوویە رێبەرایەتیی پارتەکە لە گرتووخانەدان بەلآم بیروبۆچوونەکەنیان لەدەسەلآتدایە، وەك ئاماژەیەك بۆ تەبەنیکردنی "ئاوێتەکردنی تورکیی – ئیسلامیی" وەك ئایدۆلۆژیای دەولّەت لە لایەن رێبەرایەتیی کۆدەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠وە. بڕوانە:

Toprak , Islam and Democracy in Turkey , P. 37

(٦٥)Zürcher , Turkey , A Modern History , P. 288 .

(٦٦)Yavuz , Islamic Political Identity , PP. 70-71 .

(٦٧)Karakas , op. cit , P. 18 .

(٦٨)Rabasa & Larrabee , op. cit , P. 37 ; Ely Karman , " Radical Islamic Movements in Turkey " , in , Barry Rubbin (ed.) , Revolutionaries and Reformers : Contemporary Islamic Movements in the Middle East (New York – Sunny Press – 2003) P. 42

(٦٩)Lapidot , op. cit , P. 69 ; Salt , op.cit , P.16.

(٧٠)Erkan Akin & Ömer Karasapan , " The Rabita Affair. " Middle East Report , No.153 (July – August 1988) P. 15

(٧١)Kaplan , The Pedagogical State … , P. 76 .

(٧٢) نور الدين ، تركيا : الصيغة والدور ، ص ٨١ " Yavuz , Political Islam … , P. 68.

(٧٣) هەمان سەرچاوە، لا ٦٦ .

(٧٤)Yavuz , Islamic Political Identity , P. 69 .

(٧٥)Ibid , P. 72 .

(٧٦) (٧٧)Lapidot , op. cit , P. 74 نور الدين ، تركيا : الصيغة والدور ، ص ٨١ .

(٧٨) بگەڕێوە بۆ دەقی هەردوو ماددەی ٢٤– ١٣٦ لە دەستووری کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٨٢.

(٧٩)Taspinar , op. cit , P. 139 ; Umit Cizre Sakallioğlu , " Parameters and Strategies of Islam – State Interaction in Republican Turkey " International Journal of Middle East Studies , No. 28 , 1996 , P. 246

(٨٠)Özlem Denli , " Freedom of Religion : Secularist Policies and Islamic Challenge" in , Zehra F. Kabasakal Arat (ed.) , Human Rights in Turkey (Philadelphia – University of Pennsylvania Press – 2007) P. 93

(٨١)Buyrukçu , op.cit , p. 103 .

(٨٢) مەبەست لەو خولە هاوینەییانە کە لە سەرجەم ولاتدا دەکرانەوە بۆ منالان فێرکردنی قورئانی پیرۆز بوو، واتە (حوجرە)، بەتایبەت لە دێهاتەکاندا، کە ناتوانرێت ژمارەیان بە وردیی بخەملێنرێت زۆربەیان لەژێر چاودێریی سەرپەرشتیی فەرمیدا نین، ژمارەیان دەگاتە چەند هەزارێك.

(٨٣)Kilavuz , op. cit ; Lapidot , op. cit , P. 72 .

(٨٤)Yavuz , Political Islam … , P. 68 ; Yavuz , Islamic Political Identity … , P. 70 .

(٨٥)Yavuz , Islamic Political Identity , P. 70 .

(٨٦)Salt , op. cit , P. 18 .

(٨٧)Bianchi , op. cit , P. 165 .

(٨٨)Yavuz , Islamic Political Identity … , PP. 70-71

(٨٩) کرامر ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢١ " Taspinar , op. cit , P. 139

(٩٠). Kaplan , Din-u Devlet … , P. 114

٩١). Ibid

(٩٢)Karakas , op. cit , P. 18

بەشی پێنجەم

هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بەجوولانەوەی ئیسلامیی لە سەروبەندی قۆناغی ئۆزالییدا

١٩٨٣- ١٩٩٣

پارتی دایکی نیشتیمان دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی، لە (٦ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣) بەڕێوەچوو، گەیشت بە دەسەڵاتو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩١ لە دەسەڵاتدا مایەوە، پاش ئەوەی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی لە هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ دا بردەوە[١]، بەڵام سەرۆکی پارت تۆرگۆت ئۆزال پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لە کۆتاییەکانی (١٩٨٣ تاوەکو ٣١ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩) بەڕێوەبرد، کاتێك وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا دوای ژەنەرالێ کەنعان ئێڤرنو تا مردنی لەناکاوی لە (١٧ ی نیسانی ١٩٩٣) لە پۆستەکەیدا مایەوە.

بەهۆی کەسایەتیو بڕیارە جێ مشتومڕەکانییەوە، ئۆزال جێدەستی دیاری خۆی لەسەر هەردوو بواری سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەی تورکیا جێهێشت، بەجۆرێك لە دیدی یەکێك لە کۆڵەراندا" ئەو سەرکردە سیاسییەیە، کە زۆرترین کاریگەریی لە تورکیا لە ماوەی سەردەمی ئەتاتورکەوە هەبووە"[٢]. دیارترین بوارەکانی ئەو کاریگەرییە، کە تاڕادەیەکی گەورە دابڕانێك لەگەڵ بنەماکانی ئایدۆلۆژیای کەمالیزمدا دروستدەکات، بواری ئابووریو سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بوو لەسەر ئاستی هەرێمیو هەڵوێست لە ئاست تەوژمی ئیسلامیی لەو وڵاتەدا. سەرباری ئەمانە ئۆزال توانی کاریگەری حکومەتی مەدەنیی بەسەر دامەزراوەی سەربازیی جێبەجێکار لە پرۆسەی بڕیارسازییو بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٨٧ زاڵ بکات[٣].

لە قۆناغی ئۆزالیدا (١٩٨٣– ١٩٩٣) تورکیا پەرەسەندنێکی گرنگی بەخۆوە بینی لە گۆڕانی جوواڵانەوەی ئیسلامیی لە تورکیا بۆ

جوولّانەوەیەکی چوارچێوە فراوانو زۆرترین کاریگەریی لە سیاسەتی تورکیادا. ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ گەیشتنی پارتە ئیسلامییەکان بە دەسەلّات لە قۆناغی دوای ئۆزال. لەگەلّ چەند فاکتەرێکی دیکەی نێوخۆیی‌و دەرەکیی، کە لەپشتەوەی ئەو گۆڕانکارییە بوون، بەلّام رۆلّی ئۆزال‌و پارتی دایکی نیشتیمان سەرەکیی بوون لە کردنەوەی ئاسۆی فراوان لەبەردەم تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا لەڕێگەی پتەوکردنی رۆلّی لە بواڕەکانی ئابووریی‌و کۆمەلّایەتیی‌و فەرهەنگیی‌و میدیایی. بەهۆی ئەم گۆڕانکارییەوە ستراتیجیستە رۆژئاواییەکان دەپرسن ئەگەر تورکیا قلّپ ببێتەوە بۆ" ئیسلامیزمی بیروبۆچوون"و کارێکی باو دەبێت ئاماژە بۆ تورکیا بکرێت بەوەی بریتییە لە "ئوسولّگەرایی بەشێوەیەکی لە رادەبەدەر". بەلّام لە نێوخۆیی تورکیادا، نێوەندە سیکیۆلارەکان، کە وادەڕوانن بۆ هەر گوزارشتێکی ئیسلامیی یان چالاکی ئیسلامیی، بەوەی"ئوسولّیەت"ەو لەو گۆڕانکارییە دەترسن. لە راپرسییەکی خێرادا لە نیسانی ١٩٩٠ لە شارەکانی ئەستەمبولّ‌و ئەنکەرەو ئیزمیر، کە پەناگەی کلاسیکیی بوو بۆ سیکیۆلاریستەکان، ئوسولّییەتگەراکان ترسی یەکەمیان پێکدەهێنا سەبارەت بەوانەی راپرسییەکە دەیگرتنەوە[٤].

رەگەزگەلێك کارئاسانیان کرد لە پێکهاتنی کەسێتیی ئۆزال‌و[٥] بیروبۆچوون‌و ئاڕاستەکانی‌و توانای لە بەجێهێنانی رۆلّی سەرەکیی لەو گۆڕانکارییانەی، کە لەو قۆناغەدا تورکیا بەخۆوەی بینی. دووان لەو رەگەزانە شایستەی ئەوەن لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت، کە بریتین لەلایەك باگراوندی ئیسلامیی ئۆزالّ‌و ئایندارییەکەی، سەرسامبوونی بە ئەزمونی

ئەمەریکییو سیستەمەوە سیاسییو ئابووریییو فەرهەنگییەکەی لەو ولاتە لەلایەکیترەوە.

تۆرەمەیەکی ئۆزال، کە لە بنەچەیەکی کوردییو لە خێزانێکی موحافزکارو خاکەڕای شاری مەلاتییە لە رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ گەورە بووە، واتە لە چوارچێوەی نێوچە پەراوێزخراوەکانی کەنار(Periphery) لەلایەن بژاردەی کەمالییەوە. کاتێك لە دایکبوونەکەی کەوتە ساڵی ١٩٢٧، زیاتر لە دوو دەیەی لە ژێر سایەی سیستەمێکی تاقەحیزبیدا بەسەر برد، کە تێیدا پارتی گەلی کۆماری تاکڕەویی بەدەسەلاتەوە کردو هەر دیاردەیەك لە دیاردەکانی گوزارشتکردن لە ئیسلامی سەرکوت دەکرد، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی تێگەیشتنی کەمالیزم بۆ ئیسلام بێت. ئەمەو ئۆزال لەرووی گەورەبوونییەوە بەشێك بوو لە ترادیسیۆنی سیاسیی، کەنوێنەرایەتی شۆڕشی ئەنادۆڵی دەکرد دژی دامەزراوەی بژاردەی کەمالیی خاوەن ئاراستە رۆژئاواییو مەیلی دژی بەهاو نەریتی ئەنادۆڵ بوو، کە لەراستیدا زیندوێتی خۆی لەئیسلامەوە وەردەگرت(٦).

سەرباری پەروەردەبوونی ئیسلامیی، ئۆزال پارێزگاریی لە نەریتێکی دیکە لەنەریتەکانی خێزانەکەی کرد، کەبریتی بوو لە پێوەندی بە رێبازی نەقشبەندییەوە، بەشێوەیەك یەکێك لە دیارترین پیاوە ئاینییەکانی ئەو رێبازە بریتی بوو لە محەمەد زاهید کوتکو، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراو لە جێی رابەری رۆحی ئۆزال بوو(٧). لەوانەیە باگراوندی ئیسلامیی ئۆزال لە نێو ئەو فاکتەرانەدا بێت، کە پاڵپێوەنا بۆ چوونە ریزی پارتی عەدالەت لە سەرەتای شەستەکاندا، هەروەك هەمان باکگراوند لەکاتی کارکردنی وەك جێگری سەرۆکی (دەستەی گشتیی پلاندانان) لەنێوان ساڵانی (١٩٦٧

— ١٩٧١) روون بوو. بەشێوەیەکی لەرادەبەر لەحەفتاکاندا دەرکەوت، کاتێك لەساڵی ١٩٧٧ بڕیاری بەشداریکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی دا وەك پاڵێوراوی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی، کە نوێنەری سەرەکی تەوژمی ئیسلامیی بوو لە حەفتاکاندا. براکەی (کۆرکۆت ئۆزال) پۆستێکی بە دیمەنی لە پارتی نێوبراودا گرتبووە دەست، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لە بڕیاری پێوەندیکردنی ئۆزال بەو پارتەوە. بەهەرحاڵ ئۆزال شکستی هێنا لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانیی لەو هەڵبژاردنەدا[٨].دوای ئەوەی بوو بە سەرۆك وەزیرانی کۆمارە سێکیۆلارەکە، سوربوو لەسەر ئامادەبوونی نوێژی هەینیی بە رێکوپێکی. هەروەها یەکەم سەرۆك وەزیرانی تورك بوو، کە لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لە ساڵی ١٩٢٣، ڕێو ڕەسمی حەج بەجێبهێنێت، کاتێك لە ساڵی ١٩٨٩ سەردانی سعودیەی کرد. کاتێکیش دایکی لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کرد، ئەسپەردەکردنەکەی لە تەنیشت گۆڕی یەکێك لە پیاوە ئایینییەکانی ڕێبازی نەقشبەندییەوە بوو لە مزگەوتی سولەیمانییە، هێمای هەرە مەزنی فەخامەتی ئیسلامیی عوسمانییەکانی، بۆ ڕێکخست[٩]ز وەختێکیش لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد، ڕێو ڕەسمی ئەسپەردەکردنەکەی ئیسلامییانەو لە نێو هوتاف کێشانێکی تەکبیر ئامێزدا بوو[١٠].

سەبارەت بە کاریگەریی ئەزموونی ئەمەریکیی لەسەر کەسێتی ئۆزال لەسەرەتای پەنجاکانەوە دەستیپێکرد، کاتێك حکومەت لەساڵی ١٩٥٢ لەچوارچێوەی شاندێکی خوێندندا بۆماوەی ساڵێك بەمەبەستی خوێندنی ئابووری ئەندازیاریی ناردی. ئەزموونی نێوبراو لەوڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا کاریگەرییەکی قوولۆ دوورمەودای لەسەر کەسێتیو روانین بۆجیهانو لەسەر ئەندێشەی سیاسیی جێهێشت، بەجۆرێك پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئەمریکیی لەڕووی تەکنەلۆژیاو شێوە ژیانی بەکاربەریو دەستەبەریو جەختکردنەوە لەسەر ئازادیو تاکگەرایيو جوولەی کۆمەڵایەتیی، رەگەزێکی بنەڕەتی لەو مۆدێلە پێکهێنا، کە ئۆزال دەیویست بۆ پەرەپێدانی تورکیا، هەروەها لەژیانی کەسێتیو وەزیفەو خۆیدا[١١]. لەکۆمێنتێکدا لەسەر مەودای کاریگەربوونو سەرسامبوونی ئۆزال بەسیستێمی سیاسییو ئابووریيو فەرهەنگیی ئەمریکیی، یەکێك لەنوسەرەکان دەڵێت:"دەتوانین بڵێین ئایدۆلۆژیای ئۆزال لەسێکیۆلاریزمی ئەمریکیی، دیموکراسییەتی ئەمریکییو سەرمایەداریيو لیبراڵیزمی ئەمریکیی پێکدێت"[١٢]. ئەم هەڵسەنگاندنەی هاتووە، ئەگەر مەبەست لێی زاڵکردنی کاریگەربوونی ئەو بێت بەمۆدێلی ئەمریکیی بەسەر رەگەزەکانیتر لەپێکهێنانی کەسایەتی ئۆزالدا، ئەوا هەڵسەنگاندنێکی ورد نییە بەهۆی دوورخستنەوەی بایەخی باگراوندی ئیسلامییو دابونەریتی ئەنادۆڵیی لەپێکهێنانی کەسێتیو بیروبۆچوونە فکریو سیاسییەکانی نێوبراودا.

ئۆزال بەهۆی باگراوندە ئیسلامییەکەیەوە لەلایەكو سەرسامبوونی بە مۆدێلی ئەمەریکیی لەلایەکیترەوە، مسوڵمانێکی لیبراڵ بوو، کەباوەڕی بەفرەییو لێبووردەیی هەبوو. راستی ئەوەیە ئۆزال زۆر شانازی دەکرد، کە کراوەیە بەڕووی جیهاندا[١٣]، بەجۆرێك میانڕۆ بوو دەیتوانی لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا بەچاوپۆشین لەباکگراوندی کۆمەڵایەتیی یان ئایدۆلۆژیی کار بکات[١٤]. زۆرجار ئەوەی رەتدەکردەوە کار بەخولیای ئایدۆلۆژی

کوێرانە یاخۆ دۆستایەتی تایفیی بکات[١٥]. ئیسلامیبوونیی‌و لیبرالێیبوونی ئەو رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر هەڵوێستی لەئاست ئایدۆلۆژیای کەمالیزم. لەبەرامبەر پرنسیپی دەوڵەتگەرایی کەمالیدا، ئۆزال سیاسەتی لیبرالێیزمی ئابووریی نوێی گرتەبەر، کە ئامانجی کۆتایی هێنان بوو بەدەستێوەردانی دەوڵەت لەژیانی ئابووریدا. لەبەرامبەر چەمکی کەمالیزم بۆ سێکیۆلاریزم‌و نەتەوایەتیی، وەك دەردراوێکی نێوان هەردوو جەمسەری سێکیۆلاریستەکان‌و ئیسلامیستەکان‌و لەنێوان کوردو تورکدا، ئۆزال وایدەبینی تورکیا ئاتاجی بە شێوەی ئەنگلۆ–سەکسۆنی لەسێکیۆلاریزمدا هەیە، کە زۆر میانڕۆترە لەشێوەی سێکیۆلاریزمی فەرەنسیی، کە مستەفا کەمال ئەتاتورك بونیاتی نابوو. هەروەها تورکیا پێویستی بە شێوەیەکی تورکیی لەئیسلام هەیە، کە بەلێبووردەیی رووەو گرووپە ئایینییەکانی تر بناسرێتەوە‌و، سنورێك بۆ دەوڵەت دابنرێت لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆ دوورخستنەوەی دەرکەوتنە فەرهەنگییەکانی ئیسلام‌و ناسنامەی کوردیی لەپێناوی گرەنتی‌و بەدیهێنانی پێکدا گونجان‌و سەقامگیریی نێوخۆیی، کە بەبێ ئەوانە ناتوانرێت تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی بەهێزو کاریگەر. لەبەرامبەر لە بێخەێنانی فەرهەنگ‌و کەلتوری عوسمانیی لەلایەن کەمالیزمەوە، ئۆزال وایدەبینی ئەمڕۆ بێت یان بەیانی تورکیا دەگاتە تێگەیشتن لەکولتورە عوسمانییەکەی‌و، ئەزمونی عوسمانیزم وانەگەلێکی دەربارەی لێبوردەیی‌و پلۆرالیزم لەخۆدەگرێت. هەروەك لێکچونێك لەنێوان ولاتە بەکگرتووەکانی ئەمەریکا‌و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەڕووی بونیاتی سیاسییەوە هەیە، بەجۆرێك هەردوولایان رێگەیان بەبوونی فەرهەنگی جۆراوجۆر داوەو ئازادییە تاکەکەسییەکان داوە بۆ

پیادەکردنی بژاردە ئاینیو نەتەوەییو ئابووریییەکانیان، بەپێچەوانەی هەوڵی کەماڵییەکانەوە بۆگۆڕینی تورکیا بەگوێرەی مۆدێلی شارستانییەتی ئەورووپیی. ئۆزال وایدەبینی شارستانیەتی ئەورووپیی لەسەر زەوی تاقانە نییەو لەسەر تورکانیش پێویست نییە لەنێوان ئەو شارستانییەتەو شارستانییەتی تورکیی ئیسلامیدا یەکیان هەڵبژێرن، پێویستە تورکەکان شەرم لەشارستانییەتەکەیان نەکەن لەبەرئەوەی نەك نزم نییە، بەڵکو یەکێکە لە شارستانییەتە پێشکەوتووەکان لەجیهاندا. سەبارەت بەتورك، ئۆزال پێیوابوو ئەوان ئەورووپیی موسڵمانن، بۆیە تورکیا پێویستی بەگۆڕینی عەقڵی یان شێوەی شارستانییەتەکەی بۆ ئەورووپیی نییە. ئەگەر کەماڵییەکان پشتیانکردە رۆژهەڵاتو جیهانی ئیسلامییو تەرکیزیان لەسەر هەوڵی ئاوێتەبوونو تێروتەواوبوون لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا، ئەوا ئۆزال لەبانگەشەکارانی گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکیی کارا بوو لەسەر ئاستی هەرێمییو فراوانکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیی، بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەبەرئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابووریییەکانی تورکیا دەکاتو پێگەی هەرێمیی پتەو دەکات، بەڵام لەسەر حسابی پێوەندیی لەگەڵ رۆژئاوادا نەبێت. لەسەردەمی ئۆزالدا تورکیا لەنیسانی ١٩٨٧ داوایەکی پێشکەشی کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپیی کرد، بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتیی تەواو[١٦].

ئیسلامیبوونو لیبرالبوونی ئۆزال وایلێکرد بتوانێت دابەشبوونی سێکیۆلار – ئیسلامییو دابەشبوونی نێوەندو کەنار تێپەڕێنێت، بەجۆرێك مەیلە ئیسلامییەکەی وایلێکرد بتوانێت جەماوەری پارێزگەکان لەنێوچە

کەنارەکان (واتە لەنێوچەکانی نێوەڕاستو رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) کەمەنکێش بکاتو لەهەمانکاتدا کەمەنکێشی سێکیۆلاریستەکانیش بکات لەڕێگەی هەستو سۆزە کەمەنکێشییەکەیو پرۆژە سەرنجڕاکێشەکانی تایبەت بە نوێگەریو چاکسازیی ئابووریی لەڕێگەی نزیکبوونەوەی تەواو لەجیهانی رۆژئاوا[١٧]. پێکهاتەی پارتی دایکی نیشتمان، کەئۆزال لەساڵی ١٩٨٣ دا دایمەزراند، رۆڵی سەرەکی هەبوو لەدارشتنی دەستوورو ئایدۆلۆژیای سیاسییو ستراکتۆری رێکخراوەیی، هەروەک باشترین نموونەیە لەسەر سەرکەوتنی ئۆزال لە کەمەنکێشکردنی گروپو ئاراستە جیاوازەکانو مامەڵە لەگەڵ کردنیان، بەجۆرێك ئاڕاستە سەرەکییەکان لەسیاسەتی تورکیا پێش کۆدەتای ساڵی ١٩٨٠ خۆی لەو پارتەدا دەبینییەوە، ئەو ئاڕاستانەش بریتی بوون لە: ئاراستەی سۆسیال دیموکراتی پارتی گەلی کۆماریو ئاڕاستەی راستڕەوی پارتی عەدالەتو ئاڕاستەی نەتەوەیی پارتی جوولانەوەی نەتەوەییو ئاراستەی ئیسلامیی پارتی سەلامەی نیشتیمانی[١٨]. بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە نوێنەرانی ئاڕاستەی ئیسلامیی لەپارتی دایکی نیشتیمانو لەوانەش کەسایەتییە دیارەکانی رێبازی نەقشبەندیی، بەهێزترین قەوارەی نێو رێکخستنی پارتەکە بوونو لەحکومەتەکانی پارتی دایکی نیشتیماندا وەزیر بوون، هەروەک رێژەیەکی گرنگیان لەئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانی تورکیادا پێکدەهێنا[١٩]. بۆنموونە ژمارەی ئەو وەزیرانەی پێوەندیان بەئاراستەی ئیسلامییەوە هەبوو، لەنێوان ١٨—٢٠ وەزیردا بوون لەکۆی ٢٧ وەزیر، لەنێوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٩٠[٢٠]. لەوکاتەشدا سەرۆك وەزیران لەکەسایەتییە ئایندارەکان بوو لەپارتی دایکی نیشتیمان، کەبریتی بوو لە

یەڵدرم ئاك بڵوت[٢١]، کەبووە سەرۆکی پارتەکەو سەرۆك وەزیران لەکۆتاییەکانی ١٩٨٩ دوای ئەوەی ئۆزال بەسەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا. ئەو وەزیرە ئیسلامییانەی لەحکومەتەکانی پارتی دایکی نیشتیماندا بوون لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣ – ١٩٩١ رۆڵیان هەبوو لەکۆمەکیکردنی تێڕوانینە ئیسلامییەکان لەتورکیا.

بەدەستهێنانی پشتیوانییو کۆمەکیی گروپە ئیسلامییەکانو ئەوانیتر، کە لەسەر گروپە سێکیۆلارەکان هەژمار کرابوون لەلایەن ئۆزالەوە مانای نەبوونی بەرهەڵستکاری بەهێزی سیاسەتەکانی نێوبراو نەبوو لەنێوەندە ئیسلامییو سێکیۆلاریستییەکاندا، بەڵکو رەخنەی لێدەگیرا بەوەی (دووڕووە)، لەبەرئەوەی دەیەوێت گونجان لەنێوان دڵسۆزیی بەهێزی بۆ ئیسلامو شێوە ژیانی سەردەمدا بکات[٢٢]. نەجمەدین ئەربەکانو شوێنکەوتووانی، کەڕوانینیان تەواو جیاواز بوو لەئۆزال لەسیستێمی ئابووریی‌و پێوەندیی لەگەڵ رۆژئاوادا، لەتوندترین نەیارانی سیاسەتەکانی ئۆزال بوون، هەمیشە بەوە تۆمەتباریان دەکرد، کەدۆستایەتی رەهای بۆئیدارەی ئەمەریکاو سەرسامبوون بەمۆدێلی رۆژئاوا هەیەو بەرپرسیارێتی کەڵەکەبوونی قەرزە دەرەکییەکانی تورکیایان دەخستە ئەستۆی[٢٣]، بەڵام لەنێوەندە سێکیۆلارەکاندا هێندێك لۆمەیان ئاراستەی ئۆزال لەسەر فراوانکردنی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا دەکردو وایاندەبینی کە چاوچنۆکی ئوسوڵیگەرایی هەیە[٢٤]. لەکاتێکدا زۆرێك لەرۆشنبیرانی سێکیۆلاریستی تورك وایاندەبینی بایەخدانی ئۆزال بەئیسلام، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هانیداوە وەك بەشێك لەستراتیژییەتە جیهانیەکەی بۆ بەکارهێنانی خولیا موحافزکارە

نوێیەکان، وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی سیستەمە پشتیوانکەرەکانی لەفەرمانڕەواییدا، ئەم بۆچوونە زێدەڕۆیی تێداکراوە لەبەرئەوەی سیاسەتی تورکیا وادەرخراوەو بەئاسانی، کەتەنها بەرهەمی لاوەکیی ستراتیژە نێودەوڵەتییەکانە[٢٥].

بەچاوپۆشین لەجیاوازی بیروڕا دەربارەی سیاسەتەکانی ئۆزاڵو پاڵنەرەکانی، ئەوە یەکلابۆتەوە، کە سەردەمی ئۆزالیی لەمێژووی تورکیای سێکیۆلاریزمدا پێشینەی نەبووە، لەڕووی مەودای دووری دەوڵەت لەئایدۆلۆژیای کەمالیزمەوە، بەتایبەت ئەوەی، کەپەیوەستە بەهەڵوێستی لەشێوەکانی گوزارشتکردن لە شوناسی ئیسلامییو زەمینە خۆشکردن بۆ چوونی خاوەن تێڕوانینە ئیسلامییەکان بۆ نێو بیرۆکراسییەتی دەوڵەتو لەچالاکییە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییو فەرهەنگیی‌و میدیاییەکان، دوای چەند دەیەیەک لەدوورخستنەوەو پەراوێزخستنی لەلایەن بژاردەی سێکیۆلاری کەمالیی فەرمانڕەواوە. لەسەرەتای هەشتاکانەوە تورکە مسوڵمانەکان هەستیان بەوە کرد، کەخراپترین قۆناغەکانی سەرکوتکردنی کەمالیزم کۆتایی هاتو تێپەڕی، لەسەر دەوڵەتە نوێنەرایەتیی فەرهەنگو ناسنامەی ئیسلامیی– عوسمانییان بکات[٢٦]. ئەوەی بەدەستهات لەبەرژەوەندیی ئیسلامو ئیسلامییەکان لەتورکیا لەسەروبەندی قۆناغی ئۆزالیدا بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە بوو، لەپێشەوەیان سیاسەتو بڕیارەکانی پارتی دایکی نیشتیمانو توگۆت ئۆزال. دەکرێت بەمشێوەیەی لای خوارەوە ئەو سیاسەتو بڕیارانە کۆبکرێنەوە:

یەکەم- "ئایدۆلۆژیای ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی ":

وێڕای ئەوەی پارتی دایکی نیشتیمان پارتێکی ئیسلامیی نەبوو، بەڵام نفوزی ئیسلامییەکان تێیدا گرنگ بوو لەڕێگەی بوون ژمارەیەکیان لەپۆستە سەرکردایەتییەکانی حزبو حکومەتدا. هەروەها زۆرێك لەئیسلامییەکان لەهەوادارانی ئایدۆلۆژیای ئاوێتەکردنی تورکیی- ئیسلامیی بوون، کەپێشتر دامەزراوەی سەربازیی لەدوای کۆدەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دا بونیاتی نابوو. هەروەها تۆرگۆت ئۆزالیش لەهەوادارانی ئەو ئایدۆلۆژیایە بوو، بەوەی چارەسەرێك بوو بۆئەو پێکڕا نەگونجانەی، کە لەنێوان باڵی ئیسلامییو نەتەوەیی لەپارتەکەیدا دەرکەوت[٢٧]، لێرەوە ئەو ئایدۆلۆژیایە لەجێی پرنسیپی ئاراستەکەری پارتی دایکی نیشتیمان بوو دوای گەیشتنی بەدەسەڵات ساڵی ١٩٨٣[٢٨]. لەمیانەی بوونی لەدەسەڵاتدا ئەم پارتە هەوڵیدا رەوایەتیی بدات بە ئینتیما بۆ فەرهەنگی ئیسلامی و لابردنی ئەو بەربەست و قۆرتانەی دەبنە هۆی تروقی ئەو توێژانەی، کە لە نێوەندە سوننەنییەکان بوون[٢٩]. وەك گونجانێك لەگەڵ ئەم ئاراستەکردنەدا وەزیری پەروەردەی نیشتیمانی لە یەکەم حکومەتی پارتی دایکی نیشتیماندا وەهبی دینچەرلەر V.Dencerlerفەرمانی کرد بەئامادەکردنی پرۆگرامی نوێ بۆ هەردوو مادەی جوگرافیاو مێژوو، کەتێیدا زاراوەی Milli بەکارهاتبوو، کە بەمانای "نەتەوەیی" هاوواتای "ئیسلامیی" دێت[٣٠]. هەروەك وەزیری نێوبراو خوێندنی تیۆریای داروینی لەقوتابخانە سەرەتاییو دواناوەندییەکاندا قەدەغەکردو قوتابیانی کچی والێکرد کرد، کەجلو بەرگی درێژ لەنمایشەکانی وەرزشو لاواندا لەبەر بکەن[٣١]، هەروەك پارتی دایکی نیشتیمانو پەرلەمانتارانی لەئەنجومەنی

نیشتیمانیی گەورە هەڵوێستێکی هاوشێوەیان گرتەبەر لەبەرگریکردن لەئازادی کێژە قوتابییەکانی زانکۆ لە لەبەرکردنی بالاپۆشیدا[٣٢].

بوونی پارتی دایکی نیشتیمان لەدەسەڵاتداو جێگیرکردنی ژمارەیەک لەئیسلامییەکان لەنێوەندە فەرمییو حزبییە پێشکەوتووەکاندا، رێگەی لەبەردەم ئەوانەدا خۆشکرد، کە خاوەن باکگراوندی ئیسلامیی بوون، بۆئەوەی بچنە سلکی خزمەتی مەدەنییەوە لەسەرجەم فەرمانگەو وەزارەتەکاندا، لەنێویشیدا وەزارەتی نێوخۆ لەکۆتایی هەشتاکاندا، کاتێک عەبدولقادر ئاکسۆ، کە لەئیسلامییەکان بوو، بووە وەزیری نێوخۆ[٣٣].

هەروەها ئاماژە بەزۆرێک لەو کەسانە دەکرێت، کەدەرچووی قوتابخانەکانی"پێشنوێژ– گوتاربێژ" بوون، ئەوانەی خوێندنیان لەزانکۆ تورکییەکان تەواو کردبوو. ژمارەی ئەو قوتابخانانە بەهۆی کۆمەکی ئۆزالو پارتەکەیەوە زیاتر بوو، تا لەساڵی ١٩٩٢ گەیشتە ٤٦٧ قوتابخانە. ئەو پەرەسەندنە بەرچاوە ئاراستەی هەزاران لەدەرچووانی ئەو قوتابخانانەی کرد رووبکەنە بەشەکانی زانستی سیاسییو کارگێڕیی گشتیی لەزانکۆ تورکییەکاندا. بەگوێرەی یەکێک لەتوێژینەوەکان رێژەی (٤٠٪) قوتابیانی کۆلیژی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی ئەنکەرە لەساڵی ١٩٨٧ لەدەرچووانی قوتابخانەکانی(پێشنوێژ– گوتاربێژ) بوونو، ئەم رێژەیە ساڵی ١٩٩٢ بۆ (٦٠٪) بەرزبۆوە[٣٤].

لەپاڵ فەرمانگە شوێنکەوتەکانی وەزارەتە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت، فراوانبوون لەکادیری پیشەیی ئیسلامیی لەسەرۆکایەتی کاروباری ئاینیدا زۆر زیادیکرد، بەشێوەیەک ژمارەی فەرمانبەرەکانی لەنێوان ساڵانی(١٩٨٣– ١٩٨٩) لە ٥٣,٥٧١ کەسەوە بۆ ٨٤,٦٤٢ کەس

زیادیکرد[٣٥]. ئەم زیادبوونەش بەهۆی فراوانبوون بوو لەخوێندنی ئاینی ژێر سەرپەرشتیی سەرۆکایەتی کاروباری ئاینیی لەلایەکو زۆربوونی گەورەی لەبونیاتنانی مزگەوتو دامەزراندنی ژمارەیەکی گەورە لەپێشنوێژو گوتاربێژو بانگبێژان تێیدا[٣٦]. لێرەدا ئاماژە بەپەرەسەندنێکی گەورە دەدرێت، کە لەساڵی ١٩٨٥ روویداوەو خۆی لەتەرخانکردنی شوێن دەبینێتەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژ لەوەزارەتەکانی تورکیاو لەنێو ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانیدا[٣٧]. هەروەک زۆرێک لەوەزیرو کەسایەتییە دیارەکان لەپارتی دایکی نیشتیمانی فەرمانڕەوا لەمزگەوتەکاندا نوێژیان ئەنجام دەداو پابەندبوون بە ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئیسلامییەکانیتر[٣٨]، ئەوەش بەهێزبوونی شوناسی ئیسلامیی تورکیای لەسەر ئاستی بەشێک لەبژاردەی فەرمانڕەوا پێکدەهێنا.

دووەم: سیاسەتی لیبرالیزمی نوێی ئابووریی:

تۆرگۆت ئۆزال بەهۆی شارەزایی پیشەیی لە هەردوو کەرتی گشتییو تایبەت لەتورکیاو لەبانکی نێودەوڵەتییو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی، پەیگیری گەورەی لەئابووریی تورکیاو کێشە چارەسەر نەکراوەکانیدا هەبوو. بۆیەئەو شارەزاییەو پێوەندییەکانی بەسندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە لەو هۆکارە سەرەکیانە بوون، کەوایانکرد دێمیرئەل سەرۆک وەزیران پشتی پێببەستێت لەکانوونی دووەمی ١٩٨٠و سەرپەرشتیاریی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازیی ئابووریی لەئەستۆ بگرێت، کەپێشتر ئاماژەی بۆکرا. دوای ئەوەی ئۆزال سەرۆکایەتیی وەزیرانی لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا گرتەدەست، یەکەمین بابەتی ئابووریی‌و سیاسەتی ئابووریی بایەخی تایبەتی هەبوو. ئەم کارە سەبارەت بەئۆزال

بابەتێکی سەرەکی بوو، بەتایبەت تورکیا بکاتە هێزێکی هەرێمیی کاریگەر لەڕووی ئابووریی‌و سیاسییەوە، لەسەردەمی ئۆزالدا ئابووریی بووە هێزی پاڵنەر لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا[٣٩]. نێوبراو وایدەبینی گرتنەبەری سیاسەتی لیبرالێزمی ئابووریی دەتوانێت چارەسەرێك بێت بۆ کێشە ئابوورییەکانی تورکیا(کورتهێنان لەتەرازووی بازرگانیی، قەرزی دارایی، هەڵاوسانی دارایی، بێکاریی،...،تاد). هەروەها گەشەکردنێکی ئابووریی بەدەستبهێنێت، کەپێگەی هەرێمی تورکیا بەهێز بکات. هەروەك ئۆزال نەیتوانی تێبینی ئایدۆلۆژیای سیاسیی‌و لەنێویشیدا ئایدۆلۆژیای کەمالیزم بکات، ئەگەر هاتوولەگەڵ بیروبۆچوونەکانیدا دژ وەستایەوە، بۆ ئەوەی تورکیا بکاتە هێزێکی هەرێمیی، بۆیە دەستیکرد بە ئامادەکردنی هێزە کلاسیکییەکان‌و هێندێك دوانگەی ئیسلامیی بۆ بەرژەوەندیی مەسەلەی لیبرالێزمی ئابووریی[٤٠].

یەکێك لەخەسڵەتە گرنگەکانی قۆناغی ئۆزالیی بریتی بوو لەو گۆڕانکارییە پەیکەرییانەی، کەئابووریی تورکیا بەخۆوەی بینی لەئاکامی جێبەجێکردنی سیاسەتی لیبرالێزمی نوێی ئابووریی، بەجۆرێك دیارترین رەگەزی ئەو سیاسەتە بریتی بوو لەکەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت لەچالاکی ئابووریی بۆنزمترین ئاست‌و، بەتایبەتکردنی زۆرێك لەدامەزراوە‌و پرۆژە خزمەتگوزاریی‌و بەرهەمهێنییەکانی کەرتی گشتیی‌و کردنەوەی ئابووریی تورکیا لەبەردەم هێزەکانی بازاڕی جیهانیی‌و وازهێنان لەپشتبەستن بەبازاڕی نێوخۆیی پارێزراوو پیشەسازییە جێگرەوەکانی هاوردەنی. هەروەها رووکردنە ناردەنی کاڵاو بەرهەمە تورکییەکان‌و دووبارە داشکاندنی بەهای لیرەی تورکیی بۆئەوەی کاڵاو بەرهەمە تورکییەکان

نێوەندێکی رکابەریی باشتریان لەبازاڕی دەرەکیدا پێببەخشرێت. هەروەها کەمکردنەوەی خەرجی حکومەتو پێشینەو کۆمەکییو دیاریکردنی کرێو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سودی بانکیی بەئامانجی دابەزاندنی ڕێژەی هەڵاوسان[٤١]. ئەم سیاسەتە سەرکەوتنێکی ڕوونی لەگەشەپێدانی بەرهەمی پیشەسازییو زیادەی ناردەنی تورکیدا بەدەستهێنا، بەجۆرێك بەهای ناردەنی لەساڵی ١٩٨٠ لە ٢,٣ ملیۆن دۆلارەوە تاساڵی ١٩٨٥ بۆ ٨ ملیار دۆلار زیادیکرد، پاشان تاساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٣ ملیار دۆلار، لەکاتێکدا پشکی بەرهەمە پیشەسازییەکان گەیشتە ٣٥٪ لەناردەنی تورکیا لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ٧٨٪ بەرزبۆەوە ساڵی ١٩٩١[٤٢]. جەنگی عێراق– ئێران (١٩٨٠–١٩٨٨) لەو فاکتەرانە بوو، کەکارئاسانی بۆ بەدەسهێنانی زیادکردنی ناردەنی کرد بەهۆی پشتبەستنی هەردوو وڵات بەهاوردەنی لەتورکیا لەکاتی ئەو شەڕەدا، بەگوێرەی یەکێك لەسەرچاوەکان بەشی هەردوو وڵات لەناردەنی تورکیا ٦٤٪ بوو لەساڵی ١٩٨٥[٤٣]. تورکیا گەشەکردنێکی لەپێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی لەنێوان ٥٪ و ٦٪ بەدەستهێنا، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزبوو بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان[٤٤]. هەروەك ئەو سیاسەتەبووە هۆی داشکاندنی ڕێژەی هەڵاوسان بۆ ٤٠٪، کە بەرزتر بوو لە ١٠٠٪[٤٥]، بەرلەوەی دواتر بۆدووەم جار بەرز ببێتەوە.

لەچوارچێوەی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێی ئابووریداو ئاراستەی ئیسلامیی لەپارتی دایکی نیشتیمان، حکومەتی ئۆزال دوای تەنها سێ ساڵ لەدەستپێکردنی ئیشوکارەکانی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ بڕیارێکی دەرکردو لەڕۆژنامەی فەرمیدا لە ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ بلاوکرایەوەو ڕێگەدرا بەدامەزراندنی خانووی کۆمەکیکردنی تایبەتو

لەبنەڕەتدا مەبەستی بانکە ئیسلامییەکان بوو. یاسای نێوبراو لە ١٩ی شوباتی ١٩٨٤چووە بواری جێبەجێکردنەوە و کاری پێکرا تا ساڵی ١٩٩٩، کاتێك لە ٩ی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا ئەو یاسایە گۆڕانکاری تێدا کرا، کە ئەو خانووانە خرانە ژێر رکێفی دەسەڵاتی یاسای بانکە تورکییەکانەوە[٤٦]. پاساوی دەرکردنی یاسای ئەو خانووی کۆمەکردنە تایبەتانە بریتی بوو لەوەی یارمەتی هاتنی وەبەرهێنانی دارایی لەدەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بۆتورکیا دەدات‌و، کارئاسانی لەدامەزراندنی پێوەندیی ئابووریی باشتر لەنێوان تورکیاو دەوڵەتانی ئیسلامیی دراوسێدا دەکات[٤٧].

سیاسەتی لیبرالیزمی نوێی ئابووریی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوتی جووڵانەوەی ئیسلامیی لەتورکیا هەبوو لەڕێگەی دەرکەوتنی کەرتی ئابووریی ئیسلامیی، کەڕۆڵی گرنگی هەبوو لەپاڵنان بەجووڵانەوەی ئیسلامیی ڕووەو ئاسۆی فراوان لەسەر ئاستی ئابووریی‌و فەرهەنگیی‌و میدیاو فێرکردن‌و پەروەردەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، کەئەمە ڕێسایەکی کاریگەریی پێکهێنا لەئاراستەکردنی جووڵانەوە کۆمەڵایەتیی‌و فیکری و سیاسییەکان لەکۆمەڵگەدا[٤٨]، بەجۆرێك گەشەکردنی ئابووریی‌و هاندانی ناردەنی لەتورکیا بووە هۆی زۆربوونی گەورە لەژمارەی سەرمایەدارو کارگە بازرگانییەکان‌و پڕۆژە پیشەسازییە نێوەنجیی‌و گچکەکان لەشارەکانی ئەنادۆڵ وەك قەیسەری‌و سیواس‌و گازی عەنتاب‌و جگە لەوانیش. زۆربەی سەرمایەدارو خاوەن کارگەو پڕۆژە بازرگانیی‌و پیشەسازییەکان نەوەی ئەو نێوچانە بوون، کەپابەندی بەهێزی بەها ئیسلامییەکان‌و داب‌و نەریتی تورکیی بوون، دەوڵەتیش ڕۆڵی

هەبوو لەگەشەکردنو دەرکەوتنی ئەوان لەڕێگەی دامەزراندنی نێوچەی پیشەسازیی ڕێکخراو بۆ پرۆژە گچکەو نێوەنجییەکان، بەتایبەت لەنیوەی دووەمی هەشتاکانەوە، لەکاتێکدا لەنێوان ساڵانی ١٩٦٢– ١٩٨٧ دامەزراندنی تەنها ٦ لەو نێوچانە تەواو بوو، بەڵام ساڵانی دواتر دامەزراندنی ٣٠ نێوچەی پیشەسازیی بەخۆوە بینی[٤٩].

بەهۆی ئەم چالاکییو گەشەکردنە ئابووریییەوە، کەپێشتر شارەکانی ئەنادۆڵ بەخۆوەی نەبینیبوو، چینێکی بۆرژوای خاوەن ئاراستەی ئیسلامیی دەرکەوت بەنێوی "پلنگە ئەنادۆلییەکان". بەشێك لەئەندامانی ئەم چینە چالاکییە ئابووریییەکانیان گەیاندە ئەستەمبوڵ، کەنێوەندی سەرەکی گەورە سەرمایەدارانو پیشەسازانی تورك بوو، ئەوانەی خاوەن ئاراستەی سێکیۆلار و ڕۆژئاوایی بوون. لەگەڵ ئەوەی ئەم چینە بۆرژوازە ئەنادۆلییە سەرکەوتنی گرنگی لەجیهانی دارایی‌و کاردا بەدەستهێناو گۆڕانکارییان لەشێوازی ژیانی فەرهەنگیی بەکاربردندا کرد، کە لەگەڵ تەرزی بەجیهانیبوونی فەرهەنگیی‌و شێوازیی ژیانی بۆرژوازیی سێکیۆلاردا دەگونجا، بەڵام وازی لەپرنسیپ‌و بەها ئیسلامییەکان نەهێناو کاری لەسەر پێکڕا ئاوێتەکردنی باوەڕی ئاینی‌و چالاکیی لەجیهانی دارایی‌و کارو شێوازی ژیانیدا کرد[٥٠].

بایەخ‌و ڕۆڵی ئەو هێزە ئابووریییە نوێیە بریتی بوو لەڕێکخستنی لەچوارچێوەی رایەڵەیەکی تایبەت بەخۆی، کە لەساڵی ١٩٩٠ دا دامەزرا بەنێوی " رایەڵەی پیشەسازان‌و سەرمایەدارانی سەربەخۆ – MÜSIAD"[٥١]. ئەم رایەڵەیە بەئەندامێتی ١٢ کارگەو پرۆژە لەساڵی ١٩٩٠ دەستیپێکرد، پاشان لەساڵی ١٩٩١ ئەم ژمارەیە بازیدا بۆ ١٣٦و

لەساڵی ١٩٩٢ بۆ ٢٥٨و، لەساڵی ١٩٩٣ بۆ ٥٢٤[٥٢]. ئەم زیادبوونە خێرایە لەساڵانی دواتردا بەردەوامبوو، بەشێوەیەك رایەڵەی مۆسیاد بووە گەورەترین رێکخراوی خۆبەخۆی سەرمایەداران لەتورکیا[٥٣]، بۆئاستێك، کەهەژموونی مەیدانبازی رایەڵەی پیشەسازانو سەرمایەدارانی تورکیا "TÜSIAD"ی دەکرد لەژیانی ئابووریی ئەو ولاتەدا، کە لەساڵی ١٩٧١ دا دامەزرابوو، نوێنەرانی ٣٠٠ کارگەو پرۆژەی پیشەسازی لەتورکیا ئەندام بون تێیدا، ئەوەش لەڕێگەی دروستکردنی تۆڕێکی نەتەوەیی پشتبەستوو لەسەر پێوەندیی متمانە لەنێوان " بکەرانی ئابووریی ئیسلامیی "[٥٤]. مۆسیاد نوسینگەی خۆی لە ٢٨ شاری تورکیا لەڕێگەی دامەزراندنییەوە کردەوە. دیارترینیان نوسینگەکانی ئەستەمبوڵ قۆنیەو ئەنکەرەو بۆرسەو قەیسەریو قۆجالی بوون. لەشاری قۆنیە، کە بەپەناگەی ئیسلامییەکان لەتورکیا هەژمار دەکرا، گەورەترین ژمارەی ئەندامانی مۆسیاد هەبوو دوای شاری ئەستەمبوڵ[٥٥]. جگە لەژمارەیەکی کەم نەبێت لەکارگە گەورەکانی وەك کارگەی کۆمباسان " Kombassan " لەشاری قۆنیە[٥٦]، زۆربەی کارگەو پرۆژە ئەندامەکانی رایەڵەی مۆسیاد قەبارە گچکەو نێوەنجیی بوون، کە لەساڵانی هەشتاو نەوەدەکاندا دامەزرابوو[٥٧].

رایەڵەی مۆسیاد خۆی لەرایەڵەی تۆسیادی سێکیۆلار جیاکردبۆوە لەڕێگەی پەیوەستبوونی توندی بە بەها ئاینیو کلاسیکییەکانەوە لەگەڵ هەوڵی خۆگونجاندن لەنێوان خۆیو پێشکەوتنی تەکنەلۆژییو ئابووریدا. رایەڵەکە وایدەبینی، کەگوتارو ستراتیژو بکەرانی " گوتارێکی ئیسلامیی گونجاو "و کراوە بەسەر داهێنانی تەکنەلۆژییو ئابووریدا دروستدەکەن،

که ڕێك بێت لەگەڵ بازاڕی ئازادی سەرمایەداریدا، هەروەها بەتوانا بێت دروستکردنی سەرچاوەکانی سامان[٥٨]. رایەڵەکە بانگەوازی کرد بۆ بەئیسلامی ئابووریی‌و کۆمەڵگەو، بەرپرسیارێتی کەوتنی ئابووریی لەتورکیاشدا خستە ئەستۆی پرۆژەی بەرۆژئاواییکردن، کە بژاردەی تورکیا دەستیپێوەگرتبوو. هەوڵیشیدا پرۆژەیەکی نوێ پێشکەش بکات، کەپشتی بەنوێگەریی بەستبێت لەڕێگەی بەئیسلامیکردنەوە. بەپێچەوانەی رایەڵەی تۆسیادەوە، رایەڵەی مۆسیاد دژی بیرۆکەی بەئەندامبوونی تورکیا بوو لەیەکێتی ئەورووپا، لەبری ئەوە پێیدادەگرت لەسەر بایەخی دامەزراندنی پێوەندیی ئابووریی‌و سیاسیی فراوانتر لەنێوان تورکیاو جیهانی ئیسلامیدا[٥٩].

دەرکەوتنی بۆرژوای ئەنادۆڵیی‌و دامەزراندنی کارگەی پشکدارو رێکخستنی رایەڵەی مۆسیاد بۆ بەرەنگاربوونەوەی رایەڵەی تۆسیاد بەشێك لەو ململانێیەی نێوان هێزە ئیسلامیی‌و سێکیۆلار لەتورکیادا پێکهێنابوو، لەکاتێکدا سەرمایەداریی تورکیی ئاراستە سێکیۆلاریی پشتی بەکەڵەکەبوونی سەرمایە دەبەست لەڕێگەی کۆمەکی بەهێزی دەوڵەت‌و دەستوەران لەئابووریدا پێش سالاّنی هەشتاکان. بۆیە سیاسەتی لیبراڵیزمی نوێ لەڕووی لۆکاڵیی‌و جیهانییەوە، یارمەتی بژاردەی ئەنادۆڵیی دا، کە داهات‌و گەنجینەکانیان بۆ وەبەرهێنان بگۆڕن. بەشێك لەئەندامانی ئەو بژاردەی کۆمپانیای پشکداریان لەنێو خۆیاندا دامەزراند لەپێناوی ئەوەی بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ قۆرغکارییە زەبەلاحەکاندا بکات، کەبیرۆکراسییەتی سێکۆلاری فەرمانڕەوا دروستیکردبوو. ئەو گوتارەی " پێیدادەگرت لەسەر پێویستیی یەکبوونی باوەڕداران دژی بۆرژوای

نەتەوەیی سێکیۆلار، کەبەرهەمی سیستەمی فەرمانڕەوایی بوو". لەو فاکتەرانە بوو، کەکۆکردنەوەی سەرمایەی بژاردەی ئەنادۆلّیی ئاسانکرد بۆدامەزراندنی کۆمپانیای پشکداریی نێوبراو، کەدواتر چووە نێو رایەلّەی مۆسیادەوە[٦٠]. سەرەڕای کێبڕکێ لەبواری ئابووریدا، بۆرژوای ئەنادۆلّیی سەرچاوەی کۆمەکی ئاراستەو چالاکییە ئیسلامییەکانی لەبوارەکانی تری کۆمەلّایەتییو فەرهەنگییو میدیاییدا پێکهێنا، بەلّام لەڕووی سیاسییەوە ئەو بۆرژوا ئەنادۆلّییە دۆستایەتیی خۆی لەنێوان پارتی دایکی نیشتیمانو پارتی رەفاهدا دابەشکرد بوو (بڕوانە بەشی دواتر لەم کتێبەدا)، دوای مردنی ئۆزال لەساڵی ١٩٩٣ بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرەو رەفاه گۆڕا[٦١]. سەبارەت بەمۆسیاد وەک رایەلّەیەک، مادەی(٣٣) لەدەستووری ساڵی ١٩٨٢ ئەم کۆمەلّە ئیختیاریی‌و یەکێتییە پیشەییانەی لەچوونە نێو هەر چالاکییەکی سیاسیی قەدەغە دەکرد یان هەر پێوەندییەکیان بە پارتە سیاسییەکانەوە هەبێت. ئەم قەدەغەکردنەش هەلّگیرا، دوای ئەو گۆڕانکارییە دەستوورییەی، کە لەساڵی ١٩٩٥ ئەنجامدرا[٦٢].

سیاسەتی لیبرالّیزمی ئۆزال‌و رێگەدان بەدامەزراندنی بانکی ئیسلامیی یان خانە دارایی تایبەتییەکان، هەروەک لەتورکیا وادەناسرێت، رۆلّی گەورەی هەبوو لەهاتنی سەرمایە، بەتایبەت لەدەولّەتانی عەرەبیی خاوەن نەوتەوە بۆ تورکیا بۆ وەبەرهێنان لەهەردوو کەرتی بانکیی‌و گەشتیاریی بەشێوەیەکی سەرەکیی. ئەم هاتنە نوێیەی سەرمایەی (سەوز) یان ئیسلامیی، ئیسلامییەکانی والێکرد بتوانن لەڕووی سیاسییەوە رێکخستن بگێڕنەوە‌و، لەلایەنی ئابووریشەوە زۆرتر کارا بن[٦٣]. دوای دامەزراندنی بانک‌و دامەزراوەی دارایی بەسەرمایەی عەرەبیی‌و کەنداو لەتورکیا، بانکی

لۆکاڵیی لەلایەن تورکەکان خۆیانەوە دامەزرا، بەشێوەیەکی خێرا هەردوو جۆری بانکەکان بڵاوبوونەوەو تەشەنەسان سەند، لەڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ بانکە ئیسلامییەکانی کەنداو، زۆرێك لە سەرمایەزانی تورك توانیان چالاکی ئابووریان بەرەو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست فراوان بکەن لەبوارەکانی بیناسازییو کەرەستەی بازرگانییو نەوتو گواستنەوەدا. هەروەك بانکە ئیسلامییەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو سەبارەت بەچالاکیی ئابووریی لۆکاڵی سەرمایەدارانی ئیسلامیی لەتورکیا[٦٤].

چالاکیی ئیسلامیی لەتورکیا لەنیوەی هەشتاکانەوە لەلایەن هەردوو دامەزراوەی فەیسەڵ بۆکۆمەکیکردن یان " خانەی بەرەکەت "ی سعودییەوە دەستیپێکرد[٦٥]، بەدوایدا بانکی دیکە دامەزرا بەبەشداریی سەرمایەی کوێتییو بەحرەینییو قەتەریی[٦٦]. لەنێو دامەزرێنەرو هەڵمەتی پشکی ئەو بانکە ئیسلامییانەدا کەسایەتی تورکیی خاوەن ئاراستە ئیسلامیی یاخۆ پەیوەست بەرێبازە سۆفیگەرییەکانو بەتایبەت رێبازی نەقشبەندیی هەبوو. دیارترینی ئەوانە لەبانکی بەرەکەت"Al-Baraka Türk"، کۆرکۆت ئۆزال، برای تۆرگۆتو ئەیمەن توب باش E. Topbaş بوون، کە هەردووکیان لەکەسایەتییە دیارەکانی پارتی دایکی نیشتیمان بوون[٦٧]. پێشتر ئاماژەی پێدرا، کە کۆرکۆت ئۆزال ئەندامێکی دیاربوو لەپارتی سەلامەی نیشتیمانیی، سەرباری پەیوەندی ئەو بەرێبازی نەقشبەندییەوە. لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری بانکی نێوبراو، محەمەد جەلالو عەبدورەزاق کامل هەبوون، کەهەردووکیان لەرێبازی نەقشبەندیی بوون[٦٨].

لەدامەزراوەی "فەیسەڵ بۆ کۆمەکیکردن" دیارترینی ناوەکان بریتی بوون لە: سالّح ئۆزجان E. Topbaş، کەئەندامی "رایەڵەی جیهانی ئیسلامی"ی سعودیی بوو، هەروەك پێشتر پەرلەمانتار بوو لەپارتی سەلامەی نیشتیمانی لەپەرلەمانی تورکیا. هەروەها ئەحمەد باکسۆ، کەوەزیری پێشووبوو لەحکومەتی بەرەی نیشتیمانی، کە دلمێرئەی لەئازاری ١٩٧٥ پێکیهێناو تێیدا پارتی سەلامەی نیشتیمانیی بەشدار بوو. فەیسەڵ جەمال کولاهلی F.C. Kulahli، کەپەرلەمانتاری پێشوو بوو لەپارتی عەدالەت لەپەرلەمانی تورکیاو وەزیری کشتوکاڵ بوو لەحکومەتەکەی دیمێرئەل لەنێوان سالّانی ١٩٧٩– ١٩٨٠، دواتر چووە نێو پارتی رەفاهی ئیسلامییەوە. هەروەها محەمەد کوندوز سیفلگین M.G. Sevilgenو، رەشاد ساروجانR.Saruha، کەهەردووکیان پێشتر ئەندام پەرلەمانی پارتی سەلامەی نیشتیمانیی بوون لەپەرلەمانی تورکیاو هێندێکیان سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیی بوون(٦٩).

بانکە ئیسلامییەکان لەتورکیا سەرکەوتنێکی روونیان لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە بۆ رێکەوت، کەخۆی لە پێشوازی گەورەدا دەبینییەوە لەپێسپاردنی دارایی تێیاندا بەهۆی بەڵێنو دروشمە ئیسلامییەکانیانەوە، بەتایبەت ئەو بانکانەی پشتگیری حکومەتەکەی پارتی دایکی نیشتیمانیان بەدەستهێنابوو(٧٠). ئەو بانکانەش رۆڵیان هەبوو لەکۆمەکیکردنی بیروبۆچوونە ئیسلامییەکان لەتورکیا لەڕێگەی پێشکەشکردنی هاوکاریی‌و کۆمەکیی بۆ چالاکیی دامەزراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان، کەزۆربەیان گرێدراو بوون بەرێبازو گروپە سۆفیگەریی‌و ئاینییەکانەوە و دەرفەتی

فراوانیان بۆ ڕەخسا بوو لەکاتی گەیشتنی پارتی دایکی نیشتیمان بەدەسەڵات لە ساڵی ١٩٨٣.

سێیەم: دەڵببوونی چوارچێوەی چالاکیی ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییەکان:

دەتوانین بڵێین قۆناغی ئۆزالیی سەرەتای قۆناغێکی نوێو پڕ بایەخی لەمەڕ ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییەکان لەتورکیا پێکهێنا، لەڕووی فراوانبوونی چوارچێوەی چالاکیی کۆمەڵایەتییو فێرکارییو هاتن یان گەیشتنی جیهانی بڵاوکردنەوەو میدیاو دارایی‌و کار. هەروەها بەشێوەیەکی باش لەسەر بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا ڕەنگیدایەوە. ئەو دەرفەتە فراوانەی، کە لەلایەن حکومەتی ئۆزالەوە ڕەخسێنرا هەرگیز بەراورد ناکرێت بەپەراوێزی ئەو جۆڵە ئاسانەی، کە لەسەرەتا پەنجاکانەوە بۆ ئەو ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییانە لەتورکیادا ڕەخسا، کە لەڕووی یاساییەوە بەقەدەغەکراوی لەساڵی ١٩٢٥ەوە مابۆوە. هەڵوێستی حکومەتەکەی ئۆزال بەو راستییە پشت ئەستوور بوو، کەدیارترینی ئەو ڕێبازانە، ئەو ڕێبازە بوو، کەنفوزێکی زۆری هەبوو دوای گەیشتنی پارتی دایکی نیشتیمان بەدەسەڵات، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەئەندامو فەرمانبەرانی لەحکومەتەکەی ئۆزالداو لەنێو سەرکردایەتیی پارتی دایکی نیشتیماندا. هێندێك لەوانە لەکۆنەوە ئۆزالیان دەناسی‌و لەپرۆژەی جۆراوجۆردا پێکەوە کاریان کرد بوو، هەروەك ڕێبازی نەقشبەندیی بۆ حکومەتەکەی ئۆزال بەکەڵك بوو، بەتایبەت ئەوەی کەپێوەندیی بەپەرەپێدانی پێوەندییە ئابووریەکانی تورکیا هەبوو، بەدیاریکراویش لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبییدا، کەکەسایەتییەکانی

نێو ڕێبازی نەقشبەندیی پێوەندیان لەگەڵیدا هەبوو[٧١]. لەراستیدا پاش کۆدەتای ١٩٨٠ زۆرێك لەسیاسەتوانانی تورك رووبانکردە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بۆ داواکردنی کۆمەکیی، لەبەرئەوەی ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانە زیاتر لەپارتە سیاسییەکان سەقامگیرتر بوون، کەلێکهەڵدەوەشانەوە یاخۆ لەکاری سیاسیی دەکەوتن. هۆکارەکەی تر ئەوە بوو، کەحکومەتی مەدەنی ناچار بوو لەگەڵ دەسەڵاتی سەربازیدا هەڵبکات بۆ چەند ساڵێك، هەوڵی قۆستنەوەی هەر سەرچاوەیەکی خاوەن نفوزی لۆکاڵیی بدات، کەبتوانێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی سوپا بەکاریبهێنێت. بۆیە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان تاکە دامەزراوە بوون، کە لەهەموو شوێنێکی کۆمەڵگەیمەدەنیلەتورکیادا هەبوون[٧٢]. هەروەك ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانە سوودیان لەو کەشو هەوا ئازادییە ڕێژەییە وەرگرت، کەسیاسەتی لیبراڵی ئۆزال لەبواری ئابووریدا دەستەبەری کردبوو[٧٣].

دوای ماوەیەکی کورت لەپێکهێنانی یەکەم حکومەتی پارتی دایکی نیشتیمان لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٣، یاسایەك دەرکرا، کەڕێگەی دەدا بەدامەزراندنی دامەزراوەی ئاینیی خێرخوازیی "Vakif "و کۆکردنەوەی بەخشینی پێویست بۆی. ئەمەش ئەوەبوو، کەڕێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییەکان توانیان سوودی لێوەربگرن بەمەبەستی ڕێکخستنی چالاکیی خێرخوازییو ئاینی لەبواره جۆراوجۆرەکاندا[٧٤]. لەودەمەوە ئەم لایەنە لای ئەو ڕێبازو گروپانە بایەخی تایبەتیو لەپێشینەی خۆی هەیەو، وەك دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی خێرخوازیی " دامەزراوەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی لەتورکیا کار دەکەنو[٧٥]، لەم لایەنەوە فراوان بوو بۆ

ئاستێك، كه يەكێك لەكۆڵەران ئاماژەی بۆ زاڵبوونی شەقڵی دامەزراوەیی "Vakification" بەسەر ئەو رێبازو گروپە سۆفیگەرییانەدا كردووە[٧٦]. لەكاتی خۆیدا پێكهێنانی نموونەی ئەو دامەزراوانە كارێكی گرنگ بوو، هەروەها بۆ پڕكردنەوەی بۆشاییەكی ئاشكرا هات لەو بارودۆخە لەكۆمەڵگەدا، كەدەوڵەت بەهۆی توانا سیاسەتە ئابووریيەكانییەوە، دەستەوسان بوو لەبەخشینی پارەی پێویست لەخزمەتگوزاریی كۆمەڵایەتیدا، هەروەها لەكاتێكدا، كەكۆچی بەردەوام لەلادێوە بۆشار سەری كێشا بۆ تەشەنەسەندنی هەژاریی تێیدا[٧٧]. سەرباری ئەوە سیاسەتی لیبرالێزمی ئابووریی ئۆزال وێنەیەكی دیكە بوو، كەخۆی لەكەڵەكەبوونی تێكچوونی رەوشی ئابووریی چینو توێژێكی فراوان لەكۆمەڵگەی تورکیدا دەبینییەوە. سڕكردنی مووچەو كرێ لەلایەكو، گەڕانەوەی سەرلەنوێ رێژەی هەڵاوسان بەرەو بەرزبوونەوە لەلایەكیترەوە، بەشێوەیەك بۆ ٨٠٪ لەسالّی ١٩٨٨ زیانێكی گەورەی بەخاوەن داهاتە جێگیرەكانو كرێكارە پیشەسازەكانو خانەنشینان گەیاند[٧٨]. ئەمەش زۆرینەی دانیشتووان لەبەرەكەتی" موعجیزەی ئابووریی ئۆزالیی" هەڵاوێردرانو بەدەستی گرانی داراییەوە لەسەر ئاستی ژیانی رۆژانە دەیاننالاند[٧٩]. هەمدیسان رەنگدانەوەیەكی باشی لەسەر بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا هەبوو، لەبەرئەوەی خراپی دابەشكردنی داهات لەتورکیا لەدوای سالّی ١٩٨٠ گوتاری گروپە ئیسلامییەكانی بەئازوقەی پێویست كۆمەك كرد، كەبریتیی بوو لە: بەرۆژئاواییكردن Westernization دەبێتە هۆی خڕبوونەوەی سامانو داهاتو، كارئاسانی دەكات لەنەبوونی دادپەروەریی ئابووریيو كۆمەڵایەتییدا[٨٠].

لەڕاستیدا قۆناغی ئۆزالیی ئەو ساڵانەی بەدوایدا هاتن گەشەکردنێکی تێبینیکراوی لەچالاکیی رێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییەکان لەتورکیا بەخۆوە بینی. دیارترن رێبازە سۆفیگەرییە چالاکەکان بریتی بوون لە نەقشبەندییو سولەیمانیی، کەپێشتر ئاماژەیان پێکرا بوو، جگە لەرێبازی قادریی[٨١]، کەنفوزێکی سیاسیی باشی هەبوو، بەهۆی یەکێتیی هەڵوێستی شوێنکەوتووانی، کە لەنێوچەی مەڕمەڕەو پارێزگە تورکییەکانی سەر دەریای رەش خڕببوونەوە[٨٢].

کۆمەڵەی نور، کەپێشتر ئاماژەی بۆ کرا لەو قۆناغەدا بۆ ژمارەیەک گروپی رکابەر دابەشببوو، دیارترینیان دوو گروپ بوون، یەکەمیان: گروپی ئاسیای نوێ (Yeni Asya)ناوی خانەیەکی بڵاوکردنەوەیە، کەگروپەکە ناوەکەی هەڵگرتبوو، دووەم: گروپی فەتحوڵا گوڵەن F.Gülen، کەشوێنکەوتووانی بەفەتحوڵاچییەکان دەیناسێنن Fethullaçiler[٨٣]. گوڵەن لەدایکبوونی ساڵی ١٩٣٨ە، لەیەکێک لەگوندەکانی شاری ئەرزڕۆم، وەک وتاربێژێک لەیەکێک لەمزگەوتەکانی ئەدەنە کاریکردووە، پاشانیش لە ١٩٦٦ لەیەکێک لەمزگەوتەکانی ئیزمیر[٨٤]. یەکێک لەسەرکردە دیارەکان لەکۆمەڵەی نور بووە، بزوتنەوەیەک بەناوەکەیەوە پێکهاتو، زۆربەی لایەنگرانی لەمامۆستاو قوتابیو سەرمایەدار و پیشەوەرانو قوتابیان/المتعلم بوو. لەگەڵ ئەوەی گولەن لەشوێنکەوتووانی سەعید نورسی بوو، کەدژیەکی لەنێوان زانستو ئایندا نەدەبینی، بەڵام خۆی وا دەخستەڕوو، کەزیاتر خاوەنی هزری نوێخوازییو چاکسازییەو فەیلەسوفو شاعیرو زاناو سەرکردەی ئاینییە[٨٥]. کۆمەڵەی گوڵەن لەڕێگەی جەختکردنەوە لەناسیۆنالیزمی تورکییو، بازاڕی ئازادو خوێندن،

خۆیان لەکۆمەڵەکانی تری کۆمەڵەی نور جیادەکەنەوە. بەگوێرەی یەکێك لەکۆڵەرانی پسپۆڕ:" گوڵەن پاڵنەرێك بوو لەپشتەوەی بونیاتنانی ئیسلامێکی نەتەوایەتیی نوێ لەتورکیا، کە بەلۆژیکی ئابووریی بازاڕو کولتوری عوسمانیی دەناسرایەوە"[٨٦]. گولەن هەوڵی زیندووکردنەوەی نەتەوەی دا لەڕێگەی بیرکەوتنەوەی رابردووی لەبری لەبیرچوونی‌و، خەڵکی بانگکرد بۆ دۆزینەوەی خود، کە لەئیسلام‌و رابردووی عوسمانیدا بەرجەستە ببوو. لەڕێگەی بونیاتنانی رابردووی فەرهەنگیی کۆمەڵی تورکیی– ئیسلامیی، گولەن هەوڵیدەدا تەرزی تایبەتی خۆی لە نەتەوە بونیات بنێت بەدەستبەردار بوون لەشێوەکانی نوێگەریی دامەزراو لەسەر لاساییکردنەوە.

گولەن‌و ئەوانەی لێیەوە نزیك بوون دوو دڵ نەبوون رەخنەگرتنی سیاسەتەکانی مۆدێرنە، بەوەی لاساییکردنەوەیەکی رووکەشیانەیە‌و بۆتەهۆی داڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی. هەروەك گولەن پێی لەسەر بایەخی دەوڵەت دادەگرت‌و، هیوای وابوو بەخۆی دووبارە ئەو رایەڵە دابمەزرێنێتەوە، کە لەنێوان دەوڵەت‌و ئیسلام لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هەبوو، لەبەرئەوەی بەهۆی ئەمەوە رێسای شەرعییەتی دەوڵەت فراوان ببێت‌و توانای بۆ بەکارهێنانی ئیسلام بۆ تەیارکردنی دانیشتووان بەهێز بکات[٨٧]. هەروەها جەختی لەدیموکراسییەت‌و لێبوردەیی دەکردەوە‌و، هانی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمارە تورکییەکانی لەئاسیای نێوەڕاستدا دەداو وایدەبینی تورکان لەتورکیاو لەو کۆمارانەدا لەشێوەیەکی ناسیاسیی لەراڤەکردنی ئیسلامیی کاریگەر بەداب‌و نەریتی سۆفیگەریدا هاوبەشن[٨٨]. لەچوارچێوەی ئەم بایەخدانە

بەپێوەندییەکان لەگەڵ کۆمارە تورکییەکان لەئاسیای نێوەڕاست، بزوتنەوەی گولّەن ٣٠ زانکۆو قوتابخانەی باڵای لەکازاخستان دامەزراندو زانکۆیەك و ١١ قوتابخانەی باڵا لەقیرغستانو زانکۆیەكو ١٤ قوتابخانەی باڵا لەتورکمانستانو ١٨ قوتابخانەی باڵا لەئۆزبەکستان[٨٩]. پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە لەتورکانی ئاسیای نێوەڕاست گولەن رەخنەی لەعەرەب دەگرت لەسەر ئەو بنەمایەی دژی دەوڵەتی عوسمانی هاریکارییان کردووە (لەشۆڕشی عەرەبیی لەحیجاز ساڵی ١٩١٦)و وێنەیەکی خراپیان دەربارەی ئیسلام دروستکردووە لەڕێگەی دابەزاندنی بۆ پلەیەکی ئایدۆلۆژیی[٩٠]. شوناسی تورکیی مسوڵمانی لەوەی، کە بە (ئیسلامیی عەرەب) شرۆڤەی دەکرد جیادەکردەوە، بەوەی زۆر لێبوردەو کراوەن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە لەنێویشیدا شوێنکەوتەی ئاینو تایەفەکانیتر[٩١].

بەپشتبەستن بەوە گولەن هەوڵیدا لەگوتارو ئامۆژگاریی‌و گوتەکانیدا بیرۆکەی قبوڵکردنی ئەویترو، بایەخی گفتوگۆو دەستبەرداربوون لەداخرانو کەنارگیریی بەسەر خۆدا قووڵبکاتەوە، بەتایبەت لەگەڵ بارودۆخی نوێی جیهانیی، کەبیرۆکەی جیهانگیریی بەسەریدا زاڵە. هەروەك بانگەوازی بۆ چاککردنی پێوەندییەکان لەگەڵ رۆژئاوادا کرد، وەك گونجاندنێك لەگەڵ ئەو ئاراستانەیدا، گولەن هەڵوێستێکی توندی دژی ئەو بزوتنەوە ئیسلامییانە گرتبۆوە بەر، کە لەبواری سیاسیدا کاریان دەکەن. وایدەبینی ئیسلام دەخەنە مەترسییەوەو، ئیسلام لەوە پاکترە، کەبخرێتە نێو کەش‌و هەوای سیاسیی دامەزراو لەسەر پراگماتیزم‌و هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان[٩٢]. گولەن لەبڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیدا پشتی

بەستبوو بەتۆڕێکی فراوان لەدامەزراوە فێرکارییو میدیاییەکان، کەدواتر باسیان دەکەین. لەنێوخۆی تورکیا کاردانەوەکان بەرامبەر بزاوتەکەی گولەن جیاواز بوو، لەکاتێکدا هێندێك وایاندەبینی گولەن چاکسازێکی میانڕەوی لیبرالییەو چاکەکارێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوانیتر بەجۆرێك لەگومان لەبزاوتەکەو ئامانجەکانیان دەڕوانی[٩٣]. بەجۆرێك پرینگانەوەی کتوپڕی گولەن لەگۆڕەپانی سیاسییدا سەری کێشا بۆ وروژاندنی گفتوگۆیەکی فراوان لەنێوان رووشنبیرە تورکە سێکۆلارەکاندا، ئەوانەی ژمارەیەکی گەورەیان گومانیان وابوو ئایین و ئۆینی جۆراوجۆر بەکاردێنێت بۆگەیشتن بەهەمان ئەو ئامانجانەی، کەئیسلامییەکان هەوڵی بۆ دەدەن، دەشترسان لێی بەوەی کار دەکات لەپێناوی دامەزراندنی سیستمێکی هاوشێوە، کە لەئێرانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بەرپابوو[٩٤].

هێندێکیتر وایاندەبینی، کەپرۆژەی گولەن لەهێزە غەوارەکانو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەڵمانیاوە هاوکاریی دەکرێتو ئاڕاستە دەکرێت[٩٥]. ئەوەی ئەو گومانانەی بەهێز کرد، ئەو توانا داراییە گەورەیەی خەرجکردن بوو بەسەر چالاکییە جۆراوجۆرەکانی بزاوتەکەو جێهێشتنی تورکیا لەلایەن گولەنەوە بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٩٨ هوە، سەرەڕای ئەوە هەڵوێستی جیاواز بوو لەبزاوتە ئیسلامییەکان، کە ئایدۆلۆژیای خۆیان لەسەر دژایەتیکردنی دەوڵەتو پێویستی گۆڕینی سیستێمەکەیو فراوانکردنی بازنەی پێوەندیی جوگرافیی بونیاتنابوو بۆئەوەی بگاتە هەموو دەوڵەتێکی مسوڵمان[٩٦].

هەروەها هەڵوێستی لەپێوەندیی لەگەڵ رۆژئاواو سەردانی ژمارەیەك باڵوێزانی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەتورکیا بۆ لای گولەن لەساڵی ١٩٩٥ رستێك

پرسیاری هوروژاند، بەوەی خاوەنی هیچ سیستمێکی سیاسیی نییە. هەموو ئەمانە بوونە شوێنی رەخنە لەلایەن گروپە ئیسلامییەکانیترەوە، بەڵکو رێکخراوێکی چەکداریی ئیسلامیی لەتورکیا بەنێوی "بەرەی جەنگاوەرانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی مەزن[٩٧]" و هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، کەدواتر باسی دەکەین.

ئەو رێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینیانەی لەسەرەوە باسکران بایەخێکی تایبەتیان بەمەسەلەی فێرکردنو فەرهەنگییو میدیا دا، جگە لەچالاکیی سوننەتیان، کەخۆی لەپێشکەشکردنی هاوکاریی هەژارو زەبوونو ئاتاجاندا دەبینییەوە، لەگەڵ کارئاسانیکردن لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیو بەرنامەی چاودێریی منداڵ، بایەخدان بەقوتابیو دامەزراوە فێرکارییەکان، واتە چاودێریکردنو ئامادەکردنی بە تایبەتیش کادێری زانستییو کارگێڕییە ئاراستە ئیسلامیی، کە بەگشتیی بزاوتی ئیسلامیی لەوڵاتدا بەهێز دەکاتو، بازنەی نفوزی ئەو رێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییانە. هەمان شتجێبەجێ دەبێت لەسەر درککردنی کردنی ئەو رێبازو گروپانە بەدامەزراندنی چاپخانەو رۆڵی بڵاوکردنەوە، چاپکردنو پەخشکردنی هەموو جۆرە کتێبو بڵاوکراوەیەکی ئیسلامیی بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەوەش تەنها لەسەر کتێبی ئاینییو دانراوی ئیسلامییەکان کورت نەبۆوە، بەڵکو لەنێوەڕاستی هەشتاکاندا هەموو ئەو کتێبانە بۆسەر زمانی تورکیی وەرگێڕدرانو بڵاوکرانەوە، کەکۆڵەرانی دیاری ئیسلامیی لەمیسرو ئێرانو پاکستان دایاننابوون. هەروەك مسوڵمانە تورکەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا رابەری

رۆحی حزبوڵڵای لوبناندا ئەنجامداو زۆر کتێبی نێوبراویان بەزمانی تورکیی بڵاوکردەوە[٩٨].

یەکێك لەگرنگترین پەرەسەندنەکانی چالاکیی رێبازو گروپە سۆفیگەریی‌و ئاینییەکان دوای ساڵی ١٩٨٣، بریتیی بوو لەفراوانبوونی تێبینیکراوی رۆڵیان لەگۆڕەپانی میدیادا. بایەخی ئەو هەنگاوەمان لەوەدا بۆ رووندەبێتەوە، ئەگەر هاتوو زانیمان، کەدامەزراوە سەرەکییەکانی میدیا لەتورکیا بەدەستی ئەو گروپانەیە، کە لەلایەن سیستێمی سیکیۆلارەوە پشتیوانی دەکرێن[٩٩]. ئەو دامەزراوانەو ئەو رۆژنامانەی لێی دەردەکران خاوەن خولیایەکی دژە ئایین بوون، بەشێوەیەك رێگەیان نەدەدا ئایین هیچ کایەیەکی ئەوتۆ لەژیانی گشتیدا بگێڕێت[١٠٠]. هەروەها کاریان لەسەر پێکەوەنانی ئاراستەو رای گشتیی دەکرد بەگوێرەی ڕوانگەکانی رۆژئاواوسێکیۆلاریزمی تورکیی (واتە بێ خوایی‌و دژایەتیکردنی ئایین)[١٠١]. چوونی رێبازو بزاوتە سۆفیگەریی‌و ئاینییەکان بۆ بواری میدیا بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مینبەرگەلێك بوو بۆبزاوتی ئیسلامیزمی تورکیی لەو کەرتە زیندووەدا.

ئەوەی تایبەتە بەبایەخدان بەخوێندن‌و دامەزراوەکانی‌و ئامادەکردنی کادێری خاوەن بیروبۆچوونی ئیسلامیی لەسەرجەم پسپۆرییەکاندا، تێبینی بایەخدانی ئەو رێبازو گروپە سۆفیگەریی‌و ئاینیانە بەپێشکەشکردنی یارمەتیی بەقوتابییە زەبونەکان دەکەین، هەروەك رۆڵێکی گرنگیان لەکۆمەك کردنی قوتابخانەکانی قورئاندا هەبوو، کەحکومەتیش کارئاسانی تێداکردبوو، یاخود خولی فێربوون‌و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزی رێکدەخست. هەموویان پێداویستی قوتابیانی زانکۆو

پەیمانگە بالاکانیان لەخەڵکانی نێوچە دوورە دەستو هەژارەکان دەستەبەر دەکرد، لەگەڵ دەستەبەرکردنی شوێنی مانەوەو خواردنو خەرجییەکانیتر. لەم بوارەدا ڕێبازی سولەیمانییو بزاوتی گولەن ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو[١٠٢]. ڕۆژنامەی (حوڕییەت) لەکانوونی دووەمی ١٩٩٠ هەواڵێکی لەمەڕ چالاکیی گروپە ئیسلامییەکان لەتورکیا بڵاوکردەوەو تێیدا هاتبوو، کەژمارەی قوتابی لەبەشە نێوخۆییەکانی ئەو گروپانەدا گەیشتۆتە ١٨٧,٣٠٢، کە ١٠,٠٠٠ یان قوتابی زانکۆنو ئەوانیتر لەقۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیدان[١٠٣]. لەکاتێکدا کۆڵینەوەیەکیتر باس لەوە دەکات، کەڕێبازی سولەیمانیی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ١٠٠,٠٠٠ قوتابی دەستبەرکردووە. هەروەك بزاوتی گولەن هەمان ڕێژەی شوێنی نیشتەجێبوونی دابینکردووە. کۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات ڕێبازی سولەیمانیی بەوە ناسراوە، کەگوێڕایەڵیی تەواو بۆ بڕیارو ڕێسای ڕەفتاریی ئیسلامیی لەو شوێنانەدا، کەدابینیکردووە بۆ لەخۆگرتنی ئەو قوتابیانە دەسەپێنێتو ڕۆیشتنی قوتابیان لەقوتابخانە بالاکانەوە بۆ زانکۆکان پشت بەئەولەویاتی ئەو گروپە ئاینییانە دەبەستێت، گرنگی دەدەن بەچوونە نێو پۆستە گرنگەکانەوە لەڕێکخراوەکانو جیهانی کارو بیرۆکراسییەتی حکومیدا. هەروەها وەزیفەو دەرفەتی خوێندن لەدەرەوە دەڕەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بالا سەبارەت بەو کەسانەی خاوەن ئاراستەی ئیسلامین[١٠٤].

لەبواری فەرهەنگییو میدیادا ئەو ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینیانە لەتورکیا هێندێك ڕۆژنامەو گۆڤار دەردەکەن، سەرەڕای کارئاسانیکردنی ڕۆڵی چاپو بڵاوکردنەوەی شوێنکەوتەی خۆیان لەدەرکردنی چاپکراوە

ئیسلامییەکاندا، بەڵام ساڵی ١٩٨٣ لەو دوو بوارەدا بەشێوەیەکی تێبینیکراو رۆڵیان فراوانبوو، بەجۆرێك ژمارەی چاپکراوەکان لەو رۆژنامەو گۆڤارانەدا زیاتر بوو، کەپێشتر دەریاندەکرد، هەروەك رۆژنامە وگۆڤاری نوێشی بۆ زیاد کرد، سەرباری دامەزراندنی زۆرێك لەئیزگەی رادیۆییو کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆنیی، هی دیکەش، کەپەخشەکەی دەنارده سەرانسەری تورکیاو دەرەوەی، بەتایبەت لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستدا.

نەقشبەندییەکان ژمارەیەك گۆڤاری مانگانەیان دەردەکرد، کەبریتی بوون لە: Mektup (= پەیام)، کەگۆڤارێکی لۆکاڵیی ژنانە بوو، ٣٠,٠٠٠ ژمارەو، Altin uluk (میراتی ئاڵتونیی)، کە٢٥٠٠٠ ژمارەو، Aile ve Kadin (خێزانو ژن)، ٦٠,٠٠٠ ژمارەو، Ilim ve Insan (زانستو مرۆڤ)، ٥٠٠٠ ژمارەو، Islam ، کە گەورەترین گۆڤاری مانگانە بوو لەتورکیا دەردەکرا، بەشێوەیەك ١٠٠,٠٠٠ نوسخەی لێچاپدەکرا. هەروەك رێبازی نەقشبەندیی نفوزێکی گەورەی لەگەورەترین رۆژنامەی ئیسلامیی لەوڵاتدا هەبوو، کەبریتی بوو لە رۆژنامەی "ترکیا – Türkiye "و، کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەبوو، وەك " TGRT " و" AK TV " و " Yildiz TV "، هەروەها زۆرێك ئیزگەی رادیۆیی. رێبازی قادریی هەردوو گۆڤاری(الفُصح – Öğüt)، لەساڵی ١٩٨٣، کەمانگانە ٧٠,٠٠٠ ژمارەو" إجمال – Icmal "، لەساڵی ١٩٨٦، کەمانگانە ٧٠,٠٠٠ ژمارەی لێچاپدەکرا ، دەردەکرد، بەڵام کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بریتی بوون لە" Mesag" و " Meltem TV ". سەبارەت بەکۆمەڵەی نور، گروپی " نەوەی ئاسیا " رۆژنامەی " نەوەی نوێ – Yeni Nesil"ی دەردەکرد

لەگەڵ دوو گۆڤار، کە بۆمنالاّن یەکەمین بەنێوی " برایەتی ڕۆح – Can Kardaş "و دووەمیان " پرد – Koprü "، کەئاراستە بوو بۆ گەنجانو ٥٠٠٠ نوسخەی لێچاپدەکراو جگە لەوانیش. هەروەك ئەو کۆمەڵە لەسالّی ١٩٧٨ زنجیرەیەك کتێبی دەربارەی زانستو تەکنەلۆژیا دەرکرد لەوانە: داروینو تیۆریی پەرەسەندن، مرۆڤو پەرجووی ژیان، تەقینەوە گەورەکە، نهێنییەکانی ئەتۆم، جگە لەوەش. پشکی شێر لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی نور بەر گروپی فەتحوڵا گولەن کەوتبوو، کەزۆرێك لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەیان دەردەکرد، لەوانە:" دزەکردن یاخود الرّشح – Sizinti "، کە ٨٠,٠٠٠ نوسخەی لێچاپدەکراو، " هیوای نوێ – Yeni Umit " و " پشك یاخۆ بەش – Aksiyon "، کەگۆڤارێکی هەفتانە بوو لەگەڵ گۆڤارێکی ئاینی بەزمانی ئینگلیزی بەنێوی " النبع – The Fountain "و، جگە لەوانیش. هەروەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی دەردەکرد بەنێوی " الزمان – Zaman " لەسالّی ١٩٨٦ ەوە، یەکێکی دیکەش بەزمانی ئینگلیزی بەنێوی " Today's Zaman ". هەروەها کەنالّێکی تەلەفزیۆنی کردەوە بەنێوی " Samanyolu"، لەگەڵ ئیزگەیەکی رادیۆییش[١٠٥].

ئەم بایەخدانە بەخوێندنو میدیا لەلایەن رێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییەکانو جگە لەوانیش لەکۆمەڵەو خاوەن ئاراستە ئیسلامییەکان[١٠٦]، زۆر گرنگ بوو لەپێکهێنانی هۆشیاریی دەستەجەمعی ئیسلامییو گوزارشتکردن لێی. بەگوێرەی یەکێك لەکۆڵەران " شوناسی ئیسلامیی لەڕێگەی هەردوو شۆڕشی پێوەندییەکانو فێرکردنەوە پێکهات"[١٠٧].

کۆمەکیکردنی ئەو چالاکیانە، کەڕێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییەکان پێی هەڵدەستان لەسەرچاوەی جۆراجۆرەوە دەهات لەنموونەی کارئاسانی تاکەکەسو بەخشینی خێراخوازیی لە سەرمایەدارانی ئیسلامیی لەنێوخۆو دەرەوە لەکرێکارانی تورکیی نیشتەجێ لەئەورووپا. فراوانبوونی کەرتی ئیسلامیی لەئابووریی تورکیا لەهەشتاکانەوە لەڕێگەی کۆمپانیا وەرگرە گەورەکان و خانەکانی وەبەرهێنانو بانکو کۆمپانیاکانی دڵنیایی، کاریگەریی گرنگی لەدەستەبەرکردنی کۆمەکیی بۆ ئەو چالاکیانە هەبوو. لێرەدا پێویستە بەشێوەیەکی تایبەت ئاماژەی پێبدەین، کەپرۆژەو وەبەرهێنانی هاوبەش هەبوو، کە ئەو رێکخراوە ئیسلامییانە پێی هەڵدەستان لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکاندا، کەبارەگاکەی لەدەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیی بوو. ئەم هەوڵو کۆششە کۆمەکیی دەکرا بەژێرخانێکی دامەزراوەیی زەبەلاحو ئاڵۆز، کەژمارەیەکی گەورە لەکرێکارانو رێکخراوو بەرهەمهێنەرانو هەرەوەزییو بریکاریی راوێژکارییو رێکخراوە پیشەییە ئیسلامییەکانی لەخۆ دەگرت. بەو رێگەیە رێبازو بزاوتە سۆفیگەرییەکان پێوەندیی پتەویان لەگەڵ هەریەکە لەئابووریی بازاڕو حکومەتدا دادەمەزراند[١٠٨]. دەتوانین باسی دیارترین ئەو دامەزراوە ئابووورییە گرنگو رێکخراوە پیشەییانە بکەین، کەگرێدرا بوون بەو رێبازو بزاوتە سۆفیگەرییو ئاینیانەوەو کارئاسانیان دەکرد لەکۆمەك کردنو بەڕێوەبردنی چالاکییە فێرکارییو فەرهەنگییو میدیاییەکان. سەبارەت رێباز یان گروپە نەقشبەندییەکان لەتورکیادوو کۆمپانیای وەرگر هەبوو، یەکەمیان کۆمپانیای ئیخلاس " Ihlas Holding "، دووەمیان کۆمپانیای سێرڤەر " Server Holding "، ئەمەی دواییان لە ٣٨

کۆمپانیا پێکدەهات، کە لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا کاری دەکرد[١٠٩]. سەبارەت بە بزاوتی فەتحوڵا گولەن دامەزراوەی ئاسیا بۆکۆمەکیکردن " Asya Finance " پێوەی گرێدرا بوو، کە لە ١٦ کۆمپانیاوە کۆمەکی دەکراو سەرمایەی لەدەیەی نەوەدەکاندا گەیشتە نیو ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی. رایەڵەی سەرمایەداران، کە بەکورتکراوەی " ISHAD " دەناسرێت[١١٠]، بەبزاوتی نێوبراوەوە گرێدرا بوو. ئەو رایەڵەیە زیاتر لە ٢٠٠٠ سەرمایەدارانو بازرگانی لەخۆدەگرتو کۆمەکیی چالاکییە فێرکارییەکانی گولەنی دەکرد[١١١]. هەروەک شوێنکەوتووانی رێبازی قادریی خاوەنی ژمارەیەک کۆمپانیا بوون، لەبوارەکانی بازرگانییو پیشەسازییدا کاریان دەکرد[١١٢]. ئەمەش وایکرد ئەو رێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینیانە وەک هێزی گرنگ لەئابووریی تورکیادا دەربکەون.

لەلایەڕەکانی پێشوودا بۆمان رووونبۆوە، کە بڕیارو سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا لەسەروبەندی قۆناغی ئۆزالیدا تائاستێکی گەورە بەرپرسیار بوو لەبەهێزبوونی رۆڵی هێزە ئیسلامییەکان لەتورکیادا. سەرباری ئەوەی فاکتەری دیکە رۆڵیان هەبوو، بێبایەخ نییە لە کۆمەکیکردنی ئاراستەو هێزە ئیسلامییەکان لەو وڵاتەدا، لەوانە ئەو رۆڵەی، کەدەگەڕێتەوە بۆ رایەڵەی " رایەڵەی جیهانی ئیسلامیی"ی سعودیە، کەکۆمەکیی بونیاتانی مزگەوتێکی بچووکی لەسەر زەوی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا کرد، هەروەها مزگەوتو نێوەندێکی ئیسلامیی لەنێو حەرەمی زانکۆی تەکنەلۆژی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەئەستەمبوڵ بنیاتنا، کە بەدرێژایی ساڵانی پێشوو نێوەندێك بوو بۆ چالاکیی چەپڕۆ توندڕۆکان. هەروەک رایەڵەکە کۆمەکیی بەشێکی

گرنکی لەپرۆگرامی خوێندن بەزمانی عەرەبی لەزانکۆکەدا کردو پێوەندیشی لەگەڵ زانکۆی ئەستەمبوڵدا دامەزراندو پارەی بۆ بونیاتانی زانکۆی قۆچ تەپە Kocatepe ی گەورە لەئەنقەرەو نێوەندی ئیسلامیی دابینکرد. هەروەها پرۆژەی دیکەی هاوشێوەی لەئیزمیرو ئەدەنە جگە لەوانیش لەشارە تورکییەکان کۆمەکیکرد[١١٣]. لەدامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشەوە لەساڵی ١٩٧٩، ئێران دوو دڵ نەبوو لەرەخنەگرتن لەسیستێمی سێکیۆلاری تورکیاو پشتگیریکردنی ئاراستە ئیسلامییەکان لەتورکیاو کۆمەککردنی یان پشتیوانیکردنی هێندێك رێکخراوی ئیسلامیی تورکیی. ئەم هەڵوێستەی ئێران هۆکارێك بوو رووداتی گرژیی لەپێوەندییەکانی تورکیاو ئێران زیاتر لەجارێك لەساڵانی هەشتاو نەوەدەکاندا[١١٤].

لەلایەکیترەوە هێندێك پەرەسەندنی گرنگ لەساڵی ١٩٩١ ەوە کارگەرییان هەبوو لەبەهێزبوونی ئاراستەی ئیسلامیی لەکۆمەڵگەی تورکیدا، وەك ئەو کاولکارییەی، کەعێراق لەجەنگی دووەمی کەنداودا (کانوونی دووەمی– وباتی ١٩٩١) تووشی هاتو کوشتاری مسوڵمانان لەبۆسنەو چیچان، ئەو روانینەی لەتورکیاو نێوچەکانیتر لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهێزتر کرد، کە ئوممەی ئیسلامیی رووبەڕووی هێرش بۆتەوە لەهەموو لایەکەوە لەلایەن هێزە مەسیحییەکانەوە[١١٥]. دوای داڕزانو داڕمانی سیستێمی کۆمۆنیزم لەئەوروپای رۆژهەڵات لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩– ١٩٩١، دوژمنایەتی کردنی ئیمپرالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتە دەست بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەمە وایکرد ئەو بزوتنەوانە خاوەن رێزێکی گەورە بن، ئەو کەسانەی دەیانبینی موشەکی

کروزی ئەمریکیی، کە لەبەغدای دەداو ئەو تانکە روسیانەی، کەموشەکبارانی شاری گرۆزنی (پایتەختی کۆماری چیچان) یان دەکرد تورِەوتۆسن بوون[١١٦]. هەروەك دەستی دەستیکردنی یەکێتی ئەوروپا لەوەرگرتنی تورکیا ئەندامێتی خۆی، بیروباوەڕی تورکەکانی بەهێزتر کرد، بەوەی ئەو هەڵوێستە بۆ هۆکاری ئاینی دەگەڕێتەوەو ئەم بیروباوەڕەش لەبەرژەوەندی گەشەکردنی بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا بوو[١١٧].

بەرلەوەی بچینە بابەتی هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لەم پەرەسەندنەی بزاوتی ئیسلامیی لەسەروبەندی قۆناغی ئۆزالیدا، پێویستە ئاماژە بۆ میانڕۆی بکەین، کەتایبەندیەکی زاڵبوو بەسەر ئەو بزاوتەدا بەسەرجەم پێکهاتەکانییەوە لەرێبازو گروپە سۆفیگەریی‌و ئاینییەکان‌و پارتە سیاسیی‌و دامەزراوە دارایی‌و بازرگانیی‌و فەرهەنگییەکان‌و رێکخراوە پیشەییەکان‌و ڕۆشنبیرانی ئیسلامیی[١١٨]. ئەو تایبەتمەندییەش بۆ چەند فاکتەرێکی بەهێزدەگەڕێتەوە، لەوانە کاریگەریی دابونەریتی سۆفیگەریی‌و بوونی ئیسلامیی سیاسیی لەتورکیا بەدیاردەیەکی لۆکاڵی‌و نەتەوەیی دوور لەکاریگەریی رێکخستنە سیاسییە ئیسلامییەکان لەوڵاتانی دیکەی ئیسلامیی. هەروەها سیستێمی سیاسیی تورکیای دامەزراو لەسەر بنەمای فرە حزبیی‌و هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە. بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا لەبنەڕەتدا شارستانییە‌و هێزی خۆی لەچینی نێوەڕاستی بەهێزەوە وەرگرتووە‌و، دەستووری تورکیا ئەو جوولانەوە‌و رێکخستنانەی قەدەغە کردووە، کەبانگەشە بۆدامەزراندنی حوکمی شەریعەت لەوڵاتدا دەکەن، ئیسلامییەکان لەتورکیا درك بەوە دەکەن، کە بەرەنگاربوونەوەی پارتێك یان یەك دیکتاتۆر نابنەوە، بەڵکو

لەسەریانە کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات لەگەڵ پارتە سیاسییە سێکیۆلارەکاندا بکەن لەگەڵ ژمارەیەکی گەورە لەڕۆشنبیران‌و رێژەیەکی زۆر لەپشتیوانانی سێکیۆلاریزم لەنەوەی گەلی تورکیی، سەرباری دامەزراوەی سەربازیی وەفادار بەداب‌و نەریتی سێکیۆلاریزم[۱۱۹]. لەوانەیە گونجاو بێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە لەکۆڵینەوەیەکدا هاتووەولەنیسانی ۱۹۸۸ دا کۆڵەری بەدیمەن ئەحمەد فەیروز بڵاویکردۆتەوە دەربارەی هەستانی رێکخراوێك بەنێوی "DATA " بەراپرسییەك لەتورکیاو ئەنجامەکەی دەرکەوتووە، کە تەنها ۷٪ لەوانەی، کەراپرسییەکە گرتوونیەتەوەو خۆیان بەئیسلامیی ناساندووە، دامەزراندنی دەسەڵاتێکیان لاپەسەند بووە، کەپشت بەشەریعەت ببەستێت[۱۲۰].

بەهەرحاڵ گروپ‌و رێکخستنی ئیسلامیی دیکە هەن، کەبانگەواز بۆدامەزراندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلامیی لەتورکیا دەکەن‌و شێوازی توندوتیژی چەکدارانەیان دەگرتەبەر بۆگەیشتن بەو ئامانجە، بەڵام ڕۆڵی ئەو گروپ‌و رێکخستانە لە پەراوێزدا بوو سەبارەت بەکۆی بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا لەو قۆناغەدا. راپۆرتی دەزگەی سیخوڕیی تورکیا (میت–MIT)و بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشیی گشتیی لەتشرینی یەکەمی ۱۹۹۱ ئاماژەی بەنێوی لانیکەم دە لەو گروپ‌و رێکخستنانە دەکەن[۱۲۱]. زانیارییەکان کەم‌و دژ یەکن دەربارەی کۆمەڵەو رێکخستنە نهێنییە ئیسلامییەکان لەتورکیا بەگشتیی، بەڵام دەتوانین هێندێك زانیاریی لەمەڕ دیارترینیان باس بکەین، کەبریتین لە:

١. بەرەی جەنگاوەرانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی مەزن " Islami Büyük Doğu Akincilar Cephesi " :

ئەم رێکخستنە لەسەرتای ئابی ١٩٨٤ دامەزرا، کاتێك دامەزرێنەرەکەی سالّەح میرزا بەگ ئۆغلو لەپارتی رەفاهی ئیسلامیی جیابۆوەو بەرەی جەنگاوەرانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی مەزنی دامەزراند[١٢٢]. بەرەکە ناوو فیکری خۆی لەشاعیرو نوسەریی ئیسلامیی گەورەی تورك نەجیب فازڵ کساکۆرك N.F. Kisakurek (1905-1983) هەوە وەرگرتبوو، کەگۆڤارێکی دەردەکردو رایەڵەیەکی بەنێوی" رۆژهەڵاتی مەزن – Büyük Doğu " پێکهێنابوو، کەهێرشی دەکردە سەر سێکیۆلاریزمو رۆژئاواو ماسۆنییەتو جولەکە[١٢٣].

لەراگەیاندنی بەرەکەدا هاتبوو، کەقورئانو فەرموودەی پەیامبەر (د.خ) بریتییە لەمەرجەعییەتی بەرەکە کار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەڕێگەی شۆڕشی چەکداریيەوە دەکات. بەرەی نێوبراو بەرپرسیاێتی خۆی لەژمارەیەك هێرش بەبۆمبی دەستیو تیرۆرکردنی ژمارەیەك لەڕوشنبیرانی سێکۆلار لەسەرەتای نەوەدەکاندا خستەڕوو[١٢٤]. تەنها لەسالّی ١٩٩٤ دا تۆمەتبار کرا بەبەرپرسیارێتی لە ٩٠ رووداو. هێزەکانی ئاسایشیی تورکیا هەڵمەتی گەڕانو قۆڵبەستکردنیان دژی ئەندامانی ئەنجامدا، کەبووە هۆی پاشەکشەکردنی چالاکییەکانی بەشێوەیەکی گەورە لە ١٩٩٧–١٩٩٨. لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٨ دامەزرێنەرەکەی قۆڵبەستکرا لەنیسانی ٢٠٠١ بڕیاری لەقەنارەدانی بەسەردا درا، بەڵام بڕیارەکە بە ٢٠ سالّ زیندانی گۆڕا دوای ئەوەی

حکومەتی تورکیا سزای لەقەنارەدانەکەی لە ئابی ٢٠٠٢ دا هەڵوەشاندەوە[١٢٥].

٢. ڕێکخراوی دەوڵەتی خەلافەت:

ئەم ڕێکخراوە لەسەر دەستی جەمالەدین قوبلان (١٩٢٦–١٩٩٥) دامەزرا، موفتی پێشووی شاری ئەدەنەوجێگری سەرۆکی کاروباری ئاینی بوو لەتورکیا. قوبلان لەلایەنگرانی نەجمەدین ئەربەکانو " ئەندێشەی نەتەوەیی – Milli Gürüş " بوو، بەڵام بیروڕاکانی دوای سەردانی نێوبراو بۆ ئێرانو بەجێهێنانی داوای خومەینی لەساڵی ١٩٨٣ گۆڕانکاریی بەسەردا هات. پاشئەوە قوبلان بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەتورکیاو کارکردن لەپێناوی گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامیی کرد. نێوبراو وایدەبینی، کەبەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەڕێگەی کاری سیاسییو هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە نایەتەدیی، لەبەرئەوەی ئەم کارە زۆر ڕێگەچارەی نێوەنجیی پێویستە، بۆیە لەجێی ئەوە قوبلان ڕێگەی دامەزراندنی بزاوتێکی جەماوەریی هەڵبژارد بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات لەتورکیادا[١٢٦].

بەهۆی ئەوەوە ڕەگەزنامەی تورکیی لەتەمووزی ١٩٨٤ لێسەنرایەوە، بەڵام توانی مافی پەنابەری سیاسیی لەئەڵمانیا ساڵی ١٩٨٥ بەدەستبهێنێت[١٢٧]. لەوێ " یەکێتی گروپو کۆمەڵە ئیسلامییەکانی دامەزراند– Islami Cemaatler ve Cemiytler Birliği "و، لەبڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیدا پشتی بە شێوازی نهێنی یان گوتارە تۆمارکراوەکانی لەسەر کاسێت دەبەست[١٢٨]. هەمان شێواز، کەپێشتر خومەینی پشتی پێدەبەست، کاتێك لەفەرەنسا نێشتەجێ بوو، پێش

سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ساڵی ١٩٧٩. پاشان قوبلان لەساڵی ١٩٩٣ نێوی یەکێتییەکەی بۆ " دەوڵەتی ئەنادۆڵی فیدراڵیی ئیسلامیی – Anadolu Federe Islam Devleti " گۆڕی[١٢٩]. دواتر لەساڵی ١٩٩٤ نێوەکەی بۆ (ڕێکخراوی دەوڵەتی خەلافەت) گۆڕی، بەو سیفەتەی، کەناوکی دەوڵەتێکی ئیسلامییە لەجیهانداو نێوەندەکەی ئەنادۆڵە. هەروەك خۆی وەك خەلیفەی هەموو مسوڵمانان راگەیاند[١٣٠]، دوای مردنی کوڕەکەی، مەتین قوبلان لەو پۆستەدا جێگەی گرتەوە، بەڵام نەیتوانی وەك بابی خاوەنی کەسایەتی کاریگەر بێت. جگە لەوەی جیابوونەوەیەکە لەڕێکخراوەکەی لەساڵی ١٩٩٦ روویداو دوای سێ ساڵ مەتین قوبلان بەتۆمەتی پێوەندی بە (تیرۆر)ەوە قۆڵبەستکرا، ئەوەش دوای چەند مانگێك لەجارِدانی حکومەتی تورکیا لەتشرینی دووەمی ١٩٩٨، کەهێرشێکی شوێنکەوتووانی ڕێکخراوەکەی پووچەڵکردەوە، کەگۆڕی ئەتاتورکی بەئامانج گرتبوو[١٣١]. پاشان دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا هەستان بەرادەستکردنەوەی نێوبراو بەحکومەتی تورکیا لەساڵی ٢٠٠٤.

٣. حیزبوڵڵا:

بەچاوپۆشین لەجیاوازی بیروڕاو جیاوازی زانیارییەکان دەربارەی حزبوڵای تورکیی‌و مێژووی دامەزراندنی[١٣٢]، دەتوانین بڵێین ئەم پارتە لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دامەزرا، کەزۆرینەی کوردنشینن لەنیوەی یەکەم لەدەیەی هەشتاکاندا سەدەی بیستەم. حسێن وەلی ئۆغلۆ H. Veliöğlu[١٣٣]، بەدیارترین دامەزرێنەرانی ئەم پارتە هەژمار دەکرێت، کەچالاکییەکانی تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ زیاتر کۆبوونەوە بوو. سەرباری چوونی ژمارەیەك لەئەندامەکانی بۆ خولی فەرهەنگیی‌و سەربازیی لەئێران

لەژێر سەرپەرشتی پاسەوانانی شۆڕشی ئێران[١٣٤]. ئامانجی ئەم پارتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی بوو، کەدەستوورەکەی قورئانی پیرۆز بێتو سیستێمی سێکیۆلار – دیموکراسیی لەتورکیا بەسیستێمێکی نائیسلامیی هەژمار کردو دیموکراسییەتیش وەک کوفر[١٣٥].

حزبوڵا چالاکی چەکداریی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان " PKK " دەستپێکردو بە " پارتی کافرانی کوردستان – Partiya Kafirin Kurdistan " وەسفداریکرد[١٣٦]. ململانێ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، کەقوربانییەکەی سەدان کەس بوو لەهەردوولا، فاکتەرێك بوو لەفاکتەرەکانی قووڵبوونەوەی ناکۆکیی لەنێوخۆی حزبوڵا خۆی، کاتێك ئەو کوتلەیەی، کەفیدان گونگور Fidan Güngör سەرکردایەتی دەکرد[١٣٧]، داوای سووك کردنو گۆڕینی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حکومەتی تورکیا. پەرەسەندنی ئەم ناکۆکییە نێوخۆییە سەری کێشا بۆململانێی چەکداریی لەنێوان باڵی وەلی ئۆغلوو گونگورو، ململانێکە بەسەرکەوتنی یەکەمو کوژرانی گونگور لەئەیلوولی ١٩٩٤ کۆتایی هات[١٣٨]. لەو میانەیەدا بەیارمەتییو نێوکاریی هێندێك سەرکردەی بزوتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراقو، لەئازاری ١٩٩٢دا گەیشتنە رێکەوتن بۆ کۆتاییهێنان بەململانێی چەکداری لەنێوان حزبوڵاو پارتی کرێکارانی کوردستان[١٣٩]. لەهەمان کاتدا بوونی حزبوڵا بۆ نێوچەکانی دیکە لەرۆژئاوای تورکیا درێژبۆوە، کاتێك چالاکی خۆی لەشارەکانی مێرسینو پۆلۆو ئەستەمبوڵ دەستپێکرد، هەروەك ئەندامانی پارتەکە لەدەیەی نەوەدەکاندا بەشداریان لەکردەکانی تیرۆرکردنو رووداوەکانی توندوتیژیی لەو شارانەو جگە

لەوانیش کرد[١٤٠]. هێندێك سەرچاوە ئەندامانی پارتەکە بەدەوروبەری ٢٥,٠٠٠ کەس دەخەملێنن، لەچوارچێوەشیدا ٤٠٠٠ جەنگاوەر لەکۆتایی نەوەدەکاندا[١٤١]. پارتی نێوبراو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشیی تورکیا لەو ساڵانەدا روبەڕووی گورزو هەڵمەتی قۆڵبەستکردنی چەند بارە بۆتەوە[١٤٢]. ئەوەش بۆتە هۆی لاوازبوونو پاشەکشەی چالاکییەکانیو کوژرانی حسێن وەلی ئۆغلۆ لە ساڵی ٢٠٠٠.

هەڵوێستی سوپا بەرامبەر بە بزاوتی ئیسلامیی لەسەروبەندی قۆناغی ئۆزالیدا:

دامەزراوەی سەربازیی تورکیا دوای کۆدەتای ١٢ ی ئەیلوولی ١٩٨٠ پەنای بردە بەر تەوزیفکردنی ئیسلام لەپاڵ ناسیۆنالیزمی تورکیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروبۆچوونی چەپڕۆیی‌و جوواڵانەوەی نەتەوایەتی کورد لەتورکیا لەلایەك‌و قایمکردنی بنەماکانی کۆماریی کەمالیزم. بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستانە ئایدۆلۆژیای " ئاوێتەکردنی ئیسلامیی– تورکیی" گرتەبەر لەسەروبەندی دەسەلاتی سەربازیدا ١٩٨٠– ١٩٨٣. هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا. دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەتشرینی دووەمی ١٩٨٣و پێکهێنانی حکومەتی یەکەمی تۆرگۆت ئۆزال هەریەکە لەکەنعان ئێڤرن‌و تۆرگۆت ئۆزال گەڕانەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر بایەخی بەهای ئاینی لەبونیاتنانی نەتەوایەتیی تورکیدا[١٤٣]. دامەزراوەی سەربازیی تورکیا دەیویست تەوزیفکردنێکی زاڵ بۆ ئیسلام هەبێت، بەڵام ئەو پەرەسەندنانەی دواتر لەساڵی ١٩٨٣ دا وایکرد ئەو دامەزراوەیە ئاگایی ئەوە بدات، کەپاراستنی فەرمانڕەواییکردنی کلاسیکیی دەوڵەت لەکۆمەڵگەدا لەژێر سیاسەتی ئابووریی دەوڵەت‌و کرانەوەی بەسەر جیهانی دەرەوەدا زۆر قورستر‌ە، بەجۆرێك بەراورد ناکرێت[١٤٤]. لەگەڵ زۆربوونی

مەیلی ئیسلامیی لەکۆمەڵگەو گەشەکردنی بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوەڕاستی هەشتاکاندا، دامەزراوەی سەربازییو هێزە سێکیۆلارەکانیتر لەتورکیا وایاندەبینی، کە ئەوە هەوڵێکە بۆ لەنێوبردنی سیمای سێکیۆلاریزمی کۆماریی کەمالیزم.

میدیای سێکیۆلاریستەکان لەتورکیا رۆڵیان هەبوو لەقوڵکردنەوەی ترس بەرامبەر بە مەیلو بزاوتی ئیسلامیی، ئەو رۆژنامەیە نێوی " Irtica – " بەسەردا بڕیبوو. لەڕێگەی ئەو هەواڵو وتارانەوە، کە لەبارەیەوە بڵاوی دەکردەوە. لەوانە لەیەکێك لەژمارەکانی رۆژنامەی " جمهوریەت " بەشێوەیەکی دڕدۆنگانە ئەوە هاتبوو، کەسالانە ٦٠٠,٠٠٠ نوسخە لەقورئان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاینییەوە چاپدەکرێت[١٤٥]. بەڵام رۆژنامەی " مللیت "ئاماژەی بەگەورەبوونی نفوزی رێبازو گروپە سۆفیگەریو ئاینییەکان لەئەنادۆڵ دابوو، وەختێك لەیەکێك لەژمارەکانیدا لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ هاتبوو:" نورچییەکانو نەقشبەندییو سولەیمانییەکان ئەنادۆڵیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردووە "[١٤٦]. هەروەك هێندێك رۆژنامەی رۆژئاوایی هەڵسەنگاندنی هاوشێوەیان بڵاوکردەوە، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧و دوای تەنها دوو رۆژ لەخۆپیشاندانی ئاشتییانەی پشتگیریی لەنەجمەدین ئەربەکان لەئەستەمبوڵ، کەتێیدا هوتافی " تورکیا مسوڵمانە " و " ئەربەکان تێکۆشەرە " گوترا بۆوە، رۆژنامەی ئۆبزێرڤەر Observer ی بەریتانی راپۆرتی رۆژنامەوانێکی بەریتانی تایبەتمەند بەکاروباری تورکیای بڵاوکردەوە، کە نێوی کینیس مەکەنزی K. Mackenzie، تێیدا هاتبوو تورکیا :" روبەڕووی هەڕەشەیەکی خەتەرناك دەبێتەوە، لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە، هەر لەدامەزراندنی کۆمارییەوە پێش ٦٣

سالێ"[١٤٧]. سێکیۆلاریستە تورکەکان ئەو خۆپیشاندانانەیان وەک گوزراشتکردن لەکۆنەپەرستیی‌و دەمارگیری ئاینیی شرۆڤە کردو، پێیانوابوو دیاردەیەکن پێویستە لەئاستی خۆیاندا رابگیرێن بەرلەوەی لەگرێژەنە دەربچن[١٤٨]. لەهەمان کاتدا بەدیاریکراوی واتە لەکانوونی دووەمی ١٩٨٧ جەنرالێ ئێڤرن ئیدانەی ئوسولّییەتگەرایی ئیسلامیی کردو بەمەترسی دانا وەک کۆمۆنیزم. لەوتارێکی تەلەفزیۆنیدا لەبەردەم حەشاماتێکی گەورەی خەڵکی لەشاری قەیسەری ئاگایی دا، بەوەی ئەو مەترسیانەی روبەڕووی تورکیا دەبێتەوە بریتین لە (کۆمۆنیزم‌و فاشیزم‌و کۆنەپەرستی ئاینیی " بەگوێرەی گوتەی نێوبراو[١٤٩].

ئەوەی لە گوتارەکەی ئێڤرندا هاتبوو، گوزارشتکردن بوو لە بێزاریی و دڕدۆنگی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لەپەرەسەندنی رووی ئاراستەو بزاوتی ئیسلامیی لەوڵاتدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەنیوەی هەشتاکانەوە بایەخ‌و خەمی یەکەمی ئەو دامەزراوەیە بەرەنگاربوونەوەی هەوڵ‌و هەڵپەی ئیسلامییەکان بوو بۆچوونە نێو ریزی هێزە چەکدارەکانی تورکیا. راپۆرتە پێشکەشکراوەکان لەمەڕ چالاکیی گروپە ئیسلامییەکان باس لەتەقەلای کۆمەڵەی نورو بەتایبەت لایەنگرانی فەتحوڵا گولەن دەکەن بۆدزەکردنە نێو قوتابخانە سەربازییەکانەوە، هەروەها تەقەلای نەقشبەندییەکان بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر ئەفسەران‌و گوڵبژێرکردنی ئەو کەسانەی کە نزیکن لە بیروبۆچونەکانیانەوە ئەو کەسە نزیکانە لەبیروبۆچوونیانەوە، کەدەزانن لەقوتابخانە سەربازییەکاندان، ئەوەش بەیارمەتی خەڵکە مەدەنیی‌و سەربازییەکان، کە لەهێزە چەکدارەکان دوور دەخرێنەوە[١٥٠]. یەکەم ئاماژە بۆچالاکی ئیسلامیی لەنێوخۆی هێزە چەکدارەکان لەحوزەیرانی ١٩٨٥ دا بوو، کاتێک گروپێک ئەفسەر ئاشکرا

کران، کەنێوی ئەفسەرە نیشتیمانپەروەرەکان) یان لەخۆیان نابوو. بڵاوکراوەیەکیان دابەشکرد بوو، تێیدا هاتبوو:" تورکیا بەرژوەندیی ئەمەریکا دەپارێزێت لەبری بەرژەوەندیی ئیسلامو، وەك ئیسرائیل بۆتە دەوڵەتێکی دژبە ئیسلام "[١٥١]. لەکانوونی دووەمی ١٩٨٦ دا بۆیەکەمجار رای گشتیی تورکیا هەستی بەهەوڵی دزەکردنی لایەنگرانی فەتحوڵا گولەن بۆ نێو قوتابخانە سەربازییەکان کرد، لەڕێگەی ئەو هەواڵەوە، کە گۆڤاری " خاڵ – Nokta " لەوکاتەدا بڵاویکردبۆوە. دامەزراوەی سەربازیی تورکیا هەستا دەرکردنی ١٠٠ خوێندکار لەقوتابخانە سەربازییەکان، کە لەئەستەمبوڵو ئیزمیرو بۆرسا بوون. هۆکاری ئاشکرای ئەمەش، ئەو قوتابیانە لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییەکان پەروەردە کرابوون، بەتایبەت کۆمەڵەی فەتحوڵا گولەن بەر لەچوونیان بۆ نێوەندی سەربازیی[١٥٢].

هەڵمەتێکی پاکسازیی لەنێو قوتابیانی نێوەندییو پەیمانگە باڵا سەربازییەکان بەسەرکردایەتی جەنراڵ نەجدەت.ئوروگ N.Örug ی سوپا سالاری تورکیا ئەنجامدرا، کەدواتر لەسەر ڕێنماییو زانیاری کەسیی ژەنەراڵ کەنعان ئێڤرنی سەرۆك کۆمار، وەك فەرماندەی هێزە وشکانییەکان دەستنیشانکرا. راستەوخۆ لیستێکی لەسەرۆکایەتی سوپاوە تایبەت بەنێوی دەرکراوان دەرکرد[١٥٣]. بەکۆتاییهاتنی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ سەرۆکی دەستەی گشتی ئەرکان دەرکردنی زیاتر لە ٧٠٠ قوتابی لەقوتابخانە سەربازییەکان لەسەر بنەمای پێوەندییان لەگەڵ ڕێکخستنە ئوسوڵییەکاندا راگەیاند[١٥٤].

لەسەر پاشخانی هەوڵی ئیسلامییەکان بۆچوونە نێو ریزی هێزە چەکدارەکانی تورکیا، ژەنەراڵ ئێڤرنو گەورە فەرماندەکانی سوپا

رەخنەو ئاگایی توندیان دایە بەئیسلامییەکان دا، بەجۆرێك راشکاوانە گوتی:" ئامانجیان گەیشتنە بەپلە بالاکان لەهێزە چەکدارەکاندا، چی روودەدات ئەگەر ئەوان جلەوی سوپا بگرنە دەست؟ ئەوا ولات بەرەو هەر جۆرێك لەسیستەم دەبەن، کەبیانەوێت. ئایا ئەمە چالاکیی ئاینییە؟ ئەمە ناپاکییە، لەبۆنەیەکیتردا ئاماژەی دا بەوەی، هیچ کەسێك ناتوانێت مەرامە چەپەلەکانی لەڕێگەی هێزە چەکدارەکانەوە بەدەستبهێنێت "، کە " لەلایەن ناپاکەکانەوە چنگ ناکەوێت "، لەئاماژەیەکدا بۆئیسلامییەکان. لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٦ لەیانەی سەربازیی لەئەنقەرە زۆرێك لەژەنەرالەکانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی بەسەرۆکایەتی ژەنەرال ئوروگی سوپا سالار کۆبوونەوەو پاداشتێکیان داناو بۆ ژەنەرال ئێڤرنیان بەرزکردەوەو تێیدا هاتبوو:" هێزە چەکدارەکان نیگەرانی قوولی خۆی لەدرێژبوونەوەی کاریگەریی مسولمانە ئوسولیەتگەراکان دەردەبڕێتو پێویستە هێزە چەکدارەکان پێشبینی ئاراستەی ئاینیی هەلکشاو بەشێوەیەکی خێرا رابگرێت ". دوای چەند مانگێك ژەنەرال ئوروگ ئاگاییەکی دا بەوەی لەتورکیا " یاساو حکومەتو دەستوور هەیەو سوپا دەزانێت چی لەسەرەو چیش دەکات "[١٥٥].

لەگەل گەشەکردنی جوولانەوەی ئیسلامیی لەتورکیا، فەرماندەی گشتیی سەربازیی چاودێریکردنی سەر ئەفسەرانی سوپای تورکیای توندکردەوەو گوێی هەلخست بۆئەوانەی خاوەنی مەیلێکی ئیسلامیی بوونو دەرکردنیان لەسوپا، ئەوەش بەئاماژەیەك هەژمار دەکرێت، کە هەولی ئیسلامییەکان بۆ دزەکردنە نێو هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەکی رێژەیی سەرکەوتوو بووە. بۆنموونە ٣٠ ئەفسەر لەهێزی ئاسمانیی لەسالی ١٩٨٩ بەهۆی بەشداریان لەجموجولی کۆنەپەرستیدا کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەی،

کەپێوەندیان بەکۆمەڵەی نوورەوە هەیەو لەکۆڕو کۆبوونەوە ئاینییەکانیاندا بەشدار بوون. لێدوانێکی فەرماندەیی گشتیی سوپای تورکیا ئەوە رووندەکاتەوە، کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٩، نزیکەی ٣٠٠ ئەفسەرێك لەماوەی چوار مانگدا رەوانەی لێکۆڵینەوە کراون. لەماوەی هەمان رۆژدا دەرکردنی ١٥ ئەفسەر لەهێزی ئاسمانیی راگەیەنرا. لەگەڵیدا پرۆسەی چاودێریکردنو دوورخستنەوەی ئەفسەرانی ئیسلامیی لەسوپا لەماوەی ساڵانی دواتردا بەدوایدا هات[١٥٦].

سەرباری بەرەنگاربوونەوەی چوونە نێوەوەی ئیسلامییەکان بۆ نێو هێزە چەکدارەکان، دامەزراوەی سەربازیی تورکیا هەڵوێستێکی توندی لەمەسەلەی پۆشینی باڵاپۆشی (حیجاب) لەلایەن کچانی قوتابیی لەزانکۆ تورکییەکان گرتەبەر. لەساڵی ١٩٨٦ دا ئێڤرن گوشاری خستە سەر ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بۆتوندبوونەوە لەمەسەلەی قەدەغەکردنی باڵاپۆشی لەزانکۆکاندا، لەکۆتایی ئەو ساڵەشدا کۆلیژی یاسا توند بوو لەجێبەجێکردنی ئەو قەدەغەکردنەدا. بەگوێرەی تێڕوانینی ئێڤرن قوتابیانی زانکۆکانو بەتایبەتی یاسا، کەدواتر بۆئێشکگرتن دادەمەزرێن بەسەر یاساکانی دەوڵەتی سێکیۆلارو دەستوورەوە، " پێویستە خاوەن روالەتێکی سێکیۆلار بن "[١٥٧]. هەروەك لەئاهەنگێك لەزانکۆی ئەستەمبوڵ لەساڵی ١٩٨٦ ئێڤرن ئەوەشی ووت:" ئێمە تێبینی دەکەین، کەرێکخراوە کۆنەپەرستییو ئاینییەکان هەڵدەستن بەبەرزکردنەوەی چالاکیی لەژێر دیاردەگەلێکی جۆراوجۆردا... ئێمە پەیگیریی ئەو پەرەسەندنانە بەچڕی دەکەین. زانکۆکانمان پێویستە ببنە پەناگەیەك دژی کۆنەپەرستییو خولیای موحافزکاریی ئاینیی "[١٥٨]. توند پێداگرتن لەسەر مەسەلەی پۆشینی باڵاپۆشی لەنێو هۆکارەکانی ئەو خۆپیشاندانانەدا بوو،

کەئیسلامییەکان لەکانوونی دووەمی ١٩٨٧ ڕێکیانخست. لەلایەکیترەوە ژەنەرالێ ئێڤرن لەکانوونی دووەمی ١٩٨٧ دا، داوای کۆڵینەوەی کرد لەخولەکانو خولی تایبەتی قورئانی کرد، بەشێوەیەك قوتابیان بنەماکانی ئیسلامیان دوور لەکەسوکاریان پێبگوترێتەوە، لەکۆبوونەوەی مامۆستایاندا ئاماژەی بەوە کرد، کەهێندێك کۆمەڵە لەژێر دروشمی کاری خێرخوازیدا هەڵدەستن بە " شتنەوەی مێشکی لاوەکانمان "[١٥٩].

بۆمان ڕوونەبێتەوە، کەهەڵسەنگاندنی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا بۆ ئەم مەترسییە یانی ئەو هەڕەشەیەی، کەبزاوتی ئیسلامیی بەرجەستی دەکات، هەڵسەنگاندنێکە، کەزێدەڕۆیی تێدایەو گوزارشتە لەو هەستیاریییە زۆرەی لای فەرماندەکانی ئەو دامەزراوەیە بەرامبەر بزاوتی ئیسلامیی هەبوو. دەتوانین لەدوو ڕووەوە نموونە لەسەر ئەمە بهێنینەوە، یەکەم، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی، کە لەتشرینی دووەمی ١٩٨٧ ئەنجامدراو تێیدا پارتی ڕەفاە، کەپارتێکی ئیسلامیی بوو، نەجمەدین ئەربەکان سەرکردایەتیی دەکرد، ڕێژەی تەنها ٧,٢٪ دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێناو بەوەش شکستیهێنا لەوەدا، کەنوێنەری لەئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیادا هەبێت، چونکە شکستی هێنا لە بەدەستهێنانی، کە لە ١٠٪ ی دەنگی پێویست بۆ نوێنەرایەتیکردن لەو ئەنجومەنەدا. تۆرگۆت ئۆزال دوای ئەو هەڵبژاردنانە ئاماژەی بۆ ئەوە کردو گووتی:" ئوسوڵگەرایی زۆر تەسکبۆتەوە هەڵبژاردنەکانیش جەختی لێدەکەنەوە. من ئایندارێکی بەپەرۆشمو هەموو ڕۆژێکی هەینی بۆ جێبەجێکردنی نوێژ دەچمە مزگەوت، دەتوان بڵێم ئەوانەی بۆئیسلام دەگەڕێنەوە لەو جۆرە دەمارگیرە نین. تورکیاش پێش هەموو شتێك وڵاتێکی سێکیۆلارە "[١٦٠]. دووەم شت، کەدەتوانین بەڵگەی لێوە بهێنینەوە لەسەر زێدەڕۆیی

دامەزراوەی سەربازیی تورکیاو هێزە سێکیۆلارەکانیتر لەئاست هەڕەشەی ئوسوڵگەرایی بۆسەر سیستەمی سێکیۆلاریزم لەوڵاتدا، لەو کێشانەیە، کەخراوەتە بەردەم دادگەی دەوڵەت، کە لەساڵی ١٩٨٤ دا دامەزراوە. لەماوەی دامەزراندنی ئەو دادگەیانەوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٧، زیادبونێك لەکێشەی کۆنەپەرستیدا هەبووە، کەخراوەتە بەردەم ئەو دادگەیانە لەژێر نێوی پێشێلکردنی مادەی ١٦٣ لەیاسای سزادانی تورکیدا.ژمارەی کێشەکان لە (٢) بۆ (٤٤) زیادیکردو کەسە تۆمەتبارەکانیش لە (٢) بۆ (١٢٨) کەس، بەتۆمەتی کارکردن لەسەر گۆڕینی سیمای سێکیۆلاریزمی دەوڵەت، بەڵام ٧٠٪ لەو کێشانە لەئەستەمبوڵ لەلایەن دادگەوە رەتکرانەوە لەبەردەستەبەر نەبوونی بەڵگە[١٦١].

هەرچی تایبەت بێت بەحکومەتی پارتی دایکی نیشتیمان بەسەرۆکایەتی تۆرگۆت ئۆزال، کەهاوسۆز بوو لەگەڵ بزاوتی ئیسلامیو ئاسۆی نوێو فراوانی لەبەردەمدا کراوە بوو، دامەزراوەی سەربازیی تورکیا هیچ رێو شوێنێکی وای نەگرتەبەر، کە ئەو حکومەتە لاواز بکات، بەڵام ژەنەراڵ ئێڤرن زۆر سوور لەسەر جەختکردنەوە لەبەرهەڵستیکاریی بەهێزی هەر هەوڵێك، کەئامانجی لەنێوبردنی سیستێمی سێکیۆلاریی کەمالیزم بێت، بەڵام ئاشکرا بوو، کەدەیویست هاوکاریی حکومەتەکەی ئۆزال بکات لەبری ئەوەی هێرش بکاتە سەری. ئێڤرن دڕدۆنگ بوو لەئامانجی پێشبینیکراوی شکستی ئەو حکومەتە، بەگوێرەی ئەوەی، کە نێوبراو باسیکردووە بەکۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٨٥ زۆر ڕوون دەبێ، کەهەردوو پارتە سیاسییە نزیکەکان لەدامەزراوەی سەربازیی (پارتی دیموکراتیی نیشتیمانیی)و (پارتی میللیی) مەحکومن بەشکست[١٦٢]. بۆئەوەش کەوتنی حکومەتەکەی ئۆزال واتە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن سلێمان دێمرئەلو ئەردالّ

ئینونۆوە دەبێت[١٦٣]، یان پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی لاواز، کەکارێکی زور خراپ دەبێت. بۆئەوە سەرەڕای گومانی ئێڤرن لەئۆزال بەهۆی ئەو سازشانەی، کە بۆئیسلامییەکانی دەکرد، بەڵام وایدەبینی، کەحکومەتەکەی پاڵپشتییەکی میللی هەیەو تێڕوانینەکانی لەمەسەلەی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر هاوتایە لەگەڵ تێڕوانینی دامەزراوەی سەربازیدا[١٦٤].

دەتوانین هۆکارێکی دیکە بۆ هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی لەحکومەتەکەی ئۆزالدا زیاد بکەین، ئەویش ئەوە بوو، کەئۆزال دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٣ دا، کاری لەسەر گێڕانەوەی متمانەی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا کرد، کە (تورە بوو لەبڕیاری ئۆزال بۆپێکهێنانی پارتی دایکی نیشتیمان لەسالّی ١٩٨٣) لەرێگەی هێشتنەوەی هەژموونی بەسەر بڕیارسازیی لەمەسەلەکانی ئاسایشیی نەتەوەیی لەلایەك‌و، راوەستان لەتەنیشت دامەزراوەی سەربازیی دژی ئەو رەخنانەی ئاراستەی دەکرا یان داواکردنی لێپرسینەوە لەئەندامانی ئەو دامەزراوەیە لەسەر ئەو سنوور بەزاندن‌و تاوانانەی، کەدەگوترا ئەوان لەکاتی فەرمانڕەوایی سەربازیدا ١٩٨٠– ١٩٨٣ ئەنجامیانداوە[١٦٥].

یەکێك لەکۆڵەران باس لەوە دەکات، کەبڕیاری ئەنجومەنی خوێندنی باڵا لەلەسالّی ١٩٨٦ بەقەدەغەکردنی حیجاب لەزانکۆکانداو کاردانەوە لەسەر ئەو خۆپیشاندانانەی، کە لەکانوونی دووەمی ١٩٨٦ دا رووبداو هاندان سەبارەت بەو مەسەلەیە، کێشەگەلێکی بۆحکومەت دروستکردو ئۆزالی ناچار کرد، کەپشتگیریی لە پۆشینی حیجاب دەکرد، پاشەکشە بکات‌و بچێتە ژێر گوشاری فەرماندەکانی دامەزراوەی سەربازییەوە و ئەو

ئەندامانە لەپارتەکەی لەتەمموزی ١٩٨٧ دەربکات، کەخاوەن خولیای ئیسلامیی بوون[١٦٦]. بەڵام لەقۆناغی دواتردا ئۆزال توانی دەسەڵاتی مەدەنیی بەسەر دەسەڵاتی دامەزراوەی سەربازیی تورکیادا زاڵ بکات، بەشێوەیەکی ئاشکرا وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا.

ئەو جیاوازییەی دەبێت باسبکرێت ئەوەیە، کەدامەزراوەی سەربازییو دامو دەزگە ئاسایشییەکانی دیکەی تورکیا، کەهەڵوێستیان توند بوو لەئاستی جووڵانەوەی ئیسلامیی خاوەن ئاراستەی میانڕۆ، بەڵام دژدۆنگ نەبوون لەهاوکاریی‌و یارمەتیدانی حزبوڵا لەباشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات بۆ بەگژاچوونەوەی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و ئەوانەی دیکەش، کەهاوسۆزیان بوون لەلایەک، یان چالاکوانە ئیسلامییە رکابەرەکان، بەگوێرەی ئەوەی، کە لەزۆرێک لەسەرچاوەو ڕاپۆرتەکاندا هاتووە. لەهاوینی ١٩٩١ هوە ، کردەکانی تیرۆرکردنی ڕێکخراو لەباشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات دەستیپێکردو گەیشتە ٢٢٥ کردە، تاوەکو کانوونی دووەمی ١٩٩٢، بەگوێرەی یەکێک لەڕاپۆرتەکان. ڕاپۆرتێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ساڵی ١٩٩٢ نزیکەی ٣٦٠ کردەی تیرۆرکردن لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ڕوویدا کە بکەرەکانیان نادیار بوون، لەوانە ١٤٠ یان بەتەنها لەشاری باتمان بووە. ژمارەی ئەو کردانە زیادیکردو بۆ نێوچەکانیتری وڵات درێژبۆوەو خەڵکانی دیکەش لەئیتنی تورکیی گرتەوە، بەجۆرێک لەساڵی ١٩٩٣ گەیشتە ٥١٠ کردە[١٦٧]. بەڵام کردەکانی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان بەنزیکەیی دوای ئەو ڕێکەوتنامەیەی، کە لەنێوان ئەوان‌و حزبوڵا لەئازاری ١٩٩٣ پێی گەیشتن ڕاوەستا[١٦٨]. ئەوانەی، کەتیرۆرکردنی " بکەر نادیار Cinayetler Araştirma Komisyonu "، یان پێگەشت، زۆرێک لەنووسەرو ڕۆژنامەنووسانی

کوردو هاوسۆزانی جوولآنەوەی نەتەوایەتی کورد بوون، لەگەڵ چالاکوانانی مافی مرۆڤو چەپڕۆو سەندیکاییەکان، یان ئەو نوسەرانەی، کەپێوەندییەکانی حزبولآیان بەهێزو دامەزراوە ئاسایشییەکانی تورکیاوە ئاشکرا کردو هەڵمالّی. بەهۆی ئەو پێوەندییەوە حزبولآ بەنێوی " پارتی کۆنترا – Hizbul-kontra " لەلایەن دانیشتووانی باشووری رۆژهەلآتی تورکیاوە دەناسرا(١٦٩).

هێندێك وردەکاریی پێوەندییەکانی دامەزراوەی سەربازییو هێزو دامەزراوە ئاسایشییەکانی دیکەی تورکیا، لەگەڵ حزبولآدا دوای رووداوی تیرۆرکردنی ئوغور مومجو لەکانوونی دووەمی ١٩٩٣و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمانی لەشوباتی ئەو ساڵەدا دەرکەوت، کە بۆ لێکۆڵینەوە لەکردەکانی تیرۆرکردنی بکەر نادیار پێکهاتبوو. راپۆرتی ئەو لیژنەیە، کە لەنیسانی ١٩٩٥ دا بڵاوکرایەوە لایەنەکانی ئەو پێوەندییەی، لەوانەش پێشکەشکردنی یارمەتی لەلایەن سوپای تورکیاوە بۆ سەربازگەی راهێنانی ئەندامانی حزبولآ لەنێوچەی باتمان ئاشکرا کرد بوو، لەگەڵ دزە کردنی چەك و تەقەمەنی بۆپارتی نێوبراو. هەروەها ئازادکردنو بەرهەڵداکردنی زۆرێك لەئەندامانی ئەو پارتە دوای قۆڵبەستکردنیانو جگە لەوانیش(١٧٠). بەگوێرەی ئەو زانیاریەی، کە لەگفتوگۆی یەکێك لەرۆژنامەوانە تورکییەکان لەگەڵ فیکری ساگلار F. Saglar، کەپێشتر وەزیری رۆشنبیریی بووە لەحەوتەمین حکومەتی سلێمان دێمرئەل لەنێوان تشرینی دووەمی ١٩٩١ و ٢٥ی ئایاری ١٩٩٣ دا هاتووە، کەئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا لەساڵی ١٩٨٥ دا بڕیارێکی دەرکردووە بەراهێنانی ئەندامانی حزبولآ لەهێندێك لەیەکە سەربازییەکاندا(١٧١).

راوەستانی حزبوڵا لەدژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان دوای رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٩٣، بووە هۆی هەڵکشانی کردەکانی بەسەردادانو قۆڵبەستکردن دژی حزبوڵا لەلایەن هێزە ئاسایشییەکانی تورکیاوە[١٧٢]. لە ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ سەرۆکی پارتەکە حسێن وەلی ئۆغلو بەهۆی بەسەردادانی ئەو کۆشکەی، کەتێیدا نێشتەجێ بوو لەدەوروبەری ئەستەمبوڵ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە کوژرا، دوای ئەو پرۆسەیە یەکێك لەبەڕێوەبەرانی دەزگەی سیخوڕیی تورکیا" MIT " رایگەیاند، کەدەوڵەت ئەگەر هەڵنەسابێت بەدامەزراندنی حزبولای تورکیی، ئەوا جڵەوی بۆ شلکردووە لەپێناوی تێسرەواندنی هەردوو هێزە گەورەکە لەباشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، کەبریتی بوون لە پارتی کرێکارانی کوردستانو حزبوڵا یەك بەیەکتری[١٧٣].

لەگەڵ ئەوەی، کەدامەزراوەی سەربازیی تورکیاو زۆرێك لەبەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا ئەو تۆمەتانە بەتوندی رەتدەکەنەوە، بەڵام تانسۆ چیللەر، کەسەرۆکایەتی پارتی رێگەی راستو سەرۆکایەتی حکومەتی لەحوزەیرانی ١٩٩٣ دا گرتە دەست دوای ئەوەی، کەسلێمان دێمرئەل سەرۆکایەتی کۆماری گرتە دەست، لەسەر ئەوەی رۆژنامەکان لەساڵی ١٩٩٣ دەربارەی دزە کردنی چەکو تەقەمەنی لەحکومەتی تورکیاوە بۆ حزبوڵا کۆمێنتی داو گووتی:" بەڵێ، ئەو کارە تایبەت بەرادەستکردنی ئەو چەکو تەقەمەنییە بەئیمزای من بووەو ئێمە بڕیارماندا، کەتیرۆر (مەبەست پێی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو) بریتییە لەکێشەی سەرەکییو هەر شتێك پێویست بکات بۆ راوەستاندنی بگیرێتەبەر".هەروەها وتیشی:" سوپا سالارو دەسەلاتداران (پارێزگەکان)و پۆلیس لەوکارەدا هاوبەشبوون "[١٧٤].

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

(1) لەو هەڵبژاردنەدا پارتی نیشتیمانی دایك ٣٦,٢٩٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام ٦٤,٩٪ی کورسییەکانی پەرلەمان (واتە ٢٩٢ کورسی)، لەکاتێکدا بردنەوەی بە ٤٥٪ی دەنگەکان لەهەڵبژاردنی ١٩٨٣ تەنها ٢١١ کورسی بۆ مسۆگەر کرد، ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ راستی ئەنجامدانی چوار تەعدیلات لەیاسای هەڵبژاردنەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣– ١٩٨٧و، ئەو تەعدیلاتانە لەبەرژەوەندی پارتی نیشتیمانی دایك بوو، بەزۆربوونی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی لەپەرلەماندا لەسەر حسابی پارتە بچووکەکان، کەشکستیان هێنابوو ١٠٪ ی دەنگەکان بەدەستبهێنن، بەمەش هیچ نوێنەرایەتییەکیان بەدەست نەهێنا. بڕوانە أحمد ، صنع ترکیا الحدیثە ، ل ٤٤١.

(2) Ziya Oniş , Turgut Özal and his Economic Legacy : Turkish neo-Liberalism in Critical Perspective , P. 1 . home.ku.edu.tr/~zonis/onis-ozal

(3) Sylvia Kedourie , Seventy Five Years of the Turkish Republic (Portland – Frank Cass Publishers – 2000) PP. 136-137

(4) فیلیب روبنس، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

(5) بۆ زیاتر وردەکاریی دەربارەی کەسێتی ئۆزاڵو ئەو ڕەگەزانەی کارئاسانیان کرد لەپێکهێنانیدا بڕوانە، " Oniş , op. cit , PP. 4-6 ; Feride Acar , Turgut Özal : Pious Agent of Liberal Transformation " in , Metin Heper & Sabri Sayari , Political Leaders and Democracy in Turkey (Lanham – Lexington Books – 2002) PP. 163-170

(6) Berdal Aral " Dispensing with Tradition ? : Turkish Politics and International Society During the Özal Decade 1983-1993 ." Middle Eastern Studies , vol. 37 , No.1, January 2001 , P. 72

(7).Yavuz , Islamic Political Identity , P. 141 .

جێگەی ئاماژە پێکردنە، کەژەنەڕاڵ کەنعان ئێڤرن لەیاداشتەکانیدا لەم دواییانەدا وتوویەتی ئەگەر بیزانیایە ئۆزال پێوەندیی بەرێبازی نەقشبەندییەوە هەیە، رێگەی بەدامەزراندنی پارتی نیشتیمانی دایك نەدەدا، بڕوانە، Hale , Turkish Politics and the Military , P. 298

(8) Öniş , op. cit , P. 6 ; Bernard Reich (ed.) , Political Leaders of the Contemporary Middle East and North Africa (Connecticut – Greenwood Press Inc. – 1990) P. 396.

(9) Salt , op. cit , P. 17

(10) الطحّان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

(11) Acar , op. cit , P. 164 .

(12) Sedat Laciner , " Turgut Özal Period in Turkish Foreign Policy : Özalism ." Turkish Weekly , Monday , 9 March 2009

http://www.turkishweekly.net

(13) Acar , op. cit , P. 174 .

(14) Laciner , op. cit .

(15) Acar , op. cit , P. 168 .

(16) بۆزیاتر وردەکاریی بڕوانە Laciner , op. vit ; Aral , op. cit , PP. 72-84 . (17) Öniş , op. cit , P. 6

(18)معوچ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨ " Hale , Turkish Politics and the Military , P. 277 .

(19) Sencer Ayata , " Patronage , Party and State : The Politicization of Islam in Turkey ." Middle East Journal , vol. 50 , No. 1 , (Winter – 1996) P. 45

(20) روبنس ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(21) النعيمي ، الحركات الإسلامية الحديثة ... ، ل١٨٣.

(22) Acar , op. cit , 168

(23) محمد العادل ، " قراءة في أبرز النجاحات والإخفاقات في المسيرة السياسية للحركة الإسلامية في تركيا " کۆڵینەوەیەك، کە لە کۆڕی " الحركات الإسلامية المشاركة في المؤسسات السياسية في البلاد العربية وتركيا " پێشکەشکراوە، مەراکیش ،١٦–١٧،حوزەیرانی٢٠٠٦

http://www.syriakurds.com/2007/derasat/der008.html

(24) Aral , op. cit , P. 72

(25) Ibid.

(26) Yavuz , Islamic Political Identity , P. 79 .

(27) لەبنەڕەتدا ئەوانە ئەندامی پێشوو بوون لەپارتی سەلامەی نیشتیمانی یان پارتی جوولانەوەی نەتەوەیی، یان هاوسۆز بوون لەگەڵ ئەم پارتە یان هیتر. ئەندامانی پێشوو لەپارتی سەلامەی نیشتیمانی یان هاوسۆز بوونایە لەگەڵی و پێوەندییان بەپارتی نیشتیمانی دایکەوە بکردایە بەناوی : سەلامەتییەکان— Selametçiler دەناسران، لەکاتێکدا ئەندامانی پێشوو لەپارتی جوولانەوەی

نەتەوەیی یان لەگەڵی هاوسۆز بوونایە بەناوی " بزاڤییەکان– Hareketçiler– یان تێکۆشەرە نەتەوەییە سەرلەنوێکان– Yeniden Milli Mücadeleciler " دەناسران، ناکۆکیی لەنێوان هەردوولادا هەبوو، کە کاریکردبۆوە سەر پەیوەندییەکانی پارتی نیشتیمانی دایك‌و، ئۆزال هەوڵیدا بەسەرخستنی " ئاوێتەکردنی تورکیی– ئیسلامیی " چارەسەری ئەو کێشەیە بکات‌و وەك هەڵوێستی پارتەکە تەبەنی بکات. بڕوانە، Yeşilada , op. cit , PP. 364-365.

(28) Zürcher , Turkey : A Modern History , P. 288 .

(29) نیلوفر غول ، " المطلب الديمقراطي للإسلام التركي، " شؤون الأوسط "، ذ(٦٤) ، ئابي ١٩٩٧ ، ل ٦٠.

(30) Yavuz , Political Islam , P. 69 ; Karakas , op. cit , P. 20 .

(31)نور الدين ، تركيا : الصيغه والدور ، ل ٦٧.

(32) بۆوردەکاریی زیاتر دەربارەی مەسەلەی بالاپۆشییو هەڵوێستی پارتی نیشتیمانی دایك لەهەشتاکاندا، بڕوانە نورالدین ، حجاب وحراب ، ل ١٦٤–١٦٥.

(33) Karman , op. cit , P

(34) Salt , op. cit , PP. 18-19 .

ئەم نموونەیە مانای کورتبوونەوەی بایەخی دەرچووانی قوتابخانەکانی " پێشنوێژو گوتاربێژان " نییە بەسەر " زانستە سیاسییەکان‌و کارگێڕیدا بەتەنها، قوتابخانەکانی " پێشنوێژو گوتاربێژان "و رێکخراوە ئیسلامییەکان، کەدەرفەتی خوێندن بۆ خوێندکارانی خوێندنی بالا دەڕەخسێنن، هەوڵدەدەن گەورەترین ژمارە، کەبکرێت بنێرنە زانکۆکانەوە، ئەوەش دەبێتەهۆی بوونی قوتابیانی ئیسلامیی لەکۆلێژەکانی ئەندازیاریی‌و یاساو پزیشکیی‌و بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان‌و جگە لەوانیش. بەیارمەتیی رێبازە سۆفیگەرییە کاریگەرەکان ئەوانە لە بەشی دادگەو، دەزگاکانی

پۆلیسو ئاساییش، یاخۆ وەك ئەندازیار یان ئابووریناس لەدەزگا بیرۆکراسیەکانی دەوڵەتدا. هێندێك وادەبینن، کە ئەمە وێنای بەشێك لەستراتیژییەتی گشتیی سەرجەم رێکخستنە ئیسلامییەکان دەکات، کە پلە پلە ئامانجی بەئیسلامیکردنی دەوڵەتە، بڕوانە op.cit, P. 48. Ayata

(35) Lapidot , op. cit , P. 72 .

(36) لێرەدا مەبەست قوتابخانەو خولەکانی قورئانی پیرۆزە، ئیتر بەدرێژایی ساڵ بێت یاخۆ تەنها لەوەرزی هاوین، کەرێژەیەکی گەورەی لەهەشتاکاندا بەخۆوە بینی، بەشێوەیەك ژمارەکەی گەیشتە ٤٧١٥ قوتابخانە، کە تێیدا ١٥٥،٤٠٣ قوتابی بەهەردوو رەگەزەکەوە لەساڵی خوێندنی ١٩٨٨– ١٩٨٩ دەیانخوێند. بەڵام سەبارەت بە مزگەوتەکان ئەوانەی نوێژی هەینیان تێدا دەکرا، ژمارەیان زیادیکرد لە٥٤،٦٦٧ بۆ ٦٢،٩٤٧ لەساڵی ١٩٨٨، بڕوانە Lapidot P. 63 ..op.cit,p.72.,

(37) Ibid , (38) Haward , op. cit , P. 169 .

(39) Graham Fuller , The New Turkish Republic : Turkey as a Pivotal State in the Muslim World (Institute of Peace – Washington – 2008) P. 40

(40) کرامر ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

(41)بۆزیاتر بڕوانە،أحمد ، صنع ترکیا الحدیثة ، ل ٤٥٧–٤٧٦ " Fuller , op. cit , 40-41 .

(42) Sebnem Gumuscu , Economic Liberalization , Devout Bourgeoisie and Changes in Political Islam : Comparing Turkey and Egypt (EUI Working Papers – RSCAS 2008/19 – Mediterranean Programme Series) P. 4

(43) Dietrich Jung and Wolfango Piccoli , Turkey at Crossroads (London – Zed Books – 2007) P. 141 .

(44) Ziya Öniş , " The Political Economy of Islamic Resurgence In Turkey : The Rise of the Welfare Party in Perspective " , Third World Quarterly , vol. 18 , No. 4 , September 1997 , P. 751 .

(45) أحمد ، صنع تركيا الحديثة ، ل٤٦٣.

(46) Filiz Baskan , " The Political Economy of Islamic Finance in Turkey : The Role of Fethulla Gülen and Asya Finance " in , Clement M. Henry & Rodney Wilson , The Politics of Islamic Finance (Edinburgh – Edinburgh University Press – 2004) P.224 .

(47) Emin Baki Adaş , " Culturalizing Economies , Economizing Cultures : Religion and Entreprenurship in Turkey " , University of Gaziantep Journal of Social Sciences , 7(1) , 2008 , P. 168

(48) محمد نور الدين ، " المواجهة بين الرفاه والعسكر : التباسات الديمقراطية والهوية "، شؤون الأوسط ، ذ(٦٤)، ئابي١٩٩٧ ، ل٣٥.

(49) Haldun Gülalp , " Globalization and Political Islam : The Social Bases of Turkey's Welfare Party " , International Journal of Middle East Studies , vol. 33 , No.3 , (August – 2001) P. 437

(50) Gumuscu , op. cit , P. 2 .

(51)کورتکراوەی ناودێرکردنەکە Müstakil Sanayiçi ve Işadamlari :
Derneği

(52) Gumuscu , op. cit , P. 5 .

(53) Adaş , op. cit , P. 168

(54) Ergun Özbudun and E. Fuat Keynan ," Cultural Globalization in Turkey :Actors , Discourses , Strategies " , in , Peter L. Perger & Samuel P. Huntington , Many Globalizations , Cultural Diversity in the Contemporary World (U.S.A – Oxford University Press – 2002) P. 307

(55) Gumuscu , op. cit , PP. 5-6 .

(56) کۆمپانیای کۆمباسان نوێنەرایەتی سەرمایەی زیاتر لە ٣٠,٠٠٠ی لەکارئاسانیکەران‌و زۆرێك لەو کرێکارە تورکە کۆچەرییانەی دەکرد، کە لەئەڵمانیا کاریان دەکرد، Öniş , The political Economy of Islamic Resurgence … , P.758 .

(57) لەرێگەی ئەو ژمارانەی، کە لەرێنمایی مۆسیاد دا بۆسالّی ١٩٩٥ هاتووە دەربارەی کۆمپانیا ئەندامەکان لەرایەڵەی نێوبراو، جگە لەوانەی، کە بەدیاریکراوی مێژووی دامەزراندنیان نازانرێت، ئەوە روونەدەبێتەوە، کە ٢٨ کۆمپانیایان پێش سالّی ١٩٥٠ دامەزراون‌و، ٤٢ کۆمپانیای دیکە لەنێوان سالّانی ١٩٧٠– ١٩٧٩، لەکاتێکدا ژمارەی کۆمپانیاکان، کە لەنێوان سالّانی ١٩٨٠– ١٩٨٩ دامەزراون کەیشتۆتە ٧٣٩، ئەوانەی دوای سالّی ١٩٩٩و تا دیرۆکی دەرچوونی ئەو رێنماییە ٥٨٩ کۆمپانیا بووە، بڕوانە، Gumuscu , op. cit , P. 6 .

(58) zbudun& Keynan , op. cit , P. 308 . Ö

(59) Öniş , The Political Economy of Islamic Resurgence … , P. 759 .

(60) Cihan Tuğal , " Islamism in Turkey : Beyond Instrument and Meaning ." , Economy and Society , vol. 31 , No. 1 , February 2002 , P. 92 .

(61) Gilles Kepel , Jihad : The Trail of Political Islam (London – I. B. Tauris Publishers – 4th ed. – 2006) P. 353

(62) Gürbey , op. cit , P. 14 .

(63) Karakas , op. cit , P. 20 .

(64) Adaş , op. cit , P. 168 .

(65) Baskan , op. cit , P. 224 پشکی سەرمایەی سعودیی لە " دامەزراوەی فەیسەڵ بۆ پارەدارکردن " گەیشتە " ٩٠٪ و، لە " خانەی بەرەکە "، ٨٠٪، بڕوانە

میثاق خیر الله جلود ، العلاقات الخلیجیة – التركیة ١٩٧٣–١٩٩٠ (جامعة الموصل – مركز الدراسات الإقلیمیة – ٢٠٠٨)،ل ١٩٩.

(66) Baskan , op. cit , P. 225 . بۆزیاتر بڕوانە،هەمان سەرچاوە، ل ١٩٩–٢٠٠ “

(67) Akin &Karasapan , The Rabita Affair , P. 15 .

(68) السید ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩.

(69) Baskan , op. cit , PP. 224-225 . هەمان سەرچاوە،

(70) هەمان سەرچاوە، ل٣٣٠.

(71) Ayata , op. cit , PP. 44-45 .

(72) Roy and Others , op.cit, P. 370

(73)سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمی ئۆزالدا گۆڕانکاریی جەوهەریی بەرەو دیموکراسییەت بەدی نەهات، بەڵام ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین، کەسیاسەتەکانی ئۆزاڵو حکومەتەکەی، تائاستێکی دیاریکراو کۆتو پێوەندە سەپێنراوەکانی لەسەر ئازادییە سیاسییەکان لەوڵاتدا کەمکردەوە لەگەڵ ئەوەی، کەگەڕانەوەی تورکیا بۆ دیموکراسییەت دوای ساڵی ١٩٨٣ وردە وردە بوو، سوپا بەسەر پرۆسەی گواستنەوەکەدا زاڵبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی لیبراڵیزەکرنی" Liberalization " سیاسیی، ئۆزال رۆڵێکی سەرەکیی گێڕا لەدووبارەگێڕانەوەی دامەزراوەکانو پرۆسەی دیموکراسیی. (Reich mop. cit , P. 398 .). کۆتو پێوەندەکان لەسەر پارتە سیاسییە نوێکان هەڵگیرا، هەروەك ئەو کۆتو پێوەندانەشی پشتگوێخست، کەدەستووری ساڵی ١٩٨٢ بەسەر رۆیشتنی پەرلەمانتاران لەپارتێکەوە بۆ یەکێکیتر سەپاندبووی. هێندێك یاسا تێپەڕێنران، کە رێژەیی رێگەیان بەبەستنی کۆبوونەوەی گشتی یاخۆ رێکخستنی خۆپیشاندانو پێکهێنانی کۆمەڵەو، پێشکەشکردنی لێخۆشبوونی یاساییو دەستەجەمعی دەدا، کە کاروبارگەلێکی قەدەغەکردبوو لەڕووی یاساییەوە دوای کۆدەتای ١٩٨٠. هەروەك ماوەی دەستبەسەرکردن یاخۆ راوەستاندن بەهۆی گومانکردن لە ٩٠ رۆژەوە بۆ ١٥ رۆژ کەمکرایەوە (Kedouri , op. cit , P. 137.). هەروەها ئۆزال ئەندامانی پێوەندیی سەربازیی لەوەزارەتەکاندا بەکارگێڕانی مەدەنی ئاڵوگۆڕکرد(Karabelias , op. cit , p. 137)، هەروەك بانگەوازی بۆ ئەنجامدانی راپرسییەکی میلللی کرد بۆ دەستکاریکردنی دەستوور، ئەوەی، کەتایبەت بوو بەقەدەغەی سەپێنراو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەسەر سیاسەتووانانی پێشوو، وەك ئاماژەی پێدرا. لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٨٧ راپرسییەکە ئەنجامدراو ٥٠,٢٤٪ رازیبوون لەسەر دەستکاریکردنی دەستوورو گەڕانەوەی سیاسەتووانانی پێشوو، بەوەش دەمیرئەل‌و ئەجەویدو ئەربەکانو جگە لەوانیش بۆکاری سیاسیی

گەڕانەوە (Zürcher , Turkey , A Modern History , P. 284) “ . Karakas , op. cit , P. 21 . دوای کەمکردنەوەی دەسەلاتی سەرباز لەساڵی ١٩٨٧ەوە، ئۆزال رۆڵێکی راستەوخۆی هەبوو لەهەڵوەشانەوەی هێندێك مادەی یاسای سزادانی تورکیی (مادەکانی ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٦٣). ئەوەش لەساڵی ١٩٩١. ئەو مادانە کۆتو پێوەندییان بەسەر ئازادیی هزریی‌و دامەزراندنی کۆمەڵە لەلایەن پشتیوانانی بیروبۆچوونی ناتورکیی‌و چەپڕۆیاخۆ ئاینیی دەسەپاند.(Acar , op. cit , P.176). هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە پلە بەپلانەیەدا یاسای ئەحکامی عورفی هەڵگیرا، کە لەکۆدەتای ساڵی ١٩٨٠ سەپێنرابوو. لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٤ دا لە ١٣ پارێزگە هەڵگیرا، بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٨٥ ئەحکامی عورفی لە ٥٠ پارێزگە لەکۆی ٦٧ پارێزگە هەڵگیرا، لەساڵی ١٩٨٨یشدا لەسەر ئەستەمبوڵ هەڵگیرا، بەڵام ئەحکامی عورفی لە ٨ پارێزگەی کوردیدا بەدرێژایی سەردەمی ئۆزال مایەوە.(Haward , op. cit , P. 168 .).

(74)رضوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥ “ Karakas , op. cit , P. 20.

(75)کرامر، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

(76) Brian Silverstien , " Sufism and Modernity in Turkey : From the Authentcity of Experience to the Practice of Discipline ." in , Martin Van Bruinessen & Julia D. Howell , Sufism and the " modern " in Islam (London – I.B. Tauris – 2007) P.53 .

(77) Ayata , op. cit , P. 51 . دانیشتووانی شارەکان بەخێراییەکی گەورە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٩٠ زیادیان کرد، لەکاتێکدا ڕێژەی دانیشتووانی شارەکان لەساڵی ١٩٦٠ بریتی بوو لە ٣٢٪ ، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەساڵی ١٩٩٠ بۆ ٥٩٪

بازیدا، بەوەش رێژەی دانیشتووانی شارەکان لەتورکیا لەرێژەی دانیشتووانی لادێ بۆ یەکەمجار لەهەشتاکاندا بەرزتر بۆوە. Gülalp , op. cit , p. 441

(78) Reich , op. cit , PP. 398-399 .

(79) Jung &Piccoli , op. cit , PP. 112-113 .

(80) Mehmet Odekon , The Costs of Economic Liberalization in Turkey (New Jersey- Rosemont Publishing & Printing Corp. – 2005) P. 18 .

(81) دەگەڕێتەوە بۆ شێخو زانای خواپەرستو تەسەوف عەبدولقادری کوڕی عەبدولّای گەیلانی، لەسالّی ٤٧١ ك/ ١٠٧٨ ز لەگەیلان(جیلان)، کەدەکەوێتە بەشی باشووری دەریای قەزوین لەدایکبووەو، لەسالّی ٤٨٨ ك/ ١٠٩٥ ز بۆ بەغدا رۆیشتووە، بەشێوەیەك پێوەندیکردووە بەشێخانی زانستو تەسەوفەوە تێیداو، مومارەسەی خوێندنو فەتوای لەبەغدا کردووەو، لەسالّی ٥٦١ ك/ ١١٦٥ ز کۆچی دوایی کردووە.

(82) Erkan Akin & Ömer Karasapan , " Turkey's Tarikat " Middle East Report , No. 153 (July – August – 1988) p.16

(83) . Ibid

(84) Yavuz , Towards an Islamic Liberalism … , PP. 593 , 595 .

(85) Angel Rabasa , The Muslim World after 9/11 (Santa Monica – The Rand Corporation – 2004) . P. 352 .

(86) Yavuz , Towards an Islamic Liberalism … , P. 593 .

(87) Ibid , PP. 594-595 ; Bulent Aras , " Turkish Islam's Moderate Face ." Middle East Quarterly , vol. V , No. 3 , September – 1998

www.meforum.org/404/turkish-islams-moderate-face

(88) Jenny B. White , " The End of Islamism ? Turkey's Muslim hood Model ." in Robert W. Hefner (ed.) , Remaking Muslim Politics : Pluralism , Contestation , Democratization (New Jersey – Princeton University Press – 2005) P. 92

(89) Rabasa , op. cit , P. 352 .

بۆزیاتر زانیاریی دەربارەی تۆڕی قوتابخانەکانی بڕوانەنور الدین، حجاب وحراب، ل ٢٤٦–٢٤٨.

(90)Yavus , Towards an Islamic Liberalism … , PP. 595-596

(91) White , op. cit , P. 92 .

(92) بۆزیاتر وردەکاریی بڕوانە، السید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤–٢٠٨.

(93) Rabasa , op. cit , P. 352 .

(94) Aras , Turkish Islam Moderate Face .

(95)فرید هولیدای ، دراسات شرق أوسطیة ، وەرگێڕانی (أحمد رمو)، دمشق،بلاوکراوەکانی(خانەی عەلادین)، ٢٠٠٤،ل ١٧٨.

(96)السید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

(97)نور الدین ، حجاب وحراب ، ل ٢٤٥ " أفراح ثائر جاسم حمدون ، الحرکات الإسلامیة في ترکیا ١٩٨٠ – ٢٠٠٢ :کۆلێنەوەیەکی مێژویی– سیاسییە، تێزی دکتۆرا– کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی موسڵ، ٢٠٠٨، ل ٦٤.

(98) Rusen Çakir , The Re-emergence of Hizbollah in Turkey (The Washington Institute for Near East Policy – Policy Focus , 74 – September – 2007) P. 3

(99)بۆ زیاتر وردەکاریی دەربارەی بیروبۆچوونی سێکیۆلاریی میدیای تورکیی لەماوەی سەردەمی کەمالییەوەو، دیارترین دامەزراوە میدیاییە پشتیوانیکەرەکانی سیستێمی سێکیۆلاریزم (دامەزراوەی حوڕییەت، کەهەڵدەستا بەدەرکردنی رۆژنامەی حوڕییەت Hurriyet لەساڵی ١٩٤٧ هەوەو رۆژنامەی میلییەت Milliyet لەساڵی ١٩٥٧ هەوە و خاوەنی وێستگەی رایۆدییو کەناڵی تەلەفزیۆنی بوو، لەگەڵ دامەزراوەی سەباح Sabah، کە ٨ رۆژنامەی دەردەکردو خاوەنی وێستگەی رادیۆییو کەناڵی تەلەفزیۆنیی بوو)و، پێوەندی نێوان ئەو دامەزراوانەو گەورە سەرمایەدارانی سێکیۆلاری تورك بڕوانە، إبراهيم الداقوقى ، " الإعلام التركي بين الحرية والإرهاب " . گۆڤاری(قضايا دولية)ی پاکستانی، ژ(٣٦٣)، ساڵی حەوتەم، ١٦ی دیسەمبەری ١٩٩٦، ل ٢٢ "

Ahmet Uysal , " Media and Religious Reform in Turkey ." GMJ : Mediterranean Edition 3 (1) , Spring – 2008 , PP. 50-56

www.globalmedia.emu.edu.tr

(100) Uysal , op. cit , P. 53 .

(101)الداقوقي ، الإعلام التركي بين الحرية والإرهاب، ل٢٢.

(102) Ayata , op. cit , P. 50

(103) رضوان ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

(104) Ayata , op. cit , P. 50 .دەربارەی رەچاوکردنی ئیسلام لەژیانی گشتیی رۆژانە سەبارەت بەو قوتابییانەی، کە لەو شوێنانەدا نیشتەجێبوو بوون،

کەرێبازی نەقشبەندیی بۆ قوتابیانی دەستەبەرکردبوو، بڕوانە Silverstein , op. cit , PP. 49-50 .

(105) تایبەت بەبلاوکراوەکانی رێبازە سۆفیگەرییو ئاینییەکان لەتورکیا لەرۆژنامەو گۆڤار بڕوانە النعیمی، الحرکات الإسلامیة الحدیثة في ترکیا، ل ١١٧ " معوض ، سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٥–١٢٩ "، السید، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٣٢–٣٣٣ " رضوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦–٢٣٩ . , Akin & Karasapan Turkey's Tarikats … , P. 16 ; Yavuz , Towards an Islamic Liberalism …, P. 596 ; Rabasa & Larrabee , op. cit , P. 16

(106) .جگە لەرۆژنامەو چاپکراوی رێبازو گروپە سۆفیگەرییو ئاینییو، ئیزگەکانی رادیۆو کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی شوێنکەوتەیان، بلاوکراوەو ئیزگەو کەناڵی هاوشێوەی شوێنکەوتەی هێزو کۆمەڵەکانی بیروبۆچوون ئیسلامیی هەبوو. ژمارەی بلاوکردنەوەی ئیسلامیی بەگشتیی لەتورکیا لەساڵی ١٩٨٩ بە ١٢٠ لەکۆی ٣٢٠ خانەی بلاوکردنەوە خەملێنراوە، کە ٢٥٪ ی پێکڕای کتێبیان لەتورکیا دەرکردووە.(السید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣١).

بەگوێرەی ئەوەی " Turkish Daily News " لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٣ بلاویکردۆتەوە، نزیکەی ٢٩٠ خانەی بلاوکردنەوەو چاپکردن هەبووە، لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ بلاوکراوە، لەنێویدا رۆژنامەی رۆژانەو، ژمارەیەکی گەورە لەئیزگەی رادیۆییو تەلەفزیۆنی مۆڵەتپێدراوو مۆڵەتپێنەدراو، هەمووشیان بیروبۆچوونی ئیسلامییان بلاودەکردەوە. محەمەد خاکان یاوز باس لەوە دەکات، کە ژمارەی ویستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنی تایبەت لەتورکیا لەساڵی ١٩٩٤ گەیشتۆتە ٥٢٥ ویستگە، لەوانە ١٩ ویستگەی تەلەفیزیۆنیو ٤٥ ویستگەی رادیۆ، کەگروپە ئیسلامییەکان خاوەنین، ویستگەکانی رادیۆی رێبازی نەقشبەندییو کۆمەڵەی نور لەئەستەمبوڵ زۆرترین جەماوەریان هەیە، بڕوانە (MQRAL FM)، BURÇ، (AKRA

Eric Rouleau , " The Challenges to Turkey ." Foreign Affairs , vol. 72 , No. 5 , November – December 1993 , P. 119 ; Yavuz , Islamic Political Identity , P. 104

ئەوەی باسمان کرد لەرۆڵی بڵاوکردنەوەو چاپ بەسەر ژمارەیەك لەو گۆڤارو هەفتانە ماوە کورتانەدا جێبەجێ دەبێت، کە لاوانی ئیسلامیی لەنێوان سالآنی ۱۹۸۵– ۱۹۹۰ دەریان دەکردن، لەوانە " هەنگاوەکان– Adimlar "و " لەدایکبوونی سپی– Ak-doğuş " و " بانگەواز– Davet " و " دونیاو ئیسلام– – Dunya ve Islam " و " دەروازە– Girişim "و " بڕیاری کۆتایی– Son Karar " و " شەهادەت– Şehadet "و " یەکتاپەرستیی– Tevhid "و جگە لەوانیش. بڕوانە، Çakir , op. cit , P. 3

(107) Yavuz , Islamic Political Identity , P. 117 .

(108) Ayata , op.cit ,p.51

(109) Baskan , op. cit , P. 218 ; Roy & Others , op. cit , PP. 369-370 .

(110) بریتییە لەکورتکراوەیەك بۆ ناوزەدکردنی " رایەڵەی هاریکاریی یان کۆمەکی ژیانی کار– Iş Hayati Dayanişma Derneği ".

(111) Yavuz , Towards an Islamic Liberalism … , P. 596 .

(112) Baskan , op. cit , P. 218 .

(113) Akin &Karasapan , The Rabita Affair , P. 15 .

(114) بۆ نموونە بڕوانە، روبنس، سەرچاوەی پێشوو، ل ۷۰–۷۲ " معوچ ، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۱۸–۲۱۹ "

Çakir , op. cit , P. 3 ; Fuller , op. cit , P. 109

(115) Joel Beinin & Joe Strok ; Political Islam : Essays From Middle East Report (Berkely – University of California Press – 1997) P. 151

(116) Ibid .

(117) John Darnton , " Uneasy Crossroad : Discontent Seethes in Once Stable Turkey ." The New York Times , 2.3.1995

(118) زۆربەی ئەو رۆشنبیرە ئیسلامییانە سەربەخۆکان بوونو لەدیارترینیان " عەلی بۆلاچ A. Bulac و عیسمەت ئۆزال I.Özel و راسم ئوزدن ئورن R.Özdernören و عەبدورەحمان دیلیباك A.Dilipak، بەڵام لەرۆشنبیرە ژنەکان، بریتی بوون لە جیهان تۆرۆس H.Toros ، ئەو رۆشنبیرانە ژنو پیاوانە ئامادەییو کاریگەریی گرنگیان لەگۆڕەپانی فەرهەنگیی لەتورکیادا هەبوو.بەگوێرەی ئەوەی گۆڤاری " خاڵ " Nokta – ی تورکی لەژمارەی دەرکراوی لەئابی ١٩٩٣ دا بڵاویکردۆتەوە، پرۆسەی ڕوپێکردن کە لەو ساڵەدا ئەنجامدراوە، دەریخستووە، کە عەلی بۆلاج کاریگەریی گرنگی لەسەر خوێندکارانی ئیسلامیی زانکۆ لەتورکیا هەیە. بۆزیاتر دەربارەی ڕۆشنبیرانی ئیسلامیی بڕوانە Metin Heper , " Islam and Democracy in Turkey : Toward a Reconciliation ? ." Middle East Journal , vol. 51 , No. 1 (Winter – 1997) PP. 40-42 ; Göle , Secularism and Islamism in Turkey , P. 56 ; Yavuz , Islamic Political Identity , PP. 117-121

(119) تایبەت بەو فاکتەرانەی لەپشت خەسڵەتی میانڕۆییەوە بوون، کە بزاوتی ئیسلامیی بەشتیی لەتورکیا پێدەناسرایەوە، بۆنموونە بڕوانە Menderes Çinar & Burhanettin Duran " The Specific Evolution of

Contemporary Political Islam in Turkey and it's " difference " . " in Umit Cizre , Secular & Islamic Politics in Turkey (New York – Routledge Taylor & Francis group – 2008) PP.20-25 ; W.R. Regeringsbeleid & Others , The European Union , Turkey and Islam (Netherlands – Amesterdam University Press – 2004) P. 57 ; Heper , Islam and Democracy in turkey , P. 42 .

(120) Feroz Ahmed , " Islamic Reassertion in Turkey ." Third World Quarterly , vol.10 , No. 2 , Islam & Politics (April – 1988) P. 752

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بکەین بۆ پەیگیرییەکی تر، کە لە تورکیاو لەسەرەتای نەوەدەکاندا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، کە ٦٠,٧٪ گۆڕانکارییان لەرێگەی چاکسازییەوە پێباشترەو، ٢٥,٦٪ مانەوەی دۆخەکە وەك خۆی، لەکاتێکدا تەنها ١٣,٧ پشتگیریی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەیان کردووە، بڕوانە Binnaz Toprak , " Islam and the Secular State in Turkey ." in , Gigdem Balim (ed.) , Turkey : Political , Social and Economic Challenges in the 1990's (Leiden – E.J.Brill – 1995) P. 93

(121) دەربارەی ناوی ئەو کۆمەڵانە بڕوانە . Karmon , op .cit , P. 42

(122) عصمت برهان الدين عبد القادر ، " جبهة مقاتلي الشرق الإسلامي العظيم في تركيا ١٩٨٤–٢٠٠٨ "، گۆڤاری(آداب الرافدين)، ژ(٥٥) ، ساڵی ٣٣ ، ٢٠٠٩ ، ل ٢٥٦ .

(123) Jacob M. Landau , Radical Politics in Turkey زیاتر وردەکاریی دەربارەی(Leiden – Brill – 1974) PP.195-196 نەجیب فازیل کیساکۆرکو بیروبۆچوونەکانی بڕوانە Şerif Mardin , Religion , Society and Modernity in Turkey (New York – Syracuse University Press – 2006) PP. 246-259

(124) لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە تورکیا تیرۆرکردنی کەسایەتییە دەرکەوتووەکانی لەرۆشنبیرە سێکیۆلارەکان بەخۆوەبینی، موعەمەر ئاکسۆی M. Aksoy مامۆستای یاسای دەستووریو سەرۆکی پەیمانگەی یاسای تورکیی لەئەنقەرە لە ٣١ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٠ تیرۆرکراو، چەتین ئەمەج C. Emec ، رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی " حوڕییەت " لەئەستەمبوڵ لە ٧ی ئازاری ١٩٩٠و، بەحریە ئوجوك B. Ocok لەئەنقەرە لە ٢٢ ی نیسانی ١٩٩٠ دوای سێ رۆژ لەبڵاوکردنەوەی راپۆرتێك دەربارەی " سێکیۆلاریزمو ئوسوڵییەتگەرایی "، کە بەشداری لەئامادەکردنیدا کردبوو لەبەرژەوەندی پارتی دیمەکراتی میللیو، تیرۆرکردنی ئوگور مومجو U. Mumcu رۆژنامەنووس لەرۆژنامەی " جمهوریيەت " لە ٢٤ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣، جگە لەتیاچوونی زیاتر لە ٢٠ نوسەرو بریندارببوونی ٧٠ی دیکە لەحوزەیرانی ١٩٩٣ لەهێرشێکدا بۆسەر میوانخانەیەك لەئەستەمبوڵ، کە کۆنگرەی نوسەرانی تێدا گرێدرابوو بەسەرۆکایەتی نوسەری گاڵتەجارِ عەزیز نەسین A. Nesin ، کە نێوبراو هەندێکی لەکتێبی " ئایاتە شەیتانییەکان "ی بۆ سەر زمانی تورکیی وەرگێڕابوو، کە نوسەرەکەی سەلمان روشدی سوکایەتی بەکەسایەتی پێغەمبەر(د.خ) کردبوو. دەربارەی ئەو تیرۆرکردنانە بڕوانە (معوض، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤–٢١٥)، هەروەها دەربارەی تۆمەتبارکردنی بەرەکە بەتیرۆرکردنی هەریەکە لەچەتین ئەمەجو مومجو بڕوانە (Sfeir , op. cit , P. 135 .). بەرەکە بەرپرسیارێتی خۆی لەتیرۆرکردنی

شارەزایەکی کۆمپیوتەری ئەمەریکیی لەتشرینی یەکەمی ۱۹۹۱و، دیپلۆماتکارێکی ئیسرائیلی لەئازاری ۱۹۹۲ راگەیاند(Karmon , op. cit , P. 44) پارتی رەفاه، کە ئەربەکان سەرۆکایەتی دەکرد ئیدانەی تیرۆرکردنی مومجوی کردو، لەهەمانکاتدا ئەندامانی دیار لەو پارتە دەزگای سیخوڕیی ئیسرائیل (مۆساد)یان تۆمەتبار کرد، بەتەگبیری پرۆسەی ئەو تیرۆرکردنە. جێگری سەرۆکی پارتی رەفاه لەئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا لە ۹ ی شوباتی ۱۹۹۳ وتی:" تیمێك لە شەش بەکرێگیراوی مۆساد مومجویان تیرۆرکردووەو، رۆژئاوا بەرژەوەندیی لەوروژاندنی رای گشتییو دروستکردنی ئەو بیروباوەڕەدا هەیە، کە ئێران بەرپرسە لەوە. (Ibid , P. 63.)

(125)عبد القادر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣–٢٦٦ " Sfeir , op. cit , P. 135 .

(126) Werner Schiffauer , Islamism in the Diaspora : The Fasciations of Political Islam Among Second Generation German Turks (WPTC – 99 – 06 – Frankfurt / Oder) PP. 3-4

(127)حمدون ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢–١٥٣.

(128) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٤ " Rabasa &Larrabee , op .cit , P.

(129) Rabasa &Larrabee , op .cit , P. 26

(130) " حمدون ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥. Ibid .

(131) Schiffauer , op. cit , P. 4 .

(132) بۆ زیاتر وردەکاریی دەربارەی حزبولاّ بڕوانە، نور الدين ، حجاب وحراب، ل ٢٤٩–٢٥٥ "جمال كمال إسماعيل كركوكلى ، " حزب الله التركى ". گۆڤاری (آداب الرافدين) ، ژ (٤٤) ، بەشی (١) ، ئەیلوولی ٢٠٠٦ ، ل ٣٥٠–٣٦٧.

M. Kürşad Atalar , " Hizballah of Turkey : A Pseudo – Threat to the Secular Order ?." Turkish Studies , vol.7 , No. 2 , June 2006 , PP. 307-331

(133) حسێن وەلی ئۆغلو لەکرجوش لەنێوچەی باتمان لەساڵی ١٩٥٢ لەدایکبووەو، نازناوی دورماز بووەDurmaz ، پاشان نازناوەکەی گۆڕیوە بۆ وەلی ئۆغلو لەساڵی ١٩٧٨ یان ١٩٨١. دەرچووی کۆلێژی کۆلیژی زانستە سیاسییەکان بووە لەزانکۆی ئەنقەرە لەساڵی ١٩٨٠، پێشتر لەیەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی تورکدا ئەندام بووە، هەروەك لە حەفتاکاندا پەیوەندی بە رێکخستنی " Akincilar " ەوە هەبووە، کەرێکخستنێکی خوێندکاریی گرێدراو بەپارتی سەلامەتی نیشتیمانیی بووە. لەڕووی فیکرییەوە بەهەریەکە لەسەعید نورسیی‌و، ئیخوان موسلیمین‌و شۆڕشی ئێرانی سەرسام بووە. لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر دەستی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لەئەستەمبوڵ کوژراوە. نور الدین ، حجاب وحراب ، ل ٢٤٩ " , Çakir , op. cit , Atalar , op. cit , P. 307 "P. 6

(134) Atalar , op .it , P. 312 .

(135) Ibid , P. 317 .

(136) akir , op. cit , P. 7 .Ç

(137) فیدان گونگور لەدایکبووی دیاربەکر ساڵی ١٩٤٩، پەیوەندی بەکۆلیژی ئەندازیاریی‌و بیناسازییەوە کردووە، بەڵام شکستی هێناوە تەواوی بکات، گەڕاوەتەوە بۆ دیاربەکرو وەك فەرمانبەر لەدامەزراوەی رادیۆی تورکیدا لەساڵی ١٩٧٤ کاریکردووەو، ئەندام بووە لەیەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی تورك، بەڵام لەساڵی ١٩٧٨ ئەو رێکخراوەی جێهێشتووە، کاتێك مەیلی ئیسلامیی گەڵاڵە بووە. دوای کۆدەتای ١٢ ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لەکارەکەی دەرکراوەو، دوای ئەوە بۆ کاری ئیسلامیی خۆی تەرخانکردووە لەدیاربەکر لەرێگەی ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوە

لەگەڵ گەنجان لەخانەی بڵاوکردنەوەی " مەنزیل "، بەجۆرێك هەندێك ناوی " کۆمەڵەی مەنزیل " یان " مەنزلییەکان " بەسەر کوتلەکەیدا دابڕی، لەکاتێکدا ناوی " کۆمەڵەی عەلەم " بەسەر کوتلەکەی حسێن وەلی ئۆغلو دا دابڕی، وەك هێمایەك بۆ ناوی خانەی بڵاوکردنەوەی " عەلەم "، کە نێوبراو لەشاری باتمان کردییەوە، بڕوانە نور الدين ، حجاب وحراب ، ل ٢٥٠ " Atalar , op .cit , PP. 313-314

(138)کرکوکلی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٣ " Atalar , op. cit , PP. 313-314 .

(139) akir , op. cit , P. 7 .Ç

(140) Ibid , p.9 ; Atalar , op.cit , p.310

(141) "Turkish Hizballah (Hizbullah) : A Case Study of Radical Terrorism " , The Journal of Turkish Weekly , 18 . April .2007 . www.turkishweekly. (143) Salt ; op. cit , P. 16 .

(144) كرامر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

(145) Roonie Margulies and Ergin Yildizoğlu ," The Political uses of Islam in Turkey ." Middle East Report , No. 153 ,Islam and the State (July – august 1988) P.12 .

(146) Feroz Ahmad , " Politics and Islam in Modern Turkey " Middle Eastern Studies, Vol. 27 , No. 1 (January – 1991) P. 18

(147) Ahmad , Islamic Reassertion in Turkey , P. 751 .

(148) Ibid .

(149) Margulies and Yildizoğlu , op. cit , PP. 12-13 ; Federal Research Division Staff, Turkey : A Country Study (Washington D.C. – Kessinger Publishing – 2004) P. 298 .

(150) السيد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.

(151) Lapidot , op. cit , P. 63 .

(152)السيد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤ " Federal Research Division Staff , op. cit , P.298 .

(153) النعيمى ، الحركات الإسلامية الحديثة ... ، ل ١٦٠.

(154) Yeşilada , op. cit , P. 366 .

(155) النعيمي ، الحركات الإسلامية الحديثة ... ، ل ١٦٥.

(156)السيد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.

(157) Elisabeth Özdalga , The Veiling Issue , Official Secularism and Popular Islam in Modern Turkey (New York – Routledge – 1998) P. 52

(158) Margulies and Yildizoğlu , op. cit , P. 12 .

(159)النعيمي ، الحركات الإسلامية الحديثة ... ، ل ١٦٣.

(160) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٤.

(161) Ahmad , Islamic Reassertion in Turkey , P. 752

(162) ئاماژەکە لێرەدا بۆ پاشەکشەی جەماوەریی هەردوو پارتەکەیە بەخێرایی، لەکاتێکدا ئەنجامی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکە، کە لە ٦ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ دا بەڕێوەچوو، سەرکەوتنی پارتی میللی بەپلەی دووەمو بەبەدەستهێنانی ٣٠,١٦٪ لە دەنگی دەنگدەرانو، سەرکەوتنی پارتی دیموکراسیی نەتەوەیی بەپلەی سێیەمو

بەبەدەستهێنانی ٢٣,٢٧٪ ی دەنگەکان لێکەوتەوە، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کە لە ٢٤ ی ئازاری ١٩٨٤ دا بەڕێوەچوو، پاشەکشەی پێگەی هەردوو پارتی نێوبراوی ئاشکرا کرد، بەبەدەستهێنانی پارتی میللیی بە تەنها ٨,٨٪ ی دەنگەکانو، پارتی دیموکراسیی نەتەوەیی بەبەدەستهێنانی ٧,١٪ ی دەنگەکان، بڕوانە الجبوری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥ ، ٥١.

(163) ئەردالّ ئینونو Erdal Inönü، بریتییە لەکوڕی گەورەی عیسمەت ئینونو. لەسالّێ ١٩٢٦ لەدایکبووەو بەشی فیزیای کۆلیژی زانستی لەئەنقەرە سالّی ١٩٤٧ تەواوکردووە، پاشان بڕوانامەی دکتۆرای لەهەمان بوار لەپەیمانگەی زانیاریی لە کالیفۆرنیا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەستهێناوە. کاری مامۆستایی لەزانکۆی ئەنقەرەو زانکۆی رۆژهەلّاتی نێوەڕاستی زانیاریی لەئەستەمبولّ کردووە. پارتی دیموکراسیی کۆمەلّایەتیی Sosyal Demokrasi Partisi لەسالّی ١٩٨٣ دامەزراندووە. لەسالّی ١٩٨٥ ئەم پارتە لەگەلّ پارتی میللیی لەژێر ناوی دیموکراسیی کۆمەلّایەتیی میللیی ئاوێتە یەکیگرتووەو بەکورتکراوەی " SHP " هێمای بۆکراوە، ئینونو لەسالّی ١٩٨٦ سەرۆکایەتی پارتەکەی گرتۆتە دەست. بەڵام گرنگترین پۆستی سیاسیی، کەگرتبێتییە دەست بریتییە لە جێگری سەرۆك وەزیران لەنێوان تشرینی دووەمی ١٩٩١ – ئەیلوولی ١٩٩٣و، وەزیری کاروباری دەرەوە لەئازاری ١٩٩٥ تا تشرینی یەکەمی ١٩٩٥. لەسالّی ٢٠٠٧ کۆچی دواییکردووە.

(164) Hale , Turkish Politics and the Military , P. 298 .

(165) Hale , Turkish Politics and the Military , P. 299 ; Reich , op. cit , P. 399 .

(166) Kepel , op.cit, PP. 350-351

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکەین بۆ تەنهایی ئەم سشەرچاوەیە تایبەت بەو زانیارییە، کە لەسەرچاوەکانی تردا نەمدۆزییەوەو لەبەردەستمدا بوون بۆ پەگیریی لەسەریی.

(167) Michael M. Gunter , The Kurds and the Future of Turkey (New York – Palgrave Macmillan – 1997) P. 68

(168)A. Sözen ," Terrorism and the Politics of Anti – Terrorism in Turkey ." in Report W. Orttung : National Counter – Terrorism Strategies (Amsterdam – IOS Press – 2006) P. 139

(169) نور الدين ، حجاب وحراب ، ل ٢٥١–٢٥٢ " Gunter , op. cit , PP. 70-79 .

Justus Leicht , " Government Crackdown Against the Hezbollah in Turkey ". 16 February 2000 . www.wsws.org

(170) دەربارەی هەندێك بەڵگە، كە لەراپۆرتی لیژنەی نێوبراودا هەبووە، بڕوانە Turkey : HRW World Report 2000. www.hrw.org/press

(171)نور الدين ، حجاب وحراب ، ل ٢٥٢.

(172) بەگوێرەی ئەوەی دەزگای هەواڵی ئەنادۆڵی نیمچە ڕەسمی بڵاویكردۆتەوە، ژمارەی پرۆسەی هێزە ئەمنییەكان دژی پارتەكە ٢٢ پرۆسە بووە لەساڵی ١٩٩٢و، ٤٢ لەساڵی ١٩٩٣و، ٥٢ لەساڵی ١٩٩٤و ٧٠ لەساڵی ١٩٩٥و، ٨٦ لەساڵی ١٩٩٦و، ١٥٥ لەساڵی ١٩٩٧و، ٢٠٣ لەساڵی ١٩٩٨و، ٢٧٠ لەساڵی ١٩٩٩، بڕوانە Çakir, op.cit, p.9.

(173) إبراهيم الداقوقى ، أكراد تركيا (ديمەشق – خانەی مەدا بۆ فەرهەنگو بڵاوكردنەوە – ٢٠٠٣)، ل ٤٤٧.

(١٧٤)Christopher Deliso , The Coming Balkan Caliphate (U.S.A – Greenwood Publishing Group – 2007) P. 99.

بەشی شەشەم

سوپا و پارتی رەفاه: کۆدەتای ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧

پاش چەند ساڵێکی کەم لەمردنی ئۆزال پارتی ڕەفاهی ئیسلامیی دەرکەوتنێکی تێبینیکراوی لەگۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا بەخۆوەبینی، ئەوەش لەئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بوو لە ١٩٩٤ دا، پاشان هەڵبژاردنی پارلەمانیی لەساڵی ١٩٩٥، کەڕێگەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش، لەحوزەیرانی ١٩٩٦ بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی ئەو پارتە خۆشکرد. لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنی پارتی ڕەفاهلەهەڵبژاردنەکانی کۆتاییدا لەچوارچێوەی پرۆسەی سیاسییو دیموکراسیی لەتورکیا ڕێژەیی بوو، بەڵام هێزە سێکیۆلارەکانو لەپێشەوەیاندا دامەزراوەی سەربازیی تورکیا ئەوەی بەئاگاداکردنەوەیەک بۆ لەنێوبردنی سیستەمی سێکیۆلاریزم و دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامیی لەوڵاتدا هەژمار کرد.

ئەو هێزانە هەوڵیاندا پارتی ڕەفاهلەبەرهەمەکانی سەرکەوتنی لەهەڵبژاردنە پارلەمانیەکە بێبەش بکەن، لەڕێگەی دروستکردنی قۆرت لەبەردەم هەوڵەکانی پارتی ڕەفاهبۆپێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش، کەپارتەکە سەرۆکایەتی بکات. کاتێکیش ئەو حکومەتە لەحوزەیرانی ١٩٩٦ دا پێکهات، هێزە سێکیۆلارەکان، کە بەپاڵپشتیی دەرەکیی کۆمەکی دەکران، کاریان کرد لەپێناوی لەنێوبردنی. ئەوەش لەڕێگەی کۆدەتایەکی سەربازیی، کە ئەربەکانی سەرۆکی حکومەتی ناچارکرد لەحوزەیرانی ١٩٩٦ دا دەست لەکاربکێشێتەوە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین فاکتەرەکانی دەرکەوتنی پارتی ڕەفاهو گەیشتنی بەتەختی فەرمانڕەوایی لەتورکیا ڕوونبکەینەوە، پاشان پەیگیریی هەڵوێستی دامەزراوەی بەرامبەر

ئەم پارتە بکەین بەمەبەستی خستنی حکومەتەکەی ئەربەکان لەساڵی ١٩٩٧ دا.

- **هەڵکشانی پارتی ڕەفاه:**

پارتی ڕەفاه، کە بەدرێژکراوەی پارتی سەلامەی نیشتیمانی لەقەڵەم دەدرێت، لەساڵی ١٩٨٣، دوای ڕەزامەندی دامەزراوەی سەربازیی لەسەر پێکهێنانی پارتی سیاسیی نوێ لەوڵاتدا دامەزراوە، وەک ڕێگەخۆشکردنێك بۆهەڵبژاردنی پارلەمانیی، کە لە ٦ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ دا بەڕێوەچوو، بەڵام پارتی ڕەفاه بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا نەکرد، سەرەڕای پێشکەشکردنی داواکاریی بۆ مۆڵەتپێدانی لە ١٩ ی تەمووزی ١٩٨٣ هوە. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەڵپو بیانووی ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا زیاتر لەجارێك لەسەر ژمارەیەك لەنێوی دەستەی دامەزرێنەرانی، بەشێوەیەك مۆڵەتەکەی تاوەکو ئەیلوولی ١٩٨٣ دواکەوت، واتە دوای ماوەی بڕیارلێدراو بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکان لەو ساڵەدا[1]. ئەحمەد تەکدالێ لەبری عەلی تورکمان سەرۆکایەتیی پارتەکەی گرتە دەست، کەئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی گەڕی پێدەگرت. دوای هەڵگرتنی قەدەغەکردنی بەشداریی سیاسەتوانە پێشووەکان لەچالاکیی پارتایەتیو پاش ڕاپرسی ٦ ی ئەیلوولی ١٩٨٧، پارتەکە کۆنگرەیەکی لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ گرێداو نەجمەدین ئەربەکانی وەک سەرۆکی پارتەکە بەزۆرینەی دەنگ هەڵبژارد[2].

پارتی ڕەفاه بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی ساڵی ١٩٨٤ دا کردو تێیدا ڕێژەی تەنها ٤,٤٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی، کە لە ٢٩ ی تشرینی ١٩٨٧ دا بەڕێوەچوو، تەنها ٧,٢٪ ی

دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێناو هیچ کورسییەکی لەئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیادا بەدەست نەهێنا، بەهۆی شکستهێنانی لەبەدەستهێنانی نزمترین ئاستی داواکراو لەدەنگی دەنگدەران، واتە ڕێژەی ١٠٪.

چانسی پارتی ڕەفاهە بەشێوەیەکی ڕێژەیی باشبوو، لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کە لە ٢٦ ی ئازاری ١٩٨٩ دا بەڕێوەچوو، کاتێك ڕێژەی ٨,٨٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناو پۆستی گەورەی شارەوانی(سەرۆکی شارەوانی گەورە) ی لەپێنج شاری گەورەدا بردەوە، لەگەڵ سەرۆکایەتی ١٠٠ فەرمانگەی شارەوانی تر. هەروەك پارتی نێوبراو توانی سەرکەوتنێکی تێبینیکراو لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی، کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دا بەڕێوەچوو، بەدەستبهێنێت. پارتی ڕەفاهە لەو هەڵبژاردنەدا لەچوارچێوەی ژمارەیەك بەڕەی ڕانەگەیەنراو لەگەڵ دوو پارت، کەبریتیی بوون لە پارتی کاری نەتەوەیی " MÇP " و پارتی دیموکراتی چاکسازیی " IDP " دا بەشداریکرد، کە بە (ڕێکەوتنی پیرۆز) ناسرا. بەڕەی نێوبراو ڕێژەی ١٦,٩٪ ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێنابوو، بەوەش (٦٢) کورسی لەئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیادا بۆمسۆگەر کرد. کاتێکی زۆر تێنەپەڕی بەسەر کردنەوەی ئەنجومەنی نوێدا، تاوەکو ئەو بەرەیە تێکچوو، بەجۆرێك پارلەمانتارانی پارتی کاری نەتەوەییو پارتی دیموکراتیی چاکسازیی لەیەك جیابوونەوە، کە ژمارەیان دەوروبەری سێیەکی پارلەمانتارانی بەرەکە بوون، لەژمارەی پارلەمانتارانی پارتی ڕەفاهە. هەرچۆن بێت هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ دەسکەوتێکی بۆ پارتی ڕەفاهە بەدەستهێنا، کەبریتیی بوو لەبەدەستهێنانی دەوروبەری ٤٠ کورسی

لەئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا. بەمەش ئەربەکان توانی سەرکەوتوو بێت لەگەڕانەوە بۆ نێو ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەو سەرۆکی پارتەکە، کەقورساییەکی رێژەیی هەبوو. هەروەها پارلەمانتارانی پارتی نێوبراو کوتلەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی جدییو کاریگەریان لەنێوخۆی ئەنجومەنەکەدا پێکهێنا[٣].

پارتی رەفاە یەکەم سەرکەوتنی سەرەمی لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کە لە ٢٧ ی ئازاری ١٩٩٤دا بەڕێوەچوو، بەدەستهێنا، بەبەدەستهێنانی رێژەی ١٩,١٪ ی دەنگەکان، لەکۆی ٧٦ پارێزگە توانی پۆستی سەرۆکی شارەوانی گەورە لە ٢٩ نێوەندی پارێزگە ببات‌ەوە، لەنێویشیاندا ئەستەمبوڵو ئەنقەرە، لەگەڵ سەرۆکایەتی ٤٠٠ فەرمانگەی شارەوانی لەشارو شارۆچکە جۆراوجۆرەکاندا، لەنێویشیاندا سەرجەم ئەو شارەوانییانەی، کەخاوەنی زۆرترین دانیشتووانی کورد بوون لەباشووری رۆژهەڵاتی وڵات[٤]. بەڵام دیارترین سەرکەوتنی پارتی رەفاە لەو هەڵبژاردنە پارلەمانییەدا بوو، کە لە ٢٤ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ دا بەڕێوەچوو، کاتێك پلەی یەکەمی گرت بەبەدەستهێنانی رێژەی ٢١,٣٨ ی دەنگەکان[٥]، بەوەش ١٥٨ کورسی لەکۆی ٥٥٠ کورسی لەئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانی تورکیادا بەدەستهێنا. بەوەش پێکهێنانی هەر حکومەتێکی نوێ بەبێ هاوپەیمانیی سەرجەم پارتە پارتە راستڕۆو چەپڕۆو سێکیۆلارەکان گران بوو، لەکاتێکدا پێکهێنانی نموونەی ئەو حکومەتە بەس بوو لەڕێگەی هاوپەیمانێتییەکەوە، کە پارتی رەفاهو یەکێك لەپارتە راستڕۆکان لەخۆبگرێت، پارتی رێگەی راست یاخود پارتی

دایکی نیشتیمان. بەوەش پارتی ڕەفاه خۆی وەك بەردی بناغەی هەر پێکهاتەیەکی حکومیی ڕاگەیاند، کە سەقامگیریی‌و بەردەوامیی بووێت[٦].

پارتی ڕەفاه یەکەم پارتی ئاراستە ئیسلامیی بوو، کەنموونەی ئەو پلەیە لەهەڵبژاردنی پارلەمانیدا بەدەست بهێنێت لەدامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لەساڵی ١٩٢٣. ئەمەش بەرهەمی چەند فاکتەرێکە، لەوانە پەیوەستە بەپارتی ڕەفاهو بەبارودۆخی گشتیی تورکیاوە، هەروەها هەندێك پەرەسەندنی نێودەوڵەتیی، کەجیهان لەدەسپێکی نەوەدەکاندا بەخۆوەی بینی.

گرنگترین فاکتەری پەیوەست بەپارتی ڕەفاهەوە خۆی لەبەرنامەو هەمەجۆری گوتاری سیاسیی پارتەکەدا دەبینییەوە، کەچین‌و توێژە جیاوازەکانی لەکۆمەڵگەی تورکیدا کەمەنکێش کردبوو، لەگەڵ هێزی ڕێکخستن‌و ڕۆڵی ڕێکخستنە حزبییەکان لەجوڵاندنی پشتگیریی میللیی بۆخۆی. هەروەها ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوانە بۆ دانیشتووانی لەو شارو شارۆچکانەدا، کەکاندیدانی پارتەکە تێیاندا سەرکەوتبوو لەپۆستەکانی سەرۆکی شارەوانیی شارە گەورەکان‌و سەرۆکایەتی شارەوانییەکانیتر.

وەنەبێت هەموو بەرنامەی پارتی ڕەفاهو گوتاری سیاسیی نوێ بێت، بەجۆرێك پێشتر نەجمەدین ئەربەکان لەساڵی ١٩٦٩ لەچوارچێوەی ئەوەی ناسرا بە "جیهانبینی نەتەوەیی میللی گروش – Milli Görüş " بەشێکی لێ پێشنیاز کردبوو، کە لای ئەربەکان لەنێوەڕۆکدا واتە جیهانبینی ئیسلامیی، لەبەرئەوە زاراوەی (میللەت) لەچەمکی ئیسلامیدا واتە ئوومەت یان تایەفەی ئاینیی. جیهانبینی نەتەوەیی لەجێگەی

مانیفێستی ئایدۆلۆژیای پارتی سیستەمی نیشتیمانیی بوو، کە دوای ماوەیەکی کەم ئەربەکان دایمەزراند، دواتر لە حەفتاکاندا گۆڕا بۆ پارتی سەلامەی نیشتیمانیی، هەروەک پێشتر باسمان کردووە(٧).

پارتی رەفاە لەسەرەتای دامەزراندییەوە جەختی لەدوو رەگەزی سەرەکیی دەکردەوە، کەبریتیی بوون لەپەرەسەندنی رۆحیی دامەزراو لەسەر بنەمای ئیسلامو پەرەسەندنی ماددیی دامەزراو لەسەر بنەمای پیشەسازیی، لەبەرئەوەی دەتوانن تورکیا والێبکەن، کەسیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆو بەدەر لەملکەچیی نفوزی رۆژئاوا بگرێتەبەر. پارتی نێوبراو جەخت دەکردەوە، کەپەرەسەندنی مادیی تێروتەواو نابێت، ئەگەر پەرەسەندنی رۆحیی پێشینەکەوێت. هەروەها وای هەژمار دەکرد، کە گەردنکەچی تورک بۆ ئیسلام پێش هەزار ساڵ خاڵی سەرەکیی مێژووی تورکیایە. هەروەک رەخنەشی لەهەوڵەکانی بەرۆژئاواییکردن Westernization ی تورکیا دەگرت لەمیانەی دوو سەدەی رابردوودا، کەبووە هۆی هەڵوەشانەوەی بیروباوەڕو داب‌و نەریت‌و فەرهەنگیی نەتەوایەتیی‌و بەدوایشیدا داڕمانی دەوڵەتی عوسمانیی. پارتی نێوبراو وایدادەنا، کەشارستانێتیی رۆژئاواو زایۆنیزم سەرچاوەی هەموو خراپەیەکن‌و گرفتی دواکەوتنی وڵاتن. کۆڵۆنیالیزم‌و زایۆنیزم بەدرێژایی دوو سەدە کاریان لەسەر چاندنی بیرۆکەی لاساییکردنەوەی رۆژئاوا لەمێشکی تورکاندا کردووە. ئەنجامی ئەوەش دوو تێڕوانین لەتورکیادا دەرکەوت، یەکەم " جیهانبینی نەتەوەیی "، کەپارتی رەفاە نوێنەرایەتیی دەکردو تێڕوانینی لاساییکەرەوەکانی رۆژئاوا " Taklitçi iler "، کەپارتە سیاسییەکانی تر لەوڵاتدا نوێنەرایەتیی دەکەن. هەروەک رەخنەشی

لەسیستەمی سێکیۆلاریزم لەتورکیا دەگرت، لەبەرئەوەی بەسەر نەتەوەکەدا سەپێنراوەو ویستو ئیرادەی بەرجەستە ناکات. هەروەها پارتی رەفاه بانگەوازی بۆ دامەزراندنی دیموکراسییەتی فرەیی راستەقینە دەکرد، کەوێنای ویستی نەتەوە دەکات. پارتی نێوبراو هەموو سەرکوتکردنێکی ئازادیی ویژدانو ویستو بیروباوەڕی وەك کارێکی پێچەوانەی سێکیۆلاریزم، کەمانای دژە ئایین نەبێت هەژمار دەکرد، بەڵکو پاراستنی ئازادیی بیروباوەڕو ویستە لەهەر دەستدرێژییەك. پارتی رەفاه رەخنەی لەئاڕاستەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەگرتو جەختی لەسەر یەکێتیی جیهانیی ئیسلامیی دەکردەوە. لێرەدا جەختکردنەوەی رووندو ئاشکرا هەیە لەلایەن پارتی نێوبراوەوە لەنیوەی هەشتاکان لەسەر مەسەلەکانی بەدیموکراسیکردن Democratization و ئازادییو مافەکانی مرۆڤ، ئەو مەسەلانەش لەچوارچێوەی دروشمە سەرەکییەکاندا، کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سالّی ١٩٨٧ دا هەڵیگرتبوو، جگە لەو دروشمانەی تر، کەجەختیان لەلایەنە رۆحییو ئاکارییەکان دەکردەوە. هەروەها پارتی رەفاه هێرشی دەکردە سەر دیاردەکانی بەدڕەوشتیی لەوڵاتدا، کە بەئەنجامەکانی لاساییکردنەوەی رۆژئاوای دادەناو داوای پەیوەستبوونی بە جیهانبینی نەتەوەییو دوورکەوتنەوە لەسندوقی قەرزی نێودەوڵەتییو کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپیی E.E.C دەکرد. ئەو دروشمانە پشتگیریی بەشێك لەدەنگدەرانی ئیسلامیی لەدەیەی هەشتاکاندا هەبوو[٨].

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە پارتی رەفاه لەگوتاری سیاسیدا جەختی لەسەر دروشمێکی نوێ، کەبریتی بوو لە " سیستەمی دادپەروەر – Adil

Düzen " دەکردەوە، بەگوێرەی یەکێك لەکۆڵەران مەبەست پێی " سیستەمی ئیسلامیی " بوو، بەڵام لەبەڵگەنامەو ئەدەبیاتی پارتەکەدا نەدەتوانرا لێدوانی لەسەر بگوترێت، لەبەرئەوەی دەستوورو یاساکان هەر چالاکییەکی سیاسیدا قەدەغە کردبوو، کە سروشتێکی ئاینیی هەبووایە[٩]. سیستەمی دادپەروەر پشتی بەبەڵگەنامەیەکی تیۆریی بەستبوو، کەکۆمەڵێك لەمامۆستایانی زانکۆ بەسەرکردایەتیی سلێمان کەرەکوله " " S. Karagülle " و سلێمان ئاك دیمیر " S.Akdemir "، لەساڵی ١٩٨٥ پێشکەشی پارتی رەفاهیان کردبوو. ئەربەکان ئەم بەڵگەنامەیەی وردە وردە لەبەرنامەی کاری پارتی رەفاها ئاوێتەکرد. لەکاتی هەڵمەتی پارتی رەفاهدا بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانیی لەساڵی ١٩٩١، پارتی نێوبراو سیستەمی دادپەروەری وەك دروشمێك بۆخۆی بەکارهێناو لەسەر شێوەی نامیلکەیەك لەو ساڵەدا بەنێوی ئەربەکانەوەو بەنێونیشانی سیستەمی ئابووریی دادپەروەر " Adil Ekonomik Düzen " بڵاوکردەوە[١٠]. مەبەست لەگرتنەبەری سیستەمی دادپەروەر دواندنی هەموو جەماوەرو چنگخستنی دەنگەکانیان بوو لەبەرژەوەندیی پارتی رەفاه لەڕێگەی رومالکردنی سیستەمی نێوبراو بۆ زۆرێك لەگرفتە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان، کەجێی بایەخی هەموو دەنگدەرانی بوو، نەك تەنها ئەوانەی، کەخاوەنی ئاراستەی ئیسلامیی بوون. بەهەرحاڵ گرتنەبەری سیستەمی دادپەوەر لەلایەن رەفاهەوە مانای دەستبەرداربوون نەبوو لەبەرنامەو دروشمەکانی پێشووی، بەجۆرێك سیستەمی نێوبراو لەجێگەی داڕشتنەوەیەکی نوێ بوو بۆ جیهانبینی نەتەوەیی لەماوەی دوای جەنگی ساردا[١١].

سیستەمی دادپەروەر جەختی لەسەر پێویستیی گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆ دەکردەوە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئیسلامییو دیموکراسییەتو ئازادیی ئاینییو مافەکانی مرۆڤ. هەروەك رایگەیاندبوو، کەئامانج دامەزراندنی هاریکاریی ئیسلامییە لەبەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداریی‌و سیستەمی نوێی جیهانیی، لەمیانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانەوە لەساڵی ١٩٩١، ئەربەکان رایگەیاند، کەدروشمی سیستەمی دادپەروەر " دژی سەرمایەداریی‌و کۆلۆنیالیزمە، کەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێبەرایەتیی دەکات ". بەگوێرەی بۆچوونی ئەربەکان هاریکاریی نێوان جیهانی ئیسلامیی، کەسیستەمی دادپەروەر بانگەشەی بۆدەکات دەتوانرێت لەڕێگەی دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووە ئیسلامییەکان‌و رێکخراوێکی بەرگریکار لەنێوان دەوڵەتانی ئیسلامیی‌و یەکێتیی ئابووریی ئیسلامیی‌و دراوی هاوبەشی ئیسلامیی‌و رێکخراوی فەرهەنگیی هاوبەش بەدەستبێت. لەسەر جیهانبینی نەتەوەیی سیستەمی دادپەروەر هێرشیکردە سەر پارتە سیاسییە راستڕۆو چەپڕۆکان لەتورکیا، لەبەرئەوەی لاساییکەرەوەی رۆژئاوان‌و رەدوکەوتووی رۆژئاوان‌و، ئەوە لایەنی رەوشتیی دادەڕمێنێت‌و پشت بەلایەنی مادی دەبەستێت، نەك لایەنی رۆحیی، وەك بنەمایەك بۆسیستەم لەکۆمەڵگەدا. هەروەك تەرزێك لەپەرەسەندنی کۆلۆنیاڵی لەژێر چاودێریی رۆژئاوا دەگرنەبەر لەگەڵ سیاسەتێکی دەرەکیی پاشکەوتە. هەروەها ستەم لەچینە زۆر هەژارەکان دەکەن، لەڕێگەی سوودو داشکاندنی بەهای دراوی تورکیی‌و سەپاندنی باجی نادادپەروەرانەو دابەشکردنی قەرزو پشتپێبەستنی بانکیی بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە[١٢]. سەرەڕای ئەوەی

ئەو پارتە لاساییکەرەوانە دژی دیموکراسیی‌و سێکیۆلاریزمن‌و دوژمنایەتیی دژی ئایین دەکەن‌و ستەم لەمسوڵمانانی وڵات دەکەن. ئەو پارتانە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییان لەوڵاتدا بەرپا کردووە، ئەو پارتانە سیستەمی کۆیلایەتییان لەوڵاتدا دامەزراندووە بە جێبەجێکردنی ئاراستەی زایۆنیزم‌و سندوقی قەرزی نێودەوڵەتیی، هەموو کێشە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی رۆژئاوا. لەوتارێکی بەرفراواندا، کە لەبەردەم کۆنگرەی چوارەمی پارتەکە لەساڵی ١٩٩٣ دا بۆی رێکخرابوو، ئەربەکان ئەو پارتانەی واشرۆڤە کرد، کە " لەسەر ئاوازێك سەما دەکەن، کەکەسێکیتر بۆیان دەژەنێت "[١٣]. بەگوێرەی بۆچوونی ئەربەکان نەخۆشی لاساییکردنەوە وەك نەخۆشی شێرپەنجە پێویستە لەبێخ بهێنرێت، بنەچەی ئەم نەخۆشییەش بریتییە لەهێزە کۆڵۆنیالیستیی‌و زایۆنیستییەکان، کە لاساییکردنەوەوە لەنەتەوەدا دەچێنن‌و دەیانەوێت بیانقۆزنەوە، ئەگەر نەتەوە نەتوانێت خۆی لەم نەخۆشییە بپارێزێت، ئەوا بەژمارەیەك قۆناغدا تێدەپەڕێت بەر لەوەی لەنێو بچێت.

سیستەمی دادپەروەر رەخنەی لەهەریەکە لەسیستەمی سەرمایەداریی‌و کۆمۆنیستیی دەگرت، یەکەم بێدەنگیی‌و ئازادیی‌و دادپەروەریی‌و خۆشگوزەرانیی‌و رێز دادەڕمێنێت، دووەم ناخۆشیی دەهێنێت لەڕێگەی هەڵوەشانەوەی بنەمای قازانج‌و خاوەندارێتیی تایبەت‌و بازاڕی ئازادو وەبەرهێنانی تایبەت. هەردوو سیستەمەکە بەرهەمی شارستانییەتی رۆژئاوان، کە ئەولەوییەت بەهێز دەبەخشن، نەك راستیی. ئەربەکان روونیکردەوە، کەپارتەکەی ئەگەر گەیشتە دەسەڵات سیستەمێکی دادپەروەر دادەمەزرێنێت‌و زەمینەی پێویست بۆنوسینەوەی

دەستوورێکی هاوتاو گرێدراو لەگەڵ بیروباوەڕی نەتەوەو داب‌و نەریتدا دەستەبەر دەکات. هەروەها شوێنگرتنەوەی سیستەمی لاساییکەرەوەی رۆژئاوا لەلایەن سیستەمی دادپەروەرەوە دەبێتەهۆی گۆڕینی سیاسەتی نەتەوەیی لەبوارەکانی خوێندن‌و فەرهەنگی‌و هونەرو ئابووریی‌و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا(١٤). ئەم گۆڕانە بەئاراستەی یەکخستن لەنێوان نەتەوەو دەوڵەتدا دەبێت لەڕێگەی بەهێزکردنی رۆڵی دەوڵەتەوە بێت لەخزمەتی نەتەوەو رێزگرتن لەئازادییەکان‌و مافەکانی مرۆڤو دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیین لەبری نموونەی ئەو دەوڵەتەی، کە جگە لە " پاسەوانی گرتووخانە "، کەپارتە لاساییکەرەوەکانی رۆژئاوا هەوڵ بۆپاراستنی دەدەن(١٥).

سەرەڕای ئەوانەی پێشوو، لێرەدا پرێنسیپێکی تر هەیە لەسیستەمی دادپەروەردا، کە دواتر دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆپارتەکە لەبەردەم دادگەی دەستوورییدا، کەبریتییە لەپرێنسیپی فرەیی یاسایی‌و، مەبەست لێی ئەوەیە، کەهەموو هاوڵاتییەك ئازادانە ئەو سیسیتێمە یاساییە هەڵبژێرێت، کەپێی باشە. بەگوێرەی بۆچوونی یەکێك لەرۆشنبیرە دیارەکانی پارتەکە ئەم پرێنسیپە ئازادیی تاکەکەس زۆر بەهێز دەکات‌و تەرزێك لەدیموکراسیەتی زۆر پێشکەوتوو دادەمەزرێنێت. هەروەها هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوو شوێن ئەو سیستەمە یاساییە دەکەوێت، کەدەیەوێت، ئیـتر ئیسلامیی بێت یان مەسیحیی یان جولەکە، تەنانەت یاسای سێکیۆلاریش، دەوڵەت ئەوەی لەتۆمارەکانیدا جێگیرکردووە(١٦).

گوتاری سیاسیی پارتەکە نەیتوانیوە مەسەلەی کورد پشتگوێ بخات، کەیەکێك لەکێشەکانە، کەزۆرین بایەخی لەتورکیادا هەیە، لەپێناوی

چنگخستنی دەنگی دەنگدەرانی کورددا. لەراستیدا نەجمەدین ئەربەکان پشتیوانییەکی کەمی نییە لەنێو دەنگدەرانی کورد لەپارێزگەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا لەرۆژگاری پارتی سەلامەی نیشتیمانیی لەحەفتاکانەوە،و بایەخی دەنگدەرانی کورد لەدامەزراندنی پارتی رەفاهیشەوە بەردەوامبوو. لەگەڵ ئەوەی، کەبەشێك لەدەنگدەرانی کورد لەبەرژەوەندی پارتی رەفاه دەنگیاندا لەهەڵبژاردنە نێوچەییەکانو پارلەمانیدا بەهۆی ئاراستەی ئیسلامییانەوە، بەڵام جیهانبینی پارتی نێوبراو بۆ مەسەلەی کوردو پێگەی لەگوتاری سیاسیدا کاریگەریی هەبوو لەدیاریکردنی هەڵوێستی دەنگدەرانی کورد.

روانینی پارتی رەفاه بۆ مەسەلەی کورد جیاواز بوو لەروانینی پارتە سیاسییەکانی دیکە لەتورکیادا، بەجۆرێك وایدەبینی، کەدەوڵەت هۆکارە لەدەرکەوتنی ئەو مەسەلەیەدا، لەڕێگەی کردنی نەتەوەی تورك بەتاکە بناغە بۆ دەوڵەتی تورکیا، ئەو سیاسەتەش کوردی لەکۆماری تورکیا دوورخستۆتەوەو وایلێکردووە لێی هەڵبێن، ئەگەر دەوڵەت لەسەر بنەمای ئیسلام دابمەزرایە، ئەوا کوردیی لێدوور نەدەخرایەوە[١٧]. پارتی نێوبراو وایدەبینی مەسەلەکە سێ ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی یەکەم بریتییە لەکێشەی پشتگوێخستنی ئەو پارێزگە کوردیانە لەرووی ئابوورییەوە، دووەم بریتییە لەکێشەی کورد واتە ناسنامەی کورد، بەڵام ڕەهەندی سێیەم بریتییە لەتیرۆر، ئەو ڕەهەندانەش بەشێوەیەکی پتەو پێکەوە گرێدراون، بۆیە پارتەکە کۆشش دەکات بۆ چارەسەرکردنیان. پارتی رەفاه کاریکرد لەسەر کێشکردنی زۆرتری کورد بۆلای خۆی لەڕێگەی گوتاری سیاسییەوە دەربارەی مەسەلەی کورد. بەبەردەوامیی پارتەکە

بابەتی هەڵوەشانەوەی ئەحکامی عورفو دۆخی ئاوارتەی لەپارێزگە کوردییەکاندا دەگرتەبەرو گوزارشتی لەخواستی خۆی دەکرد، کەچارەسەری سیاسیی ئەو مەسەلەیە بکاتو کار لەسەر سوك کردنی کۆتو پێوەندە سەپێنراوەکانی سەر زمانی کوردیی بکات. هەروەها جەختی لەسەر یەکێتیی هەموان لەژێر سایەی ئیسلامدا دەکردەوە. بەپێچەوانەی پارتە سیاسییەکانی دیکەی تورکیا، پارتی رەفاه دوژمنی ناسنامەی کوردیی نەبوو، ئەربەکان بەشێوەی خولیی گروپی بۆ پارێزگە کوردییەکان بۆلێکۆڵینەوە لەبارودۆخی کێشەکانی ئەوێو بەرزکردنەوەی راپۆرت لەبارەیەوە دەنارد. لەگەڵ ئەوەدا پارتی رەفاه هەر سوور بوو لەسەرئەوەی رەخنە لەشێوازی سوپا لەمامەڵەکردنی سوپا لەگەڵ مەسەلەی کورددا بەشێوەی راشکاو نەگرێت، بەڵام لەراپۆرتەکانیدا ئاماژەی چەرمەسەریی کورد دەکرد. بۆنموونە راپۆرتی پارتەکە لەساڵی ١٩٩٤ ئاماژە دەکات بۆئەوەی، کەبەشێکی گەورە لەدانیشتووانی ئەو پارێزگەیانە وەك تۆمەتبار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتو زۆرێك لەخەڵکی بەزۆر لەگوندەکانیان رادەگوێزرێن[١٨].

گومانی تێدا نیە، کە بەرنامەی پارتی رەفاهو دروشمەکانی زۆر لەدەنگی دەنگدەرانی لەتورکیا کێشکردو کارئاسانیکرد لەبەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەهەڵبژاردنەکانی پارلەمان لە ساڵی ١٩٩٥ دا. لە راپرسییەکدا، کە لەساڵی ١٩٩٦ بۆزانینی پاڵنەرەکانی دەنگدان لەبەرژەوەندی پارتی رەفاهیان دەریدەخات، کە ٢٠,٩٪ پشتگیرییانکردووە بەهۆی بەرگریکردنی لەبەها ئاینییەکان دەنگیان پێداوەو ١٣,٤٪ پشتگیرییان کردووە لەبەرئەوەی بەڵێنی دامەزراندنی سیستەمی دادپەروەر داوەو

١٢,٥٪ پشتگیرییان کردووە لەبەرئەوەی بەها نەتەوەیی‌و ڕەوشتییەکان ڕەواج پێدەدات[١٩].

پارتی ڕەفاە لەباقی پارتە سیاسییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە لەڕووی هێزی ڕێکخستن‌و کارایی، ڕێکخستنەکانی لەجێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پارتەکە‌و ڕۆڵی لەجوڵاندنی پشتیوانی میللیی بۆی. لەراستیدا پارتی نێوبراو دەتوانرێت بەیەکەم پارتی جەماوەریی نوێ لەوڵاتدا هەژمار بکرێت[٢٠].

ئەرکی بونیاتنان‌و ئامادەکردنی ئەم پەیکەرە ڕێکخراوەییە کۆشش‌و کاتی زۆری پێویستبوو، بۆیە پارتی نێوبراو لەساڵی ١٩٨٤ەوە دەستیکرد بەدامەزراندنی ڕێکخستنێکی بەرفراوان، کە سەرمایەدارانی ئیسلامیی ڕۆڵێکی گرنگیان تێدا گێڕا. بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٨٧ پارتی ڕەفاە تۆڕێکی ڕێکخستنی لەهەموو نێوەندی پارێزگەکانی وڵاتدا دامەزراند، کەژمارەیان ٦٧ پارێزگە بوو لەوکاتەداو لەچوارچێوەیدا لە ٦٠٠ یەکەی کارگێڕیی بچووکتر[٢١].

ڕێکخستنی پارتی ڕەفاە ڕێکخستنێکی هەرەمیی بوو، فەرمانە دەرکراوەکان لەسەرکردایەتییەوە شایستەی گفتوگۆ نەبوون. دەستەی سەرکردایەتیی لەپارتەکەدا لەنەجمەدین ئەربەکان‌و شەوکەت کازان.Ş Kazan و ئوگوزخان ئەسیل تورك O.Asilürk و ڕەجایی کۆتان R.Kutan و فەهیم ئەداك F.Adak و عەلی ئوگوز A.Oğuz پێکهاتبوو. ئەم دەستەیە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان‌و ڕێز بوو لەنێوخۆی پارتەکەدا. ئەربەکان خاوەن پێگەیەك بوو، کەهیچ کەس رکابەری لەسەر نەدەکرد، لەکۆنگرەی سێیەمی پارتەکەشدا لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٠، نێوبراو تاکە

کاندید بوو بۆسەرۆکایەتیی پارتەکە، هەمان دۆخ لەکۆنگرەی چوارەمیش لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٤دا دووبارە بۆوە، ئەو سەرجەم بڕیارە گرنگەکانو تایبەتەکانی بەپارتەکەی دەردەکرد، هەروەك لیستی کاندیدانی بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی کارگێڕیی پارتەکە Genel Idare Kurulu و بۆ ئەندامێتی کۆنگرەی پارتەکەو کاندیدەکانی لەهەڵبژاردنەکانی پارلەماندا دیاریدەکرد(٢٢). بەگوێرەی بۆچوونی رۆژنامەنووسو نوسەری تورك جەنگیز چاندار پارتی رەفاە بەتەواوی پشتی بەهێزی ئەربەکان دەبەست، بەشێوەیەك ئەگەرچی پارتێکی ئیسلامیی بوو،" بەڵام ئەربەکان بەو شێخە دەچوو، کەمافی ئیجتیهادکردنی هەبوو"(٢٣).

تۆڕی رێکسختنە بەربڵاوەکانی پارتەکە سەرانسەری وڵاتدا هەڵدەستان بەجێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی، کەسەرکردایەتی پارتەکە بڕیاری لێدەدا، هەروەك ئەو تۆڕە فراوانو وردو رێکخراوە تیشکیان خستبووە سەر دامەزراندنی پێوەندی پتەو دەکرد لەگەڵ هاوڵاتیان بەئامانجی چنگخستنی دەنگیان لەبەرژەوەندیی پارتەکە. ئەو رێکخستنانە لەنزیکەوە هەواڵی هاوڵاتیانیان دەپرسیو زانیاریان دەربارەی دۆخی بژێوییان کۆدەکردەوەو ئەوەی پێویستی بەهاوکاریی هەبووایە یارمەتیان پێشکەش دەکرد. هەروەها ئەندامانی پارتەکە سووربوون لەسەر بەجێهێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوچەکانی بەرپرسیارێتیاندا، وەك ئامادەبوونی ئاهەنگەکانی ژنهێنانو سوونەت کردنو پرسەو سەردانی نەخۆشو هاوکاریکردنیانو دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ بێکارانو جگە لەوانیش. ئەو تۆڕە لەرێکخستن ئەرکەکانیان بەپەرۆشییەکی گەورەوە جێبەجێدەکرد بەوەی، کە ئەرکێکی ئاینییە. بەگوێرەی یەکێك لەکۆڵەران

پارتی ڕەفاه " پێش هەڵبژاردنی ١٩٩٥ لەڕووی نێوەڕۆکەوە وەك ئاژانسێکی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی کاری دەکرد Social Welfare Agency ، نەك وەك پارتێکی سیاسیی "[٢٤]. جگە لەگرێدانی چاوپێکەوتنی هاوڵاتیان لەماڵو شوێنە گشتییەکاندا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بەرنامەو دروشمەکانی پارتەکەیانو دابەشکردنی کاسێتی ڤیدیۆو تۆماری دەنگیی بەسەریاندا بۆ هەمان مەبەست. بەتایبەت ئەم چالاکییەی دوایی پارتی نێوبراو زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ خۆبەخشی لەمامۆستاو وتاربێژ هەبووە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارلەمانیدا لەساڵی ١٩٩٥[٢٥]. پارتەکە سوودی لەتەکنەلۆژیای نوێ وەرگرت بۆپێکهێنانی ڕێسای زانیاری دەربارەی ئەندامانی پارتەکەو ڕێسا هەڵبژارنییەکەی، ئەو داتایانە لەلایەن ئەندامانی پارتەکەوە بەکاردەهێنران بۆ پەیگیریی بارودۆخی هاوڵاتیان لەنێوچە شوێنکەوتەکانیانو پێشکەشکردنی هاوکاریی بۆ هەر کەسێك، کەئاتاجی بێت. لەمڕووەوە فازیل کلیچ F.KiliÇ سەرۆکی نێوەندی ڕێکخستنی هەڵبژاردنی پارتی ڕەفاه لەئەستەمبوڵ ڕوونیکردەوە، کەپارتەکە پەیگیریی چالاکییەکان لەسەرجەم نێوچەکان لەڕێگەی تۆڕێك لەئامێری کۆمپیتەرو فاکس لەڕێگەی ژمارەیەکی گەورەوە لەچالاکوانان دەکات[٢٦]. ئەنجامی هەموو ئەو چالاکییانە بریتیی بوو لەوەی ژمارەی ئەندامانی پارتەکە بەشێوەیەکی زۆر زیادیکرد تاگەیشتە نزیکەی ٤ ملیۆن لەنێوەڕاستی نەوەدەکاندا بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە[٢٧]. سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی گاڵتە پێنەکراو لەدەرەوەی پارتەکەش هەبوون، کەبڕیاریان دابوو لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگی بۆ بدەن، بەهۆی پەیگیریی بارودۆخو یارمەتیدانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی تەنگوو

چەڵەمەکانی ژیانو گرفتەکانیان. یەکێك لەسەرکردەکانی پارتی رەفاه، کەبریتیی بوو لە یاسین خەتیب ئۆگلو ئاماژەی بۆبایەخی چالاکی پارتەکە لەو بوارەدا دەکاتو دەڵێت:" کێ لەگەڵ گەلدا بژی، کێ لە گەل تێبگاتو هەست بەهەستیان بکات، ئەوا متمانەی گەلو پشتیوانیان بەدەستدەهێنێت "[٢٨].

لەوانەیە گونجاو بێت ئاماژە بەگوتارێك بکەین، کەرۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦، کە یەکێك لەپەیامنێرەکانی دەربارەی چالاکیی رێکخستنەکانی پارتی رەفاه لەیەکێك لەنێوچەکانی شاری قۆنیەدا نوسیویەتیو کاریگەریی ئەوە لەفراوانبوونی بنکەی جەماوەریی پارتەکەدا. لەوتارەکەدا هاتووە:" پارتی رەفاه شتێکی بۆرێکەوتو چانس جێنەهێشتووە ". پاشان شرۆڤەی سووربوونی رێکخستنەکانی پارتی نێوبراو لەسەر پەیگیریی کاروباری خەڵك دەکات. بەجۆرێك لەهەموو گەڕەکێکدا گروپێك هەبوون، کە لە ٦ کەس لەئەندامانی پارتی رەفاه پێکهاتبوون، بەچڕیی پەیگیریی ژیانی خەڵکیان دەکرد، کە لەو گەڕەکەدا نیشتەجێبوونو دەربارەی نەخۆشو هەژارەکانیانو، دۆخەکانی منالّبوونو ژنهێنانو ناخۆشیی، راپۆرتێکیان بۆسەرۆکی شارەوانی گەورەی شارەکە، کە لەپارتی نێوبراو بوو دەنارد. وتارەکە رۆشنایی دەخاتەسەر باسکردنی سەردانێکی پشکنەرێك لەپارتی رەفاه بۆهەموو مالّێك لەو نێوچەیە، کە ژمارەی گەڕەکەکانیشی دەگەیشتە ١٤ گەڕەکو تێیدا ٤٠,٠٠٠ خەڵك نیشتەجێبوون، کەپێشتر هیچ یەکێکیتر سەردانی نەکردبوون. نووسەری وتارەکە کۆمێنت دەداتو دەبێژێت:" لەکاتێکدا پارتە کلاسیکییە تورکییەکانیتر لەئەنقەرە ململانێیان بوو لەسەر پۆستە

وەزاریيە بێوەزیرەکان، پارتی رەفاه لێرە بنکەی جەماوەریی بۆخۆی چنگدەخست... "[٢٩].

باسکردن لەرۆڵی رێکخستنەکانی پارتی رەفاه تەواو نابێت، بەبێ ئاماژەکردن بۆ ئەو رۆڵە گرنگەی، کەلیژنەی ژنانی گرێدراو بەپارتی نێوبراوەوە بەجێی دەهێنا لەخڕکردنەوەی پشتیوانی بۆی‌و فراوانکردنی بنکەی هەڵبژاردنییەکەی. هەندێك لەنێوەندەکانی نێو پارتەکە هەستیان بەبایەخی ئەو رۆڵە کرد، کەدەکرێت ژن سەبارەت بەپارتەکە بیگێڕێت. رەجەب تەیب ئەردۆگان، کەبەرپرسی رێکسختنەکانی پارتی رەفاه بوو لەئەستەمبوڵ لەوکاتەدا، لەزۆرترین پەرۆشەکان بوو بۆ ئەو بابەتە. لەساڵی ١٩٨٩ دەستکرا بەرێکخستن‌و تەسقیفکردنی ئەو ژنانەی نزیك بوون لەبازنەکانی پارتی رەفاهەوە بۆپێکهێنانی لیژنەی ژنان‌و، بۆئەم مەبەستە ئەردۆگان خۆی هەستا بەتەسقیفکردنی گروپی یەکەمیان لەبەرئەوەی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ ئەو پارتە سیاسییانەی قەدەغە دەکرد، کەلیژنەی ژنانە پێکبهێنن، بۆیە لقەکانی ژنان لە پارتی رەفاهدا بەو شێوەیە مومارەسەی رۆڵی خۆیان دەکرد، کەچالاکیی ئەو لیژنەکانی ژێر سەرپەرستی بەشی پێوەندییە گشتییەکاننن لەپارتەکەدا[٣٠].

لەراستیدا ژنانی ئیشکەر لەو لیژنانەدا ئەو وێنە داکەوتووە خراپەیان دەربارەی ژنی ئیسلامیی لەروی سیاسییەوە تێکشکاند، کە تەنها لەبایەخدانی لەکاروباری ماڵدا کورتکراوەتەوە، بەجۆرێك نموونەیەکی ژنی تورکیی ئیسلامیی هۆشیاریان لەڕووی سیاسییەوە پێشکەشکرد[٣١].

لەسەر شێوەی رێکخستنەکانی پارتەکە لیژنەکانی ژنان وردە وردە لەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوبوونەوەو، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٦ دا ئەو لیژنانە

لەسەرجەم پارێزگە تورکییەکاندا بوونیان هەبوو[٣٢]. لەماوەی ٦ ساڵ لەدەسپێکردنی چالاکی ئەو لیژنانە ژمارەی ژنانی تۆمارکراو لەپارتی ڕەفاهدا گەیشتە دەوروبەری ملیۆنێك[٣٣]، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو لەسەر بایەخی ڕۆڵی ئەو لیژنانە. لیژنەکانی ژنان لەڕێگەی چالاکییە مەیدانییە کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگییەکانەوە، کارئاسانیکرد لەبەهێزکردنی وێنەی پارتەی ڕەفاه وەك پارتێکی بایەخدار بەپەیگیریی هەواڵپرسیی خەڵکی دیارو یارمەتیدانیان‌و سووك کردنی پەژارەو مەینەتیان. ئەو لیژنانە هەستان بەهەڵمەتی چڕو پڕ ماڵ بۆماڵ‌و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەنگدەرانی ژندا ئەنجام دەدا بۆچنگخستنی دەنگەکانیان لەبەرژەوەندیی پارتی ڕەفاه. پارتی نێوبراو درکی بەبایەخ‌و کاریگەریی دەنگی ژن کردبوو، بەوەش بایەخی فەرهەنگیی پێگەی ژنی لەنێو خێزاندا بەهەند وەرگرتبوو. بۆیە پارتی نێوبراو خۆی لەشێوەی " پارتێك بۆ هەموو خێزانێك " پێشکەشکردبوو[٣٤].

بەڵام دەربارەی کۆمەکیکردنی پارتەکەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن‌و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی، لەبنەڕەتدا پشتی بەهاوکاریی بەهێزی دارایی ئەو کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانیی‌و پیشەسازییانە دەبەست، کە بۆرژوا ئیسلامییەکان لەئەنادۆڵ خاوەنی بوون‌و چوو بوونە ریزی یەکێتی " مۆسیاد– MÜSIAD " وە[٣٥]. هەروەك کۆمەکی دارایی لەڕێکخستنەکانی " جیهانبینی نەتەوەیی – میللی گروش " بەدەستدەهێنا، کە لەهەندێك نێوچەی ئەورووپا لەحەفتاکانەوە دامەزرابوو، پێوەندیی پتەوی بەنەجمەدین ئەربەکانەوە هەبوو[٣٦]. جگە لەو بەخشینانەی، کەپارتی ڕەفاه لەئەندامانی خۆیەوە چنگی دەکەوت. هەروەها چالاکیی‌و

خزمەتگوزرایی کۆمەڵایەتیی دیکە هەبوون، کەکارئاسانیکرد لەچنگکەوتنی پشتیوانی بۆپارتی رەفاه بێئەوەی نەنگیی دارایی بێتەسەر، مەبەست لەوەش ئەو چالاکییو خزمەتگوزارییانە بوو، کەبازنەکانی شارەوانی، کەپارتی نێوبراو سەرۆکایەتییەکانی بردبۆوە لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا پێشکەشی دەکردو پشتی بەدەرماڵەی دارایی حکومییو دەرامەتی شارەوانییەکان دەبەست. هەڵبژاردنی شارەوانیی یان نێوچەیی، کەپێنج ساڵ جارێك لەتورکیادا بەڕێوەدەچوو، وێستگەیەکی بایەخدانی پارتە سیاسییەکان بوو تێیدا، بەجۆرێك ئەنجامەکانی ئاماژەیەك بوون لەسەر مەودای قورسایی پارتەکانو بایەخیان لەسەر نەخشەی سیاسیی ولآت.

پۆستی سەرۆکی شارەوانیی لەنێوەندی پارێزگەکان(شارە گەورەکان)و سەرۆکایەتیی شارەوانیی لەشارو شارۆچکەکان، بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بەسەر ئەو پارتانەدا دابەشدەکرا. سەبارەت بەپارتی رەفاه، تەنها بایەخی لەوەدا کورت نەکرابۆوە، بەڵکو هەوڵیدەدا ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بۆچنگخستنی زیاتری پشتیوانیو هاوکاریی بۆ پارتەکە وەبەربهێنێت لەڕێگەی کارکردن بۆباشترکردنی خزمەتگوزاریی بۆدانیشتووان. پێشتر ئاماژە کرا بۆئەو ئەنجامانەی، کەپارتی رەفاه لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵانی ١٩٨٤و ١٩٨٦ بەدەستیهێنابوو، پاشان سەرکەوتنی گرنگ لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٤ دا، کاتێك کاندیدانی پارتی نێوبراو پۆستی سەرۆکی شارەوانییان (شارە گەورەکان) لە ٢٨ پارێزگە بردەوە، لەنێویاندا پارێزگەکانی ئەستەمبوڵو ئەنقەرەو قۆنیەو دیاربەکردو قەیسەرییو ئەرزڕۆمو سەرۆکایەتی ٤٠٠ فەرمانگەی شارەوانی لەسەرانسەری ولآتدا. ئەو شارەوانیانەی، کەپارتی رەفاه لەبەڕێوەبردنیدا

سەرکەوتوو بوون، بەرپرسیارێتی کاروباری نێوچەیی سێیەکی دانیشتووانی تورکیایان لەئەستۆدا بوو، واتە دەوروبەری ٤٠ ملیۆن کەس[٣٧]، چواریەکی ئەو ژمارەیە لەشاری ئەستەمبوڵدا بوون، کەژمارەی دانیشتووانەکەی ١٢ ملیۆن کەس بوو[٣٨].

ئەدای ئەو فەرمانگە شارەوانیانەی، کەپارتی رەفاه بردبوونیەوە زۆر باشتر بوو لەئەدای سەردەمی سەرۆك شارەوانییە پێشووە سێکیۆلارەکان لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریی شارەوانییو دژایەتیکردنی گەندەڵییو خزمایەتیی. سەرەڕای ئەوە بایەخی بێ پێشینەیی بەمەسەلەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییو پێشکەشکردنی یارمەتیی جۆراوجۆر بەخەڵکی دا، کەبووە هۆی چنگکەوتنی زیاتری دەنگ لەبەرژەوەندیی پارتی رەفاه لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی لەساڵی ١٩٩٥ دا. لەئەستەمبوڵ ئەدای سەرۆکی شارەوانیی رەجەب تەیب ئۆردوگان باشبوو، بەجۆرێك پێشکەوتنی لەبوارەکانی چارەسەرکردنی کێشەی ئاوو هاتوچۆو لابردنی خۆڵو خاشاكو کارکردن بۆکەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگەو بایەخدان بەمەزارە مێژوویییەکانی شار، جگە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریییو چاودێریی کۆمەڵایەتیی بۆ نەخۆشو پەککەوتەو هەژاران[٣٩]. شارەوانی گەورەی ئەستەمبوڵ بەسەرۆکایەتیی ئۆردوگان خەڵاتی (تۆکیۆ)ی لەساڵی ١٩٩٥ بەدەستهێنا، وەك باشترین شارەوانیی لەجیهاندا لەڕووی دەسکەوتی بەدەسهاتوو بۆ دانیشتووانەکەی[٤٠]. بەڵام مزەفەر ئۆردوگان سەرۆکی شارەوانی باخچەلی ئیڤلەر Bahçelievler لەدەوروبەری ئەستەمبوڵ، کە لە رەفاه بوو ئەویش، هەستا بەدابەشکردنی ١٥٠٠ تۆن خەڵوز بەخۆڕایی لەوەرزی زستاندا بەسەر هەژارەکانو بابەتی میوەجات

بەسەر ٣٥٠٠ خێزان لەمانگی رەمەزانداو جلوبەرگ بۆ ١٠٠ قوتابی زانکۆ، هەروەك تێچوونی مەراسیمی سوورننەتکردنی ١٠٠٠ منالێشی دا. هەروەها (محەمەد سەکمەن)ی سەرۆکی شارەوانی کارتاڵ Kartal لەئەستەمبوڵ هەمان کاری کرد، بەجۆرێك هەستا بەدابەشکردنی خەڵوزو شیرەمەنیو جلوبەرگو سابوون بەسەر هەژاراندا. هەروەك بارودۆخی شاری سنجان زۆر گۆڕا دوای بەدەستهێنانی سەرۆکی شارەوانییەکەی لەلایەن پارتی رەفاهەوە، کەپێشتر بە (سنجانی قورِاویی) ناسرابوو[٤١].

فەرمانگە شارەوانییەکانی دیکەی پارتی رەفاه رێو شوێنی زۆریان بۆدژایەتیکردنی خراپەی بەدرِەوشتییو هاندانی دیاردە ئیسلامییەکان لەکۆمەڵگەدا گرتەبەر[٤٢]. هەروەك پێکرِا بەرِێوەبردنی شارەوانییەکانی رەفاه بەدەستپاکییو خاوێنی ناسرابوونو دانپێدانانێکی فراوان بەسەرکەوتنیدا نرابوو. یەکێك لەکۆڵەرە تایبەتمەندەکان لەمێژووی جوڵانەوەی ئیسلامیی لەتورکیا لەمرِووەوە دەڵێت:" لەهەڵبژاردنی ئازاری ١٩٩٤ دا هەرکەس پۆستی سەرۆکی شارەوانی شارە گەورەکانی لەپارتی رەفاه گرتبێتە دەست، خزمەتگوزاریی باشتری لەوانەی پێش خۆی پێشکەشکردووەو بەجدی کاریان لەپێناوی باشترکردنی خزمەتگوزاریی گشتیدا کردووە. هەروەها گەندەڵییو خزم خزمێنەیان لەشارەوانییەکاندا کەمکردۆتەوەو بەپیشەیی زیاتر لەپارتە چەپرِۆو راستڕۆکان کاریان کردووە "[٤٣]. ئەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە بەهێز دەکات، ئەو لێکۆڵینەوەیە، کەدامەزراوەی (کۆڵینەوەی هاوسەنگ) لەسەرانسەری تورکیادا بۆپێوانی رای گشتیی دەربارەی هەڵبژاردنەکان لەوکاتەدا پێی هەستاوەو، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٦ دا بڵاویکردۆتەوە. ئەنجامەکانی

کۆڵینەوەکە دەریخستووە، کە ئەگەر هەڵبژاردن لەوکاتەدا ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەو شارەوانیانەی، کەئەو کەسانەی پێوەندیان بەپارتی رەفاهەوە هەیەو سەرۆکایەتییان دەکەن رێژەی ٣٢٪ دەنگەکان لەتەواوی تورکیادا بەدەستدێننو، لەئەستەمبوڵ ٤٣٪ی دەنگەکان دەماشنەوە[٤٤].

ناتوانین ئەو پێشکەوتنەی پارتی رەفاه لەسەرەتای دەیەی نەوەدەکاندا بەدەستیهێنا شیبکەینەوە، بێئەوەی بارودۆخی گشتیی تورکیا لەپێشچاو نەگرین، لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە گرنگە نێودەوڵەتییانەی لەوماوەیەدا رووياندا. سەبارەت بەبارودۆخی گشتیی لەتورکیادەتوانین ئاماژە بۆ چەند فاکتەرێك بکەین، کە لەپشت گۆڕانی بەشێك لەدەنگدەرانەوە بوون بەرەو پشتگیریکردنی پارتی رەفاه بەتایبەت پشتیوانانی هەردوو پارتی راستڕۆی نێوەند، کەبریتیی بوون لەپارتی دایکی نیشتیمانو پارتی رێگەی راستو، لەهەشتاو نەوەدەکاندا کێبڕکێیەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەبوو. پارتی دایکی نیشتیمان ئەو دەنگانەی چنگیخستبوون لەخاوەن تێڕوانینێکی ئیسلامیی بوون لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٣ەوە، لەسەرەتای نەوەدەکاندا بەشێکیانی لەدەستدا. دوای ئەوەی ئۆزال سەرۆکایەتی کۆماری گرتەدەستو وازی لەسەرۆکایەتی پارتەکە هێنا، لەنێوخۆی پارتەکە ململانێ لەنێوان باڵی لیبراڵییەکان بەسەرۆکایەتی مەسعود یەڵمازو باڵی ئیسلامییەکان بەسەرۆکایەتیی محەمەد کچیلەر دەستیپێکردو لەکۆنگرەی نەتەوەیی پارتەکە لەساڵی ١٩٩١ یەڵماز وەك سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرا. یەڵماز بەدوژمنایەتیی ئیسلامییەکان ناسرابوو، کاتێك دواتر بووە سەرۆك وەزیران دەستی بەهەڵمەتی دەرکردنی ئیسلامییەکان لەحکومەتو فەرمانگەکانی دەوڵەت کرد[٤٥].

دوای مردنی ئۆزال لەنیسانی ١٩٩٣ سەرمایەدارانو بۆرژوا ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە رووبانکردە پارتی رەفاھ، پاشئەوەی دۆستایەتیان لەسەرەتاوە لەنێوان پارتی دایکی نیشتیمانو پارتی رەفاھدا دابەش ببوو[٤٦]. بەتایبەت، کەدروشمی سیستەمی دادپەروەری ئەو پارتە لەلایەنی ئابوورییەوە لەگەڵ ئەواندا گونجاو بوو.

دەربارەی گۆڕانی بەشێك لەدەنگدەرانی پارتی رێگەی راست دەگەڕێتەوە بۆشکستهێنانی لەهێنانەدی بەڵێنەکانی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتدا لەڕێگەی هەردوو حکومەتی هاوپەیمانیی، کەپارتی نێوبراو سەرۆکایەتیکردن لەنێوان سالانی ١٩٩١– ١٩٩٥، کەبریتیی بوون لە، حکومەتی سلێمان دێمریل (٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٩١ – ١٦ ی مایسی ١٩٩٣)، حکومەتی تانسۆ چیللەر (٢٥ ی حوزەیرانی ١٩٩٣– ٢٠ ی ئەیلوولی ١٩٩٥). ئەو هاوپەیمانییەش لەگەڵ پارتی دیموکراسیی میللیی کۆمەڵایەتیی " SHP " بوو، کە لەپارتە چەپڕۆ نێوەندەکان بوو، لەگەڵ پارتی گەلی کۆماریی "CHP " ئاوێتە بوو، لە ١٤ ی شوباتی ١٩٩٥و لەحکومەتی هاوپەیمانیدا لەژێر ناوی پارتی گەلی کۆماریی بەردەوام بوو[٤٧]، تاوەکو کشانەوە لێی بەهۆی شکستهێنانی لەچارەسەرکردنی کێشە ئابووریییەکان، بەجۆرێك رەوشی ئابووریی بەشێوەیەکی مەترسیدار لەوڵات لەنێوان سالانی ١٩٩٣– ١٩٩٥ تێکچوو، دۆخی بژێوی ملیۆنان هاوڵاتیی داڕوخا. هەندێك ژمارە لەساڵی ١٩٩٦ شۆێنەواری خراپیی گەورەی ئەو قەیرانە لەسەر هاوڵاتیانی ئاسایی روونەدەکەنەوە، بەجۆرێك راپۆرتەکان باسیان لەوە دەکرد، کەژمارەی ئەو کەسانەی لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین گەیشتۆتە دەوروبەری ٤,٥ ملیۆن

کەس، هەروەها ژمارەی ئەوانەی داواکاریان پێشکەشی دەوڵەت کردووە تەنها لەپێناوی بەدەستهێنانی یارمەتیی خۆراکیی گەیشتۆتە ١,٦٦٣,٠٠٠ کەس. سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی دەستەبەر بۆ سووک کردنی مەینەتی ئەوانە، سەرۆك وەزیران تانسۆ چیللەر پارەی تەرخانکراو بۆ دامەزراوەی چاودێریی کۆمەڵایەتیی بۆ هەژاران " FAK-FUN-FON " بەراستو چەپ بۆ مەبەستی دیکە خەرجکردووە، بەگوێرەی ئەوەی، کە محەمەد دورلی سکرتێری گشتیی ئەو دامەزراوەیە باسیکردووە[٤٨]. داڕمانی رەوشی ئابووریی بووە هۆی بەردەوامبوونی خۆپیشاندانی گەورەی کرێکاریی بۆداواکردنی بەرزکردنەوەی کرێ، کەبگونجێت لەگەڵ پێکڕای هەڵاوسانو بەرزبوونەوەی نرخ، ئەو خۆپیشاندانانەش رۆڵی گەورەیان هەبوو لەکەوتنی حکومەتەکەی چیللەر لە ٢٠ ی ئەیلوولی ١٩٩٥ دا[٤٩]. سەرباری بێتوانایی حکومەت لەچارەسەرکردنی ئەو قەیرانە یاخۆ سوك کردنی کاریگەرییەکانی، بۆیە خراپی بەڕێوەبردنو گەندەڵیی دارایی تێیدا وای لەپارتی رێگەی راست کرد، کەرێژەیەکی زۆر لەدەنگی دەنگدەرانی لەدەستبدات، لەکاتێکدا پارتی نێوبراو بەرێژەی ٢٧,٠٣٪ ی دەنگەکانی لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی لەساڵی ١٩٩١ بردبۆوە، ئەو رێژەیە بۆ ١٩,٨ لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ دا پاشەکشەی کرد.

بارودۆخی گرانیی ئابووریی لەپشتەوەی کۆچکردن بوو بەرەو نێوەندی شارە گەورەکان بەتایبەت لەرۆژئاوای وڵاتو لەوانە ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ. رێژەی کۆچکردن لەپارێزگە کوردییەکان لەباشووری رۆژهەڵاتیی وڵات بەبەراورد بەنێوچەکانی دیکەی ئەنادۆڵ بەرزتر بوو بەهۆیەکی دیکە،

کەبریتی بوو لەشەڕی بەردەوامیی نێوان هێزە سەربازییەکانو هێزی ئاسایشییەکان لەلایەك و پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوە زۆربەی ئەوانە هەژار بوون و لەکوخی گەڕەکە هەژارەکانی دەوروبەری شارەکاندا نیشتەجێبوون. رێکخستنەکانی پارتی رەفاه بایەخیان بەو کۆچەرییانە داو پێویستییان پێشکەشکردن، کەکاریگەریی هەبوو لەچنگخستنی پشتگیریی و دەنگیان. بەگوێرەی کۆلێنەوەیەك دەربارەی بنەما ئاینیی و ئیتنییەکان بۆدەنگدان لەهەلبژاردنەکانی تورکیادا، " ئەنجامی هەلبژاردنەکانی شارەوانی لەساڵی ١٩٩٤ دەریخست، کەئیسلامییەکان لەو نێوچانەی تورکیا، کەزیاتر شارستانیی و پیشەسازین، پێشکەوتنیان زیاتر بەدەستهێناوە، سەرەڕای پەناگەکانیان لەنێوەڕاست و رۆژهەلات و باشووری رۆژهەلاتی ئەنادۆل. ئەمەش لەهەلبژاردنەکانی پارلەمان لەساڵی ١٩٩٥ زیاتر روونبۆوە، کاتێك پارتی رەفاه چواریەکی دەنگی دەنگدەرانی لەئەستەمبول و سێیەکی دەنگەکتنی لەقوجالی و سەقاریە بەدەستهێنا. فراوانبوونی بنکەی جەماوەریی پارتی نێوبراو لەشارە بچووکەکانەوە بۆ نێوەندی شارەە گەورەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی ئەو پارتە لەکێشکردنی کۆچکەرە نوێیەکان و هەژارە شارنشینەکان لەشارەکاندا "[٥٠].

وەکچۆن هەردوو پارتی سەرەکیی راستڕەوی نێوەند لەوڵات لەدۆخی کێبڕکێدا بوون لەنێوان خۆیاندا، چەپی تورکیش لەنێوان پارتە رکابەرەکاندا دابەشببوو. هەروەها بەدەست کوتکوتبوونی نێوخۆییشەوە دیسان دەینالاند، کەبریتیی بوون لەپارتی چەپی دیموکراتیی" DSP "

بەسەرۆکایەتی بولّەند ئەجەویدو پارتی دیموکراتی گەلی کۆمەلّایەتیی بەسەرۆکایەتی ئەردالّ ئینونو، کە لەئەیلوولی ١٩٩٣ دەستی لەکارکێشایەوەو موراد قەرە یالّچین جێگەی گرتەوەو پارتی گەلی کۆماریی بەسەرۆکایەتی دەنیز بایکالّ. ئەم دابەشبوونە بووەهۆی پەرتەوازەبوونی دەنگی دەنگدەرانو، دۆخێك بەبێ دەرکەوتنی یەك پارتی بەهێز، کەبتوانێت بەتەنها دەست بەسەر دەسەلّاتدا بگرێت[٥١]. سەرەڕای ئەو دابەشبوونانە بایەخدانەکانی چەپی تورکیی هەمووکات لەو کێشانە دوور بوو، کەپێوەندییەکی راستەوخۆیان بەپەرۆشیی بنکەی هەلّبژاردنی خۆیانەوە هەبوو. بۆنموونە پارتی دیموکراتی گەلی کۆمەلّایەتیی بە سەرۆکایەتیی ئەردالّ ئینونو لەسەرەتای نەوەدەکاندا جەختی لەسەر مەسەلەکانی دیموکراسیی دەکردەوە، بەتایبەت رێزگرتنی مافە مەدەنییو مرۆییەکان. لەگەلّ ئەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگە، بەلّام هەمووکات ئەمە گرێدرابوو بە بەکەمی بایەخدان بەو کێشە ئابووریانەوە، کەخاوەنی پێوەندی راستەوخۆن بەچینی هەژارەوە، کۆلّەکەی سەرەکیی هەلّبژاردنی پارتەکەی پێکهێنابوو. هەروەك ئەزموونی سەرۆك شارەوانییەکان لەو پارتەدا لەئەستەمبولّو ئەنقەرەو تۆمەتبارکردنیان بەنەبوونی لێوەشاوەییو گەندەلّیی کارگێڕیی، لەگەلّ وێنەی " حکومەتی خاوێن " دا، کەدروشمی سەرەکیی پارتی نێوبراو بوو لەهەلّبژاردنی شارەوانییەکان لەسالّی ١٩٨٩ دا دژ یەك بوون[٥٢]. نیوەی یەکەمی دەیەی نەوەدەکان پەرەسەندنی گرنگی بەخۆوەبینی، کەپارتی رەفاھ بەشێوەیەك یان شێوەیەکی دیکە سوودی لێوەرگرت. سەپاندنی سزا نێودەولّەتییەکان بەسەر عێراقدا لەئابی ١٩٩٠، بەهۆی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سوپای

عێراقەوە، پاشان داڕوخانی ژێرخانی ئەو ولاتە بەشێوەیەکی نیمچە تەواو لەجەنگی دووەمی کەنداو (٧ی کانوونی دووەم– شوباتی ١٩٩١)[٥٣]، بووەهۆی ئەوەی شوێنەواری خراپیی ئابووریی لەسەر تورکیا جێبهێڵێت، بەهۆی راوەستانی ناردنی نەوتی عێراق بەڕێگەی هێڵی بۆری کەرکوك– یومورتالیك، سەرەڕای راوەستانی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەنێوان هەردوو دەوڵەت. بەگوێرەی سەرچاوە فەرمییە تورکییەکان ولاتەکەیان تووشی زیان بووە، کە لەنێوان ٣٠– ٣٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەهۆی سزاکانی سەر عێراق لەنەوەدەکاندا[٥٤]. پێشتر ئاماژە کرا بۆئەوەی، کەتوندوتیژیی لەرادەبەدەر لەمامەڵەکردنی رۆژئاوا لەگەڵ عێراقو کوشتوبڕی مسوڵمانان لەبۆسنەو هێرسكو چیچان تێڕوانینی لەتورکیادا بەهێزکرد. هەروەك لەنێوچەکانی دیکە لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەوەی مسوڵمانان لەهەموو لایەکەوە روبەڕووی هێرشو پەلامار دەبنەوە لەلایەن هێزەکانی جیهانی مەسیحییەوە. هەروەها دەستی دەستیکردنی یەکێتی ئەورووپا لەبەخشینی ئەندامێتیی تەواو بەتورکیا لەریزەکانیدا، بووەهۆی بەهێز بوونی ئەو تێروانینە، بەجۆرێك ئەو بیروباوەڕە بەهێز بوو، کەرۆژئاوا لەسەر بنەمای ئاینیی وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا رەتدەکاتەوە. هەموو ئەوە خزمەتی بزاڤی ئیسلامیی لەتورکیا کرد، کەپارتی رەفاە پێکهاتەیەکی سەرەکیی بوو تێیدا. جگەلەوەی کەوتنی سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیزم لەئەورووپای رۆژهەڵاتو ئەویتر لەیەکێتی سۆڤیەت، کەهەڵوەشایەوەو هەرەسی هێنا لەکۆتایی ١٩٩١، بەخراپی بەسەر هزرو هێزە چەپڕۆکان بەگشتیی رەنگیدایەوە.

لەراستیدا داڕمانی ئەو سیستەمە تێسرەواندنێکی گەورە بوو بۆ بزاوتو پارتە سۆسیال دیموکراتو چەپە نێوەندەکان. هەروەك پرۆسەی بەجیهانیبوون بەرەهەندە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگییەکانییەوە کاریگەریەکی کەم بایەخ نەبوو[٥٥]، بەگشتیی ئیسلامیی سیاسیی سوودی لەو پەرەسەندنانە وەرگرت. هێندەی مەسەلەکە پێوەندیی بەپارتی رەفاهە لەتورکیاوە هەبوو، دروشمیی سیستەمی ئابووریی دادپەروەرو بانگەواز بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی‌و چالاکیی رێکخستن‌و شارەوانییەکان لەبواری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی‌و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ هەژاران‌و چاودێریی ئاتاجان‌و نەخۆش وایکرد لەروانینی زۆرێك لەخەڵکی، کە لەجێگەی " پارتێکی سۆسیالیستی دیموکراتی ئیسلامیدا " بن[٥٦]. واتە دەنگدانی بەشێك لەدەنگدەرانی پێشووی چەپەکان لەبەرژەوەندیی پارتی رەفاهە لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ دا، کەدواتر رێگەی خۆشکرد بۆگەیشتن بەدەسەڵات.

سیاسەتەکانی حکومەتەکەی ئەربەکان:

گومانی تێدا نییە، بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن پارتی رەفاهەوە لەرووی نێوەرۆکەوە کارێکی گرنگ بوو، بەڵام سەرکەوتنێکی رێژەیی بوو لەڕووی ژمارەی دەنگی دەنگدەران‌و ژمارەی ئەو کورسییانەی، کە لەئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیادا بەدەستیهێنابوو، بەجۆرێك نزیکەی ١٨٪ دەنگدەرانی وڵات دەنگەکانی خۆیان بەپارتە سیاسییە بەشداربووەکانی دیکە لەو هەڵبژاردنەدا بەخشیبوو، بەڵام لەڕووی کورسی پارلەمانییەوە، رەفاهە خاوەنی ١٥٨ کورسی بوو لەبەرامبەر ٣٩٢ کورسی بۆ پارتە سیاسییەکانیتر، بەوەش

لەتوانای پارتی رەفاهدا نەبوو بەبێ پێکهێنانی هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی دیکەدا بگاتە دەسەڵات. هەروەها رێگە لەبەردەم پارتی نێوبراودا ئاسان نەبوو بگاتە دەسەڵات بەهۆی هەوڵی هێزە سێکیۆلارەکان بۆ دروستکردنی قۆرت لەبەردەمیدا. دامەزراوەی سەربازیی تورکیاو یەکێتی پیشەسازانو پیاوانی تورك " TÜSIAD "و ئامرازی راگەیاندنی شوێنکەوتەی گەورەترین دوو دامەزراوەی میدیایی پشتیوانی سیستەمی سێکیۆلاریزم لەتورکیا، کەبریتی بوون لەدامەزراوەی (صباح)و دامەزراوەی (دۆغان)[٥٧]، فشاریان لەسەر مەسعود یەڵمازی سەرۆکی پارتی دایکی نیشتیمانو تانسۆ چیللەر کرد، بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی[٥٨]. لەراستیدا پارتە راستڕۆو چەپڕۆکان لەلایەن خۆیانەوە هەستیان بەنائارامیی دەکرد بەسەرکەوتنی پارتی رەفاە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٥ دا، سەرەڕای ئەوەی لەچوارچێوەی پرۆسەی سیاسییو دیموکراسیدا بوو. هەموو ئەوانەی پێشەوە شکستی ئەو کۆششانەمان بۆ شرۆڤە دەکات، کەئەربەکان ئەنجامیدا بۆپێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی لەراسپاردنییەوە لەلایەن سلێمان دێمریلی سەرۆك کۆمارەوە لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦ هوە. ئەربەکان هەوڵەکانی چڕکردەوە لەپێناوی پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی دایکی نیشتیماندا بەوپێیەی پارتێکە، کە لەریزەکانیدا ژمارەیەکی تاڕادەیەك زۆر تێیدا، کەخاوەن تێڕوانینی ئیسلامیی بوونو پشتیوانی بەشداری رەفاە بوون لەفەرمانڕەواییدا لەخۆگرتووە، بەڵام ئەو هەوڵانە شکستیهێنا بەهۆی رەتکردنەوەی پێکهێنانی نموونەی ئەو حکومەتە

لەلایەن مەسعود یەڵمازەوە، ئەم کارە وای لەئەربەکان کرد، کەواز لەراسپاردنی بەپێکهێنانی حکومەت بهێنێت[٥٩].

لەئازاری ١٩٩٦و دوای وتووێژو سازش لەنێوان هەردوو پارتی دایکی نیشتیمانو پارتی رێگەی راست، حکومەتێکی هاوپەیمانیی لەنێوانیاندا بەسەرۆکایەتی مەسعود یەڵماز پێکهات. لە ١٢ ی ئازاردا ئەو حکومەتە متمانەی پارلەمانیی بەزۆرینەی ٢٥٧ دەنگ بەرامبەر بە ٢٠٧ دەنگ بەدەستهێنا، ئەوەش بەهۆی رێگریکردن لەدەنگدان لەلایەن ٧٦ پارلەمانتار لەپارتی چەپی دیموکراسیی، کە ئەجەوید سەرۆکایەتیی دەکردو بەڵێنی دابوو بە رێگریکردن لەوەی پارتی رەفاه بگات بەدەسەڵات[٦٠]. بێبەشکردنی پارتی رەفاه لەگەیشتن بەدەسەڵات بەم شێوازە هەندێك لەشوێنکەوتووانی رەفاهی قەناعەت پێکرد، کەئامرازە دەستوورییەکان بۆ گۆڕانکاریی لەبەردەمیاندا داخراوە، هەروەها دەنگدەرانی رەفاهی هوروژاندو، پارلەمانتارەکانی لەپارلەمان بەشێوەیەکی زیاد لەپێویست جارِسبوون. کۆڵەری تورك خاکان یاوز وایدەبینی، کە " دەرکردنی پارتی رەفاه لەلایەن دامەزراوەی کەماڵییەوە بۆتەهۆی رقلێبوونەوەی بەشێکی زۆر زیندوو لەدانیشتووانو، جگەلەوەش کەمبوونەوەی بنکەی جەماوەریی کەماڵییەکانو لەهەمانکاتدا بنکەی جەماوەریی پارتی رەفاه بەشێوەیەکی بێمەبەست فراوانکرد. لەبری کۆششی وردە وردە بۆ ئاوێتە کردنی گروپە ئیسلامییەکان لەسیستەمدا، دەستەبژێری سیاسیی ئەو چارەسەرە مێژووییەیان لەنێوان نێوەندو کەناردا رێگیریکرد "[٦١]. ئەم شیکردنەوەیەش دروستە لەژێر رۆشنایی زۆربوونی پشتیوانی بۆ پارتی رەفاه لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان

بەشێوەی جوزئی، کە لە ٤١ بازنە لەتورکیادا بەڕێوەچوو، بەجۆرێك پارتی رەفاھ تێیدا سەرکەوت بەرێژەی ٣٣,٦٪ ی دەنگەکان لەکاتێکدا پارتی داکی نیشتیمان ٢١٪ دەنگەکانی بەدەستھێناو پارتی رێگەی راست ١٢٪[٦٢]، لەنێو ھۆکارەکانی ئەم پاشەکشە گەورەیەدا ژمارەی دەنگدەرانی پارتی رێگەی راست گەندەڵیی دارایی ئاراستەی چیللەر کردو تۆمەتبارکراو، لەپارلەمان لەنیسانی ١٩٩٦ ەوە لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتە دەستیپێکرد. ئەو تۆمەتەو ناکۆکییەکانی نێوان ھەردوو پارتی فەرمانڕەوا، لەھۆکارەکانی شکستھێنانی حکومەتە ھاوپەیمانییەکەی یەڵماز بوون، کە لە ٦ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا دەستی لەکارکێشانەوەی پێشکەشکرد.

دوای ئەو راوێژانەی، کە سلێمان دێمریلی سەرۆك کۆمار لەگەڵ سەرۆکی پارتە سیاسییە نوێنەرایەتیکەرەکانی نێو پارلەمانو دامەزراوەی سەربازیی تایبەت بەقەیرانی سیاسیی لە وڵاتدا ئەنجامیدا، بۆچوون لەسەر راسپاردنی ئەربەکان جارێکیتر سەقامگیربوو بەدامەزراندنی حکومەت، پاشئەوەی رووبۆوە، کەھەریەکە لەچوار پارتە سیاسییەکەی دیکە (دایکی نیشتیمانو رێگەی راستو گەلی کۆماریی‌و چەپی دیموکراسیی) ناتوانن حکومەتی ھاوپەیمانیی پێکبھێنن، کەمتمانەی پارلەمان بەدەستبھێنێت. بەدوایدا ھەوڵی ئەربەکان ھات بۆپێکھێنانی حکومەت لەگەڵ پارتی دایکی نیشتیمان، بەڵام یەڵماز رەتیکردەوە، بەوەش ئەربەکان پەنای بردە بەر پارتی رێگەی راست، کەچیللەر سەرۆکایەتی دەکرد. چیللەر رەزامەندی لەسەری دەربڕی بۆ رزگاربوون لەکێشە دادگاییەکانی بەھۆی ئاراستەکردنی تۆمەتی گەندەڵیی بۆی‌و بەئومێدی

راگرتنی هەڵمەتە توندوتیژە فرە لاکان لەدژی، ئیدی لەپارتی دایکی نیشتیمان یان خودی پارتی رەفاهەوە بێت. بەمەش لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٩٦ دا پێکهێنانی حکومەتی پەنجاو چوارەم لەمێژووی کۆماری تورکیادا بەسەرۆکایەتی ئەربەکان راگەیەنراو رێکەوتن لەسەر ئەوەی، کەدوو ساڵی یەکەم لەتەمەنی حکومەت ئەربەکان سەرۆکایەتی وەزیران بکاتو پاشان سەرۆکایەتییەکە دوو ساڵی دواتر بۆ چیللەر بگوازرێتەوە[٦٣]. حکومەتی نوێ لە ١٧ وەزیر لەپارتی رەفاھ جگە لەئەربەکانی سەرۆك وەزیرانو ١٩ وەزیر لەپارتی رێگەی راست، جگە لەجێگری سەرۆکی حکومەت پێکهات. وەزارەتەکانی بەرگریو نێوخۆو دەرەوە لەپشکی پارتی رێگەی راست بوون، هەروەك چیللەر وەزارەتی دەرەوەی گرتە دەست لەتەنیشتی ئەوەی، کەببووە جێگری سەرۆك وەزیران[٦٤]. ئەو حکومەتە بەرنامەی خۆی لە ٣ی تەممووزدا پێشکەشی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا کرد، پاشان لە ٨ ی تەممووزدا بەدەنگدانی ٢٧٨ پارلەمانتار لەبەرژەوەندی خۆی بەرامبەر ٢٦٥ پارلەمانتار متمانەی بەدەستهێنا[٦٥].

سەرەڕای پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەربەکان لەدۆخێکدا نەبوو، کەرێگە بدات بەرنامەی پارتەکەیو ئەو دروشمانەی، کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەرزی کردبۆوە بەتەواوی جێبەجێیان بکات، بەجۆرێك پێویست بوو لەسەری بۆچوونی هاوبەشەکانی لەهاوپەیمانیی حکومیی، پارتی رێگەی راست، کەهاوبەشو پشتیوانی سیستەمی سێکیۆلاریزمو دژی ئاراستە ئیسلامییەکانی پارتی رەفاھ بوو، بەهەند وەربگرێت. بەر لەپێکهێنانی حکومەتی هاوبەش، چیللەر پارتی رەفاهی بەوە تۆمەتبار کردبوو، کە "

ولاّت بەرەو دوواوەو بۆ چاخە تاریکەکان دەگێڕێتەوە "[٦٦]. هەروەك ئەربەکان پرۆتۆکۆلێکی لەگەڵ چیللەر ئیمزا کردبوو، تێیدا رەزامەندی لەسەر ژمارەیەك مەرجی پارتی رێگەی راست دەربڕی، لەوانە پشتگیریی رێکەوتن لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا تایبەت بەتەعریفەی گومرکیو هاوکاریکردنی سوپاو هێزە ئاسایشییەکانی تورکیا لەجەنگیدا دژ بە " تیرۆر "، (واتە پارتی کرێکارانی کوردستان)و، قبوڵکردنی سەرجەم بەیاننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، کەتورکیا بەستونی، لەنێویدا رێکەوتننامە گرێدراوەکان لەگەڵ ئیسرائیل[٦٧]. خوێندنەوەیەکی خێرای بەرنامەی حکومەتەکەی ئەربەکان مەودای کاریگەریی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ پارتی رێگەی راست لەسەر نێوەرۆکەکەی بۆ رووندەبێتەوە، بەگوێرەی ئەوەی یەکێك لەکۆڵەران باسیکردووە زۆر گرانە ئەو بەرنامەیە لەبەرنامەی حکومەتە هاوپەیمانییە پێشووەکەی هەردوو پارتی چەپی نێوەند (واتە حکومەتەی یەڵماز– چیللەر) جیابکرێتەوە، جگە لەنەهاتنی هیچ ئاماژەیەك تێیدا بۆ " سیستەمی دادپەروەر "ی پارتی رەفاە[٦٨].

حکومەتەکەی ئەربەکان جەختی کردەوە لەسەر پابەندبوون بەدەستوورو مافەکانی مرۆڤو سیستەمی کۆماریی سێکیۆلاری دامەزراو لسەر پرێنسیپەکانی ئەتاتورکیزمو پابەندبوون بەئازادی ئایینو ویژدانو فیکر، بەوپێیەی رەگەزی بنەڕەتین لەسیستەمی دیموکراسیی لەوڵاتدا. لەلایەنی ئابووروییەوە بەرنامەکە جەختی کردبۆوە لەسەر پێویستیی چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەپێناوی گێڕانەوەی پەیکەربەندی دەوڵەتو لەنێوبردنی هەڵاوسانو کەمکردنەوەی کەموکورتی بودجەی بازرگانییو،

چارەسەرکردنی کێشەی بێکاریی‌و چاککردنی بارودۆخی بژێویی هاوڵاتیان‌و زیاترکردنی داهاتی دەوڵەت‌و بەهێزکردنی ئابووریی نیشتیمانیی لەڕێگەی روبەڕووبوونەوەی زیادەڕۆیی لەخەرجییەکان‌و، دامەزراندنی سیستەمی باجی دادوەرانە‌و کاراکردنی بەڕێوەبردنی‌و، ڕێکخستنی کاری بانک‌و دامەزراوە داراییەکان‌و، پەرەپێدانی ژێرخان‌و، گواستنەوە لەئابووریی قازانجەوە بۆ ئابووریی‌یەکی دامەزراو لەسەر بەرهەمهێنان‌و ناردەنیی. هەروەها بەرنامەکە تێیدا ئاماژەی داوە بەبایەخدان بەخوێندن‌و بەهای نەتەوایەتیی‌و ڕۆحیی‌و ڕەوشتیی‌و، گرنگیدان بەسیستەمی دادوەریی‌و یاسایی‌و ڕێکخستنی، بۆئەوەی زۆر دادپەروەرو لێوەشاوە بێت. هەروەها چاککردنی خزمەتگوزاریی گشتیی‌و، ڕێکخستنی کاری راگەیاندن‌و، دوورخستنەوەی ئەوانەی، کە لەئەرک‌و پیشە ئاینییەکاندا کاردەکەن لەهەر هزرو کاریگەرییەکی سیاسیی. بەڵام سەبارەت بەمەسەلەی کورد بەرنامەکە هاوکاریی بژاردەی سەربازیی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان کردبوو، بەجۆرێك لەگەڵ دامەزراوەکانی سێکیۆلاریزمدا ڕێك بێت، لەریزی پێشەوەیان دامەزراوەی سەربازیی، بەڵام بەرنامەکە لەبەرامبەردا ئاماژەی بەچارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکان لەنێوچە کوردییەکاندا کردووە لەڕێگەی گێڕانەوەی راگوێزراوان بۆ گوندەکانیان‌و قەرەبووکردنەوەیان‌و دەستەبەرکردنی ژیانی سەربەرزانە بۆیان‌و لابردنی باری نائاسایی لەو نێوچانە، جگە لەرێو شوێنانەش.

لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا بەرنامە حکومییەکە پێی دادەگرت لەسەر پابەندبوون بەسەرجەم ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیی‌و ستراتیژییانەی، کەپێشتر تورکیا گرێیداون لەگەڵ ڕەچاوکردنی بوار نەدان بەوانەی، کە

لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی‌و ئاسایشیی نەتەوەییدا دژن. هەروەها بەرنامەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر پەرەپێدانی پێوەندیی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی بالّکان‌و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و قۆقازو کۆمارە ئیسلامییەکانی ئاسیای نێوەڕاست، سەرباری پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی‌و دامەزراوە ئابووورییە شوێنکەوتەکانی[٦٩].

گومانی تێدا نییە، کە گەیشتنی ئەربەکان بەدەسەڵات نەدەبوو بەبێ چارەسەرێکی لەمشێوەیە لەگەڵ پارتێکی سێکیۆلاردا، کە لەگەڵ تێڕوانینەکانی پارتی رەفاهدا نەدەهاتەوە، بەڵام ئەو چارەسەرە بەمانای ئەوە نەدەهات، کە ئەربەکان واز لەبەرنامەو دروشمەکانی پارتەکەی بهێنێت، چونکە بەلای ئەوەوە واتە خۆکوشتنی سیاسیی. هەروەك ئەوە پێکنەدەهاتەوە لەگەڵ ئەوەی زانرابوو دەربارەی پابەندبوونی بەپرەنسیپ‌و هزرەکانی‌و، کارکردن لەپێناوی بەدیهێنانی لەکاتی رەخنەگرتنی توندی لە سیاسەتەکانی پارتی عەدالەت لەکۆتایی شەستەکانەوە و دامەزراندنی پارتی سیستەمی نیشتیمانیی لەساڵی ١٩٧٠. مەسەلەیەکی دیکەش هەیە، کەبریتی بوو لەگەیشتنی بەدەسەڵات دوای نزیکەی سێ دەیە لەکاری سیاسیی، ئەوەش واتە خاوەندارێتیی‌و مەعریفەی فراوان‌و ورد بەواقیعی سیاسیی تورکیاو پێویستییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

تەمەنی حکومەتە هاوپەیمانییەکەی ئەربەکان درێژ نەبوو، بەجۆرێك ناچار بەدەست لەکارکێشانەوە کرا لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٩٧ لەژێر گوشاری‌و هەڕەشەی دامەزراوەی سەربازیی تورکیادا. لەکاتی بوونی لەدەسەڵاتدا ئەو حکومەتە هەستا بەژمارەیەك هەنگاوو رێ‌و شوێن لەهەردوو بواری

نێوخۆیی‌و دەرەوە، کەئەربەکان لەپشتییەوە بوو، لەگەڵ وەزیرەکانی پارتی رەفاه لەحکومەتدا بەتایبەت وەزیری داد شەوکەت کازان‌و وەزیری رۆشنبیریی ئیسماعیل کارەمان I . Kahraman، کەهەوڵیی چاکردنی خوێندن‌و رۆشنبیری‌و سیستەمی یاسایی‌و ئابووریی‌یاندا، کە لەگەڵ ئاراستەکانی پارتی رەفاهدا بگونجێت[٧٠]. ئەو هەنگاوو رێ‌و شوێنانەش لەجێگەی بەشێك لەو پابەندیانەی پارتی رەفاه بوون بەرامبەر ئەوانەی، کە لەبەرژەوەندی پارتی نێوبراو دەنگیان دابوو لەهەڵبژاردنداو، بۆئەوەی پارێزگاریی لەهاوکاریی‌و پشتیوانیکرنیان بۆ پارتەکە بکەن. دەتوانین ئەو هەنگاوو رێ‌و شوێنانە لەمانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١. هەنگاوو رێو شوێنەکان لەبواری ئایندا:

لەوانە ئەو بانگەوازەی، کەئاراستەی ژمارەیەك لەپیاوانی ئاینیی‌و بیریاران‌و رۆشنبیران‌و لەچوارچێوەیدا سەرۆکی هەندێك رێبازی سۆفیگەریی بۆ خوانێکی بەربانگی رەمەزان لەبارەگای سەرۆکی حکومەت لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧ کرا. هەروەها فراوانخوازیی لەکردنەوەی دامەزراوە ئاینییەکان‌و، پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا، کەرێگە بدات بەژنان حیجاب بپۆشن لەزانکۆو فەرمانگە حکومییەکانداو، مەسەلەی دیاریکردنی کاتژمێری کاری رۆژوەوانان لەرەمەزانداو، بانگەواز بۆدووبارەکردنەوەی مزگەوتی " ئایا سۆفیا " لەئەستەمبوڵ لەبەردەم نوێژخوێنداندا دوای ئەوەی، کە بۆ مۆزەخانەیەك گۆڕا لەسەردەمی ئەتاتورکدا. هەروەها بانگەواز بۆجێبەجێکردنی پرۆژەیەك، کەپێشترو لەلایەن هەریەکە لەئۆزال‌و دێمریلەوە رەزامەندی لەسەر درابوو، کەبریتی بوو لەدروستکردنی مزگەوتێك لەگۆڕەپانی تەقسیم لەنێو دڵی ئەستەمبوڵدا.

پێشنیازکردنی بونیاتنانی مزگەوتێکی دیکە لەنێوەڕاستی کۆشکی کۆماری لەنێوچەی جانکایا لەئەنقەرەی پایتەختو، ئازادی دان بەحاجیان بۆگەشتکردن بەڕێگەی وشکانی لەڕێگەی سوریاوە بۆبەجێهێنانی ڕێو ڕەسمی حەج، وەك دەستەبەرکردنی خەرجی لەبری پابەندکردنیان بەگەشتکردن لەڕێگەی هەواییەوە. هەروەها ئازادی بەخشین بەهاوڵاتیان بۆ بەخشینی پێستی قوربانیان لەجەژنی قوربان بەدامەزراوە خێرخوازییەکانو ئەوقاف بۆسوودلێوەرگرتنیان لەکارە خێرخوازییەکاندا لەبری دامەزراوەی فڕۆکەوانی تورکیا، کەکۆکردنەوەی بۆخۆی قۆرخ کردبوو[٧١].

٢. هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی سیاسیی بۆ مەسەلەی کورد:

سەرەڕای قەبوڵکردنی بژارەی سەربازیی لەبەرەنگاربوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن ئەربەکانەوە بۆرازیکردنی دامەزراوەی سەربازیی، بەڵام هەوڵیدا لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەکاتی بوونی لەسەرۆکایەتیی حکومەتدا. ئەمەش لەجێگەی پابەندبوونی بوو بەرامبەر هاوڵاتیانی کورد لەڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کەسەرچاوەی هاوکاری گرنگ بوون بۆ پارتی ڕەفاە لەهەڵبژاردنەکاندا. پارتی نێوبراو پشکی شێری لەکورسییەکانی پارلەمان، کەنوێنەرایەتی پارێزگە کوردییەکانی دەکرد بەدەستهێنابوو، دوای شکستی پارتی دیموکراتیی گەلHADEP ، کەبریتی بوو لەپارتێکی کوردییو رکابەری پارتی ڕەفاە لەوێ، لەگەیشتن بەڕێژەی ١٠٪ ی داواکراو لەدەنگەکان بۆگەیشتن بەپارلەمان لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥دا[٧٢].

سەرباری ئەو دەستکەوتە سیاسییەی، کەدەکرا ئەربەکانو پارتەکەی لەدۆخی چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیەدا بەدیبهێنێت، ئەوا دەسکەوتە داراییەکەشی بۆدەوڵەت گرنگ بوو، لەبەرئەوەی جەنگ دژی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڕی ٧ ملیار دۆلار سالانە لانیکەم خەرجی دەوڵەت بوو، کەرێژەیەك بوو دەکرا لەپرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووریدا خەرج بکرێت[٧٣].

تێڕوانینی ئەربەکان بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەسەر سێ تەوەرە دامەزرا، بەگوێرەی ئەوەی، کە بۆ رۆژنامەی Turkish Daily News لەئابی ١٩٩٦دا رووونیکردبۆوە. تەوەری یەکەم پەیوەستبوو بەمەسەلەی تیرۆرەوەو رووونیکردبۆوە، کەهێزە ئاسایشییەکان بەکارێکی باش هەڵدەستن لەدژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، بەڵام گرنگتر بریتی بوو لەراگرتنی ئێرانو سوریا لەهاوکاریکردنی ئەو پارتە، هەروەك گێڕانەوەی ئاسایشو سەقامگیریی بۆ کوردستانی عێراقیش گرنگە لەم تەوەرەیەدا، کەهاوکاریی کارای جەنگەکە دەکات دژی پارتی کرێکارانی کوردستان[٧٤].

تەوەری دووەم پەوەستبوو بەهەستکردنی کورد بەوەی هاوڵاتیی پلە دووەو، ئەربەکان داندەنێت بەوەدا، کەکورد چەوساوەن، بۆئەوەش لەسەر دەوڵەتە لەسەر بنەمای یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو هاوڵاتیاندا بکاتو، مافی فەرهەنگییان بداتێ، کەپێشتر پێیان نەدراوە. تەوەری سێیەم پەیوەستبوو بەمەسەلەی هەژارییەوە لەپارێزگە کوردییەکاندا، ئەمەش ئەوە دەخوازێت، کەدەوڵەت رێو شوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ

بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکە لەڕێگەی هاوکاریکردنی ئەوانەی بەدەست هەژارییەوە دەنالێنن، سەرەڕای پرۆژەی گەشەپێدان تێیدا[٧٥].

لەچوارچێوەی هەوڵەکان بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، ئەربەکان هەریەکە لەفەتحوڵا ئەرباش F.Erbaş، کەپارلەمانتارێکی کورد بوو لەپارتی ڕەفاه لەشاری وان، هەروەها ڕۆشنبیریی ئیسلامیی ئیسماعیل نەجار بۆباشووری ڕۆهەڵاتی وڵات نارد، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی کورد لەوێو گتوبێژکردن لەگەڵیاندا دەربارەی بابەتی کۆتایی هێنانی ململانێکە[٧٦]. لەگەڵ ئەوەدا، کە ئەو هەوڵانە لەژمارەیەك نێوەندەوە بەخێرهاتنی کرا، هەروەك پارتی کرێکارانیش لەئابی ١٩٩٦ دا بڕیاری ئازادکردنی هەندێك سەربازیی تورکیی دیلی دا[٧٧]، بەڵام هەندێك لەسیاسەتووانانو لەوانەش دێمریلو چیللەرو ئەجەوید ڕەتیان کردەوە. گرنگتر لەهەموو ئەوە بریتی بوو لەهەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا، کەپێشنیازەکانی پارتی ڕەفاه خۆشحاڵ نەبوو، ڕەتیکردەوە پارتی نێوبراو دەستێوەردان لەو مەسەلەیەدا بکات، بەو پێیەی مەسەلەیەکی ئاسایشییو سەربازییەو تایبەتە بەدامەزراوەی سەربازییو، هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی هۆکارێك بوو بۆ شکستی ئەرکەکەی ئەرباشو نەجار[٧٨].

٣. هەنگاوو تەگبیرە ئابوورییەکان:

کاتێك ئەربەکان سەرۆکایەتی حکومەتی گرتەدەست، ئابووریی تورکیا بەدەست زۆرێك گرفتەوە دەینالان، گرنگترینیان کورتهێنان لەبودجەو، هەڵاوسانی نەختینەییو بڵاوبوونەوەی بێکارییو، داڕوخانی دۆخی بژێویی ڕێژەیەکی گەورە لەهاوڵاتیان، بەتایبەت خاوەن داهاتی جێگیرو دیاریکراو.

ئەوانەی، کەبەدەست هەڵاوسانی نەختینەییەوە زۆر دەیاننالاند، کەدەبووە هۆی داکشانی بەهای لیرەی تورکییو بەرزبوونەوەی نرخی کالاو خزمەتگوزاریی. تێبینیمان کرد، کە بەرنامەی حکومەتەکەی ئەربەکان جەختی لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو کارکردن لەپێناوی بونیاتنانی ئابووریییەکی بەهێز دەکردەوە، ئەوەش ئەرکێکی ئاسان نەبوو لەژێر رۆشنایی ئەو بارودۆخەی، کەئەو حکومەتە پێیدا تێپەڕیو، سەرقاڵبوون بەو پێشهاتانەی، کە هێزە سێکیۆلارەکان لەوڵاتدا روبەڕووی دەبوونەوە، کەبریتی بوون لەهێزی کاریگەر لەگۆڕەپانەکانی سیاسەتو دارایی‌و کارو میدیاو دامەزراوەی سەربازیی تورکیا، جگە لەهێزە دەرەکییە ئارەزوومەندەکان لەشکستی ئەربەکانو دوورخستنەوەی لەفەرمانڕەوایی. لەراستیدا شەش مانگی یەکەم لەتەمەنی حکومەتەکەی ئەربەکان بەشێوەیەکی رێژەیی بەجۆرێکی هێمنانە تێپەڕیو ئەدای ئابووریی لەو ماوەیەدا باشبوو[٧٩]، دوای ئەوە لەلایەن ئەو هێزانەوە روبەڕووی هێرش بۆوە، کەبەشێوەیەکی خراپ بەسەر توانای حکومەتدا رەنگیدایەوە بۆچارەسەرکردنی کێشە سەرەکییە ئابووریییەکان. حکومەتەکەی ئەربەکان توانی ژمارەیەك هەنگاوو تەگبیریی ئابووریی بگرێتەبەر، کەکاریگەریی بەرچاویان هەبوو لەسەر باشبوونی دۆخی ئابووریی، بەشێوەیەکی تایبەت، بەگوێرەی ئەوەی، کەوەزیری دارایی لەو حکومەتەدا عەبدوللەتیف شەنەر لەچاوپێکەوتنێکی نوێی رۆژنامەوانیدا باسیکردبوو، خودی ئەربەکان لەو بوارەدا هەوڵی گەورەی دابوو[٨٠]. بەڵام گرنگترین هەنگاوەکانی حکومەت خۆی لەزیادکردنی موچەو کرێدا دەبینییەوە بۆ باشکردنی ئاستی بژێویی بۆ بەشێکی گەورە لەهاوڵاتیانی

خاوەن داهاتی جێگیرو، پێشکەشکردنی کۆمەکی بۆ کەسانی شیاو لەهەژاران‌و بێوەژنان‌و هەتیوان‌و خاوەن پێداویستیانی تایبەت. هەروەها کارکردن لەپێناوی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورتهێنان لەبودجەی گشتی لەڕێگەی زیادکردنی داهاتەکان‌و بەرەنگاربوونەوەی زیادەڕۆیی حکومیی‌و، چارەسەرکردنی کێشەی قەرزی نێوخۆیی، کەنەنگی لەسەر بودجەی دەوڵەت پێکهێنابوو، بەهۆی ڕێژەی بەرزی سوود لەسەری. تاکە سوودمەند لەو قەرزانە کۆمەڵێك لەبانك‌و دامەزراوە دارایی‌و کاری تایبەت بوون، کەلەگەڵ دەوڵەتدا ڕێچکەیان گرتبوو بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانیان، بەجۆرێك قەرزیان لەبانکە حکومییەکان بەسوودی ٧٠٪ دەکردو دوای چەند ڕۆژێك دەیانگێڕایەوە بۆ بەقەرزدانی ئەو داراییە بەحکومەت بەقەرزی ماوە کورت بەڕێژەی دوو هێندە سوود، یان هەڵدەستان بەسپاردنی پارەکانیان لەبانکەکاندا بەسوودێکی زۆر بەرز. لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا دوای ١٠ ساڵ لەدەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی، ئەربەکان کۆمێنتی لەسەر ئەم بابەتە داو وتی:" هەندێك سەرمایەداران لەدژمان وەستان، لەبەرئەوەی ئێمە کەبودجەی خۆمان دانا ویستمان بودجەیەکی دادوەرانە بێت، بۆیە سەرمایەداران پارەکانیان لەبانکەکاندا دادەناو ڕێژەیەکی زۆر گەورەی سوودو بەخشینی زۆریان لەلایەن دەوڵەتەوە بەدەستدەهێنا، کەخەرجی دەیان ملیار دۆلاری دەخستە سەرشانمان. لەبودجەدا ١٠ ملیار دۆلار لە سەرمایەداران وەرگرت بۆپێداویستیی چینە هەژارەکانمان تەرخانکردو، ئەمەش بڕێکی زۆر لەو سەرمایەدارانەی رازی نەدەکرد"[٨١].

حکومەتەکەی ئەربەکان کاریکرد لەسەر داشکاندنی سوودی ئەو قەرزانەو دریژکردنەوەی ماوەکە لە ١٥٥ رۆژەوە بۆ ٧٣٠ رۆژ. حکومەتی نێوبراو رێژەیەکی گەورەی تەرخانکرد بۆ هاوکاریکردنی پرۆژەکانو ژێرخانی کشتوکاڵییو کڕینی دانەوێڵەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەجوتیاران بەنرخێکی زیاتر، دوای ئەوەی لەلایەن دەڵاڵو بازرگانانەوە روبەڕووی ئیستغلالکردن دەبوونەوە. هەروەك هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو گۆشت دەمو دەست راگیراو هاوکاریی بەخێوکەرانی خۆمالّیی زیادکرا. هەروەها قەبارەی قەرزی دارایی پێشکەشکراو بۆپیشەوەرانو خاوەن پیشەسازیی بچووك زیادکرا بۆبەهێزکردنی بەرهەمی خۆمالّیی.

بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە لەسەر ئەو هەنگاوو تەگبیرە ئابووریییانە داشکانی پێشبینیکراوی کورتهێنانی بودجەو داشکانی قەرزی نێوخۆیی لە ٣٠ ملیارەوە بۆ ٢٢ ملیار رێکبوو. هەروەك داهات لەسەرچاوەکانی دراوی گرانبەها بۆ ١٣,٣٣ ملیار دۆلار لەنیسانی ١٩٩٧ بەرزبۆوەو، یەدەگی دەوڵەت لەدراوە گرانبەهاکاندا بەڕێژەی ملیارێك دۆلار لەشوباتی ١٩٩٧ زیادیکرد. ئەم باشبوونە لەرەوشی ئابووریی لەسەر داشکانی رێژەی هەڵاوسانیش رەنگیدایەوە لە ٩٧٪ هەوە بۆ نزیکەی ٥٠٪[٨٢].

٤. رێکخستنی کاری رۆژنامەوانییو میدیا:

کاتێك ئەربەکان سەرۆکایەتی حکومەتی گرتە دەست، رێژەی ٦٦٪ لەئامرازەکانی راگەیاندنی خوێنراوو بینراو مولکی دوو دامەزراوەی بەهێز بوون، کەبریتی بوون لەدامەزراوەی دۆغانو دامەزراوەی بیلیکن یان سەباح[٨٣]. ئامرازە میدیاییە شوێنکەوتەکانی ئەو دوو دامەزراوەیە

بەتوندی داکۆکییان لەسیستەمی سێکیۆلاریزم لەوڵاتدا دەکرد (بڕوانە پەراوێزی ٥٧ لەم بەشەدا)، سەرباری ئەوەی زۆرێك لەو شتانەی بڵاوی دەکردەوە بابەتیی‌و بێلایەن نەبوو، هێرشی دەکردە سەر هەر کەس بیویستبا بێئەوەی مافی وەڵامدانەوەی پێببەخشێت‌و تایبەتمەندی تاکەکەسی پێشێل دەکرد. لەسەر سنوور بەزاندنەکانی هیچی بەسەردا نەدەسەپێنرا، جگە پێبژاردنەوەی دارایی سادە نەبێت، ئەمە سەرەڕای فیلمە ترسناك‌و تۆندوتیژیی‌و سێکسییەکان، کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی پەخشیان دەکرد. هەروەك ئەو دوو دامەزراوەیە خاوەنی دامەزراوەی دارایی‌و بانکیی‌و کۆمپانیای گەشتیاریش بوون‌و، وەك جگە لەخۆشیان لەدامەزراوە دارایی‌و ئابووریی گەورەکان لەوڵاتدا لەقەرزو پشتپێبەستنە دارایی‌یەکان لەبانکە حکومییەکان سوودمەند دەبوون. هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا. لێرەوە حکومەتی ئەربەکان هەستا بەئامادەکردنی پرۆژەی رێکخستنی رۆژنامەوانیی بۆدانانی بنەما گشتییەکان بۆشکاندنی قۆرغکاریی میدیایی لەلایەك‌و، رێگەنەدان بەپێکهێنانی تەکەتولاتی میدیایی گەورە لەداهاتوودا، لەرێگەی رێگە نەدان بەکەسەکان بەدامەزراندنی زیاتر لەیەك دامەزراوەی میدیایی‌و، لەسەر شێوەی کۆمپانیای کارئاسانی ناخێزانیی‌و دەستوەرنەدات لەهیچ گرێبەستێکی دارایی‌و بازرگانیی لەگەڵ دەوڵەتداو، تەنها لەکایەی میدیاییدا کار بکات. لەبەرئەوەی پرۆژە یاساکە دەستی لەقۆرغکارییە میدیایی‌یەکان دەدا، بۆیە هەستان بەهێرشێکی توند دژی ئەربەکان‌و حکومەتەکەی[٨٤]. لەدواتردا باس لەرۆڵی میدیا لەخستنی ئەو حکومەتەدا دەکەین.

٥. سیاسەتی نزیکبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیدا:

ئەربەکان لەبانگخوازانی بەپەرۆش بوو بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی لەبوارەکانی ئابووریی‌و سەربازیی‌و فەرهەنگیدا. ئەو بانگەوازەش لەتەوەرە بنەڕەتییەکان بوو لەئایدۆلۆژیای " روانینی نەتەوەیی "، کەپێش دامەزراندنی پارتی سیستەمی نیشتیمانی لەساڵی ١٩٧٠ پێشنیازیکرد بوو. هەروەها لەبەرنامەو دروشمی " سیستەمی دادپەروەر " دا، کەپارتی رەفاهـ لەساڵی ١٩٩١ هوە بونیاتی نابوو، لەچوارچێوەی ئەم ئاراستەیەدا، ئەربەکان رەخنەی لەئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەبابەتی پتەوکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو ئیسرائیلدا گرت. لەگەڵ ئەوەدا، کەبەرنامەی حکومەتەکەی ئەربەکان جەختی لەسەر پابەندبوون بەو ئاراستەو پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییو ستراتیژییانەوە دەکردەوە، کە تورکیا ئیمزای کرد بوون، بەڵام ئەو بەرنامەیە لەهەمانکاتدا داوای پتەوکردنی پێوەندیەکانی تورکیای دەکرد لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیشداو دامەزراندنی بازاڕی هاوبەشی ئیسلامیی لەئەولەویاتەکانی ئەربەکان بوون لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا، دوای رادەستکردنی سەرۆکایەتی حکومەت‌و، لەماوەیەکی زووشەوە لەوەرگرتنی متمانە لەلایەن پارلەمانەوە بە حکومەتە هاوپەیمانییەکەی، ئەربەکان دەستی بەهەوڵەکانی لەم بوارەدا کرد. هەندێك کۆڵەر[٨٥] وادەبینن ئەم هەوڵە پێشوەختە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی ئەربەکان گێڕانەوەی شان‌و شکۆی، لەبەرئەوە نەیدەتوانی رێگری لەرێکەوتننامەی هاریکاریی ستراتیژیی لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا بگرێت‌و

رێگە لەدرێژکردنەوەی کاری هێزەکانی چەکوشی ئامادەی ئەمریکای جێگیر لەبنکەی ئەنجەرلیکی تورکیا بۆ پاراستنی " پەناگەی ئارام " بۆ کورد لەکوردستانی عێراق لەوکاتەدا بگرێت. بەڵام لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدا هاوڕانین، بەڵکو وایدەبینین، کە ئەربەکان بەهزرو ئاراستەی ئیسلامیی پاڵپێوەنراو بوو، بەتایبەت پێشئەوەی بگاتە دەسەڵات گوزارشتی لەئارەزووی لەگۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کرد بوو.

دوای مانگێك لەبەدەستهێنانی متمانەی حکومەتەکەی لەپارلەمان، ئەربەکان هەستا بەگەشتێکی ئاسیایی، کە ١٠ رۆژی خایاند (لە ١٠ — ٢٠ ی ئابی ١٩٩٦). لەمیانەیدا سەردانی ئێرانو پاکستانو سەنگافورەو مالیزیاو ئیندۆنیزیای کرد. لەو گەڕانەدا ژمارەیەك وەزیرو پارلەمانتار هاوڕێیەتی ئەربەکانیان کرد، جگە لە ١٥٠ لە سەرمایەدارانو رۆژنامەوانان، لەنێویاندا ئەرۆڵ یارار E.Yarar، سەرۆکی رایەڵەی پیشەوەرانو سەرمایەدارانی سەربەخۆ " مۆسیاد ". هەر لەو گەڕانەدا ئیمزا کرا لەسەر رێکەوتننامەیەك بەبەهای ٢٣ ملیار دۆلار بۆ هاوکاریکردنی تورکیا بەگازی سروشتیی ئێران بۆماوەی ٢٢ ساڵو بونیاتنانی هێڵی لولەگەلی بۆ ئەم مەبەستە. ئەربەکان لەئێران رایگەیاند بۆخۆی بایەخی تایبەتی دەداتە هاریکاریی سیانی تورکیاو ئێرانو سوریا. هەروەك ئیمزا لەسەر چەند رێکەوتننامەیەکی دیکە کرا لەگەڵ دەوڵەتانیتر، کە ئەو گەشتە گرتبوونییەخۆ تایبەت بەپەرەپێدانی بازرگانییو هاریکاریی لەبوارەکانی پیشەسازییو ئاڵوگۆڕیی شارەزایی. ئەربەکان دوای گەڕانەوەی لەو گەشتە لە ٢١ی ئابدا کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی گرێدا لەئەنقەرەی

پایتەخت دەربارەی بایەخی گەشتەکەو ئەوەی لەمیانەیدا بەدەستیهێناوە[٨٦].

گەشتە ئاسیاییەکەی ئەربەکان سەرکەوتوو بوو، رۆشنبیرانی ئیسلامیی لەتورکیا بەشێوەیەکی باش پێشوازییان لەلێدوانەکانی ئەربەکان کرد، بەوەی تورکیا دەبێتە " یابانی ئیسلامیی "و، هەروەها هەوڵ بۆ نوێگەریی‌و داهێنان، وەك ئیندۆنیزیاو مالیزیا دەدات. لەگەڵ پارێزگاریکردن لەشوناسە ئیسلامییەکەی، هەروەك لەژمارەیەك رۆژنامەی تورکیدا رەنگدانەوەی باشی هەبوو[٨٧].

لە ٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ ئەربەکان هەستا بەگەشتێکی ئەفریقایی، کەهەفتەیەکی خایاندو میسرو لیبیاو نێجیریای گرتەوەو ئارەزووی دەکرد سەردانی سودانیش بکات، بەڵام دوای ئامۆژگاری عەبدوڵا گیولی وەزیری دەوڵەت بۆکاروباری دەرەوەو گەورە کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە بەوازهێنان لەسەردانی سودان، دەستبەرداری ئەو سەردانە بوو. ئەربەکان بەهۆی سەردانکردنی لیبیا لەمیدیای تورکیدا روبەڕووی رەخنە بۆوە، دوای ئەوەی، کەسەرۆکی لیبیا رەخنەی ئابڕووبەرانەی ئاراستەی تورکیا کردبوو بەهۆی پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل، گوزارشتکردن لەهاوسۆزیی لەگەڵ کورد لەتورکیاو مافیان لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. رۆژنامەگەریی سێکیۆلار ئەمەیان قۆستەوە بۆهێرشکردنە سەر ئەربەکان‌و، رۆژنانەی " سەباح " مانشێتێکی بەنێونیشانی " شەوێکی نەنگی " بۆتورکیا بڵاوکردەوەو، رۆژنانەی " میللیەت "یش دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردنی قەزافی لەگەڵ تورکاندا، وەك ئەوەی سوالکەرن، بەڵام مەسعود یەڵماز داوای لەئەربەکان کرد دەست لەکار بکێشێتەوە[٨٨].

لەلایەکیترەوە هاوبەشیی پارتی رەفاه لەحکومەتدا، واتە پارتی رێگەی راست ئامادە نەبوو ئاستی ئەو نزیکبوونەوەیە قەبوڵ بکات، کەپارتی رەفاه لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی ناسراو وەك ئێرانو لیبیا دەیویست. هەروەك چیللەر هەوڵیدا ئەربەکان رازی بکات، کەسەردانی لیبیاو سۆدانو نێجیریا نەکاتو، هیچ نێردراوێکی لەپارتەکەی لەو گەشتەی دوایی ئەربەکاندا نەنارد. لەکاتێکدا ئەربەکان هەڵدەستا بەگەڕان لەدەوڵەتانی ئیسلامیی بۆدامەزراندنی بازاڕی هاوبەش، چیللەریش سەردانی واشینتۆنو پایتەختەکانی دیکەی ئەورووپای دەکرد وەك ئاماژەیەك بۆ بەردەوامیی ئاراستەی رۆژئاوایی لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا[٨٩].

سەرەڕای هەندێك لەو گرفتانەی، کەهاوڕێی گەشتەکانی ئەربەکان بوون، بەڵام دامەزراندنی گروپی هەشت دەوڵەتە تازە گەشەسەندووەکان " D – 8 "ی لێبەرهەم هات، کە لەتورکیاو ئێرانو میسرو پاکستانو بەنگلادیشو مالیزیاو ئیندۆنیزیاو نێجیریا پێکهاتبوو. یەکەم کۆبوونەوە لەنێوان نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانە لەئەستەمبوڵ لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ گرێدرا بۆ وتووێژکردن لەبارەی هاریکاریی نێوانیان لەبواری گەشەپێداندا[٩٠]. بەڵام راگەیاندنی فەرمی دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە، لەکۆنگرەی لوتکەدا بوو، کە لەئەستەمبوڵ بەسەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار سلێمان دێمریل لە ١٥ ی حوزەیرانی ١٩٩٧ دا گرێدرا. دامەزراندنی کۆمەڵەی نێوبراو رۆڵی هەبوو لەپتەوکردنی گەشەپێدانی پێوەندیی هاریکاریی لەنێوان دەوڵەتانی ئەندام لەچەندین بواردا، هەروەك چەند کۆبوونەوەیەکی لوتکەی دەوڵەتانی کۆمەڵەکە بۆهەمان مەبەست گرێدرا، لەوانە کۆنگرەی لوتکەی دووەم لە دەکای پایتەختی بەنگلادیش

لەرۆژانی ١–٢ ی ئازاری ١٩٩٩و، کۆنگرەی لوتکەی سێیەك لەقاهیرە رۆژی ٢٥ ی شوباتی ٢٠٠١و، کۆنگرەی لوتکەی چوارەم لەتاران رۆژی ١٨ ی شوباتی ٢٠٠٤[٩١]. هەوڵەکانی ئەربەکان لەپشتەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی هەشت دەوڵەتە گەشەسەندووەکە بوو، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، کەراگەیاندنی دامەزراندنەکەی تەنها پێش سێ رۆژ هات لەپێشکەشکردنی ئەربەکان لەدەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٩٧ لەژێر گوشارەکانی دامەزراوەی سەربازیی تورکیادا.

هەڵوێستی سوپا لەبەرامبەر حکومەتەکەی ئەربەکان پێش کۆدەتای ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧:

هەڵکشانی خێرای پارتی رەفاە لەنیوەی یەکەم لەدەیەی نەوەدەکان، جێگەی ناخۆشحاڵی بوو لای فەرماندەکانی دامەزراوەی سەربازیی لەتورکیاو بەتایبەت لەو سەرکەوتنە، کەپارتی رەفاە لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەساڵی ١٩٩٤ بەدەستهێنابوو. لەو هەڵبژاردنانەوەو تاخستنی حکومەتەکەی ئەربەکان لەحوزەیرانی ١٩٩٧ زۆرترین وتارەکانی دامەزراوەی سەربازیی لەسەر " مۆرکی کۆنەپەرستیی پارتەکە " توندبۆوە. راستەوخۆ بەر لەهەڵبژاردنەکانی پارلەمانیی ساڵی ١٩٩٥ سوپا سالاری تورکیا ژەنەڕاڵ ئیسماعیل حەقی کەرەدای هەوڵیدا کار لەدەنگدەران بکات لەڕێگەی راگەیاندنی ئەوەی " هێزە چەکدارەکان گرەنتی مەزنی کۆماری تورکیان، کەبریتییە لەدەوڵەتێکی سێکیۆلارو دیموکراسیی "[٩٢]. ژەنەڕاڵ کەرەدای، کەپۆستی سوپا سالاری لەنێوان ٣٠ ی ئابی ١٩٩٤ و ٣٠ ی ئابی ١٩٩٨ گرتەدەست، بەتوندڕەوی ناسرابوو

بەڕێگەنەدان بەرامبەر هەر بوونێکی ئیسلامیی لەنێوخۆی هێزە چەکدارەکانی تورکیاداو، کۆمەڵێك ئەفسەری خانەنشینکرد بەتۆمەتی " چالاکیی کۆنەپەرستانەیان "[٩٣]. دوای ئەو ئەنجامەی، کەپارتی رەفاه لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ بەدەستیهێنا، سوپا هەوڵیدا رێگری پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش بەسەرۆکایەتی ئەربەکان بکات لەڕێگەی قۆرت دروستکردنەوە لەو وتووێژانەی، کە لەنێوان هەردوو پارتی رەفاهو پارتی دایکی نیشتیمان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدران[٩٤]. لەکاتێکی دواتردا سوپا بەرقلێبوونەوەو ئازارەوە لەحوزەیرانی ١٩٩٦ راسپاردنی ئەربەکانی بەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ قەبوڵکرد، پاش دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتە هاوبەشەکەی نێوان هەردوو پارتی دایکی نیشتیمانو رێگەی راست بەسەرۆکایەتی مەسعود یەڵماز.

لەراستیدا سەرکردایەتی پارتی رەفاه بەتەواوی بایەخی رۆڵو هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی تورکیایان لەژیانی سیاسییو مەودای هەستیارییان بەرامبەر بەبزاوتی ئیسلامیی لەوڵاتدا درك کردبوو، بۆ ئەمەش ئەربەکان هەوڵی دڵنیاکردنەوەیدان. دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەساڵی ١٩٩٤ پارتی رەفاه ستراتیژیەتێکی گرتەبەر بۆدامەزراندنی پێوەندیی پتەوتر لەگەڵ سوپادا، بەجۆرێك ژمارەیەك لەسەرکردەو پارلەمانتارەکانی لەپارلەماندا هەندێك لێدوانیان دا، کەسوپای تورکیایان بەرز رادەگرت بەم گوزارشتانە " سوپای پێغەمبەرمان "و " سوپای گەل "و " لەجێی بیلبیلەی چاون لای گەل "و لێدوانی دیکە دەربارەی بوونی ژەنەڕاڵو سەربازانی نزیك لەرەفاه، کەتێیدا متمانەیان پێدەکەن. پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ بانگی ژمارەیەك ئەفسەری خانەنشینی دیاری

سوپای کرد بۆئەوەی وەك کاندیدی پارتەکە بەشداری هەڵبژاردن بکەنو لیستەکانی هەڵبژاردنی پارتی ڕەفاه، حەوت گەورە ئەفسەرانی پێشووی لەخۆگرتبوو، لەوانە سیانیان بەپلەی ژەنەڕاڵو چواریشیان بەپلەی عەمید. مەبەستی ڕەفاه لەپشتەوەی هەموو ئەوە لابردنی گومانی سوپا بوو تێیدا، بەڵام بێسوود بوو[٩٥].

دوای پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش بەسەرۆکایەتی خۆی، ئەربەکان هەوڵی دوورکەوتنەوەی لەهەر ڕوبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ سوپا دا، بەجۆرێك بەرنامەی حکومەتەکەی جەختی لەسەر پابەندبوون بەو بنەمایانەوە کردەوە، کەئەتاتورك بۆ کۆماری تورکیای دانابوون، هەروەك ئەم جەختکردنەوەیە دووبارە بۆوە، کاتێك ئەربەکانو ئەندامانی حکومەتەکەی هەستان بەسەردانی گۆڕی ئەتاتورك، بەپێی دابونەریتی شوێنکەوتە لەکاتی پێکهێنانی هەر حکومەتێکی نوێداو، تۆمارکردنی گوتەیەك لەتۆماری سەردانەکانو، دەربارەی بەڵێندان بەپابەندبوون بەو بنەمایانەوە[٩٦].

کاتێکی درێژ تێنەپەڕی لەسەر ئەوە تاوەکو ئەربەکان ڕەزامەندی لەسەر ئەو بڕیارە دەربڕی، کەئەنجومەنی باڵای سەربازیی لە ١ی ئابی ١٩٩٦ دەریکرد، بەدەرکردنی ١٣ ئەفسەر لەسوپا بەهۆی " تێوەگلانیان لەدەستپێشخەریی کۆنەپەرستیی "[٩٧].

شەش مانگی یەکەم لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەربەکان بێ ڕوودانی هیچ ڕوبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوانیو دامەزراوەی سەربازیدا تێپەڕی، بەڵام دامەزراوەی نێوبراو هەرگیز بێمتمانەیی خۆی لەئەربەکانو تێڕوانینە ئیسلامییەکانی نەشاردەوە لەو ڕێگەوە، کەسوپا هۆشیاریی پێداوەو

لەمەتەرێزدا بووە بۆی، راوەستاوە بۆ هەر هەڕەشەیەك لەسیستەمی سیکیۆلاریزمی دامەزراو لەوڵاتدا. لە ١٩ ی تەممووزی ١٩٩٦ فەرماندەی هێزی هەوایی ژەنەڕاڵ ئەحمەد چورکچی A.Çorekçi لەمیانەی ئاهەنگێکی سەربازییدا رایگەیاندو وتی:" شمشێرەکانمان هەردەم هەڵکێشراون، فڕۆکە نادیارەکانمان، کە لەئاسماندا دەسوڕێنەوە بەتوانان وەك چڕنووکی هەڵۆ بۆ شڕکردنی هەڕەشەکان دژی سێکیۆلاریزمو هەروەها } جوڵانەوەی جوداخوازیی کوردیی {"[٩٨]. لە ٢٤ ی تەممووزدا رۆژنانەی " حوڕییەت "ی تورکیی بەشێك لەراپۆرتی سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای تورکیا بڵاوکردەوە، کەئاگاییەکی لەخۆدەگرت بەوەی، رێکخراوە ئاینییە توندڕۆکان ئامانجیان لەنێوبردنی ئەتاتورکیزمو سیستەمی سێکیۆلارو دیموکراسییە لەوڵاتدا[٩٩].

لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٦ پێوەندیی نێوان سوپای تورکیاو حکومەتەکەی ئەربەکان، یان بەمانایەکی دی پارتی رەفاه، بەرەو گرژبوونەوەی زیاتر رۆیشت، لە ٢٤ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ سوپا سالار ژەنەڕاڵ کەرەدا بەگشتیی ئاگاییەکی بەهێزی بەنەیارەکانی سێکیۆلاریزم دا لەهێرشکردنەسەر " چاکسازییەکانی ئەتاتورك ". ئەم ئاگاییە لەسەر باکگراوندی زیادبوونی لێدوانی دوژمنکارانە بۆسەر سێکیۆلاریزم هات لەرۆژی ١٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦،کەرێکەوتی ساڵیادی مردنی ئەتاتورك بوو، بەجۆرێك سەرۆك شارەوانییەکان لەپارتی رەفاه لەژمارەیەك شارو شارۆچکەکان پابەندکرابوون بەبەشداریکردن لەبۆنەکانی زیندووکردنەوەی یادی ئەتاتورکو، هەندێکیان تێیدا تێبینیو سەرنجیان دژی سێکیۆلاریزمو دامەزرێنەری کۆماری تورکیا پێشکەشکردبوو[١٠٠].

سەرباری لێدوانی هەندێك پارلەمانتاری پارتی رەفاه لەپارلەمان، وەك حەسەن حسێن گەیلانو شوکری قەرەتەپە، لەتشرینی دووەمی ١٩٩٦، کەتێبینی بەهێزی لەخۆگرتبوو دژی سیستەمە سێکیۆلارەکە، کەئەتاتورك دایمەزراندبوو. لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٦ دا کۆمەڵێك لەئەفسەران لەسوپای تورکیا دەرکرابوون بەهۆی ئیسلامیبوونیانەوە، ئەم کارە ئاستی گرژیی لەنێون دامەزراوەی سەربازییو پارتی رەفاهدا زیاتر کرد[١٠١].

لەکانوونی دووەمی ١٩٩٧ هوە، بەڕوونی کاروبارەکان بەئاراستەی زیاتر هەڵکشان لەلایەن دمەزراوەی سەربازیی تورکیا دژی پارتی رەفاه رۆیشتن. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ فەرماندەی هێزی دەریایی تورکیا ئەدمیرالّ گۆفن ئیر کایا" Güven Erkaya " رایگەیاند:" بەئیسلامیکردن گەورەترین هەڕەشە بۆ ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا پێکدەهێنێت‌و، لەپارتی کرێکارانی کوردستان مەترسیدارترە ". بەڵام سوپا سالار کەرەدای ئاگایی دا، کەپارتی رەفاه " تورکیا بەرەو چاخەکانی نێوەڕاست دەبات "و بە ئەربەکانی راگەیاند، کەسوپا چاودێریی چالاکیی حکومەت لەبواری خوێندندا دەکات بۆ دڵنیابوون لەتێنەپەڕاندنی هێڵی سوور لەو بوارەدا[١٠٢]. لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا لەکانوونی دووەمی ١٩٩٧، سوپا داوای لەئەربەکان کرد رێوشوێنی بەڵگەدار، نەك تەنها لێدوان بۆبەرگریکردن لەسێکیۆلاریزمو وەستاندنی رێکخراوەی نەیاری سێکیۆلاریزم بگرێتەبەر[١٠٣]. لەچوارچێوەی ئەم هەڵکشانەدا سەرۆکی سیخوڕیی دەزگای فەرماندەیی گشتیی تورکیا ژەنەڕاڵ چەتین سانر Ç. Saner " لەکانوونی دووەمی ١٩٩٧ دا پێکهێنانی گروپی کاری رۆژئاوایی" Bati Çalişma Grubu " راگەیاند،

بۆچاودێریکردنی هەڕەشەی " کۆنەپەرستیی ئیسلامیی "، بەگوێرەی دەربڕینی خۆی‌و سوپای تورکیا رایگەیاند، کەدەکرێ هێز لەدژیان بەکاربهێنرێت[١٠٤]. بەچاوپۆشین لەجیاوازی بیروبۆچوون دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی کاری رۆژئاوایی[١٠٥]، بەفەرمانی سوپا سالاری تورکیا ژەنەڕاڵ ئیسماعیل کەرەدای دامەزراو، نێوەندەکەی لەفەرماندەیی هێزی دەریایی بوو، ئەندامەکانیشی لەفەرمانگەی ئاسایشیی نێوخۆ لەسەرۆکایەتی گشتیی ئەرکان‌و سەرۆکایەتی سیخوڕیی تورکیا هەڵدەبژێردران‌و[١٠٦]، نوێنەرانی فەرماندەیی هێزی وشکایی‌و هێزی دەریاییشی تێدابوو. کاری سەرەکیشی بریتی بوو لەکۆکردنەوەو پێشکەشکردنی زانیاریی دەربارەی ئاراستە سیاسیی‌و هزرییەکانی کۆمەڵە‌و یەکێتییە پیشەییەکان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی‌و، دامەزراوەکانی خوێندن‌و، دامەزراوە ئابووریی‌و داراییەکان‌و پێکهاتەی لۆکاڵیی‌و هەرێمیی پارتە سیاسییەکان‌و پێکهاتە کارگێڕییەکانی‌و، ئامرازەکانی راگەیاندن‌و رۆڵی بڵاوکردنەوەو، کارگێڕانی خاوەنی پلەو نمرەی باڵاتر لە (کاربەدەست، قایمقام، سەرۆکی شارەوانیی شارە گەورەکان، سەرۆکی شارەوانییە لۆکاڵییەکان، سەرۆکی فەرمانگەکان)[١٠٧].

کۆمەڵەی کاری رۆژئاوایی لەبنەڕەتدا بایەخی بەکۆکردنەوەو پێشکەشکردنی زانیاری تایبەت بەچالاکییە ئابوورییەکانی ئەو دامەزراوەو کۆمەڵەو پارتانە دەدا، کەخاوەن ئاراستەی ئیسلامیی بوون، لەگەڵ پێشکەشکردنی راپۆرتی کورت Briefing بۆگەورە پیاوانی دەوڵەت‌و، ئەندامانی دادگەکان‌و ئەکادیمیی‌و رۆژنامەوانان پێشکەش دەکرد[١٠٨].

سەرەڕای کۆمەڵەی کاری رۆژئاوایی لە ٩ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧، دامەزراندنی " نێوەندی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لەسەرۆکایەتی وەزیران Başbakanlik Kriz Yönetim Merkezi – " راگەیەنراو[١٠٩]، مەبەست لەپێکهێنانی پەیگیریی سەرجەم ئەو قەیرانانە بوو، کەوڵات روبەڕووی دەبێتەوەو هەڵسەنگاندنیو گرتنەبەری بڕیار بەگوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنانەو جێبەجێکردنیان. بارەگای نێوەندیی، کە لەبینای سکرتاریەتی گشتیی سەرۆکایەتی سوپای تورکیادا بوو، لەگەڵ ئەوەی لەلایەنی یاساییەوە نێوەندەکە سەر بەسەرۆکایەتی وەزیران بوو، بەڵام بەکرداریی گرێدراو بوو بەسەرۆکایەتی گشتیی سوپای تورکیاوە[١١٠]. دواتر دامەزراندنی رەهەندێکی نوێی زیاد کرد بۆ نێوەندو هێزی سەرۆکایەتی گشتیی سوپای تورکیا لەبڕیاردانی ئەو سیاسەتانە، کەپێویست بوو بگیرێتەبەرو جێبەجێ بکرێن لەحاڵەتی دەرکەوتنی هەر قەیرانو دۆخێکی ئاوارتە، کە مەترسی لەسەر وڵات دروست بکات.

لەماوەی ئەو پەرەسەندنانەدا حکومەتەکەی ئەربەکان تووشی هەڵمەتێکی بەهێز بۆوە لەلایەن ئامرازەکانی راگەیاندنی پشتیوانی سیستەمی سێکیۆلاریزم لەکۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٧. ئامرازەکانی راگەیاندن هەندێك رێوشوێنو تەگبیریی ئیسلامیی روالەتییان قۆستەوە، کە حکومەتەکەی ئەربەکان گرتبوویەبەر لەوانە (بانگهێشتنی شێخی رێبازە سۆفیگەرییەکان لە ١١ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧ بۆئێوارە خوانێك لەکۆشکی کۆماریی‌و بانگەواز بۆ دروستکردنی مزگەوتێکی گەورە لەگۆڕەپانی تەقسیم لەئەستەمبوڵو دووبارە کردنەوەی مزگەوتی ئایا سۆفیا لەبەردەم نوێژخوێنەراندا، (هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا).

هەڵمەتە میدیاییەکە، بەوەی زیادەڕۆیی تێداکرابوو بەوە دەستپێکرد، کەسیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامیی شوێنی سیستەمی سێکیۆلاریزمی دامەزراو لەوڵاتدا دەگرێتەوە. لەگەڵ سەرەتای شوباتی ١٩٩٧ هەڵمەتی میدیایی زۆر توند دژی حکومەتەکەی ئەربەکانو پارتی ڕەفاه دەستیپێکرد، هەمان دۆخیش سەبارەت بەهەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی، بەتایبەت دوای ڕووداوی سنجان، کەبریتییە لەشارۆچکەیەکی بچووك لەنزیك ئەنقەرەی پایتەخت لە ٣ی شوباتی ١٩٩٧، سەرۆکی شارەوانیی سنجان بەکر یەڵدز، کەبریتی بوو لەسەرکردەیەکی پارتی ڕەفاه لەسەر ڕێکخستنی ئاهەنگێکی ئاینیی بەیادی ڕۆژی قودس، کەباڵوێزی ئێرانی لەئەنقەرە محەمەد ڕەزا باقری بانگهێشتکرا بوو.

لەو ئاهەنگەدا گوتارێکی پشتیوانی بۆ بزووتنەوەی حەماس لەفەلەستینو حزبوڵای لوبنانی پێشکشەکرا، هەروەك هەر لەو ئاهەنگەدا باڵوێزی ئێران گوتارێکی پێشکەشکردو تێیدا داوای لەئیسلامییەکانی تورکیا کرد، کەهەنگاوێك لەڕەوتی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی بچێتە پێشەوە. کاردانەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو کارە ناردنی ژمارەیەك تانكو زرێپۆش بوو بۆ شەقامەکانی سنجان لەڕۆژی دواتری ئاهەنگەکەدا[١١١].

لەڕۆژی ٥ ی شوباتدا بەکر یەڵدز لەپۆستەکەی دەستی پێ لەکارکێشرایەوەو قۆڵبەستکراو باڵوێزی ئێرانی باقری ڕەزا قورس لەقەڵەمدرا، هەروەها کونسوڵی ئێرانییش لەئەستەمبوڵ محەمەد ڕەزا ڕاشید، کەڕایگەیاندبوو ڕۆژی ٥ ی شوبات پەسنی شەوی قودسی کرد بوو، گوتبووی: هیچ یەکێك نییە ڕێگە لەبڵاوبوونەوەی ئیسلام بگرێت، باڵوێزو کونسوڵی ئێران ڕۆژی ١٩ ی شوبات تورکیایان جێهێشت.

لەوەڵامدانەوەی پرسیارێکدا دەربارەی دابەزینی تانك بۆ شەقامەکانی سنجان ژەنەڕاڵ شەفیق بیری جێگری سوپا سالاری گشتیی لەمیانەی کۆبوونەوەی سالانەی ئەنجومەنی تورکیی– ئەمریکیی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢١ ی شوباتدا ئەم رووداوەی وەك " دیسپلینێك بۆ پێوەری دیموکراسیی " دانا[١١٢]. لەلایەکیترەوە هەڵکشانێکی مەترسیدار لەگوتاری دامەزراوەی سەربازیدا هەبوو بەرامبەر بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا لەو رۆژانەدا، بەجۆرێك ئەو گوتارە جەختی لەسەر مەترسی چالاکی ئیسلامییەکان بوو لەتورکیاو، ئیسلامیی سیاسیی مەترسییەك لەسەر تورکیا پێکدەهێنێت لەسەروی مەترسی پارتی کرێکارانی کوردستان[١١٣]. لە ٢٧ ی شوباتدا، واتە رۆژێك بەر لەکۆدەتای ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ لێدوانێکی بەهێز لەسکرتارییەتی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیاوە دەرکرا، کەباس لە رێکخستنە مەدەنییەکان دەکات " واتە مەبەستی بەوە رێکخستنەکانی پارتی رەفاە بوو، کەهەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی دەدەن لەڕێگەی تێکەڵەیەك لەتیرۆرو چالاکی سیاسیی لەچوارچێوەی دەزگەکانی دەوڵەتدا[١١٤].

کۆدەتای ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ و کۆتایی حکومەتەکەی ئەربەکان

لەژێر رۆشنایی هەڵوێستو لێدوانە دوژمنکارانەکانی پێشووی دژ بەئەربەکانو پارتی رەفاە، جموجۆڵی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا دژی ئەربەکان کارێکی کتوپڕ نەبوو. یەکێك وادەبینێت، کە سوپا بەئەنقەست کۆدەتاکەی دواخستووە دژی حکومەتەکەی ئەربەکان لەپێناوی ئەوەی ئەو دامەزراوە سوسەی جوڵانەوە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان بکاتو تۆڕە

ڕێکخستنەکانی دیاری بکات، بۆئەوەی دواتر بتوانێت لەسەرچاوەکانی کۆمەکیکردنی لەقۆناغەکانی پێشتردا[١١٥].

دامەزراوەی سەربازیی لەتورکیا کۆڵەکەی بنەڕەتی سیستەمی ئەتاتورکیی سێکیۆلاریزم بوو لەوڵاتداو، بەردەوام پاسەوانی بوو. لەم پێگەوە ئەو دامەزراوەیە دژی جوڵانەوەی ئیسلامیی بوو لەتورکیا، بەتایبەت پارتی ڕەفاە، کەسەرکەوتوو بوو لەگەیشتن بەدەسەڵات لەڕێگەی سەرکەوتنی لەهەڵبژاردنەکانی پارلەماندا. پێشتر تێبینیمان کرد چۆن دامەزراوەی سەربازیی هەوڵی بێبەشکردنی پارتی ڕەفاهی دا لەبەرهەمی ئەو سەرکەوتنە بەقۆرت خستنە بەردەم پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی. کاتێکیش حکومەتی هاوپەیمانیی ئەربەکان لەحوزەیرانی ١٩٩٦ دا پێکهات، دامەزراوەی سەربازیی تورکیا ئاسودەییو دڕدۆنگیی خۆی دەربڕیی بەبیانووی ئەوەی، کەسیستەمی سێکیۆلاریزمی دامەزراو لەتورکیا لەمەترسیدایە، پاش ماوەیەکی زۆر کورت لەپێکهێنانی حکومەتی ئەربەکان، بەشێك لەراپۆرتێکی کورتی سەرۆکایەتی گشتیی ئەرکانی تورکیا بۆ میدیای تورکیا دزەی کردو تێیدا ئاگایی هاتبوو، کە:" چالاکییە ئاینییە توندوتیژییەکان ئامانجیان لەنێوبردنی ئەتاتورکیزمو سیستەمی دیموکراسییو سێکیۆلاریزمە "[١١٦]. نموونەی ئەو ئاگاییو لێدوانانە لەلایەن دامەزراوەی سەربازییەوە تاکاتی ناچارکردنی ئەربەکان لەپێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی لەسەرۆکایەتی حکومەت لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٩٧ بەردەوام بوو.

لەراستیدا دامەزراوەی سەربازیی هیچ بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرای پێشکەش نەکرد، کەپێشوازی ئەو ئاگاییو لێدوانانە بکات، جگە

لەئاماژەکردن بۆ دەستەواژەی دژی تەرزی سیستەمی سێکیۆلاریزمی دامەزراو لەتورکیا، کە لەزاری ئەندامانی پارتی رەفاهەوە لەهەندێك بۆنەدا دەرچووبوون. ئەوەی روونە دامەزراوەی سەربازیی زێدەڕۆیی کرد لەمەسەلەی " هەڕەشەی ئیسلامیی " لەدژی سیستەمی سێکیۆلاریزمو دیموکراسیی لەتورکیا لەپێناوی پاساوی بەرپاکردنی کۆدەتای ٢٨ ی سوباتی ١٩٩٧. سلێمان دێمریل لەوکاتەدا، کەسەرۆکی کۆمار بوو، باس لەوە دەکات، کەهەستاوە بەسەردانی بارەگەی سەرۆکایەتی سوپای تورکیا لە ١٧ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧، بەشێوەیەك فەرماندەیی گشتیی نائاسودەییو ناخۆشحاڵی خۆی لەحکومەتەکەی ئەربەکان پێڕاگەیاندووەو دۆسیەی ٥٥ رووداوی بەو بۆنەیەوە پێشکەشکردووە. دێمریل ئەوەشی باسکردووە، کەلێکۆڵینەوەی تایبەت بەو دۆسییانە ئەنجامداوەو، روونبۆتەوە، کە لەو دۆسیانە لەنێوان ٢٥– ٣٠ دۆسیەیان لەسەر هیچ بنەمایەك نەبووە، بەڵکو پشتی بەگێڕانەوە بەستووە[١١٧]. بەڵام کەدادگەی دەستووریی تورکیا، لەو داوا پێشکەشکراوەی لەدژی پارتی رەفاه روانیو، لەکانوونی دووەمی ١٩٩٨ بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی ئەو پارتەی دەرکرد، شکستی هێنا لەپێشکەشکردنی بەڵگە لەسەر سووربوونی پارتی رەفاه بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی ئاینیی لەوڵاتداون ئەو بەڵگەیەی، کە لەدەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنەکەدا پشتی پێبەستراوبوو، تەنها لێدوانی جیاجیاو کاری گشتیی هێمایی بوو لەئەندامانی پارتی رەفاه لەهەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی بەدرێژایی شەش ساڵی پێشوو[١١٨].

دیارترین ئەو فاکتەرانەی، کەپاڵی بەدامەزراوەی سەربازییەوە نا بۆکارکردن لەپێناو خستنی حکومەتەکەی ئەربەکان بریتی بوو لە:

١- دڕدۆنگی دامەزراوەی سەربازیی لەگەشەکردنی جەماوەری پارتی رەفاهو بەدەستهێنانی پشتیوانی هەڵکشاوی دەنگدەرانی لەوڵاتداو، پێشبینی بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی داهاتوو لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، بەشێوەیەك دەتوانن بێ پێویستی بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی دیکە حکومەت پێکبهێنن. فەرماندەکانی دامەزراوەی سەربازیی ئەو ئەنجامانەیان گرێدا بەفراوانبوونی گەورە لەخوێندنی ئاینییەو، بەتایبەت پەیمانگەکانی پێشنوێژو گوتاربێژان، کەژمارەیان زیاتر دەبوو هەم بۆ پێشوازی لێکردنیشی. بەگوێرەی یەکێك لەراپۆرتەکانی دامەزراوەی سەربازیی بەرەنگاربوونەوەی جموجۆڵەکانی ئیسلامی سیاسیی دەبێتەهۆی ئەوەی، کەپارتەکانی جیهانبینی نەتەوەیی (میللی گوروش " واتە " ئیسلامیی سیاسیی " نزیکەی ٣٤٪ لەدەنگی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی پارلەمانیی لەساڵی ٢٠٠٠ پێکدەهێنن، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ پێششبینی دەکرێت رێژەی ٦٦،٩٤٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت، واتە زۆرینەی رەها بەهۆی چنگکەوتنی ژمارەیەکی گەورە لەدەنگی دەنگدەران لەدەرچووانی پەیمانگەکانی " پێشنوێژ- گوتاربێژ "[١١٩].

بەمانایەکیتر ئەو حکومەتەی پێکیدەهێنن بەهێز دەبێت، بۆئەو پارتە زۆرینەیەش لەپارلەماندا خۆشتر دەبێت یاسا دەربکەن، کە بەئاسانی دەیەوێت. لەوانەیە سەرکردەکانی دامەزراوەی سەربازیی پێشبینی کاریگەریی نموونەی ئەو دۆخەیان کردبێت لەسەر رۆڵی دامەزراوەی

سەربازیی‌و نفوزی سیاسیی لەوڵاتدا بەتایبەت، کەئیسلامییەکان بەڵێنیان دابوو چاو بگێڕنەوە بەبابەتی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا، ئەگەر پارتی رەفاە لەهەڵبژاردنەکاندا دەرچوو، لەپێناوی ئەوەی، کەسیاسەتی تورکیا زۆر لیبرالّی بێت. ئەربەکان بەهەندێك رۆژنامەوانی لەرۆژنامەی " میللیەت " راگەیاندبوو لەئەگەری دۆخی سەرکەوتنی لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیکردنی حکومەت لەسەر ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەنجومەنەکە بەگوێرەی جیهانبینی نەتەوەیی کار دەکات. ئەم لێدوانە وێنای مەیدانخوازیی بوو سەبارەت بەدامەزراوەی سەربازیی دەکرد، لەبەرئەوەی واتە بڕیارو راسپاردەکانی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی‌و سکرتاریەتەکەی، کەسوپا هەژموونی بەسەردا کردووە لەگەڵ قەناعەتی زۆرێك لەهاوڵاتیاندا ناگونجێت. دیسان ئەربەکان ئاماژەی دا بەوەی، کە ئەو ئەنجومەنە بێ پرس‌و راوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا، واتە پارلەمان، بڕیار دەردەکات. ئەربەکان پێشنیازی بەشداریکردنی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کرد لەگفتوگۆکانی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی. کاردانەوەی دامەزراوەی سەربازیی لەسەر ئەو پێشنیازەکانی پارتی رەفاهو جگە لەویش، بەگوێرەی دەربڕینی یەکێك لەکۆڵەران بریتی بوو لە" گۆڕینی بابەتەکە لەبری رێگەدان بەدەستپێشخەرییەکانی پارتی رەفاە، بەچنگخستنی گەورە لەنێو خەڵکیدا، کەدامەزراوەی سەربازی هەوڵی یاریکردنی بەکۆمەڵگەو کارتێکردنی دا ". لەماوەی سەرکەوتنی رەفاهەوە } لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە { ساڵی ١٩٩٤ و تاکاتی

لابردنی لەدەسەڵات } لەحوزەیرانی ١٩٩٧ { سوپا سوور بوو لەسەر بڕینی نێوی " کۆنەپەرستیی " بەسەر پارتی رەفاهدا[١٢٠].

٢- رقلێبوونەوەی دامەزراوەی سەربازیی لەتێڕوانینەکانی ئەربەکان لەبواری سیاسەتی دەرەوە، بەتایبەت بانگەوازو هەوڵەکانی بۆپتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی لەبوارەکانی ئابووریی‌و سەربازیی‌و فەرهەنگیی. دامەزراوەی سەربازیی وایدەبینی، کە ئەو هەوڵانەی ئەربەکان لەگەڵ ئاراستە کلاسیکییەکان لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا ناگونجێت بەرەو رۆژئاواو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرباری پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل. هەروەك لای دامەزراوەی نێوبراو هەستیاریییەکی تایبەت هەبوو بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی، کەدامەزراوەکە بەپێشکەشکردنی هاوکاریی بەپارتی کرێکارانی کوردستان تۆمەتباری دەکردن، یان دەستوەردان لەکاروباری نێوخۆیی تورکیا بەتایبەت سوریاو ئێران. دامەزراوەی سەربازیی ئەو دوو دەوڵەتە، جگە لەعێراقیش بەهەڕەشە لەئاسایش‌و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیای هەژمار دەکردن. لەلایەکیتریشەوە دامەزراوەی سەربازیی وایدەبینی، کەئەندامێتیی تورکیا لەناتۆو، پێوەندییە پتەوەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەردوو بواری سەربازیی‌و ئاسایشیی‌و، رێکەوتننامەکانی هاریکاریی سەربازیی‌و ئاسایشیی لەگەڵ ئیسرائیل، کە لەشوباتی ١٩٩٦ ئیمزای لەسەر کراوە، هاوکاریکردنی ئەو دەوڵەتانەی بۆتورکیاو ئاسایشەکەی لەخۆگرتووە. پارتی رەفاه هیچ هەنگاوێکی نەنا، کەدەست لەو پابەندییانەو پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بدات، بەڵام وادەردەکەوێت، کەدامەزراوەی سەربازیی پێیوابوو تێڕوانینەکانی ئەربەکان لەسیاسەتی

دەرەوەدا، بێگومان دواتر رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رۆژئاواو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیلدا.

٣- ناڕەزایی دامەزراوەی سەربازیی لەهەوڵی ئەربەکان بۆکردنەوەی دەرگەی گوتوویژ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان بەئومێدی گەیشتن بەچارەسەری سیاسیی بۆ کێشەی کورد لەتورکیا، ئەمەش لەگەڵ میتۆدی دامەزراوەی سەربازیی لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد بەبەکارهێنانی هێزی سەربازیی دژ دەوەستایەوە. زانراوە، کەبەکارهێنانی هێزی سەربازیی لەگەڵ مەسەلەی کورد بۆتەهۆی لەنێوبردنی هەزارەها گوندی کوردییو و راگواستنی ژمارەیەکی گەورەی کورد لەو نێوچانە، سەرباری کۆچی ژمارەیەکی گەورەی دیکە لێیان بەهۆی بارودۆخی خراپی ئاسایشییو و ئابووریی لەنێوچەکانیان[١٢١]. لێرەدا گونجاوە ئاماژە بکەین بۆئەوەی، کەبەکارهێنانی هێز لەبەرەنگاربوونەوەی کورد داو ئەو شوێنەوارە خراپە سیاسییو و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەی لەسەری کەڵەکەبوو، روبەڕووی رەخنەگەلێك بۆوە لەچەند نێوەندێکەوە، لەوانە لایەنی هەژمارکراو لەسەر هێزە سێکیۆلارەکان لەوڵاتدا. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧، واتە بەر لەپێنج هەفتە لەکۆدەتای ٢٨ ی شوبات، راپۆرتێك لەیەکێتی پیشەسازانو پیاوانی کاری تورك " TüSIAD " دەرکرا، کەراپۆرتێکی گرنگ بوو، داوای لابردنی دەستی دامەزراوەی سەربازیی لەسیاسەتو هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی، لەگەڵ رەخساندنی دەرفەت لەبەردەم کورددا بۆ گوزارشتکردن لەماف و پەیگیرییەکانیانی دەکرد. راپۆرتێکی پێشتر، کە لەلایەن یەکێتی ژوورو

بۆرسە تورکییەکانەوە " TOBB " لەساڵی ١٩٩٥ دەرکرابوو، تێیدا رەخنە لەشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی کورد لەتورکیا گیرابوو، قاچاخچی‌و فەرمانبەرانی حکومی (سەرجەمیان لەپیاوانی ئاسایش‌و سیخوڕیی‌و هێزە چەکدارەکان بوون) تۆمەتبار کرابوون، کەلەبەردەوامیی جەنگ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا سوودمەند بوون. دامەزراوەی سەربازیی ناڕەزایی خۆی دەربڕی لەوانەی لەو راپۆرتەدا هاتبوون، پاش بڵاوکردنەوەی راپۆرتی یەکێتی ژوورو بۆرسە بازرگانییەکان، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا پێوەندی بەسەرۆکی یەکێتییەکە یالیم ئەرێز Yalim Erez کردو قبولّ نەبوونی ئەوەی لەو راپۆرتەدا هاتبوو پێڕاگەیاندو، پرسیاری دەربارەی چۆنێتی رەزامەندی یەکێتییەکە لەسەر ئەو راپۆرتەو بڵاوبوونەوەی کرد. کاتێکیش راپۆرتی یەکێتی پیشەسازان‌و سەرمایەدارانی تورك دەرکرا، سەرۆکی یەکێتییەکە خالس کومیلی Halis Komili پاش نیو کاتژمێر لەخوێندنەوەی راپۆرتی نێوبراو بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بانگ کرا، دەرکردنی ئەو راپۆرتانە لەنێو ئەو کارانەدا بوو، کەسەرکردایەتی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا بۆکۆبوونەوە رۆژی ٢٧ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧ بۆهەڵسەنگاندنی بابەتەکەو باسو خواس دەربارەی پێویستە چی بکرێت[١٢٢].

٤- فاکتەری ئابووریی لەسیاسەت‌و دەستپێشخەرییە ئابووریەکان حکومەتەکەی ئەربەکاندا خۆی دەبینییەوە، کەدەبووە هۆی گۆڕانکاریی لەرەوشی ئابووریدا، کەلەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەی سەربازیدا یەکیان نەدەگرتەوە. پێشتر ئاماژەمان بۆ رۆڵی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا کرد لەئابووریی نیشتیمانیدا لەڕێگەی رایەڵەی هاریکاریی سەربازیی

" OYAK "و، پێوەندیی لەگەڵ کۆمپانیا پیشەسازییە گەورەکان لەتورکیاو، دەرفەتی رەخسێنراو لەبەردەم گەورە ئەفسەراندا بۆگرتنە دەستی پۆستو وەزیفە بالاکان لەپرۆژە گشتییو تایبەتەکاندا. پێوەندیی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەو جگە لەوانیش لەدامەزراوە دارایی‌و بازرگانییە گەورەکان، کەبناغەیەکی پێکدەهێنا بۆبەهێزبوونی دامەزراوەی سەربازیی‌و، لەگەڵ خاوەن گرێبەستەکانی بەرگریی لەئەمەریکی‌و ئەورووپیی‌و ئیسرائیلیی‌و رووسەکان، وێنای خەڵاتی پێشبڕکێی دەکرد لەشێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەتورکیادا.

بەپشتبەستن بەوەی پێشتر باسمانکرد، دامەزراوەی سەربازیی بەرژەوەندیی لەمانەوەی رێو شوێنە ئابووریی‌یە داکەوتووەکاندا هەبوو. لەبەرامبەر ئەمەشدا بەرنامەی ئابووریی پارتی رەفاھ ئامانجی کردنەوەی بوار بوو لەبەردەم کۆمپانیاو دامەزراوە پیشەسازیی‌و بازرگانیی‌و داراییە پشتیوانییەکانی پارتەکەداو کۆتاییهاتنی زیادەڕۆیی‌و چاوگێڕانەوە بەسیستەمی باج‌و جەختکردنەوە بەشێوەیەکی فراوان لەسەر پێوەندییە ئابووریی‌یەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانی لەباشوورو رۆژهەڵات، لێرەدا ئەم بەرنامەیە مەیدانخوازییەکی روون بوو بۆ کرۆکی بەرژەوەندییە ئابووریی‌یەکانی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا[۱۲۳]. لەم روانگەیەوە مەزنە سەرمایەدارانی تورك پێوەندی پتەویان بەدامەزراوەی سەربازییەوە هەبوو، ئەوانەی، کەهەستیان بەمەترسی سیاسەتی ئەربەکان کردبوو لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان، رۆڵیان لەپرۆسەی کۆدەتاو خستنی حکومەتەکەی ئەربەکاندا هەبوو، سەرمایەدارانو دامەزراوە سەربازیی بونیاتێکیان پێکهێنابوو، ئەوەی پێی دەوترێ " دەوڵەتی قوول" Derin

Devlet "[١٢٤]. ئەوەشی لەو لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنانەوە رووندەبێتەوە، کە لەتورکیا لەمدواییانەدا بەرامبەر ژەنەڕاڵەکانو جگە لەوانیش لەخەڵکانی مەدەنیی ئەنجامدرا، کەبەشداریان کردبوو لەکۆدەتای ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧و، زۆریان لەبارەوە باسکرا لەئامرازەکانی راگەیاندنی تورکیاو تۆڕەکانی نێتدا.

٥- جموجۆڵی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا دژی پارتی رەفاه گوزارشت بوو لەدژدۆنگیی قوواڵی بەشێك لەوانەی، کەدەنگیان بەو پارتەدا نەدابوو، هەستیان دەکرد، بەوەی سیستەمی سێکیۆلاریزم هەڕەشەی لەسەرە. سەرچاوەی دژدۆنگییەکە لای ئەوانە، بریتیی بوو لەو تێڕوانینە هەڵەیە لەمەڕ هەندێك ئەندامی پارتی رەفاه، هەروەها زانیاری خراپو ناورد، کەمیدیا دەربارەی چالاکییەکانی پارتی نێوبراوو مەبەستەکانی بڵاوی دەکردنەوە[١٢٥]. ئەوانە لەزستانی ١٩٩٦- ١٩٩٧ دا هەستان بەکوژاندنەوەی رووناکیی بۆماوەی خولەکێك لەکاتژمێر ٨,٣٠ ی هەموو رۆژێك، کەناسرابوو بە " خولەکێك تاریکیی لەپێناوی رووناکیی یان رۆشنایی هەمیشەییدا "، وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر حکومەتەکەی ئەربەکانو پارتی رەفاه، نوسینگەکانی سەرۆکایەتی گشتی سوپا لەو مومارەسەیەدا بەشداریان کرد. هاوکاریی ئەو خەڵکە ئازادانە جموجۆڵی بەخشییە دامەزراوەی سەربازیی بۆ گوشار خستنەسەر ئەربەکان بەرەو دەست لەکارکێشانەوە[١٢٦].

٦-رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن، کە لەلایەن دامەزراوە گەورە میدیاکانەوە خاوەندارییی دەکرا (هەردوو گروپی دۆغانو سەباح)، کەرۆڵێکی مەترسیداریان لەهاندان بۆکۆدەتا گێڕا. هەروەها لەئەنجامدانی

هەڵمەتێکی ڕێکخراو دواتر دژی حکومەتەکەی ئەربەکانو پارتی ڕەفاهە، لەڕێگەی هەواڵو ڕاپۆرتی درۆوە، بەئامانجی شێواندنی وێنەیانو، ناچارکردنی ئەربەکان بۆوازهێنان لەدەسەڵات. خانەدانانی ڕاگەیاندن، کە لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەربەکاندا جارێکیتر کۆمەکیی دارایی نەکرانەوە، مکوڕبوون بۆ ڕزگاربوون لەوحکومەتە[۱۲۷]. بەڵگە لەسەر مەترسیی ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای کۆدەتای ٢٨ ی شوبات، ئەوەیە، کە بە " کۆدەتای ڕاگەیاندن " شرۆڤە دەکرێت[۱۲۸]. جێی بایەخە ئاماژەی بدەین بەوەی، کەیانەی پێوەندیی Iletişim Külübu " لەزانکۆی ئەستەمبوڵ لە ٢٨ ی سوباتی ٢٠١٣، واتە لە ١٦ ساڵەی یادی کۆدەتا، هەستا بەکردنەوەی پێشەنگەیەك بۆ ئەو شتانەی، کە میدیای تورکیی لەسەردەمی کۆدەتادا بڵاوی کردبوونەوە لەناونیشانی دنەدانو هەواڵو وتار دژی پارتی ڕەفاهو حکومەتی ئەربەکان، پێشەنگەکە، کە " ڕاگەیاندن ئامادەکاریی بۆ کۆدەتاکان دەکاتو سەرباز جێبەجێیان دەکات "[۱۲۹].

٧–کاریگەریی فاکتەری دەرەکیی، بەجۆرێك گەیشتنی پارتێکی ئیسلامیی بۆدەسەڵات لەدەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هاوپەیمانی ناتۆو، خاوەن سیستەمی سێکیۆلاریزمو خاوەنی بایەخی جیۆ– سیاسیی، نموونەی تورکیا، سەرچاوەی نائاسوودەییو دڕدۆنگیی بوو لەدەوڵەتانی ڕۆژئاواو ولاتە یەکگرتووەکانو ئیسرائیلدا. لەگەڵ سەرکەوتنی پارتی ڕەفاهە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٥، مرۆڤ دەیتوانی زەنگی ئاگادارکردنەوە لەپایتەختەکانی ئەوروپاوە ببیستێت، بەوەی هێزێکی تاریکیی نوێیەو تەواو نەناسراوە، کە لەئەنکەرە دەرکەوتووە[۱۳۰]. سەرچاوەی ئەم

دڕدۆنگییانە ڕەخنەگرتنی بەهێزی ئیسلامییەکان بوو لەپێوەندییە پتەوەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاواو، ئەندامێتیی لەهاوپەیمانیی ناتۆو سووربوونی بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتیی لەیەکێتیی ئەورووپا. هەروەك پارتی ڕەفاە ڕەخنەی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەگرتو واشینتۆنی واشرۆڤە دەکرد، کەئامرازێکە بەدەستی هێزی زایۆنیزمو ئیسرائیلەوە[١٣١]. جگە لەوەی هەڵوێستی پارتی ڕەفاە بەرامبەر ئیسرائیل ڕوونبوو، کەتۆمەتباری دەکرد بەپلاندانان بۆداگیرکردنی ئەو نێوچەیەی، کەکەوتبووە نێوان نیلو فوراتەوە، لەنێویشیدا تورکیا[١٣٢]. لەگەڵ ئەوەی ئەربەکان دوای گرتنەدەستی دەسەڵات نەرمییو میانڕۆیی نواندو دەستی بۆ پابەندبوونەکانی تورکیاو پێوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلدا نەبرد، بەڵام ئەو لایەنانە دڕدۆنگ بوون لەوەی، کە بەردەوامیی ئەربەکانو پارتی ڕەفاە لەدەسەڵاتدا بۆماوەیەکی درێژ دەبێتەهۆی بەئیسلامیکردنی دەوڵەتو گۆڕانکاریی لەسیاسەتی درەوەی تورکیادا، کەلەسەر حسابی پێوەندییەکانی دەبێت لەگەڵ ئەو لایەنانە. هەڵوێستی ڕۆژئاوا ڕوونبۆوە، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەدەستپێشخەرییەکانی ئەربەکان لەسیاسەتی دەرەوەدا هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە. واشینتۆن هەستی بەدڕدۆنگیی کرد لەو گەشتەی ئەربەکان لەدەوڵەتانی ئیسلامیی، کە لەئێرانەوە لەهاوینی ١٩٩٦ دەستپێکردو، ڕەخنەی بەهێزی لەسەردانەکانی بۆئێرانو لیبیاو، ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامە ئابووورییەکان لەگەڵیاندا گرتو[١٣٣]، وایبینی کەئەربەکان هیواکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەکەنارخستنی عێراقو ئێران لەناودەبات،

ئەو دوو ولاتەی، کە واشینتۆن بەهاوکاریکردنی " تیرۆر " تۆمەتباری دەکردن. هەروەها لەتەنیشتیاندا سوریا بەرەو ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی تەواو لەگەڵ ئیسرائیلداو لەهێورکردنەوەی گرژیی لەدەریای ئیجە لەنێوان تورکیاو یۆناندا[١٣٤].

نموونە زۆر زۆرە دەربارەی کۆمێنتو شیکاریی ئەو وتارانەی، کەلەڕۆژئاواو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تایبەت بەئەربەکانو سیاسەتەکەی دەرکراون، نموونە گەلێکی لێدەخەینەڕوو، کەبیرۆکەیەك دەبەخشێت دەربارەی روانینی ئەو لایەنانە لێی. لە ١٠ی ئابی ١٩٩٦ ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزی ئەمریکیی وتارێکی کۆمێنتیی لەسەر ئەو سەردانە بلاوکردەوە، کە ئەربەکان مەبەستی بوو بۆ ئێران پێی هەستێت. نوسەری وتارەکە ئەو وتەیەی لە مورتون ئەبراموڤیچ M . Abramowitze ی سەرۆکی دامەزراوەی کارنیگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتیی لەواشینتۆن، کەباڵوێزی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لەتورکیا لەنێوان ١٩٨٩–١٩٩١، کەدەڵێت:" چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانێك لەناتۆدا دەکرێت، کەلەبنەڕەتدا دژی ناتۆو دژی سامییەتە... "[١٣٥]. لە ٢١ ی ئابی ١٩٩٦ هەمان ڕۆژنامە وتاری نوسەری ناودار تۆماس فریدمان T.L.Friedman ی بلاوکردەوە، کەتێیدا ئاگایی دا، بەوەی تورکیا لەسەردەمی سەرۆك وەزیران ئەربەکاندا، دەبێتە هاوپەیمانێك، کەجێگەی متمانە نەبێت، سەبارەت بەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاماژەی بۆئیمزاکردنی ڕێکەوتنی غاز لەگەڵ ئێراندا کردووە لەلایەن ئەربەکانەوە[١٣٦]. هەروەها پەیمانگەی واشینتۆن بۆسیاسەتی ڕۆژهەلاتی نزیك گفتوگۆیەکی گشتیی لە ١٨ ی تەموزی ١٩٩٦ ئەنجامداوە دوای چەند ڕۆژێك لەئیمزاکردن لەسەر

پێکهێنانی حکومەتی ئەربەکان، هەریەکە لە ئالان ماکۆڤسکی Makovsky. A.و ئیان لیسەر Ian Lesser، کەهەردووکیان لەسەرکردەکانی لۆبی جولەکەن لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باسیان لەدوورخستنەوەی ئەربەکان لەزووترین کاتدا کردووە[١٣٧]. ماکۆڤسکی پێوەندییەکی پتەوی بەدامەزراوەی سەربازیی تورکیاوە هەبووە. لەسەردانەکانی بۆتورکیا لەسەرۆکایەتی گشتیی سوپای تورکیا دڕدۆنگ بووەو[١٣٨]، لە ١ ی ئازاری ١٩٩٧ وتارێکی دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەربەکاندا نوسیوەو تێیدا ئاماژەی کردووە بەهاوسۆزی راشکاوانەی ئەربەکانو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانەی، کە بە " توندڕەوانی ئیسلامیی لەئێرانو لیبیاو سۆدانو تونسو جەزائیرو میسرو لەنێو فەلەستینییەکاندا " شرۆڤەی کردوون، ئەوەشی زیادکردووە، کە ئەوە مەسەلە ئاسایشییە جدییەکان دەهوروژێنێت، لەبەرئەوەی ئەربەکان، کە سەرۆك وەزیرانەو ئەندامە لەئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی دەتوانێت پەیگیریی لەسەر نهێنییەکانی پەیمانی ناتۆو، پلانەکانی ئەمریکاو تورکیا تایبەت بەلەنێوبردنی تیرۆر، جگە لەزانیاری ئاسایشیی تر هەبێت "[١٣٩]. هەروەها زبنگیۆ بریجنسکی Z.Brzeziniski راوێژکاری ئاسایشیی نەتەوەیی لەسەردەمی سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر (١٩٧٧–١٩٨١) راشکاوانە گوتی:" مادامێکی رەفاه لەدەسەڵاتدایە، ناتوانین ئامانجەکانمان بەدیبهێنین، دەبێت پارتی رەفاه هەڵبوەشێتەوە ". لەوچوارچێوەیەدا دیپلۆماتێکی ئەورووپیی ئەربەکانی واشرۆڤە کرد، بەوەی " ئوسوڵگەراو ناسیۆنالیستێکی نەتەوەییەکی توندڕۆیە "، هەروەها ئەوەشی زیادکرد،

كه " ئەگەر بمانەوێت تورکیا بەرەو رۆژئاوا بێت، ئەوا ئەو پیاوە هەڵەیە "[١٤٠].

ئیسرائیل لەو دەوڵەتانە بوو، کەهەستی بەدڕدۆنگی گەورە کرد لەگەڵ گەیشتنی ئەربەکان بەدەسەڵات، بەجۆرێك پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ تورکیادا هەبوو لەبوارەکانی هاریکاری سەربازیی‌و ئاسایشیی‌و ئابووریی، بەتایبەت لەماوەی ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی شوباتی ١٩٩٦ هوە. سەرچاوەی ئەو دڕدۆنگییانە بریتی بوو لەلێدوان‌و هەڵوێستە دژەکانی ئەربەکان بەرامبەر زایۆنیزم‌و ئیسرائیل، کەبەشێرپەنجە لەدڵی جیهانی عەرەبیی‌و ئیسلامیدا شرۆڤەی کرد بوو، کەهەوڵدەدات بۆ لەنێوبردنی بیروباوەڕی ئیسلامیی‌و، دامەزراندنی ئیسرائیلی گەورە، کە لەنیلەوە بۆ فورات درێژ دەبێتەوە، هەروەك کێشە ئابوورییەکانی تورکیاشی بۆ پیلانگێڕیی زایۆنیزم گێڕایەوە [١٤١]. ئەمە جگە لەهەڵوێستە پشتیوانییەکانی بۆمافەکانی عەرەبیی لەیەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ نێردراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەرەتای تەممووزی ١٩٩٦، ئەربەکان داوای پاشەکشەی هێزەکانی داگیرکاریی ئیسرائیلی لەزەوییەکانی فەلەستین‌و لەبەرزاییەکانی جۆلانی سوریا کرد [١٤٢]. هەروەك گومانی خستە سەر دڕدۆنگی ئیسرائیل تایبەت بەدەستپێشخەرییەکانی خۆی بۆپتەوکردنی پێوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئێران‌و سوریاو عێراق. لەگەڵ ئەوەی ئەربەکان ناچار بوو بۆ هاوڕێکردنی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لەئیمزاکردنی رێکەوتننامەی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل لەئاب‌و کانوونی یەکەمی ١٩٩٦[١٤٣]، بەڵام بەردەوامیی مانەوەی لەدەسەڵات لەلایەن ئیسرائیل‌و لۆبی ئیسرائیلیی

لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێی قبولْ نەبوو، کەفەرماندەیی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا پێوەندییەکی پتەوی پێیانەوە هەبوو[١٤٤].

لەژێر رۆشنایی ئەو زانیارانەی پێشوو کۆدەتای سەربازیی تەنها رووداوێکی نێوخۆیی دوور لەکاریگەریی فاکتەری دەرەکیی نەبوو، لەراستیدا چەندین ئاماژە لەسەر پشتیوانی ئیسرائیلو ئەمریکا بۆ لەنێوبردنی حکومەتەکە ئەربەکان هەبوو، بۆنموونە سوپاسالاری تورکیا ئیسماعیل کەرەدای هەستا بەسەردانێك بۆئیسرائیل لە ٢٤ ی شوباتی ١٩٩٧و لە ٢٧ ی شوباتدا گەڕایەوە، واتە رۆژێك بەر لە پرۆسەی کۆدەتا دژی ئەربەکانو، لەمیانەیدا هاریکاریی دژی " رەگەزە توندڕۆکان " رایگەیاند[١٤٥]، ئەوەی بەڵگەی رووونە، دەرکردنی لێدوانێکی سکرتاریەتی ئەرکانی گشتیی تورکیا بوو لەرۆژی ٢٧ ی شوبات، کەپارتی رەفاھ بەتیرۆرو هەولْدان بۆ دامەزراندنی دەولْەتێکی ئیسلامیی بەیەکەوە گرێدا. هەروەها جێگری سەرۆکی دەستەی گشتی سوپای تورکیا ژەنەڕاڵ شەفیق بیر، کەپێوەندیی زۆر بەهێزی لەگەلْ نێوەندە پیشەسازییە سەربازییەکانی ئیسرائیلدا هەبوو[١٤٦]، وتارێکی لەگەلْ نوسەری سیاسیی ئیسرائیلیی مارتن شیرمان M.Sherman لەسالّی ٢٠٠٢ بەنێونیشانی " دەستنیشانکردنی سەقامگیریی : تورکیا+ ئیسرائیل " نوسیو تێیدا باسی لەوە کردبوو، کەسوپا بەئەربەکانی راگەیاندووە لەبەرامبەر بەئیسلامیکردنی دەولْەتدا دەستەوسان ناوەستێو، رێگە نادەن پێوەندییە سەربازییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بکەوێتە مەترسییەوە[١٤٧]. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کەلۆبی ئیسرائیلیی لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەلاتێکی نوێی داھێنا بەنێوی (پیاوی دەولْەتی

جیهانیی)، ژەنەرالێ بیر یەکەم کەس بوو، کە ئەو خەڵاتەی پێبەخشرا[١٤٨].

سەبارەت بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیسان ئاماژە هەیە لەسەر هەوڵ بۆ رزگاربوون لەحکومەتەکەی ئەربەکان، دیارترینیان ئەو کۆبوونەوەیە بوو، کە لەنهۆمی حەوتەمی باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ١٢ی ئازاری ١٩٩٧ بەسەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوکاتەدا مادلین ئۆڵبرایت Madelenie Albrihgt گرێدرا بۆگفتوگۆکردنی بارودۆخ لەتورکیا دوای دەرکردنی یاداشتی ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیاو دەستپێکردنی پرۆسەی کۆدەتا بەسەر حکومەتەکەی ئەربەکاندا. لەنێو ئامادەبووواندا یەکێك لەگەورە پیاوانی لۆبی ئیسرائیلی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو مێژوونوسی ناسراو بەرنارد لویس B.Lewis و پۆڵ وولفۆیتز P . Wolfowitz، یەکێك لەسەرکردەکانی موحافزکارانی نوێو ناسراو بەپشتیوانی بەهێز لەئیسرائیلو ریچارد پیرل R . Perle، کەلەوکاتەدا ئەندام بوو لەلیژنەی راوێژکاریی بۆ سیاسەتی بەرگریی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبوون. پوختەی ئەوەی پێی گەیشتین بریتی بوو لەپێویستی لەنێوبردنی حکومەتەکەی ئەربەکان، بەڵام لەڕێگەی کۆدەتای راستەوخۆی سەربازییەوە نا[١٤٩]، واتە لەڕێگەی سەربازیی کلاسیکییەوە نا، بەڵکو مومارەسەرکردنی گوشار لەسەری تاکاتی لەنێوبردنی، ئەوەش دواتر کاتی دەرکردنی یاداشتی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا لە ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ بەدەستهات.

هەر پەیگیرییەك بۆ ئەو سەرچاوانەی، کەباسیان لەپێوەندیی دامەزراوەی سەربازیی‌و حکومەتەکەی ئەربەکان کردووە، تێبینی دەکەین، کەسەرجەمیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کەپاڵنەری سەرەکی بۆبیرکردنەوە لەو کۆدەتایە بریتییە لەو رێوشوێنە شکلگیرە ئیسلامییانەی، کەئەربەکان‌و پارتی رەفاھ گرتوویانەتەبەر، لەپێشەوەشیان بانگهێشتی شێخانی رێبازە سۆفیگەرییەکان بۆئێوارە خوانێکی رۆژوو شکاندنی رەمەزان لەرۆژی ١١ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧و مەراسیمی رۆژی قودس لەشارۆچکەی سنجان لەکۆتایی ئەو مانگەدا[١٥٠]، هەندێکیتر وادەبینن، کەلێدوانەکانی ژمارەیەك لەپارلەمانتارانی پارتی رەفاهو سەرۆك شارەوانییەکانی دژی سێکیۆلاریزم‌و خودی ئەتاتورك، رۆڵیان هەبوو لە تەکاندان بەسوپا بۆ جوڵان لە دژی حکومەتەکەی ئەربەکان[١٥١]. بەڵام ئەو کۆڵینەوانەی، کە لەتورکیا بەمدواییانە لەسەر ئەو کۆدەتایە ئەنجامدران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەبیرکردنەوەی دامەزراوەی سەربازیی لەکۆدەتاکە بەچەند مانگێك پێشی ئەو رووداوانە کەوتووە. حەسەن جەلال کوزلۆ H.C.GÜzel ، کەرۆژنامەوان‌و سیاسەتووانێکی تورکەو لەنێوان ساڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٩ دا وەزیری پەروەردەو وەرزش‌و لاوان بووە، لە گەواهیدانێکدا لەساڵی ٢٠١٢ لەبەردەم لیژنەی کۆڵینەوەی پارلەمانیی تایبەت بەکۆدەتاو یاداشتی ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٦، بیرکردنەوەی سوپای لەتەگبیری کۆدەتا دژی حکومەتەکەی ئەربەکان لەئەیلوولی ١٩٩٦ ەوە زانیوە. بەگوێرەی ئەو گەواهیدانە فەرماندەی هێزەکانی ژاندارمە ژەنەڕاڵ تیومان کۆمان Teoman Koman ، حەسەن جەلال کوزلۆ بۆ چاوپێکەوتن بانگکردەوەو، هەردووکیان بۆچەند

کاتژمێرێك قسەیان کردووەو لەمیانەیدا ژەنەڕاڵ تیومان بەمیوانەکەی راگەیاندووە، کەسوپا پلان بۆکۆدەتا دژی حکومەتەکەی ئەربەکان دادەڕێژێتو بیر لەدانانی حەسەن کوزڵ یان مەسعود یەڵماز وەك سەرۆك وەزیران دەکاتەوە، بەڵام ئەو پێشنیازەی رەتکردۆتەوە[١٥٢]. ناوی " کۆدەتای نەرم – Soft Coup " بەسەر ئەو کۆدەتایەدا دابڕاوە، کەدژی حکومەتەکەی ئەربەکان ئەنجامدراوە یان " کۆدەتای پۆست مۆدێرنیزم – Post-Modern Coup "[١٥٣]، بەجۆرێك کۆدەتایەکی سەربازیی نەبوو بەڕێگەی کلاسیکیی، بەشێوەیەك تانکەکان دابەزنە شەقامەکانو سوپا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێتو باری نائاسایی رابگەیەنێت، هەروەك لە ١٩٦٠و ١٩٨٠ دا رووبدا.

وادەردەکەوێت، کەدامەزراوەی سەربازیی درکی بەوە کردبێت، کەکۆدەتای سەربازیی کلاسیکیی لەوانەیە لەسەر ئاستی پێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا گرفتی تووش ببێت، بەتایبەت لەگەڵ یەکێتی ئەورووپاو لەسەر ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر مەسەلەی داوای تورکیا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتیی لەو یەکێتییە کەڵەکە ببێت، یان ئەگەری قۆستنەوەی لەلایەن لۆبی ئەرمەنییو یۆنانیی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبێت. بۆ ئەمەش دامەزراوەی سەربازیی هەوڵیدا لەڕێگەی دەرکردنی یاداشتی ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧و مومارەسەکردنی گوشار لەسەر حکومەتەکەی ئەربەکان لەڕێگەی دامەزراوەی سەربازییەوەو هێزە سەرخەرەکانی سیستەمی سێکیۆلاریزم لەتورکیا ئەو حکومەتە لەنێو ببات‌و ناچاری دەست لەکارکێشانەوەی بکات. ئەدمیرااڵ کوفن ئەرکایا فەرماندەی هێزی دەریایی‌و یەکێك لەسەرکردەکانی کۆدەتای ٢٨ ی

شوبات، قسەی بۆ ئەو هێزانە کرد، کەسیاسەتوانانو سەرمایەدارانو سەرۆکی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەخۆگرتبوو وتی:" ئەمجارە پێویستە هێزە چەکدارەکان شوێنی بگرنەوە "[١٥٤]. ئەو گوشارە لەسەر ئەربەکان نزیکی چوار مانگی بەردەوام بوو تاکاتێ ناچاری دەست لەکارکێشانەوە کرا، ئەو زنجیرە گوشارو هەڵوێستی دوژمنکارانە دژی حکومەتەکەی ئەربەکان بە " پرۆسەی ٢٧ ی شوباتی ١٩٩٧– ٢٨ Şubat Sureçi " دەناسرێت.

ئەو یاداشتەی دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا، کە ٦ کاتژمێرو نیوی خایاندو رۆژی ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ دەرکرا لەلایەن سەرکردەکانی دامەزراوەی سەربازیی پێشهاتنیان بۆ کۆبوونەوەکە ئامادەکرابوو، بەگوێرەی باسکردنی سلێمان دێمریل [١٥٥]. ئەو یاداشتە ١٨ راسپاردەی بۆ حکومەت لەخۆگرتبوو بۆگرتنەبەری ڕێو شوێنی پێویست بۆجێبەجێکردنی‌و، لەسەر شێوەی پاشکۆیەکی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ژمارە (٤٠٦) دەرکرا. مەبەست لەو راسپاردانە وەستانەوە بوو لەلایەن حکومەتەوە بۆ گوشار خستنەسەر ئەربەکان بۆناچارکردنی بە دەست لەکارکێشانەوە. لەبەرئەوەی ئەو یاداشتە نهێنیی بوو، ناتوانرێت ئاشکرا بکرێت، بەگوێرەی مادەی (٣١٢) لەدەستووری تورکیا. تەنها سەرچاوەی زانیاریی لەبارەیەوە بریتییە لەوەی، کەئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تورکیا بڵاویان کردۆتەوەو راسپاردە هاتووەکانی یاداشتەکەیان قەبە کردو کردیانە ٢٠ راسپاردە[١٥٦]، بەڵام گرنگترینی ئەو راسپاردانە[١٥٧] بریتیی بوون لە:

١– جەختکردنەوە لەسەر پرێنسیپی سێکیۆلاریزم بەشێوەیەکی توندو چاکردنی یاساکان بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر پێویستی کرد.
٢– دانانی قوتابخانەو پەیمانگەو بەشە نێوخۆییەکانی قوتابیانو شوێنکەوتەی رێبازە سۆفیگەرییەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتە حکومییەکانی پێوەندیدار بەم بابەتە، دواتر گواستنەوەیان بۆ وەزارەتی مەعاریفی نیشتیمانیی بەگوێرەی پێویستیی یاسای رێکخستنی خوێندنەکان (ئەم یاسایە لەساڵی ١٩٢٤ هوە دەرکراوە).
٣– ماوەی خوێندنی ناچاریی بکرێت بە ٨ ساڵ لەسەر یەك لەسەرانسەری وڵاتداو، ئەنجامدانی دەسکاریکردنی کارگێڕییو یاسایی بۆدانانی خولەکانی لەبەرکردنی قورئان، کە ئەو نەوجەوانانەی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکەنو بەرەزامەندی باوانیان پێوەندیی پێوە دەکەن، لەژێر بەرپرسیارێتییو دەسەڵاتی وەزارەتی مەعاریفی نیشتیمانیدا بێت بەتەنها. (مەبەست لەو راسپاردەیە کەمکردنەوەی رۆڵی ئیسلامییەکان بوو لەسەر نەوجەوانانو گەنجان لەڕێگەی هەردوو کەناڵی لەبەرکردنی خولەکانی قورئانو پەیمانگەکانی پێشنوێژو گوتاربێژان "، بەتایبەت ئەمەی دواییان. پێش کۆدەتای ٢٨ ی شوبات ئەو قوتابییەی، کەخوێندنی سەرەتایی تەواو دەکرد دەیتوانی بچێتە پەیمانگەکانی " پێشنوێژ– گوتاربێژان "، کە هەردوو قۆناغی نێوەندییو ئامادەیی لەخۆدەگرت، بەڵام ئەم دەسکاریکردنە قۆناغی نێوەندیی هەڵوەشاندەوەو تەنها قۆناغی ئامادەیی هێشتەوە. لەسەر ئەو بنەمایەی، کە لانیکەم دەبێت خوێندکار لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا بێت، کەئارەزووی دیاری بکات لەسەر خوێندنی ئاینیی. لەسەر ئەم بنەمایە ئەو پەیمانگەیانە

پاشەکشێیەکی بێشوماریان بەخۆوەبینی لەژمارەی فەرمانبەران دوای کۆدەتای ١٩٩٧[١٥٨].

٤- کۆتایی هێنان بەچالاکیی رێبازە ئاینییە قەدەغەکراوەکان بەگوێرەی ماددەی ٦٧٧ (مەبەست پێی یاسای تەکیەو خانەکان بوو، کەساڵی ١٩٢٥ دەکراوە)،و هەموو قەوارە قەدەغەکراوەکان بەگوێرەی ئەو یاسایە.

٥- بەکارنەهێنانی ئەندامانی دەرکراو لەهێزە چەکدارەکانی تورکیا بەهۆی چالاکیی ئیسلامیی، یان پێوەندییان لەگەڵ رێکخراوە نایاساییەکان لەفەرمانگەو دامەزراوە گشتییەکان، یان هاندان یان بەشێوەیەك یان هی تر. (مەبەست بەمە حکومەتی لۆکاڵیی یان شارەوانییە شوێنەکەوتەکانی پارتی رەفاه بوو، کەئەفسەرانی دەرکراویان لەسوپادا بەکاردەهێنا).

٦-ئەو رێوشوێنانەی لەچوارچێوەی رێکخستنی لیستێك بۆرێگریکردن لەچوونە ناوەوەی " تونڕەوە ئاینییەکان " بۆ نێو هێزە چەکدارەکان پێویستە لەدامەزراوەکانیتردا جێبەجێ بکرێت، بەتایبەت لەزانکۆکانو جگە لەواتیش لەدامەزراوە فێرکاریی‌و کارگێڕیی‌و لەدامەزراوەی دادوەرییدا.

٧-پەیگیریی ورد بۆ هەوڵەکانی ئێران بۆتێکدانی سەقامگیریی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەتورکیاو بونیاتنانی ئەو سیاسەتەی، کەرێگری لەدەستێوەردانی ئێران لەکاروباری نێوخۆیی تورکیادا دەکات.

٨-بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسایی‌و کارگێڕیی لەنزیکترین کاتدا دژی لێپرسراوانی ئەو رووداوانەی، کە بەپێشێلکردنی دەستووری کۆماری تورکیا هەژمار دەکرێن، یان یاسای پارتە سیاسییەکان، یاخود یاسای

سزادانی تورکیی، یان یاسای شارەوانییەکان، پێویستە ڕێو شوێنی بەهێز لەسەرجەم ئاستەکاندا بگیرێتەبەر بۆ ڕێگەنەدان بەدووبارە بوونەوەی ئەو ڕووداوانە. (لەئایاری ۱۹۹۷ دا داواکاری گشتیی تورکیا وراڵ ساڤاش V.Savaş، تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای پارتە سیاسییەکانی ئاراستەی ئەربەکانو پارتی ڕەفاھ کرد بەتۆمەتی ئەوەی ئەوان بوونە ناوکی دوژمنایەتیکردنی سێکیۆلاریزم، بەڵام سەبارەت بەیاسای شارەوانییەکان مەبەست لێی ڕێگریکردن بوو لە بەدەستهێنانی پارە لەڕێکخراوە ئاینییەکان لەدەرەوە لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە. ئەمە هەمان ئەو خاڵە بوو، کەمستەفا کەمال ئوزجان وەک ڕاسپاردەیەک لەچوارچێوەی ڕاسپاردەکانی یاداشتی ۲۸ ی شوباتدا باسیکردووە، کەدەقەکەی لەچاودێریکردنی چالاکیی " ڕێکخراوی میللی گروش "ی شوێنکەوتەی پارتی ڕەفاھ لەئەڵمانیای فیدراڵیدا هاتووەو ڕێگریکردن لەناردنی پارە بۆ شارەوانییەکانییە شوێنکەوتەکانی پارتی ڕەفاھ.

۹- ڕێگریکردن لەو مومارەسانەی، کەپێشێلکردنی یاسای جلوبەرگ پێکدەهێنن (لێرەداو لەبنەڕەتدا مەبەست قەدەغەکردنی لەبەرکردنی بالاپۆشییە لەلایەن کچانو ژنان لەخوێندنگەو زانکۆکانو لەکاتی کارکردن لەفەرمانگە حکومییەکاندا). لەمەدا ئاماژەیە بۆ داواکاریی ئەربەکان بەڕێگەدان بە پۆشینی بالاپۆشی لەنێویاندا. هەروەک شێخانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان، ئەوانەی، کە لەلایەن ئەربەکانەوە بانگهێشتکرا بوون بۆ ئێوارەخوانێکی بەربانگ کردنەوە لەرەمەزاندا، لەو کەسایەتییە بالایانە بوون لەشەقامی ئیسلامیی، کەئامادەی ئێوارەخوانەکە بوون، مێزەر

بەسەر بوون، کە ئەمە تورِەیی فەرماندە سەربازییەکانی تورکیای هوروووژاند.

١٠- سەپاندنی چاودێریی، واتە کۆنترۆڵ لەسەر ئامرازەکانی راگەیاندن، کەهەڵوێستی خراپ لەهێزە چەکدارەکان وەردەگرێت. لەبەرئەوەی ئەو ئامرازانە هەوڵدەدەن، بەشێوەیەك هێزە چەکدارەکان بکەن،کە دژکی ئاینن لەڕێگەی قۆستنەوەی مەسەلەی ئەو کەسانەی، کە لەسوپا دەرکراون بەپشتبەستنی بەبڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای سەربازیی Yüksek Askeri Şû ra "، بەهۆی چالاکیی ئسولگەرایانەوە.(لێرەدا مەبەست ئامرازەکانی راگەیاندنی شوێنکەوتەی بزاوتی ئیسلامیی یان ئامرازە پشتیوانییەکانییەتی).

١١- پێویستە یاسای ژمارە ٥٨١٦ بەکرداریی جێبەجێ بکرێت، کە ئەو تاوانانەی دژی رزگارکەری مەزن ئەتاتورك، ئەنجامدەدرێن پێناسە دەکات، لەنێویشیدا کارەکانی رقلێبوونەوەو سوکایەتیکردن. (لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەو لێدوانانەی، کە لەلایەن هەندێك ئەندامی پارتی رەفاهەوە لەتشرینی دووەمی ١٩٩٦ دەدرانو سوکایەتیان دژ بەکەمال ئەتاتورك تێدابوو).

١٢- گرتنەبەری تەگبیریی یاساییو کارگێڕیی بۆ رێگریکردن لەو دەستپێشخەرییانەی، کەئامانجیان چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتە لەسەر بنەمای ئوممە (وەك چەمکی ئیسلامیی) نەك وەك چەمکی (نەتەوەیی)، کەهانی رێکخراوی (PKK)و تیرۆریستیی جوداخواز دەدات لەرێگەی ئەنجامدانی پێوەندیی لەگەڵیاندا لەسەر هەمان بنەما (واتە بەشێکن لەنەتەوە). (مەبەست لێرەداو لەو بەندە بانگەوازەکانی

ئەربەکانو ئەندامانی دیکە بوو لەپارتی رەفاھ بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای یەکێتیی ئیسلامیی).

١٣– رێگریکردن لەکۆکردنەوەی پێستی قوربانییەکان لەجەژنی قوربان لەلایەن ئەو دامەزراوەو رێکخستنانەی دژی سیستەم بوونو، زاڵنەبوون بەسەریدا بەئامانجی دابینکردنی دەرامەتی دارایی بۆی. پێویستە رێگە نەدرێت بەھیچ کۆکردنەوەیەکی ئەو پێستانە لەدەرەوەی دەسەڵات، کەیاسا رێکیخستووە. (دامەزراوەی فڕۆکەوانیی تورکیا پێشتر کۆکردنەوەی ئەو پێستانەی قۆرغکردبوو، بەڵام حکومەتی ئەربەکان ئازادی بەھاوڵاتییان دابوو، کەبیبەخشنە ئەو دامەزراوەو کۆمەڵە خێرخوازییانە بۆ سوود وەرگرتن لێیان لەمەبەستە خێرخوازییەکاندا).

١٤– دووبارە رێکخستنەوەی مۆڵەتپێدانی چەکی لوولە کورتو درێژ (مەبەست دەمانچەو تفەنگ بوو)، کە بۆ مەبەستە جۆراجۆرەکان دەردەکرێت، بەگوێرەی ئەو نێوچانەی، کە لەچوارچێوەی بازنەکانی دەسەڵاتی نێوەندەکانی پۆلیسو ژاندارمەدا بوون. پێویستیشە ئەو مۆڵەتو رێگەپێدانانە سنووردار بکرێن بکرێنو، ھەڵسەنگاندنی ورد بکرێت بۆ داواکاریی مۆڵەتپێدانی تفەنگ. (ئەم بەندە لەسەر باگراوندی ئەو راپۆرتانە دانرا، کە باسیان لەوە دەکرد، کە ئیسلامییەکان چەک و تەقەمەنیی خڕ دەکەنەوە، بەتایبەت تفەنگی ئامێریی.

دەرکردنی یاداشتی ٢٨ ی شوبات، سەرۆکی حکومەتی خستە ھەڵوێستێکی نارِەحەتەوە، لەچەند رۆژێکی کەمدا ھەوڵیدا رێگریی ئەوە بکاتو ئیمزای لەسەر نەکات، ھەروەک ئەو دەستێوەردانەی لەلایەن دامەزراوەی سەربازییەوە وەک پێچەوانەی دیموکراسییەت ھەژمار کرد،

بەڵام لەژێر فشاری سەربازیی ناچار بوو لەرۆژی ٥ ی ئازاری ١٩٩٧ ئیمزای لەسەر بکات[١٥٩]. ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا دوو مانگی خستە بەردەم حکومەتەکەی ئەربەکان بۆجێبەجێکردنی ١٨ راسپاردەکە[١٦٠]. سەرەڕای ئیمزاکردنی لەسەر یاداشتەکە، بەڵام ئەربەکان نیازی نەبوو ئەو شتانەی لەراسپاردەکەدا هاتبوون جێبەجێ بکات، لەبەرئەوەی وەك خۆکوشتنی سیاسیی وابوو سەبارەت بەو. لەهەوڵێکیدا بۆ دەستی دەستیکردن لەم بابەتەدا، ئەربەکان رەزامەندی هاوبەشەکەی لەهاوپەیمانێتییەکەدا (تانسۆ چیللەر) بەدەستهێنا لەسەر پێشنیازکردنی پێشکەشکردنی ئەو راسپاردانەی یاداشتەکە بۆ پارلەمان بۆ گفتوگۆکردنی ئەو خاڵانەی تێیدا هاتبوو، بەڵام ئەم هەوڵە شکستیهێنا، بەجۆرێك پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان رایانگەیاند بەشداری ئەو دانیشتنە ناکەن، کەتایبەت بکرێت بۆگفتوگۆ کردنی یاداشتەکە. هەروەك سەرۆکی پارلەمان (مستەفا قلمچی) یش دژی وەستایەوە، کە وتی سەرۆك کۆمار دێمریل پێچەوانەی بۆچوونەکەیەتی. لەلایەکیترەوە میدیای تورکیی رەخنەیان لەو پێشنیازە گرت لەسەر ئەو بنەمایەی، کە سەردەکێشێت بۆ روبەڕوبوونەوەی نێوانو سوپاو مەترسییەکی گەورە لەسەر وڵات دروستدەکات[١٦١]، چانسی هەندێك لەو بانگەشانە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لەوڵاتدا باشتر نەبوو لەپێشنیازی گفتوگۆکردنی راسپاردەکان لەپارلەماندا[١٦٢]. یاداشتی ٢٨ ی شوبات ئاماژەیەك بوو لەسەر ئەوەی، کەهێزە سێکیۆلارەکان لەتورکیاو، لەریزی پێشەوەیان دامەزراوەی سەربازیی، بڕیاریدا بوو بۆ بژاردەی نادیموکراسیی دژی حکومەتێکی شەرعیی، کەلەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە گەیشتبووە دەسەڵاتو،

جیاوازییەکە ئەوەیە، کەدوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی راگەیەنراوێك دەرکرا، کەتێیدا هاتووە تورکیا بەپابەندیی:" بەبەها هاوچەرخو دیموکراسییەکان بۆ کۆمارەکە دەمێنێتەوە "[١٦٣].

هەروەك یاداشتەکە ئاماژەیەك بوو لەسەر ئەوەی، کەدامەزراوەی سەربازیی وازیهێناوە لەو بیرۆکەیەی، کەدەتوانرێت ئایین بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە بەکاربهێنرێت، بەوەش " پێشنیازی تورکیی– ئیسلامیی رۆڵی دیاری خۆی لەدەستدا، بەوەی ئایدۆلۆژیای فەرمیی بێت "[١٦٤].

دامەزراوەی سەربازیی تورکیا توندترو رەقتر بوو لەهەڵوێستی بەرامبەر ئەربەکان لەدەرکردنی یاداشتی ٢٨ ی شوباتەوە، دوای کۆبوونەوەی نێوبراوی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەربەکان رایگەیاند:" بڕیارەکانمان پێکەوە لەئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی داوەو ئێمە لەدۆستایەتیداین لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی تورکیاو بەتەواوی لەبیروبۆچوونو گۆشەنیگاکانماندا هاوڕاین ". بەڵام سکرتێری سەرۆکایەتی گشتیی ئەرکان ژەنەڕاڵ ئیرویل ئوزکاسناك E.Özkasnak کۆمێنتی لەسەر لێدوانەکەی ئەربەکان داو وتی:" هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەبەردەوامی لەدۆستایەتیدان لەگەڵ ئەوانەی باوەڕیان بەبنەماکانی کۆماریی سێکیۆلار هەیە، کەئەتاتورك پێی هەستاوە...، جگە لەوانە، هێزە چەکدارەکان لەگەڵ هیچ یەکێکدا لەدۆستایەتیدا نییە "[١٦٥].

هەروەك کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دوای ٢٨ ی شوبات بۆ قەیران گۆڕا، فەرماندە سەربازییەکان، کەدەهاتنە ژوور دۆسییەیان لەگەڵ خۆیاندا پێبوو، رەخنەیان لەمەسەلەی جێبەجێنەکردنی

ئەوەی پێیان دەوت:" بەرنامەی تێکۆشان دژی کۆنەپەرستیی " دەگرت[١٦٦].

هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی لەلایەن سەرخەرانی سێکیۆلاریزمەوە لەتورکیاپشتیوانی بەدەستهێنا، یان ئەوانەی وایاندەبینی پارتی رەفاه هەڕەشەیەکە بۆ بەرژەوەندییو پێگە سیاسییەکانیان، بەجۆرێك راگەیاندنی شۆینکەوتەی دامەزراوە میدیاییە گەورەکانی پشتیوانی سیستەمی سێکیۆلاریزم لەتەنیشت دامەزراوەی سەربازییەوە راوەستانو هێرشێکی بەهێزیان کردە سەر ئەربەکانو پارتی رەفاه بەمەبەستی شێواندنی وێنەیانو بەخشینی رەوایەتیی بەسەر رێو شۆینەکانی دامەزراوەی سەربازی لەدژیان. هەروەك ژمارەیەك لەیەکێتییە پیشەییەکان لەتەنیشتی دامەزراوەی سەربازییەوە راوەستان،کەبریتیی بوون لە یەکێتی سەندیکاکانی بەکارهێنەران لەتورکیا " TISK "و، یەکێتی پیشەوەرانو خاوەن کاران " TESK "و، یەکێتی ژوور بۆرسە تورکییەکان " TOBB "و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران " TÜRK-IŞ "و، یەکێتی سەندیکا کرێکارییە شۆڕشگێڕییەکان " DISK "، سەرۆکی ئەو یەکێتییانە بەمشێوەیە بریتیی بوون لە (رەفیق بایدورR.Baydur و، دەروێش کوندای D.Gunday و ، فوئاد میراس F.Miras و، بایرام مەرالّ B.Meral و، رەزوان بوداق R.Budak)، لەنێو بکەرانی سەرەکیی کۆدەتاکەدا بوون، نێوی " پێنج چەتەکە– Beşli Çete " یان بەسەردا دابڕا[١٦٧]. پێشتر ئاماژە کرا بۆ رایەڵەی توسیاد " TüSIAD" ، کەنوێنەرایەتی گەورە پیشەسازانو سەرمایەدارانی لەتورکیا دەکرد، ئەوانەی، کەبەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەردەوامی سیستەمی

سێکیۆلاریزم لەتورکیاو ئاراستە رۆژئاواییەکانیدا بوو، وایاندەبینی سیاسەتەکانی ئەربەکانو ئاراستە نێوخۆییو دەرەکییەکانی لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەدا یەک ناگرێتەوە. هەڵوێستی ژمارەیەک لەسیاسەتوانە دەرکەوتووەکان بەرامبەر ئەربەکانو پارتەکەی لەگەڵ هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیدا تاپێش کۆدەتای ٢٨ ی شوبات رێکبوو، رەخنەی بەهێزیان ئاراستەی ئەربەکانو پارتی رەفاە کرد. رۆژنامەی " جمهوریيەت " ی تورکیی لە ١٤ی شوباتی ١٩٩٧ لەژێر نێونیشانی :" بەربەست لەبەردەم پارتی رەفاهدا بریتییە لەدەوڵەت ". بڵاویکردەوە، کەمەسعود یەڵمازی سەرۆکی پارتی دایکی نیشتیمان، پارتی رەفاهی بەپارتی نازی لەئەڵمانیا چواندبوو، کەبەشێوەیەکی دیموکراسیی گەیشتبووە دەسەڵات. هەروەها پارتی رەفاە وێنای هەڕەشەیەک دەکات بۆ تورکیاو، پارتەکە وادەبینێت، کەدەوڵەتو هێزەکانی ئاسایش رێگرێکن لەبەردەم ئامانجەکەیدا، کەدامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی زۆرداریيە لەوڵاتدا[١٦٨]. رۆژنامەی " سەباح "ی تورکیی هەمدیسان لەژمارەی دەرکراوی لە ٢٢ ی شوبانی ١٩٩٧ ئەو گوتەیەی نێوبراوی بڵاوکردۆتەوە، کەرەفاە دەیەوێت سیستەمێکی لەنموونەی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئێرانی بەرپا بکات لەتورکیادا[١٦٩]. لەگەڵ کڵپەسەندنی روبەڕووبوونەوەی نێوان دامەزراوەی سەربازییو ئەربەکان، یەڵماز وایبینی، کەئەربەکان " وادەردەکەوێت وەک ئەوەی تێناگات، کە چی رووەدات ". ئەوەشی باسکردبوو، کە داوا لەئەربەکان دەکات دەست لەکاربکێشێتەوە، کاتێک چاوی پێبکەوت[١٧٠]. هەروەک دامەزراوەی سەربازیی دڕدۆنگی خۆی پاساو دا، بە هەوڵە خێراکانی پارتی رەفاە بەبردنە نێوەوەی کادرەکانی بۆ

سەرجەم فەرمانگەکانی دەوڵەت، بەتایبەت دامەزراوەکانی وەزارەتی مەعاریفی نیشتیمانییو، هەوڵدانی پارتی رەفاه بۆ چەکدارکردنی ئەندامەکانی، جگە لەدەرکەوتنی هەندێك ئەندامی حزبیی هاوڕێی ئەربەکان بەجلو بەرگی بالاپۆشییەوە، پێیوابوو ئەو دیاردانە لەبری " کێشمە کێشمی سیاسیی "، " پێکداهەڵژانی چەکداریی " لێدەکەوێتەوە[۱۷۱].

بوڵەند ئەجەویدی سەرۆکی پارتی چەپی دیموکراسیی بەتوندی لەتەنشت دامەزراوەی سەربازیی لەملانێی لەگەڵ پارتی رەفاه راوەستاو، وایبینی، کەپەرچە کرداری دامەزراوەی سەربازیی لەسەر ئەربەکانو رەفاه کاردانەوەیەکە " دیموکراسیی " بووە[۱۷۲]. لەلێدوانێکیتردا تا ئەو ئاستەی گوتن دەڕوات، کە:" رەفاه لەپارتی کرێکارانی کوردستان زۆر مەترسیدار تر ە "[۱۷۳]. هەروەك پارتی رەفاهی بەشێواندنی ئایین تۆمەتبار کرد[۱۷٤].

هاوشێوەی یەڵماز، ئەجەویدیش وایدەبینی، کەپارتی رەفاه کار لەسەر ئامادەباشی کادرە جەنگاوەرەکانی دەکاتو، ئەربەکان پێوەندیی لەگەڵ جەنگاوەران لەوڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، بەوەش ئەجەوید حکومەتی ئەربەکانی بە هەڕەشەیەك هەژمارکرد، نەك تەنها بۆ تورکیا، بەڵکو بۆ ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ئیسلامیش[۱۷۵].

هەڵوێستی سلێمان دێمریلی سەرۆك کۆماریش لەگەڵ کۆدەتادا بوو، بەجۆرێك لەبنەڕەتدا لەگەڵ گەیشتنی پارتی رەفاه نەبوو بۆ دەسەڵات، بەگوێرەی ئەوەی شەوکەت کازانی وەزیری داد لەحکومەتەکەی ئەربەکان باسیکردووە لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیی بەبۆنەی تێپەڕبوونی ۱۰ ساڵ بەسەر کۆدەتاکەدا، دێمریل لەکاتی پێکهێنانی حکومەتەکەی ئەربەکاندا وتوویەتی:" من ناچار بووم لەسەر راسپاردنی ئەربەکان بەپێکهێنانی

حکومەت "[١٧٦]. هەندێك پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ دێمریل رادەکێشن، بەبەڕێوەبردنی پرۆسەی کۆدەتاکە[١٧٧]، وادەردەکەوێت ئەو کارە رووبدا بێت لەژێر رۆشنایی دەربڕینەکەی دێمریل دەربارەی ترسی لەئەگەری بەردەوامیی پارتی رەفاھ لەدەسەڵاتدا، جگە لەھەڵوێستی خراپی لەتانسۆ چیللەرو هەوڵەکانی بۆ قەناعەت پێکردنی شوێنکەوتووانی پێشووی لەپێکهێنانی پارتی نێوەندی نوێ، کەجێگەی پارتی رێگەی راست بگرێتەوە، کەچیللەر سەرۆکایەتیی دەکردو دەکرا ببێتە جێگرەوەی پارتی رەفاھو پارتەکانیتر. دێمریل دەیویست پارتە پێشنیازکراوەکە بەسەرۆکایەتی حیسامەدین چندوروك، گوتەبێژی پێشووی پارلەمانو دوژمنی سەرسەختی چیللەر بێت، بەڵام هەوڵەکانی دێمریل بۆ پێکهێنانی پارتێکی نوێ شکستیهێنا[١٧٨]. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، چیللەر رایگەیاند لەتشرینی دووەمی ٢٠١٢، کەکۆدەتاکە بەتەگبیری کۆشکی سەرۆکایەتیی (جانکایا) بووەو ئامانجی سەرەکی کۆدەتاکە لەنێوبردنی پارتەکەی بووە، نەك کارێکی ئاراستەکراو دژی ئەربەکان[١٧٩]. لەروونکردنەوەیەکدا بۆ رۆڵی دێمریل لەکۆدەتاکەدا یەکێك لەنووسەرانی تورك باس لەوە دەکات، کەدێمریل پارلەمانتارەکانی پارتی رێگەی راستی بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی بانگ کردووەو پێی راگەیاندوون:" خۆتان رزگار بکەن، کۆدەتا بەڕێوەیە ". بەئەربەکانو چیللەریشی راگەیاندووە:" پۆستەکە جێبهێڵن، ئەگەرنا کۆدەتا زۆر نزیکە "[١٨٠]. بەمدواییانە دێمریل لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی " میللییەت "ی تورکیی لەکانوونی دووەمی ٢٠١٣ دا هەڵوێستی لەکۆدەتاکە جەخت نەکردەوەو ووتیی:" هەموو ئەوەی لەپرۆسەی ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ دا بەدەسهات لەچوارچێوەی

دەستووردا بووە ". هەروەك باسی لەوە كرد، كەبڕیارەكانی ٢٨ ی شوبات بەرگری لەپرنسیپەكانی كۆماری تورکیا كردو، ئەوەی رووبدا ناونابرێت كۆدەتا(١٨١).

سەرباری ئەوەی پێشوو، بەشێك لەدادوەرەكانو سەرۆكی زانكۆو خوێندكارەكانیانو ئەوانیتر لەهاوڵاتیان پشتیوانانی سیستەمی سێكیۆلاریزم، پشتیوانی هەرەكەتی سوپایان كرد. ئەوەی جێگەی باسە دامەزراوەی خوێندنی باڵا ، كەبریتییە لەدەزگایەكی فەرمیی، لەو قۆناغەدا رێساو رێنمایی نوێی بۆ پاراستنی ئایدۆلۆژیای ئەتاتورکیزم لەدامەزراوەكانی خوێندنی باڵا دەركرد لەڕێگەی هەوڵدان بۆ لابردنی هەموو شێوەكانی داواكاریی شوناسی ئیسلامیی. رێساو رێنماییە نوێیەكانیش بەڕێوەبەری زانكۆی سەرپشك كرد، ئەوانە دەربكەن، كەكار لەدژی كۆمارو بەهاكانی دەكەن، لەگەڵ داڕنینی ئەو مامۆستایانە لەنازناوە زانستییەكانیان، كەگوزارشت لەبیروبۆچوونەكانیان دەكەن، كە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فەرمیی كۆماردا دژ بوەستێتەوە، جگە لەتوانای لەدەستدانی مافەكانیان لەبیمەی كۆمەڵایەتییو بێبەشكردنی كۆتاییان لەراژەی حكومیی(١٨٢).

لەنیازی ئەربەكاندا نەبوو داواكارییەكانی دامەزراوەی سەربازیی جێبەجێ بكات، كە لە ٥ی ئازاری ١٩٩٧ ئیمزای لەسەر كردبوو، لەبەرئەوەی وەك خۆكوشتنی سیاسیی بوو سەبارەت بەخۆی. هەروەك پێشتر گوتمان. ئەوەش دەدرێتە پاڵ ئەربەكان، كەگوتوویەتی ئیمزای لەسەر راسپاردەكانی پاشكۆی یاداشتی ٢٨ ی شوبات نەكردووە، بەڵكو تەنها ئیمزای لەسەر بەشی یەكەمی یاداشتەكە كردووە(١٨٣). بەڵام سكرتێری

پارتی رەفاه ئۆغۆزهان ئەسیڵ تورك دوای دوو هەفته لەئیمزاکردنی ئەربەکان لەسەر یاداشتی ٢٨ ی شوبات، ئەوەی وتووە، کە ئەو راسپاردانەی لەرۆژنامەی " سەباح)ی تورکیدا بڵاوکراونەتەوە لەوانەی، کە ئەربەکان ئیمزای لەسەر کردوون جیاوازە[١٨٤]. ناتوانین لەم وتانە دڵنیا بین مەگەر لەرێگەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەیەکی پەیوەست بەو بابەتەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە دەکەین بەپارتی رێگەی راستی هاوبەشی پارتی رەفاه لەهاوپەیمانێتی حکومیی، کەهەوڵیدا پاڵ بەئەربەکانەوە بنێت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی دامەزراوەی سەربازیی‌و، بەتایبەت مەسەلەی خوێندنی ناچاریی بە ٨ ساڵ. هۆکاری ئەمە، ئەوە بوو، کەپارتی رێگەی راست نەیدەویست هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی رەفاهدا بڕوخێت، لەبەرئەوەی سەرۆکی پارتەکە تانسۆ چیللەر باش درکی بەوە کردبوو، کەناتوانێت هاوبەشێکی جێگرەوەی پارتی رەفاه بدۆزێتەوە، کەبتوانێت لەگەڵیدا لەفەرمانڕەواییدا بەردەوام بێت[١٨٥]. بەهەرحاڵ هەوڵەکانی چیللەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەربەکان شتێکی گرنگی جێبەجێ نەکرد، کەجێگەی بایەخ بێت لەداواکارییەکانی دامەزراوەی سەربازیی. بەگوێرەی یەکێك لەکۆڵەران کاری ئەربەکان تایبەت بەو داواکارییانە لەدەرکردنی یاداشتی ٢٨ ی شوبات تا پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەی لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٩٧، بریتی بوو لەداخستنی تەنها ١٢٨ خوێندنگە، ئەوەش بۆئەوە بوو دوور بکەوێتەوە لەگەیشتن بەخاڵی پێکدادان لەگەڵ دامەزراوەی سەربازییدا[١٨٦].

دامەزراوە سەربازیی پەیگیریی سیاسەتی حکومەتەکەی ئەربەکانو مەودای وەڵامدانەوەی بۆ راسپاردەکانی یاداشتی ٢٨ ی شوبات دەکرد لەماوەی دوو مانگدا، کە بەحکومەت بەخشرابوو بۆجێبەجێکردنی‌و، گوشار خستنە سەرو سەر جوڵانەوەی ئیسلامیی لەو ماوەیەدا پێش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە. لەنێوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٩٧ دا سوپا ئامادەکارییە سەربازییەکانی تەواو کرد بۆ " کاری چاوەڕوانکراو دژی دوژمنی نێوخۆیی، کەبریتی بوو لەدرێژکراوەی دوژمنی دەرەکیی "[١٨٧]. کاتێکیش کۆبوونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی لە ٢٦ ی نیسان گرێدرا، ئەو راسپاردانە خرانەڕوو، کەپێش دوو مانگ پێشکەش حکومەت کرابوون‌و، داوای لێکرابوو رێوشوێن دژی چالاکیی ئوسوڵییەت بگرێتەبەرو، پێویستە راسپاردەکانی ٢٨ ی شوبات جێبەجێبکرێن[١٨٨]. دوای ئەو کۆبوونەوەیە بەتەنها ٣ رۆژ، واتە لە ٢٩ ی نیساندا، دامەزراوەی سەربازیی چەمکی " ستراتیژیی سەربازیی نەتەوەیی– Milli Askeri Strateji Konsepti " نوێی راگەیاند. بەگوێرەی ئەو ستراتیژیەتە جوڵانەوەی ئیسلامیی بەمەترسی یەکەم هەژمارکرا لەسەر ئاستی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیاو، بەدوایدا کێشەی کوردو پاشان پێوەندییەکانی تورکیاو یۆنان[١٨٩]. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بەنزیکەیی هێزەکانی پۆلیسی تورکیا هێرشیان کردەسەر نێوەندەکانی خوێندنی ئیسلامیی مۆڵەت پێنەدراوو، بۆیەکەمجار لەوکاتەوە سوپا داوای لەحکومەتەکەی ئەربەکان کردبوو رێو شوێنی توند لەدژیان بگرێتەبەر[١٩٠].

ئەو توندبوونەوەیە لەلایەن دامەزراوەی سەربازییەوە پێویستی بەجێبەجێکردنی راسپاردەکانی ٢٨ ی شوبات‌و هوروژاند، بەتایبەت کەمکردنەوەی پەیمانگەکانی " پێشنوێژو گوتاربێژان ". بەگوێرەی لیستی چاکسازیی خوێندن، لەلایەن ئیسلامییەکان‌و لایەنگرانیان کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە. لەهەفتەی یەکەم لەمانگی ئایاری ١٩٩٧ رایەڵەی پیشەسازان‌و سەرمایەدارانی سەربەخۆ موسیاد " MüSIAD " بەیاننامەیەکی پێشکەشکرد،کەئیمزای ١٠٧ رایەڵە‌و دامەزراوە‌و رێکخراوی فەرهەنگیی لەخۆگرتبوو، دژی لیستی چاکسازیی خوێندن. سەرۆکی رایەڵەی مۆسیاد " ئیرول یارار " رووندیکردەوە، کەدەرچووانی خولەکانی قورئان‌و پەیمانگەکانی " پێشنوێژو گوتاربێژان " نەچوونەتە نێو هیچ کارێکی ناڕەزایی، یان چالاکیی تێکدەرانە دژی دەوڵەت. بەیاننامەکە هەڕەشەی ئەوەی کردبوو، کەناوەکان هەموو ئەوانەی، کەئیمزا دەکەن لەسەر لیستی چاکسازیی خوێندن لەوەزیرەکان‌و پارلەمانتاران‌و تەنانەت ئەربەکانیش، ناویان لەلیستی رەشدا دەبێت‌و لەسەر دەرگەی پەیمانگەکانی " پێشنوێژو گوتاربێژان " هەڵدەواسرێت. لە ١١ ی ئایاردا ئیسلامییەکان رژانە سەر شەقامەکان، بەجۆرێك سەدان هەزاریان کۆبوونەوە (نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ خۆپیشاندەر مەزەندە دەکرێت) لەنێوچەی سوڵتان ئەحمەد لەئەستەمبوڵ لەژێر دروشمی " پەیمانگەکانی پێشنوێژو وتاربێژ دامەخەن ". لەنێو خۆپیشاندەراندا ژمارەیەك ئەندام پارلەمانیی پارتی رەفاه هەبوون‌و، پارلەمانتارێکی پارتی دایکی نیشتیمان‌و، جێگری سەرۆکی پارتی یەکبوونی بالا رەجەب کرش‌و، سەرۆکی پارتی بووژانەوە حەسەن جەلال کوزل‌و سەرۆکی پێشووی مەشخەڵی رۆشنبیران نەوزاد

یالچین تاش N.Yalcintaşو، سەرۆکی شارەوانییەکان لەپارتی رەفاهو ئەندامانی رایەڵەی دەرچووانی پەیمانگەکانی پێشنوێژو وتاربێژو، سەدان لەکۆمەڵەو دامەزراوە ئیسلامییەکان(۱۹۱).

خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان بێ سنوور بەزاندنو تێکدانی ئاسایش بەڕێوەچوو، بەڵام داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا ورالڕ ساڤاش، کەسەرۆك دێمریل لەو پۆستەدا لە ۱۷ ی کانوونی دووەمی ۱۹۹۷ داینابوو، لە ۲۱ ی ئایاردا بەرزکردنەوەی داوای بۆ دادگەی دەستووری بۆ قەدەغەکردنی پارتی رەفاهە راگەیاند لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئەم پارتە گۆڕاوە بۆ ناوکی جموجۆڵو چالاکیی دژی سێکیۆلاریزم(۱۹۲). ساڤاش یەکەم داواکاریی گشتیی بوو، کە داوا ب ۆداخستنی پارتێك بەرز بکاتەوە، کەدەسەڵاتی گرتبێتە دەستو لەو رۆژگارەدا گەورەترین پارت بوو لەوڵاتدا(۱۹۳). پارتی رەفاهە وەڵامی تۆمەتەکانی ساڤاشی دایەوە لەڕێگەی جەختکردنەوەی ئەربەکان، بەوەی پارتەکەی بریتییە لەگرەنتی راستەقینە بۆسێکیۆلاریزم، بەڵام سیستەمێکی سێکیۆلاریزم لەسەر شێوەی رۆژئاوای دەوێت، واتە جیاکردنەوەی تەواو لەنێوان ئایینو دەوڵەتدا. هەروەها ئەربەکان رایگەیاند، کەقەدەغەکردنی رەفاهە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پارتێکی دیکە لەرۆژانی دووایییداو، دەنگەکانی لایەنگرانی پارتی رەفاهە بۆ هیچ لایەنێکی تر هەرگیز ناڕۆن. هەروەك سەرۆکی کوتلەی پارتی رەفاهە لەپارلەمان سالەح کابوسز S.Kapusuz، رووندیکردەوە، کەتۆمەتەکانی داواکاریی گشتیی کۆمار بێبنەمایەو هیچی لێ شین نابێت(۱۹٤). لە ۲۷ ی ئایاردا ساڤاش لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا تۆمەتی ناپاکیی ئاراستەی سیاسەتوانانی پارتی رەفاهە کرد. عەبدولا

گویل، که لەسەرکردەکانی پارتی رەفاه بوو لەسەر ئەوە وەڵامی دایەو، بەوەی سیاسەتووانان داوا لەدژی ساڤاش بەرزدەکەنەوە لەڕێگەی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی نایاسایی‌و بێبنەما لەلایەن ساڤاشەوە لەدژیان[١٩٥].

دەستپێشخەری داواکاریی گشتیی لەسەر بەرزکردنەوەی داوا دژی پارتی رەفاه بەهۆی شکستی هەوڵەکانی سەندنەوەی متمانە بوو لەحکومەتەکەی ئەربەکان لەپارلەماندا، پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان هەوڵی قۆستنەوەی ئەو بارودۆخەیان دا بۆ رزگاربوون لەئەربەکان‌و حکومەتەکەی، بەجۆرێك پارتەکانی دایکی نیشتیمان بەسەرۆکایەتی (مەسعود یەڵماز)و چەپی دیموکراسیی بەسەرۆکایەتی (بوڵەند ئەجەوید) و، گەلی کۆماریی بەسەرۆکایەتی (دەنیز بایکاڵ)، یاداشتێکیان بۆسەندنەوەی متمانە لەحکومەتە هاوپەیمانییەکەی ئەربەکان پێشکەشکرد[١٩٦]. لەلایەکیترەوە ئەندامانی پارتی رێگەی راست دووچاری گوشارو هەڕەشە بوونەوە، کەداوایان لێدەکرا واز لەپشتیوانی حکومەت بهێنن، لەبەرئەوەی پشتیوانیان، وڵات روبەڕووی کۆدەتایەکی سەربازیی وەك ئەوەی لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دەکاتەوە، بەگوێرەی ئەوەی لەئەربەکانەوە گوازراوەتەوە، چیللەر پێیڕاگەیاندووە، کە ٥٠ پارلەمانتار لەپارتەکەی روبەڕووبووی هەڕەشە بوونەتەوە. ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە، کەهەندێك لەوەزیرەکانی پارتی رێگەی راست لەحکومەتەکەی ئەربەکان دەستیان لەکارکێشایەوە لەمیانەی قۆناغی کۆدەتای ٢٨ ی شوباتدا، لەو رۆژەدا، کەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی پێشکەوت لەرۆژی ٢٦ ی نیسانی ١٩٩٧ وەزیری پیشەسازیی یەلیم ئاریز Y.Erez و

وەزیری تەندروستی یەڵدرم ئاکتوون Y.Aktuna دەستیان لەکارکێشایەوە. پاش ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکات لەکۆتایی مانگی ئایاردا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنو خێزان ئەشیلای سایگینA.Saygin ، کە لەپارتی ڕێگەی ڕاست بوو هەمدیس دەستی لەکارکێشایەوە[۱۹۷].

کاردانەوەی دامەزراوەی سەربازیی لەسەر خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان توند بوو، لە ۲۷ ی ئایاردا ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی بەئامادەبوونی ئەربەکانی سەرۆك وەزیران کۆبوونەوەیەکی گرێداو، دوای کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند:" سوپا لەئیسلامییەکان پاکدەکاتەوە "[۱۹۸].

بەشێوەیەك ١٦١ لەئەفسەرانو پلەکانیتر لەسوپا بەهۆی مەیلی ئیسلامیبوونیانەوە دەرکران[۱۹۹]. لەهەمانکاتدا سوپا دەستیکرد بەئاراستەکردنی تۆمەتەکان دژی ئەربەکانو پارتی ڕەفاهو هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی، بەجۆرێك سەرۆکی هەوڵگری سەربازیی لەدەستەی گشتیی سوپای تورکیا ژەنەڕاڵ فەوزی تورکری لە ۱۱ ی حوزەیرانی ۱۹۹۷ ئیسلامیی سیاسیی (کە لێرەداو لەبنەڕەتدا مەبەست پارتی ڕەفاه بوو) تۆمەتبار کرد بەکارکردن، بەشێوەیەکی پتەو لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیی وەك ئێرانو سعودیەو لیبیاو سۆدانو، بەدەستهێنانی هاوکاریی دارایی‌و سەربازیی لێیان" بۆراکێشانی تورکیا بەرەو تاریکییەکی بێکۆتایی... دوور لەشارستانییەتی ڕۆژئاوا ". هەروەك ئاماژەی کرد بۆ هاوکاریی سەرمایەدارانی ئیسلامیی بۆ بزاوتی ئیسلامیی لەتورکیا، سەربازی هاوکاریی سەرمایەدارانی ئیسلامیی‌و کۆمپانیاکان لەئەورووپاو، بەتایبەت لەئەڵمانیای فیدراڵیی‌و ئەوانەی، کەپێوەندی پتەویان لەگەڵ شارەوانییەکانی پارتی ڕەفاهدا هەیەو لەڕووی دارایییەوە

هاوکارییان دەکەن. هەروەها سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئەستەمبوڵ ئۆردوگان پێوەندیی بەژمارەیەك لەو کۆمپانیا ئیسلامییانەوە کرد لەکاتی گفتوگۆی گشتیی رایەڵەی MüSIAD لەئەڵمانیا. هەروەك ئیسلامییەکانی بەهاریکاریی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لەڕێگەی هاوکاریکردنی هەندێك داواکاریی، کەدەڕژایە بەرژەوەندیی ئەو پارتەوە تۆمەتبارکرد. تورکری رایگەیاند، کەراپەڕینی توندوتیژیی ئیسلامیی نزیکەو سوپا ئامادەکاریی گرتۆتەبەر بۆ بەکارهێنانی هێز لەدژی[٢٠٠]. لەهەمان ڕۆژدا ژەنەڕاڵ چەتین سانر Saner.Ç لەبەیاننامەیەکی کورتدا بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی تورکیا ژمارەی ئامرازەکانی راگەیاندنو، دامەزراوەو کۆمپانیاو کۆمەڵەو قوتابخانە شوێنکەوتووەکانی ئیسلامییەکانی ڕوونکردەوە، یاخۆ ئەوانەی هاوکاریی دارایی پێشکەشی جوڵانەوەی ئیسلامیی لەوڵاتدا دەکەن. بەیاننامەکە ١٩ ڕۆژنامەو ١١٠ گۆڤارو، ٢٠ وێستگەی تەلەفزیۆنییو ٥١ ئیزگەو، ٢٥٠٠ رایەڵەو کۆمەڵەو، ٥٠ دامەزراوەو زیاتر لە ١٠٠ کۆمپانیاو، ١٢٠٠ شوێنی نووستنو حەوانەی قوتابییو، زیاتر لە ٨٠٠ قوتابخانەی تایبەتو خول، کەقوتابی ئامادە دەکات بۆ تاقیکردنەوەی زانکۆ هەژمار کرد[٢٠١]. شیاوی باسە لەم ڕووەوە" ڕۆژنامە تورکییە دەرکراوەکانی ڕۆژی ٦ ی حوزەیرانی ١٩٩٧ هەواڵێکیان بڵاوکردەوە، کەباس لەوە دەکات سەرۆکایەتی گشتیی سوپای تورکیا فەرمانێکی " نهێنییی " بۆ سەرجەم یەکەو فەرمانگە سەربازییەکانی تورکیا ناردووە تایبەت بەقەدەغەکردنی مامەڵە لەگەڵ زۆرێك لەو کۆمپانیا بازرگانییو دامەزراوەە داراییانەی، کەکۆمەکیی " چالاکیی کۆنەپەرستیی " دەکەن. لەنێویاندا دامەزراوەی گەورەو دیار لەگۆڕەپانی ناردەنی لەنموونەی "

ئولکەر– ülker "و، کۆمپانیا شوێنکەوتەکانی دامەزراوەی " ئیخلاس– Ihlas Holding "و، " کۆمباسان– Kombassan "و، " یمباش– Yimbaş "و " ئیتیفاق– Ittifak "و " ئاسیا فینانس– Asya Finans " و جگە لەوانیش[۲۰۲]. هەروەک دامەزراوەی سەربازیی ئەو رۆژنامەو ئامرازانەی راگەیاندنو شوێنی حەوانەوەی قوتابیی نێوبراوی سەرەوەی خستە نێوییەوە بەوپێیەی " لەچالاکیی ئیسلامیی تێکدەرانەدا تێوەگلاون "[۲۰۳]. ئەو گوشارو هەڕەشانەی، کەدامەزراوەی سەربازییو هێزە سێکیۆلارە هاوکارەکانیان لەگەڵیدا گەیشتنە سنووورێك، کە لەتوانای حکومەتەکەی ئەربەکاندا نەبوو بەرەنگاریان بێتەوە. وتەی دەستپێکی رۆژنامەی هەوالّیی رۆژانەی تورکیا Turkish Daily News بارودۆخی ئەوکاتەی وا شرۆڤە کرد، کەهەڵمەتەکە بۆ دەرکردنی رەفاه } لەدەسەلاّتدا {گەیشتۆتە ئاستێك، کەباوەڕی پێناکرێت. هەروەها ئاماژەی داوە بەو ستەمە لەبەکارهێنانی چەواشەکارییو هەڕەشە بۆئازاردانی هەندێك لەسەرمایەدارانو کۆمپانیاکان. هەر لەو دەسپێکەدا هاتووە" ئەگەر خەڵکانێك هەست بەبەرپرسیارێتیی ناکەنو دەیانەوێت تورکیا لەجەنگی نێوخۆدا سەراو بن بکەن، ئەوا پارتی رەفاه، هاوبەشی سەرەکی لەحکومەتدا، ناتوانێت ببێتە بەشێك لەمە، بۆ ئەمە لەسەرییەتی کار بکات بۆ رزگارکردنی خزان بەرەو رەوشێك، کە وەك کارەسات وایە "[۲۰٤]. ئەو مەترسییانە، کەلێیەوە وەدیهات رووبدا. ئەربەکان درکی بەمەودای هەستیاریی رەوشی سیاسیی لەوڵاتدا کرد. بۆیە رای لەسەر ئەوە گیرسایەوە، کە لەرۆژی ۱۸ ی حوزەیرانی ۱۹۹۷دا دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەشی سەرۆك کۆمار سلێمان دێمریل بکات. بەگوێرەی رێکەوتنی نۆبەتکردنی دەسەلاّت لەنێوان ئەربەکاون چیللەر

لەکاتی پێکهێنانی حکومەتە هاوپەیمانییەکەیان، پێویستبوو سەرۆك کۆمار چیللەر بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ راسپێرێت، بەتایبەت، کەپشتیوانییەکی زۆرینەی لەپارلەمانتاران هەبوو بۆ پێدانی متمانە، کەبریتی بوو لەپارلەمانتارانی هەردوو پارتی رەفاهو رێگەی راستو، " پارتی یەکبوونی گەورە — Büyük Birlik Partisi "[٢٠٥]، کەموحسین یازجی ئۆغلو سەرۆکایەتیی دەکرد[٢٠٦]. بەڵام سەرۆك کۆمار، کەدوژمنی تانسۆ چیللەر بوو، مەسعود یەڵمازی بەوە راسپارد، حکومەتی نوێ لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٧دا پێکهێناو تا ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ بەردەوام بوو.

لایەنە نەیارەکانی ئەربەکانو پارتەکەی خۆشحاڵبوون بە دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەیو راسپاردنی یەڵماز بەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، لەرۆژی دواتردا بۆپێکهێنانی حکومەتەکەی یەڵماز رۆژنامەی " حوڕییەت " دەرچوو، کە لەسەر لاپەڕەی یەکەم ناونیشانێکی سەرەکیی نووسرا بوو، کەبریتیی لە :" سەرکەوتن بۆ هێزە ناچەکدارەکان ". سەرۆك کۆمار دێمریل پێوەندیی بەسەرنووسەری رۆژنامەی نێوبراو کردو پیرۆزبایی هەڵبژاردنی ئەو نێونیشانەشی لێکرد[٢٠٧]. لەهەوڵێکدا بۆ پێشگرتن لەهەر مەیدانخوازییەکی ئایندەیی سەرۆکایەتی گشتیی سوپای تورکیا لەسەر زاری ژەنەڕاڵ حسێن کیفرك ئۆغلو رایگەیاند، کە" پرۆسەی ٢٨ ی شوبات ئەگەر پێویست بکات بۆ هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت "[٢٠٨].

ئەو مانگانەی، کەدەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی ئەربەکانی بەدووادا هات، پەلەکردنێکی لەجێبەجێکردنی بەندەکانی یادادشتی ٢٨ ی

شوباتی ١٩٩٧ بەخۆوە بینیو، لەریزی پێشەوەیان هەڵوەشانەوەی قۆناغی دواناوەندیی لەپەیمانگەکانی پێشنوێژو گوتاربێژانو کورتکردنەوەی بۆ قۆناغی نێوەندیی لەڕێگەی یاسای ژمارە (٤٣٠٦)، کەحکومەتی مەسعود یەڵماز لە ١٨ ی ئابی ١٩٩٧ دا دەریکرد[٢٠٩]. ئاکامی ئەوە پاشەکشەی گەورەی لە ژمارەی قوتابی پەیمانگەی پێشنوێژو گوتاربێژانی بەدووادا هاتو، لەم پاشەکشەیەدا ئەوەی کارئاسانیکرد رێگری حکومەتەکەی یەڵماز بوو، پێچەوانەی ئەوەی پێشتر لەسەری دامەزرابوو، کەدەرچووانی پەیمانگەکان لەپسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان لەزانکۆکاندا جگە لەکۆلیژی زانستە ئاینییەکان " کۆلیژی ئیلاهییات " وەربگیرێن. هەروەك ژمارەی قوتابیانی خولەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزیش پاشەکشەی کرد، کە لەژێر سەرپەرشتیی لیژنەیەکدا دانرا بوو، کەنوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشو، پارێزگەو،و فەرمانگەی لەنێوبردنی تیرۆر وەزارەتەکانی تەندروستییو پەروەردەو ژاندارمەو فەتواو ئەوقافی لەخۆدەگرت[٢١٠]. لەهەمانکاتدا بەگوێرەی راپۆرتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەتورکیا، دەسەڵاتداران بەردەوامبوون لەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەڕێگەی رێو شوێنە تونددەکانی دژی کەسو کۆمەڵەو دامەزراوەکان لەسەر باکگراوندی مەیلو چالاکیی ئاینیی، لەنێویدا پۆشینی مێزەرو بالاپۆشیی[٢١١].

سەبارەت بەو داوا بەرزکراوە بۆ دادگەی باڵای دەستووری دژی پارتی رەفاە لە ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ یەکلاکرایەوە، کاتێك ئەحمەد نەجدەت سیزەری سەرۆکی ئەو دەزگەیە بڕیاری دادگەی دادوەری راگەیاند بەداخستنی پارتی رەفاە، بەهۆی " سەلماندنی هەستان

بەکردەوە دژی کۆماری سێکیۆلاریزم ". هەروەك دەقی بڕیارەکەی دادگە ڕێگری لە سەرۆکی پارتەکە نەجمەدین ئەربەکانو، شەکەوت کازانو، ئەحمەد تەکدالێ دەکات لەموماڕەسەکردنی چالاکیی سیاسیی بۆ ماوەی ٥ ساڵ. ڕێگرییەکە ئەو پارلەمانتارانەشی گرتەوە، کەپارتی ڕەفاهیان جێهێشت لەوانە: شەوقی یەڵمازو، حەسەن حسێن جیلانو، ئیبراهیم خەلیل چەلیكو، هەروەها سەرۆکی شارەوانی شاری قەیسەری شەوکەت قەرەتەپە[٢١٢].

بڕیارەکەی دادگەی دەستووری لاپەڕەی کۆتایی لەمێژووی پارتی ڕەفاهی ئیسلامیی پێچایەوە، بەڵام ئیسلامییەکان بەخێرایی گەڕانەوە بۆ جەختکردنەوە لەبوونیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا لەچوارچێوەی پارتە نوێیەکاندا، یەکەمیان پارتی فەزیلە بوو، کە لەکانوونی دووەمی ١٩٩٨ دامەزراو تاکاتی قەدەغەکردنی لەلایەن دادگەی باڵای دەستوورییەوە لە ٢٢ ی حوزەیرانی ٢٠٠١ بەردەوام بوو، دوای ئەمەش دوو پارتی دیکە دەرکەوتن، کەبریتیی بوون لە پارتی سەعادەتو پارتی دادو گەشەپێدان. پارتەکەی کۆتایی، کەرەجەب تەیب ئۆردوگان سەرۆکایەتی دەکرد لەهەڵبژاردنە پارلەمانیی، کە لە ٣ی تشرینی دووەمی ساڵێ ٢٠٠٣ دا بەڕێوەچوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەبەدەستهێنانی ڕێژەی ٣٤٪ دەنگەکانو ٣٦٣ کورسیی لەکۆی ٥٥٥ کورسیی لەئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانی تورکیا. ئم سەرکەوتنەش پێکهێنانی حکومەتی پێبەخشیو، ئەم پارتە لەفەرمانڕەواییدا بەردەوام بوو، پاش سەرکەوتنی سەرلەنوێی لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی تورکیا لە ٢٢ ی تەممووزی ٢٠٠٧ و لە ١٢ ی حوزەیرانی ٢٠١١.

پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

(1) Birol A.Yeşilada," The Refah Party Phenomenon in Turkey " in Birol Yeşilada (ed.),Comparative Political Parties and Party Elites, Essays in Honor of Samuel J.Eldersveld (U.S.A- University of Michigan Press-1999)p.130.

(2) أوجار ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٧ . " Yücel , op.cit, p.77 .

(3)أوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧١ .

(4) Ben Lombardi , "Turkey: The Return of Reluctant Generals ", Political Science Quarterly , vol. 112 , No.2 , Summer – 1997 ,p.193 ; Federal Research Division Staff , op.cit, P. 288

(5) ڕێژەی دەنگەکان، کەپارتە بەشدارەکانیتر بەدەستیان هێنا لەو هەڵبژاردنەدا بریتیی بوو لە " ١٩,٨ ٪ بۆ پارتی ڕێگەی ڕاستو، ١٩,٦٥ ٪ بۆپارتی دایکی نیشتیمانو، ١٤,٦٤ ٪ بۆ پارتی چەپی دیموکراسییو، ١٠,٧١ ٪ پارتی گەلی کۆماریی‌و، پاشماوەی دەنگەکانیتر بەسەر ئەو پارتانەی تردا دابەشکرا، کە بەشداریی ئەو هەڵبژاردنەیان کردبوو، شکستیان هێنابوو لەبەدەستهێنانی ڕێژەی ١٠٪ ی داواکراو بۆ چوونە نێو پارلەمان. بڕوانە : INFO – TURK , NO.223 , November – December 1995 , www . info – turk .be /223 E.htm

(6) محمد نورالدين ، " المواجهه بين الرفاه والعسكر ... ، ل ٣٣–٣٤.

(7) بگەڕێوە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە.

(8) Banu Eligur , The Mobilization of Political Islam in Turkey (U.S.A – Cambridge University Press – 2010) , pp. 145 -148 .

(9) هلال ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٦ . " يوسف ابراهيم الجهماني ، حزب الرفاه : الرهان على السلطة (دمشق – خانەی(حۆران) بۆ بڵاوکردنەوە– ١٩٩٧) ل ١٦.

(10) Yavuz , Islamic Political Identity , p. 221 .

(11) Eligur , op.cit , p.149

(12) ڕێژەی ٩٠٪ ی لە قەرزو پشتپێبەستن(الاعتمادات)، کەبانکەکان لەتورکیا دەستەبەریان دەکرد، بۆ نزیکەی ١٠٠ دامەزراوەی گەورەی ئابووریی دەڕۆیشت، لەکاتێکدا دامەزراوەی ئابووریی نێوەندو بچووك نزیکەی تەنها ٥٪ یان بەدەستدەهێنا. نەبوونی دادپەروەریی رووندەبێتەوە لەدابەشکردنی قەرزو پشتپێبەستنە بانکییەکان لەو راستییەی، کەدامەزراوە ئابووریيە نێوەندیی‌و بچووکەکان، ٧٥٪ی دەرفەتی کاریان لەوڵاتدا دەستەبەر دەکردو، ٦٠٪ ی لەکاڵای ناردەنیش. بڕوانە: میشال نوفل ، " مدخل مفهومي للأزمة التركية : البُنية السياسية والحركة الإسلامية " ، گۆڤاری (شؤون الأوسط)، ژمارە(٦٤)، ئ‌ب – أغسطس ١٩٩٧ ، ل ٣١ .

(13) Mehran Kamrava , " Pseudo – Democratic Politics and Populist Possibilities : The Rise and Demis of Turkeys Refah Party " , British Journal of Middle Eastern Studies , Vol.25 , No.2 , November 1998,p.289

(14) بۆوردەکاریی دەربارەی وتاری سیاسیی پارتی ڕەفاهو، سیستەمی دادپەروەر، کە لە ٣١ بەند پێکهاتبوو، کەباسی کێشە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرنگییەکانی دەکرد، بڕوانە: هلال ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٦ – ١٥٨ "

Eligur , op.cit,pp.145 – 153 ; Kamrava , op.cit , pp.288 – 290 .

(15) Yesim Arat , Rethinking Islam and Liberal Democracy: Islamist Women in Turkish Politics (Albany – State University of New York Press-2005) p.33.

(16) Atilla Yayla ," Turkeys Leaders : Erbakans Goals ", Middle East Quarterly , Vol.IV,No.3 , September 1997 .

www.meforum.org/358/turkeys-leaders-erbakan-goals

(17) Henri J.Barkey & Graham Fuller , Turkeys Kurdish Question (Lanham – ROWMAN & LITTLEFIELD PUBLISHERS ,INC – 1998) P.101 .

(18) Ibid , pp. 102 – 103 .

(19) Levant Kiliç , Turk Siyasal Hayati , trans .by Ali Resul Usul (Anadolu Universitesi – 2003) s. 71

(20) Taspinar , op.cit , p.149

(21) Eligur , op.cit ,p.184

(22) Ibid , p. 183 .

(23) **چاندار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢.**

(24) Metin Heper ,op.cit,p.36

(25) Birol A.Yeşilada ," Realignment and Party Adaptation : The Case of Refah and Fazilet Parties " , in, Sabri Sayari & Yilmaz Esmer, Politics , Parties and Elections in Turkey (London – Lynne Rienner Publishers -2002) p.173 .

(26) " **كرامر، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٣** " Eligur , op.cit ,p.188 .

(27) Seval Yildirim, " The Search for Shared Idioms : Contesting View of Laiklik Before the Turkish Constitutional Court ", in , Gabriele Marranci (ed.) ,Moslim Societies and the Challenge of Secularization : An Interdisciplinary Approach (Heidelberg- Springer Dordrecht- 2010)p243.

هەروەها ، معوچ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٤ .

(28) **كرامر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٣.**

(29) The New York Times , 16.1.1996.

(30) Arat , op.cit, pp. 40 – 41.

(31) Nuket Kardam , Turkeys Engagement With Global Womens Human Rights (U.S.A –Ashgate Publishing Limited – 2005) P.75.

(32) Arat , op.cit, p.45.

(33) Eligur , op.cit,p.196.

(34) Augustus R.Norton, Civil Society in the Middle East (Brill -1996)p.30.

(35) Taspinar , op.cit,p. 149.

(36) سەرەتاکانی بزوتنەوەی " جیهانبینی نەتەوەیی " لەئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆسالّی ١٩٧١، کاتێك ئەربەکان لەسویسرا دایمەزراند، کەدوای کۆدەتای سەربازیی لەتورکیا لەو سالّەدا بۆ ئەو ولّاتە رۆیشت. لەسالّانی دواییدا گەشەیکردو لەولّاتانی تری ئەوروپا بلّاوبۆوەو، رێکخستنێکی هەبوو، کەسەرپەرشتیی چالاکییەکانی لەئەوروپا دەکرد. پێوەندییەکانی ئەربەکان لەگەلّ بزوتنەوەکە بەهێز بوو پێش گەیشتنی بەدەسەلّات، ئەربەکان لەسالّی ١٩٩٠ سەردانی ئەروپای کرد بۆ بەدەستهێنانی کۆمەکیی دارایی لەبزوتنەوەکەو جولّاندنی پشتیوانیی بۆ پارتی رەفاه. لەسالّی ١٩٩١ پارتەکە ٦ ملیۆن مارکی ئەلّمانی لێ بەدەستهێنا بۆ کۆمەکیی هەلّمەتیی لەهەلّبژاردنەکانی پارلەمانیدا، بۆ زیاتر وردەکاریی بڕوانە:

Liza Mugge , Beyond Dutch Borders : Transnational Politics Among Colonial Migrants, Guest Workers and the Second Generation (Amsterdam University Press – 2010) pp. 157 -158 .

(37) كرامر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٤ " (38) Lombardi , op.cit , p 193 . حسين بسلي وعمر أُوزباي ، رجب طيب أردوغان : قصة زعيم ، وەرگێڕانی (طارق عبد الجليل)، (بەیروت – الدار العربية للعلوم ناشرون – ٢٠١١) ل ١٨١ .

(39) بۆ وردەکاریی دەربارەی کارەکانی ئۆردوگان لەو ماوەیەی، کە پۆستی سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبوڵی گرتە دەست بڕوانە ، هەمان سەرچاوە، ل ١٦٤ – ٢١٦ .

(40)معوض ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٥.

(41) Uğur Akinci , " The Welfare Partys Municipal Track Record : Evaluating Islamist Municipal Activism in Turkey ." , Middle East Journal, Vol.53,No. 1 ,Winter 1999, p.77 .

(42) تایبەت بەنموونە لەسەر ئەوە بڕوانە:

Ibid , pp.83 -85 . ; Lombardi , op.cit,p.193 .

(43) M.Hakan Yavuz, " Turkeys Imagined Enemies : Kurds and Islamists.", The World Today , April 1996 ,p.166.

(44) بسلی و أوزبای ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٥.

(45) Sencer Ayata,op.cit, pp.45 -46 .

(46) Kepel , Jihad : op.cit, p. 353 .

(47) Yücel , op.cit, p.101 .

(48) سعد عبد المجيد ، " الفقر في تركيا " ، گۆڤاری(قضايا دولية)، پاکستان، ساڵی حەوتەم، ژ(٣٥٨) ، ١١ تشرينی دووەمی ١٩٩٦.

(49) معوض ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣.

(50) Ayşe Guneş , Ayata & Sencer Ayata ," Ethnic and Religious Bases of Voting ." in , Sayari & Esmer , op.cit, p.148 .

(51) نورالدين ، المواجهة بين الرفاه والعسكر ، ل ٣٦.

(52) Ziya Öniş ,The Political Economy... , p. 756 .

(53) بۆزیاتر وردەکاریی تایبەت بەو وێرانکارییەی، کەعێراق لەجەنگی دووەمی کەنداو تووشی بوو لەکانوونی دووەم– سوباتی ۱۹۹۱، بۆنموونە بڕوانە جیف سیمونز، التنكيل بالعراق : العقوبات والقانون والعداله (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ۱۹۹۸) ل ۳۱ – ٦۰.

(54) Kenneth Katzman & Alfred Predos , " Iraq : Erosion of International Isolation " , in , Leon M.Jeffries (ed.). Iraq: Issues , Historical Background , Bibliography (New York – Nova Science Publishers.Inc- 2003) p. 52 .

(55) Öniş , The Political Economy ...,pp.745 – 746 .

(56) Sinan Ciddi , Kemalism in Turkish Politics : The Republican Peoples Party , Secularism and Nationalism (New York – Routledge – 2009)p.89.

(57) ئەم دامەزراوەیە دەستی بەسەر بەشێکی گرنگ لەئامرازەکانی راگەیاندن لەتورکیادا گرتبوو، بەگوێرەی وتارێك، کە لەساڵی ۱۹۹٦ نووسراوە، دامەزراوەی سەباح ۸ گۆڤار دەردەکات، بەتەنها یان بەهاوبەشییو، خاوەنی ۷ کەناڵی تەلەفزیۆنییە، لەگەڵ نزیکەی ۱۰۰ ئیزگە، کەلەسەر هەموو شەپۆلەکان ئیش دەکەن. بەڵام دامەزراوەی دۆغان یان " حووڕییەت " هەڵدەستا بەدەرکردنی بەهێزترین دوو ڕۆژنامە، کەبریتی بوون لە " حووڕییەت– Hürrieyt "، کە لەساڵی ۱۹٤۷ هەوە دەردەکرێت، لەگەڵ ڕۆژنامەی " مللییەت– Millieyt "، کە لەساڵی ۱۹۵۷ هەوە دەردەکرێت، لەگەڵ ۹ ڕۆژنامەی تردا، هەروەك خاوەنی ٦ کەناڵی تەلەفزیۆنییە لەگەڵ نزیکەی ۹۰ ئیزگە بەهەموو شەپۆلەکان. هەروەها هەردوو دامەزراوەکە خاوەنی کۆمپانیای دارایی‌و بانك‌و دامەزراوەی گەشتیارین‌و، هەڵدەستن‌و، بەپێکهێنانی ئاراستەی ڕاو بۆچوونی گشتیی بەگوێرەی مونتەلەفاتی ڕۆژئاوایی‌و سێکبۆلاریزمی تورکیی، کەواتە بێباوەڕیی‌و دژایەتیی ئایین. بۆ زیاتر بڕوانە، إبراهيم الداقوقى ، " الإعلام التركي ... ، ل ۲۲ – ۲۳ .

(58) Yavuz , Islamic Political Identity ..., p.240 . ; Eligur , op.cit , p.215

(59) معوض ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٥ – ٥٦.

(60) هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

(61) Yavuz , op.cit, p. 240 .

(62)معوض ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٣.

(63) الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٩ – ٨٤.

(64) بۆ زیاتر وردەکاریی دەربارەی پێکهاتەی حکومەتەکەی ئەربەکان بڕوانە ، هەمان سەرچاوە، ل٨٤–٨٥ " ، ابراهيم الداقوقي ، " تركيا جسر بين الشرق والغرب " ، گۆڤاری (قضايا دولية)ی پاکستانی، ژ(٣٤١)، ساڵی حەوتەم ، ١٥ تەممووزی ١٩٩٦ ، ل ١٧.

(65)أوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩٤.

(66) Jenny Barbara White , Islamist Mobilization in Turkey : A Study in Vernacular Politics (Seattle – University of Washington press – 2002) p. 119 .

(67) Heper , Islam and Democracy ...,p.44 .

(68) Eligur , op.cit , p. 217.

(69) بگەڕێرەوە دەقی تەواوی بەرنامەی حکومەتەکەی ئەربەکان لە،

Erbakan Hükümeti Programi , htpp://tbmm.gov.tr/hukumetleri/HP54 . htm

(70) Alon Liel , Turkey in the Middle east : Oil ,Islam and Politics (Colorado – Lynne Rienner Publishers. Inc. – 2001) p.222 .

(71) أوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠٧ – ٣٠٩ " الصفصافي أحمد القطوري ، حزب العدالة والتنمية والتجربة التركية المعاصرة (القاهرة – سفير الدولية للنشر– ٢٠١٢) ل ١٨٣ – ١٨٦

(72) Ilnur Çevik ," ray of hope for the Kurdish Issue " , Hurrieyt Daily News (electronic edition) , 6.8.1996 . www.hurrieyt daily news . com .

(73) Ibid .

(74) نووسەرو رۆژنامەوانی تورکیی جەنگیز چاندار باس لەوە دەکات لەوشاندەدا بووە، کەهاوڕێیەتی ئەربەکانی کردووە لەسەردانەکەی بۆ ئێران لەئابی ١٩٩٦ "، ئەربەکان ویستوویەتی نزیکبوونەوەیەك لەنێوان تورکیاو سوریاو عێراق بکات، لەگەڵ (تاڵەبانی)و (بارزانی)و، تەنانەت ئاراستەی (ئیسلامیی)، کەشێخ عوسمان (عەبدولعەزیز) نوێنەرایەتیی دەکرد، بۆ گفتوگۆکردن پێکەوەو دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد "، بڕوانە چاندار، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥ .

(75) Ilnur Çevik , " As Refah starts addressing the Kurdish problem.", Hurrieyt Daily News , 23.8.1996 . www.hurrieyt daily news . com .

(76) Cook , op.cit, p.113 .

(77) دەربارەی ئازادکردنی حەوت سەربازە دیلەکە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوەو، رۆیشتی شاندێك بۆ کوردستانی عێراق، لەنێویاندا پارلەمانتاری کورد لەپارتی رەفاه فەتحوڵا ئەرباش‌و، ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی شاندەکە لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان لەوێ، بڕوانە ئەوەی رۆژنامەگەریی تورکیی لەرۆژەکانی کۆتایی مانگی ئاب‌و رۆژانی یەکەمی مانگی ئەیلوول لەچوارچێوەی راپۆرتێکدا، کە لەساڵی ١٩٩٦ لەلایەن دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤ لەتورکیاوە دەرچووەو، راپۆرتەکە لەسەر ئەم پێگەیە دەستەبەرە:
www.tuerkeiforum.net .

(78) Cook , op.cit , p.115 .

(79) " erbakandan şenere ince asker sorunu ." www.haber 5.com .

(80) Ibid .

(81) رۆژنامەی (الشرق الأوسط)، ژ(١٠٥٥٥)، ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧.

(82) بۆزیاتر وردەکاریی بڕوانە، أوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٦–٢٩٠ "

القطوري ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨١–١٨٢ .

(83) Zürcher , op.cit , p.299 .

(84) الداقوقي ، " الإعلام التركي ... " ، ل ٢٢ .

(84) Mükerrem HiÇ& Ayşen Hiç Gencer , Turkish Economy and Politics From 1923,the Foundation of the Republic Until 2002 (Istanbul – Beykent University Press- 2009) p.171 .

(85) بۆ زیاتر وردەکاریی بڕوانە، گۆڤاری (قضايا دولية)ی پاکستانی، ژ(٣٤٨)، ساڵی حەوتەم، ٢– ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٦، ل ١٨–١٩"، الجهمانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٤–٩٨" منال الصالح، نجم الدين أربكان ودوره في السياسة التركية ١٩٦٩ – ١٩٩٧ (بيروت – الدار العربية للعلوم ناشرون–٢٠١٢) ل ٢٦٢–٢٦٣

(86) Philip Robins , Suits and Uniforms : Turkish Foreign Policy Since Cold War (London – C.Hurst & Co. Publishers Ltd – 2003) pp.156-157 .

(87) Ibid , pp.158-159 .

(88) Mark L.Hass , The Clash of Ideologies , Middle Eastern Politics and American Security (Oxford – Oxford University Press-2012) p. 185

(89) Mesut Taştekin ," Turk Diş Politikasinda D-8 " , Gazi Üniversitesi Iktisadi ve Idari Bilimler FacÜltesi Dergisi , 7/2 (2006) s .227 .

(90) بۆ زیاتر وردەکاریی دەربارەی پەیکەری کوتلەکاریی‌و، چالاکییەکانی دواترو، کۆنگرەکانی لوتکەی دەوڵەتانی ئەندام، بڕوانە،

Ibid ,pp . 228-239 .

(91) Cook , op.cit , pp. 118 , 121 .

(92) Lombardi , op.cit , p. 211 .

(93) Ercan Yavuz , " ANA-REFAHi Kim Engelledi " , Aksiyon , sayi 65 , 2.3.1996 . http://www.aksiyon . com.tr .

(94) Kamrava , Pseudo-Democratic ...,p.293 .

(95) Yeşilda , The Refah Party Phenomenon...,p.141.

(96) Koonings & Krujit , op.cit,p.167 . ; السيد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٠ .

(97) Yeşilda , The Refah Party Phenomenon...,p.141.

(98) Cook , op.cit , pp, 118 , 179 .

(99) Yeşilda , The Refah Party Phenomenon, p.141 .

(100) Eligur , op.cit , pp.218-219 .

(101) Liel , op.cit ,p.223.

(102) Eligur , op.cit,p.221.

(103) ibid ,p. 227.

(104) هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەگەن، كەكۆمەڵەی كاری رۆژئاوایی لەئەیلوولی ١٩٩٦ەوە دەستپێكردووە، لەكاتێكدا سەرچاوەی تر دەڵێن دوای كۆدەتای ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧ دامەزراوە، تایبەت بەبۆچوونی دووەم بڕوانە، أوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٥ . تایبەت بەرای یەكەم بڕوانە،

Ahmet Ünal , " BG den Takip Kuruluna Uzanan Yol " , Aksiyon ,sayi 162 , 10.1.1998 .

(105) Ibid .

(106) بۆزیاتر وردەكاریی بڕوانە، أوجار ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٧–٣٤٨.

(107) Taspinar , op.cit , p.156 .

(108)Ünal , op.cit.

(109) Ümit Cizre , Politics and Military in Turkey into the 21st Century, European University Institute – Robert Schuman center – 2000 ,p.11 . ; Baskin Oran & Atay Akdevelioğlu , Turk Diş Politikasi : Kurtuluş Savaşindan Bugune : Olguler , Belgeler , yorumlar (Istanbul – Iletisim Yayinlari – 2004) p.88 .

(110) **الجهمانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٠–١١١ "**

Taspinar , op.cit , p.155 .

(111) **مصطفى أوزجان، " أربكان ... من المقاومة إلى الرضوخ لمطالب العسكر "، طۆظاری(قضايا دولية)، ذ(٣٧٥)، ساڵی هەشتەم، ١٧ی مارسی ١٩٩٧، ل ١٦–١٧**

.

(112) **الجهمانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ، ١١٤–١١٥**

(113) Cook , op.cit ,p. 124 .

(114) Vertigans , op.cit, p.69 .

(115) Cook , op.cit , p 118 .

(116) Faruk Mercan," Karadai Ikili Oynamadi Muhtemel Derbeyi Önledi " Aksiyon , sayi 636 , 12.2.2007 .

(117) Christian Moe , Refah Revisited : Stratsbourgs Construction of Islam , Advance Draft for Circulation at the Conference of Experts " Emerging Legal Issues for Islam in Europe " , Central European University , Budapest , Hungary , 3-4 June 2005 , p.2.

(118) ünal , op.cit ; Eligur , op.cit , p. 222 .

بەگوێرەی بەیاننامەی دەرکراو لەلایەن سەرۆکایەتی گشتیی سوپای ئەرکانی تورکیا پێش لەنێوبردنی حکومەتەکەی ئەربەکان، ژمارەی ئەوانەی پەیگیریی خولەکانی

قورئانی پیرۆز دەکەن بەنزیکەی ١,٨٥٠,٠٠٠ قوتابی خەملێنراوەو، ئەم ژمارەیەش سالانە زیادیکردووە، بەشێوەیەك سەرجەمیان گەیشتۆتە ٧ ملیۆن لەسالێ ٢٠٠٥، بەلام سەبارەت بەپەیمانکەکانی " پێشنوێژو وتاربێژ" بەیاننامەکە ژمارەکەیانی بەنیو ملیۆن کەس خەملاندووە، کە لە ٥٦١ پەیمانگە خوێندنیان پێدەگاتون ئەو پەیمانگەیانە سالانە ٥٣,٠٠٠ دەرچوویان هەیە لەکاتێکدا تورکیا سالانە پێویستی بە ٢٢٨٨ پێشنوێژ هەیەو، ئەوانیتر لەدەرچووان هەولێ دامەزراندن لەدەولەتدا بۆەوەئی ببنە تۆوی کادرە ئیسلامییەکان، بڕوانە نورالدین ، المواجهه بین " الرفاه " والعسکر ، ل ٤٢

(119) Cook , op.cit , pp. 117-118 .

(120) بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە پرۆسە سەربازیی‌و ڕێو شوێنە ئاسایشییەکانی تورکیا لەنێوچە کوردییەکان لەتورکیا لەهەڵگیرسانی جەنگ دژی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ١٩٨٤ تا سالێ ١٩٩٢ بووەهۆی وێرانبوونی ٢٠٠٠ گوند، هەروەك نزیکەی ٢ ملیۆن کورد ناچار کرا نێوچەکانی خۆیان جێبهێڵنو رووبکەنە نێوچە رۆژئاواییەکان لەولاتدا. لەگەڵ توندبوونەوەی پرۆسە سەربازییەکانی لەماوەی دوو سالێ یەك لەدوای یەکدا گوندە کوردییەکان دووچاری وێرانبوونی زیاتر بوونەوە، فەرمانڕەوای هەرێمیی لەباشووری رۆژهەلاتی تورکیا ئونالێ ئەرکان لە ١٣ ی تەممووزی ١٩٩٥ دا رایگەیاند، کە ٢٦٦٧ گوند لەدانیشتوانەکەی چۆلکراون لەسالێ ١٩٩٤ هوە.

Mark Muller , " Nationalism and the Rule of Law in Turkey : The Elimination of Kurdish Representation during the 1990s " , in , Robert Olson (ed.) , The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s : its Impact on Turkey and the Middle East (Kentucky – The University Press of Kentucky – 1996) p. 182 .

(121)الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢ – ١١٣ . " هەروەها بڕوانە

Uğur , op.cit .

Cengiz Kapmaz – Dincer Gokce, " Tozlu Raflarde Unutulan Kürt Raporlari", www.dincergokce.blogcu.com .

(122) Cook , op.cit , pp.110-111 .

(123) Tevik Diker , " 28 Şubat Darbesinin Sivil Uzantilari da Cezalandirmalidir " . www.Analitikbakis.com .

(124) Ilnur Çevik , " Time for Reconciliation and Cooling of in Turkey " , Turkish Daily News , 24 March 1997 . www.hurrieyt daily news . com .

(125) Cook , op.cit ,p.122 . ; Çağaptay , op.cit , p.11 .

(126) Ilnur Çevik , " They have decided not to give a chance to serve " , Turkish Daily News , 19. July. 1996 . www.hurrieyt daily news . com .

(127) Cem Uzandan Bomba Aciklamalar , " 28 Şubat Medya Darbesidir " , www.Medyaradar.com .

(128)" Darbeleri Medya Hazirlar ! (Foto Galeri)" , www. Postmedya . com ; "Manşetlerdeki 28 şubat : Darbeye Giden Yolda Medyanin rolu" , www.Sde.org.tr .

(129) Mumtaz Ahmad , " Islam and Democracy : The Emerging Concensus " , The Journal of Turkish Weekly , 20 June 2005 . www.turkishweekly.net .

(130) Sayari , Sabri , " Turkeys Islamist Challenge " , Middle East Quarterly , vol.III ,No . 3 . www.meforum.org/358/turkeys-leaders-erbakan-goals

(131) Alan Makovsky , " How to Deal with Erbakan " , Middle East Quarterly , vol ,IV ,No.1 , March 1997 .www.meforum.org/335/how-to-deal-with-erbakan .

(132) The New York Times , 10.8.1996, and 8.9.1996 .

رۆژنامەی فاینانشنالّ تایمزی لەندەنی سەردانەکانی ئەربەکانی بۆ ئێران‌و لیبیا لەنێو ئەو هۆکارە گرنگانە هەژمارکردووە لەکەوتنی حکومەتەکەیدا، بڕوانە،

The Financial Times , 7.4.2003 .

(133) The New York Times ,10.8.1996 .

(134)Ibid .

(135) The New York Times ,21.8.1996 .

(136) Fatih Uğur , " BÇG de Derin Devlet Faaliyetiydi" , Aksiyon , Sayi 638, 26.2.2007 .

(137) Cengiz Çandar," 28 Şubat Darbesinde Israil Var" , www.ukam. org .

(138) Makovsky , op.cit .

(139)تایبەت بەلێدوانی بریجنسکی بگەڕێوە ئەوەی، کە ئەربەکان لەو چاوپێکەوتنەدا باسیکردووە، کە رۆژنانەی شەرقولئەوسەت لەگەڵیدا ئەنجامیداوە دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر کۆدەتای ٢٨ ی شوبات، الشرق الاوسگ، ژ(١٠٥٥٥)، لە ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٧، بەڵام تایبەت بە پەسنی دیپلۆمانکارە رۆژئاواییەکان بۆ ئەربەکان، بڕوانە

James Dorsey , " Europeans Rebuffs Strengthen Erbakan Dreams of Closer Islamic Ties " ,Washington Report on middle East Affairs , March 1997 , p. 24 .

(140) Cevik Pir & Martin Sherman , " Formula for Stability : Turkey Plus Israel " , Middle East Quarterly , Fall 2002 , vol, IX , No.4 , ,www.meforum.org/511/formula-for-stability-turkey-plus-israel.

(141) The New York Times , 1.7.1996 ;٢٨١ الصالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل .

(142) ٢٩٨ الصالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل .

(143) Nuh Yilmaz," Israil Washingtonu 28 Şubate Nasil Ikna Etti " , www.haber10.com .

(144) ١٧ أوزجان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل .

(145) Cengiz Çandar , 28 Şubat Darbesinde Israil Var .

(146) Pir & Sherman , op.cit .

(147) Cengiz Çandar , 28 Şubat Darbesinde Israil Var .

(148) Ibid . ; Cengize Çandar ," 28 Şubattaki Washington ve Israil "
www.hurriyet.com.tr .

(149) . بۆنمووونه بڕوانه، نورالدين ، المواجهه بين " الرفاه " والعسكر ، ل ٣٨ – ٣٩

(150) Eligur , op.cit , pp.218 -219 .

(151) Evrin Güvendik ," Teoman Koman darbeyi Eylul 1996 de söyledi ",
www.sabah.com .

(152)رۆژنامەنووسی نێودارى تورك چەنگیز چاندار باس لەوە دەكات، كە بەكارهێنانى وشەى كۆدەتاى دواى" پۆست مۆدێرنیزم " بۆ مێژوونوس بەرنارد لویس دەگەڕێتەوە. چاندار دەڵێت لەیەكێك لەبۆنەكاندا بە بەرنارد گەیشتووەو لێى پرسیوە:" بۆچى ئەو زاراوەیە بۆتۆ دەگەڕێتەوە؟ وتوویەتى پێشتر گوێم لێبووە". كاتێك بەدواى چۆنێتى گوێ لێبوونى زاراوەكەدا چووە، لویس وەڵامیداوەتەوە، كە" ئەو دەستەواژەیەى لەسەرۆكایەتى سوپا گوێ لێبووە ". لویس پێوەندییەكى پتەوى بەسەرۆكایەتى ئەركانى سوپاى تورکیاوە هەبووە بەگوێرەى وتەى چاندار، بڕوانە Cengiz Çandar , 28 Şubat Darbesinde Israil Var .

(153) Bülent ErandaÇ, " 28 şubatin Silahsiz Kuvvetleri " , www.takvim.com.tr .

(154) Mercan , op.cit .

(155) ابراهيم الداقوقي ، " بعد إنذار الجيش لحكومة أربكان : مستقبل الحكم في تركيا " ، طۆظارى (قضايا دولية)، ژ(٣٧٥)، ساڵى هەشتەم، ١٧ ى مارسى ١٩٩٧، ل ١٩ .

(١٥٦) راسپاردە یان تەگبیرەکانی یاداشتی ٢٨ ی شوبات بەشێوەی جیاوازو رێژەیی لە کتێبو کۆلێنەوە پێوەندیدارەکان بەبابەتەکە باسکراوە. لەم بابەتەدا پشتمان بەستووە بە " أوزجان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥–١٦ . " هلال ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٧–١٩٩ . " الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٨ — ١٢٠ " Niyazi Gunay , Implementing the " February 28 " Recommendations: A Scorecard , The Washington Institute for Near East Policy , Research Notes , Number 10 , May 2001, pp.5 – 16 .

ئەم سەرچاوەیەی کۆتایی دەقی راسپاردە یان تەگبیرەکانی بەزمانی تورکیی بلاوکردۆتەوەو، پەیگیریی گرتنەبەری ڕێو شوێنەکانیشی بۆ جێبەجێکردنی کردووە دوای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی ئەربەکان. ٩١٥١

(157) نور الدين ، تركيا : الصيغة والدور ، ل ١١٤ .

(158) أوزجان، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤ . ". Eligur , op.cit , p.221

(159) Taspinar , op.cit, p.156 .

(160)الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٥ . ئەربەکان لە ٤ی ئازاری ١٩٩٧ لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان تایبەت بە نێوەڕۆکی گفتوگۆکانی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی و داواکارییەکانی هێزە چەکدارەکان وتی:" دەتوانم لێرەدا جەخت لەراستییەکی واقیعی بکەمەوە، کەبریتییە لەوەی ناکرێت بۆ ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی، کە داوا لەحکومەت یان پارلەمان بکات ئەم فەرمانە یان ئەوە جێبەجێ بکات، لەبەرئەوەی راسپاردە پێشکەشی حکومەت دەکات ، بەتایبەت، کەپارلەمان بریتییە لەوەی بڕیار دەدات ئایا دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، حکومەت بەرپرسیارە لەدەسەلاتی جێبەجێکردنو هێزی خۆی لەپارلەمان وەردەگرێت، کە بڕیاری دامەزراندنی یان دەست لەکارکێشانەوەی، نەك ئەنجومەنی ئاسایشیی

نەتەوەیی ". بڕوانە الداقوقی ، " بعد إنذار الجيش لحكومة أربكان ... " ، ل ٢٠ .

(161) بەگوێرەی ئەوەی مستەفا ئوزجان باسیکردووە، کە کورکوت ئۆزال برا گەورەی سەرۆك کۆماری پێشوو تۆرگۆت ئۆزال و سیاسیی بەتوانا لەپارتی نیشتیمانی دایك هەردوو باڵە هاوپەیمانەکەی لەحکومەتەکەی ئەربەکان راسپاردووە، کە بڕیار بدەن بەئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆئەوەی ببێتە وەڵامی دیموکراسیی بەسەر سوپادا. جەهمانی ئەوەش باس دەکات، کە یەکێك لەیاریدەدەرەکانی ئەربەکانیش داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پێوەشختی کردووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان سوپاو حکومەت، بڕوانە أوزجان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤. " الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٥.

(162) Turkish Press Review from Turkish Ministry of Foreign Affairs , 3.3.1997 . www.hri.org /news /turkey .

(163) Fulya Atacan , " Explaining Religious Politics at the Crossroads : AKP- SP " , in , Ali Carkoglu & Barry M.Rubin (eds.) , Religion and Politics in Turkey (L0ndon – Routledge – 2006) p. 51.

(164) Aras Erdoğan , Umut Adam Ecevit (Istanbul-Kesit Yayinlari-2006) p. 80 .

(165) Ridvan Akar ve Can Dundar , Ecevit ve Gizli Arşivi (Istanbul – Image Kitabevi – 2008) p.398 .

(166) "28 Şubat Sozlugu ! Beşli Çete Neydi ", www.medyafaresi. Com .

(167) Eligur , op.cit , p.220 .

(168) Sabah , 22.2.1997

(١٦٩) الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٨ .

(170) المصدر نفسه ، ل ١٢٦ .

(171) Akar ve Dundar , op.cit , p. 397 .

(172) Sabah , 31.3.1997 .

(173) Sabah , 1.4.1997.

(174) Eligur , op.cit , p.220.

(175) Uğur , op.cit.

(176) Habil Teciman ve Bülent Bengisu , Koşke " Gül " Harekati (Akis yayinlari – 2007) SS.92 – 94. ; Rasim Ozan ," 28 Şubat Darbesi ve Süleyman Demirel " , www.takvim.com.tr .

(177) Ilnur Çevik ," Bring down Refah and you will have stronger Refah ", Turkish Daily News , 27.Sep.1996 . www.hurrieyt daily news . com .

(178) " 28 Şubat Darbesi Bana Karşi Yapildi " , gündem.milliyet.com.tr .

(179) Rasim Ozan , op.cit .

(180) " Demirel : 28 Şubata darbe denilmez ", www.ntvmsnbc.com .

(181) Yavuz , Islamic Political Identity , p. 246 .

(182) " 28 Şubat postmodern darbesinin öyküsü " , www.haber7.com .

(183) Sabah ,21.3.1997 .

(184) Ilnur Çevik , " Turkey cant afford such political maneuvering " , Turkish Daily News , 3 April 1997 . www.hurrieyt daily news . com .

(185) هلال ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٩ .

(186) Unal , op.cit .

(187) Ilinur Çevik , " Refah has two options : Fall in line or leave " , Turkish Daily News , 28 April 1997 . www.hurrieyt daily news . com .

(188) Yavuz , Islamic Political Identity,p. 246.; Eligur , op.cit , p.222 .

(189) The New York Times , 29.4.1997 .

(190) Eligur , op.cit , pp.225 – 226 .; Yavuz , op.cit, p.246 .

)(191) Ibid ,pp.226 – 227 . ; Zürcher , Turkey : A Modern history,p.301

(192) أوجار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٩ .

(193) Eligur , op. cit , p. 227 .

(194) الجهمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٦ – ١٤٧.

(195) هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤ – ١٤٥.

(196) هەمان سەرچاوە، ل ١٤٥ . " الصالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٦ – ٣١٧

(197) The New York Times , 27.5.1997 .

(198) Zürcher , Turkey : A Modern History , p.301.

(199)هەرگیز دەقی تەواوی لێدوانەکانی (ژەنەڕاڵ تورکری)م بۆ دەستەبەر نەبووەو، لەهەموو دیارترین نێوەڕۆکەکانیدا پشتم بەستووە بە، نورالدین ، المواجهة بين " الرفاه " والعسكر ، ل ص ٤١–٤٢ . " " , Eligur , op.cit,p.228. ; Zeynep Alemdar

Fears of a military coup intensify " , Mid – East Realities , 13.6.1997.

(200) Eligur , op. cit , p. 222 .

(201) Tecimen ve B.Bengisu , op.cit , pp.95 – 96 .

(202) Taspinar , op.cit , p. 156 .

(203) Ilinur Çevik , " Time has come for Refah to quit government " , Turkish Daily News , 11 June 1997 . www.hurrieyt daily news . com .

(204) پارتی یەکبوونی گەورە بەفەرمی لە ٢٩ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ بەسەرۆکایەتی یازجی ئۆغلو دامەزرا. بەشداری هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کردو ١١ شارەوانی بردەوە، هەروەك لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی لەساڵی ١٩٩٥ بەرێگەوتن لەگەڵ پارتی نیشتیمانی دایکدا بەشداریکردو، تێیدا ٧ کورسییان لەئەنجومەنی گەورەی

نیشتمیانی تورکیادا بەدەستهێنا، پاشان پارلەمانتارێکی دیکە چووە نێوی، کەبریتی بوو لە دوراك ئونلو D.Unlu، بەوەش پارتەکە بووە ٨ کورسی، بۆ زیاتر وردەکاریی بڕوانە Yücel,op.cit , pp. 113-115,

(205) H.Tecimen ve B.Bengisu , op.cit , p.97;٣١٨ الصالح، سەرچاوەی پێشوو، ل.

(206) Vural Savaş , Emperyalizmin Uşaklari : Ihanetin Belgeleri , 2 Baski Ankara – Bilgi yayinlari – 2005) p. 225 .

(207) Cook , op.cit , p. 126 .

(208) Savaş , op.cit , pp. 225 – 226 .

(209) نورالدین ، ترکیا : الصیغة والدور ، ل ١١٤ – ١١٦(210) . بۆوردەکاریی دەربارەی دەربارەی تۆمارکردنی پێشێلکاریی لەم رووەوە لەنێوان ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٧و ٢٨ ی شوباتی ١٩٩٨ بڕوانە

Human Rights Violations Concerning 28 February Period . www.mazlumder . org.

(٢١١)H.Tecimen ve B.Bengisu , op.cit ,pp.101 – 102.

کۆتایی

دامەزراندنی سیستەمی سێکیۆلار لەتورکیا دەرەنجامی پرۆسەیەکی وەرچەرخانی پلە بەپلە، یاخود وەڵامدانەوەی داواکارییەکی کۆمەڵگەیی پێویست نەبوو، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتەوەو لەڕێگەی زنجیرەیەك ڕێکاری خێراو توندەوە بەسەر کۆمەڵگەیەکدا سەپێنرا، کە مسوڵمانان نزیکەی ٩٩٪ پێکدەهێنن. ئەو سیستەمە وێنەیەك بوو لەسیستەمی سێکیۆلار لەفەرەنسا دوای شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩، واتە سێکیۆلار نەبوو بە مانای جیاکاریی لەنێوان ئایینو دەوڵەتو دەستێوەردانی یەکێکیان لەبواری ئەویتر، بەڵکو بەشەقڵی دژایەتی ئایینو دامەزراوەکانیو سەرجەم شێوەکانی گوزارشت لێکردنی دەناسرایەوە. ئەو سیستەمە دابەشبوونێکی کۆمەڵگەیی لەتورکیا جیاکردەوە لەنێوان لایەنگرانی سێکیۆلاریزمو بیروبۆچوونی ڕۆژئاوایی لەلایەکو، دژایەتیکەرانی ئەو سیستەمە لەخاوەن بیروبۆچوونە ئیسلامییەکان، ئەوانەی، کە بە هەڕەشەیەکی ڕاشکاوو ڕاستەوخۆ دژی شوناسی کۆمەڵگە ئیسلامییەکەیان دەبینی. بەدرێژایی چەند دەیەیەك سێکیۆلارەکان سەرسامبوون بەدەسەڵاتو بەرژەوەندییەکانی، تەوژمو هێزە کۆمەڵایەتییە خاوەن بیروبۆچوونە ئیسلامییەکانیان دەرکرد، کە بەروانینێکی ئاوێتە لەگومانو سوکایەتییەوە لەڕێگەی شرۆڤەکردنیان بە کۆنەپەرستییو دواکەوتوویی لێیان دەڕوانین. ئەو دابەشبوونە نەمایەوەو گۆڕا بۆ ململانێیەکی فرە ڕەهەندی ئیسلامیی– سێکیۆلار، بەتایبەت لەماوەی سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم، کاتێك پارتە سیاسییو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییو پیشەییەکانو چالاکی فەرهەنگییو ئابووریی دامەزران، کەنوێنەرایەتیی

جولانەوەی ئیسلامییان دەکردو، هەولیان دەدا بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان بەئامرازە مەدەنییو رەواکان لەچوارچێوەی سیستەمێکی بنجداکوتاو لەولاتدا.

لە رێگەی پەیگیریی رەوشی ئیسلامییەکان لەتورکیا لەو سێ دەیەدا بەئاشکرا ئەوە روونەدەبێتەوە، کەتوانیان رەوشی پەراوێزخراوییان تێپەڕێنن‌و بگۆڕێن بۆ هێزێکی کاریگەریی گرنگ لەتورکیا لەڕووی سیاسیی‌و ئابووریی‌و فەرهەنگیی‌و کۆمەڵایەتییەوە. سەرکەوتنی پارتی رەفاهی ئیسلامیی بەپلەی یەکەم لەهەڵبژاردنی پارلەمانی، کە لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٥ دا بەڕێوەچوو، راسپاردنی سەرۆکەکەی نەجمەدین ئەربەکان لەحوزەیرانی ١٩٩٦ بەپێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی، دیارترین وێستگەکانی سەرکەوتنی ئیسلامییەکان بوو لەو قۆناغەدا، بەجۆرێك یەکەمجار بوو، کە تێیدا پارتێکی ئیسلامیی نموونەی ئەو ئەنجامە لەهەڵبژاردنی پارلەمانیدا بەدەستبهێنێت‌و، سەرۆکایەتیی حکومەت بگرێتە دەست لەدامەزراندنی کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٢٣ەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەدەستهات‌و، گوزارشتی لەئیرادەی رێژەیەکی گرنگ لەدەنگدەران دەکرد، بەڵام هێزە سێکیۆلارەکان لەولاتدا قبوڵیان نەکردو بەپێی توانای خۆیان کاریان کرد لەپێناوی خستنی ئەو حکومەتەداو، دامەزراوەی سەربازیی رۆڵی سەرەکی لەوەدا هەبوو.

پارێزگاریی لەمیراتی ئەتاتورکیی‌و ئاراستەی تورکیا رووەو رۆژئاوا، لەپرنسیپە سەرەکییەکان دەژمێردرێت لەبیروباوەڕی سیاسیی دامەزراوەی سەربازیی تورکیدا، کە بەگرنگییەوە کاری لەسەر هەڵبژاردنی کادیرەکانی دەکردو بەو بیروباوەڕە تەڵقینی دەکردن. هەروەك وایدەبینی،

کەدامەزراوەکە رۆڵی تەنها پاراستنی تورکیا لەهەڕەشەو مەترسیی دەرەکیی نییە، بەڵکو پارێزگارییە لە سیستەمی سێکیۆلار، کەمستەفا کەمال ئەتاتورك دایمەزراندووە لەهەر هەڕەشەیەك یان مەترسییەکی نێوخۆییش. ئەو دامەزراوەیە لەبەجێهێنانی ئەو رۆڵەدا پشتی بەقەبارەو رۆڵی لەبڕیارسازیی سیاسیی لەرێگەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەییەوە دەبەست. شیکردنەوەی رۆڵی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لەو بوارەدا تەواو نابێت، بێ هەند وەرگرتنی بەرژەوەندییە پێکداچووەکانی سەرکردەکانی لەگەڵ هێزو دامەزراوە ئابووریی‌و میدیاییە دیارەکان لەتورکیا، کەپشتگیریی سیستەمی سێکیۆلارو سوودمەند بوون لێی. هەروەك ناکرێت رۆڵی فاکتەری دەرەکیی پشتگوێ بخرێت لەرێگەی هاوپەیمانیی‌و رێکەوتننامەو هاریکاریی سەربازیی‌و ئاسایشییەوە، بەتایبەت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل.

گرنگترین هەڕەشەو مەترسییە نێوخۆییەکان لەدەیەکانی کۆتایی سەدەی رابردوو بەگوێرەی بەیاننامەکانی سەرۆکایەتی گشتیی ئەرکانی تورکیاو لێدوانی گەورە فەرماندە سەربازییەکان، خۆی لەجولاّنەوەی نەتەوایەتیی کورددا دەبینییەوە، کە (بەجوداخوازیی) شرۆڤەیان دەکرد، لەسەر ئەو بنەمایەی، کەمەترسی دابەشبوونی خاکی تورکیا لەخۆدەگرێت، هەروەها لە جولاّنەوەی ئیسلامیی، کە بە " کۆنەپەرستیی " شرۆڤەیان دەکرد، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە هەوڵ بۆ خستنی سیستەمی سێکیۆلاریزم‌و بەرپاکردنی سیستەمێکی حکومڕانی ئیسلامیی لەوڵاتدا دەدات. دامەزراوەی سەربازیی رەهەندە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگییەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیی‌و جولاّنەوەی ئیسلامیی

فەرامۆشکردووەو لەڕوانگەیەکی ئاسایشیی رووتەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون‌و ئامادە نەبووە بۆ هەر گفتوگۆ یان چارەسەرێکی تایبەت بەوە.
لەراستیدا هێزە سێکیۆلارەکان‌و، لەنێویشیدا دامەزراوەی سەربازیی باش درکیان بەیاخی رۆڵی ئیسلام‌و هەستی ئایینی کرد بوو لەژیانی سیاسیی لەچوونی وڵات بۆ نێو سەردەمی فرە پارتایەتیی لەساڵی ١٩٤٦ەوە. پارتە سیاسییە سێکیۆلارەکان کاریان لەسەر دەستخستنی دەنگی دەنگدەران دەکرد لەخاوەن بیروبۆچوونە ئیسلامییەکان بە بەڵێندان بە لابردنی کۆتە سەپێنراوەکان لەسەر مومارەسەکردنی رێو ڕەسمە ئاینییەکان‌و، دروستکردنی مزگەوتی گەورەو بچووک‌و فراوانکردنی وانەی خوێندنی ئیسلامیی. پارتی دیموکرات، کە لەساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، یەکەم پارت بوو بایەخی ئاینی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا وەبەرهێناو، سوودی لێوەرگرت لەسەرکەوتنی لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی لەئایاری ١٩٥٠ دا.
لەگەڵ ئەوەدا، کە دامەزراوەی سەربازیی دژی بەکارهێنانی مەسەلەی ئایین بوو لەهەڵبژارنی پارلەمانیداو، گۆشەنیگای خۆی بۆ پارتە سیاسییەکان دوای کۆدەتای سەربازیی یەکەم لەساڵی ١٩٦٠ روونکردبۆوە، بەڵام نەیتوانی ڕێ لەوە بگرێت. لەلایەکیترەوە ئەو دامەزراوەیە وایدەبینی، ئەو ئیسلامەی، کە " سوارو زاڵە بەسەریدا " دەکرێت خزمەتی سیستەمی دامەزراو بکات لەبەرەنگاربوونەوەی رێکخستن‌و بیروبۆچوونە شۆڕشگێڕییەکان، کە زۆرێك لەلاوانیان کەمەنکێشکرد بوو، هەروەها لەروبەڕووبوونەوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد. ئەوەش لەهەڵوێست‌و لێدوانی فەرماندەکانی دامەزراوەی سەربازیی دوای کۆدەتا سەربازییەکانی ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ روونبۆوە، تایبەت بەخوێندنی ئاینیی‌و دامەزراوە ئاینییەکان، جگە لەبونیاتنانی

بیرۆکەی " ئاوێتەکردنی تورکیی– ئیسلامیی " دوای کۆدەتای ئەیلوولی ١٩٨٠.

هەوڵی پارتە سیاسییەکان بۆ سوود وەرگرتن لەفاکتەری ئاینیی لەرووی سیاسییەوە لەسەرەتای سەردەمی فرە پارتایەتییەوە، یەکێك لەو فاکتەرانە بوو، کەرێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ناسرا بە " بوژانەوەی ئیسلامیی " لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا ١٩٥٠– ١٩٦٠. دوای ئەوە فاکتەرە نێوخۆییو هەرێمییو نێودەوڵەتییەکان، کە چەند بابەتێکی لەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، کارئاسانیان کرد لەدەرکەوتنی تەوژمی ئیسلامیی لەحەفتاکانداو چاوەڕێی نەکردو گۆڕا بۆ بزاوتێکی ئیسلامیی کاریگەر لەگۆڕەپانی سیاسیی تورکیا لەکۆتایی هەشتاکاندا. ئەو بزاوتە خاوەنی بیروبۆچوونی سیاسییو فەرهەنگییو ئابووریو کۆمەڵایەتیی بوو، کەپشتی بەبژاردەیەك دەبەست، کە توانای رێکخستنیی باشی هەبوو، لەگەڵ ستراتیژییەتی کاری هەژمارکراو، " شتێکی بۆ رێکەوت نەهێشتبۆوە " وەك دەوترێت، ئەوەش رێگەی خۆشکرد، کەپارتی رەفاهی ئیسلامیی سەرکەوتنێکی گرنك لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان (لۆکاڵیی) لەئازاری ١٩٩٤ بەدەستبهێنێت، پاشان پلەی یەکەم لەهەڵبژاردنی پارلەمانیی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٥.

ئەو سەرکەوتنە ئاماژەیەك بوو لەسەر رۆیشتنو کەمبوونەوەی رێژەیەکی زۆری دەنگی دەنگدەرانی تورك لەپشتیوانی پارتە راستڕۆو چەپڕۆ سێکیۆلارەکان، کەسیاسەتەکانی لەدەسەڵاتدا بەپلەی یەکەم خزمەتی بەبەرژەوەندیی بژاردەیەك لەگەورە پیشەسازانو سەرمایەدارانو دامەزراوە دارایی‌و میدیاییەکانیان دەکرد، کە لەگەڵ دامەزراوەی سەربازییدا کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمی سێکیۆلاریان لەوڵاتدا پێکدەهێنا. جیاوازییەکە ئەوە بوو ئەو بژاردەیە، کەوایدەبینی سیستەمی

سیاسیی لەتورکیادا سیستەمێکی دیموکراسیی لێبراڵییەو لە زۆرێك لەسیستەمە دەسەڵاتخوازییەکانی نێوچەکەی جیادەکاتەوە، ئەو سەرکەوتنەی ڕەتکردەوەو تەنها لەگۆشەنیگای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانییەوە دەیڕوانییە گەیشتنی پارتی ڕەفاهە بەدەسەڵاتو بیروبۆچوونەکانی لەهەردوو سیاسەتی نێوخۆو دەرەکیدا، بۆئەوەش هەوڵیدا لەرێگەی گوشارو مانۆڕی سیاسییەوە ئەو پارتە لەبەرهەمەکانی ئەو سەرکەوتنە بێبەش بکات بەقۆرت خستنە بەردەم پێکهێنانی حکومەت بەسەرۆکایەتی پارتی ڕەفاه، کاتێکیش ئەو حکومەتە پێکهات هێزە سێکیۆلارەکان هەوڵەکانیان چڕ کردەوە لەپێناوی خستنیدا. دامەزراوەی سەربازیی‌و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سێکیۆلاریزم لەتورکیا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لەوەدا بینی.

جیاوازییەکە ئەوەیە دامەزراوەی سەربازیی تورکیا، لەو ئیسلامەدا، کە " سوارو زاڵە بەسەریدا " ئەوەی دەبینییەوە، کە ئیسلام ئامرازێکە دەکرێت لەرووی سیاسییەوە بۆ بەرژەوەندیی سیستەمی سێکیۆلاریزمی دامەزراو سوودی لێوەربگیرێت‌و، ڕێگەی نەدەدا بەهەر چالاکییەکی ئیسلامیی لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە " بەو شرۆڤەیەی، کە قۆستنەوەی ئایینە بۆ مەرامی سیاسیی ". بۆژانەوەی ئیسلامیی لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا لەنێو هۆکارەکانی یەکەم کۆدەتای سەربازیی ساڵی ١٩٦٠ بوو، هەروەك دامەزراندنی پارتی سیستەمی نیشتیمانییەو پشتگیری لێکردنی لەنێو هۆکارەکانی دووەم کۆدەتای سەربازیی ساڵی ١٩٧١ بوو، هەمان دۆخ سەبارەت بە سێیەم کۆدەتای سەربازیی لەئەیلوولی ١٩٨٠، بەجۆرێك هەڵکشانی ئیسلامیی، کە لەوکاتەدا تورکیا بەخۆوەی بینی لەنێو هۆکارە گرنگەکانی بەرپابوونی کۆدەتای نێوبراو بوو، بەڵام چوارەم کۆدەتای

سەربازیی ، کە بەکۆدەتای " پۆست مۆدێرنە " شرۆڤە دەکرێت، ناوی " پرۆسەی ٢٨ ی شوبات "ی بەسەردا دابڕاوە، کە ئامانجی لەنێوبردنی بنەماکانی هێزی بزاوتی ئیسلامیی‌و خستنی حکومەتە هاوپەیمانییەکەی ئەربەکان بوو. ئەو کۆدەتایە پشتیوانی دەوڵەتگەلێکی لێکرا، کە نەیاندەویست تورکیا میتۆدی خۆی لەهەردوو سیاسەتی نێوخۆیی‌و دەرەوەدا بگۆڕێت، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل.
بەمەبەستی پاساودانی هەڵوێستی توندی بەرامبەر بە جوڵانەوەی ئیسلامیی، دامەزراوەی سەربازیی، ئەو جوڵانەوەیەی بە " کۆنەپەرستیی " شرۆڤە کردبوو، هەوڵیشیدەدا بەناپاك لەقەڵەمی بدات، لەرێگەی ئەوەی تێوە گلاوە لە پیلانێکی کۆمەکیکراو لەدەرەوە، کە ئامانجی لەنێوبردنی سیستەمی سێکیۆلارو، گێڕانەوەی وڵات بۆ سەردەمەکانی " تاریکیی " دوور لەشارستانییەتی رۆژئاوا. لەگەڵ ئەوەی بابەتییە، کە پێویستە ئاماژە بۆ هەندێك دروشمو هوتافاتی هاندان بکرێت، کە زۆربەی کات لەهەندێك کۆڕو کۆبوونەوەو رێڕەوشتنی ئیسلامییەکاندا، هەروەك هەندێك لێدوانی دژی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم لەلایەن هەندێك پارلەمانتارو سەرۆك شارەوانیی سەر بە پارتی رەفاە، بەڵام ئەمە شەقڵی میانڕۆییو لەبێخ هەڵکێشانی تووندوتیژییو، پابەندبوونی بەکارکردن لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسیی دامەزراو، ناسڕێتەوە، کە بەگشتیی بزاوتە ئیسلامییەکانی لەتورکیا پێدەناسرێتەوە، کە ئەمەش لەزۆرێك لەبزوتنەوەو رێکخستنە ئیسلامییە تووندوتیژەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی تری پێ جیادەکرێتەوە.
لەراستیدا بیروبۆچوون‌و پرۆگرامی سەرەکی جوڵانەوەی ئیسلامیی لەتورکیاو، لەپێشەوەیان " جیهانبینی نەتەوەیی "و " سیستەمی دادپەروەر "، رەگەزگەلێکی باشی لەخۆگرتبوو، ئەوەی، کەپەیوەست بوو

بەشوناسی ئیسلامیی تورکیاو، دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووریی زۆر دادپەروەر لەڵاتداو، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا بەرێگەی ئاشتییو گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکیی، کە بەرژەوەندییە سیاسییو ئابووریيەکانی تورکیا لەخۆبگرێتو، پێگەی هەرێمیی بەهێز بکات، لەرێگەی پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبییو ئیسلامیدا. لەگەڵ ئەوەی هێزە سێکیۆلارەکانو، لەنێویشیدا دامەزراوەی سەربازیی پشتی بەشێوازی گفتوگۆ نەبەستبوو لەگەڵ هێزی بەرجەستەکراوی جوڵانەوەی ئیسلامیی لەتورکیا بۆ گەیشتن بەشێوەیەکی هاوبەش یان چارەسەرێك، کە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات لەپێش چاو بگرێت، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵدا بەباشتر زانیو لەگەڵ خستنی حکومەتەکەی ئەربەکان، کە بەدانانی هەندێك لەو بیروبۆچوونو پرۆگرامانە بۆ جێبەجێکردنی دەستپێکرد.

لەخۆشی سەرکەوتنی " پرۆسەی ٢٨ ی شوبات " لەخستنی حکومەتەکەی ئەربەکان، فەرماندەی هێزی وشکانیی تورکیا ژەنەڕاڵ کیفرك ئۆگلو H.Kivrikoglu (لەنێوان ٣٠ ئابی ١٩٩٨– ٢٨ ی ئاب ٢٠٠٢ ، سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی گرتۆتە دەست)، رایگەیاند:" پرۆسەی ٢٨ ی شوبات بۆ هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت ". بەڵام دواتر تەنها ١٥ ساڵ بەشداران لەو پرۆسەیە یان کۆدەتا سەربازییەکە، بەهۆیەوە خۆیان لەبەردەم دادگاکانی تورکیادا بینییەوە، لەکاتێکدا هەندێك ئەو دادگاییکردنانەیان وەك تۆڵەکردنەوە دانا لەدامەزراوەی سەربازیی سێکیۆلاریزم لەلایەن حکومەتەی پارتی دادو گەشەپێدان، کە رەجەب تەیب ئۆردوگان سەرۆکایەتی دەکردو، ئەندامی پارتی رەفاه بوو لەساڵی ١٩٩٧، بەڵام ئەو حکومەتە ئەو دادگاییەی وەك ئاماژەیەك بۆ گۆڕانی تورکیا بەرەو دیموکراسییو حوکمی یاسا دەبینی.

سەرچاوەکان:

أ ـ سەرچاوە عەرەبیی و بە عەرەبیی کراوەکان :

ـ أحمد ، ابراهيم خليل ، " الأحزاب السياسية في تركيا " ، في " ابراهيم خليل أحمد وآخرون ، تركيا المعاصرة (الموصل – دار الكتب للطباعة والنشر – ١٩٨٨) .

ـ أحمد ، ابراهيم خليل ، " الحركة النورسية في تركيا المعاصرة " ، بحث قُدم في المؤتمر الأول للدراسات التركية ، جامعة الموصل – مركز الدراسات التركية ـ ٣٠ أيار ـ ١ حزيران ١٩٨٦ .

ـ أحمد ، ابراهيم خليل وخليل علي مراد ، ايران وتركيا : دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر (الموصل – دار الكتب للطباعة والنشر – ١٩٩٢) .

ـ أحمد ، فيروز ، " تدخل العسكريين والأزمة في تركيا " ، في " نوبار هوفسبيان (مُحرّر) ، تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري ، إعداد ومراجعة غانم بيبي وسامي الرّزاز (بيروت – مؤسسة الأبحاث العربية – ١٩٨٥) .

ـ أحمد ، فيروز ، صنع تركيا الحديثة ، ترجمة سلمان داود الواسطي و حمدي حميد الدوري (بغداد – بيت الحكمة ـ ٢٠٠٠) .

ـ أحمد ، فيروز ، " النفوذ الإسلامي في تركيا بين الضغوط واستجابة الدولة " ، في ، نوبار هوفسبيان (مُحرّر) ، تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري...

ـ أحمد ، كمال مظهر ، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا (بيروت ـ منشورات رابطة كاوه للثقافة ـ د . ت) .

ـ ألقان ، خلوق ، " منظمات رجال الأعمال في تركيا والدولة " ، شؤون الأوسط ، العدد ١٠٤ ، خريف ٢٠٠١ .

ـ أوجار ، صباح الدين ، أربقان والرفاه الإسلامي ، ترجمة الصفصافي أحمد المرسي (القاهرة – إيتراك للنشر والتوزيع – ٢٠٠٣) .

ـ أوزجان ، مصطفى ، " أربكان ... من المقاومة إلى الرضوخ لمطالب العسكر" ، مجلة قضايا دولية – العدد ٣٧٥ ، السنة الثامنة ، ١٧ مارس ١٩٩٧ .

ـ إينالجيك ، خليل ، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى الانحدار ، ترجمة محمد م . الأرناؤوط (بيروت – دار المدار الإسلامي – ٢٠٠٢) .

ـ بسلي ، حسين و عمر أوزباي ، رجب طيب أردوغان : قصة زعيم ، ترجمة طارق عبد الجليل (بيروت – الدار العربية للعلوم ناشرون – ٢٠١١) .

ـ تشاندار ، جنكيز ، " صورة لتركيا من الداخل : أزمة النظام ودور الجيش " ، شؤون الأوسط – العدد ٦٤ ، آب / أغسطس ١٩٩٧ .

ـ الجبوري ، سعد عبد العزيز مسلط ، التطورات السياسية الداخلية في تركيا ١٩٨٣ – ١٩٩١ : دراسة تاريخية ، اطروحة دكتوراه – كلية التربية – جامعة الموصل – ٢٠٠٧ .

ـ الجليلي ، طلال يونس ، التجربة البرلمانية في تركيا ١٩٧١ – ١٩٨٠ ، رسالة ماجستير – معهد الدراسات الأسيوية والأفريقية – الجامعة المستنصرية – ١٩٨٨.

ـ الجليلي ، طلال يونس ، التيار الإسلامي في الحياة السياسية التركية ١٩٤٥ – ١٩٨٣ ، أطروحة دكتوراه – كلية التربية – جامعة الموصل – ١٩٩٩ .

ـ جلود ، ميثاق خير الله ، العلاقات الخليجية – التركية ١٩٧٣ – ١٩٩٠ (جامعة الموصل – مركز الدراسات الإقليمية – ٢٠٠٨) .

ـ الجهماني ، يوسف ابراهيم ، حزب الرفاه : الرهان على السلطة (دمشق – دار حوران للنشر – ١٩٩٧).

ـ حسن ، جرجيس ، تركيا في الاستراتيجية الأمريكية بعد سقوط الشاه (د . م – ١٩٩٠) .

ـ حسن ، ياسر أحمد ، تركيا : البحث عن مستقبل (القاهرة – الدار المصرية اللبنانية – ٢٠٠٦) .

ـ الحصري ، ساطع ، البلاد العربية والدولة العثمانية ، ط٢ (بيروت – دار العلم للملايين – ١٩٦٠) .

ـ حمدون ، أفراح ناثر جاسم ، الحركات الإسلامية في تركيا ١٩٨٠ – ٢٠٠٢ : دراسة تاريخية سياسية ، أطروحة دكتوراه – جامعة الموصل – كلية الآداب – ٢٠٠٨ .

ـ الداقوقي ، ابراهيم ، " الإعلام التركي بين الحرية والإرهاب " ، مجلة قضايا دولية ، العدد ٣٦٣ – السنة السابعة – ١٦ ديسمبر ١٩٩٦ .

ـ الداقوقي ، ابراهيم ، أكراد تركيا (دمشق – دار المدى للثقافة والنشر – ٢٠٠٣).

ـ الداقوقي ، ابراهيم ، " بعد إنذار الجيش لأربكان : مستقبل الحكم في تركيا " ، مجلة قضايا دولية ، العدد ٣٧٥ – السنة الثامنة – ١٧ مارس ١٩٩٧ .

ـ الداقوقي ، ابراهيم ، " تركيا جسر بين الشرق والغرب " ، مجلة قضايا دولية ، العدد ٣٤١ – السنة السابعة – ١٥ تموز ١٩٩٦ .

ـ الداقوقي ، ابراهيم ، صورة الأتراك لدى العرب (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ٢٠٠١) .

ـ دانيلوف ، فلاديمير إيفانوفيتش ، الصراع السياسي في تركيا : الأحزاب السياسية والجيش ، ترجمة ، يوسف ابراهيم الجهماني (دمشق – دار حوران للطباعة والنشر – ١٩٩٨) .

ـ دروزة ، محمد عزة ، تركيا الحديثة (بيروت – دار الكشاف – ١٩٤٦) .

ـ دستور الجمهورية التركية لعام ١٩٨٢ ، ترجمة صلاح سليم علي، أرشيف مركز الدراسات الإقليمية – جامعة الموصل .

ـ رضوان ، وليد ، تركيا بين العلمانية والإسلام في القرن العشرين (بيروت – شركة المطبوعات للنشر والتوزيع – ٢٠٠٦) .

ـ روبنس ، فيليب ، تركيا والشرق الأوسط ، ترجمة ميخائيل نجم نوري (ليما سول – دار قرطبة للنشر والتوزيع والأبحاث – ١٩٩٣) .

ـ زلوم ، عبد القديم ، كيف هُدمت الخلافة (د . م ـ د . ت) .

ـ الزين ، مصطفى ، أتاتورك وخلفاؤه (بيروت – دار الكلمة للنشر – ١٩٨٢).

ـ سليمان ، أحمد السعيد ، التيارات القومية والدينية في تركيا المعاصرة (القاهرة – دار المعرفة ـ د . ت) .

ـ السيد ، طارق عبد الجليل ، الحركات الإسلامية في تركيا المعاصرة : دراسة في الفكر والممارسة (القاهرة – جواد الشرق للنشر والتوزيع – ٢٠٠١) .

ـ السيد ، فكرت رفيق ، " سعيد النورسي والفكر السياسي التركي المعاصر ١٨٧٣–١٩٦٠ " ، مجلة دراسات اقليمية – العدد ٥ – السنة الثالثة – حزيران ٢٠٠٦ .

ـ سيزر ، دويغو بازوغلو ، سياسات تركيا الأمنية (بيروت مؤسسة الأبحاث العربية – سلسلة دراسات استراتيجية – الدراسة رقم ٣٧ – السنة الثانية – ١٩٨١) .

ـ سيمونز ، جيف ، التنكيل بالعراق : العقوبات والقانون والعدالة (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ١٩٩٨) .

ـ شريف ، إيمان غانم ، سعيد النورسي : حياته ونشاطه السياسي في تركيا ١٨٧٦–١٩٦٠ ، اطروحة دكتوراه – كلية الآداب – جامعة الموصل – ٢٠٠٨ .

ـ شميم ، أحمد ، " مأساة اليسار التركي " ، في ، نوبار هوفسبيان (مُحرّر) ، تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري ...

ـ الصالح ، منال ، نجم الدين أربكان ودوره في السياسة التركية ١٩٦٩ – ١٩٩٧ (بيروت – الدار العربية للعلوم ناشرون – ٢٠١٢) .

ـ صحيفة الشرق الأوسط ، العدد (١٠٥٥٥) ، ٢٢ أكتوبر ٢٠٠٧ .

ـ الطحّان ، مصطفى محمد ، تركيا التي عرفت من السلطان ... إلى نجم الدين أربكان ١٨٤٢ – ٢٠٠٦ (الكويت – مطبعة الخليج العربي – ٢٠١٠) . تاريخ؟؟؟

ـ العادل ، محمد ، " قراءة في أبرز النجاحات والإخفاقات في المسيرة السياسية للحركة الإسلامية في تركيا " ، بحث أُلقي في ندوة " الحركات الإسلامية المشاركة في المؤسسات السياسية في البلاد العربية وتركيا " مراكش – ١٦ – ١٧ حزيران ٢٠٠٦ .

http:// www.syriakurds.com/2007/derasat/der008.html

ـ عبد القادر ، عصمت برهان الدين ، " جبهة مقاتلي الشرق الإسلامي العظيم في تركيا ١٩٨٤ – ٢٠٠٨ " ، مجلة آداب الرافدين – السنة ٣٣ ـ العدد ٥٥ ـ ٢٠٠٩.

ـ عبد القادر ، عصمت برهان الدين ، " الطريقة السليمانية (سليمانجيلر) في تركيا المعاصرة " ، مجلة دراسات إقليمية ـ السنة الخامسة ـ العدد ١١ – تموز ٢٠٠٨ .

ـ عبد المجيد ، سعد ، " الفقر في تركيا " ، مجلة قضايا دولية ، العدد ٣٥٨ ـ السنة السابعة ـ ١١ تشرين الثاني ١٩٩٦ .

ـ العدول ، جاسم محمد حسن ، الدولة العثمانية إبان حكم السلطان سليم الأول ١٥١٢ ـ ١٥٢٠ ، أطروحة دكتوراه – جامعة الموصل – كلية التربية – ٢٠٠٤ .

ـ العزاوي ، عباس ، " مولانا خالد النقشبندي " ، مجلة المجمع العلمي الكردي – العدد ١ ـ ١٩٧٣ .

ـ العظمة ، عزيز ، العلمانية من منظور مختلف (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ١٩٩٢) .

ـ العلاف ، ابراهيم خليل ، خارطة التوجهات الإسلامية في تركيا المعاصرة (جامعة الموصل ـ مركز الدراسات الإقليمية ـ ٢٠٠٥) .

ـ غفور ، جبار قادر ، " انقلاب عام ١٩٦٠ في تركيا : تحليل دوافعه الاقتصادية والسياسية " ، دراسات تركية ـ السنة الأولى ـ العدد ١ ـ كانون الثاني ١٩٩١ .

ـ غول ، نيلوفر ، " المطلب الديمقراطي للإسلام التركي " ، شؤون الأوسط ـ العدد ٦٤ ـ *آب / أغسطس ١٩٩٧* .

ـ كرامر ، هاينتس ، تركيا المُتغيرة تبحث عن ثوب جديد ، تعريب فاضل جتكر (الرياض – مكتبة العبيكان – ٢٠٠١) .

ـ كركوكلي ، جمال كمال اسماعيل ، " حزب الله التركي " ، مجلة آداب الرافدين ـ العدد ٤٤ ـ القسم الأول ـ أيلول ٢٠٠٦ .

ـ كواترت ، دونالد ، الدولة العثمانية ١٧٠٠ – ١٩٢٢ ، تعريب أيمن الأرمنازي (الرياض – مكتبة العبيكان – ٢٠٠٤) .

ـ كيدر ، ساجلار ، " تركيا الحديثة " ، في نوبار هوفسبيان (مُحرّر) ، تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري ...

ـ مجموعة من الباحثين السوفييت ، تاريخ تركيا المعاصر ، ترجمة هاشم صالح التكريتي (السليمانية – مؤسسة حمدي للطباعة والنشر – ٢٠٠٧) .

ـ محمد ، مصطفى ، الحركة الإسلامية الحد\يثة في تركيا (ألمانيا الغربية – ١٩٨٤) .

ـ محو ، لقمان . أ ، الكورد وكوردستان : بيبلوغرافيا مُختارة ومُعرَّفة ، ترجمة هفال (اربيل – مؤسسة آراس للطباعة – ٢٠٠٧) .

ـ مراد ، خليل علي ، " الأحزاب السياسية والمسألة الدينية في تركيا ١٩٤٦ – ١٩٦٠ " ، في ، ابراهيم خليل أحمد وآخرون ، الإسلام والعلمانية في تركيا المعاصرة (الموصل – جامعة الموصل – مركز الدراسات التركية – ١٩٩٦) .

ـ مراد ، خليل علي ، " تركيا والمنظمات الدولية " في ، ابراهيم خليل أحمد وآخرون ، تركيا المعاصرة (الموصل – دار الكتب للطباعة والنشر – ١٩٨٨) .

ـ مراد ، خليل علي ، " القضية الكردية في تركيا ١٩١٩ – ١٩٢٥ " ، في ، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها على دول الجوار (الموصل – جامعة الموصل – مركز الدراسات الإقليمية – ١٩٩٥) .

ـ معوض ، جلال عبد الله ، صناعة القرار في تركيا والعلاقات العربية التركية (بيروت – مركز دراسات الوحدة العربية – ١٩٩٨) .

ـ الناصري ، خليل ابراهيم ، التطورات المعاصرة في العلاقات العربية – التركية (الموصل – دار الكتب للطباعة والنشر – ١٩٩٠) .

ـ النعيمي ، أحمد نوري ، الحركات الإسلامية الحديثة في تركيا (عَمّان –٠ دار البشير – ١٩٩٢) .

ـ النعيمي ، أحمد نوري ، الحياة السياسية في تركيا الحديثة ١٩١٩ – ١٩٣٨ (بغداد – دار الحرية للطباعة – ١٩٩٠) .

ـ النعيمي ، أحمد نوري ، ظاهرة التعدد الحزبي في تركيا ١٩٥٠ – ١٩٨٠ (بغداد – دار الحرية للطباعة – ١٩٨٩) .

ـ نور الدين ، محمد ، تركيا : الجمهورية الحائرة ، مقاربات في الدين والسياسة والعلاقات الخارجية (بيروت – مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق – ١٩٩٨) .

ـ نور الدين ، محمد ، تركيا : الصيغة والدور (بيروت – رياض الريس للكتب والنشر – ٢٠٠٧) .

ـ نور الدين ، محمد ، حجاب وحراب : الكمالية وأزمات الهوية في تركيا (بيروت – رياض الريس للكتب والنشر – ٢٠٠١) .

ـ نور الدين ، محمد ، قبعة وعمامة : مدخل إلى الحركات الإسلامية في تركيا (بيروت – ١٩٩٧) .

ـ نور الدين ، محمد ، " المواجهة بين الرفاه والعسكر : التباسات الديمقراطية والهوية " ، شؤون الأوسط – العدد ٦٤ – آب / أغسطس ١٩٩٧ .

ـ هلال ، رضا ، السيف والهلال : تركيا من أتاتورك إلى أربكان (القاهرة – دار الشروق – ١٩٩٩) .

ـ هوليداي ، فرد ، دراسات شرق أوسطية ، ترجمة أحمد رمو (دمشق – منشورات دار علاء الدين – ٢٠٠٤) .

ـ هيل ، وليم ، " الجيش التركي والسياسة " ، في ، تركيا : المجتمع والدولة ، تحرير أندرو فنكل و نوكهت سيرمان ، ترجمة جمدي حميد الدوري و عدنان ياسين مصطفى (بغداد – بيت الحكمة – ٢٠٠٢).

ـ يوسف ، بشار حسن ، الحركات الإسلامية في المشرق العربي ١٩٤٥ – ١٩٩١ دراسة تاريخية ، أطروحة دكتوراه – جامعة الموصل – كلية التربية – ٢٠٠٥ .

ب ـ ئینگلیزیی:

- Abu – Manneh ,Butrus, " The Naqshbandiyya – Mujaddidiyya in the Ottoman Lands of Early 19th Century " Die Welt Des Islam , Vol. XXII , Nr. 1-4 (1982
- Abun – Nasr ,Jamil M. , The Tijaniyya : A Sufi Order in the Modern World (London – Oxford University Press – 1965).
- Acar ,Feride, " Turgut Özal : Pious Agent of Liberal Transformation " in , Metin Heper & Sabri Sayari , Political Leaders and Democracy in Turkey (Lanham – Lexington Books – 2002) PP. 163-170 .
- Adaş ,Emin Baki, " Culturalizing Economies , Economizing Cultures : Religion and Entreprenurship in Turkey " , University of Gaziantep Journal of Social Sciences , 7(1) , 2008.
- Ahmed , Feroz, " Islamic Reassertion in Turkey ." Third World Quarterly , vol.10 , No. 2 , Islam & Politics (April – 1988).
- Ahmad , Feroz, " Politics and Islam in Modern Turkey " Middle Eastern Studies, Vol. 27 , No. 1 (January – 1991).
- Ahmad, Feroz, The Turkish Experiment in Democracy 1950-1975,(London-1977).
- Ahmad , Mumtaz, " Islam and Democracy : The Emerging Concensus " , The Journal of Turkish Weekly , 20 June 2005. www.turkishweekly.net
- Akin , Erkan & Ömer Karasapan , " The Rabita Affair. " Middle East Report , No.153 (July – August 1988).
- Akin, Erkan & Ömer Karasapan , " The Turkish – Islamic Synthesis " Middle East Report , No. 153 , July – August 1988
.

- Akin, Erkan & Ömer Karasapan , " Turkey's Tarikat " Middle East Report , No. 153 (July – August – 1988).
- Akinci ,Ugur, " The Welfare Partys Municipal Track Record : Evaluating Islamist Municipal Activism in Turkey ." , Middle East Journal, Vol.53,No. 1 ,Winter 1999.
- Alemdar , Zeynep " Fears of a military coup intensify " , Mid – East Realities , 13.6.1997.
- Alkan , Türker , " The National Salvation Party in Turkey " in , Metin Heper & Raphael Israeli (eds.) , Islam and Politics in the Modern Middle East (Oxford – Taylor & Francis – 1984) .
- Aral, Perdal , " Dispensing with Tradition ? : Turkish Politics and International Society During the Özal Decade 1983-1993 ." Middle Eastern Studies , vol. 37 , No.1, January 2001 .
- Aras , Bulent ," Turkish Islam's Moderate Face ." Middle East Quarterly , vol. V , No. 3 , September – 1998 .
www.meforum.org/404/turkish-islams-moderate-face
- Arat,Yesim , Rethinking Islam and Liberal Democracy: Islamist Women in Turkish Politics (Albany – State University of New York Press-2005) .
- Atacan ,Fulya, " Explaining Religious Politics at the Crossroads : AKP- SP " , in , Ali Carkoglu & Barry M.Rubin (eds.) , Religion and Politics in Turkey (London – Routledge – 2006).
- Atalar , M. Kürşad " Hizballah of Turkey : A Pseudo – Threat to the Secular Order ?." Turkish Studies , vol.7 , No. 2 , June 2006 .
- Atasoy ,Yilmaz , Hegemonic Transition , The State and New – Liberal Crisis in Capitalism (New York- Routledge – 2009) .
- Ayse Gunes – Ayata & Sencer Ayata ," Ethnic and Religious Bases of Voting ." in , , Sabri Sayari & Yilmaz Esmer, Politics ,

Parties and Elections in Turkey (London – Lynne Rienner Publishers -2002).
- Ayata ,Sencer, " Patronage , Party and State : The Politicization of Islam in Turkey ." Middle East Journal , vol. 50 , No. 1 , (Winter – 1996).
- Barkey , Henri J. & Graham Fuller , Turkeys Kurdish Question (Lanham – Rowman & Littlefield Publishers , INC – 1998).
- Baskan , Filiz , " The Political Economy of Islamic Finance in Turkey : The Role of Fethulla Gülen and Asya Finance " in , Clement M. Henry & Rodney Wilson , The Politics of Islamic Finance (Edinburgh – Edinburgh University Press – 2004).
- Beinin , Joel & Joe Strok ; Political Islam : Essays From Middle East Report (Berkely – University of California Press – 1997).
- Bellah , Report N. , " Religious Aspects of Modernization in Turkey and Japan ". The American Journal of Sociology , Vol. 64 , No. 1 , (July – 1958).
- Berkes , Niyazi ,The Development of Secularism in Turkey (New York– Routledge – 1998).
- Bianchi , Robert , Guests of God : Pilgrimage and Politics in the Islamic World (U.S.A – Oxford University Press – 2002).
- Cağaptay , Soner ," European Union Reforms Diminish the Role of Turkish Military : Ankara Knocking on Brussels' Door ." The Turkish Year book , Vol.XXXIV , 2003.
- Cağaptay , Soner , Secularism and Foreign Policy in Turkey (The Washington Institute for Near East Policy – Policy Focus No. 67 , April – 2007) .
- Çakir , Rusen , The Re-emergence of Hizbollah in Turkey (The Washington Institute for Near East Policy – Policy Focus

, 74 – September - 2007).
- - Çarkoğlu , Ali & Barry M. Rubin , Religion and Politics in Turkey (New York – Routledge – 2006) .
- Cevik , Ilnur , " As Refah starts addressing the Kurdish problem.", Hurrieyt Daily News (electronic edition) , 23.8.1996 . Available on website: www.hurrieyt daily news . com .
- Cevik , Ilnur , " Bring down Refah and you will have stronger Refah ", Turkish Daily News , 27.Sep.1996 . Available on website www.hurrieyt daily news . com .
- Cevik , Ilnur ," ray of hope for the Kurdish Issue " , Hurrieyt Daily News (electronic edition) , 6.8.1996 . Available on website ; www.hurrieyt daily news . com .
- Cevik , Ilnur, " Turkey cant afford such political maneuvering " , Turkish Daily News , 3 April 1997 . Available on website ; www.hurrieyt daily news . com .
- Cevik , Ilnur , " They have decided not to give a chance to serve " , Turkish Daily News , 19. July. 1996 . Available on website ; www.hurrieyt daily news . com .
- Cevik¸ Ilnur, " Time for Reconciliation and Cooling of in Turkey " , Turkish Daily News , 24 March 1997 . Available on website ; www.hurrieyt daily news . com .
-Cevik , Ilinur, " Time has come for Refah to quit government " , Turkish Daily News , 11 June 1997 . Available on website ; www.hurrieyt daily news . com .
- Cevik , Ilnur , " Turkey cant afford such political maneuvering " , Turkish Daily News , 3 April 1997 . Available on website ; www.hurrieyt daily news . com .

- Ciddi , Sinan , Kemalism in Turkish Politics : The Republican Peoples Party , Secularism and Nationalism New York – Routledge – 2009).
- Çinar , Menderes & Burhanettin Duran " The Specific Evolution of Contemporary Political Islam in Turkey and it's " difference " . " in Umit - Cizre , Secular & Islamic Politics in Turkey (New York – Routledge Taylor & Francis group – 2008).
- Cizre , Ümit , " Ideology Context and Interest : The Turkish Military ." in , Reşat Kasaba (ed.) , the Cambridge History of Turkey , Vol. 4 (Cambridge – Cambridge University Press – 2008).
- Cizre , Ümit , Politics and Military in Turkey into the 21st Century , European University Institute – Robert Schuman center – 2000 .
- Cook Steven A. , Ruling but not Governing : The Military and Political development in Egypt , Algeria and Turkey (Baltimore – The John Hopkins Press – 2007).
- Commett , Melani Clair , Globalization and Business Politics in Arab North Africa , A Comparative Perspective (New York – Cambridge University Press – 2007).
- Darnton , John , " Uneasy Crossroad : Discontent Seethes in Once Stable Turkey ." The New York Times , 2.3.1995 .
- Daver, Bulent , " Secularism in Turkey ." Ataturk Arastirma Merkezi Dergisi , Cilt , IV , Sayi , II , Mart , 1988 .
- Deliso , Christopher , The Coming Balkan Caliphate (U.S.A – Greenwood Publishing Group – 2007).
- Denli , Özlem , " Freedom of Religion : Secularist Policies and Islamic Challenge" in , Zehra F. Kabasakal Arat (ed.) ,

Human Rights in Turkey (Philadelphia – University of Pennsylvania Press – 2007).
- Dorsey , James , " Europeans Rebuffs Strengthen Erbakan Dreams of Closer Islamic Ties " ,Washington Report on Middle East Affairs , March 1997 .
- Dumont , Paul , " The Origins of Kemalist Ideology " , in , Jacob M. Landau (ed.) , Atatürk and the Modernization of Turkey (Leiden – E.J. Brill – 1984) .
- Eligur , Banu , The Mobilization of Political Islam in Turkey (U.S.A – Cambridge University Press – 2010).
- The Encyclopedia of Islam , New Edition , Vol. VII (Leiden – E.J. Brill – 1993) .
- Federal Research Division Staff, Turkey : A Country Study (Washington D.C. – Kessinger Publishing – 2004) .
- Feroze , Mohammed R. , Islam and Secularism in Post-Kemalist Turkey , (Islamabad – 1976) .
- Fidel , Kenneth " Military Organization and Conspiracy in Turkey ." in Kenneth Fidel (ed.) , Militarism in Developing Countries (New Jersey – Transaction inc. – 1975) .
- The Financial Times , 21.8.1996.
- Franz , Erhard " Secularism and Islamism in Turkey " in , Kai Hafez and Others , The Islamic World and the West : an introduction to political Cultures and International Relations (Leiden – Brill – 2000) .
- Fuller , Graham , The New Turkish Republic : Turkey as a Pivotal State in the Muslim World (Institute of Peace – Washington – 2008) .
- Ganser , Daniele , Nato's Secret Armies : Operation Gladio and Terrorism in Western Europe (London – Frank Cass – 2005).

- Göle , Nilüfer , " Secularism and Islamism in Turkey : The Making of Elites and Counter – Elites ." The Middle East Journal , vol. 51 , No. 1 , (Winter – 1997).
- Gülalp , Haldun , " Globalization and Political Islam : The Social Bases of Turkey's Welfare Party " , International Journal of Middle East Studies , vol. 33 , No.3 , (August – 2001).
- Gumuscu , Sebnem , Economic Liberalization , Devout Bourgeoisie and Changes in Political Islam : Comparing Turkey and Egypt (EUI Working Papers – RSCAS 2008/19 – Mediterranean Programme Series).
- Gunay , Niyazi, Implementing the " February 28 " Recommendatins Scorecard , The Washington Institute for Near East Policy , Research Notes , Number 10 , May 2001.
- Gunter Michael M. , The Kurds and the Future of Turkey (New York – Palgrave Macmillan – 1997)
- Gürbey , Sinem " Civil Society and Islam in Turkey " , Graduate Student Conference- Culumbia University – Spring 2006 ,
- Hale , William M. , Turkish Politics and the Military (New York – Rout ledge- 1994).
- Harris , George S. , " The Role of the Military in Turkish Politics ." (part 1) Middle East Journal , Vol. 19 , No. 2 (Winter – 1965).
- Harris , George S. , " The Role of the Military in Turkish Politics ." (Part 2) , Middle East Journal , Vol. 19 , No. 2 (Spring – 1965).
- Hass , Mark L . , The Clash of Ideologies , Middle Eastern Politics and American Security (Oxford – Oxford University Press-2012).

- Helvacioğlu , Banu " ' Allahu Ekber ' , We are Turks : yearning for a different homecoming at the periphery of Europe " , Third World Quarterly , Vol. 17 , No. 3 , (September – 1996).
- Heper , Metin , " Islam and Democracy in Turkey : Toward a Reconciliation ? ." Middle East Journal , vol. 51 , No. 1 (Winter – 1997).
- Heper , Metin, " Political Modernization as Reflected in Bureaucratic change : The Turkish Bureaucracy and " Historical Bureaucratic Empire " Tradition " . International Journal of Middle East Studies , Vol. 7 , No.4 , (October – 1976).
- Heper , Metin & Sabri Sayari , Political leaders and Democracy in Turkey (Lanham – Lexington Books – 2002).
- Heydt , Uriel, " Islam in Modern Turkey ." Journal of the Royal Central Asian Society , vol. XXXIV , January 1947 .
- Hic , Mukerrem & Aysen Hic Gencer , Turkish Economy and Politics From 1923,the Foundation of the Republic Until 2002 (Istanbul – Beykent University Press- 2009).
- Howard , Douglas A. , The History of Turkey (California – Greenwood Publishing Group – 2001).
- Human Rights Violations Concerning 28 February Period . Available on , www.mazlumder . org.
- INFO – TURK , NO.223 , November – December 1995 , www . info – turk .be /223 E.htm
- Jung , Dietrich and Wolfango Piccoli , Turkey at Crossroads (London – Zed Books – 2007) .
- Kaplan , Sam, " Din-U Devlet All Over Again ? The Politics of Military Secularism and Religious Militarism in Turkey following

the 1980 Coup ." International Journal of Middle East Studies , Vol. 34 , No. 1 (February – 2002).
- Kaplan , Sam, The Pedagogical State : Education and Politics of National Culture in post – 1980 Turkey (California - Stanford University Press – 2006).
- Karabelias , Gerrassimos , " The Evolution of Civil – Military Relations in Post-War Turkey 1980-1995 ." Middle Eastern Studies , Vol. 35 , No. 4 (October – 1999).
- Karakas , Cemal, Turkey : Islam and Laicism between the Interest of the State , Politics and Society (Frankfurt – Peace Research Institute , Report No.78 – 2007).
- Karmon , Ely ," Radical Islamic Groups in Turkey ." Middle East Review of International Affairs , Vol. I , No. 4 , December 1997 . www.gloria-center. org
- Karpat , Kemal H. , " The Military and Politics in Turkey 1960-1964 : A Socio-Cultural Analysis of a Revolution ." The American Historical Review , Vol. LXXV , No. 6 , (October – 1970).
- Karpat , Kemal H. , Ottoman Past and Todays Turkey (Leiden – Brill – 2000).
- Kasaba , Resat ," Kemalist Certainties and Modern Ambiguities ". in, Sibel Bozdoğan & Resat Kasaba (eds.) , Rethinking Modernity and National Identity in Turkey (Washington – Washington University Press – 1997).
- Katzman , Kenneth & Alfred Predos , " Iraq : Erosion of International Isolation " , in , Leon M.Jeffries (ed.). Iraq: Issues , Historical Background , Bibliography (New York – Nova Science Publishers. Inc - 2003).
- Kedourie , Sylvia , Seventy Five Years of the Turkish Republic (Portland – Frank Cass Publishers – 2000).

- Kepel , Gilles , Jihad : The Trail of Political Islam (London – I. B. Tauris Publishers – 4th ed. – 2006).
- Kilavuz , M. Akif , Adult Religious Education at the Quranic Courses in Modern Turkey . www.sosyalaraştirmalar.com/cilt2/sayi6pdf/kilavuz-akif.pdf
-Kinross , Patrick , Ataturk : the Rebirth of a Nation (Istanbul – Remzi Kitabevi – 2004).
- Koonings, Kees, & Dirk Krujit , Political Armies : The Military and Nation Building in the Age of Democracy (New York – Zed Books – 2002).
- Kutschera , Chris, " Turkey: The little Known World of the military hierarchywww.chris-kutschera.com -
Laciner , Sedat, " Turgut Özal Period in Turkish Foreign Policy : Özalism ." Turkish Weekly , Monday , 9 March 2009 . http://www.turkishweekly.net
- Landau , Jacob M. , Exploring Ottoman and Turkish History (London – C.Hurst & Co. Publishers – 2004) .
- Landau , Jacob M. , Radical Politics in Turkey (Leiden – Brill – 1974).
- Landau , Jacob, " Turkey Between Secularism and Islamism " . www.jcpa.org/jl/vp352.html
-Lapidot , Anat, " Islam Activism in Turkey since 1980 Military Takeover " in , Bruce Maddy – Weitzman & Efraim Inbar (eds.) , Religious Radicalism in the Greater Middle East (New York – Routledge – 1997).
- Larrabee , F. Stephen & Ian O. Lesser , Turkish Foreign Policy in an Age of Uncertainty (Rand Corporation – National Security Research Division – 2003).
- Le Gall , Dina A Culture of Sufism , A Naqshbandis in the Ottoman World 1450-1700 (New York – Sunny Press – 2005).

- Leicht , Justus " Government Crackdown Against the Hezbollah in Turkey ". 16 February 2000 . www.wsws.org
- Lerner, Daniel & Richard D. Robinson ," Swords and Ploughshares : The Turkish Army as a Modernizing Force ." in , Henry Bienen (ed.) , The Military and Modernization (New Brunswick N.J – 2008).
- Lewis , Bernard, The Emergence of Modern Turkey (London – Oxford University Press – 1966).
- Lewis , Geoffery, Modern Turkey (New York – 1974) .
- Liel , Alon, Turkey in the Middle east : Oil ,Islam and Politics Colorado – Lynne Rienner Publishers. Inc. – 2001) .
- Lombardi , Ben, "Turkey: The Return of Reluctant Generals ", Political Science Quarterly , vol. 112 , No.2 , Summer – 1997 .
- Ludington, Nicholas S. & James W. Spain ," Dateline in Turkey : The Case for Patience ." Foreign Policy , No. 50 (Spring – 1983) .
. - Macfie , A.L. , Ataturk (London – Longman – 3rd impression – 1998)
- Makovsky ,Alan , " How to Deal with Erbakan " , Middle East Quarterly , vol ,IV ,No.1 , March 1997 . www.meforum.org/335/how-to-deal-with-erbakan
- Mango , Andrew , Turkey and the War on Terror(New York – Routledge – 2005) .
- Mardin , Serif , " Center – Periphery Relations : A Key to Turkish Politics " Daedalus , vol. 102 , No. 1 , Post – Traditional Societies (Winter – 1973).
- Mardin , Şerif , " Ideology and Religion in the Turkish Revolution " International Journal of Middle East Studies , Vol. 2 , No. 3 (July – 1971).

- Mardin ,Şerif , Religion , Society and Modernity in Turkey (New York – Syracuse University Press – 2006) .
- Margolis , Erig " Turkeys Generals Warm Up their Thanks ." The Wisdom fund. www.twf.org/News/Y1997/Generals.html
- Margulies , Roonie and Ergin Yildizoğlu ," The Political uses of Islam in Turkey ." Middle East Report , No. 153 ,Islam and the State (July – august 1988).
- Mateescu , Dragoş C. , " Kemalism in the Era of Totalitarianism: A Conceptual Analysis " , Turkish Studies , vol. 7 , No. 2 , June 2006 .
- Mayall , Simon V. ,Turkey : Thwarted Ambition (Washington – D.C – Institute for National Strategic Studies – McNair Paper , 56 – January 1997).
- McFadden , John H. , " Civil – Military Relations in the Third Turkish Republic " , The Middle East Journal , vol. 39 , No. 1 (Winter – 1985).
- Moe , Christian , Refah Revisited : Stratsbourgs Construction of Islam Advance Draft for Circulation at the Conference of Experts " Emerging Legal Issues for Islam in Europe " , Central European University , Budapest , Hungary , 3-4 June 2005.
- Mugge , Liza, Beyond Dutch Borders : Transnational Politics Among Colonial Migrants, Guest Workers and the Second Generation (Amsterdam University Press – 2010).
- Muller , Mark " Nationalism and the Rule of Law in Turkey : The Elimination of Kurdish Representation during the 1990s " , in , Robert Olson (ed.) , The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s : its Impact on Turkey and the Middle East (Kentucky – The University Press of Kentucky – 1996).

- Nadolski , Dora G. " Ottoman & Secular Civil Law " . International Journal of Middle East Studies , Vol. 8 , No. 4 , (October – 1977).
- The New York Times , 2.3.1995 ; 16.1.1996 ; 1.7.1996 ; 10.8.1996 ; 21.8.1996 ; 29.4.1997 ; 27.5.1997 .
- Norton, Augustus R. , Civil Society in the Middle East (Brill - 1996),
- Odekon , Mehmet, The Costs of Economic Liberalization in Turkey (New Jersey- Rosemont Publishing & Printing Corp. – 2005).
- Onis ,Ziya ," The Political Economy of Islamic Resurgence in Turkey : The Rise of the Welfare Party in Perspective.", Third World Quarterly, Vol.18, No.4 , September 1997.
- Oniş ,Ziya , Turgut Özal and his Economic Legacy : Turkish neo-Liberalism in Critical Perspective . home.ku.edu.tr/~zonis/onis-ozal
- Özdalga ,Elisabeth , The Veiling Issue , Official Secularism and Popular Islam in Modern Turkey (New York – Routledge – 1998).
- Parla,Taha & Andrew Davison , " Secularism and Laicisim in Turkey " . in , Janet R. Jakobsen & Ann Bellegrini (eds.) , Religion (U.S.A – Duke University Press – 2008).
- Peretz ,Don , The Middle East Today (California – Greenwood Publishing Group – 1994).
- Pir , Cevik & Martin Sherman , " Formula for Stability : Turkey Plus Israel " , Middle East Quarterly , Fall 2002 , vol, IX , No.4 , Available on website , www.meforum.org/511/formula-for-stability-turkey-plus-israel.

- Pok , Soon-Yong , " Cultural Politics and Vocational Religious Education : The Case of Turkey " Comparative Education , vol. 40 , No. 3 , August – 2004.
- Rabasa , Angel , The Muslim World after 9/11 (Santa Monica – The Rand Corporation – 2004).
- Rabasa , Angel & Stephen Larrabee , The Rise of Political Islam in Turkey (Santa Monica – Rand Corporation – 2008).
- Regeringsbeleid , W.R. & Others , The European Union , Turkey and Islam (Netherlands – Amesterdam University Press – 2004).
- Reich ,Bernard (ed.) , Political Leaders of the Contemporary Middle East and North Africa (Connecticut – Greenwood Press Inc. – 1990).
- Robins , Kevin ," Interrupting Identities Turkey / Europe " , in , Stuart Hall & Paul Du Gay (eds.) , Questions of Cultural Identity (London – SAGE Publication Ltd – 2005).
- Robins , Philip , Suits and Uniforms : Turkish Foreign Policy Since Cold War (London – C.Hurst & Co. Publishers Ltd – 2003).
- Robinson , Richard D. , The First Turkish Republic (Cambridge – Harvard University Press – 1963).
- Rouleau , Eric ," The Challenges to Turkey ." Foreign Affairs , vol. 72 , No. 5 , November – December 1993 .
- Roy , Oliver and Others , The Culumbia World Dictionary if Islamism (U.S.A – Culumbia University Press – 2007).
- Sakallioğlu , Umit Cizre ," The Anatomy of the Turkish Military's Political Autonomy ." Comparative Politics , Vol. 29 , No. 2 (January – 1997).

- Sakallioğlu , Umit Cizre , " Parameters and Strategies of Islam – State Interaction in Republican Turkey " International Journal of Middle East Studies , No. 28 , 1996 .
- Salt , Jeremy , " Nationalism and the Rise of Muslim Sentiment in Turkey ." Middle Eastern Studies , Vol. 31 , No. 1 , (January – 1995). Middle East Quarterly ,
Sayari , Sabri , " Turkeys Islamist Challenge " , Middle East Quarterly , vol.III ,No . 3 . www.meforum.org/358/turkeys-leaders-erbakan-goals
- Schiffauer ,Werner, Islamism in the Diaspora : The Fasciations of Political Islam Among Second Generation German Turks (WPTC – 99 – 06 – Frankfurt / Oder).
- Shaw , Stanford J. & Ezel K. Shaw , History of the Ottoman Empire and Modern Turkey , vol. 2 (Cambridge – Cambridge University Press – 1977).
- Silverstien , Brian , " Sufism and Modernity in Turkey : From the Authentcity of Experience to the Practice of Discipline ." in , Martin Van Bruinessen & Julia D. Howell , Sufism and the " modern " in Islam (London – I.B. Tauris – 2007) .
- Smith S. Graig S. , " Terror attacks and Politics put Turkey's Military on edge ", New York Times , Nov. 30 , 2003 .
- Sözen , A. ," Terrorism and the Politics of Anti – Terrorism in Turkey ." in Report W. Orttung : National Counter – Terrorism Strategies (Amsterdam – IOS Press – 2006).
- Tachau , Frank and Metin Heper , " The State , Politics and Military in Turkey ." Comparative Politics , Vol. 16 , No. 1 (October – 1983).
- Tamkoç , Metin , " Stable Instability of Turkish Polity ." Middle East Journal , Vol. 27, No. 3 (Summer – 1973).

- Taspinar ,Omar , Kurdish Nationalism and Political Islam in Turkey Kemalist Identity in Transition (New York – Routledge – 2005).
- Toprak , Binnaz " Islam and Democracy in Turkey " in , Ali Çarkoğlu & Barry M. Rubin (eds.) , Religion and Politics in Turkey (New York – Routledge – 2006).
- Toprak , Binnaz , Islam and Political Development in Turkey (Leiden – E.J. Brill – 1981).
- Toprak , Binnaz " Islam and the Secular State in Turkey ." in , Gigdem Balim (ed.) , Turkey : Political , Social and Economic Challenges in the 1990's (Leiden – E.J.Brill – 1995).
- Toprak , Binnaz " Politicization of Islam in a Secular State : The National Salvation Party in Turkey " in, Said Amir Arjomand (ed.) , From Nationalism to Revolutionary Islam (Albany – State University of New York Press – 1984).
- Tuğal , Cihan, " Islamism in Turkey : Beyond Instrument and Meaning ." , Economy and Society , vol. 31 , No. 1 , February 2002 .
- Turkey : HRW World Report 2000 . www.hrw.org/press
- "Turkish Hizballah (Hizbullah) : A Case Study of Radical Terrorism " , The Journal of Turkish Weekly , 18 . April . 2007 . www.turkishweekly.net
- Turkish Press Review from Turkish Ministry of Foreign Affairs , 3.3.1997 www.hri.org/news/turkey
- Uysal , Ahmet , " Media and Religious Reform in Turkey ." GMJ : Mediterranean Edition 3 (1) , Spring – 2008 , PP. 50-56. www.globalmedia.emu.edu.tr

-Vertigans , Stephen , Islamic Roots and Resurgence in Turkey: Uder-standing the Muslim Resurgence (U.S.A – Greenwood Publishing Group – 2003).
- Waldner David , State Building and Late Development Ithaca - Cornell University Press – 1999) .
- Westerlund , David & Ingvar Svanberg (eds.) , Islam Outside the Arab World (New York – Palgrave Macmilan – 1999) .
- White , Jenny B. , " The End of Islamism ? Turkey's Muslim hood Model ." in Robert W. Hefner (ed.) , Remaking Muslim Politics : Pluralism , Contestation , Democratization (New Jersey – Princeton University Press – 2005).
- White , Jenny Barbara , Islamist Mobilization in Turkey : A Study in Vernacular Politics (Seattle – University of Washington press – 2002).
- Yalman , Nur , " Intervention & Extrication : The Officer Corps in the Turkish Crises ." in , Henry Bienen (ed.) , The Military Intervens , Case Studies in Political Development (Connecticut – Russel Sage foundation – 1968).
- Yavuz, M Hakan , Islamic Political Identity in Turkey (New York – Oxford University Press – 2003)
-Yavuz, M. Hakan , " Political Islam and the Welfare (Refah) Party in Turkey ." Comparative Politics , Vol. 3 , No. 1 , (October – 1997).
- Yavuz, M. Hakan , " Towards an Islamic Liberalism ? : The Nurcu Movement and Fethullah Gülen ". The Middle East Journal , vol. 53 , No. 4 (Autumn – 1999).
- Yavuz, M.Hakan , " Turkeys Imagined Enemies : Kurds and Islamists.", The World Today , April 1996 .

- Yayla , Atilla ," Turkeys Leaders : Erbakans Goals ", Middle East Quarterly , Vol.IV,No.3 , September 1997 .
www.meforum.org/358/turkeys-leaders-erbakan-goals
- Yeşilda , Birol Ali , " Problems of Political Development in the Third Turkish Republic." Polity , Vol. 12 , No. 2 (Winter – 1988).
- Yeşilda , Birol A. ," Realignment and Party Adaptation : The Case of Refah and Fazilet Parties " , in, Sabri Sayari & Yilmaz Esmer, Politics , Parties and Elections in Turkey (London – Lynne Rienner Publishers -2002).
- Yeşilda Birol A. ," The Refah Party Phenomenon in Turkey " in Birol Yeşilda (ed.),Comparative Political Parties and Party Elites, Essays in Honor of Samuel J.Eldersveld (U.S.A-University of Michigan Press-1999).
- Seval Yildirim, " The Search for Shared Idioms : Contesting View of Laiklik Before the Turkish Constitutional Court ", in , Gabriele Marranci (ed.) ,Moslim Societies and the Challenge of Secularization : An Interdisciplinary Approach (Heidelberg-Springer Dordrecht- 2010).
- Yilmaz ,Ihsan, Muslim Laws , Politics and Society in Modern Nation State (England – Ashgate Puplishing Limited – 2005).
- Zürcher , Erik – Jan , Islam in the Service of National and Pre-national State : The Instrumentalisation of Religion for Political Goals by Turkish Regimes between 1880-1980
www.leidenuniv.nl/contentdocs/wap/ejz29
- Zürcher ,Erik J. , " The Ottoman Legacy of the TurKish Republic : An Attempt at a new Periodization ." Die Welt Des Islams , New Series , Bd. 32 , Nr. 2 , (1992).
- Zürcher , Erik Jan , Turkey : A Modern History (U.S.A – I.B Tauris Publishers) .

ج- ـتورلغي :

- Akar ,Ridvan ve Can Dundar , Ecevit ve Gizli Arşivi (Istanbul – Image Kitabevi – 2008)
- Atatürk , Kemal , Nutuk 1919-1927 (Ankara – Turk Tarih Kurumu Basimevi – 1989) .
- Buyrukçu , Ramazan , Din Görevlisinin Mesleğini Temsil Gücü (Ankara –Türkiye Diyanet Vakfi – 1995) .
- Çandar , Cengiz : 28 Şubat Darbesinde Israil Var , www.ukam.org
- Çandar , Cengiz , " 28 Şubattaki Washington ve Israil " , www.hurriyet.com.tr
- "Cem Uzandan Bomba Aciklamalar , " 28 şubat Medya Darbesidir " , www. Medyaradar.com
- Darbeleri Medya Hazirlar ! (Foto Galeri) , www. Postmedya . com
- " Demirel : 28 şubata darbe denilmez ", www.ntvmsnbc.com
- Diker , Tevik, " 28 şubat Darbesinin Sivil Uzantilari da Cezalandirmalidir " www.Analitikbakis.com
- Erandac , Bülent , " 28 şubatin Silahsiz Kuvvetleri " , www.takvim.com.tr
- Erbakan Hükümeti Programi , htpp://tbmm.gov.tr/hukumetleri/HP54. htm
- " erbakandan şenere ince asker sorunu ." , www.haber 5.com .
- Erdogan , Aras , Umut Adam Ecevit (Istanbul-Kesit Yayinlari-2006) .
- Güvendik , Ervin," Teoman Koman darbeyi Eylul 1996 de söyledi " , www.sabah.com .

- Kapmaz , Cengiz – Dincer Gokce, " Tozlu Raflarde Unutulan Kürt Raporlari", www.dincergokce.blogcu.com .
- Kiliç , Levant, Turk Siyasal Hayati , trans .by Ali Resul Usul (Anadolu Universitesi – 2003) .
- Manşetlerdeki 28 şubat : Darbeye Giden Yolda Medyanin rolu ,www. Sde.org.tr .
- Mercan , Faruk" Karadai Ikili Oynamadi Muhtemel Derbeyi Önledi " Aksiyon , sayi 636 , 12.2.2007 .
- Mumcu , Ahmet , Tarih Açisindan Türk Devriminin Temeleri ve Gelişimi , 8. Baski (Istanbul – Inkilap ve AKA Kitabevleri – 1983) .
- Oran , Baskin & Atay Akdevelioğlu , Türk Diş Politikasi : Kurtulus Savaşindan Bugune : Olguler , Belgeler , yorumlar (Istanbul – Iletişim Yayinlari – 2004) .
- Ozan , Rasim ," 28 şubat Darbesi ve Süleyman Demirel " , www.takvim.com.tr .
- Sabah Gazetesi , 22.2.1997 ; 21.3.1997 ; 31.3.1997 ; 1.4.1997 .
- Savaş , Vural , Emperyalizmin Uşaklari : Ihanetin Belgeleri , 2 Baski (Ankara – Bilgi yayinlari – 2005) .
- Taştekin , Mesut ," Türk Diş Politikasinda D-8 " , Gazi üniversitesi Iktisadi ve Idari Bilimler Facültesi Dergisi , 7/2 (2006) .
- Teciman , Habil ve Bülent Bengisu , Koşke " Gül " Harekati (Akis yayinlari – 2007) .
- Uğur , Fatih " BÇG de Derin Devlet Faaliyetiydi" , Aksiyon , Sayi 638, 26.2.2007 .
- Unal , Ahmet , " BÇG den Takip Kuruluna Uzanan Yöl " , Aksiyon ,sayi 162 , 10.1.1998 .

- Yavuz , Ercan , " ANA-REFAH I Kim Engelledi " , Aksiyon , sayi 65 , 2.3.1996 , http://www.aksiyon . com.tr .
- Yilmaz, Nuh " Israil Washingtonu 28 şubate Nasil Ikna Etti " , www.haber10.com .
- Yücel , M. Serhan Türkiye'nin Siyasal Partileri 1859-2005 (Istanbul – Melisa Matbaacilik – 2005) .
- " 28 şubat Darbesi Bana Karsi Yapildi " , gundem.milliyet.com.tr .
- " 28 şubat postmodern darbesinin oykusu " , www.haber7.com .
- " 28 şubat Sozlugu ! Beşli Çete Neydi " www.medyafaresi. Com .